تحفەی مظفریە

بەزمانی کوردیی موکری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

تحفەی مظفریە

بەزمانی کوردیی موکری

گرداری

ئۆسکارمان

پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر رێنووسی کوردی

هێمن موکریانی

ناوی کتێب: تحفەی مظفریە – بەزمانی کوردیی موکری
گرداری: ئۆسکارمان
پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٣٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوەی کتێب: بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم – هەولێر ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ



تحفهٔ مظفریه

د

زبان کردی مکری

از تصنیفات

بندهٔ درگاه اوسکار مان

پروفسور وحافظ کتبخانهٔ پادشاهی

درمطبعهٔ گیورگ رایمر در شهر برلین

بزیور طبع آراسته گردید

سنه ۱۹۰۰

وێنەی بەرگی ئەسڵی کتێبەکە بەفارسی

پێڕست

وتەیەک: فەخرەدین ئامێدیان 9
پێشەکی. نووسینی: هێمن 14
سەرەتا. نووسینی: ئۆسکارمان. وەرگێڕانی: ناجی عەباس 108
شێخ فەرخ لە چەند دێڕێکدا. نووسینی: ئەحمەد رەسوول پشدەری 118
(١) چیرۆک 121
(٢) چیرۆک 123
(٣) خولا لە سولتان مەحموودی گەورەترە 124
(٤) چیرۆک 127
(٥) چیرۆک 128
(٦) چیرۆک 131
دمدم 134
مەم و زین 151
لاس و خەزاڵ 234
ناسر و ماڵ ماڵ 260
برایمۆک 297
شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی 311
مەحمەڵ و برایمی دەشتیان 390
قۆچ عوسمان 419
جولندی 440
خەزێم 467
کاکە میر و کاکە شێخ 478
لەشکری 482
قەر و گوڵەزەر 485
بەیتی زەمبیل فرۆش 507
بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ بابی هەمزاغا 519

بەیتی عەبدوڕەحمان پاشای بەبە 533
بەیتی عەلی عاشق 539
وردە مەقام 541
مەم و زین 544
فەرهەنگۆگ 546

وتەیەک بۆ چاپی دووەم

چیرۆک و دیرۆک و بەیت و باوی هەر گەلێک ڕیشەی لە مێژوو و داب و نەریتی خاوەنەکەیە. ئەم چیرۆکانە کە شاعیران و هونەرمەندانی ئەو گەلە هۆنیویانە و جلک و بەرگی شیعریان دەبەر کردووە و لە بازاڕی ئەدەب ڕایان ناوە، دەنگدانەوەی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەو گەلەیە.

مێژوو پیشانی داوین ئەو گەلانەی نەخوێندەوارن، زۆرتر ڕوویان کردووەتە شیعر و چیرۆکە شیعر. هەر گەلێک زۆرتر لەم بارەوە تێکۆشا بێت، باشتر توانیویە خۆی لە توانەوە لە نێو فەرهەنگی دەسەڵاتداراندا دەرباز کا و لە فەوتان ڕزگاری بێ.

بەداخەوە! گەلی مەش لە خوێندەواریدا هێز و پێزێکی وایان نەبووە؛ ئەگەر خوێندەواری باش و بەهێزیان لێ هەڵکەوتبێ – کە زۆریش هەڵکەوتوون – ئەوا لە خزمەت زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی بیانیدا لەغاوی ئەسپی قەڵەمیان شل کردووە. بۆیە دەبینین زۆر لە ئاسەوار و شوێنەواری ژیانی گەلەکەمان، خۆی لە نێو ئەو چیرۆک و بەیت و باوانەدا حەشار داوە کە شایەرە نەخوێندەوارەکانمان دایانناون و هۆنیویانەتەوە.

گەلی مە ڕوویان کردووەتە شیعر و ئەوەیان لە پێشوونانیان بیستووە، ئەوەیان دیوە و ئەوەیان بەدڵدا هاتووە، جلکی نەزمیان دەبەر کردووە و بۆ کۆڕ و زەماوەندان، یان خزمەت ئاغا و میران، یاخۆ دۆست و هەڤاڵان ڕازاندووەتەوە. جێگای بەختەوەرییە کە زۆر باش پاراستوویانە و زۆر کەم گۆڕاون؛ وەک ئۆسکارمان دەبێژێ: زۆر سەیرە کە ئەم گەلە چلۆن توانیویە بەدرێژایی مێژوو ئەم چیرۆکانەی هەڵگرێ و نەتەنیا نەفەوتن، بەڵکو گۆڕانکاری زۆر کەمیشیان بەسەردا بێت.

ماوەیەکی دوورودرێژ ئینکاریان کردین. کەڵکەڵەمان ئەوە بۆ داوی دیلی بپسێنین. وا دەبینین ئەو ئارمانجەمان هاتووەتە دی. وا ئەزانم لەمەوبەدوا کەڵکەڵەی لاوەکانمان زانین و ناسینی پێناسەی خۆیانە.

ئادەمیزاد وا ڕسکاوە کە لە هەر دەم و ساتدا کەڵکەڵەیەکی بێت. کە یەکیان نەما، یەکی دی دێتێ گۆڕێ. کە کاری چەک تەواو بوو، ئەوا کەڵکەڵەی هزری دەست پێ دەکا: بەڕاستی ئێمە کێین؟ چۆن ژیاوین؟ قەد ژیاوین؟ و... ئەم پرسیارانە. کە زۆر ئاساییە ئەگەر ببێتە کەڵکەڵەی هزری لاوانمان.

بۆیە کاتی ئەوە گەیشتووە و مێژوومان ڕاست کەینەوە؛ چلۆنایەتی ژیانمان ڕوون کەینەوە و بەڕاشکاوی پێناسەی خۆمان لە هەمبەر هەموو گەلانی تر ڕانێین.

ئاشکرایە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، هەوەڵ جار بیرمان بەرەو لای کتێبە مێژووییەکانمان دەمانبا، بەداخەوە! کە سەیرییان ئەکەین، هەموویان ژیانی کوشت و کوشتار و ملهوڕی و

ترسنۆكی و ئازایەتی، زوڵم و... خوونكارانمان بۆ دەگێڕنەوە؛ بێ ئەوەی قەد ئاوڕێكیان لە ژینی خەڵكی، باری كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گشتی دابێتەوە.

ئاوەهایە كە ژینی كۆمەڵایەتی پێشوومان لە ژێر خۆڵەمێشی مێژوودا بەرپیوار و نادیار ماوە. بەوردبوونەوە لەم كتێبە مێژووییانە ناتوانین بەو چەشنەی كە شیاوە تاریكییەكانی مێژوومان ڕوون كەینەوە[١] چونكە مێژوونووسانی ئێمە زۆرتر لە دەست و پێوەندییەكانی پادشا و خونكار و ئاغا و بەگ و میران بوون. پادشایان ویستوویانە ناویان لە لاپەڕەی مێژوودا بەئازایی و مێرخاسی بێت. بۆیە دەستیان بەسەر ئەم مێژوونووسانەدا كێشاوە و لەكن خۆیان گلیان داونەتەوە و ئەوانیش بەبالای واندا نووسیویانە و دەستیان ناوەتە گوێ و چ وەسفی كبریایی بووە، بەوانەوە نووساندوویانە. خەڵكی نەزان و هەژاریش ئەوەندە بایەخی بۆ دانەنراوە كە كەس شتی لەسەر بنووسێ یا بۆی بنووسێ. پادشاكان بەزەبری پارە و شیر، هەوساری مێژوویان بەرەو لای ویستی خۆیان گەڕاندووەتەوە؛ بەڵام خەڵكی بی ئەنوا چیان بووە كە مێژوونووس لە هەمبەری ئەوەدا شتیان بۆ بنووسن.

بەڵام شاعیرە نەخوێندەوارەكانمان، شاعیرە عەرەبی نەزان و ساكارەكانمان، چ بۆ دڵی خۆیان یا ڕەزای خەڵكی یا پارەی ئاغا و یا خۆشی دۆستان، بەزمانی شیعر و تەسویری خەیاڵ ژینی ئاسایی خەڵك و باری كۆمەڵایەتی ئەوسایان گێڕاوەتەوە و سینگ بەسینگ بۆ تۆرەمەی داهاتوویان ڕەوانە كردووە. هەر بەو چەشنەی وتم، كاریگەری تەسویری خەیاڵی شاعیر ڕەنگە لەم بەیتانەدا زۆر بێت.

بەڵام دیارە شرۆڤە و ڕەخنەیەكی كۆمەڵناسانە یان ڕەواننناسانە، دەتوانێ زۆر بابەتی گرینگ و بەرچاومان بۆ ڕوون كاتەوە. چۆن هەروەك دەزانین ئەوەی بەبیری هەر نووسەرێك دادێ، ڕەنگدانەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی ئەو نووسەرەیە؛ نە هی شوێن یا چاخێكی تر. ئەگەر شێخ فەرخ دەس بەدوعا دەبێ و دەتوانێ كاری دوور لە زەین بكا، دیارە ئەمە یەكێك لە باوەڕە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو سەردەمەیە. ئەگەر شێخ فەرخ دوعا دەكا و بەڵای جۆراوجۆر بەسەر دوژمنانیا دێنێ و هێشتا خوا دوعای لێ دەپەزێرێ، دیارە لە باوەڕی كۆمەڵایەتیدا وا بووە كە ئەوەی شێخ دەیڵێ ڕاست و حەقیقەتە[٢].

---

(١) بریا ئێستا كە كوردستان ڕزگار بووە، لێژنەیەك لە مامۆستایان و پسپۆڕان بۆ ئەم كارە گرینگ و پڕ بایەخە تەرخان بكرایان و ئەڵبەت نەك ئەوەی مێژووداتاشن وەك توركیا: بەڵكو ئەوەی بوومانە و شاردراوەتەوە و، بیانخستایەتە ڕوو.

(٢) كەم نین ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی لە پیاوانی خواوە دەیگێڕنەوە كە بەڵای جۆراوجۆریان بەسەر دوژمنانیان هێناوە. زۆرمان بیستووە كە كابرایەك دوژمنی شێخ حسامەدین هات شێخ بكوژێ. كەچی شێخ پێی زانی و دوعای لێ كرد، كابرا بەسەرەوە كەوتە نێو دەس

وایە کە دەتوانین دەسەڵاتی شێخەکانمان لە کۆمەڵدا بزانین. ئەگەر ئاغا دەسەڵاتێک بووە، شێخیش دەسەڵاتێکی ئاینی بووە کە ئاغا زۆریش لەبەری ترساوە. یا بەجوانی ڕۆڵی مەلا و پیاوە ئاینییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کە هەرچەن لە باری ماڵ و ساماندا زۆر کز و لاواز بوون؛ بەڵام دەسەڵاتێکی زۆر باشیان بەسەر خەڵکی و بەتایبەت ئاغادا بوو. هەر ئاغایەک بۆ مەشروعیەت دان بەدەسەڵاتی خۆی پێویستی بوو مەلایەکی لەکن دابێت. هەر شێخێک بۆ داسەپاندنی خۆی بەسەر خەڵکیدا دەبوایە چەن مەلا، دانی بەسەردا بنێن و بەپیاوی خوای بزانن.

بەڕاستی کە ئەم بەیتانە گەنجی سەر بەمۆرن بۆ ناسین و ناساندنی پێشوونانمان؛ کەچی کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و چێژی لێ ناگرێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئەم ناسینە بەچ کەڵکێک دێت؟ ئێمە دەبێ وڵاتانی تر بناسین و دەگەڵیان پێوەندیمان بێت تا بتوانین خۆمان بەکاروانی تەرەقی و پێشکەوتن بگەینین.

من ئەم پرسیارە ئەکەم کە بۆچی چەندین ساڵ لەمەوپێش وڵاتی ئەڵمانیا یا وڵاتانی تری ئەوروپا، پسپۆر و زمانناس و لێکۆڵەر دابین دەکەن و پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخان دەکەن و فەرمانیان پێ ئەدەن بەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا وەسووڕێن و ئەوەی بەرهەمی فەرهەنگ و داب و نەریتی گەلانی جۆراوجۆرە، کۆی کەنەوە و تۆماری کەن و بیهێننەوە خزمەتی پادشا. تۆ بڵێی ئەم پادشایانە ئەوەندەیان حەز بەخوێندنی چیرۆک و بەیت بێ، پسپۆریان بۆ ئەوە ناردبێتە ئەم وڵاتانە. دیارە ئەم وەڵامە بەدوور لە ئاگاداری و تێگەیشتنە. زۆر سەیرە ئەگەر پسپۆر و زمانناسی وەک

بەئاوی دێهاتەکەی و پاش چەند ڕۆژ دۆزیانەوە. لەم بەسەرهاتانە زۆرمان بیستووە. تا ئەم ساڵانەش هەر لە باوەڕی خەڵکیدا ئاوەها شتگەلێ بوون.

هەروەها من لەگەڵ ئەو قسەی «مامۆستا هێمن»دا نیم کە شێخ فەرخ موجیزاتی زۆری بووە و خراپ کەڵکی لێ گرتووە. ناتوانین خاس و خراپ لێک هەڵاوێرین مەگەر باوەڕی خەڵکی لەو سەردەمە و ئەو شوێنە باش بناسین. ئەمە چۆنایەتی باوەڕی خەڵکین کە خاس و خراپ دیاری دەکات. وەک ئەوەی ئێستا نۆکەری بۆ دەسەڵاتداران کارێکی زۆر دژ بەئاکارە، کەچی لە پێشوودا ئەوەی زۆرتر نۆکەری ئاغای بکردایە، زۆرتر بەقەدر و حورمەت بوو. خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی لەسەر ئەم ڕایە بوون ئەوەی دەبێتە پادشا لە سۆنگەی ئەو مەزنایەتییەوە هەیە کە خودا پێی داوە. وەک دەبینین شێخ فەرخیش باز لەسەر شانی دەنیشێ و دەبێتە میر. ئەمە بیرێکی گشتی خەڵکی ئەو سەردەمەیە. جا دیارە ئەوەی دەبێتە شێخ و پێشەوای ئاینی، کاری لە کوێیە. شێخ قەد بەهەڵە ناچێ. قەد خراپ ناکا؛ ئەگەر خراپەیەک دەبینین ئەوە بۆ شێخ خراپ نییە بەڵکو شێخ وا مەسڵەحەت دەزانێ. هەروەک کەس ناڵێ خودا بۆچی فیرعەونی لە زەریا کوشت یا فلان شاری وێران کرد و خەڵکەکەی کوشت؛ چونکە دەزانن خوا بەخاس و خراپ باشتر لە ئێمە دەزانێ. دیارە شێخیش نوێنەری ڕاستەقینەی خوایە. بۆیە شێخ قەد هەڵە ناکا و بەهەڵە ناچێ.

ئۆسکارمان، ماوەی سێ ساڵ لە کوردەواریدا خەریکی لێکۆڵینەوە بووبێت، زمانی کوردی زاراوی موکریان باش فێر بووبێت، زۆر بەیت و باوی کۆ کردبێ، تەنیا بۆ ئەوەی پادشا حەزی لە خوێندنی چیرۆک بووە.

من وای بۆ دەچم کە:

ئەورووپا پاش ڕاپەڕینی پیشەیی (انقلاب صنعتی) بەگورجی بەرەو پێشکەوتن دەڕۆیشت. بازاڕەکانی ئەورووپا ئەوەندە نەبوو کە بتوانێ بەرسڤدەری تینوویّتی لە ڕادەبەدەری کارخانەدارانی ئەوێ بێت. هەروەها پێویستی بەماکە سەرەتاییەکانی تەولید (مواد اولیه) هانی دان پێ لەو بەرە بێننە دەرەوە و پێداویستییەکانیان دابین کەن. لەم بازاڕدۆزیەدا هەر وڵاتێک زۆرتر شارەزا بەفەرهەنگی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیا بوایە، دەیتوانی بازاڕی زۆرتر و باشتر لەو شوێنانە بۆ خۆی دابین کات. بۆ وێنە دەبینین پرتوگال پێش لە بریتانیا هێرشی کرد بەباشووری ئێران؛ واتە هورموزگان. بەڵام نەیتوانی ئێران بکات بەبازاڕێ بۆ فرۆتنی بەرهەم و کانێ بۆ دابینی ماکە پێویستییەکانیان. کەچی بریتانیا بەبێ چەک و کوشت و بڕ، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی دەستبەسەر ئێراندا بگرێ و پاشان هیند و پاشان چین. شادەماری ژیانی بریتانیا هیند و ئێران بوو. بۆیە بەهەموو هێزەوە ئەم وڵاتانەی لە ڕەخنەی وڵاتانی تری ئەورووپی دەپاراست. ئەڵمانیاش وەک وڵاتێکی پێشکەوتوو بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لە ڕۆژهەڵات کاری دەکرد. ئەڵمانیا ئەیەویست دەس بەهەموو دنیادا بگرێ و وڵاتانی بریتانی و فەرانسە لە گۆڕەپانی بەربەرەکانێ وەدەرنێ. باش دەیزانی ئەمە کارێکی زۆر گەورە و گرانە. بۆیە لە شێوازی بریتانیا بەهرەی گرت؛ واتە پسپۆر و کارزانی دەنارد بۆ ناسینی وڵاتانی ڕۆژهەڵات. کە بەرهەمەکانیان دەهێناوە لەسەری کاریان دەکرد و پاش ناسینی ئەو گەلانە، گەلاڵەی داگیرکردنیان دادەڕشت.

لە شەڕی جیهانیدا دەگەڵیان پێوەندی دەگرن و زۆر باش دەتوانن ڕەزامەندی هەندێکیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن.

نامەوێ مێژووی ئەورووپا و موستەعمەرەکانیان باس کەم، تەنیا مەبەستم ڕوونکردنەوەی هۆی موتالا و تۆماری فەرهەنگی گەلانی ڕۆژهەڵاتە لە لایەن پسپۆرانی ئەورووپی.

ئەڵبەت ئەم کتێب و ئاسەوارانەی کە بەجێماون، گەلێک بەنرخ و جێی ڕێزن. بەڵام من وائەزانم هۆی ئەم هەموو ئازارەی کە وەبەر خۆیان داوە، گەیشتن بەسەرمایەی زۆرتر بووبێت. وەک ئەڵێن «کتک بۆ ڕەزای خوا مشک ناگرێ».

جا با خۆمان ئەمجاربین و لەسەر ئەم بەرهەمانە بتۆژینەوە و لێیان وردبینەوە و وەردیان دەینەوە؛ ڕەنگە زۆر بابەتمان دەست کەوێ کە لە توانەوەمان لە نێو فەرهەنگی جیهانیدا بەرگری بکات. یا ئەگەر لەسەر ئەو ڕایە بین کە دەبێ فەرهەنگێکی یەک دەستی جیهانیمان بێ و لەسەر ئەو باوەڕە بین کە دونیا بەرەو ئاوەها ئاسۆیەک دەڕوا – کە من بۆ خۆم وا نازانم – بۆچی دەبێ تەنیا وەرگر بین. بۆچی تەنیا ئێمە بتوێینەوە، بێ ئەوەی کاریگەرییەکمان بەسەر فەرهەنگی

جیهانیدا بێ. جا ئەگەر بڕیارە ئاوا شتێک بەدی بێت، باشتر وانییە ئێمەش لە داتاشینی ئەم پەیکەرەدا بەشدار بین و جێگە پەنجەی خۆمان بەجێ بێڵین.

من خۆم بڕوام بەداهاتنی فەرهەنگی جیهانی نییە. بەڵام لەسەر ئەو ڕایەم کە هەمیشە گەلانی بن دەست بەشیان توانەوەیە لە نێو فەرهەنگی دەسەڵاتداراندا. کە لە دونیای ئەمڕۆدا بەشێوەی جۆراوجۆر ئەم کارە دەکرێ.

نامەوێ زۆرتر لەسەر ئەم باسە بڕۆم و بدوێم؛ ڕەنگە لە توانی منیشدا نەبێ ئەم باسە شی کەمەوە. بەڵام ئاواتم ئەوەیە مامۆستایانمان لەم بوارەدا قەڵەم لێ بدەن و تاریکییەکانمان بۆ ڕوون کەنەوە. تا لانی کەم لاوانی داهاتوومان هەست نەکەن ڕیشەیان لە مێژوودا نییە و بەڕاستی بێچووە جندوکەن.

لێرەدا جێگای ئەوە هەیە کە یادی خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن بەرز ڕابگرین بۆ ئەم زەحمەتەی کێشاویە. وا ئەزانم ئەگەر مامۆستا هێمن لە ژیانی با بەرەکەتیدا بێجگە توحفەی موزەفەریە هیچ کاری تریشی نەکردایە، هێشتا ڕێز و حورمەتی زۆری بەسەر گەلی کوردەوە بوو. بەتایبەت ئەو موقەددەمە زۆر جوان و تەکووزەی کە بۆ ئەم کتێبەی داناوە و زۆر خاڵی گرینگ و سەرنج ڕاکێشی تێدایە.

فەخرەدین ئامێدیان

نووسیاری دەزگای ئاراس

پێشەکی

پاش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، پاش ئەو هەموو کوشتار و تالاّن و بڕۆیە، پاش ئەو هەموو قاتوقڕە و پاش ئەو هەموو کوێرەوەری و دەرد و داخە کە لە هەموو لایەک تووشی نەتەوەکەمان هات، هێشتا فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی لە کوردستان برەوی هەر مابوو و نرخی بۆ دادەنرا.

وەبیرم دێ ئەو سەردەمە کە من منداڵێکی سەر بەکۆچکە و دیوەخاننشین بووم و هێشتا شوێنەواری شەڕ و گرانی و هەژاری و نەداری لە وڵاتەکەمان هەر مابوو، لە ناوچەی موکریان هەر ئاغایەک دانگە ملْکێک، کۆنە دیوەخانێک، قوڵە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییێکی هەبایە، خۆشخوانێکی ڕادەگرت کە شەوانە لە دیوەخان بەیت و باوی بۆ بڵێ؛ لە وەختی نووستندا حیکایەتی بۆ بکا؛ لە شاییدا داوەت و ڕەشبەڵەکی بۆ بگێڕێ؛ لە سەنگەردا تانووتی لێ بدا. لە ڕاودا لەسەر تەماڵ پایزە و ئازیزەی بۆ بڵێ؛ فڕان باوێتە دژمنی و بەندان بەدۆستی هەڵبڵێ و تەنانەت لەپاش مردنی شینی بۆ بگێڕێ.

تا ئاغا دەستڕۆیوتر، تا دێ ئاوەدانتر و گەورەتر، تا دیوەخان بەبێنە بێنەتر، تا ئەسپ ڕەسەنتر، تا زین و لغاو و ڕەخت و ڕێشمە پەرداختر، تا تاژی چێتر و دەم گەرمتر بان خۆشخوانیش وەستاتر و شارەزاتر، نێر و پڕتر و کۆک و پۆشتەتر دەبوو.

دیارە خۆشخوان وەک هونەرمەندێک چاوی لێ نەدەکرا و ڕێزی لێ نەدەگیرا؛ بەلاّم لە کوێخا و گزیر و سەرکار و پاکار و باب نۆکەر و غولاّم و چاپەز و بەردەست، ماقوڵتر بوو. هەقی بوو لە دیوەخان لەسەر چۆک دابنیشێ. خەنجەر بچەقێنێ و ئانیشکی وێ بدا و جا گوتن بڵێ. خۆشخوان لە حوزووری ئاغا نانی دەخوارد و دەگەڵ مام میرزا لەسەر یەک سینی دادەنیشت و بەرماوخۆر نەبوو.

خۆشخوان بەکوڕی ماڵێ حیساب بوو. دەیتوانی بچێتە ئەندەروون؛ لە ژووری نوستندا حیکایەت بۆ ئاغا بڵێ تا خەو دەیباتەوە. خۆشخوان تەنانەت گۆرانی و

بەیت و باوی بۆ ئاغاژن و خێزانی ئاغا دەگوت. چونکە خۆشخوانەکان زۆربەیان دڵتەڕ و قسەخۆش و دڵپاک بوون، خەڵک خۆشیان دەویستن.

خۆشخوان لە دێدا هەر ناحەزێکی هەبوو؛ ئەویش مەلای گوند بوو. کەم وابوو دانوویان پێکەوە بکوڵێ. مەلا وشکەکان خۆشخوانە دڵتەڕەکانیان خۆش نەدەویست، ناویان نابوون چاوەش. بەچاوی سووک چاویان لێ دەکردن، تا مەلا تەشریفی لە دیوەخان بووبایە خۆشخوان دەبوو قرِوقاپ دانیشێ و متەقێ نەکا. خۆشخوانەکان لەبەر مامۆستایان دانەدەنواند و ئەوانیش بەچەکی خۆیان، بەچەکی زمان، بەچەکی شیعر- بەگژیاندا دەچوونەوە و فوویان پێ دادەدان و بەیت و بالۆرەیان بۆ ڕێک دەخستن و لاسایان دەکردنەوە.

دیارە مەلای وەک خانی و حاجی قادرمان بوون کە نرخی سامانی نەتەوایەتی کوردیان زانیوە و ڕێزیان لە شایەر و خۆشخوانەکان گرتووە؛ بەڵام، بەگوڵێکی بەهار نایە؛ ئەگەر مەلا و فەقێیەکانی زوومان نرخی هونەریان زانیبا و لەباتی سوڵتان جومجومە و ئیسماعیلنامە، هەر یەکی بەیتێک، لاوکێک، حەیرانێک و گەلۆیەکیان نوسیباوە، ئێستا کار لە جێیەکی دیکە دەبوو و سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیشتە پلەیەکی تر و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتر و گەورەترمان پێکەوە دەنا.

لە مزگەوتی گوندیش شەوانی زستان پاش نوێژی خەوتنان، ئەو شایەرانەی کە هەر بۆ دڵی خۆیان دەیانگوت و خۆشخوانیی ئاغایان لەکن کەمایەسی بوو، یا ئەو شاگردە لاوانەی هێشتا ڕووی مەجلیسیان نەبوو، بۆ کوڕ و کاڵان و بۆ پیرانی دڵتەڕ دەیانگوت تا شەو ڕادەشکا و خەو لابەلای دەکردن. ئەوانە پاداشیان تەنیا ڕەحمەت لە دایک و بابت یا دەمخۆش بوو. بلوێرئەنگێو و نایەژەنی واش هەبوون کە ئاهەنگی ڕەسەنی ئەو بەیت و بەندوباوانەیان دەزانی و بۆیان دەگێڕانەوە.

لە شارەکانیش شەوانە خەڵک لە قاوەخانە کۆدەبوونەوە و تا شەو درەنگ دەبوو، بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن. قاوەچی ئەو هونەرمەندانەی بەکرێ دەگرت بۆ ئەوەی قاوەخانەکەی ڕمێن پەیدا بکا.

شایەری گەڕۆکیش هەبوون کە بەهار و هاوین و بەشێکی پایز، خەریکی کار و کاسبی و جووت و گا بوون. کە شەو درێژ دەبوون و کاری مەزرایە کەم دەبوو، وێ

دەکەوتن و بەماڵە ئاغایاندا دەگەڕان و لە هەر ماڵێک چەند ڕۆژێک دەمانەوە و کۆڕی بەزمیان دەڕازاندەوە و شاباش و خەڵاتی باشیان دەستاند. باشترین شایەر ئەوانە بوون. تەنانەت سنووریشیان دەپەڕاند و گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. من بۆ خۆم چەند کەس لەو مامۆستا گەورانەم دیبوون و هونەر نواندنی وانم وەبیر دێ. ئەوی بیانناسم و گوێم لە دەنگیان بووبێ و بەهونەرمەندم زانیبن، ئەوانە بوون: مەجیدە گڕوێ، دەروێش سەرڕاو، حاجیلەی ئیندرقاشی، سەید عەوڵای سەید مینەی، عەزیزە خڕە، حەمەدی ئاغای، وسێن کەنیلە، هەباسە خڕە، شەریفی مام سەعیدی و وسێن زارخوار؛ ڕەنگ بێ ئێستاش لەوانە هێندێکیان مابن.

سەرەژنی واش هەبوون کە لە وەختی ئاساییدا بەیت و حەیرانیان بۆ مەجلیسی ژنان دەگوت و لە شینگایان بەئاهەنگێکی زۆر پڕسۆز بەمردوویان هەڵدەگوت. قەتم دەنگی خۆش و ئاهەنگی پڕسۆز و جۆشی فاتەڕەشی لاچینی و ژنی ئاغای لەبیر ناچێتەوە. زۆر منداڵ بووم کچێک لە دێیەکەی ئێمە جوانەمەرگ ببوو و ئەو فاتەڕەشە بەدەنگێکی زوڵاڵ و ئاسمانی پێی هەڵدەگوت؛ ئێستاش ئەو بەندەم هەر لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە دەیگوت:

هەی مەکە، ڕۆڵە مەکە، بابان وێرانم مەکە،

خەڵکی بەتاڵانی دەچۆوە، مەڕە، بەرانە، بەختەیە، شەکە،

ئەمنی مل بەکوێن بەتاڵانم دەچۆوە، گەردنی زەرد و بەژنێ باریک و ڕووی بەخاڵ و دوو چاوی دە بەڵەکە.»

مەنیج حەیران و زڵەخا چوختیش، دوو ژنی بێباک بوون کە دەفەیان لێ دەدا و گۆرانی داوەتیان دەگوت و شایەری شایی بوون و هیچ لە پیاوەکانی ئاواڵیان نەدەمانەوە؛ بەتایبەتی مەنیج کە خەڵکی سابڵاخ و لە خێزانێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ بوو و بۆ خاتری هونەرەکەی دەستی لە خزمەکانی هەڵگرتبوو.

ئەوانەی تەمەنیان زیاتر بوو و پێش شەڕیان وەبیر دەهات، دەیانگوت: «جا ئێوە چتان دیوە؟ ئەو شەڕ و کوشتارە، ئەو قاتوقڕە، ئەو هەڵات هەڵاتە، شایەر و خۆشخوانی لە موکریان بڕی.» ڕاستیشیان دەکرد؛ چونکە چوار ساڵی تەواو لەو مەڵبەندەدا ئاگری شەڕ لەنێوان ڕووسیای تەزاری و عوسمانیدا ئایساوە و گەلی

کوردی لێقەومایش ئاوردووی ئەو ئاگرە ماڵوێرانکەرە بووە.

خوالێخۆشبوو میرزا ئەحمەدی ڕەئیس، جارێکی بۆی گێڕامەوە و گوتی: «ڕۆژێکی ساردی زستانێ بوو. نوا بەفرێکی ئەستوور باری بوو. سوارێکی زۆری ڕووسان لە میاندواوەوە هات بەرەو سابڵاخ. تورکەکان ڕایان کرد. میرزا فەتتاحی قازی تا شەهید کرا لە بەریان دامەزرا و نەیهێشت بێن دە شارەوە و زۆری لێ کوشتن. کە ئەو شەهید کرا، کەس خۆی ڕانەگرت. ساڵدات ڕژانە نێو شار. چەند ڕۆژ فەرمانی قەتڵوعامیان دا؛ هەرچی وەبەریان هاتبا بەشیر سەریان دەپەڕاند. پاشان ئەمانیان دا. من چونکە ڕووسیم دەزانی و ناسیاوم هەبوو و هاتوچۆی ڕووسیام کردبوو، لە کوشتن ڕزگاریم هات و حوکمیان لێ کردم کەلاکەکان بنێژم. بەئەژمار کەلاکی شەش هەزار ژن و پیاو و منداڵم شاردەوە؛ جگە لەوەی وەبن بەفر کەوتبوون و لە کەلێن و قوژبناندا نەدۆزرانەوە و سەگ و گورگ خواردنی.» ئەوە ژمارەی کوژراوەکانی جارێکە؛ زۆر جاری دیکە و زۆر شار و دێی تر قەتڵوعام کراون.

گرانیی پاش شەڕیش یەکجار سەخت و بەسام بووە؛ بەڕاستی پیاو پیاوی خواردووە. لەبرسان مردووی ئەو گرانییە لە حیساب نایە. تا ئەم دواییانەش پیرە پیاوەکانی سابڵاخ دەیانگوت ژمارەی دانیشتوانی شاری مەهاباد ناگەیەنێتەوە ژمارەی دانیشتوانی پێش شەڕی یەکەمی شاری سابڵاخ. جا کە وابوو؛ هەقیان بوو ئەوانەی بەئێمەیان دەگوت: «ئێوە چتان دیوە؟».

پەیدابوونی گەرامافۆن لە قاوەخانەی شار و دیوەخانی ئاغا، جێی بەخۆشخوانان لێژ کرد. گۆشەی مزگەوتی دێ و زەماوەند و شاییی دێهات نەبێ، چیان بەدەستەوە نەما. هونەرمەندە گەورەکانی لانەواز و بێ ئەنوا مانەوە؛ چونکە زۆربەیان پشتڕەق و دەستەوستان بوون، تووشی نەداری و هەژاری و سەرگەردانی و پەرێشانی هاتن. هەر یەکە دەریایەک هونەریان دەگەڵ خۆیان بردە بن گڵ. شاگردە لاوەکان دەستیان لە فێربوون هەڵگرت. وەدووی کار و کاسبی و ژیان کەوتن.

پاش پەیدابوونی ڕادیۆی باتری لە لادێ، فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی بەجارێک کەوتە مەترسییەوە. ڕووناکبیرانی کورد هەستیان بەو مەترسییە کرد. لاوانی زانا و وریا، دەستیان بەکار کرد و کەوتنە کۆکردنەوەی بەیت و باوی کوردی. هەرچەند ئیمکانی

ئەو کارە لە کوردستانی ئێران زۆر کەمە و جارجاریش دەبێتە هۆی دەردی سەر، بەڵام چەند کەسی خوێندەوار و ڕووناکبیر تا ڕادەیەکی باش لەو کارەدا سەرکەوتن. کاک (عوبەیدڵلا ئەیووبییان) کاک قادری فەتتاحی قازی و دکتۆر کەیوان پووری موکری هەر یەکە بەشبەحاڵی خۆیان، بەرهەمی باشیان لە فەوتان و نەمان ڕزگارکردووە. بەتایبەتی کاک قادری فەتتاحی قازی کارێکی زۆر بەجێی کردووە و بەسەرهاتی کورتی گەلێک لە شایەر و خۆشخوانەکانی کۆکردۆتەوە و لە سەرەتای بەیتی مێر و وەفادا بەفارسی نووسیویەتی. بەڕاستی خزمەتی ئەو زانایانە زۆر جێگای شانازییە.

لەمێژساڵ بوو بیستبووم زانایەکی ئاڵمانی بەناوی ئۆسکارمان، لە سەرەتای ئەم چەرخەدا هاتۆتە سابلاخ و هێندێک بەیت و بەندی کوردی بەیارمەتی دوکتۆر جەوادی قازی- کە ئەودەمی مەلایەکی لاو بووە- کۆکردۆتەوە و بەخەتێکی لاتینی تایبەتی چاپی کردوون.

بەداخەوە هەرچی تێ کۆشام ئەو کتێبەم وەگیر نەکەوت؛ دەترسام ئەم ئاواتەی بەرمە بن گڵ. تا لە ساڵی ١٩٧٤دا لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی کۆڕی زانیاری کورددا ئەو کتێبەم دۆزییەوە. لەپێشدا بەزەحمەت خەتەکەم بۆ دەخوێندراوە. پاش ئەوەی لێی ڕاهاتم، تەماشام کرد کتێبێکی یەکجار بەنرخ و بێ وێنەیە. لەبەرئەوە پێشنیارم بەکۆڕی زانیاری کوردی کرد ئەم کتێبە بخاتەوە سەر ڕێنووسی ئێستای کوردی؛ تا هەموو کەس بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. کۆڕ پێشنیارەکەی قبووڵ کردم و بڕیار درا لیژنەیەک لەو کەسانە کە شارەزای زاراوەی موکری بن پێک بێ و ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن. بەداخەوە وا هات ئەم لیژنە پێک نەهات. بەڵام من- کە بڕیارم داوە هەموو هێز و توانای خۆم بۆ خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی تەرخان بکەم- وازم نەهێنا و ئەو ئەرکە دژوارەم وەئەستۆی خۆم گرت. هەرچەند کاری ئەدەبی دیکەشم هەبوون، وازم لێ هێنان و چەند کاری نیوە تەواوم لەولای دانان و خەریکی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بووم. پاش ئەوەی ئەم تێکستانەم سێ چوار جار سەرلەبەر خوێندنەوە، تێ گەیشتم کە شێوەی ئەم تێکستانە هەر ئەو شێوەیە کە من بەمنداڵی و ساوایی زمانم پێ پشکوتووە و زۆربەیانم زۆر جار گوێ لێ بوون و لە سەرانسەری ئەم کتێبە

بەنرخەدا تووشی کەم وشەی وا هاتم کە مانای نەزانم. لە کاتی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تێکستەکاندا ئەگەر تێگیراوییەکم دەبوو، دەچوومە کن دۆستێکی زانام و پێکەوە گیروگرفتەکەمان ڕەها دەکرد. تەنیا کۆسپێک کەمێکی خەریک کردم، ئەویش هەڵەنووسی ئۆسکارمان بوو. لەو تێکستانەدا زۆر جار پیتی (ش) و (ژ) و (س) و (ز) و (د) و (ت) و (ح) و (ع) تێکەڵبوون. بیرم کردەوە دەبێ ئەو هەڵانە وەک چۆن نووسراون شکڵ نووسی بکەم یا ڕاستیان بکەمەوە؛ پاش ماوەیەکی درێژ هاتمە سەر ئەوە ڕاستیان بکەمەوە و بەچەند دەلیل ئەو کارەم کرد:

١- ئەگەر ڕاستم نەکردبانەوە کەس سوودی لێ وەرنەدەگرتن. مەگەر کەسێک کە زۆرباش کوردی زانیبا و شارەزای شێوەی موکریانی بووبا.

٢- ئۆسکارمان بۆخۆی چەند تێکستی بەخەتی فارسی چاپکردوون و لەواندا ئەم هەڵانە وەبەرچاو ناکەون.

٣- پرسم بە دوو مامۆستای شارەزای شێوەی موکریانی کرد- کە هەم لە من بەتەمەنتر بوون و هەم زانا و کارامەتر- ئەوانیش قۆڵیان کێشا بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان.

٤- تێکستی دمدم- کە کاک عەزیزی ئیبراهیمی بەناتەواوی هێناویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی- بەتەواو هانی دام کە هەڵەکان ڕاست بکەمەوە؛ چونکە بەداخەوە هینەکەی ئەو سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و مەعلووم بوو ئەم ئەمانەتەی ئەو لاوە زۆر بەجێ نەبووە.

٥- کاک (عوبەیدڵڵا ئەیووبیان)- کە چەند ساڵ لەمەوبەر بەیتی مەم و زینی لەو کتێبە هێناوەتەدەر و بەفارسی تەرجەمەی کردووە- تووشی ئەم هەڵە نەبووە و هەموو وشەکانی ڕاست نووسیون.

٦- من خۆم موکریانیم و تەمەنیشم لە پەنجا ساڵ تێ پەڕیوە. ئۆسکارمانیش حەفتا و چەند ساڵ لەوەی پێش لە سابلاخ بووە و میرزا جەواد و ڕەحمان بەکر ئەم :چیرۆکە و بەیت و وردە مەقامانەیان بۆ گوتووە؛ ئەوپەڕی ٢٠ ساڵ پێش زمان پشکوتن و فامکردنەوەی من. هیچ جێی بڕوا نییە بە(٢٠) ساڵ زمانێک ئەوەندە بگۆڕێ. من لە موکریان زۆر پیری کۆنساڵم دیون کە بێگومان تەمەنیان ئەگەر لە

ڕەحمان بەکر زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە. من زمانم لە کۆشی نەنکمدا پشکوتووە. نەنکم کچە کرمانجێکی خەڵکی دێی (قەباغکەندی) بوو کە زۆر لە دێی (حاجی حەسەن) نیزیکە؛ ڕەحمان بەکریش خەڵکی حاجی حەسەن بووە. نەنکم ٣٥ ساڵ لەوەی پێش لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا مرد. ڕەنگ بێ تەمەنی زۆر لە ڕەحمان بەکر کەمتر نەبووبێ. من قەت لە نەنکم نەبیست لەباتی (ڕۆژ) بڵێ (ڕۆش)، یان لەباتی (خۆش) بڵێ (خۆژ). کە وابوو ڕەحمان بەکر وشەکانی ڕاست گوتوون و ئۆسکارمان بەهەڵەی وەرگرتوون. بەلام با ئەوە بڵێم خەڵکی لادێی موکریان بەتایبەتی خەڵکی شامات و شارویران و چۆمی مەجیدخان هەمیشە (ح) و (ع) دەگۆڕن. تەنانەت خوێندەوارەکانیشیان لە قسەکردندا ئەو هەڵەیە دەکەن. لەبەر ئەوە کە دڵنیام ڕەحمان بەکریش هەروا بووە، وشەکان چۆن نووسرابوون شکلنووسم کردن. تەنانەت پێم سەیرە کە جارجار دروست نووسراون.

ئەم کتێبە بەنرخە بریتییە لە شەش :چیرۆک کە هەر یەکیان عینوانی هەیە (خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە)، ئەوانی تر عینوانیان نییە و هەروەها ئەم بەیتانەی خوارەوە:

١- دمدم.

٢- مەم و زین.

٣- لاس و خەزاڵ.

٤- ناسر و ماڵماڵ.

٥- برایمۆک.

٦- شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ.

٧- مەحمەڵ و برایمی دەشتیان.

٨- قۆچ عوسمان.

٩- جوڵندی.

١٠- خەزێم.

١١- کاکەمیر و کاکەشێخ.

١٢- لەشکری.

١٣- قەر و گوڵەزەر.

١٤- بەیتی زەمبیل فرۆش.

١٥- بەیتی باپیر ئاغای بابی هەمزاغای مەنگوڕ.

١٦- بەیتی عەبدوڕەحمان پاشای بەبە.

١٧- بەیتی عەلی عاشق.

١٨- مەم و زین.

١٩- وردە مەقام.

ئۆسکارمان سەرەتایەکی درێژی بەزمانی ئاڵمانی بۆ ئەم کتێبە بەنرخە نووسیوە کە بەداخەوە تا ئێستا نەکراوە بەکوردی. سەرەتایەکی کورتیشی هەر بەئاڵمانی بۆ نووسیوە کە لەلایەن مامۆستا دوکتۆر ناجی عەبباس ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردەوە کراوەتە کوردی و پاش ئەم سەرەتایە چاپکراوە. هەروەها سەرەتایەکی کورتیشی بەفارسیەکی زۆر ڕەق و گران بەئینشای ناهەمواری دەرباری قاجاری بۆ نووسیوە کە ئەوا لە خوارەوە دەیکەم بەکوردی.

***

دیباچە

لە خاوەنانی فام و زانست و یارانی تێگەیشتن و وردبینی ون نییە کە بەشی زۆری پێشکەوتن لە جیهانی زانست و ئەدەبیاتدا لە سایەی چاودێری و یارمەتی پادشا پایەبەرزەکانە. بێ یارمەتی ئەوان پێشکەوتنی تەواو، لە جیهانی زانست و شارستانەتیدا زۆر بەسانایی نییە. هەروەک ئەو بەندەی دەرگای ئاسمانپایە (ئۆسکارمان) کە لە ساڵی ١٩٠١ەوە تا ساڵی ١٩٠٣ لەسەر فەرمانی خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری دەوڵەتی ئاڵمان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم زمانانەی کە ئێستاش خەڵکی مەڵبەندی ئێران قسەی پێ دەکەن و پەیوەندێکی تەواوی بەزمانەکانی کۆنی وەک فورسی قەدیم و پەهلەویەوە هەیە- کە لە زەمانی پێشدادیان و ساسانیاندا قسەی پێ کراوە بۆ ئەو وڵاتانە سەفەر بکەم و لەپاش جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانم، بەرهەمی زانیاریی خۆم بەعەرز بگەیەنم. لە تەواوی ئەو دوو ساڵ و نیو سەفەرەدا لەژێر سێبەری یارمەتی خاوەن شکۆ (موزەففەرەدین) شای قاجار)، شاهەنشای وڵاتەکانی ئێران- خوا مڵک و پادشایەتی ڕاوەستاو بکا- و یاریدەدانی حاکمە بەدەستەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە، زۆر بەئەمینی و بەئاسوودەیی لەنێو تیرەکان و عەشایری کورد و لوڕدا مامەوە، بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمان ئیمپراتۆر و خزمەت بەزانست و مێژوو و ئیشتقاقی زمانەکان (Linguistique).

بەختەوەرانە ئەم خزمەتە پیرۆزەم بەجێ گەیاند. چونکە ئەم خزمەتە ئەنجام نەدەدرا ئەگەر چاوەدێری خاوەن شکۆ شاهەنشای وڵاتەکانی ئێران نەبا، ئەوەتا بەرهەمی لێکۆڵینەوەی خۆم کردە کتێبێک و بەناوی بەرزی پادشا جەمجا ڕازاندمەوە و ناوم نا (تحفه مظفریه). لە خوێنەرانی بەڕێز تکام دەکەم ئەگەر کەموکورتێکی تێدا دەبینن لێم ببوورن.

ئۆسکارمان

لە شاری بەرلین، لە مانگی نوامبری ١٩٠٥

***

وا دیاره ئۆسکارمان حەزی زۆر لەوە بوو تا ڕادەیەک شارەزای مێژووی نەتەوەی کورد بێ؛ لەبەرئەوە زیاتر بەدوای بەیتە مێژووییەکاندا گەڕاوە. یەکەم :چیرۆکی باسی قەڵای دمدم دەکا. هەرچەند ئەم :چیرۆکە ئەفسانەیە؛ بەڵام دیسان نیشانەی تەئسیری کارەساتی دمدمە لەسەر بیروڕای خەڵک. هەروەها یەکەم بەیتی ئەم کتێبەش بەیتی دمدمە. ڕەنگ بێ کورد نەبێ کەم تا کورتێک ئاگای لە کارەساتی دمدم نەبێ. کارەساتی دمدم ڕووداوێکی گەورەیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا. بەیتبێژەکان ئەم ڕووداوەیان هەم بەشێوەی کرمانجی و هەم بەشێوەی موکری کردۆتە شیعر. ئەم بەیتەی ئۆسکارمان تۆماری کردووە، ڕەنگ بێ زۆر پاش ڕووداوەکە نەگوترا بێ؛ چونکە ناوی هێندێک لە قارەمانانی شەڕ و کارەساتەکەی پاراستووە. بەیتێکی حەماسییە. شیعرەکانی سوار و جوانن و پڕ حەماسەن:

دمدمم بەردی لە نەزاری

لێیان دا تۆپی هەوشاری

حەوت شەو و ڕۆژان ئاور باری

خەبەر چوو لە بۆ هەوشاری

***

دمدمم بەردی لە بەردی

لێی دەن بەتۆپی نەبەردی

تا ڕۆژی مەردی و نامەردی

شیعری زۆر پڕسۆزیشی تێدا هەن. شایەر لێرەدا لە زمانی ژنەکانی خانەوە باسی بێ ئاوی قەڵا دەکا و بزانن چەند پڕسۆزە:

خاتوونێک دێتە مەیدانێ

لە دڵی خانی دەدا تانێ

لێت حەرام بێ جێی کابانێ

ئاو نییە پێ بکەین شێلانێ

***

خاتوونێک دێ و دەبەزی،

ڕەببی خانە، مارت گەزی،
لێم ڕەشبوون سەر و کەزی،

لەم بەیتەدا خەیاڵاتی شاعیرانە بەسەر واقعییەتی مێژووییدا زاڵە و شاعیر، یا باشتر بڵێم شایەر شتی وای لە بەیتەکەدا گونجاندووە، کە دەگەڵ ڕاستی یەک ناگرنەوە. ئەوە هەر شایەرێکی کوردی نەخوێندەوار نییە ئەو هەڵەی کردووە، شانامەی فیردەوسی ئەم شاکارە مەزنەی مێژوو و ئەدەبی فارسیش- جێ متمانەی مێژووزانان نییە؛ چونکە خەیاڵی شاعیرانە ڕاستییەکانی مێژووی گۆڕیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە پاش بەشکرانی کوردستان دەرەبەگایەتیی کورد هەستی بەستەمی نەتەوایەتی کردووە و تا ڕادەیەکی زۆر دەستی لە تەعەسوبی مەزەبی- کە لەو سەردەمەدا پادشا زاڵمەکانی سەفەوی و سوڵتانە بلەوەزەکانی عوسمانی بۆ قازانجی خۆیان برەویان پێ داوە- هەڵگرتووە و کەوتوونە بیری سەربەخۆیی. ئەمیرخانی برادۆست، ئالاهەڵگری یەکەمی ئەم بیرە بووە و سەری وەبەر باری شا عەبباسی سەفەوی- ئەو پادشا زاڵم و خوێنڕێژە نەهێناوە- و گوتوویەتی: «ئەگەر ئەو شایە منیش خانم». شا عەبباس ئاگری گرتووە و لەشکری ناردۆتە سەری و بۆخۆی کوشتووە و ژن و منداڵی یەخسیر کردووە و ماڵ و دەوڵەتی بەتاڵان بردووە و سوڵتانی ئەستەمبووڵیش هیچ لەسەری نەکردۆتەوە؛ چونکە ڕاستە ئەمیرخان بەڕواڵەت دوژمنایەتی سوڵتانی نەکردووە، بەڵام سەربەخۆیی کوردستان دیارە بەقازانجی عوسمانییەکانیش نەبووە. جارێ ئەو دوژمنایەتی کۆنی خۆی دەگەڵ سەفەوییەکان وەلاناوە و لێی گەڕاوە ئەم دوژمنە تازەی بفەوتێنن. ئەگەر سوڵتان دڵنیابا ئەمیرخان سەر بۆ ئەو دادەنوێنێ، هەرگیز ئیجازەی نەدەدا لە سنووری وڵاتەکەی، شا عەبباس ئەو هەموو خراپە بکا. ئەمیرخانیش ئەگەر زانیبای سوڵتان لەسەری دەکاتەوە، قەت لە قەڵا نەدەخزی تا لە تینوان قڕ بێ.

ڕەنگ بێ بەیتبێژ ڕاست بکا و ئەمیرخان ویستبێتی لە دژمنایەتی ئەو دوو دەستەڵاتدارە بەقازانجی ڕاپەڕینەکەی خۆی کەڵک وەربگرێ و پیاوی بۆ کن سوڵتان ناردبێ؛ وەک دەڵێ:

ڕایان وابوو بە هەزاری

سوارکەن خدری برینداری

بەچەپەر بچێ بۆ خزمەت خونکاری

وەزیر وای گوت بەبوێری

چاکە قاقەزێ بنێری

قەڵاتێ بۆ شای بەجێ بێڵی

بەڵام خونکار هەرگیز بەهاواری ئەمیرخانیەوە نەچوو؛ هەرگیز تۆڵەی نەستاندەوە و هەرگیز ئیسفەهانی نەگرت. کە وابوو بەشی دواییی بەیتەکە لە ڕاستی دوورە.

جگە لەوە ڕەخنەیەکی دیکە لەسەر ئەو بەیتە هەیە. ئەویش تەعەسوبی مەزەبیی وشکە. زۆرداران هەمیشە بۆ قازانجی خۆیان لە هەستی مەزەبی هەژاران سوودیان وەرگرتووە. سەفەوی و عوسمانی بۆ پاراستنی دەستەڵات و فەرمانڕەواییی خۆیان ماوەیەکی زۆر لە شیعەگەری و سونیگەری کەڵکیان وەرگرت؛ خەڵکی هەژاریان بەناوی مەزەبەوە بەگژیەکدا دەکرد و بۆ خۆیان لە کۆشکە بەرزەکانیاندا خۆشیان ڕادەبوارد و ئەوی خودا و پێغەمبەر پێیان ناخۆش بوو وایان دەکرد. من وەک کوردێکی ئێرانی دەردی تەعەسسوبی مەزەبی دەزانم و تێ گەیوم ئەم هەستە بەقازانجی زۆرداران و بەزیانی هەژارانە؛ بەڵام نەدەکرا دەسکاری تێکستێک بکەم کە نیزیکەی چوارسەد ساڵ لەوەی پێش گوتراوە. هیوادارم خوێنەرەکان زەمان و مەکان لەبیر نەکەن و بزانن شاعیرەکانی دەرباری سەفەوی زۆر لەو شایەرەی ئێمە لە شیعەگەریدا بەتەعەسوبتر بوون.

بۆ ئەوەی تاڕادەیەک مێژووی قەڵای دمدم و بەسەرهاتی ئەمیرخانی لەپزێڕین بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە، هاتمە سەر ئەوەی، ئەوی ئەسکەندەر بەگی تورکمان– کە بۆخۆی لە گەمارۆدانی قەڵای دمدم و هەموو ڕووداوەکانی پاش گیرانی قەڵادا بەشدار بووە و لە کتێبە بەنرخەکەی خۆی (عالم آرای عباسي)دا نووسیویەتی بکەمە– کوردی.

دیارە ئەسکەندەربەگ کاتیبی تایبەتی شاعەبباس و تەبعەن. دژمنی ئەمیرخان بووە. هەرچی قازانجی شای تێدا بووە، ئەوەی نووسیوە. دڵ یەشاندنی پادشایەک کە پیاوکوشتنی پێ لە ئاوخواردنەوە بەسانی تر بووە، هەروا گاڵتە نییە و

ئەسکەندەربەگ نەیتوانیوە جگە لەوەی بنووسێ؛ بەڵام ئەوەندەش بۆ خۆی زۆرە و گۆشەیەک لە مێژووی نەتەوەکەمان ڕوون دەکاتەوە.

***

باسی سەرپێچی و لاساریی ئەمیرخانی برادۆست و چوونی جەنابی (ئیعتمادودەوله) بۆ مەڵبەندی ورمێ و گەمارۆدانی قەڵای دمدم و چلۆنایەتیی کارەسات و ڕووداوەکانی

بەسەرهاتی ئەمیرخانی چۆلاق، بۆ هەموو کەس دەبێ ببێ بەپەند. ئەی ئەو کەسەی بەدوای قسەدا دەگەڕێی! تاوێک گوێ ڕادێرە تا بەسەرهاتی ئەمیر خانت- کە لە عەشیرەتی برادۆستی کورد بوو- بۆ بگێڕمەوە.

لە سەردەمی شای بەهەشتیدا، قەراتاج ناوێکی کورد لە ڕێزی شاپەرستان و خزمەتکاراندا بوو و بەسەر تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ- کە بەمەڵبەندی ورمێ و (ئوشنی)وە (شنۆ)وە نووساوە ڕادەگەیشت. پاش نەمانی شای بەهەشتی کە ڕۆمییەکان مرخیان لە ئازربایجان خۆش کرد- عێل و عەشیرەتە کوردەکانی سەر بەم دەوڵەتە بایانداوە و ڕەگەڵ ڕۆمییەکان کەوتن. شا محەمەد ناوێک لە میرزادەکانی برادۆست، بەفەرمانی خوندکاری ڕۆم کرا بەمەزن و خاوەن دەستەڵاتی برادۆست.

ئەمیرخان سەری بۆ دانەنواند و ملی بۆ ڕانەکێشا؛ هەردەمە ڕەگەڵ یەکێک لە ئەمیرە گەورەکانی کورد دەکەوت. ماوەیەک لەکن عومەربەگی حاکمی (سهران) ڕایبوارد. لە شەڕێک کە عومەربەگ دەگەڵ دژمنەکانی کردی، ئەمیرخان دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕی؛ ناوبانگی بەئەمیرخانی چۆلاق ڕۆیشت.

لەو ساڵەدا کە ئاڵای بەرزی پادشایەتی لە ئازەربایجان دەشەکاوە و شا بەو پێ و قەدەمە پیرۆزەوە بۆ داگیرکردنی نەخچەوان و ئێرەوان دەیاژوا، ناوبراو هاتە بەردەرکی بارەگای پادشایەتی و خۆی بەشاپەرست و خزمەتکار نیشاندا. خاوەن شکۆ ئاوڕی ڕەحمەتی لێ داوە. مەزنایەتی و دەستەڵاتداری تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی پێ بەخشی و نازناوی خانی دایە و سەری بەرزکردەوە. مەڵبەندی ورمێ و شنۆی کە

سەر بەئازەربایجانە و لە سەردەمی شای بەهەشتیدا لەژێر فەرمانی یەکێک لە گەورە گەورەکانی قزڵباشدا بوو- پێ ئەسپارد. لەسەر فەرمانی شا، وەستا زێڕینگەرەکان دەستێکیان لە زێڕی سوور دروست کرد و بەگەواهیرات و مرواری بەنرخ ڕازاندەوە و لە باسکیان بەست. چونکە ئازا و مەرد بوو، خاوەن شکۆ زۆری ڕوو دەدایە و گەلێکی چاکە دەگەڵ دەفەرموو. ئەویش دەستی خزمەتکاریی لەسەر سینگی دانا. لە سایەی دڵسۆزی و چاوەدێری خاوەن شکۆدا ڕۆژ بەڕۆژ بەپێژەی مەزنایەتیدا چووە سەر و لە هەموو هاوشانەکانی خۆی تێ پەڕاند. چەند ناوچە و مەڵبەندی لە ئەمیرەکانی کوردی سەر بەڕۆم ئەستاندنەوە و وەسەر وڵاتی خۆی گێڕان و بەوجۆرە لەنێو ئەمیرەکانی کورددا بەپایەبەرزی ناوبانگی دەرکرد.

زۆر لە خێڵەکان و لە ئەمیرزادەکان لە دەوری هاڵان و خزمەتی ئەویان ڕەچاو کرد. هێندە پێ نەچوو هەوا و فیز لەسەری دا و لەخۆبایی بوو. لەو کاتەدا کە (جغال ئۆغڵی) لەشکری بۆ ئازەربایجان کێشا و شەڕ لە دەوروبەری تەورێز قەوما- دەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر شەرگە نێزێک بوو- خۆی بوارد و نەهاتە مەیدان و بەحوزووری خاوەن شکۆ نەگەیشت. پاش شکاندن و تاراندنی جغال ئۆغڵی، لەشکری زاڵبوو لە ناوچەی سەڵماس خستی. ئەویش بەدێر و ژوانەوە هاتە بارەگا؛ لاواندراوە و کەم خزمەتی و خۆبواردن و نەهاتنە مەیدانی بەڕوودا نەدراوە. بۆ ئەوەی دڕدۆنگ نەبێ ئەو و ئەمیرەکانی کورد -کە وەحشیترین تیرەی ئینسانن- دڵخۆشی درانەوە و چاکەیان دەگەڵ کرا. مەرەخەس کرا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڕواڵەت خۆی لە ڕیزی خزمەتکاران دادەنا؛ بەڵام لەبنەوە لەبەر تەعەسوبی مەزەبی و پیسی دەروون دەگەڵ قزڵباشی دەوروبەری خۆی دژمنانە دەجووڵاوە. هەوای سەربەخۆیی و سەرەڕۆییی لەسەری دابوو. ئەوەندەی بروز ئەستاند کە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی قەڵایەکی گەورە و قایم بێ. بەبارەگای دەوڵەتی ڕاگەیاند کە قەڵای ورمێ بنکۆڵ بووە؛ هەرەسی هێناوە و خۆڕاناگرێ و بۆ ئەوە نابێ پشتی پێ ببەسترێ. ئەگەر ئیزن بفەرموون، بناخەی چوار دیوارێک لە شوێنێکی لەبار دادەڕێژم. خاوەن شکۆ- کە هەر ڕواڵەتی ئەوی دەدی و ئاگای لە دەروونی نەبوو- ئیزنی دا. ئەویش لە سێ فرسەقی شاری ورمێ، لەسەر کێوێکی هەرەبەرز- کە کەوتۆتە بەشی تەرگەوەڕ-

بناخەی قەڵایەکی قایمی داڕشت.

لەنێو کورداندا باوە دەڵێن: لەپێش ئیسلامدا لە زەمانی ساسانیەکان (اکاسرە)دا هەر لەو شوێنە قەڵایەک هەبووە کە پێی گوتراوە دمدم و دەستدرێژی ڕۆژگار خاپوور و وێرانی کردووە. پیر بوداقخان، ئەمیری ئەمیرانی تەورێز- کە پیاوێکی بەئەزموون و وشیار و کارامە بووە- لە جوولانەوەی دژمنانەی ئەمیرخاندا نیشانەی کەڵەوەکێشی و ملهوڕیی بەدی کرد. بۆیە بەبارەگای پیرۆزی ڕاگەیاند کە: «ئەمیرخان لە ڕێگای ڕاستی لاداوە و هەوای سەرپێچی و لاساری کەوتۆتە سەر و بناخەی ئەو قەڵا بەرز و قایمەی بۆیە داڕشتووە کە لە ڕۆژی پێویستدا بەکاری بێ. ئەو غوڵامە دروستکردنی ئەو قەڵایە هیچ بەقازانجی دەوڵەت نازانم.» فەرمانی پیرۆز بەم جۆرە بەڕێ کراوە:

«بۆخۆت ئەمیری ئەمیرانی ئەو سنوورەی؛ ئەگەر ئەو قەڵا دروستکردنە بەقازانجی دەوڵەت نازانی پێشگری لێ بکە.» پیر بوداقخان لەسەر فەرموودەی شا پیاوێکی باوەڕپێکراوی ناردە کن ئەمیرخان و پێی ڕاگەیاند: «کە ئەو لە ڕیزی ئەمیرە مەزنەکانی شادا حیساب دەکرێ و پەروەردەی دەستی خاوەن شکۆیە و لافی پاکی و بەندەیی لێ دەدا. هەرچەند شای عالەم پەنا ئەوپەڕی متمانەی پێ هەیە، بەڵام بەو قەڵا دروستکردنەی ئەو زمانی زمان پیسان دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو قەڵایەی لە ترسی پەلاماری ڕۆمیان دروست دەکا، ئەگەر ڕۆمیان بێنە ئەو وڵاتە هەتا قەڵای قایم و گەورەی وەک قەڵای تەورێز و ئێرەوان لەنێوی دابێ، ڕوو لە قەڵای وا ناکەن و ئەگەر ترسی لە ئەمیرەکانی کورد بێ، ئەگەر ڕووداوێک بقەومێ ئێمە غوڵامانی بارەگای شا -کە پاراستنی ئەم سنوورەمان لە ئەستۆیە- چۆن دەتوانین خۆ بنگخێنین؟ ڕەنگ بێ هەر ئەو عاشوورە کۆنەی ورمێ بۆ ئەو بەس بێ. وا باشە کە دەست لەو قەڵایە هەڵبگرێ و زمانی پیاوخراپان لە خۆی نەکاتەوە و ئەو ئامۆژگارییەی دۆستانەی ئێمە- کە قازانجی ئەوی تێدایە- لە گوێ بگرێ و خۆی نەکاتە نیشانەی بوختان و دەمگۆی ئەوتۆ کە بۆنی لاساری و دووبەرەکی لێ بێ.» بەڕاستی ئامۆژگارێکی دۆستانە و دڵسۆزانە بوو. چونکە بەپشتئەستووری ئەو قەڵایە بوو کە تووشی ئەو چارەنووسە ڕەشە هات و ئەوەی پێگەیی کە دەبوو پێی بگا.

بەکورتی ئەمیرخان هەر گوێی نەدا ئەو قسانە و پیاوەکەی پیربوداقخانیش، بەدەستی کوردە برادۆستەکان کوژرا. قەڵایەکی یەکجار قایم و گەورەی دروست کرد و ئازووخە و چەک و چۆڵی کێشاوە نێو قەڵاکەوە. ئەوجار لە ورمێڕا ڕایگوێزت بۆ ئەو قەڵایە. ڕۆژ بەڕۆژ قەڵاکەی قایمتر و ئامرازی قەڵاداری پەرداختتر دەکرد و لە ڕاستیدا هۆی چارەڕەشی و لێقەومانی خۆی زیاتر پێک دێنا و کاری ئەوتۆی دەکرد کە بەهیچ بارێک دەگەڵ پاکی و یەکڕەنگی یەکیان نەدەگرتەوە. بۆ نموونە، خان ئەبداڵی موکری برای شێخ حەیدەر– کە لە خاوەن شکۆ یاغی ببوو و لە ترسی هێزی لەشکر لە هیچ شوێنێکی وڵاتەکەی خۆیدا حەجمین و حاوانەوەی نەمابوو– بەخۆی و بیست کەس لە دەست و پێوەندەکانیەوە پەنای بۆ هێنا و ئەمیرخانیش پەنای دا و کردی بە هاودەم و هاونشینی خۆی؛ بەڵام بەفێڵ و ڕێویبازی پیاوەکانی خۆی دەناردە دەرگای عالەم پەنا و خۆی بەفیدایی و یەکڕەنگ نیشان دەدا. لە کاتێکدا کە جەلالیەکان ناردرانە کوردستان، فەوجێکیان دەگەڵ ناردرا، پیربوداقخانیش سەرکردەی ئەو لەشکرە بوو. ئەمیرخان کە ئەو خەبەرەی بیست بەدەوڵەتی ڕاگەیاند: «نێوانی من و پیربوداقخان خۆش نییە و قسەی خراپ لەبارەی منەوە بەعەرز دەگەیەنێ. حاوانەوەی من لەنێو لەشکرێکدا کە ئەو سەرکردەی بێ، کارێکی زۆر گران و ئەستەمە.»

بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەو ئەم فەرمانە بەقەڵەم داهات: «لەبەر خاتری ئەو، پیربوداقخان ئەو کارەی لێ وەرگیراوە. لە جێی ئەو حەسەن خانمان تاعین فەرموو، کە لە ئەمیرەکانی عێراقە و پیاوێکی پاک و سەروڕوو خۆشە. بەو حاڵەشەوە ئەگەر بۆخۆی ناتوانێ ڕەگەڵی کەوێ، یەکێک لە کوڕەکانی و ڕدێن سپێکی کارامە و دوو سەد سێ سەد کەسێکی ڕەگەڵ بخا؛ با یەکڕەنگی و دڵپاکی ئەو بۆ ئەمیر و حاکمەکانی کورد سووربێتەوە و خانەنشینیی ئەو بەخۆبواردن دانەنێن.» ئەمیرخان سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزی و مودارایەوە کە لەلایەن خاوەن شکۆوە دەگەڵی کرا، هەر لەسەر لاساری و سەرەڕۆییی خۆی ڕۆیشت. کە حەسەن خانی (ئیستاجلوو» و گەورە گەورەکانی قزڵباش لە مەراغە گەیشتنە محەمەد پاشا و جەلالییەکان و بەرەو خزمەتی خۆیان کەوتنە ڕێ. بەئەمیرخانیان ڕاگەیاند: «لەسەر فەرمانی پیرۆزی

خاوەن شکۆ ئەگەر بۆ خۆی لە توانایدا نییە بێ، چەند پیاوی باوەڕپێکراوی خاوەن ئەزموون کە لە چاک و خراپی کوردستان و ڕێگاکانی ئاگادار بن و ڕەوەی بکەون پرسیان پێ بکرێ و بۆ ڕاوێژ دەگەڵ کردن بشێن، ساز بکا و بنێرێ.» ئەمیر چەند پەڵپ و بیانووی گرتن.

کورتەی بیانووەکان ئەوە بوو: «تیرەی جەلالی لاپرەسەن و نەگونجاو و باوەڕپێنەکراون. با گەورە گەورەکانی قزڵباشیش دەگەڵ بن، من ناتوانم ڕەگەڵ لەشکرێک بکەوم کە حەوت هەشت هەزار کەسی جەلالی دەگەڵ بێ. ئەوان لە هەر ڕێگایەکەوە دەیانەوێ بڕۆن، منیش لە پاشان هێندێک کەس بەدوای ئەواندا دەنێرم.» ئەمیرە گەورەکانی دەوڵەت سەرکێشیی ئەویان لە سەرەتای سەفەردا بەدڵ نەبوو. ئەوەیان بەلاوە باش بوو ئێستا کە ڕێگایان بەلای ئەودایە، بەهەر بارێک بێ ڕامی بکەن؛ چونکە ئەگەر هاتوو ئەمیرخان- کە لە نیزیکانی دەرگای شایە- وا لاساری بکا و بەلارێدا بڕوا، دەبێ لە ئەمیرەکانی دیکەی چاوەنۆڕی چ بین؟ بۆیە وەسەر خۆیان نەهێنا و بەزمانێکی نەرم و خۆش لێیان ڕاسپارد خانەخوێی باش بێ و چەند شەوێک ڕامان بگرێ؛ جا کە چاومان پێک کەوت، لەسەرەخۆ ڕاوێژی لێ دەکەین و ئەوی قازانجی ئەوی تێدا بێ وا دەکەین. ئەمیرخان هەر جوابی نامە و پەیامی حەسەن خان و ئەمیرەکانی دیکەی نەداوە و لەسەر کەللەڕەقی و کەڵەوەکێشیی خۆی توندتر ڕاوەستا.

کە پێشەکی لەشکر گەیشتە ناوچەی بەرحوکمی ئەو، دەستەیەک لە کوردەکانی برادۆست بەرەنگاری بوون و دەگەڵ ئەو جەلالییانەی کە لەپێشدا بوون، بەگژیەکدا هاتن؛ دوو پیاوی جەلالی کوژران و چەند کەسیش لەم نێوەدا برینیان هێنا. حەسەن خان و ئەمیرەکان کە لەو ڕووداوە ئاگادارکران پیاوەکانیان گێڕاوە پاشەوە و شەڕ و کێشەیان ڕاوەستاند و لەنیو فرسەقی قەلا لە جێگایەکی پەسیو هەڵیان دا و لەشکریان خست. کوردەکان چوونەوە دە قەلاوە و هۆردووگایان وەبەرتۆپان دا. حەسەن خان دیسان پیاوی ناردەوە کن ئەمیرخان و هۆی ئەو ڕەفتارە نالەبارەی لێ پرسی. هەرچی لەو لایەوە قسەی خۆش و دۆستانە کران، ئەو پەڵپ و بیانووی سەیرتری هێنا گۆڕێ و دەرگای دۆستایەتی و ئاشنایەتی داخست. تووشی هەر

کەس لە قزڵباش و جەلالی بووبان- کە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری پێویست لە هۆردوو وەدەردەکەوتن- دەیانکوشت و ڕووتیان دەکردەوە. دووپاتەبوونەوەی ئەو کارانە دژمنایەتی لەنێو هەردوولادا بەهێزتر دەکرد. محەمەد پاشاش بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە جەلالییەکان وەکار کەوت و پیاوەکانی پۆل پۆل تا بەر قەڵا دەچوون و لەولاشەوە کوردەکان لێیان وەخۆ دەکەوتن و بەپیریانەوە دەهاتن و لە هەردوو لاوە چەند کەس دەکوژران و بریندار دەبوون. کار لەکار ترازا و شەڕ و کێشە گەرمتر بوو. هێندێک کەس لە جەلالییەکان- کە لە محەمەد پادشا دڕدۆنگ بوون- بەتایبەتی محەمەدبەگی برای (تەویل) و دەست و پێوەندەکانی بایانداوە و چوونە کن ئەمیرخان. بەو جۆرە نیزیکەی سێ سەد چوارسەد کەس ڕەگەڵ ئەو کەوتن. ئەوەش پتر ئەوی لەخۆبایی کرد و محەمەد پاشاش بەجارێکی هەراسان و جاڕز بوو. ئاگری دژمنایەتی لەنێوان ئەواندا هەڵگیرسا. فەرمانی قەزا لەبارەی کوردە یاغیەکاندا درا و ملک و وڵاتەکەیان داگیرکرا. حەسەن خان بەناچاری لەوێندەرێ دامەزراو چلۆنایەتی بەپێچکی تەختی پادشا ڕاگەیاند. ئەو خەبەرە لە ئەردەوێڵ بەعەرز گەیشت. وەک لە سەرەتاوە نووسیمان عالی جەناب (ئیعتمادودەولە) حاتەم بەگی بۆ ئەولای ڕەوانە فەرموو کە بەچاوێکی ژیرانە تەماشای ئەم سنوورانە بکا و ئەگەر ئەمیرخان هیچ جێ متمانە بێ دڵی بداتەوە و بەکەرەمی شاهانە هیواداری بکا. جەلالییەکان لە دەورەی قەڵای ئەو ڕاگوێزێ و وەک سالان جێ هەواریان بداتێ. پێنج هەزار تومەن زێڕی نەغد لە خەزێنەی دارمالی شاهانە وەربگرێ و بیدا بەجەلالییەکان. جا ئەگەر ئەمیرخان هەر دانەمەزرا و کەللەڕەقی و کەڵەوەکێشی کرد، ئاوێکی بەو ئاگرە هەڵپرژێنێ و ملکەکانی ئەو بەسەر جەلالییەکاندا دابەش بکا، تا لەوێ نیشتەجێ بن و ئاسەواریش لە کوردە لاسارەکانی دیکە ببڕێ.

باسی چوونە ورمێی (ئیعتمادودەولە) و گەمارۆدانی قەڵای دمدم و کارەساتەکانی دەوری قەڵا

کە عالی جەناب (ئیعتمادودەولە) لە ئەردەوێڵەوە هاتە تەورێز و دەگەڵ پیربوداقخان حاکمی تەورێز و بەرخورداربەگی ئەنیسی تۆپچی باشی و

تفەنگچییەکانی ئیسفەهانی و خوراسانی و تەورێزی و بافقی وەرێکەوت، دوو هەزار کەسیش جەلالی کە لە تالانی قراچە ئەردەهانەوە دەگەڕانەوە ڕەگەڵ کەوتن.

لە سەڵماس، خان وەلەد غازی بەگی حاکمی ئەوێش وێڕای ئەولیابەگی کوڕی سەیفەددینە کوێرەی حاکمی ئەنزلێ و سۆما، ڕەگەڵ لەشکر کەوتن. ڕۆژی سێ شەممۆ- بیست و شەشی شەعبان- گەیشتە هۆردووی ورمێ. حەسەن خان و محەمەد پاشا و گەورەکانی بەپیریەوە هاتن و بەخزمەت گەیشتن. هۆردوو لە جێگای باش دامەزرا.

ڕۆژی پاشێ، جەنابی (ئیعتمادودەولە) پیاوێکی باوەڕپێکراوی دەگەڵ مەلیک ئاغا محەمەدی (تەسووجی) کە ئاشنایەتیی کۆنی دەگەڵ ئەمیرخان هەبوو- ناردە کن ئەو. پاش ئامۆژگاری دۆستانە و خێرخوایانە داوایان لێ کرد کە مل بدا و لە دەوروبەری قەڵا بۆ دیدار ئامادە بێ؛ تا ڕێگایەک بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و ناتەبایی بدۆزنەوە و دڵی ئەو بێننەوە جێ. ئەمیرخان ملی دا و لە قەڵا هاتەخوار و جەنابی وەزیریش بەچەند کەسەوە چوو. چاویان بەیەکتر کەوت و لە هەموو بابەتێک دوان.

ئەمیرخان بە ئاس و پەلاسدا دەچوو و بەفڕوفێڵ و درۆ و دەلەسە، خۆی بەغولام و نۆکەر نیشان دەدا و دەیگوت: «لە ترسی بەرەڵلایی و ئاکاری نالەباری جەلالیەکان و دڕدۆنگی لە بەرگریکردنی حەسەن خان، پەنام بۆ ئەو چوار دیوارە هێناوە. محەمەد پادشا بەهیوای ملک و ماشی منە و منی لە خزمەت خاوەن شکۆ بۆسۆ و بەدناو کرد. ئێستاش تکام ئەوەیە جەنابی وەزیر لە خزمەت خاوەن شکۆ عوزرم بۆ بخوازێتەوە. لەو زستانەدا لێم گەڕێن بۆخۆم نەبزووم. یەکێک لە کوڕەکانم لە خزمەت ئێوەدا دەنێرمە بارەگای بەرزی. جا کە بەهارێ خاوەن شکۆ بەرەو کوێستان هات، بۆخۆشم دێم بن ڕێسمەی ماچ دەکەم.

جەنابی (ئیعتمادودەولە) دڵنیای کرد هەموو شتی لێ قبووڵ دەکرێ بەو مەرجەی بەڵێنی خۆی بێنێتەجێ. بڕیار وا درا چونکە قەڵاداری ئەو دەنگی داوەتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن ئەو یاغی و سەرکێش نییە، بەخۆی و کەسوکار و دەست و پێوەندیەوە بێتە نێو قزڵباش و دەگەڵ گەورە گەورەکان یەکتر ببینن و هیچ ترسی نەبێ. ڕۆژێک ئەو میوانی (ئیعتمادودەولە) بێ و ڕۆژێک (ئیعتمادودەولە) میوانی ئەو بێ؛ تا

دەنگوباسی نێوان خۆشی و یەکەتی ئەوان لەو سنووره بڵاوبێتەوە. ئەمیرخان بەوە ڕازی بوو و قەراری دا سبەینێ بێتە خوارێ.

جەنابی وەزیر کۆڕێکی جوان و باشی ڕازاندنەوە. چونکە ئەمیرخان نەیدەویست چاوی بەجەلالیان بکەوێ، بڕیار درا تاقە کەسێک لەو تیرە لەم کۆڕەدا بەشدار نەبێ. ئەوێ ڕۆژێ هەرچی چاوەنۆڕبوون؛ سۆراخی ئەمیرخان نەبوو. دیسان ئاغا محەمەدی (تەسووجی)یان نارده کنی، بزانێ بۆچی دیار نییە؟ پاش وتووێژێکی زۆر بەئاغا محەمەدی گوت: «قسەی ڕاست ئەوەیە ڕیش سپییەکانی برادۆست لە فێڵ و دەهۆی قزلباش و جەلالی ئەمین نین و پێیان وایە (ئیعتمادودەوله) -کە پیاوێکی تاجیک و خاوەن قەڵەمە- پێشی ئەوانی پێ ناگیرێ و ئێمەی پێ ناپارێزرێ. بەکورتی یەخەی خۆم لە دەس ئێوە نانێم. ئەگەر بەقازانجی خۆمی بزانم کورێکم بەدیاری و پێشکێشەوە دەنێرمە خزمەت خاوەن شکۆ و ئەگەر خەیاڵێکی دیکەیان لەسەردایە، ئەوە لەو حەوشە خزاوم و جگە لە قەڵاداری چارێکم نییە.»

کورتی ببڕینەوە، لەبنەوەبڕی و ناپاکی ئەو ئاشکرا بوو. دیاری دا کە وتووێژەکانی بۆ فڕوفێڵ و خۆبواردن بووە. ئەو قەڵا قایمە لە خۆی بایی کردووە و ڕێگای سەرەڕۆیی و لاساریی گرتۆتەبەر. عالی جەناب (ئیعتمادودەوله) دەگەڵ ئەمیرەکان ڕاوێژیان کرد و هاتنە سەر ئەوە، هێندە نەرمکێشی لە ڕاست ئەمیرخان بەهیچ بارێک دەگەڵ قازانجی دەوڵەت ناگونجێ. هاتنی وەزیری گەوره و باوەرپێکراوی دەوڵەت بۆ بن قەڵای ئەو و بەدەست بەتاڵی گەڕانەوەی زۆر شوورەییە و قبووڵ ناکرێ. هەموو خۆیان لە قەڵاگرتن هەڵکرد، خەبەریشیان بە پێچکی تەختی شا ڕاگەیاند...

لەپێشدا بەڵێنم دابوو ئەم :چیرۆکەتان وەک چۆن ڕوویداوە بەتەواوی بۆ بگێڕمەوە؛ جا بۆیە بەپێویستم زانی کەمێکتان باسی قەڵای دمدم بۆ بکەم: ئەو قەڵایە لەسەر دوندی کێوێکی یەکجار بەرز دروستکراوە کە یەک پارچە بەردێکی درێژووکە و تەسکە و وەک پشتی گا هەڵکەوتووە. لای شیمال و جنووبی دۆڵی زۆر قووڵن، کە لەژێرڕا بۆ سەرێ، دەبێ بە پەیژەی خەیاڵ بۆی بچی. لەبەر بەرزی پێویستی بە شووره نییە و شوورەیان بۆ نەکێشاوە. دوو لایەکەی دیکەیان- کە پانایی قەڵاکەیە و

لای ڕۆژهەڵاتی پاڵی وەبەرزاییی چیا داوە و شووورەیەکی زۆر تەواوی بۆ کێشراوە و بورجی بڵندی هەن و دەرگایەکی هەیە. لای ڕۆژئاوای– کە لە گۆڕایی نیزیکترە– شوورەیەکی یەکجار قایمی هەیە و دەرگایەکی بەرەو جنووب دەکرێتەوە. لە دەروازەڕا بۆ عەرزی، ڕێگایەک بەنێو بەردیدا هەیە کە ئەوندە تەنگە بەزەحمەت سوارێکی تێوەدەچێ. سەنگەر بردنە پێش لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواوە نەبێ ناکرێ. لەلای ڕۆژهەڵات تیرهاوێژێکی بۆ دەرکی قەڵا بمێنێ، یەکپارچە بەردی سەخت و تەخت و ڕەقە. لەبنەوە بوو دڕی بۆ لێ نادرێ، کە بەردەکە بڕاوە بورجێکی زۆر بەرز و قایمیان لێ دروستکردووە کە بۆ خۆی قەڵاییچەیەکە. تا ئەو بورجە بەردەست نەکرێ سەنگەربردنە بن قەڵا محاڵە. ئاوی قەڵا لە حەوزێکی گەورەڕا دابین دەکرێ کە بەباران پڕ دەبێ. بەڵام لەلای شیمال– لەنێو گەڵیدا– نیزیکی قەڵا کانیەک هەیە؛ ئاوی زۆر کەمە. ئەمیرخان جۆگەی بۆ کێشاوە و ڕێی بۆ کردۆتەوە و دەحەوزەکەی کردووە. ئاوی ئەو کانیە لە ئێوارەوە تا بەرەبەیانی حەوزەکەی پڕ دەکا. ئاوەکەی بەشی ڕۆژێکی قەڵانشینەکان دەکا. گومبەزێکیان لە ڕێکی عەرزی لەسەر حەوزەکە هەڵخستووە کە لە پێش چاوان ونبێ، پێی دەڵێن (سوڵق). بۆ پاراستنی حەوزخانەکە بورجێکیان بەباڵ قەڵاوە هەڵچنیوە. لەلای جنووبەوە سەهۆڵدانێکیان سازکردووە کە لە زستاندا بەبەفر و سەهۆڵ داخندرێ. لە تەنیشت وێ حەوزێک هەیە؛ تا ئەو بەفر و سەهۆڵەی لە گەرمای هاویندا دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو بەفیڕۆ نەڕوا و لەوێدا کۆبێتەوە و لە کاتی کەم ئاویدا بەکاربێ. ئەو سەهۆڵدانەش قەڵاییچەیەکی لەسەر دروستکراوە و پاسەوان و تفەنگچی لەسەر داندراوە؛ بەویش دەڵێن (بوزڵق) یا (قارڵق)، ڕێگای وێش وەک ڕێگای (سوڵق) لە دەرەوەڕا ونە.

بەکورتی ئەم قەڵایە لە پێنج قەڵا پێک هاتووە. یەکیان ئەسڵی قەلاکە، یەکیان قەڵای خواری، یەک (سوڵق) و یەک (بوزڵق) و ئەوی دیکەیان بورجی گەورەی دەرەوەی دەرگای ڕۆژهەڵات کە لەپێشدا باسمان کرد. هەر پێنج ئەوندە بەرز و قایمن کە پەیکی تیژڕۆی بیر و مێروولەی خەیاڵ ڕێیان تێنابا و وێیان هەڵناگەڕێ.

جەنابی وەزیر بەلێزانی و بیر تیژی و وشیاریی خۆیەوە کەمەندی زیبک و زاکوونی هاویشتە کۆنگرەی داگیرکردنی ئەو قەڵا ئەستەمە. خەریکی سازکردنی ئامرازی

پێویستی قەڵاگیری بوو، لەو کاتەدا پێنج سەد تفەنگچی لە لەشکری تایبەتیی خاوەن شکۆ بەسەرکردەییی (سەفەرقولی) بەگی یوزباشی و قۆرچیەکانی (چگنی) بۆ کۆمەک گەیشتنە جێ. گەنج عەلی خانیش کە لە تەوریز بوو- بەلەشکرێکی پەرداخەوە هات. حەسەن خان و ئەمیرانی هاوڕێی ئەو و تفەنگچییەکانی ئیسفەهانی و میرفەتتاحی سەرکردەیان بۆ بەری ڕۆژهەڵات داندران و بەری ڕۆژئاواش بە پیربوداقخان ئەسپێردرا. مرادخانی سوڵتان چینی و خەلیل سوڵتان و محەمەدتەقی بەگ بۆ بەرامبەر قەڵاییچەی بوزڵف نێردران و پاراستنی دەروازەی ئەولا بە گەنج عەلی خان ئەسپێردرا. تفەنگچی مازندەرانی دەگەڵ سەفەر قولی بەگ و قۆرچی چگنی، بۆ بەری شیمال تاعین کران. بەرخورداربەگی ئەنیس و تۆپچییەکان بەدوو تۆپی گەورە و یەکی (بالیمز)ەوە دامەزران و قبان سوڵتان بێگدلی بە سەرکردەی تۆپخانە داندرا. جارێ تۆپێکی بچووکیان لە دەریای ڕەشەوە بەکەشتی هێنا و لە سەنگەری حەسەن خان دابەسترا. محەمەد پادشا تووشی نەخۆشی دڵ هات؛ خزمەتێکی پێ نەسپێردرا. بەڵام جەلالییەکان بەسەر بەشەکانی لەشکردا دابەشکران. پێنج هەزار تومەن زێڕی شایی عەبباسی- کە بۆ باربووی جەلالییەکان هێنرابوو- بەسەریاندا بەشکرا. بۆ هەر هۆزێکیان جێ هەوارێک لە پێش چاو گیرا. لەشکر خێوەتی هەڵدا و هەر دەستەیەک چووە سەر کاری خۆی. ئەمیرخان خەبەردار بوو و ترسا. زۆرجار پیاوی نارد و خەریکبوو بەدرۆودەلەسە ئەو کێشەی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە؛ بەڵام چونکە فڕوفێڵەکانی ئاشکرا ببوون، گوێ نەدرا قسەکانی. بەناچاری ئەویش خەریکی بەرگری و قەڵاداری بوو. چەند کەس لە ئەمیرزادەکانی برادۆست لە قەڵا دەرپەڕین و هاتنە ڕیزی شا پەرستانەوە. هەرکەس لە قەڵاوە دەهات دەیگوت: قەڵانشینەکان لەبەر کەم ئاوی سەخڵەتن. چونکە لەبەر وشکە ساڵی و کەم بارانی ئاوی حەوزەکە زۆری لە کەمی داوە و ئەوی ماوەش بۆگەن بووە و دەیدەن بەچوار پێیان. ئاوی خواردنەوە بریتییە لە ئاوی سوڵق، ئەویش تاس تاس دەدرێ بە پیاو ماقووڵان ئەگەر سوڵق داگیر بکرێ جگە لە خۆبەدەستەوەدان چارێکیان نییە. ئەویش بێتو لە بنەوەڕا بوودڕی بۆ لێ بدرێ، گێڕانی زۆر گران نییە. ئەو تەگبیرە ئەقڵ دەیگرت و ئەگەر بەو جۆرە ناچاریان کردبان خۆبەدەستەوە بدەن،

زۆر لە شەڕ و خوێنڕێژی باشتربوو. هەموو کۆششی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کرد. وەستا کەرێزکەنەکان خەریکی بۆدرلێدان بوون. تا عەرزەکە خاک و نەرم بوو بەهاسانی چوونە پێش. کە گەیشتنە بەردی، سەوەیان چنین و شەوانە لە ڕێگای دوورەوە گڵیان دەهێنا و سەوەکانیان پڕ دەکرد و بەڕێز دایاندەنان و کۆلانێکی سەرداپۆشراویان دروست دەکرد. حەسەن خان لەلای ڕۆژهەلاتەوە ئاوا دەچووە پێش. پیر بوداقخانیش لەلای ڕۆژئاواڕا سەر بەرەو ژوور دەچووە پێش و هەر ئەو کارەی دەکرد. کوردەکان لە بەرەبەیانەوە دەڕژانە سەنگەرەوە و شەڕی باشیان دەکرد و دەم بەدەم هاڕەی تیری تیژپەڕی ئەوان پەیامی ئەجەلی بەگوێی غازییەکان ڕادەگەیاند و گوللەی تفەنگ وەک تەرزە بەسەر ئازاکاندا دەباری. دوو سێ جار بەڕۆژی ڕووناک خۆیان دەسەنگەران هاویشت و شەڕی بەسام و گرانیان کرد. غازییەکان زۆر سەیر، خۆیان ڕادەگرتو توندیان بەرگری دەکرد. هەموو جارێ لە هەردوو لایان زۆر دەکوژران و بریندار دەکران. جارێکی پەلاماری مەتەرێزی نیعمەتوڵلا سوڵتانی سۆفیان دا؛ سۆفیەکان ئازایەتی و مەردایەتییەکی سەیریان نیشان دا. پێنج کەس لە زارکی مەتەرێزەکە یەک لە دوای یەک کوژران و نەیانهێشت کوردەکان خۆی تێ باوێن. هەر کەس دەکوژرا گیانبازێکی دیکە جێی دەگرتەوە. لەو ڕۆژەدا هەموویان پیاوەتی و ئازایەتییان نیشان دا. لەو شەڕەدا حەوت هەشت کەس غازی کوژران و پازدێک بریندار بوون. کوردەکانیش تا بیست کەسیان لێ کوژرا و سی چل کەسیان برینی هێنا و چییان بۆ نەکرا و چوونە دە قەلاوە. لە سەنگەری حەسەن خانی ڕا ئەو تۆپەی بەرەو بورجەکە. دابەسترا بوو، پاش بیست ڕۆژ- بەڵکە مانگێک- تۆپباران چڕژێکی لە بورجەکە کردبوو؛ بەلام هێشتا وا نەبوو پێدا وەسەر بکەوێ. حەسەن خان هەڵەشەیی کرد و سەربەخۆ بێ ئەوەی پرس بە(اعتمادالدوله) بکا، ڕۆژێک هێرشی بردە سەر بورجەکە، دوازدە لاوی هەڵکەوتوو ئازایانە خۆیان گەیاندە سەر بورج. چەند کەسیان ئەنگووان و هەڵدێران. ئەوانی دیکە چاوترساو بوون و کەس نەوێرا هەڵکشێ و خۆیان هەڵداشت. دووسەد کەس کە گەیبوونە بن بورجەکە، لەوێ دامەزران. تا نیوەشەو شەڕ بوو و خەریکی کۆڵینی دیواری بورج بوون.

لەو کاتەدا کوردەکان لەپڕ لەپشتەوە پەلاماری غازییەکانیان دا و بووبە شەڕە شیر. لەسەر بورجەوەش گوللەی تفەنگ داباری، لە قەڵاشەوە دەسڕێژ دەکرا و کۆمەک بۆ غازییەکان نەدەنێردرا. ناچار غازییەکان دەستیان لە شەڕ هەڵگرت و گەڕانەوە. لاوی ئازا و هەڵکەوتوو لەو شەڕەدا کوژران و بریندار بوون. حەسەن خان لە ئازایەتیی شێتانەی خۆی، پەشیوان و شەرمەزار بۆوە. کارێک بوو کرابوو؛ لەبەر ئەوە جەنابی وەزیر لە دوای چووان نەچوو و دڵخۆشی داوە. لە شەڕێدا زۆر کارەساتی وا دەقەومێن. گرتنی قەڵایان بێ کارەساتی وا نابێ.

پاش ماوەیەک کە کەرێزکەنەکان کاریان کرد، لەبن عەرزەوە نەیانتوانی سەرچاوەکە بدۆزنەوە. سەریان لێ شێوا بوو و نەیاندەزانی بوودڕەکە بەرەو کوێ لێ دەن. بەناچاری هەرچەند هەنگاوێکی دەچوونە پێش نیشانەیەکیان دەچەقاند؛ کە دیاربێ بوودڕ بۆ کوێ دەچێ. بەو نیشانانە کوردەکان لە کەینوبەینەکە گەیشتن. لەبەر بێ ئاوی وەک ماسی کەوتبوونە تۆڕ و هەڵبەزهەڵبەزیان دەکرد. هەموو شەوێ هێرشیان دەهێنا سەر بوودڕەکە و دەگەڵ تفەنگچییەکانی مازندەرانی و سەفەرقولی بەگ و قۆرچی چگنی کە پاسەوانی بوودڕ بوون بەشەڕ دەهاتن. شەڕی زۆر گەورە دەکران و شەو بوێریان نەبوو. کەرێزەکەنەکان دەرفەتی کارکردنیان نەبوو. سێ مانگەی ڕەمەزان و شەشەکان و نێوجێژنان بەو جۆرە شەڕ و کێشە درێژەی هەبوو. دوو سێ جار خەڵکێکی زۆری شەڕنەکەر و ژن و منداڵیان لە قەڵا وەدەرنا کە ژمارەیان نیزیک بەهەزار کەس دەبوو.

ئەو خەڵکە شڵەژاوی خۆیان دەگەیاندە ئاو. گەمارۆدراوەکان ئەو کانیلکەیان بەئاوی حەیات دەزانی و فیداکارانە بۆ پاراستنی سوڵق تێ دەکۆشان. لەولایشەوە ئەوپەڕی هەوڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە درا و بێ سوود بوو. چونکە ئاوی حەیات ونبوو. جەنابی وەزیر تەگبیرێکی دیکەی کرد. بڕیاریان دا کە بەسەر عەرزیدا بۆی بچن و سەربانی گومبەزی سوڵق کون بکەن و تۆپی گەورە لە دیواری پەیژە بەرەو دالانی ئاو دابەستن و ئاگری بدەن، کە کوردەکان نەوێرن هاتوچۆی کانیەکە بکەن. بۆدڕەکەش بەبن عەرزیدا هەر لێ بدەن. قەرار درا کە میر سۆفی و میر پازووکی و میر موقەددەم لە سەنگەرەکانیان بێنەدەر و سەنگەر بگوێزنەوە بۆ سەر سوڵق.

حەسەن خان پیاوی کارامەی لە جێی خۆی دانان و بۆخۆی سەرپەرشتی ئەو ئەمیرانەی وەستۆ گرت. پیربوداقخانیش سەنگەرێکی بەرەو سوڵق دامەزراند. جەنابی (اعتمادالدوله) ئەوندەی ئەو قەڵا گرتنە بەلاوە گرنگ بوو کە بۆخۆی هاتە سەر تۆپخانە. بیست و یەک ڕۆژ لەسەر تۆپخانەی بوو. لە بەیانەوە هەتا ئێوارە تۆپ هاویشتن و پاراستنی سەنگەرەکان لەژێر چاوەدێری خۆیدا بوو. هەموو شەوێ هەر ئەرکێکی بەهەر ئەمیرێک ئەسپێردرابایە، بەیانی لێی دەپرسراوە و ئەگەر تەنەخی تێداکردبا، سەرکۆنە دەکرا. کوردەکان زۆر هەراسان بوون. کە شەو ڕادەشکا لاوی تەیار و پەرداخ و چەکدار دەهاتنە دەرێ و لە دەورەی سوڵق شەڕ دەست پێ دەکراو ئازایەتیان نیشان دەدا. لەم لایشەوە مەشخەڵ هەڵدەگیرسان و لەبەر ڕووناکیی مەشخەڵان، تفەنگچییەکان بەربەرەکانیان دەکرد. هەموو شەوێ ژمارەیەک لە هەردوو لایان دەکوژران و بریندار دەکران. لە لاپاڵی چیا، ئەشکەوتێک هەبوو کە بەسەر سوڵقدا دەیڕوانی. کوردەکان لەبن ئەشکەوتەکەوە بۆدڕێکیان لێ دەدا کە لە ئەشکەوت بێنەدەر و لای سەروو لە غازییەکان ببڕنەوە و دەریان پەڕێنن و بۆ هەمیشە بەرگری لەو کارە بکەن. پاش ئەوەی ئەو خەبەرە بە ئەمیرەکان گەیشت، وایان بەباش زانی کە پێش دەستی بکەن و ئەشکەوتەکە بگرن، تا لە داگیرکردنی سوڵقدا دەستیان بکرێتەوە. نیزیکەی سی لاوی لەخۆبووردوو و هەڵکەوتوو ئەو ئەرکەیان وەستۆی خۆیان گرت. دەگەڵ گزینگی هەتاو ئەو لاوە ئازایانە لە زارکی سەنگەرەوە بەبەر قەڵادا بەغار ڕۆیشتن و خۆیان دەئەشکەوت هاویشت. لە قەڵاوە زۆریان تفەنگ پێوەنان؛ بەڵام لە یەک کەس زیاتریان لێ نەکوژرا.

کە شەو بەرگی عەبباسیانی دەبەر کرد، ئەمیرە گەورەکان تا نیوەشەو لەسەر سەنگەرەکانی خۆیان ڕاوەستان و پاسەوانییان کرد. پاش نیوەشەو دوو دەستە لە کوردەکان هاتنە دەرێ. قۆڵێک ڕوویان دەسەنگەرەکان کرد و شەڕیان هەڵایساند و خەڵکیان بەخۆیانەوە خەریک کرد و قۆڵێکیش لەبن ئەشکەوتەکەوە سەریان دەرێنا و دەگەڵ ئەوانەی لە ئەشکەوتدا بوون، شەڕیان دەست پێ کرد. ئەو لاوە ئازایانە چاک وەدەست هاتن و تا گوللەیەکیان پێ ما و تیرێکیان لە تیرداندا بوو، شەڕیان کرد و ئەشکەوتیان بەدەستەوە نەدا. پاش ئەوەی چییان پێ نەما و دە کەسیشیان لێ کوژرا

و چی وای نەمابوو کوردەکان خۆیان دەباڵ باوێن و ئاسەواریان لێ ببڕن، ئەو بیست کەسەی مابوون دەستیان دا شیران و لە ئەشکەوت دەرپەڕین و بەنێو کوردەکان وەربوون، تا بەقوونەشەڕ بڕۆن و ئەوی ئەجەلی وەدەرنگی کەوتبێ بەزیندوویی بگاتەوە سەنگەر. هەشتی بریندارییان هەرچۆنێک بوو گەیشتنەوە و ئەوانی دیکە ڕێگای نەمانیان گرتە پێش. کوردەکان دوو بریندارییان کە یەکیان تفەنگچێکی ئیسفەهانی و ئەوی دیکەیان پازووکی بوو بەزیندوویی گرت و بردیاننە قەڵایە. ئەمیرخان لە ئازایەتیی ئەوان سەری سووڕمابوو و نەیهێشتبوو بیانکوژن و دەرمانی کردبوون و پاش ئەوەی برینەکانیان سارێژ ببۆوە ئیزنی دابوون بێنەوە دەرێ.

بەکورتی، لە بەرەبەری بەیاندا ئەو شەڕە دوایی هات و کەلاکی کوژراوەکان- کە لەبەر زارک ئەشکەوت کەوتبوون دیاربوو. غازییەکان کەمێکیان سام ڕێ نیشت. جەنابی (اعتماد الدوله) دڵتەنگ بوو و هەڕەشەی لە ئەمیرەکانی موقەددەم و سۆفی و پازووکی فەرموو.

بەڵام لە شەڕێدا ئەوانە هەر دەبن و ئەویش بۆ ئەوەی دژمن دڵخۆش نەبن، زیاتر لە ڕۆژان خەریکی کاروباری شەڕێ بوو. هەر ئەوێ ڕۆژێ چل غازی (ئیستاجلوو) کە لەگەڵ حەسەن خان بوون- ڕقیان هەستا و غیرەتیان بزووت و خۆیان بۆ گرتنەوەی ئەشکەوت ئامادە کرد. (اعتماد الدوله) لە ئیزندانیان دوودڵ و لە ڕووداوی دوێشەو نیگەران بوو. حەسەن خان زۆری هەوڵدا و گوتی: ئەمشەو بۆخۆم ئاگام لەوانە دەبێ و بە سێ سەد کەسەوە بەرگریی لە هێرشی کوردەکان دەکەم. جەنابی وەزیر لایەک خۆش و لایەک ناخۆش ڕەزای دا و بە قبان سوڵتانی بیگدلی و ئیمام قولی سوڵتانی ئاجرلووی ئەسپارد کە پشتی حەسەن خانی لەو شەوەدا بەهەموو هێزی خۆیانەوە بگرن. لەسەر داوای ئەمیرەکان، دە کەسی دیکەیان ڕەگەڵ خستن و بەتێکڕایی بوونە پەنجا کەس. بەتەیاری و چەکداری، تێشوو و پێویستی چەند ڕۆژەیان هەڵگرت و لینگیان دا بەرەو ئەشکەوت. کوردەکان لە ئازایی و خۆبەختکردنی ئەوان سەریان سووڕما. کە شەو داهات زووتر لە شەوێ دی هاتنەدەرێ و شەڕ قەوما و شەڕێکی یەکجار توند و گەورە. حەسەن خان و ئەمیران لە دەرەوە و کوڕە کوڕەی نێو ئەشکەوت لە ژوورەوە بەگژ کوردەکاندا هاتنەوە و تا بەرەبەری بەیان شەڕ بوو و

کوردەکان هەرچەندی تێ کۆشان چیان بۆ بەچی نەکرا و بەشڵەژاوی گەڕانەوە و غازییەکان پیاوانە ئەشکەوتیان داگیرکرد. هەموو شەوێ چەند کوردیان- کە تا بەیانی ئاویان دەکێشاوە- بەتۆپ و تفەنگ دەکوشت و بریندار دەکرد. تا وردە وردە سەنگەر هەڵکشان و گەینە سەر بانی حەوزی سولْق. گومبەزی حەوزخانەیان کون کرد و لەوێرا ڕێگای ئاویان دیتەوە و زانیان سەرچاوەکەی لە کوێیە. کوردەکان خەریکی دۆزینەوەی چارەبوون. هەموو ڕۆژێ لەنێو بودڕەکەوە شەڕیان دەکرد و بەرگرییان لە کاری ئەو کەسانە دەکرد کە بودڕیان لێ دەدا. ئەمیرە گەورەکان ڕۆژی هەژدەی مانگی قوربان جەنگەی نیوەڕۆیە، کایەکی زۆریان دەکونی سولق کرد و ئاگریان تێ بەردا. پاسەوانی حەوزخانە خۆیان لەبەر ئەو قانگدانە ڕانەگرت و هەڵاتنەوە بۆ قەڵا. غازییەکان خۆیان فڕێدا خوارێ و سوڵقیان داگیرکرد و ڕێگای ئاویان باش بەخشت و قوڕ گرت، ئەوێ ڕۆژێ هەرایەکی گەورە لەبن قەڵا دەست پێ کرا؛ کوردەکان زۆر تێ کۆشان بەرگری لەو کارە بکەن. بەڵام دەرۆست نەهاتن و هیچیان بۆ نەکرا. پاسەوانی سولق بەتفەنگچییەکانی مازندەرانی ئەسپێردرا و ئەمیرە گەورەکان هەریەکە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشووی خۆیان. جەنابی (اعتماد الدوله)ش لە تۆپخانەڕا گەڕاوە بۆ مەزڵی خۆی.

ئەمیرخان و گەورە گەورەکان تا دە پازدە ڕۆژ بەئاوی کەمی بوزلق و خەڵکەکەش بەئاوی بۆگەنی حەوزی گەورە قەناعەتیان کرد و خەریکی قەڵاداری خۆیان بوون چونکە داگیرکردنی سولق لە زستانەوە تا بەهاری کێشا. وەختی بارانێ هات و هەورەکان ئەمساڵ بەپێچەوانەی ساڵی ڕابردوو وەک فیلانی مەست کەوتنە شریخ و هۆڕ و بەڕوحمی خوڵای کە کەس نازانێ چەند زۆرە، نیزیکەی مانگێکی بێ نێوبڕ باران باری و لێی نەکردەوە و قەڵانشینەکانی لە ئاو بێ نیاز کرد. چونکە تەگبیر تەقدیری پێ هەڵناوەشێتەوە، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی لەو سێ مانگەدا بۆ داگیرکردنی سولق ئەنجامدرا بەفیرۆچوو قەڵانشینەکان پتر لە جاران خەریکی قەڵاداری بوون.

[ئەم کارەساتە تا ئێرە لە ساڵی بیست و سێیەمی پادشایەتیی شا عەبباسی سەفەویدا کە ڕێککەوتی ساڵی ١٧-١٠١٨ کۆچییە ڕووی داوە و لەلاپەڕەی ٧١٩ تا

٨٠١ کتێبی عالم ئارای عەبباسی نووسینی ئەسکەندەربەگی تورکمان، چاپی گوڵشەن، تاران، ١٣٥٠دا نووسراوە. دوایەکەی دەکەوێتە ساڵی بیست و چوارەمی پادشایەتیی شا عەبباس. -هێمن-]

***

باسی داگیرکردنی قەڵای دمدم و کوژرانی ئەمیرخان و دەست و پێوەندەکانی

هەروەها کارەساتەکانی دیکە، کە هێندێکیان لە سەردەمی ژیانی (اعتماد الدوله)دا و هێندێک پاش ئەو ڕوویانداوە.

چونکە لەبەر بارانی زۆر وەکوو گوتمان سوڵق سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، بڕیاردرا کە هەموو ئەمیرەکان سەنگەری خۆیان بەڕێگای کووچەی بەسەوەتاندا بەرنە پێش و قەڵاکەی بەیارمەتی خودا و هێزی باسک بگرن. جەنابی وەزیر لە مەزڵی خۆی باری کرد و بۆ لای سەنگەری حەسەن خان هات. سەنگەرێکی بەسەرکردەیی (سەفەرقولی) بەگ و پیاوەکانی تایبەتی شا کردە سەنگەری خۆی و لەوێدا دامەزرا. لە هەموو لاوە شەو و ڕۆژ تێ دەکۆشان و شتوومەک و کەرەستەیان دەکێشاوە. سەوە چنەکان، سەوەیان دەچنین و هێندێک گڵ و قوڕیان لە ڕێگای دوورەوە دێنا تا سەوەکانی پڕ بکەن. ئاسنیان بەسەر تەختەیەکی ئەستووردا کێشابوو و گەردوونەیەکیان سازکردبوو کە کارگەرەکان لە پشت ئەوی کار بکەن و لە گوللەی زەبرزەن و تفەنگ بپارێزرێن. بەو جۆرە شەوانە کاریان دەکرد و گەزبەگەز دەچوونە پێش؛ دەگەڵ ئەوەشدا هیچ شەوێک نەبوو کە دوو سێ کەس نەنگێودرێن و لەنێو نەچن. دەپێشدا حەسەن خان و ئەلیاس خەلیفەی قەراداغلوو و میر فەتتاحی مین باشی، تفەنگچییەکانی ئیسفەهانیان بەو جۆرەی گوتمان بردنە پێش و سەنگەریان گەیاندە بن بورجی گەورەی دەرەوەی قەڵا و تەنیشت دیواری. قەرابەگ ناوێک کە وەکیلی ئەمیرخانی بوو، پاسەوانی لەو بورجەی دەکرد. کەرێزکەنەکان چەند ڕۆژ کاریان کرد و ئەو دارانەیان ئاگر تێ بەردا کە بۆ قایمی دەنێو چینەی دیواریان کێشابوون. ئەو دارانە سووتان، دیوارەکە هەرەسی هێنا و زگی دا و نیوەڕۆیەک- کە کارگەرەکان خەریکی نانخواردن بوون- لایەکی بورجەکە بزووت و تێک ڕووخا و

دەستەیەک لە پاسەوانەکان دەگەڵ خاک و خۆڵ بۆ نێو دۆڵەکە چاڵەبوونەوە.

کە ئەوە ڕوویدا، جەنابی وەزیر بەحەسەن خانی دەستوور فەرموو کە ئیتر چ وەختی ڕاوەستانە؛ هێرش بۆ بورجەکە بەرن. حەسەن خان فەرمانی هێرشی دا. هەوەڵ کەسێکی پێی لەسەر بورجەکە دانا و تفەنگی لە قەرابەگدا و سەری بڕی و هێنایەوە، پاڵەوان محەمەد ناوێک بوو لە تفەنگچییەکانی خۆزانی ئیسفەهانی. لەپاش ئەو دوازدە کەسی دیکە وەسەر بورجەکە کەوتن و حەوت هەشت پاسەوانیان لە سەرێ سەر بڕی. خوشکەزای ئەمیرخان- کە لاوێکی زۆر جوان چاک و شەنگ و شۆخ بوو- هەڵدێرا و لە خوارێ دەگەڵ گێلەپیاوێکی تیرەی چینی- کە لە پاسەوانان بوو- تێک ئاڵقان و دەست بەیەخەبوون. هەر دەس بەجێ کوشتی و سەری بڕی و هێنایەوە جەنابی (اعتمادالدوله) زۆری پێ ناخۆش بوو و گەلێک بەسەر کابرایدا هات و ئەو خەڵاتەی بەهیوای بوو نەیدرایە.

بیبڕینەوە، بودجەکە داگیرکرا و پاسەوانەکانی زیاتریان کوژران و چەند کەسیشیان لەبن دار و بەرد و گڵدا خنکان. نووسەری ئەم پیتانە- کە لەو هاتوچۆیەدا ڕەفیقی جەنابی وەزیر بوو-، ئەم چوار نیوە شیعرەی بەدڵدا هات و نووسی:

این برج که یافتی بفتحش تأیید
از مطلع آن برآمدی چون خورشید
کوتاه بُدی ز رفعتش کیوان را
از دامن خاکریز او دست امید

یانی:

ئەو بورجە کە بۆ گرتنی دەستت گیرا
لە ئاسۆی ئەوی وەک هەتاو هاتیەدەر
ئەوندە بەرز بوو کە دەستی هیوای کەیوان
کورت بوو بۆ ئەوەی بگاتە توربەڕیژی.

کاتێک بورجی گۆرین- کە وەک بەردی سەر ڕێگای غازیان بوو- گیرا، کار هاسان بوو. لە ماوەی دە ڕۆژدا سەنگەرەکانیان گەیاندە دەوروبەری قەڵا و تۆپچییەکانیان

دامـەزراند. تۆپێکی گـەورەی بالیـمزیان بەرامـبـەر بەقـەڵای سـەرێ و تۆپێکی دیکەیان بەرامـبـەر بەقـەڵای خـوارێ لە سـەنگەری پیـربوداقـخـاندا دامـەزراند و دەسـتـیـان بەگوللەباران کرد و تەنگیان بەقەڵانشینەکـان هەڵچنی. ئەمیرخان سـەری لێ شێوا و کوردەکان هیـوابڕاو بوون؛ چونکە گەلێک لە خـزم و کەسوکارەکانیان لەو شـەڕانەدا کوژران. قـەڵانشـینەکـان دەسـتیـان بەهاتنەدەر کرد. هـەمـوو ڕۆژێ دە کـەس و بیـست کەس لە کوردەکـان و لە جەلالییەکان خۆیان دەرباز دەکرد و پەنایان بۆ سەنگەرەکان دەهێنا. لەسـەر فەرمانی پیرۆز پەنا دەدران و خەڵات دەکران و دڵخۆشـی دەدرانەوە.

بەکورتی کاری قـەڵا گـەیشـتـە جێگایەک کە ئەوڕۆ و سـبـەی بگیـرێ. کە ڕووداوی مەرگی (اعتماد الدولە) ڕووی دا[١]. ئەو ڕووداوە هـەموو کەسی پەرێشان کرد و کاری قـەڵای- کە نیـزیک بەتەواوبوون بوو- کـەمێک وەدواخـست. قەڵانشینەکـان خۆڕاگرتر بوون. تا مـحـەمـەد بەگی شـاملوو- کە کرابووە سـەردار- گەیشـتـەجێ. ئەمیـرەکـانی پێشوو و تازە هـاتوو بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە خـەریکی گرتنی قەڵا بوون. بەماوەیەکی کـورت سـەنگەرەکـان لە خـوارەوە گـەیشـتـنە بن دیوار و بـورجـەکـان بەزەبـری تۆپە بەردوەشـێـنەکـان وەلەرزین کـەوتن و درز و کـەلێنیـان لێ پەیدابـوو. لەلای سـەرەوە، ئازایانی قەڵاشکێن هێرشیـان هێنا و دوو سێ بورجیـان داگیرکرد. لەلای سەنگەری پیـربوداقـخانیشـەوە غازییەکانی تورکمـان پەلامـاریان بۆ بورجـەکانـی خوارەوە- کە کـوڕە گـەورەی ئـەمیـرخـان فـەرمـاندەی بوو، برد و پێی هـەڵچـوون و وەسـەرکـەوتن.

---

(١) چلۆنایەتیی ڕووداوەکە ئەوەیە: ڕۆژێکی دەگەڵ ئەمیرەکان لە مەزڵی (گەنج عەلی خـان) بوون. ئێـوارێ کـە هـاتنـەوە سـەرێکی تۆپخـانـەیان دا، سـەری شـەوێ هـاتنە دیوەخـان. پاش بەجێ گەیاندنی نوێژان، تا دوو بەتڵ شـەو ڕابرد وەک جاری جـاران زۆر بە ڕووگەشی و ڕووخـۆشـی دەگەڵ خـەڵکی مـەجلیس قسـەی کرد. کـاتـی خـەو چووە جێی نوستن. نووسـەری ئـەم پیـتـانە هێشتـا نەگەیبـوومەوە مـەزڵی خۆم کە بەدووامـدا هـاتن؛ منی هـەژار سـەرم سـووڕما کە دەبێ هۆی بانگکردنم چبێ؟ یەکی دیکە گـەیشـتێ و گوتـی: جـەنابی میـرزای بەمـەرگی موفـاجات تەواوبوو. هـەمـوو تووشـی سەرسـووڕمان و خـەم و پەژارە بوون. خەبەرەکـەمان بەخـاوەن شکۆ ڕاگەیاند. هـەر ئەو شـەوی تەرمەکەمان لەبن قـەڵا هێنا خوارێ و شـووشتـمان و کفنمـان کرد. ئێوارەی ئەوێ ڕۆژێ ناردمـانەوە تەورێز. ئەمـیرەکان ناردیان لەدووی ئیـمـام قوڵی خـان کە بەلەشکرێکی تەیارەوە لە سەڵماس بوو.

پاسەوانەکان خۆیان بۆ ڕانەگیرا؛ دەستیان لێ هەڵگرت و ڕایان کرد بۆ قەڵای سەرەوە. حەوشەکە کراوە و لەوێڕا خەریکی هەڵکەندنی دیواری نێوان دوو قەڵاکان بوون. پاسەوانەکانی بوزڵق پیاویان ناردە خزمەت ئەمیرەکان و ئامانیان خواست و تەسلیم بوون و بوزڵقیان بەدەستەوەدا. سێ قەڵای قایم گیران؛ کوردەکان لە فرە کەوتن، هەموو ڕوویان لە ماڵی ئەمیرخان کرد کە ئەویشیان کردبووە نارین قەڵا. غازیەکان بێ ترس خۆیان دەقەڵا هاویشت. جگە لە ماڵە ئەمیرخان، هەموو کەلێن و قوژبنی قەڵاکەیان داگیرکرد ئەمیرخان کە تەماشای کرد لە هەموولاوە بەڵا دەورەی گرتووە، کوردەکانی لە شەڕکردن مەنع کرد و ناردیە کن محەمەدخان و تکای کرد کە بۆخۆی دەگەڵ غازیەکانی شاملوو بێتە نێو قەڵا؛ چونکە لە حەسەن خان دەترسم و زۆرمان خوێن لە یەکتر ڕشتووە ئەو ئاگاداریمان لێ بکا خۆم و کوڕەکانم و خێزان و دەست و پێوەندەکانم بەسەلامەتی بنێرێتە بەر بارەگای بەرزی شا.

لەو کاتەدا خان ئەبداڵی موکری بەچەند کەس لە نیزیکانی خۆیەوە هاتەدەر. ئەویان ناردە قۆناغی ئەلیاس خەڵیفەی قەراداغلوو، کە میوانی ئەو بێ. لەپاش ئەو محەمەد بەگی برای (تەویل) بەو جەلالیانەوە کە لە قەڵادا بوون دەرکەوت. پاشان محەمەد بەگ لەسەر ویستی ئەمیرخان چووە نێو قەڵا. ئەمیرخان و کوڕە گەورەکەی و نیزیکەی سەد کەس لە عەشیرەتی برادۆست، هەموو زرێپۆش و تفەنگ بەدەست و چەکدار، بەهەموو ئەسپابی شەڕەوە لە ماڵێ هاتنەدەر؛ دەگەڵ محەمەد بەگ یەکتریان دی و دووسەد کەسێکیش لە قەڵادا مانەوە.

محەمەد بەگ پاسەوانی بەدیاریەوە دانان کە کەس وێیان نەڕژێ و ڕوو لە ماڵیان نەکا. ئەمیرخان و دەست و پێوەندەکانی هێنا ماڵی خۆی خێوەت و بارەگایەکی گەورەی تایبەتی بۆ هەڵدان. ناردی لە دووی حەسەن خان و ئەمیرەکانی تر کە بێن ئەمیرخان ببینن. جا ئەودەمی هەرچی قازانجی دەوڵەتی تێدابوو ئەوەی بکەن. بۆخۆشی وێڕای براکانی دانیشت و بەگەرمی میوانداریی لێ کردن. کە حەسەن لە خێوەتەکە نیزیک بۆوە ناردی بەدوای محەمەد بەگی دا و بانگی کردە دەرێ. نەهاتنی حەسەن خان بۆ خێوەت و چوونەدەری محەمەد بەگ ئەوانی نیگەران و دڕدۆنگ کرد. حەسەن خان بەمحەمەد بەگی گوت: «سەرم لە کاری تۆ سوڕماوە و قەت وام لە

تێگەیشتن و لێزانیی تۆ ڕانەدەدی کە بەخۆت و برایانەوە لەنێو ئەو یاغی و سەرکێش و لاسارانەدا دابنیشی کە دەستیان لە خوێنی خۆیان شوشتووە و جێ متمانە نین و نابێ بەهیچ بارێک بڕوایان پێ بکرێ. تەگبیر ئەوەیە کە ئەوان لەبەر یەک بڵاو بکەی ئەمیرخان و کوڕەکەی و چەند کەسان لەکن خۆت گل بدەوە و ئەوانی دیکە، هەرچەند کەسان بەئەمیرێکی بسپێرە کە پاش ئەوەی فەرمانمان بۆ هات جێبەجێ دەکەین.»

محەمەد بەگ ئەو قسەی پێ بەجێ بوو. پیاوی نارده کن ئەمیرخانی: «مانەوەی ئەو هەموو کەسە پێکەوە لە جێگایەک ئیمکانی نییە، بۆ خۆت و کوڕ و خزمەکانت لێرە بحەسێنەوە و ئەوانی دیکە دادەبەشین.» ئەمیرخان ملی ڕاکێشا؛ بەڵام ئاواڵەکانی ملیان نەدا و گوتیان: «بۆ خۆت دڵنیای کە ئەمیرەکان سەربەخۆ ناوێرن ئەتۆ بکوژن، بەڵام یەکی لە ئێمە ناهێڵن. بڕیارمان وابوو کە لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بژین، ئێستا وا دیارە تۆ ژیانی دوو ڕۆژت پێ باشترە. ئێمە لێک هەڵنابڕێین و ئەگەر بکوژرێین باپێکەوە بمرین.» جوابیان ناردەوە دەرێ.

لە کاتی ئەو هاتوچۆیەدا لە ماڵە ئەلیاس خەلیفە هەرا پەیدابوو، کاتێک خان ئەبداڵی موکریانی نارده قۆناغی ئەلیاس خەلیفە، بۆ خۆی لە سەنگەر بوو. پیاوەکانی خەریکی میوانداری و بەجێ گەیاندنی ئەرکی پێویست بوون و شەربەتیان بۆ هێنان. لەو حاڵەدا خەلیفە- کە پیاوێکی سۆفی و خاوەن ئاکارێکی ساکار- بوو بەسەردا هاتەوە و میوانەکانی زۆر بەخێرهاتن کرد و لە پیاوەکانی تووڕە بوو کە بەو گەرمایە بۆ چەک و بەرگی شەڕتان لە برادەران نەکردۆتەوە. خزمەتکارێک هات کە بەرگی شەڕیان لێ وەرگرێ و سووکیان بکا. خان ئەبداڵ و ئاواڵەکانی خەیاڵێکی دیکەیان بەدڵدا هات. دەسبەجێ لە جێی خۆیان ڕاپەڕین و شیریان هەڵکێشا و چەند شیریان لە ئەلیاس خەلیفە دا و چەند کەسیان لە خزم و پیاوەکانی- کە بێ چەک بوون- لەنێو خێوەت بریندار کرد. غازیەکانی قەراداغلوو پێیان زانی و بەشیری ڕووتەوە لە خێوەتێ وەژوورکەوتن. ئەلیاس خەلیفە و دوو کەس لە خزمانی کوژرابوون و چەند کەسیش برینداربوون. ڕوویان لە خان ئەبداڵ کرد و ئەویان بە ئاواڵانەوە لەتوپەت کرد. ئەو ڕووداوە قسەی حەسەن خانی وەڕاست گێڕا و کەس متمانەی بەوان نەما. قزڵباشی غەزاکەر، ڕۆبوونە شیران و دەسەر کەسەوە نەچوون و شیریان تێنان. هەر

کــەس لەو ڕۆش پێــشــتــر هــاتبــووە دەر- چ کــورد چ جــەلالی- کــوژرا. چونکە بەردەستبوونی ئەو چینە غەدارە وەک ئیمانی ناهومێدی بوو. ئەمیرخان و ئاواڵەکانی هێرشی قزڵباشیان بۆ دەورەی خێوەتەکەیان دی و ڕاپەڕین و لبادیان کونکرد و غازیەکانیان وەبەر تفەنگان دا. لەولاشەوە خێوەت گوللەباران کرا. بیست سی کــەســیــان وەبەرهاتن و کــوژران؛ ئەوانی دیکە بەشــیــری ڕووتەوە دەرپەڕین و بەشەڕکردن بەڕێگای نەماندا ڕابردن. لەشکری ڕق هەستا و وای دەست بەکوشتار کرد کە ئەو کەسانەی شەش مانگ لەوەی پێش هاتبوونە دەریش دەرباز نەبوون؛ تەڕ و وشک پێکەوە سووتا. ئەوانی لە قەلاش مابوونەوە ئاسەواریان لێ بڕا. بەکورتی قەزاوقەدەر وای هێنابوو و ئەو ڕووداوە لەخۆیەوە قەوما. پاداشی نمەک بەحەرامی خۆیان وەرگرت. پاش لێکۆڵینەوە زاندرا کە ئەمیرخان و ئاواڵەکانی تەگبیریان کردبوو و هاتبوونە سەر ئەوە کە ڕزگاریان لە دەست قزڵباش ئیمکانی نییە؛ گوتبوویان: «بەرگی شەڕێ لەبەر دەکەین و چەک هەڵدەگرین و دەچینە دەرێ. هەموو ئەمیرەکان لەو کۆڕەدا کۆدەبنەوە؛ دەستیان لێ دەدەینە شیران، تا لە دەرەوە ئاگادار دەبن جووقەواریان لێ دەبڕین. ئەگەر توانیمان وەدەرکەوین و خۆ ڕزگار بکەین، ئەوە باشە؛ ئەگەر نەمانتوانی، بەس نییە تۆڵەی خۆمان لەپێشدا کردۆتەوە و خوێنی خۆمان ئەستاندووە و پیاوانە کوژراوین.» بۆیە ئەم ئازایەتییە لە خان ئەبداڵ ڕوویدا و لەپێشدا ئەلیاس خەلیفەی کوشت. خودا بۆخۆی دەزانێ.

پاش ئەم ڕووداوە کوڕە بچووکەکانی و خاو و خێزانی ئەمیرخان ئەوی مابوون، هێنایانن بۆ هۆردووگا و ماڵ و سامانی قەلانشینەکان بەسەر غازیەکاندا دابەش کرا. لە حاڵێکدا کە هۆردووی خاوەن شکۆ لە (گاودۆڵ)ی مەراغە بوو، ئەوەی قەومابوو بەعەرزی پیرۆزی گەیشت. لەسەر فەرمووده، چەند ڕۆژێک گەنج عەلی خان بەخۆی و تفەنگچییەکانێوە لەبن قەلا مانەوە و ئەمیرەکانی دیکە بەلەشکرەوە ڕوویان لە دەرگای خاوەن شکۆی عالەم پەنا کرد. لە چیمەنی قەراچووق گەینە بارەگای پیرۆز. ولات و سامان و دەستەلاتداری ورمێ، بە قەبان خانی برای مەحەمەد بەگی بێگدلی ئەسپێردرا. سێ هەزار تومەن زێڕی نەغدیش بۆ پێداویستەکانی قەلای دمدم و یارمەتی غازییەکان و پیاوەکانی ئەو دیاریکرا. فەرمان درا لە سنووری

ساروقورغان و گاورووود تا سەڵماس، هەموو ئەمیر و حاکمەکان لەبەر حوکمی ئەودابن و لە قسەی دەرنەچن. ئەویش بە لەشکرێکی تەیارەوە چوو بۆ وێندەرێ و خەریکی ئاوەدانکردنەوەی قەڵا بوو. گەنج عەلی خانیش بەخۆی و تفەنگچییەکانیەوە تێکەڵی هۆردووی گەورە بۆوە[1].

باسی بەرەو مەراغە چوونی شا و
ڕق هەستانی لە تیرەی موکری و قەتڵوعامی ئەو تیرە

عەشیرەتی موکری لە پێڕەوانی ئەم دەوڵەتە و لە سنووری گاودۆڵی مەراغە و سندووس و میاندواودا نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی شای بەهەشتیدا سەرکردەی ئەو تیرە بەدەست ئەمیرە ناوێکەوە بوو. پاش مردنی شا و لەسەر تەخت دانیشتنی سوڵتان محەمەد پادشا- کە سوڵتانی ڕۆم بوو- پەیمانی باوک و باپیرانی خۆی هەڵوەشاندەوە و دنیای هێدی و هێمنی ئاڵۆز و پەریشان کرد. شەڕ هەڵایسێنە بەدفەڕەکانی سنوور، بازاڕیان گەرم بوو. ئەمیرەی ناوبراو- کە زۆر ساڵان نمەک پەروەردەی ئەم دەوڵەتە بوو- ڕێگای نمەک بەحەرامی و یاغیبوون و هەڵگەڕانەوەی گرتە پێش، دەگەڵ ڕۆمیان ڕێکەوت و دەستی کرد بەتاڵان و کوشتار. لە سندوس و میاندواو و مەراغەدا هاتە سەر ڕەوەی (قەراچیوق) کە ڕەوەی تایبەتی حەزرەتی شای بەهەشتی بوو و بەباشی ناوبانگی بەدنیادا ڕۆی بوو. ژمارەیەکی زۆری لە ڕەوەدان و پاسەوانی ڕەوە کوشتبوون و ڕەوەکەی داگیرکردبوو. هەمیشە دەگەڵ ئەو ئەمیر و قزڵباشانەی دەبوونە حاکمی مەراغە شەڕ و کێشە هەبوو. دەمێکیش لە خراپە و کوشتار و بەدیل گرتنی ژن و منداڵ ڕانەدەوەستا. پاش مردنی ئەمیرەبەگ، شێخ حەیدەر بەدەستووری بێگلەربەگی ڕۆمیان بوو بە ئەمیر و لە باوکی زیاتر سەربەخۆیی پەیداکرد.

---

(١) ئەم کارەساتە لە ساڵی بیست و چوارەمی پادشایەتی شا عەبباسی سەفەوییدا ڕوویداوە کە ڕێککەوتی ١٠١٨ی کۆچییە. ئەسکەندەر بەیگی تورکمان لە لاپەڕەکانی ٨٠٧-٨١١ی کتێبی عالەم ئارای عەبباسیدا باسی کردووە. حەیف ڕۆژ و مانگی گیرانی دمدم و گوژرانی ئەمیرخانی نەنووسیوە. هێمن.

بەڵام لە زەمانی فەرمانڕەواییی سوڵتان محەمەدخاندا لە ڕاس جەعفەر پاشای بێگلەربەگی تەورێز سەرکێشی دەکرد. چەند جار نیزیکانی خۆی ناردە بارەگای عالەم پەنای پادشای مەزن و بچووکی خۆی نیشان دەدا؛ تا شاهەنشا بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان چوو. شێخ حەیدەر هات بۆ ڕێسمە ماچکردن و لاواندراوە؛ حەزرەتی شای پایەبەرز و سێبەری خودا، هەڵەکانی پێشووی تیرەی موکری بەخشی. دەستەڵاتی مەراغە و دەوروپشتی– کە هەمیشە بەدەست یەکێک لە ئەمیرە مەزنەکانی قزڵباشەوە بوو– دا بە شێخ حەیدەر. ئەو لەبن قەڵای ئێرەوان وەک لەجێی خۆی باسکراوە– کوژرا. خاوەن شکۆ لەبەر هەقناسی جێی باوکی دا بەقوبادخانی کوڕی کە هێشتا منداڵ بوو. بەکەیخودا و ڕدێن سپییەکانی عێلی فەرموو تا کوڕ گەورە دەبێ لە قسەی دایکی– کە کچی پیاوماقووڵێکی قزڵباش و ژنێکی وشیار و ئاقڵ بوو دەرنەچن. بۆ ئەوەی قوبادخان خۆ بگرێ برایەکی شێخ حەیدەر کە ناوی ئەمیرخان بەگ بوو لەنێو عێل هێنادەر و جێ و پایەی دایە و کردی بەحاکمی گەرمڕوود. براکەی تری خان ئەبداڵ داوای مەزنایەتی دەکرد و سەری بۆ برازاکەی دانەدەنواند و هێندێک پیاوخراپ و بەدفەڕی موکری لەخۆ هاڵاندبوو. چەند جار لەشکری ناردرا سەر و دەریان پەڕاند؛ تا ئاخری وەک باسکرا پەنای بۆ ئەمیرخانی برادۆست برد و لەکن ئەو مایەوە. لوتف و دڵسۆزی شاهانە قوبادخانی گرتەوە و سەربەخۆییی تەواوی پەیدا کرد و هەموو هۆزەکانی موکری بەردەست بوو. لەنێو سەرهۆزانی ئەم تیرەدا پیاوی بەرازسروشت و ڕێوی سیفەت هەبوون کە لە ڕێگای ڕاست دوورکەوتبوونەوە و لە چۆڵی سەرەڕۆییدا گەورەببوون؛ دەگەڵ قزڵباشان– کە لە مەراغە خاوەن ملک بوون– خراپ دەجووڵانەوە و بەزۆر زەوییەکانیان داگیر دەکردن. قوبادخانیش کە گەیشتێ، لەبەر نەزانی و پیسی دەروونی دەگەڵ قزڵباشان ڕەفتارێکی نالەباری گرتەپێش. هەرچەند لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆر نافەرمانی و ئاکاری دزێو لە خۆی و لەژێر دەستەکانی دەبیندرا و گەرد لەسەر دڵی ممبارەکی شاهانە دەنیشت، بەڵام لەبەر بەزەیی و دڵسۆزی تایبەتی خۆی و لە پێش چاوگرتنی خزمەتی شێخ حەیدەر، چاوپۆشیی لێ دەکرا. تا وای لێ هات ئاوی لە ئاوەڕۆیان دەرکرد و سەرەڕۆیی و لاساریی لە ڕادە بردە دەر. هەروەکوو ساڵی ڕابردوو حوکم

کرابوو کە قوبادخان بچێتە کن (اعتمادالدوله) و لە داگیرکردنی قەڵای دمدمدا دەگەڵ لەشکر بەشداری بکا، خۆی لەو خزمەتەش بوارد و نەچوو.

لە بەهارێدا کە خاوەن شکۆ خەریک بوو بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەو ناوچەیە بەرەو سنوور بچێ، قوبادخانیش ناچار بەخۆی و چەند کەس لە دەوروپشتەکانیەوە لە (یورت قشلاق) بەخزمەت گەیشت؛ چونکە دڵی پاک و ڕووناکی شاهانە لە سەرەڕۆیی و لاساریی ئەوان گەردی لێ نیشتبوو، هاتە سەر ئەوە کە ئەوانە شیاوی لوتف و دڵسۆزی نین و ڕاوەستان لە تەمێکردنی توندی ئەوان بەقازانجی دەوڵەت نییە و خراپە و کێشەی پتری لێ پەیدا دەبێ. خۆی لە تەمێکردنیان خۆشکرد. بەڵام بەلێزانی و وشیاری خۆیەوە، جاڕێ خۆی ڕاگرت و لوتفی دەگەڵ کردن تا گەیشتە مەراغە. قوبادخان و ڕدێن سپییەکانی موکری لەوە دەترسان شا داوای ڕەوەی قەراچیوق بکاتەوە؛ بۆیە بەفێڵ، ئەسپە باش و هەڵبژاردەکانیان ناردە جێگایەکی دووردەست و چەند بارگینی نارەسەنی کوردییان لەوێ هێشتەوە، تا ئەگەر باسی ڕەوە هاتە گۆڕێ ئەوان نیشان بدەن. هەروەها ئاشکرا بوو کە هەمیشە دەگەڵ سەردارانی ڕۆمی کەینوبەینیان بووە و خراپەیان دەگەڵ لێقەوماو و هەژاران کردووە و لەبەر تەعەسسوبی مەزهەبی زۆریان شیعەکانی مەراغە ئازار داوە. کە وابوو دەستی زۆرداران دەبوو لە یەخەی هەژاران بکرێتەوە.

بەکورتی لەنێوبردنی ئەو تیرە بەدفەڕ و سەرەڕۆیە- کە لە موسڵمانی هەر ناوێکیان هەبوو- ئەرکی سەر ئەستۆی شای دادپەروەر بوو. ئاگری ڕق و تووڕەیی وا لە دڵی خاوێنی شاهانەدا بڵێسەی گرتبوو کە تەنیا بەخوێنی ئەو بێ فەڕانە و وەکارکەوتنی شیری ئاگربار نەبایە نەدەکووژاوە و دانەدەمرکاوە. لەکاتێکدا کە بارەگای بەرز لە گاودۆڵ هەڵی دابوو، ڕۆژێک قوبادخان بەخۆی و سەد و پەنجا کەسەوە ڕوویان لە بارەگای بەرز کرد. ئێوارە وەخت بوو گەیشتێ؛ دەگەڵ چوار کەس لە خزمەکانی بۆ حوزوور بانگ کران. کە وەژوور سەراپەردە کەوت، لەسەر فەرمانی شا لە وەختی چەکمە داکەندندا غولامان بێ ئەوەی بێڵن ببزوون- کوت کوتیان کردن. کەلاکی پیسی ئەوانیان بۆ کووچەی پشت سەراپەردە ڕاکێشا. بۆ ئەوەی زیانێک لەلایەن ئەو پیاوخراپانەوە بەغولامان نەگا. فەرمان بەعەلی قوڵی خانی

ئێـشـک ئـاغـاسـی باشـی شـاملـوو درا لەبەر دەرکی سـەراپەردە ڕاوەسـتـێ؛ یەک یەک بانگیـان بکا بۆ مەجلیس. کە وەژوور سـەراپەردەی پیرۆز کـەوتن دەسبـەجێ غولامـان بیانکوژن و کەلاکیان باوێژنە کووچەی پشت سەراپەردە؛ تا لە پێش چاوان ون بن. تا بیـست سـی کـەس بەوجـۆرە کـوژران و یەک بەدوای یەکـدا فـرێدران. ئەوانی دەرێ کەمـێک دڕدۆنگ بوون. یەکیـان کـە هـاتە ژوورێ تەمـاشـای کرد خـوێن زۆر ڕژاوە و قـوبادخان و ئەوانـیش دیارنین؛ قیـژاندی و دەسـتی دا خەنجـەر. مـوحیب عەلی خـانی شاهـی سـیونی بریندارکرد. دوو سێ کەس کـە بەدوایدا دەهـاتن کشانـەوە و خەریکی ڕاکردن بوون.

غـولامـان و قـۆڕچیـان تێیـان وەرووکان، هـەر لەوێ پارچە پارچـەیان کردن. ئەوانی دەرەوە تێ گـەیشـتن، ڕایان کـردن ئەسـپـان. هێندێک هـەر لەو دەوروبـەرە و هێندێک لە وەختـی ڕاکردندا کوژران و تاقیان لێ برا. لەو وەختە بەسامەدا خـاوەن شکۆ هاتەدەر و سـواری ئەسپی ڕەسـەن و خۆشبـەز بوو و ڕووی لە قەڵای گاودۆڵ کرد و سـەربازانی قزڵباش کوشـتن و تالانی عەشـایری موکرییان پێ ئەسپێردرا. خـاوەن شکۆ بەتڵێک لە شـەو چووبوو گەیشـتە قەڵای گاودۆڵ.

هێشـتـا ئەم خـەبەرە نەگەیبـووە قـەڵا کـە لەشکر بەژوور قـەڵا وەربوو؛ هـەرکـەسـیـان وەگیر کەوت خـستیان. عەلی قوڵی خان ناردرا بۆ حەوشـەیەکی دیکە کە لەو نیزیکانە بوو. پـەنجـا شـێـست کـەسـێکی دەست بەسـتـراوی هـێنا دەرگـای بـەرز. غـازیە تۆڵـەئەسـتـێنەکـان بەچـاو قـووچـاندنێک هـەمـوویان ناردنـە وڵاتی نەبـوون. زۆر لەو کـەسـانەی دەیانهێنان خزمـەتکار و پێمـەڕەدارەکـان هـەر بەزەبری گـۆپاڵ و پاچ و پێمـەڕە سـەر و مـێشکیـان دەکـوتان و دەهـاڕین. ئەسـفـەندیاربەگی ئاوچـی باشـی عـەرەبکەرلوو، لەسـەر فـەرمـانی خـاوەن شـکۆ بەسـەر ڕەو ناردرا بۆ گـەرمـڕوود و بەفـێـڵـێکی شـەڕکـەرانەوە ئـەمـیرخـانی برای شـێخ حـەیدەر و ئەو پەنجا کـەسـەی لە تیرەی موکری کە دەگەڵ ئەوبوون بەجـارێک کوشت. حوسـێن سـوڵتان برازای شـێخ حەیدەر و ئەوانەی دەگەڵ ئەو لە ورمێ بوون بەدەستی حەسـەن خان کوژران.

بەکورتی قەتڵی عامی ئەو تیرە بەقەڵەمی تەقدیر لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژگار نووسرا. ئەو چەند ڕۆژەی کە شا لە قەڵای گاودۆڵ ماوە، هـەموو ڕۆژێ دەستەدەستە و پۆل پۆل

دەیانهێنان و لەسەریان دەدان. بەهرامی خوێنخۆر تاوێک لە تیغ وەشاندن و خوێن ڕشتن ڕانەدەوەستا. هێندێک لە ئوێماق و ئیبی و ئوریاد کە لەنێو ئەوان مابوونەوە، بەو تاوانەی لەنێو تیرەی دژی دەوڵەتدا خۆیان ماتکردووە و لە کاتی دەستەڵاتی ڕۆمیاندا نەگەڕاونەوە نێو قزڵباش هەموویان کوژران.

بیبڕینەوە ئاورگی تیرەی موکری کوژاوە و نێرەوەزەکان هەموو کەوتنە بەر مەودای شیری بەبڕشت و ژن و منداڵەکانیشیان بەدیل گیران. پاش چەند ڕۆژ بڵێسەی ڕقی شاهانە تاڕادەیەک دامرکاوە و شێربەگ ناوێک لەو بنەماڵە کە هەمیشە خۆی بەخزمەتکار دەزانی و مەخسوربەگ ناوێک کە برای ئەو و لە ڕیزی ئێشک ئاغاسیانی بارەگای بەرزدا بوو، کرانە گەورە و مەزنی موکری و فەرمان درا ئەوانەی لە مەودای شیر ڕزگاربوون و لە کەلێن و پەسیواندا ماونەوە، پەنا بۆ ئەوان بەرن و لە کوشتن و تالآن ئەمین بن. پاش ئەم ڕووداوە شا چەند ڕۆژێک لەنێو ئەسپەکانی ڕەوەدا لە چیمەنی قەراچیوق ڕایبوارد و وڵاتی مەراغەی بەسوڵتان میر موقەددەم ئەسپارد[1].

باسی دەسەڵات پەیداکردنەوەی کوردانی برادۆست بەسەر قەڵای دمدمدا و دیسان وە دەسکەوتنەوەی بەتەقدیری خاوەنی ئاسمان و ئەستێران

خەبەرێکی بەسام کە لە مازندەران بەگوێی خاوەن شکۆ گەیشت، ڕووداوی سەیر و سەمەرەی دەسەڵات پەیداکردنەوەی کوردانی برادۆست بەسەر قەڵای دمدمدا بوو. چلۆنایەتی ڕووداوەکە ئەوەیە: وەک لەپێشدا باسمان کرد پاسەوانی و دەستەڵاتداریی ئەم ناوچە و قەڵایەکەی بە قبان خانی بێگدلی ئەسپێردرا بوو.

یەکێک لە ژنەکانی ئەمیرخانی چۆلاق- کە لە کچانی خەڵکی خوێڕی ئەو مەڵبەندە بوو، دەگەڵ هێندێک لە بۆرە پیاوەکانی نەناسراوی کورد لە قەڵادا مابوونەوە و

(١) بەداخەوە ئەسکەندەر بەگ- کە مێژوونووسێکی زۆر ورد بووە- ڕۆژ و مانگی ئەم کارەساتەی ڕوون نەکردۆتەوە؛ بەڵام چونکە لە ڕیزی ڕووداوەکانی ساڵی بیست و چوارەمی پادشایەتیی شا عەبباسدا لەلاپەڕەی ٨١١-٨١٤ی عالەم ئارادا نووسراوە، دیارە ئەو کارەساتە لە ساڵی ١٠١٨ی کۆچیدا ڕوویداوە. هێمن.

خزمەتی قزڵباشیان دەکرد. قبان خان هەڵەکەی ئەوە بوو کە کوردی با نەناسراویش بێ- لە قەڵادا هێشتبۆوە. بۆخۆشی جاروبار دەچوو بۆ ڕاوێ. (ئەلغ) بەگی برادۆست- کە خزمی ئەمیرخان بوو- وەک کوند لە وێرانەکانی ئەو سنوورە هەڵکورمابوو و دەگەڵ ئەو (عورت) ژنە و قۆڵچیە کوردەکان پەیوەندی بەر قەرار کرد. بڕیار وا درا هەر کاتێک قبان خان بەشەو لە قەڵا وەدەرکەوت ئاگاداری بکەن.

ڕۆژێک قبان خان بۆ ڕاوێ لە قەڵا وەدەرکەوت. بە ئەلغ بەگ ڕاگەیەندرا، شەوێ بەخۆی و چل پەنجا کەس کوردەوە هاتنە بن قەڵا. ئەوان بورجێکی سوڵقیان کە بەتەنیشت قەڵاکەوەیە کونکرد، ئەلغ بەگ و ئاواڵەکانی یەک یەک هاتنە ژوورێ؛ لەپڕ پاسەوانی ئەو بورجەیان کە لە خەودا بوو کوشت. هەر کەسێکیان لە هەر بورجێکیدا لە خەودا دی بەرەو نەمانیان بەڕێ کرد، چوونە نەقارەخانە و نەقارەی شادمانییان لێ دا، ئەو کوردانەی لە قەڵادا بوون تێکڕا لێیان کۆبوونەوە. خەڵکی قەڵا وەخەبەر هاتن و ئەوەی هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەدەهات بەچاوی خۆیان دی، سەریان لێ شێوا و دەستێکیان کەوتە ئەملا و دەستێکیان کەوتە ئەولایە. بەو شەوە ڕەشە هەراوهوریا لە قەڵادا پەیدابوو، قزڵباشەکان بەئاغا و نۆکەر و پێش خزمەتەو-ە کە لە قەڵادا بوون، بێ ئەوەی ئاگایان لە چەندوچۆنی داگیرکەران بێ، بەدڵێکی پڕ ترسەوە بەئەملا و ئەولای قەڵادا خۆیان فڕێدا و هەڵاتن و تا بەیانی تاقەکەسێکیان لە قەڵادا نەماوە. کوردەکان لە قەڵادا مانەوە و ماڵ و سامانی قزڵباشیان داگیرکرد و لە کوردەکانی دەوروبەر، داوای کۆمەک و یارمەتییان کرد.

ئەو خەبەرە بەسامە بە قبان خان گەیشت. ئەنگوستی پەشیوانی بەددان گەست، ڕووی لەلای قەڵا کردەوە. ئاغا سوڵتانی موقەددەم لە مەراغە خەبەری زانی و بەسەررەو بەیارمەتیەوە هات. یەکێک لە هەڵکەوتە باشەکان ئەوە بوو کە سەد و پەنجا کەس لە کوردە یاغیەکان کە بۆ کۆمەکی قبان خان بەرەو قەڵا دەهاتن، تووشی ئاغا سوڵتان و پیاوەکانی قبان خان هاتن، شەڕ قەوما و کوردەکان شکان، زۆریان لێ کوژرا و ئەوی مانەوە و دەرچوون هەڵاتن. پیربوادقخان حاکمی تەورێز و شەهیر سوڵتانی موکری لە بیستنی ئەم خەبەرە شڵەژان؛ بەترەختتان خۆیان گەیاندێ، قبان خانیش بەشەرمەزارییەوە تێکەڵ بە ئەمیرە مەزنەکان بۆوە.

ڕوون بۆوە کە قەڵانشینەکان زۆر کەمن. لە بیری هێرش بردندا بوون کە ئاوی ڕەحمەتی خودا بەسەر ئەم ئاگرەدا کرا. ئەلغ بەگ ڕۆژێک باروت بەسەر تفەنگچییەکانیدا بەش دەکا، قەزاوقەدەر وا جاری بوو پریشکێک ئاگر کەوتە نێو باروت و گڕی لێ بڵندبوو و لایەکی ڕوومەتی سووتاند و پەکی خست. ئەو سووتاوانەی ئاگری ناهومێدی، لە قەڵاداری کەوتن و کە دەورەی قەڵایان وا بەتەندراوی هاتە پێش چاو، لە گەیشتنی کۆمەک ناهومێد بوون. ترس و ناهومێدی تەنگی پێ هەڵچنین و جگە لە ڕاکردن هیچیان ڕەچاو نەکرد. لە شەوێکدا کە وەک دڵی نەگبەتباران ڕەش و تاریک و تونوک بوو- هەرچی پێیان هەڵگیرا و توانیان لە ئەسپە حەساوەکانی قەڵایان نا و ئەلغ بەگیان بەکەلاکی هاویشتە سەر ئەسپێک و لە دەرفەتێکدا دەروازەیان کردەوە و هەڵاتن. ئەمیرەکان پاش ئاگاداربوون وەدوایان خستن، بەڵام وێیان ڕانەگەیشتن.

جارێکی دیکەش ئەو قەڵایە کە لە قایمی و بەرزیدا دەگەڵ ئاسمانی شین بەرامبەری دەکا کەوتەوە دەستی لەشکری پادشا(١).

***

مەم و زین

دووەم بەیتی کتێبی ئۆسکارمان، مەم و زینە. مەم و زین بەناوبانگترین چیرۆکی کوردییە. کام کورد هەیە ئاگای لە :چیرۆکی مەم و زین نەبێ. یا هیچ نەبێ ناوی ئەو کچ و کوڕە ناکامانەی نەبیستبێ. لە شیعری شاعیرە کۆن و تازەکانماندا ناوی مەم و زین هاتووە.

:چیرۆکی مەم و زین هەر بەکوردی نەماوەتەوە. تا ئێستا بەئەڵمانی، فەرانسەیی، ڕووسی، ئەرمەنی و تورکی تەرجەمە کراوە. لەساڵی ١٣٤١-١٩٦٢دا ئەم بەیتەی لەم کتێبەدا هەیە، بەدەستی کاک (عوبەیدالله ئەیووبیان) هاتۆتە سەر ڕێنووسی کوردی و زۆر باشیش کراوەتە فارسی و چاپ کراوە.

(١) ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٠٢٤ی کۆچیدا کە بەرامبەری بیست و نۆهەمین ساڵی پادشایەتیی شا عەبباسە قەوماوە و لە لاپەڕە ٨٨٨-٨٨٩ی عالەم ئارای عەبباسیدا نووسراوە. ئەوی بۆ من جێی داخە ئەوەیە کە نووسەر ناوی ئەم ژنە قارەمانە تۆڵەئەستێنەی نەنووسیوە. هێمن.

ئەم :چیرۆکەی لەم کتێبەدا چاپکراوە (ڕەحمان بەکر) بۆ خۆی دەڵێ بە چوار ڕۆژان بۆ ئۆسکارمانی گوتووە و ئەویش تۆماری کردووە. من کە زۆر جارم ئەم بەیتە لە زمانی شایەرەکانی هاوچەرخم بیستووە ئەم بەیتەی زۆر بەتەواو دەزانم.

بەبڕوای من مەم و زین زۆر کۆنە. زۆر کۆنترە لەوەی ئێمە بیری لێ دەکەینەوە؛ بەڵام هەروا هاتووە و تازە کراوەتەوە و ڕەنگی گۆڕیوە. کەچی بەو هەموو گۆڕانەوەش نیشانەی ئاینی زەردەشتی بەئاشکرایی پێوە دیارە و ئەوەش بەڵگەی کۆن بوونی ئەم :چیرۆکەیە. لە سەرانسەری بەیتی مەم و زیندا لە نێوان خودای خێر و شەڕدا ملانەیە؛ ملانەیەکی توند و بەربەرەکانێکی سەخت و لە ئاشتی نەهاتوو. ئەگەر بەکرە مەرگەوەڕ، بەکری شۆفار و بەدفەڕ وەک خودای شەڕ- دەیەوێ مەم و زین- ئەم کچ و کوڕە پاک و خاوێنانە ڕیسوا بکا، خودای خێر (قەرەتاژدین) گەورەترین مەردایەتی و فیداکاری دەکا و بۆ پاراستنی ئابڕووی ئەوان ماڵی خۆی ئاگر تێ بەر دەدا و خانی نەمریش کارەساتەکەمان ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە:

مالا خوە ژ ڕەنگ قوم زردشت
دا ئاگر و گازیا خۆ ڕاهشت
ئاگر کو دگرتە خان و مانان
وی گرتە بەگازی و فغانان
ئەقوام و قبایل و عشایر
بایل جوملە بزینە دەفع ئاگر
ئاگا کو بوون ئەمیر و غلمان
خالی کرن ئەو سرا و بستان
ئوژی کو بزینە وی هەواری
وی موتەهەمی وەگوتە یاری
تاژدین تە دی چە ڕەنگ ئەدا کر
مووسا لە بەحرغەم زوا کر

بەیتبێژی ساکاریش ئەو نەقڵەمان بەزمانێکی سەیر بۆ دەگێڕێتەوە:

قەرەتاژدینی لوڕی،

بەزمانی عەرەبان(*) دە ژنێی خوڕی،
دوور(١)، گویتر، لانکی کوڕی.
یا لە زمان خاتوون ئەستێوە دەڵێ:
نە ئەو ماڵەم دەوێ، نە ئەو حاڵە،
نە ئەو منداڵەم دەوێ نە ئەو تفاڵە
«بەو شەرتەی لە دنیایە سلامەت بن، گەردنی زەرد و ڕووی پڕ لە خاڵە.»

تاریکی بەری ڕووناکی دەگرێ، خودای شەڕ بەسەر خودای خێردا زاڵ دەبێ. بەکرە شۆفار واز ناهێنێ ئەو کچ و کوڕە بێ تاوانانە بەئاوات بگەن. بەلام دیسان ڕووناکی پەیدا دەبێتەوە، خێر زاڵ دەبێ؛ شەڕ تێ دەشکێ. بەکر دەکوژرێ. ئەمما درەنگ؛ پاش لەنێوچوونی ئەو دڵبەر و دڵدارە بێ مرادانە.

خانی نەمر- شاعیری مەزن و پایەبەرزی کورد- ژیانی هەتاهەتایی دا بە :چیرۆکی مەم و زین. شاکارێکی دروست کرد کە تا دنیا دنیایە مایەی شانازی ئەدەبی نەتەوایەتیمانە، بەلام نەیتوانی بەیتە کۆنەکە لەنێوبەرێ و لەبیر خەڵک بەرێتەوە. ئەو بەیتە ئێستاش هەم بە شێوەی بۆتانی و هەم بە شێوەی موکریانی هەر ماوە. ئەگەر تۆماریش نەکرابا هەر دەماوە؛ بەلام ڕەنگبوو پتری گۆڕان بەسەردا هاتبا(٢).

بێگومان سەرچاوەی مەم و زینی خانی هەر ئەو بەیتە کۆنەیە. هەروەک پێم وایە

(*) وێ دەچێ شایەر گوتبێتی (زمانی عەجەمان) لەبری (زمانی عەرەبان)؛ بەلام ئۆسکارمان کە ڕەنگبێ نە تورکی زانیبێ و نە عەرەبی، وای وەرگرتبێ؛ دەنا ئەم دێرە تورکییە و لە موکریان بە تورک دەڵێن عەجەم.

هێمن

(١) دور: هەستە. گوێتر: ببە، هەڵگرە.

(٢) من لەمێژە بیر لەوەی دەکەمەوە چۆنە زۆر بەیتی کۆنی کوردی وەک مەم و زین، فەرخ و ستی، خەج و سیامەند، سەیدەوان، زەمبیل فرۆش و شێخی سەنعان بە هەردووک شێوەی موکریانی و بۆتانی هەن. ئایا لە ئەسڵدا بەکام شێوە بوون؟ کەی گۆڕاون؟ کێ گۆڕیونی؟ دیارە بۆم نەچۆتەوە سەر چ بنجوبناوانێک، بۆیە خۆی لێ دەبوێرم و باسی لێ ناکەم. هەر ویستم ئەو دیاردە بخەمە پێش چاوان، بەڵکە لە دوارۆژدا زانایانی کورد لێی بکۆڵنەوە.

سەرچاوەی :چیرۆکەکانی بیژەن و مەنیژە و ڕۆستەم و سوهراب و سیاوەش و... شانامەش هەموو بەیتی کۆن بوون و فیردەوسی تازەی کردوونەوە؛ بەڵام چونکە شیعری فیردەوسی ساکارتر و هاسانترن بەیتە کۆنەکان لەبیرچوونەوە و چونکە مەم و زینی خانی، وردەکاری شاعیرانە و سۆفیانەی زۆر تێدایە و هەروا ساکار و هاسان نییە و نەخوێندەوار هیچ، نیوە خوێندەواریش باشی تێ ناگا، بەیتە کۆنەکەی مەم و زین هەر بەسەر زار و زمانانەوە ماوەتەوە.

پیرەمێردی نەمر شاعیر و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخیش مەم و زینی هەیە. مەم و زینی پیرەمێرد ئیبداعێکی خۆیەتی و زۆر لە بەیتە کۆنەکە دوورە. :چیرۆکێکی شانۆیی باوی ڕۆژبووە. تەنانەت بەرەو ئەدەبی ڕۆژئاوایی چووە و وەک درامەکانی شکسپیر دەچێ. ئەو شیعرە ناسکانەی خوارەوە– کە لە چاو هونەری شیعرییەوە بەرزن– لە مەم و زینی پیرەمێرد وەرگیراون:

هەیرۆ ئیمڕۆ ڕۆی شین و ڕۆ ڕۆمە
کە مەم ڕۆیی ڕۆی پەژارەی خۆمە.
ئەو زوڵفە لوولەم بۆ مەم شانە کرد
فەلەک کوێر بێ بۆنێکی نەکرد
ئەو خاڵ و میلەی من بۆ مەمم ڕشت
پەیمانم وایە بۆی بەرمە بەهەشت
لێوم دانابوو بۆ گوفتوگۆی مەم
عەهدە تا مردن واتەی پێ نەکەم
هەی مەم دەستی مەم نەگەیشتە تۆ
وا نووکی خەنجەر بوو بەسەزای تۆ
خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاستت دەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەک بەری کەوێ

مەم و زینی پیرەمێرد بە نۆرەی خۆی پارچەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بەرزە. بە زمانێکی شاعیرانە و هونەرمەندانە ڕەخنەی لەو ڕەسمە کۆن و دزێوەی کوردەواری گرتووە کە کچان بەزۆرەملی دەمرێنن و دڵی دڵداران دەشکێنن و ئێستاش دەگەڵ سەردەمی خانیش فەرقێکی زۆری نەکردووە. بەڵام مەوزووعێکی نوێ و

لاساکردنەوەیەکی ڕۆژئاواییيە کە دەگەڵ ڕێوشوێنی کۆنی کوردەواری یەک ناگرنەوە و زۆر لە بەیتەکەش دووربۆتەوە. زین هەم لە بەیتەکەدا و هەم لە مەم و زینی خانیدا بەمردنی خۆی لە سوێ مەم مردووە و ئەوەش سۆزی ئەوین و وەفای پتر تێدایە، کەچی زینی پیرەمێرد خۆی دەکوژێ، قەدیم خۆکوشتن لە کۆمەڵی کوردەواریدا نەبووە، ئەو دیارییەمان زۆر لەمێژ نییە لە ڕۆژئاواوە بۆ هاتووە(١).

لە :چیرۆکە کۆنەکانی کوردیدا باسی خۆکوشتن، تەنیا لە بەیتی خەج و سیامەندی موکریانیدا هەیە. خەج پاش مردنی سیامەند شینی بۆ دەگێڕێ و دوای خۆی لە تیکەشاخی کێلەسیپان هەڵدەدێرێ و بەپەلی دارەبەنێدا دەدا. ئەویش تەنیا لە سوێ سیامەند نا؛ بەڵکە لە ترسی براکانیشی کە زۆری لێ نیزیک ببوونەوە و لەوانەبوو بیکوژن(٢). ئەو گوندە کیژێکی زۆر شۆخوشەنگ و جوان و چەلەنگ و شەرمێون و بەئەدەبی لێ بوو؛ کچی وا جوان لەو گوندەدا نەبوو دەیانگوت دڵی بەلاوێکەوە هەیە. بەڵام کەس نەیدیبوو جارێکی پێکەوە ڕاوەستابن. دوو برای لۆزەندەر و یەسک گرانی هەبوون؛ هیچ کامیان ژنیان نەبوو و ئەم کچە بناوانیان بوو. پیاوێکی پیر و دەوڵەمەند بەسەری هەڵوەستا. برای گەورەی حازربوو ژن بەژنەی پێ بکا، کچەکە بدا بەبار بەکابرا پیرە و کچی کابراش بۆ خۆی بێنێ، کچ نەدەچووە ژێر بار بەئاس و پەلاسدا دەچوو، تەنانەت شکایەتی لە ئاغاژنیش کرد. بەڵام ئاغاکە لە هەر دوو لاوە پێشکێشی دەستاند، بەقسەی ئاغاژنی نەکرد و دادی نەپرسی، بەزەبری خەنجەر و کوتەک ناچاریان کرد مل ڕابکێشێ، مامۆستا کە ئاگای لە هەموو شتێک بوو نەتەینا بۆخۆی مارەی نەکرد، بەڵکە گوتی: بەهیچ شەرعێک مارەی نایە و هەرکەس مارەی

---

(١) ئاخر دیارییەکانی ڕۆژئاوا هەموویان هەر باش و بەنرخ نین و زۆریان بۆ ئێمە ماڵوێرانکەرن.

(٢) داستانێکم وەبیرهاتەوە؛ هەرچەند کەمێکمان لە مەبەست دوور دەکاتەوە، بەڵام پێم خۆشبوو بیگێڕمەوە. فەقێ بووم؛ لە گوندێکی گەورەی کوردستانی ئێران دەمخوێند، گوندەکە دوو مەلای لێ بوون. مامۆستاکەی من مەلایەکی ڕووناکبیر و خوێندەوار بوو کە تازەترین کتێب و چاپەمەنی دەخوێندەوە و ئاگای لە وەزعی دنیای ئەو سەردەمی هەبوو. مەلاکەی دیکە، پیاوێکی زۆر وشک و کۆنەپەرست بوو و هەموو شتی لە ڕوانگەی کتێبە کۆنە پەڕ زەردەکانەوە دەدی و دژی هەموو شتێکی نوێ بوو. مامۆستاکەم گاڵتەی بەبیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی ئەو دەکرد و زۆربەی فتواکانی بە بەڵگەی شەرعی هەڵدەوەشاندنەوە.

بکا بەتاڵە.

بەڵام مەلا پیرە مارەی کرد، هێندەی پێ نەچوو کچەکە ونبوو؛ هەرچی لێی گەڕان سۆراخیان نەکرد. دەپێشدا پێیان وابوو وەدووکەوتووە، بەڵام کەس لە دێدا ون نەببوو؛ تەنانەت ئەو کوڕەی دەیانگوت حەزیشی لێ دەکا. ژنە چەنەدرێژەکان بوختانیان پێ کرد و دەیانگوت: «بەخولای خوشکێ چۆتە شار و ڕەگەڵ ژنە خراپەکان کەوتووە.» ئاخری باغەوانان بە بۆگەن کەلاکیان لەنێو دارستانێکی چغور و قەوغادا دیتەوە کە خۆی هەڵاوسی بوو. مەلا پیرە کە دەستێکی لەو تاوانەدا هەبوو، نە حازر بوو نوێژی لەسەر بکا و نە تەڵقینی بدا و نەهێشتی لە گۆڕخانەی موسڵماناندا بینێژن و گوتی: «بە هیلاک چووە و بە موسڵمانی نەمردووە.» براکانی کە تازە پەشیوان ببوونەوە هاتنە خزمەت مامۆستاکەی من. ئەویش قسەی مامۆستا پیرەی بەڕاست زانی. ناچار ئەو کچە بێ مرادەیان بەتاقەوە ناشت. من زۆرم پێ ناخۆش بوو و بەمامۆستاکەم گوت: «چۆن دڵت هات بێڵی ئەو سووکایەتییە بەم کچە هەژارە بکەن.» گوتی: «ڕۆڵە من لە تۆم زیاتر زگ بەم کچە دەسووتێ، پێم خۆش نەبوو سووکایەتیی پێ کرا و لەو بڕوایەشدا نیم قیامەت ڕادەبوو ئەگەر لە گۆڕخانەی موسڵمانان بنێژرابایە، بەڵام بابێتە پەند و کچی دیکە فێر نەبن خۆ بکوژن.» تێ فکریم ئەوەش چەشنە چارێک بوو بۆ ئەو دەردە کە تازە بەکوردەواری وەربببوو و وەک ئێستا پەرەی نەستاندبوو.

هەژار شاعیری بەناوبانگ و هاوچەرخیش مەم و زینی هەر لەسەر کێشی مەم و زینی خانی بەشێوەی موکریانی کردۆتە شێعر. شێعرەکانی گەلێک سوار و لەبار پاراو و تێرمانان. :چیرۆکەکەشی هەروەک خانی داڕشتوو و پەروەردە کردووە و سەری گرتووە[١] .

(١)زمانەکەی یەکجار پەتی و بێگەرد و ساکارە. پڕە لە وشەی ڕەسەنی کوردی و بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە. وشەی ناڕەسەن و داتاشراو و تازە کوورەی تاک تاک نەبێ تێدا نییە. بریا ئەوانیشی تێدا نەبان کە دەڵێی پەڵەی ڕەشن بەکراسی سپی بووکەوە. ئەگەر خانی مەم و زینی کردۆتە بەهانە بۆ دەربڕینی هەستی پاکی نەتەوایەتی و بیروڕای سۆفیانەی خۆی، هەژاریش مەبەستی ئەسڵی لە هۆندنەوەی ئەم چیرۆکە تۆمارکردنی وشەی ڕەسەنی کوردی بووە و پیاو هەق بڵێ زۆریش سەرکەوتووە.

مەم و زین :چیرۆکێکی نەتەوایەتی کوردییە. بۆ هەموو شاعیرێکی کورد ڕەوایە بە ئارەزووی خۆی دایڕێژێتەوە، بەو شەرتە زۆر لە ئەسڵەکەی دوور نەبێتەوە. نازانم هەژار بۆ دەڵێ: «مەم و زینی خانی هەژار کردوویە بە موکریانی.» ڕەنگبێ ئەگەر ناوی نابا مەم و زینی هەژار، بەرهەمەکەی نرخی پتر بووبایە و زمانی ئەو ڕەخنەگرانە بەسترابایا کە دەڵێن: «هەژار نەیتوانیوە ئەفکاری سۆفیانەی خانی بەوردی دووپاتە بکاتەوە.»(١)

ئەوەش نموونەیەک لە مەم و زینی هەژار.

زین بوخچەی دڵی لای مۆمی داگیرساو دەکاتەوە.

جارێکی بەزاری مۆمی دەدواند
دەردی دڵی زاری ژاری دەنواند
ئەی هاودەم و ڕاز و هاونشینم
من تۆش وەکو خۆم بەسۆز دەبینم
فرمێسکێ لەگەڵ منا دەڕێژی
چۆن وا دەبێ هیچ شتێ نەبێژی
نازانی دڵم بەخۆم دەمێنێ
یەک بگری لەگەڵم و نەمدوێنێ؟
دەردی من و تۆ لە یەک جودایە
وەک خاوەر و زەردەپەڕ وەهایە
تۆ خاوەری شەوق دەدەیتە چاوم
من ڕۆژپەڕ و ئاگرین هەناوم
ناسووتێ لە تۆ مەگەر زمانت

---

(١) من زۆرم سەر لە وردەکاری سۆفیانە دەرناچێ و نازانم قسەی ئەو ڕەخنەگرانە تا کوێ ڕاستە، بۆ ئەم مەبەستەش زانای بەڕێز دوکتۆر عیزەدین مستەفا کە بە عەرەبی لەسەر فەلسەفە و بیری خانی نووسیوە هیوادارین لە دواڕۆژدا پەردە لەسەر زۆر لایەنی شاراوەی بیری خانی هەڵداتەوە؛ بەڵام دەڵێم مەم و زینی هەژاریش بەنۆرەی خۆی کتێبێکی بەنرخە و زۆر چیرۆکی واشم پێ شک دێ دوو شاعیر کردوویاننە شیعر و دیارە فەرقیان بووە.

وەک من نی بسووتێ تای ژیانت
شۆقت کە لەسەر سەری دیارە
سەوداگەری سەر سەری دیارە
من گیان بەبلێسە دڵ بەپشکۆم
سووتا جگەر و هەناسە بۆسۆم
تیشکی سەری تۆ لە تۆ زمانە
گڕپەی دڵی من بەئێش و ژانە
هی من بە لەهی و بە گێژەڵووکە
ناکوژێتەوە هی تۆ چووک و سووکە
شەو دەبیە هەواڵی شەو بێداران
ڕۆژانە دەنووی هەتا ئێواران
من ڕۆژ و شەو و سبە و ئێوارم
یەک لا نییە ئایسانە کارم
جارجارە لە دەست دڵی بریندار
جاڕز لە ژیان دەبوو بەناچار
پەروا نەدەما لە ئاگری خەم
پەروانە دەما ببێتە هاودەم

مەم و زینی خانی و هەروەها هی هەژاریش هێندێک جیاوازیان دەگەڵ ئەم بەیتەدا هەیە، کە ئۆسکارمان تۆماری کردووە. یەکەم دیداری مەم و زین لە بەیتەکەدا زۆر ڕۆمانتیکی و لە واقیع دوورە. پەری، زینێ بۆ مەم دەبەن؛ بەڵام خانی بەڕاستی ئەم دیدارەی زۆر ئاسایی پێک هێناوە و لە واقیعی نیزیک کردۆتەوە. لە جێژنی نەورۆزدا، لەو جێژنە کۆن و نەتەوایەتییەدا– تووشی یەکی کردوون و بە تیرێکی دوو نیشانەی ئەنگاوتوون. هەم باسی نەورۆز و ڕەسمەکانی ئەو جێژنەمان بۆ دەکا و هەم سەرەتای دڵداری مەم و زین دادەمەزرێنێ. من بەشبەحاڵی خۆم ئەو کارەی خانیم زۆر بەلاوە گرنگە؛ چونکە من دەزانم خانی گەلێک لەژێر تەئسیری ئەدەبی فارسیدا بەتایبەتی لەژێر تەئسیری شیعری نیزامی گەنجەویدا بووە. نیزامی

گەنجەوی کە شیعردۆستەکانی فارس بەخودای شیعری دەناسن- شاعیرێکی زۆر بەدەستەڵات بووە. پێنج گەنجی نیزامی لە شاکارە بەرزەکانی ئەدەبی جیهان دەژمێردرێن؛ بەڵام :چیرۆکەکانی نیزامی بەتایبەتی لەیلا و مەجنوونەکەی لایەنی ئەفسانەییی زۆر بەهێزترە. جگە لەوە ئەدەبی فارسی لە سەردەمی سەفەوییەکان زۆر خراپ گەڕاوەتەوە دواوە و بەچوار ناڵ پاشەکشەی کردووە و لە واقیع دوور بۆتەوە؛ کەچی خانی خەریک بووە لەوکاتەدا لە واقیع نیزیک بێتەوە. تەنانەت لە هێندێک جێدا کە دوور بۆتەوە، عوزری هێناوەتەوە. ئەوەیە گوتوویانە پیاوی هەڵکەوتە زەمان و مەکان ناناسێ.

مەم لە بەیتەکەدا تاقە کوڕەی براهیم پادشای یەمەنە و لە سێوی بەهەشت گووراوە. کەچی خانی ڕەسەنەکەی لێ ئەستاندۆتەوە و کردوویەتی بەکوڕی نووسەری میر، لاوێکی جوان و پاک و خاوێن، بەڵام ئاسایی بووە و هیچ لە سێوی بەهەشت و شتی وا نەگووڕاوە و ئاوامان پێ دەناسێنێ:

تاژدین وەلەدی وەزیر دیوان
مم ژی خەلەفی دەبیر دیوان

***

هەژار دەڵێ:
مەم ڕۆڵەی نووسەرێکی میر بوو
تاژدین کوڕی گەورەتر وەزیر بوو

لێرەشدا خانی لایەنی ئەفسانەییی بەیتەکەی بەرداوە. عرفۆ و چەکۆش لە بەیتەکەدا- وەک مەم- شازادەن و ئەوانیش گیرۆدەی زین و میوانی قەرەتاژدینن؛ کەچی خانی بەبرای قەرەتاژدینیان دەناسێ:

تاژدین دوو برا هەبوون دقلاش
ماننند دوو شاهباز جماش
دایم دڵی دژمنان دەسووتن
یەک عارفۆ و یەک چکۆ دگۆتن

بەنگینە کە لە بەیتەکەدا هاودەمی منداڵی و نۆکەری بەئەمەگی مەمە و ڕۆڵێکی

گەورە دەگێڕێ. لە مەم و زینی خانیدا ناوی نییە و گورگینی پیاوی میریش جێگای ئەو ناگرێتەوە.

بەکر لە مەم و زینی خانیدا و لە بەیتەکەشدا هەیە و هەر خودای شەڕ و خراپەیە؛ بەلآم پلەوپایە و هۆی دژمنایەتی دەگەڵ مەم و زین فەرقی هەیە. لێرەدا . هەرچەند زۆر بەجەسارەتی دەزانم، بەلآم پێم وایە لە بارەی بەکردا بەیتەکە لە واقیعی کۆمەڵی کوردەواری نێزیکترە. بەکر لە بەیتەکەدا گەورە پیاو و هاوشانی قەرەتاژدینە؛ ئینکەبەری دەگەڵ قەرەتاژدین دەکا و قسەشی لەکن میر ڕەواجی زۆرە. مەم بەقسەی مەلەک ڕیحان دەپێشدا دەچێتە ماڵە بەکر؛ بەلآم کەسی لێ وەدەرناکەوێ و زیز دەبێ و دەچێتە ماڵە قەرەتاژدین. بەکر ئەوەی بۆ شانی خۆی بەسووکایەتی دەزانێ و دەیەوێ تۆڵەی لە مەم و قەرەتاژدین بکاتەوە. بۆیە دەست دەکا بەشەیتانی و ئەو گوڵمەزە دەگێڕێ و ئەو هەموو خراپە دەکا و وڵات دەشێوێنێ. ماڵە قەرەتاژدین بەسووتاندن دەدا، مەم لە بەندێ دا دەڕزێنێ و دەمرێنێ، زین بەو دەردە دەبا، خۆشی بەکوشتن دەدا و دوایی بەو :چیرۆکە پڕ لە دەرد و ماتەمە دێنێ. ئەم ڕووداوە هیچ لە واقیعی کۆمەڵی کوردەواری دوور نییە و پەیوەندی بەڕادەی ڕق هەستان و کار لە دەست هاتنی ئەو کەسەوە هەیە کە سووکایەتی وای پێ دەکرێ. ئێستاش ئەو ڕەسمە لەنێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری– بەتایبەتی لەنێو پیاوماقووڵەکاندا– هەر ماوە و ڕوو لە هەر ماڵێکی کورد بکەی و لانەدەی و بچیە ماڵە دژمنی ئەو، هەرچی لە دەستی بێ لەگەڵت دەکا و دەبێتە دژمنت.

بەکر لە مەم و زینی خانیدا گەورە پیاو نییە؛ کوێخادەرکێکی خوێڕی و شەیتان و شۆفارە کە دژمنایەتی پێشووی دەگەڵ مەم نییە و هەر لەبەر پیسی سرشت و نیهادی خۆی ئەو کێشە و ئاشووبە دەنێتەوە. خانی نەمر پاش باسێکی فەیلەسووفانە ئاوا باسی بەکر دەکا:

ئەلقیسە بە ئیقیزای خیلقەت
میری بەکمال عەزز و ڕەغعەت
ڕاگرت ژبۆ خۆ درگڤانک
فتان زمانە سی پسانک

دایم له دری وی قاپوچی بوو
قەللاع و قەللاش و قەهوەچی بوو
ئەمما بەنسب نەمرد بوهتان
بلکه متولدی دبوهتان
ئەسلی وی دبین مرگڤر بوو
مەحزا وی بشر بشوور و شرِ بوو
ناڤێ وی منافق بکر بوو
بلکه ژبلوقیا بتر بوو
مەناع و مزەبزەبین و ئیبلیس
خداع وخبربزین و تلبیس
شاگرد شأمتا وی شەیتان
شرمنده ژ گوهتنا وی بوهتان
بدچهره ژ رِنگی دیو کابووس
بد فعل و ستیزەکار و سالووس

خانی ئەو سۆفیە پاک و دڵ فراوانەی کە پێی خۆشە شەیتانیش ببەخشرێ و نەسووتێندرێ، بەکرە مەرگەوەرِیش پاش ئەو هەموو خراپە و تاوانە دەبەخشێ و نەتەنیا لێی خۆش دەبێ، بەڵکە لە بەهەشتدا دەیکا بە دەرکەوانی کۆشکی مەم و زین. بەلاّم نەتەوەی کورد، بەکری نەبەخشیوە و نابەخشێ و ئێستاش یەکێک لە ناخۆشەویستترین پیاوانی مێژووی کوردستانە و رِۆژ نییە تووک و لەعنەتی بۆ نەچێ. وا دیارە زەمانی پێشوو -باسی ئێستا ناکەم- دووزمانی و شۆفاری لە کۆمەڵی کوردەواریدا کردەوەیەکی یەکجار درێو و ناشیرین بووە.

لە پێشەوە گوتم بەیتەکە دروشمی ئاینی زەردەشتی پێوە هەیە؛ بەلاّم چونکە ویستی سەرەتاییی ئینسانان لە هەر رِەگەزێک بن و بیروبرِوایان هەرچۆنێک بێ یەکە، ئەگەر ورد سەرنج بدەینە ئەو بەیتە شتی وای تێدا دەبینین کە لە تەوراتدا دیومانە؛ ئایا وەختێک تۆ دەخوێنیەوە کە پەریان زین لە جزیری بۆ مەم دەبەن، وەبیرت نایەتەوە کە چۆن دێو بلّقیسایان لە سەباوە بۆ سولەیمان برد؟ یا ئەگەر

گوێت لێ دەبێ کاتێک مەم و بەنگین بۆ یەکەم جار تیشکی هەتاویان دی و گوتیان: «ئەوە خولایە.»، حیکایەتی ئیبراهیم پێغەمبەرت وەبیر نایەتەوە؟

ئەو بەیتانە هەموویان پیاوی هونەرمەند و بێ دەستەلات دایانناون و بۆ پیاوی دەستەلاتداریان گوتوون. بەلام بێ ئەوەی بۆ خۆیان ئاگادار بن ناتەباییی چینایەتی و ویست و ئاواتی خۆیان تێدا گونجاندووە و چاری غەیرە عیلمییان بۆ دۆزیوەتەوە. لە بەیتی مەم و زیندا شایەر ویستوویەتی نۆکەر جێی ئاغا بگرێتەوە. بەلام نەک بەخەبات و بەربەرەکانی بەلکە بەفیداکاری و وەفاداری. بەنگینە ئەوپەڕی فیداکاری نیشان دەدا، تەنیا کەسێکە کە ئاغای خۆی بەجێ نایەلێ و ئەمەگداری خۆی دەسەلمێنێ. مەمیش دەلێ ئیدی ئاغا و نۆکەر نین و بووینە برای دایک و بابی. کەچی بڕیارەکەی هەلدەوەشێنێتەوە و هێندە پێ ناچێ وەک دیلێک دەیبەخشێ. شایەر تۆلەی ئەو بێ ئەمەگییە لە مەم دەکاتەوە و بەو دەردەی دەبا. بەلام نایەلێ بەنگین پەلەی بێوەفاییی پێوە بنووسێ. لەشکر دێنێ و تۆلەی ئاغای خۆی دەستێنێتەوە. براهیم پادشای زگ سووتاوی وەجاغ کوێریش چاکەی دەداتەوە و شاری یەمەنێ بە بەنگینە دەسپێرێ. بەوجۆرە ئاواتی شایەر پێک دێ و نۆکەر دەگاتە پلەی ئاغایەتی.

***

لاس و خەزاڵ

بەیتی سێیەمی کتێبەکەی ئۆسکارمان لاس و خەزالە. ئەم بەیتە بەڕاستی شاکارێکی ئەدەبی بەرز و کەم وێنەیە. زۆر شتمان لە ڕێوشوێنی کۆنی نەتەوایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. دەپێشدا بەیتبێژ بە قسە، باسی گۆڕان و لە دایکبوون و پێگەیشتنی لاس، قارەمانی :چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە؛ ئەوجار شیعر دەست پێ دەکا.

شیعرەکانی هەتا حەز بکەی لەتیف و جوان و پڕ مانان. میسرەعەکانی زۆر زۆر درێژن؛ بەلام وشە ڕەسەن و جوانەکانی وا هەلبژێردراون و لە تەنیشت یەک داندراون کە کێشەکە دەپارێزن. جارجار نیوە شیعرەکان کورت دەبنەوە. شیعرەکان جاری وایە زۆر لەسەر قافیەیەک دەڕۆن و جاری وایە کەم. کورتی ببڕمەوە باری ئەدەبی بەیتی لاس و خەزاڵ بەبڕوای من زۆر باشە بێگومان ئەو بەیتە زۆر کۆنە؛ لە

مەم و زینیش کۆنتر دێتە پێش چاو. لاس دارێکی سەخت و چڕ و دڕکاوییە. دیارە ئینسانی کورد پێش ئەوەی کۆخێکی بۆ خۆی دروست بکا، هەر لەو وەختەوە کە لە ئەشکەوت و زندۆڵ و لێڕەواردا ژیاوە ئەو دارەی ناسیوە و ناوی لێ ناوە. چونکە دارەکە سەخت و دڕکاوی بووە، دوایە کوڕیان بەناوەوە کردووە. ئەو ناوە کۆنە لە چیرۆکەکەدا هەر ماوەتەوە. ئەگەر ناوەکانی تر گۆڕاون، ئەگەر شتی تازەی هاتوونە نێو، ریشەی :چیرۆکەکە هەر کۆن دیارە.

بەلێکدانەوەی من ئەو بەیتە لە زەمانی مێ وەجاغی، یانی لەو سەردەمەدا کە دەستەڵاتی خێزان بەدەست دایکەوە بووە گوتراوە. وێنەی ئەم :چیرۆکە لە ئەدەب و مێژووی خۆمان و دەوروپشتماندا نابینین. کۆنترین کتێبی شیعر و مێژووی فارسی (شانامە) دەڵێ کاتێک ساسانیەکان پیاویان لێ بڕا و نێرەوەزێکی شازادە و ڕەسەن نەما لەسەر تەخت دانیشێ، دوو کچی خوسرەو پەرویز ئازەرمیدوخت و پووران دوخت، یەک بەدوو یەکدا چوونە سەر تەختی پادشایەتی. بەڵام هەردووک زۆر کەمیان خۆڕاگرت. فیردەوسی زۆر بەپەرۆشەوە دەڵێ:

شکوهی نماند درآن خاندان
که بانگ خروس آید از ماکیان

یانی:

مەزنایەتی لە خێزانێکدا نامێنێ
کە مریشک وەک کەڵەشێر بخوێنێ

فیردەوسی پتر لە هەزار ساڵ لەوەی پێش، مەزنایەتی ژنی بەچارەڕەشی و لێقەومانی گەل و بنەماڵەی پادشایەتی زانیوە، کەچی تەماشا دەکەین لەو بەیتەدا دوو ژن مەزن و سەرۆکی عەشیرەت و عێلی خۆیانن و دامودەزگای مەزنایەتیان هەیە و لە هەموو خۆشتر، لەسەر لاوێک نێوان ناخۆشیان لەنێو پەیدابووە. تەواو بەپێچەوانەی مێژووی تۆمارکراومان، کە زۆرجار بیستوومانە دوو مەزنی پیاو لەسەر کیژێک دژمنایەتیان بووە و بەگژیەکداچوون.

هەر شتێک ڕیشەیەکی نەبێ لک و پۆپی لێ نابێتەوە. ئەم بەیتەش دەبێ ڕیشەیەکی هەبووبێ؛ ڕۆژگارێک لە ناوچەیەکی ئەو کوردستانە دوو ژن سەردار و مەزن بوون.

جا گرنگ نییه ئەو ناوچە کوێیە و ئەو ژنانە خانزادی حەریری و یای خەزاڵی مەلا نەبیانن یا دوو ژنی دیکەن.

خەزاڵ مەزن و هەمەکارەی خێڵی مامودینانە. مەلا نەبی باوکیشی ماوە و کەچی خەزاڵ هەر وا بۆخۆی پێ ڕادەگا. بەئاشکراییی دەگەڵ لاس دڵداری دەکا.

بیر بکەنەوە، لەو زەمانانەدا کە کورد مەلا نەبی لێ پەیدابووە و قەنەنەداری گرتووە، ڕێوشوێنی نەتەوایەتی و بیر و بڕوای مەزەبی دەستەڵات و ئیختیاری وای داوە بەژن؟

دڵداری لاس و خەزاڵ وەک دڵداری مەم و زین نییە. خەزاڵ وەک زین کچۆڵەیەکی بێدەستەڵات و بێ ئەزموون نییە.

خەزاڵ ژنێکە کە تەنانەت لاسیشی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی. خانزادیش ئەگەرچی لاس بێ وەفاییی دەگەڵ کردووە و بەجێی هێشتووە، یا باشتر بڵێم خەزاڵ لاسی لێ داگیرکردووە، دیسان هەر مەزن و دەستەڵاتداری عێل و عەشیرەتی خۆیەتی.

باری دڵداری بەیتی لاس و خەزاڵ زۆر شیرین و جوان و تەواوە. باری حەماسیشی گەلێک بەهێزە. پیاو کە دەیخوێنێتەوە، شیعرەکانی شانامەی فیردەوسی وەبیردێتەوە کە ڕۆستەمی پاڵەوان لە مەیدانی شەڕێدا بەخۆی هەڵدەڵێ:

چو فردا برآید بلند آفتاب

من و گرز و میدان افراسیاب

چنانش بکوبم بگرز گران

که پولاد کوبند آهنگران

لاسیش دەڵێ:

شەڕی کاوڕان نییە شەڕی بەرانە،

ژنانو دەکەمە ئێخسیر، جێ ماڵو دەکەمە سەبزیخانە.

ئەوی لەو بەیتەدا دڵی خوێنەر یا گوێگر دەسووتێنێ و پیاو خەمناک دەکا، بێوەفاییی لاسە دەگەڵ خانزاد کە هیچ وەک کردەوەی پاڵەوانانی بەناوبانگ ناچێ. ئەو لاوە ئازا و زەبربەدەستە وا گیرۆدەی خەزاڵ بووە. پاش وەی خەزاڵ ئیجازەی دەدا بچێ سەری عەشیرەتی خۆیان بدا، هەزار سوێندی بۆ دەخوا کە لەبزی دە

لەبزی خانزاد نەگەڕێ. لاس دەچێتەوە بەرەو هەواری خۆیان. خانزاد پێ دەزانێ، تەدارەکی بۆ دەگرێ؛ خێر و خێرات دەکا؛ تەنانەت سوپاسی خەزاڵیش دەکا کە لاسی بۆ ئیزن داوە و دەڵێ:

خەبەری یای خەزاڵم بۆ بێنن دەگەڵم وەکوو خوشکانە،
لاسی ناردۆتەوە ئێرەکانە،
پێڵاوی لەسەر چاوانە.

بەڵام لاس ناپیاوی دەکا و سەری لێ نادا و ئەحواڵی ناپرسێ و زوو دەگەڕێتەوە بۆ هۆبەی خەزاڵێ و کە دەگاتەوە وەک ترسەنۆکێک دەڵێ:

یای خەزاڵ بەسەری تۆ لەبزم دە لەبزی خانزادخانێ نەگەڕاوە.

خانزادی دڵشکاویش تووکی لێ دەکا و دەڵێ:

بارەببی لاسەشۆڕ هەرۆ برۆ سەر نەیەنیەوە دواوە،
بزانە دەگەڵ ئەو عێل و مەخلووقەی چم لێ قەوماوە،
هەزار و حەوسەدماڵی باڵەکیان بەسەر ئەمندا بەجێ ماوە.

لاس دەگەڕێتەوە و خەزاڵ لە وەڵامی لاسدا کە دەڵێ: پێم نەکراوە هیچ دیاریەکت بۆ بێنم، دەڵێ:

«هیچم ناوێ لاسەشۆڕ وەکازی دەستانم،
«ئەمن خانەخوێم ئەتوو ببە میوانم»

بێ ئەوەی بیر لە حاڵی خانزاد بکەنەوە خەریکی کەیف و نەهەنگی خۆیان دەبن.

لاس لەوێ دەبێ هەتتا سبحەینانێ،
ئەوێ شەوێ خۆش ڕادەبرێ دەگەڵ گوزەرانێ.

خۆشگوزەرانی زۆر دەوام ناکا. خەزاڵی هەوەسباز و جوانی پەرست لاسی پاڵەوانی ئازا و زەبربەدەست، بەڵام ئاڵی و بێ دەستەڵات، دەنێرێتە چل پلەی عومانێ گوڵی شۆڕانێی بۆ بێنێ و دەڵێ:

چ بکەم ئەوەش دەبێتە خەم، ئەمن بابان وێرانێ،
پێیان گوتم گوڵی شۆڕانێ هەن لە چل پلەی عومانێ،
چرا و لالەت ناوێ سەربەخۆ داییسێ هەتتا سبحەیانێ.

لاس دەڵێ:

یای خەزاڵ بزانە چۆن کارانت بۆ پێک دێنم،
یان سەری خۆم دادەنێم یا گوڵی شۆڕانێت بۆ دێنم.

لاس بەدوای هەوای خەزاڵدا دەڕوا بۆ چل پلەی عومانێ. ئەو سەفەرە کورت و پڕ مەترسییەی، ئەو حەوت خوانی ڕۆستەممان وەبیردێنێتەوە. ڕاستە گوڵی شۆڕان بۆ خەزاڵێ دێنێ، بەڵام سەری خۆشی دادەنێ. وەبەر تیری چڵکنان دێ و بریندار دەبێ خانزاد بەبرینداری نایەتە سەری، دەگەڵ ئەوەشدا خەزاڵ لە دوای دەنێری. بەڵام کە دەمرێ دێ و وێڕای خەزاڵ شینی بۆ دەگێڕێ. ئەم تیری چڵکنانە من دەباتەوە نێو قووڵاییی مێژوو، گەڕانەوەی دە هەزار سوارەی یۆنانی و گەزەنەفۆنم وەبیردێنێتەوە کە دەڵێ: کوردەکان بۆسەیان بۆ دادەنایەوە و تیرەکانیان لە ناکاو گورچووی دەبڕین.

***

ناسر و ماڵ ماڵ

چوارەم بەیتی کتێبەکەی ئۆسکارمان ناسر و ماڵ ماڵە؛ بەیتێکی ڕەوان و خۆشی دڵداری و حەماسییە. زۆرجار لە زۆر کەسانم ئەو بەیتە بیستووە؛ تەنانەت بەچاپکراویش دیومە. ڕەنگە ئەو تێکستە لە هەموویان باشتر و تەواوتر بێ. ئەم بەیتە زۆر کۆن نییە، کوێستانی گاگەش باوەمەر ئێستاش ناوی نەگۆڕاوە. لە کوردستانی ئێران و لە مەڵبەندی مەنگوڕانە؛ لە نێوان سەردەست و مەهاباد هەڵکەوتووە. لە هەردووکان نیزیکە. کوێستانێکی یەکجار زەنوێر و سازگار و بژوێن و زەمەند و ئاووهەوا خۆشە. بەهاران چاوی کوێری پێ ڕوون دەبێتەوە و بە سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون و شلێرە دەڕازێتەوە. قەبری ناسر و ماڵ ماڵ لە نێوان گوندی گاگەش و شەکربەگ هەریەکە لەسەر گردێکی بچووک ئێستاکەش ماون. چوومە سەریان گۆڕی ساکارن، هیچیان لە کێلەکان نەنووسراوە، بەڵام زۆر دریژ هەڵخراون. لەوە درێژترن کە پیاو بڕوا بکا پیاوی ئەوندە کەڵەگەت لە کوردستاندا هەبوون. دیارە بەئانقەست بۆ ئەوەی پاڵەوانەتیی ئەوان نیشان بدەن گۆڕەکانیان وا درێژ هەڵخستوون.

قەبری کوردەش لەسەر گردێکی دیکە هەر ماوە. ئەو بەردەی کوردە لەسەری

دانیشتووه له خۆی نەبزووتووه. کانی ناسر و ماڵ مالان وشک نەبووه ئەوانە هەموویان نیشانەی ئەوەن کە بەیتەکە زۆر کۆن نییە. جگە لەوە :چیرۆکەکە بەجوانی لێی وەدەردەکەوێ کە لەپاش دابەشکردنی کوردستان و بێدەستەڵاتی دەرەبەگایەتیی ناوخۆی کوردستان ڕوویداوە. سەیریش نییە دەگەڵ ئەوەشدا کە گاگەش کەوتۆتە نێو سنووری ئێران لە بەغداوە مەزنی بۆ داندرابێ. ناوچەکە زۆر لە سنوور دوور نییە، وێ دەچێ لە زەمانی قاجاڕاندا بووبێ، کە دەوڵەتی ئێران زۆر بێدەستەڵات بووە.

بەو لێکدانانەوە ناتوانین ڕاستیەکەی بدۆزینەوە. بەڵام دەوە دەگەین کارەساتی ناسر و ماڵ ماڵ لە زەمانێکدا قەوماوە کە دەرەبەگی کورد ڕێوشوێنی بێگانەکان- بەتایبەتی عوسمانییەکانی- ڕەچاو کردووە. ژن کە لە سەردەمی دەرەبەگایەتی خۆمانەدا زۆر سووک نەبووە و تاڕادەیەک ڕێزی لێ گیراوە، لەو بەیتەدا بەتەواوی بۆتە دیل و کۆیلەی باب و برای. تەماشا بکەن خاتوون تەورێزی لە وەڵامی گلەییی ماڵ ماڵدا دەڵێ چی؟

خوڵاکەی بزانە سووچ و تاوانی من چییە؟

ئەمن بابم لێ ڕاوەستابوو بە خەنجەرێ، برام بە شیری ڕووتییە،

کوشتن و مردنم قبوول دەکرد نەمدەداوە وەکیلییە،

بۆیەکم وەکیلی داوە، تا دەگەڵ ناسر و ماڵ مالان نەیێتەوە دیدار ئاخرەتییە،

دەگەڵ ئەتوو نا ماڵ ماڵ ئەمما دەگەڵ ناسری ئی من و ناسری خوشک و برایەتییە،

چ بکەم ئەتوو ئەمنت ناوێ کاری خوڵای ڕەببییە.

باری ئەدەبی بەیتەکە باشە و باری حەماسیشی هەروا؛ شیعرەکانی مەوزوون و قافیەدارن. نیوە شیعرەکانی کورت و درێژیان هەیە. لەسەریەک بەیتێکی باشە. ڕەحمان بەکر کە لە ئاخری هەموو بەیتەکان ناوی خۆی دێنێ، دیارە تێ گەیشتووە کارەکەی نرخی هەیە و قازانجی نەتەوەکەی تێدایە، بۆیە دەڵێ: «هەزار ڕەحمەت لە بابی (ڕەحمان بەکر)ی ئەو بەیتەی ڕۆناوە؛ خوڵا دەوامی ئیمپراتۆری بدا ئەگەر (ساحیبی) ئاڵمانی ناردووە عیلمی کوردی بکا تەواوە.»

***

برایمۆک

بەیتی پێنجەمی ئەم کتێبە، بەیتی برایمۆکە. ئەو بەیتەی زۆر مەشهوورە. گەلێک جارم ئەو بەیتە بیستووە. وەک لەبیرم بێ ئەوەی لە سەید عەولای سەید مینەم بیستووە، زۆر درێژتر و جوانتر و خۆشتر بوو لەو تێکستەی ئۆسکارمان بۆی تۆمار کردووین. وادیارە ڕەحمان بەکر لەو بەیتەدا زۆر وەستا نەبووە. خۆ مەرج نییە بەیتبێژێک هەموو بەیتەکان باش بزانێ. ڕەخنەیەک کە ئەو کتێبە دەگرێتەوە ئەوەیە بەشی هەرەزۆری بەیتەکان هەر شایەرێک گوتوونی.

ڕەحمان بەکر خۆی شایەرێکی زۆر وەستا بووە. بەیتی داناون و بەیتە کۆنەکانیشی زانیون. لە هێندێکیاندا یەکجار وەستا بووە و هێندێکی باش نەزانیون. بەو حاڵەوەش برایمۆکی ڕەحمان بەکر زۆر ڕێکوپێک و لەبارە. نیوە شیعرەکانی زۆربەیان درێژن، درێژ و مەوزوون؛ قافیەگۆڕیی تێدایە. بەڵام جاری وایە زۆر لەسەر قافیەیەک دەڕوا.

بەشێکی :چیرۆکەکە بە قسە دەگێڕێتەوە. :چیرۆکێکی دڵدارییە نۆکەرێک حەز لە خوشکی ئاغاکەی دەکا و لەو ڕێگایەدا زۆر ڕەنج و جەفا دەکێشێ. لەسەر تکای گراویەکەی، حەوت ساڵی ڕەبەق ئاغا گولەکەی دەگێڕێ تا بە دەرمانێکی سەیر و ئەفسانەیی چاری دێ.

میرشێخ لە کاتی نەخۆشیدا بەڵێنی دابوو پەریخانی خوشکی بدا بە برایمۆکی. تەنانەت سوڵتانی ئەستەمبووڵێ فەرمانی لەو بارەدا مۆرکردبوو. نازانم بۆ میر خۆی گێل کردووە و برایمیش بێدەنگ بووە، تا میرحەج براکەی دیکەی خاتوون پەریخان بەو کەینوبەینەی زانیوە. ڕەگی دەرەبەگایەتی بزوتووە و بە چلووی زستانێ برایمۆکی دەرکردووە.

دەرکردنی برایمۆک ئەوندە بێڕەحمانە و ناپیاوانە و ڕزگاربوونی لە سەرما و بەفری زستانێ ئەوندە سەیروسەمەرە بووە کە بۆتە زەربولمەسەل و ئێستاش لەبیر نەچۆتەوە. لە کوردەواریدا ئەگەر یەکێک دەرکرا دەڵێن بە دەردی برایم چوو. یا ئەگەر ئاغایەک هەڕەشەی لە مسکێنێکی دەکا، دەڵێ: «وەک برایمۆکی بە چلووان دەرت دەکەم.» ئۆسکارمانیش لە پەراوێزێکدا ئیشارەی بەو مەبەستە کردووە.

ئەم بەیتە تازەیە لە زەمانی دەستەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر کوردستاندا

گوتراوە. زۆر بەڕێزەوە باسی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ دەکا. دەیگەیەنێتە ڕیزی پیاوەکانی خودای[1].

لەو بەیتەدا بەیتبێژ هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە و ئۆسکارمانیش تێی نەگەیشتووە و ئەوی لە زاری هاتۆتەدەر نووسیویەتەوە. منیش ئەو هەقەم بەخۆم نەدا هەڵەکە ڕاست بکەمەوە. هەروەک چۆن نووسراوە نووسیم. بەڵام بەپێویستم زانی خوێنەر وشیار بکەمەوە. خوێنەر پاش ئەوەی بەیتەکەی خوێندەوە دەزانێ ئەو کەسەی گول بووە و برایمۆک گێڕاویەتی و ئەو هەموو جەفایەی دەگەڵ کێشاوە، میرشێخە و ئەوەی ئەو هەموو خراپەی دەگەڵ دەکا و ئەو پەیوندەی بەسەردێنێ و بە چلووی زستانێ و بە مانگی کانوونێ دەری دەکا لە وڵاتی، میرحەجە. لە زۆر جێی بەیتەکەدا ناوی میر شێخ بەگول براوە. کەچی کاتێک میرحەج دوولکی لەسەر ئەستۆی برایمی دادەگرێ و هەردووک پێی لێ دە کەوشێک دەکا و حوکمی لەسەر دادەنێ بڕوا، برایم چاکەی خۆی بەچاویدا دەداتەوە و دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکا و دەڵێ:

«میر بەقوربانت دەبم، خۆ نانی ئاغایان بۆ نۆکەران منەتی نینە،
هەر نانی خۆت بەفکرە ئەمەگی منی قەلەندەرت بەفکر نینە،
ئەتوو گولێک بووی لەوانی نفرینە،
حەوت ساڵانم سواڵ بۆ کردی، سێبەرم بۆ دەکردی لە گوێی کەرێ شینە،
بەوانەش قایل نەبووم بردمیە ئەستەمبووڵێ بۆ خزمەت سوڵتانی ئەمینە،
دەچوومە کن شوان و گاوانان دە قاپێلکی کیسەڵاندا چۆڕچۆڕەی شیرم بۆ توو هێنا.
ئێستا دەڵێی دەرت دەکەم بەدڵ و یەقینە».

ئەو حەوت دێرانە سیمای بەیتەکە دەگۆڕن و سەر لە خوێنەر دەشێوێنن چاککردنیان هاسان بوو. بەڵام هەق نەبوو دەستیان لێ بدەم. چۆن نووسرابوون هەر وام نووسینەوە.

---

(١) ئەو سەردەمەمان وەبیر دەخاتەوە کە سوڵتانەکانی عوسمانی بەناوی دینەوە بەشی زۆری موسڵمانانیان دەچەوساندنەوە و وایان فریودابوون کە بەخۆیان نەدەزانی.

پاش ئەو چەند دێرانە برایم هەستی دەروونی خۆی دەردەبڕێ و بەخاتوون پەریخان هەڵدەڵێ و بەڕاستی بەندەکانی ناسک و جوانن.

برایمۆک بە هەزار کوێرەوەری و دەردی سەری دەگاتە ماڵە میرشێخی و بەبێ سەر و زمانی لە کانیە خومارۆیەی دێننەدەرێ. (جێی هەرە ئینسانی :چیرۆکەکە ئێرەیە). میرشێخ بەتایبەتی ژنە گەورەکەی، ئەمەگی برایمۆک دەدەنەوە. چارێک بۆ برایمی کەسیرە و سڕبوو دەدۆزنەوە و فیداکاریەک بۆ ڕزگاری ئەو لە چەنگاڵی مەرگ ئەنجام دەدەن؛ کە ڕەنگە وێنەتان لە هیچ :چیرۆکێکیدا نەخوێندبێتەوە. برایمۆک لە مردن ڕزگار دەبێ، میرشێخ دەنێرێ خاتوون پەریخان بە فێڵ دێنێتە ماڵە خۆی و لە برایمی مارەدەکا و برایم بەئاوات دەگا:

کاری هەرتکیان بوو تەواوە
موبارەک بێ بووک و زاوا
(ڕەحمان بەکر) ڕاوەستاوە
لەنێو کوردی زۆر بەناوە
لە سابڵاغێ دانراوە
حوکمی[١] خاریجەگەری بەوی دراوە،
ئەلحەملای کارمان تەواوە.

***

شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی

شەشەم بەیتی کتێبەکەمان بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستییە. ئەو بەیتە پاش مەم و زین لە هەمووانی پتر جێ گرتووە. (ڕەحمان بەکر) لەو بەیتەدا زۆر وەستا و

---

(١) وا دیارە ڕەحمان بەکر لە پاداشی ئەو کارەی کە بۆ ئۆسکارمانی کردووە، کراوە بە تەبەعەی دەوڵەتی ئەڵمان. ئەو سەردەمەی قانونی کاپیتو لاسیۆن لە وڵاتی ئێران هەبووە. ئێرانی زۆریان بوونە تەبەعەی دەوڵەتە گەورەکان و قانوونی ئێران نەیگرتوونەوە. نەمبیستووە پیاوی هەژار و کەم دەست بووبنە تەبەعەی بێگانە، ڕەنگبێ ڕەحمان بەکری کرمانج لە سایەی هونەرەکەیەوە یەکەم کرمانج بووبێ کە ئەم کارەی بۆ جێبەجێ کرابێ. -هێمن-

شارەزا بووە. زۆر بەڕێ و جێی گوتووە و باش تۆمارکراوە.

دەڵێن فەرخ و ستی بە زاری کرمانجی ژووروش چاپکراوە، بەڵام بەداخەوە وەگیرم نەکەوت تا لەبەریەکیان ڕانێم و جیاوازییەکانیان بخەمە بەرچاو.

بەیتبێژ دەپێشدا بە قسە دەست پێ دەکا و زۆر بەکورتی باسی لە دایکبوونی فەرخمان بۆ دەگێڕێتەوە. (نازانم بۆ بەپێچەوانەی جاران ڕەحمان بەکر قسەکانی پچکڕ پچکڕ و تێکەڵ پێکەڵن). پاشان دێتە سەر شیعر. شیعری جوان و ڕەوان، شێعری سوار و ساکار، شێعری بەتاموخوێ و تەڕوپاراو. لەسەر کێشی خۆمانە و تایبەتی و کۆنی کوردی. بۆ دەربڕینی مەبەست، جاری وایە نیوە شیعرەکانی تەواوێک درێژن و جاری واشە زۆر کورتن. بەڵام لە هەموو حاڵێکدا کێش و مۆسیقا پارێزراوە. قافیەی زۆر بەگرنگ گرتووە. شیعری بێ قافیەی تێدا نابینی. بەڵام قاعیدەیەکی ڕێکوپێکی نییە، جاری وایە زۆر لەسەر قافیەیەک ڕۆیوە و جاری وایە هەر تاقە دوو نیوە شێعر لەسەریەک قافیەن، بەستەیە بەهاسانی و گرانی قافیە، ئەگەر هاسان بووە زۆری لەسەر ڕۆیوە و ئەگەر گران بووە خۆی ماندوو نەکردووە و زووی بڕیوەتەوە. شایەرە کۆنەکان دووپاتەکردنەوەی قافیەیان لە شیعردا بەعەیب نەزانیوە. ئەم کێش و قافیە نەبۆتە هۆی ئەوە شایەر لە مەبەستی بنەڕەتی دووربێتەوە و لە گێڕانەوەی :چیرۆک دامێنێ. ئەم بەیتە بەندی زۆر جوان و مەزموونی زۆر ناسک و شاعیرانەی تێدا هەن، تابلۆی زۆر ڕەنگین و هونەرمەندانەی کێشاوە. زمانەکەی زۆر تەڕ و پاراوە. وشەی گەلێک ڕەسەن و شیرینی کوردی بەکارهێناوە. بەپێچەوانەی بۆچوونی ئۆسکارمان، بەیتبێژ لە شێوەی موکریانیدا گیری نەخواردووە و لە زاراوەکانی دیکەش گەلێکی کەڵک وەرگرتووە. بەتایبەتی ئەگەر پێداویستی بەقافیە بووبێ،

ئەوەی لەو بەیتەدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە و بێگومان سەرنجی خوێنەرە بەڕێزەکانیش ڕادەکێشێ تەنیا باری شێعر و زمان نییە؛ بەڵکە باری داڕشتنی :چیرۆکە. ئەم بەیتە لە کۆمەڵێک چیرۆکی جۆربەجۆر پێک هاتووە کە تێکەڵ کراون و پێکەوە جۆش دراون و ئەم :چیرۆکە سەیروسەمەرەیان لێ پەیدابووە. من زۆرم چیرۆک بیستوون و کەمیشم نەخوێندوونەوە. تا ئێستا :چیرۆکی کورتی وام نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە کە ئەوەندەی لکوپۆپ لێ بێتەوە و ئەوەندەی ڕووداوی سەیر تێدا بێ.

ئەم :چیرۆکە کورتەی کە شایەری نەناسراوی کورد بۆ ئەوەی بتوانێ بەشەوێک تەواوی بکا، ناچار بووە کورتی بکاتەوە تا شاباشی ئاغای پێ بگا، تا قاوەچی کرێی بداتێ، یا هیچ نەبێ، دانیشتوانی هونەردۆستی مزگەوتی لادێ، ڕەحمەتی بۆ دایک و باوک بنێرن و دەم خۆشێکی پێ بڵێن، ئەگەر بەبیری نووسەرێکی وەک (ئەکساندر دوما)دا هاتبا، بێگومان چەند بەرگ ڕۆمانی شیرین و درێژی لێ دروست دەکرد.

بەیتبێژ بێ ئەوەی بێڵێ هەودای :چیرۆک بپسێ، زۆر باری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو ڕێوشوێنە تایبەتییە باش و دزێوانەمان نیشان دەدا کە ئێستاش ماون و بەتایبەتی لە لادێدا کەمیان گۆڕان بەسەردا هاتووە. ئەگەر ژنێک زا، چۆن ژنانی ئاوەدانی لێی کۆدەبنەوە. ئەگەر کوڕی بوو، چۆن مزگێنی بۆ باوک و کەسوکاری دەبەن؛ چۆن ڕووژووی دەکەنەوە؛ نێوکی دەبڕن و دەیهاوێنە سەر بێژینگ تا حەوتووی دەچێ. ژنی زەیستان چۆن دەکەوێ و مەلۆتکەی لە تەنیشت دادەنێن و بۆ ئەوەی شەوە منداڵەکە نەخنکێنێ و ئاڵ خۆی نەبا، قورعان و دوعای لەسەر دەخوێنن؛ یا هیچ نەبێ قورعانێکی لە پشت سەری دادەنێن. پاش ئەوەی حەوتووی چوو دایک خۆی دەشوا و جلک دەگۆڕێ و منداڵ ناو دەندرێ و داوێژرێتە سەر پشتی لانک و گوێزەبانەی بۆ دەگرێ. بەڵام قارەمانی ئەم :چیرۆکە گوێزەبانەی بۆ ناکرێ؛ چونکە کارەساتێک دەقەومێنێ کە خزم و کەسوکاری هۆشی ئەو کارەیان نامێنێ. پاش ئەوە باسی مردوو و مردن و شووتن و ناشتن و سەرەخۆشی و پرسە و لە مزگەوت کۆبوونەوەمان بۆ دەکا. ئەو ڕێوشوێنەی کە هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و لەلادێدا هەروەک خۆی ماوە[1].

ئەو کەسانەی (تذکرە الاولیا)ی شێخی عەتتار شاعیر و نووسەر و سۆفی بەناوبانگی فارسیان خوێندبێتەوە، دەزانن شێخی وا هەبوون و کاری وایان کردووە

(١) بیستوومە لە ناوچەی پشدەر شەخسێک هەیە ناوی شێخ فەرخە. خەڵکی ئەو ناوچە زۆریان پێ گەورەیە و گۆڕەکەی مەزارە و بۆ نیاز و مرادان دەچنە سەری. ماوەیەک لەوەی پێش لاوێکی خوێندەوار و ڕووناکبیری پشدەری بەڵێنی پێ دام زانیارییەکی تەواوم لەسەر ئەو پیرە بۆ بنووسێ و بۆ بنێرێ. ئەویش بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا و نووسراوەکەی لە شوێنی خۆیدا چاپ دەکرێ. شێخ فەرخی پشدەر شێخێک بووە وەک ئەو هەموو شێخانەی دیکە. کەشف و کەراماتی نواندووە و چاکەی دەگەڵ خەڵک کردووە و لە خراپەی گێڕاونەوە.

پیاو سەری سووڕدەمێنێ و پێی بە عەرزەوە وشک دەبێ. بۆ نموونە لەو کتێبەدا خوێندوومەتەوە ڕۆژێک دوو شێخ لە قوون تەندوورێک کە هەروا نێڵەی دەهات پێکەوە ڕۆنیشتبوون. جامێکی ئاویان بۆ دانان. یەکیان دەستی دە ئاوەکەی هەڵدا و ماسییەکی زیندووی دەرێنا. ئەوی دیکە گوتی: «جا ئەوە چییە، ماسی ماڵی ئاوێیە.» ئەوجار بۆ خۆی دەستی ڕۆهێشتە تەندوور و ماسیێکی هێنادەر. ئەویش نەک ماسی برژاو، بەڵکە ماسی زیندوو. یا ئی وایان هەبووە دەرزی دە بەحر هاویشتووە و دوایە گوتوویەتی دەمەوێتەوە. هەزاران ماسی لە دەریا هاتوونەدەر و هەریەکە دەرزیێکی زێڕ و زیوویان بەدمەوە بووە شێخ نەیویستوون و تا ئاخری ئی خۆیان دۆزیوەتەوە و بۆیان هێناوەتەوە! زۆریان بەرماڵی ممبارەکیان هاویشتۆتە سەر دەریا و پێی پەڕیونەوە، یا باریان لە شێری دڕندە ناوە و هەژدیهایان وەک گوریس پێ هەڵداوە. شێخی عەتتار زۆر شتی سەیرتریان لێ دەگێڕێتەوە. شێخ فەرخی پشدەریش یەکی وەک ئەوانە بووە و کاری وەک ئەوانی کردوون.

بەڵام ئەو شێخ فەرخەی کە خەیاڵی شایەرێکی کوردی نەخوێندەوار دروستی کردووە، کاری لە کەشف و کەراماتی شێخانەدا نەهێشتووە و موعجیزاتی پێغەمبەرانەی کردوون. سەیر ئەوەیە بەپێچەوانەی پیاوچاکان، بەباری خراپەدا کەڵکی لەو هێزە خواپێداوە وەرگرتووە.

فەرخ هەر لە دایکی بەردەبێتەوە، وەک عیسا قسە دەکا. خەڵک سەریان سووڕدەمێنێ و بە ڕموزنی دەزانن. فەرخ لە قەرەواش و مامان و ژنەکانی دەوروبەری دایکی ڕادەخوڕێ و هەڕەشەیان لێ دەکا و تەنانەت لە هەڕەشەکەیدا وشەی بێگانەش بەکاردێنێ، تا بزانن جگە لە زمانی زگماکی، زمانی دیکەش دەزانێ و دەڵێ:

ئەو پیرێژن و مامانچی و سەرسپییە،
هێندێک کێشکچی بن هێندێک بەرن مزگێنییە،
زۆرو دەدەنێ کەم نییە،
ئەگەر هێناتانەوە هەموویان لێ بەش دەکەم بە برایەتییە،
هەر کەس پووڵێکی بدزێ بەحەققی ئەو خولایەی ڕەببییە،

سەری دەتاشم سواری کەرێی دەکەم (بیروونی) دەکەم لە شاری داودییە.

فەرقی فەرخی دەگەڵ عیسا دوو شتە. یەکیان: عیسا کە بەساوایی قسەی کرد، بۆ پاکانەکردن لە دایکی بوو. قسەکانی باش و خێربوون. بەو موعجیزە مریەمی بوختان پێکراو و ئابڕووبراوی کردە ژنێکی پاکی مێژوویی. بەڵام فەرخ، زمانی بەباش و خێر نەگەڕا. جگە لەوەی هەڕەشەی پێ لە خەڵک کرد، بەو زمانە تەڕ و پاراوە تووک و نزای لە دایک و باوکە بەستەزمانەکانی خۆی کرد و کوشتنی. ئەوە یەکەم کاری باشی فەرخۆڵەیە، شاکارەکانی دیکە دوایە دەبینن. فەرقی دووەم ئەوەیە وەک دەزانن عیسا دڵداری و شتی وای نەکردووە و تا لەسەر عەرزی بووە بە ڕەبەنی ماوەتەوە؛ بەڵام فەرخۆڵەی ئێمە هەر لە زگی دایکیدا ئاشقی خاتوون ئەستی کچی مامی بووە و دایک و باوکە هەژارەکانیشی بۆیە مراندن تا بەکەیفی خۆی کاو لە خاتوون ئەستی ببینێ.

مامی فەرخی ترسا خەبەر بە سوڵتانی ئەستەمبووڵێ ڕابگا کە ڕمووزنەی وا لە بنەماڵەکەیاندا پەیدابووە و ئازاریان بدا. دەستووری دا لە تەویلەی کەڵ و گامێشاندا فرێی بدەن تا لەبن پێیاندا بچێ.

ئەوە ئەفسانەی زاڵی باوکی ڕۆستەمیمان وەبیر دێنێتەوە. بە قسەی فیردەوسی ئەویش منداڵێکی سەیر بووە. کە هاتۆتە سەر دنیا ڕیش و سمێڵێکی پیاوانەی هەبووە. باوکی کە پاڵەوان و ڕەسەنزادە بووە، پێی شوورەیی بوو تۆرەی وا سەیروسەمەرەی لەپاش بەجێ بمێنێ. بۆیە ناردی لە بیابان فڕێیاندا. سیمرغ بردی و بەخێوی کرد و عاملاندی و کردی بە پیاوێکی ئەوتۆ کە باوکی شانازی پێوەبکا[1].

کە فەرخیان هاوێشتە سەر لانک و دەسرازە توند توند شەتەکیان دا، کارێکی وای کرد کە بێگومان لە مێژوودا وێنەی نییە و نەبیستراوە؛ با لە زمان بەیتبێژەوە کارەساتەکەتان بۆ بگێڕمەوە؛

«تەمەنای کرد لە ڕەببییە،

هەموو کەس خەوی گران بییە،

---

(١) ئێستاش لە کوردەواریدا ئەگەر ویستیان باسی زانایی و وریایی کەسێک بکەن، دەڵێن دەست پەروەردەی سیمرغە.

وەڵڵاهـی چیدی دەو لانکەی دا نابم ئەو شەو دەچمە پاڵ خاتوون ئەستییە.
فەرخ هـاواری دەکردە خولاّی جەبباری،
دەسرازەی بەسەر خۆیدا فڕێ دەدا لە لانکێ دەهاتە خوارێ بە یەکجاری»

بە سـەرینی خـاتوون ئەستیە هەڵدەگەڕا، دەرزی لە بەرۆکێ دەرهێنا پێی دە یەخەی کێشا بۆخۆی چووە نێو سینگ و مەمکانی بە یەکجاری. دڵداری وا سـەیروسەمـەرە کێ بیستوویەتی؛ مەلۆتکەیەکی سەر حەوتوو و چلوان خۆ لە لانک هەڵدێرێتە خوارێ، بە سـەرین هـەڵگەڕێ، بە درزی بەرۆکدا خـۆ لە ژووری ڕۆکا و بچنە زگ کیژێکی سەر و عوزر شـۆڕ!! جا توخوا خـاتوون ئەسـتی هەقی نەبووە بلّێ: «گولە! ئەتوو دێیـە کن ئەمـن چت پێ دەکـرێ؟» ئەو ژوانـانە درێژەیـان دەبێ و شـتـی سـەیر لەو بابەتـەوە لە بەیتەکەدا دەخوێننەوە کە پێویست ناکا من بۆتان بگێڕمەوە.

لەپڕ ڕووداوێکی تـازە ڕوودەدا؛ ئاشـقێکی دیکە بـۆ خـاتوون ئەسـتییـە پەیدا دەبێ. شـێخـاڵە کـەچەڵێک قـوت. دەبێتـەوە. گـەورەپیـاوێکی ولاّتی خـۆیەتی، کـەچی لە سـوێ خاتوون ئەستییە دەبێتە شوانی ماڵی باوکی.

لکێکی تر لە :چیرۆکەکە دەبێتـەوە. شێخاڵ لەباتی شـەرتی شوانی داوای خـاتوون ئەستییە دەکا. براکانـی و دایک و باوکی ناچار دەبن بەزۆرەملێ خاتوون ئەستییە لە شـێخـاڵ مـارە بکەن. بەو مـەرجـە شـێخـاڵە کـەچەڵ بە (گـۆڕەمـەرگی) یـانی تا مـردن بۆیان بـچـێـتـە بەرمـەڕی. شـایەر لـێرەدا دیمەنێکی دزێو و ناشـیـرینی ڕێوشـوێنی کۆمـەڵایەتی کوردەواریمان نیشـان دەدا. ڕێوشـوێنێک کـە ماکەی چارەڕەشـی کۆمـەڵە دیلی و بێدەستەڵاتی کچ و زوڵم و زۆری برا و ماڵپەرستی و بێبەزەیی دایک و باوک.

خاتوون ئەستی ناڕازییە، کەس ئەو کـارەی پێ خۆش نییە. تەنانەت مـاڵپەرسـتی و تەمـا ح، کەسـوکـاری کـچـەکەیان ناچارکـرد ئەو کـارەی بکەن. ئەوان مـەڕەکـەیان لە کچەکەیان پێ بەنرختر بوو، دەنا پێیان خۆش نەبوو شێخاڵ ببێتەزاوایان. لەو نێوەدا تەنیـا دوو کەس بەکـەیفن، دیارە یەکیان شـێخـاڵە کـەچەڵە. ئەوی دیکە کێ بێ باشـە؟ ڕەنگبـێ بەلاتانەوە سـەیربـێ ئەگـەر بلّـێم ئەوی تـر کـەس نـیـیـە فـەرخـۆڵەی دڵتـەڕ و شــەوگـەڕ نەبێ بەڵێ! فـەرخـۆڵە گـوێ ناداتە ئەوی گـراویەکـەی بەزۆری و بەنـابەدڵی بەمێرد دەدەن. بۆچی؟ چونکە دەترسا یەکی دی بەسـەر خاتوون ئەستی هەڵوەستێ و

خاتوون بەبووک بچێ؛ بەڵام شێخاڵ زاوابەندە و قەراریش وایە تا خاتوون ئەستی بۆخۆی مل نەدا، بەدەستی نەگرێ. کەوابوو جارێ فەرخ دەرفەتی هەیە کەیفی خۆی بە دۆستەکەی تەخت بکا.

لەو بەیتەدا شتێکی ترمان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆنی کوردەواری و تەئسیری وەزعی ئابووری لەسەر ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی گەلان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەمیرێکی کورد کە ئەگەر :چیرۆکەکە بخوێننەوە تێ دەگەن زۆر بڕوای بە جیاوازی چینایەتی هەیە- حازر دەبێ کچی خۆی بدا بە شوانێک. بۆ؟ چونکە تا ئەم دوایانە کورد گەلێکی کۆچەر بووە و بەمەڕداری و ئاژەڵ بەخێوکردن ژیاوە و زۆر کەمی ئاوڕ وەسەر کشتوکاڵ داوەتەوە. دیارە شوانێکی چاک چەند بەکاری مەڕداری دێ. لە کتێبەکانی دینیدا خوێندوومانەتەوە زۆربەی پێغەمبەرەکان شوان بوون و شوانی سوننەتە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی مەڕداری کاری ئەسڵی گەلانی کۆچەر بووە[١].

دیسان شایەر لکێکی دیکە لە :چیرۆکەکە دەکاتەوە و شێخاڵ گڕنەی دەگرێ کە دەبێ خاتوون ئەستی بێتە مەڕ دۆشین. ئەگەر ئەو شوانە، ژنیشی دەبێ بێری بێ. ئەو لکەی :چیرۆکەکە هەم زۆر شیرین و خۆشە هەم شتی سەیری تێدان، هەم چەند ڕێوشوێنی کۆنی سەردەمی دەرەبەگایەتی کۆمەڵی کوردەواریمان نیشان دەدا کە تا ئێستاش بەتەواوی بنەبڕ نەبوون. شیو و کوڵی کیژە ئەمیران، چوونە مەڕی ناسکە بێرییان، بێر و هاوێری مەڕی و شتی دیکەی وا. فەرخیش بێ کار نییە و ڕۆڵی ئەسڵی هەر ئەو دەیگێڕێ. کچەکان دەخەوێی دەکەن و دەچنە شیو و کوڵ. کە وەخەبەر دێ وەدوویان دەکەوێ. ئەوان خۆیان ڕووتکردۆتەوە و خەریکی کاری خۆیانن. فەرخ لە کەلێنی بەردی پاردەوە تەماشایان دەکا. کارێکی سووک و منداڵانە و بێ شەرعییە. ڕاستە لە ڕاست خوشکەکانی خاتوون ئەستییە چاو دەقوچێنێ؛ بەڵام هەر لەبەری پێوە تا تۆقی سەری دە خاتوون ئەستییە دەفکرێ. بە چ هەقێک ئەو کارە دەکا، مەگەر خاتوون ئەستی مارەکراوی پیاوێکی دیکە نییە؟ گریمان فەرخ زۆر ڕووناکبیر بووبێ و لێکی دابێتەوە خاتوون ئەستی بەزۆرەملی مارەکراوەو مارەی لە شێخاڵ نەهاتووە، دیسان هەقی نەبوو ئەو کارە ناشیرینە بکا. بۆ ئەوەی سەرنجی

---

(١) مووساش بە زاوابەندی شوانەتیی کردووە.

خاتوون ئەستی ڕابکێشێ، کارێکی سەیرتر دەکا. بەردان بەسەر خۆیدا دەڕووخێنێ و بەئانقەست خۆی دەگەیەنێتە حاڵی جاوی. وسو ئاغای بانگ دەکەن یاسینی لەسەر بخوێنێ؛ بەڵام لەپڕ زیندوو دەبێتەوە و نایەڵێ وسو ئاغا- کە ئەویش دڵی بەخاتوون ئەستییەوە هەیە- بێتە پێش.

پاشان وسو ئاغای دەکاتە نۆکەر و پیاوی خۆی. ئەویش بە چ فێڵێک؟ وسو ئاغا لە تۆرەی بەکرە مەرگەوەڕە؛ لە جزیری بۆتان هەڵی نەکردووە، پەڕیوەی ئەم وڵاتە بووە. کەس بەو ڕازە نازانێ فەرخ نەبێ، چونکە غەیبزانە. کە ئەوەی بە وسو ئاغا ڕادەگەیەنێ، وسو ئاغا دەست و داوێنی دەبێ ڕاستی لێ نەڵێ. خاتوون ئەستی بەخوشکی خۆی قبووڵ دەکا و بۆ هەمیشە دەبێتە پیاو و پشتیوانی فەرخ و خزمەتی بەنرخی پێ دەکا(١).

گوتمان فەرخ کە لە دایک بوو موعجیزەی عیسای نواند، بەڵام بەباری باشدا نا. ئێستا دەبینین موعجیزەی مووساش دەنوێنێ؛ دیسان بەباری خراپدا. مووسا وەکازێکی هەبوو دەیکردە هەژدیها. گیانی وەبەر بێ گیانێکی دێنا، بۆ ئەوەی سیحر بەتاڵ بکا؛ بۆ ئەوەی جادووگەران ببەزێنێ؛ بۆ ئەوەی فیرعەونی زاڵم و زۆردار بترسێنێ. بەڵام فەرخ گیاندارێک بێ گیان دەکا؛ ئینسانێک دەکاتە بەرد.

خاتوون ئەستی و دایکی بۆ دڵدانەوەی شێخاڵ دەچنە مەڕی. فەرخ ناحەجمێ و وەدوویان دەکەوێ. دایکی خاتوون ئەستییە سیری دەخوا و زمانی دەسووتێ و ناماقووڵی دەکا و ئێستر وەسەر فەرخ دەپەڕێنێ. فەرخ ڕقی لێ هەڵدەگرێ. دەپێشدا تۆڵەیەکی لێ دەستێنێتەوە و کارێکی وا دەکا کە منداڵی هەرە قۆشمە و بەدفەڕ نەبێ نایکەن. دڕوی وەبن کلکی ئەو ئێسترە دەدا کە پیرێژنە سەر بەسۆدرەکە سواری بووە. دڕو وەبن کلکی ئێستردان گاڵتە نییە؛ ئێستر شێت دەبێ. جیفڕک هەڵداوێ. ئەملا و ئەولا دەکا، تا پیرێژن هەڵدەدێرێ و چی وا نامێنێ مل بشکێنێ. فەرخ بەوەشی لە کۆڵ نابێتەوە. دوعای لێ دەکا و دەیکاتە بەردێکی شین.

دەچنە مەڕی لکێکی شیرین و جوان لە بەیتەکە دەبێتەوە. نامەوێ باسی بکەم.

---

(١) تێگەیشتن دووزمانی و شۆفاریی چەند تاوانێکی گەورە بووە؟ تۆرەی پیاوێکی شۆفار بۆ ئەوەی ڕازی نەدرکێ، بەهەموو دەستەڵاتی خۆیەوە ملی بۆ منداڵێک ڕادەکێشێ.

دیسان فەرخ هێزی خۆی نیشان دەدا و شێخاڵ ڕەق دەکا. کەیفی خۆیەتی شێخاڵ بێ ئەدەبی دەگەڵ کردووە؛ بەڵام ئیزندانی گورگ بۆ نێو مەڕ، کارێکی پیاوچاکانە نەبوو و زەکات بەگورگی دان بەهیچ شەرعێک دروست نییە. کەچی فەرخی ئێمە بێ ئەوەی ئەو شیعرەی سەعدی لەبیر بێ:

ترحم بر پلنگ تیز دندان

ستمکاری بود بر گوسفندان

گورگان دەنێرێ لەبەر چاوی باشقە شوانی مامی، مەڕی بخۆن؛ هەر بۆ ئەوەی هێزی خۆی بە شێخاڵ نیشان بدا.

لە گەڕانەوەدا خاتوون ئەستی زۆری لەبەر دەپاڕێتەوە دایکی نەجات بدا. ئەویش لەبەر دڵی ئەو گیانی وەبەر دێنێتەوە. بەڵام جارێ تا دەگەنەوە شاری دەیکاتە دێڵەسەگ و نایکاتەوە ئینسان. ڕاستە ئامۆژنی ژنێکی باش نەبوو؛ بەڵام ئەو تۆڵەئەستاندنەوەش زۆر بێ ڕەحمانەیە.

ئامۆژنی نەقڵەکە بۆ کوڕەکانی دەگێڕێتەوە و ئەوانیش ئەو سووکایەتییەیان پێ قبووڵ ناکرێ. لە فەرخ دەخەفتێن و خەریک دەبن بێ بەتڵێن. ناچار ڕادەکا و دەچێتە ماڵە وسوئاغا. ماڵە وسو ئاغا زۆر ڕێزی لێ دەگرێ.

لەوێش ئیعجازێک دەنوێنێ کە (شەقو لقەمەمان) وەبیر دێنێتەوە. هێشتا سێ ڕۆژی ماوە ڕەمەزان تەواو بێ، مامی ڕادەگەیەنێ هەرکەس مزگێنی جێژنم بۆ بێنێ جوانوو ئەسپێک و کەوڵێکی جێژنانە دەدەمێ. فەرخ زەمان دەگۆڕێ و جێژن سێ ڕۆژ وەپێش دەخا و مانگ دەبیندرێ و جێژنانەی وەردەگرێ. لە هەموو کارەکانی سەیرترە؛ دەستەڵاتێکی زۆری ئینسانە بەسەر تەبیعەتدا. کەس شتی وای لە دەس نەهاتووە. جگەلەوە تەنیا کارێکی قارەمانی :چیرۆکەکەمانە کە قازانجی خۆی تێدایە و بەزیانی کەسیش تەواو نابێ.

کوڕە مامەکانی ئەوجار بەفێڵ و دەهۆ خەریکن لەنێوی بەرن. خاتوون ئەستی پێ دەزانێ نایەڵێ دە داو کەوێ. فەرخ چیدی خۆی پێ ناگیرێ؛ دەپێشدا کارێکی گەلێک خراپ و ئەتکێکی زۆر گەورە بە کوڕە مامەکانی دەکا.

یەکێک لە ڕەسمە هەرە دزێو خراپەکانی کوردەواری کە بەداخەوە ئێستاش هەر

ماوه، گیشە و گەڵ و خەرمان سووتاندن، زگی گا دڕین. کلک و گوێی کەر و ئێستر بڕین و ڕەفیسکە و ڕەمانەی یەکسم هەڵبڕینە. فەرخیش پێش ڕۆیشتن ئەو کارەی کرد. با شایەر بۆتان باس بکا:

«کێ، بوو؟ فەرخۆڵەی نازدارە،

شێری بابی وەچەنگ کەوت ئەو جارە،

دەستی دایە بۆ یەختەخانەی ماڵی مامی چووە خوارە،

دەرکی کردەوە چوو لە تەویلەی گرتی قەرارە.

بەتەویلەیدا هات لە ڕەفیسکەی هەموو ماین و ئەسپانی داوە.

قەت یەکێکی بەساغی نەماوە.»

پاش ئەو کارە ناشیرینە لێی سواری جوانوولەی خۆی دەبێ و دەچێ بۆ شام بۆ ماڵی خاڵی. لە ڕێگادا تووشی زۆر کوێرەوەری دەبێ؛ بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ دەبێ. دیارە نەک بەهێزی شان و باهۆ، بەڵکە بەهێزی مەعنەوی. بەفر دەتوێنێتەوە و نەقڵی شەقبوونی نیلمان بەئیشارەی مووسا وەبیردێنێتەوە، بەزەحمەت لە زێ دەپەڕێتەوە. پیرە بارگینێک ئەسپەکەی بریندار دەکا، هەرچەند دوایە پەشیوان دەبێتەوە، فەرخ لێی نابوورێ و تووکی خراپی لە خۆی و تۆرەمەی دەکا.

فەرخ ئەو جار ئیعجازی سولەیمانی پێغەمبەر نیشان دەدا؛ زمانی باڵندان دەزانێ. دوو ڕەشیشەی نێر و مێ ئەسپەکەی دەرەوێننەوە، ڕازێک بۆ نێرەکە دەگێڕێتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوە هەموو سەری مێیەکەی هەڵبچڕێ. لەو موعجیزەش کەڵکی خراپ وەردەگرێ، بەڵام دوایە پەشیوان دەبێتەوە و دوعای باشیان بۆ دەکا. لە کەوانیش تووڕە دەبێ و دوعای لە کەوانیش دەکا. دوعاکەشی گیرابووە.

نازانم لە پێش ئەوەیدا فەرخ دوعا لە کەوان بکا چۆن بوون؟! بەڵام ئەوانەی لە کوێستان ژیاون دەزانن کەوی تیژباڵ دەبەفری یەک نوا و تەڕدا هەر یەک باڵ و دوو باڵ دەفڕێ. کە باڵی تەڕبوو سەری لە بەفرێ ڕۆدەکا و قوونی قووچ دەکاتەوە و بە دەستی دەگیرێ.

کورتی ببڕینەوە فەرخ بەهەزار ناری عەلی گەیشتە شامێ و ماڵی خاڵی. بەڵام ئەو پەندەی پێشینیانی لێ وەڕاست نەگەڕا: «خاڵان خوارزا مەزن کرد، مامان برازا بزر

کرد». خـاڵی نەک هەر بەخـێرهاتنی نـەکرد، نەک هـەر بەپـیرییـەوە نـەچوو، نەک هـەر ڕێی نەدا بۆ مـاڵی خـۆی، بەڵکە جـارێ ڕاکێـشـا، کـەس ڕاینەگـرێ. فـەرخ پەنای بۆ تەکیەی شێخان برد.

دیسـان لکێکی دیکە لە :چیرۆکەکە دەبێتـەوە. لکێکی خـۆش و شـیـرین و تەنانـەت سـەیر و پڕ گاڵتەوگـەپ. من نامـەوێ لێرەدا باسـی ئەو بەشـەیان بکـەم، تەنیا دەمـەوێ ڕێوشـوێنێکی سـەیری سیاسـی کـۆمەڵی کوردەواریتان بخـەمە بەرچاو. لەو بەیتەدا و لە زۆر :چیرۆکی دیکەی کوردیدا هـەیە و بێگومـان ئەسـڵێکی هـەبووە. کاتێک ئەمـیری شـارێک دەمرێ یا لێ دەکەوێ، بـازی دەوڵەت هـەڵداوێن و لەسـەر هـەر کـەس نیـشـت ئەوی دەکەنە ئەمـیر. سـەیر نییە کۆمـەڵێک ئینسـانی خاوەن عـەقڵ و بیروڕا و تەگبـیر، ئیختـیاری خۆیان بدەنە دەست باڵندەیەکی بێ عەقڵ، گەورە و مـەزنیان بۆ هەڵبژێرێ؟ فـەرخیش بـەو جـۆرە بوو بـە ئەمـیـری شـامێ. لەو :چیـرۆکـەدا لەباتی دەوڵەت کـە لە کـوردەواریدا زۆر مــەشــهــوورە دەڵێ: (بـازی یەقین). مـن ئەوەم هـەر لەو بەیتــەدا بیستووە. بەڵام ئەوە زۆر هـەیە ئەگەر کەسێک چاکی بۆ هات، کورد دەڵێ:

«بازی دەوڵەتی لەسـەر نیشتووە»

فـەرخ بە ئەمـیـری و مـەزنی و تەخت و بەخـتـیش خـاتوون ئەسـتی لەبیـرنەچووە. دیسـان بەشـێوەی سـولـەیمان پێغـەمبـەر قـاسـیدی ناردە کن خـاتوون ئەسـتی. بەڵام قـاسـیدی ئەو باڵندەیەکی جوان و پاک و خاوێن بوو. پـەپووسـڵـەمـانەی بۆگـەن نەبوو؛ قورینگ، قورینگی جوان و نازدار بوو.

باسـی ڕازیکردنی شـێـخـاڵ و ناردنی خـاتوون ئەسـتی بۆ شـامـێ، دیسـان لکێکی دیکەی چیرۆکەکەیە. لەسەر ڕۆینی لێرەدا پێویست ناکا. بەڵام فەرخـی ئەمیر و مەزن، شـیـرین کـارییـەکی دیکە دەکا. پێی وابووە بەربووە و هـەمـیـشـە بـۆی دەلوێ، دیسـان بەدزی پارێزێ بـۆ خـاتوون ئەسـتـیـیـە دەبا کـە لە قـەراخ شـاری هەڵی داوە. خـەریک دەبێ وەک زەمـانی منداڵی دەباڵی خـزێ؛ کـەچی پاسـەوان پێ دەزانن. دەیگرن، جـا وەرە لێی دە؛ کـوێت دێشـێ. هێندیان لێ دا تـا دەنگی لە زگی هات. دوایە خــاتوون ئەسـتی ناسییەوە. بـۆچی وای کرد؟ بۆخـۆی دەزانێ. ئەگـەر تـا بەیانی سـەبری کـردبا ئەو لێدانەی دە کیسـەیدا دەماوە.

پاش مـاوەیەک خـاتوون ئەسـتی دەگـەڕێتـەوە و دەمـرێ و فـەرخـیش ئۆقرە ناگرێ و

دێتەوە وڵاتی خۆی. کە دەزانێ خاتوون ئەستی مردووە، دەچێ دەست دە کێلەکەی وەردێنێ و لە خوڵای دەپارێتەوە، یا بیکوژێ یا خاتوون ئەستییەی بۆ زیندوو بکاتەوە. نزاکەی بە زیانی خۆی گیرا دەبێ:

هەرچەند دوعای کرد فەرخ بەستەزمانە،
لێی نەهاتە جواب خاتوون ئەستی نۆجوانە،
لە بارەگای خوڵای دەهات میوانە،
ڕوحیان لێ وەردەگرت ئەو بەستەزمانە،
دەهاتنە سەری ئەو هەموو خزمانە،
زەریفیان دەشوت سەید و مەلایانە،
کن خاتوون ئەستییەی لێ بوو گۆڕخانە
فەرخ لە خاتوون ئەستییە میوانە.

خوێنەری خۆشەویست! بەو کورتە باسە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی شی ناکرێتەوە. من تەنیا ویستم سەرنجی ئێوە بۆ لای ئەو بەیتە ڕابکێشم، دەنا ئەگەر کەسێک بیەوێ ئەو بەیتە شی بکاتەوە دەبێ سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسێ. بەدووددڵییەوە دەڵێم وێ دەچێ ئەو بەیتە لە ئەساتیری یۆنانی وەرگیرابێ. ئاخر یۆنانییەکان ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ماونەتەوە. ئێستاش بەڵگەمان هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژگارێک لەو کوردستانە خەڵک هەبووە بڕوای بە(ئەربابی ئەنواع» بێ. خێوی کانی، خێوی شەو و خێوی دارستان، ئێستاش لە کوردستاندا ناوبانگیان هەر ماوە. من بۆ خۆم لە پێرێژنانم بیستووە هەزار سوێند و قورعانیان خواردووە کە خێوی کانییان بە دوو چاوی خۆیان دیوە. بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر پێم وایە ئەسڵی ئەو بەیتە پاشماوەی ئەساتیری یونانییە لە زمانی کوردیدا. دیارە زۆری لەسەر سوورنیم و چیدی لەسەر ناڕۆم.

مەحمەڵ و برایمی دەشتیان

زۆر پێویست ناکا ئەو بەیتەیان کە حەوتەمین بەیتی کتێبەکەیە بۆ شی بکەمەوە. بەیتبێژ دەپێشدا بە قسە و پاشان بە شیعر :چیرۆکەکەتان بەڕەوانی و ڕێکوپێکی بۆ

دەگێڕێتەوە. قسەکانی زۆر ساکار و جوانن و شیعرەکانی گەلێک سوار و ڕەوانن. هەرچەند باسی ئەوەیە کە کچە ئەمیرێک خۆی بەئەستۆی شوانێکدا بڕیوە، بەڵام لانی دڵداری بێ هێزە. سۆزی ئەوینی تێدا نییە. ئەو شیعرە ناسک و پڕ سۆزانەی کە لە مەم و زین و برایمۆک و لاس و خەزاڵدا هەن، لەو بەیتەدا نایەنە بەرچاو. زۆر ڕووناکە؛ بۆچی؟ چونکە هەوەس کچە ئەمیری ناچارکردووە خۆی بەستۆی شوانەوێڵەدا ببڕێ و ترس شوانی ناچارکردووە دەست دەگەڵ ئەو شازادە هەوەسبازە نەخۆشە، تێکەڵ بکا. کە وابوو سەیر نییە کە شیعری دڵداری و ئاشقانەی تێدا نەبێ.

:چیرۆکی ئەسڵی ئەو بەیتەش بەبڕوای من زۆر کۆنە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مێ وەجاغی (دایک شایی). تێ بفکرن؛ میر زۆراب خان بۆخۆی پیربووە، ناتوانێ مەزنایەتی بکا. مەزنایەتی و پادشایەتی بەخاتوون پەریخانی کچی ئەسپاردووە. دەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕی هەبووە، بەڵام کوڕەکەی هێشتا منداڵ بووە و کاروباری دەوڵەتی پێ بەڕێوە نەچووە. شتی وا لە مێژووی نوێی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتدا نییە. ئێستاش شای وا هەن کچی گەورەیان هەیە و کوڕی بچووکیان کردۆتە وەلیعادی خۆیان.

خاتوون پەریخان پادشایەکی بەزیبک و زاکوون بووە. بەڵام دیارە نەخۆشی جینسی هەبووە. زانستی نوێ سەلماندوویەتی ئەو ژن و پیاوانەی تووشی بێ بەشی جینسی دەبن، ئینسانی زۆر خوێنڕێژ و بێ بەرز و پیاوکوژیان لێ پەیدا دەبێ. وێنەی پەریخان لە مێژوودا کەم نین. بۆیە پێم سەیر نییە ئەگەر بەیتبێژ بەو زمانە ساکارەی خۆی دەڵێ: «خاتوون پەریخان زۆری کەیف لە پیاوان بوو، هەر کەسێک بەکوچەیدا ڕابردبا خاتوون پەریخان کەیفی دەیگرت. خاتوون پەریخان دەیگوت: «وەرە حەزم لێ بکە.» ئەویش قبووڵی نەدەکرد. خاتوون پەریخان دەیگوت: «بلا بیسووتێنن نەکوو لەکن خەڵقی بڵێ. ئابڕووم دەچێ.» پیاوی دەگرت، دەنێو چیغی دەنا، نەفتی پێدا دەکرد، دەیسووتاند.» بەبڕوای من هەموو پیاوکوژێک شێتە و نەخۆشە، بەڵام نەخۆشییەکەیان جیاوازە. یەک شێتی جێگا و پایەیە، یەک شێتی ماڵ و سامانە، یەک شێتی جینسییە و یەک هەست بەکەمایەتی دەکا. تا نەخۆشییەکەی توندتر بێ پیاوکوژەکەش بەسامتر و بێ بەزەییانەتر دەبێ. دیارە نەخۆشی خاتوون پەریخان

زۆر توند بووە، کەوا دڕندانە پیاوی سووتاندوون. لە دوو لا زیاتر نییە، یا ئەو کچە ئەوەندە دزێو و ناشیرین بووە کە کەس لێی نەبۆتە پیاو، یا ژنێکی ئاسایی نەبووە و نەیتوانیوە لەزەتی جینسی لە هەموو پیاوێک بەرێ. لە هەردووک حاڵدا ئەو بێ بەشییە بۆتە هۆی ئەوەی تۆڵەی لە پیاوان بستێنێتەوە و تا نەیسووتاندوون ئۆخژنی نەهاتۆتێ. بۆ خۆی بەمەحمەڵ دەڵێ: «مەحمەڵی دەشتیان ئەمن میر غەزەب نیم هەموو ڕۆژێ پیاوێکی دەچیغی وەردەگرم، دەیخنکێنم، قسەی دڵی خۆم دەکەم لێم قبووڵ ناکەن، ئەمنیش بۆیە ئەو عالەمەی وا لێ دەکەم.»

مەحمەڵ کامڕە وای کردووە، ئەویش ڕەدوای کەوتووە. یا باشتر بڵێم، خۆی بەئەستۆیدا بڕیوە و دەستی لە خەڵک سووتاندن هەڵگرتووە[1]. گوتم باری دڵداری بەیتەکە بەهێز نییە. بەڵام باری حەماسی یەکجار بەهێز و پێزە:

کێ بوو؟ لە مەحمەڵی بچووکە،

بە دەستێکی خەنجەری دەبانە بە یەکێکی کێردووکە،

دەنێو سواری چەلیان گەڕا وێنەی تەیر و باشووکە،

***

(١)زیاتر شێتەکانی جینسی بەبێ ڕەحمی لە مێژوودا ناوبانگیان هەیە. لەبیرمە جارێک دەگەڵ مامۆستایەکی مێژوو کێشەمان هەبوو. مامۆستا کە هەستی نەتەوایەتی زۆر بەتین بوو دەگوت: «لە مێژوودا پیاوی لە کەریم خانی زەند کە کورد بووە دادپەروەرتر نییە. ئەو پیاوە گەورە بەو هەموو دەستەڵاتەوە پێی شوورەیی بوو ناوی پادشا لە خۆی بنێ و بە(وکیلالرعایا) مایەوە. گوتم: مامۆستا منیش کەریم خان دەناسم، منیش زۆر شتم لەبارەی ئەو پیاوەدا بیستووە و خوێندۆتەوە. منیش دەزانم کەریم خان زۆر لە پادشاکانی پێش خۆی و پاش خۆی کەمئازارتر و کەمفیزتر بووە. بەتایبەتی دەگەڵ نادر شای ئەفشار کە ئەویش وەک کەریم خان لە خوارێڕا پێ گەیشت و خۆی لێ گۆڕا و ئەو هەموو خراپەی کرد و ئەو هەموو خوێنەی ڕشت، هیچ وێک ناچن. بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم کەریم خان بەبەرپرسی ئەو هەموو تاوان و خوێنڕشتن و پیاوکوشتنەی ئاغا محەمەد خانی قاجار دەزانم. گوتی بۆچی؟ گوتم چونکە پێم وایە ئەگەر کەریم خان نەیخەساندبا و گریمانەی ڕووحی بۆ پەیدا نەبووبا، مەعلووم نەبوو ئەو جانەوەرە خوێنخۆر و بەدفەڕەی لێ پەیدابێ. مامۆستا کەمێک ڕاما و گوتی: قسەکەت جێی سەرنجە، بەڵام کەریم خانی کوردی ساکار و نەخوێندەوار ئاگای لە زانستی پیسیکۆڵۆژی نەبووە. دەبێ بیبەخشی. پێ کەنیم و گوتم من نایبەخشم دەڵێم چی، بەڵام ڕەنگبێ زانست

کێ بوو لە مەحمەڵی فەرخە،
دە باغەڵێکیدا هەیە کاری ساوا دە ئیدیکەیدا بەرخە،
دە نێو سواری چەلیان گەڕا بە گێرە و چەرخە،

میر زۆراب خان کە دوور نییە ئاگای لە ئاکاری کچەکەی بووبێ و لەپێشدا هیچ وەسەر خۆی نەهێنابێ، کە زانیویەتی ڕەدووی شوانێک کەوتووە، کێچی کەوتۆتە کەوڵی و لەشکری کێشاوەتەوە سەر برایم و مەحمەلان. بەدرێژی لە بەیتەکەدا باسی ئەو کارەساتە هەیە. وا دیارە میر ئەوەی پێ شوورەیی نەبووە کە کچەکەی پیاوان دەباڵ خۆی دەکێشێ و دوایە دەیانسووتێنێ؛ ئەوەی پێ بێناموسی بووە کە دەگەڵ کرمانج ڕۆیشتووە و زۆرجار دەڵێ: دەگەڵ کرمانجم لێ قەوماوە.»

دوا سەرنجم ئەوەیە پاش ئەوەی کوڕی مەحمەڵ و خاتوون پەریخان دەگەنێ و کودیتا لە میرزۆرابخان دەکەن و دەیکوژن و تۆڵەی باوک و مامان دەکەنەوە، سەرلەنوێ دایکیان دەکەنەوە پادشا. ئەوەش بەڵگەیەکی ترە بۆ کۆنی :چیرۆکەکە.

قۆچ عوسمان

هەشتەم بەیت لە کتێبەکەی ئۆسکارماندا قۆچ عوسمانە، کە ئاوا دەسپێدەکا:
بە خالەقی بەرقەرارە،
بەوەی ڕۆی نابوو ڕۆژگارە،

نەیبەخشێ.
ئاغا محەمەد خانی خەسیدە و بێبەش تۆڵەی کەریم خانی لە بنەماڵەی زەند و گەلانی ئێران کردەوە. زۆری پیاو کوشت، زۆری خوێن ڕشت، زۆر تاوانی دزێو و ناپیاوانەی ئەنجام دا. ئەو گەورە پیاوانەی بەدیلی دەگرتن دەپێشدا پیاوی دەباڵ دەکردن، جا دوایە دەیکوشتن. ئەوە نیشانەی شێتی جینسییە، ئەوە نیشانەی هەست بە بێ بەشی و بە کەمایەتی کردنە. ئەویش وەک خاتوون پەریخانی ئێمە خەڵکی سووتاندووە. دەگێڕنەوە جارێک چۆتە شارێک و ئەهلی شارەکە باشیان پێشواز نەکردووە. بە حاکمی شاری فەرمان داوە بیست هەزار جووتی چاو بۆ دەربێنێ. حاکم نەیوێراوە لە قسەی دەربچێ، چاوەکانی دەرێناوە و بۆی هێناوە. تەماشای ئینسان، وەرە تۆ ئەوندە خراپ بی. بەکاوەخۆ دانیشتووە و چاوەکانی بژاردووە، جووتێکیان کەم بووە، دەسبەجێ دەستووری داوە چاوی حاکمیان دەرێناون.

مەخلووق بەبێ ئیختیبارە،

ئەو لە بۆ عەبدی هەژارە،

قۆچ عوسمان پیاوێک بۆ ڕووت و قووت و لە وی دە بێکارە،

سەرانسەری بەیتەکە شیعرە. بەشی زۆری لەسر ئەو قافیەی سەرەوەیە. نیوە شیعرەکانی کورت و درێژییان هەیە، بەڵام کێش پارێزراوە. باری ئەدەبی زۆر باشە؛ تەنانەت دەتوانم بڵێم بەرزە. :چیرۆکێکی مێژووییە، پاش دەستەڵات پەیداکردنی عوسمانییەکان و کەمهێز بوونی دەرەبەگایەتی نێوخۆ ڕوویداوە. ئەمیرێکی کورد ئەسپێکی باشی بووە؛ بەڵام شتی باش هەر بۆ سوڵتان چاکە. سوڵتان بۆ ئەسپەکەی ناردووە. ئەمیر ئەسپی خۆی نەداوەتێ و هەڵپەڕیوەتەوە. سوڵتان ڕقی هەڵستاوە و لێی خەفتاوە:

سوڵتان تەگبیری دەکرد بە مەخلووقی دنیایە:

ئەوە تەماحی هەیە لێم داگیر بکا بەغدایە.

میر سەیفودین دەڵێ:

ئەمن سوڵتانم بۆچییە؟

ئەمن قبووڵ دەکەم لەمسە و ئورووسی سوڵتانم قبووڵ نییە.

سێ ساڵان دەگەڵ قۆچ عوسمانی گەڕان نەهاتنەوە ئاوەدانییە

سوڵتان کە زانی بەهاسانی ناتوانێ بەردەستی بکا، عادەتی هەموو دژمنانی کورد کەوتە فێڵ و تەڵەکان و بە دەهۆ دەگیری خست:

«کێ بوو؟ لە سوڵتان ئاقڵدار و دانا،

بۆ میر سەیفودینی مۆرکرد قورعانە:

هەڵستێ بێتە ئێرەکانە.»

کوردی ساکار و بەدین نەیدەزانی ئەو کەسەی لەسەر بەرماڵی پێغەمبەری دانیشتووە، بڕوای بە قورعانێ نییە. فریوی خوارد. خزمەکانیشی گوتیان:

دووروو(*) نابێ بۆ سوڵتانی.

دەبێ نۆکەری قەدری بزانی،

(*) لە ئەسڵدا وایە، ڕەنگە – درۆ – بێ.

بچۆ بە خۆت و قۆچ عوسمانی،
ئەودەمی لەوێ خۆی زانی.»
هەر گەیشتە ئەستەمبووڵ سوڵتان گوتی:
ئەگەر هات گەیییە دیوەخانێ،
ئەسپی بەرنە ئێختەخانێ،
دەملی کەن کۆت و زەولانێ.

خەلیفەی ئیسلام ئاوای ئیحتیرامی سوێند و قورعان گرت و بەلەبزی موبارەکی فەرمووی:

مەیدوێنن،
قورقوشمی بۆ وەتوێنن
نابێ بەزێڕی بخنکێنن

لە بەیتەکەدا بەدرێژی باسی کوژرانی میر سەیفودین کراوە. قۆچ عوسمان نایەڵێ سوڵتان پێ دە ڕکێفی ئەسپی بۆرە بنێ؛ پاشووی دەپەڕێنێ و دوایە ئەویش دەکوژرێ.

لەم بەیتەدا بۆ یەکەم جار هەم لە زمان ئەمیر و هەم لە زمان دایکیەوە شایەر قسەی سووکی بە سوڵتان گوتووە و نە مووی لەسەری زمانی هاتووە و نە ڕۆقنایی چاوی دارژاوە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە چینەکانی بەرەژێر وشیاربوونەوە و هەستیان بە ستەمی نەتەوایەتی کردووە. بەڵام چینی سەرەوە بەتایبەتی مەلا و شێخ و خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە هەروا بڕوایان بە گەورەیی و پاکی خەلیفەی ئیسلام ماوە(١).

شایەر لەو بەیتەدا هێندێک ڕێوشوێنی نەتەوایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئێستاش کەمتاکورتێک ماون و لەبیر نەچوونەوە. بەبیری من لە موکریان ئەگەر هەواوبان خۆش با و سەرماوسۆڵ لێ گەڕابایە، هەموو ڕۆژی چواشەمۆیان و جێژنان خەڵکی هەر مەڵبەندێک دەچوونە سەر چاکی بەناوبانگی مەڵبەندەکەی خۆیان. لەوێ بەتەقەی

(١) هیچ دوور نەڕۆین، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد لە شەرەفنامەدا باسی ئەم میرە و کوژرانی بە دەستی خەلیفە دەکا. بەڵام زۆر بەڕێزەوە ناوی سوڵتان دێنێ. بۆ ئاگاداری زیاتر بنوارنە لاپەڕەی ٤٩٢ی شەرەفنامەی کوردی.

دەهۆڵ و زوڕنا دەیانکردە داوەت و ڕەشبەڵەک و تەقڵە و ڕمبازی. تا پەیدابوونی حکوومەتی پۆلیسی ئەم ڕێوشوێنە هەر بەردەوام بوو. ئێستا بەو بەربلاوییە ناکرێ و ئیمکانیش نییە. بەڵام چوونە سەر چاک بە ڕۆژی چوارشەمۆ و جێژن و شایی گرتن هەر ماوە. ئەو ڕێوشوێنە لە کەیەوە هەیە؟ بۆ ڕۆژی چوارشەمۆ هەڵبژێراوە؟ بۆ کورد ڕۆژەکانی تر دەچێتە سەر قەبران دەگری و دەچێتە سەر چاکی دەپاڕێتەوە و لەو ڕۆژەدا هەڵدەپەڕێ و دەهۆڵ و زوڕنا لێ دەدا؟ بێگومان ئەسڵێکی هەیە و نایزانین. بزانن شایەر چەند شاعیرانە ئەو دیمەنەتان دەخاتە پێش چاو:

تەماشا دەکا لە دەشتی بالێنێ ڕەشبەڵەک بووە، سەلەلات بە چ قەرارە

تەماشا دەکا داوەتە و لۆتی و ڕەققاسە لەو کارە

لەلای سەرچۆپی گرتوویانە پیاوی بە کێرد و کەمبەرە و چەکمەدارە

لەلای نێوەڕاستی گرتوویانە کیژی بەژن باریک و سینگ سەدەف و چاو بەڵەک لەوی گوێ بەگوارە

لەلای گاوانیە گرتبوویان پیاوی ژن جوان و زۆرخۆر و بێکارە.

شایەر ڕێوشوێنێکی دیکەمان وەبیردەخاتەوە؛ ئەویش بازاڕی دەشتەکی و گشتییە. ئەو ڕێوشوێنەش لە کۆنەوە هەر بووە و ئێستاش کەمتاکورتێک ماوە. خەڵک لە دەشتێکی پانوبەریندا کۆدەبێتەوە و هەر کەسە شتی خۆی بۆ فرۆشتن ڕادەنێ[1].

***

(١) گەورەترین بازاڕی موکریان بازاڕی قەباغکەندی بوو. هەموو ڕۆژی پێنج شەمۆیان بازاڕە، تائێستاش هەر ماوە، بەڵام وەک جاران نییە. زەمانی پێشوو نە تەنیا خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان و بەشێکی زۆری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەهاتنە ئەو بازاڕە، بەڵکە لە کوردستانی عیراقیشەوە کڕیار و فرۆشیار دەهاتن. هەزاران سەر ئاژەڵی جۆربەجۆری لێ ڕادەگیرا. زۆر کەسیش هەر بۆ سەیر دەچوو.

شتێکی سەیرم وەبیر هاتەوە و پێم ناخۆش نییە بۆ خوێنەرانی بگێڕمەوە. دەوروبەری ئەم بازاڕە دەشتێکی پڕ خێروبێرە و دێی گەورە گەورەی لێ هەن. بەیانی پێنج شەمۆیان سەگەلی ئەو دێیانە زۆر پێش ئەوەی خەڵک کۆبێتەوە، لە جێ بازاڕ ملّومۆیە دەکەن! کێ بەو سەگانە ڕادەگەیەنێ ڕۆژی بازاڕە و چۆن دەزانن؟ جگە لە بازاڕی قەباغکەندی بازاڕی خورگە و مەمەلیانیش هەبوون. دیارە ئەوەندەیان خەڵک لێ کۆ نەدەبۆوە.

جوڵندی

من کــە ئەو ناوەم خــوێندەوە پێکەنینم هات. ناوێکی ســەیرە؛ قــەت ناوی وام نەبیستووە. وەک ناوی جندۆکان دەچێ؟ پێم وابوو بەیتێکی گاڵتەوگەپە. کەچی کە خوێندمەوە، تەماشام کرد بەپێچەوانەی بۆچوونی من نەک هەر گاڵتەوگەپ نییە، بەڵکە بەیتێکی دینیشە. جوڵندیش جندۆکە نییە و لە جندۆکە خراپترە. پادشایەکی کافرە و دژمنی حەزرەتی عەلییە. شایەر ناخۆشی دەوێ و بۆیە ئەو ناوە سەیرەی لێناوە. ئەوەش هونەرێکی گەورەیە لە :چیرۆکدا کە ناوی ناخۆش بۆ قارەمانی خراپ بدۆزیەوە.

جوڵندی بەیتی نۆیەمە لە کتێبەکەی ئۆسکارماندا. تێکەڵاوێکە لە شەڕی خەندەک و خەیبەر. شایەر باسی ئەو شەڕانەی لە مەلای ئاوەدانی بیستوون؛ تێکەڵاوی کردوون؛ ئەو بەیتەی هۆندۆتەوە و بە خەیاڵی ناسکی شایەرانەی خۆی ڕازاندوویەتەوە. ئەو بەیتە- کە لەپێشدا بە قسە دەست پێ دەکا و دوایە دەبێتە شیعر، ئەوەندەش باش دروستکراوە، ئەوەندە ڕەوان و شاعیرانە هۆندراوەتەوە، من پێم وایە دەبێ کاری عەلی بەردەشانی بێ. زۆر وەک شێوەی ئەو کەڵەشایەرە بەناوبانگە دەچێ. شیعرە ڕەوانەکانی، تەعبیرە جوانەکانی، وشە، ڕەسەنەکانی، ئەم گومانەیان لە دڵی من پەیدا کردبوو. دوایە شکم پەڕییە سەر ئەوەی ڕەحمان بەکر بۆخۆی ئەو بەیتەی دانابێ؛ چونکە لە ئاخرەکەیدا دەڵێ:

وا جوڵندین کردووە فەنا،

ئەو لەشکرەی کافرێک نەما،

ڕەحمان بەکر بۆتە وەستا.

ڕەحمان بەکریش شایەرێکی پایەبەرز، وەستایەکی زۆر شارەزا و شاگردێکی باشی عەلی بەردەشانی بووە. لام وایە بۆخۆی توانیبێ بەیتان بهۆنێتەوە.

شایەرەکان لە بەیتی دینیدا بە دندووک پێوە دەبن و خراپ گیر دەخۆن. ئەوان دڵتەڕ و جوانی پەرستن. ئەوان دەبێ قسەی تەڕ و پاراو بکەن. ئەوان دەبێ بەندی جوان و شیرین بڵێن. ئەوان دەبێ هەستی دەروونی خۆیان دەرببڕن. دەبێ باسی

ژن، باسی دڵداری و حەزلێکردن بکەن. لە بەیتی وشکی دینیدا ئەو هەستە چۆن دەرببڕن؟ ئەو باسە چۆن بکەن؟ ڕەحمان بەکر یا هەر کەسێکی دی کە ئەو بەیتەی دانابێ، ئەو مەسەلەی ژیرانە- بەڵکوو شەیتانانە- چارەسەر کردووە. عەشقێکی پیرۆز و خاوێنی هێناوەتە گۆڕ؛ باسی خۆشەویستی و ئەوینی ژن و پیاوێکی مەزنی موسڵمانی کردووە،لە زمان عەلی و فاتیمەوە ڕازونیازی ئاشقانەی دەربڕیوە. کێ دەوێرێ فزەی لەبەر بکا؟ کێ دەوێرێ متەقی لەبەر بێتەدەر و کێ دەوێرێ ڕەخنەی لێ بگرێ؟(١)

***

خەزێم

بەیتی دەیەم لە تۆمارکراوەکانی ئۆسکارمان بەیتی خەزێمە. خەزێم شاکارێکی ئەدەبی کەموێنەیە. ڕەنگبێ ئەو بەیتە ڕۆژگارێک وەک بەیتی شەم و شەمزین داوەتی پێ گەڕابێ. وێ دەچێ ئی عەلی بەردەشانی بێ. ئەگەر ئی خۆی نەبێ ئی شاگردێکی زۆرباشی ئەو وەستا نەمرەیە. دوور نییە ڕەحمان بەکر دایبنابێ؛ لە ئاخری بەیتەکەدا دەڵێ:

هەزار ڕەحمەت لە بابی ڕەحمانی

---

(١) لە کاتی ساغکردنەوەی ئەو بەیتەدا دۆستێکی شارەزا و لێزان هاتە لام. گوتم: «کاکە من سەرم لەوە سوڕماوە، بەشی زۆری کوردی موسڵمان سونییە و هەر چوار یاری پێغەمبەری پێ بەرهەقن. لە خەرمان پێواندا کە گەیشتە چوار دەڵێ:

«چوار، چوار یارەی نەبی، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی.»

کەچی جارێ باسی ئەبوبەکر و عوسمان لە فۆلکلۆری ئەدەبی کوردیدا دەکوولەکەی تەڕیشدا نییە و باسی ئیمامی عومەریش جاروبار نەبێ ناکرێ و باس هەر باسی عەلییە. لە بەهنەسادا، لە بەیتی ئیمامی عەلی و محەمەد حەنیفە و حاتەم و ئیمامی هەمزەدا فەتح هەر عەلی دەیکا. ئەوەتا لەو بەیتەشدا قارەمانی ئەسڵی هەر عەلییە. گوتی: «برا ئەوە هیچ پەیوەندی بە هەستی مەزەبییەوە نییە. ئازایەتی بەلای کوردانەوە سیفەتێکی بەرزە، هەرکەس ئازا و شیروەشێن بێ خۆشیان دەوێ و باسی دەکەن. بۆ کەمیان باسی ڕۆستەم کردووە؟ کەمیان بە(خاڵندی بنی وەلی) هەڵگوتووە؟ ئیمامی عەلیش ناوبانگی بە ئازایەتی ڕۆیشتووە و شایەرە کوردەکان بۆیە ئەوەندەیان باسکردووە». قسەکەم بەدڵەوە نووسا و سەلماندم.

خەزێمی فێرکرد بە ساحیبی ئاڵمانی

دیارە ڕەحمان بەکر لە دوایی زۆربەی بەیتەکاندا ناوی خۆی هێناوە و نابێ بەوەیان بەهەڵە بچین. بەڵام ئەو بەیتە شێوەی شیعری عەلی بەردەشانی ئەوەندە پێوە دیارە کە پیاو بیربکاتەوە ئەگەر عەلی بەردەشانی داینەنابێ، ئی شاگردێکی باشی ئەو بێ. ڕەحمان بەکریش یەکێک لە شاگردە هەرە باشەکانی عەلی بەردەشانییە.

لە بەیتی خەزێمدا باسێکی مێژوویی و سیاسی و حەماسی نییە. پارچەیەکی ئەدەبی یەکجار بەرز و لەتیفە. بەڵام شۆڕشێکی ئەدەبی لە فۆلکلۆری ئەدەبی نەتەوەی کورددا پەیداکردووە. باسی دڵداری کوڕە پاشا و کچە ئەمیر نییە. باسی گورز و گۆپاڵ و شیر و مەتاڵ و ئەسپ و زرێی تێدا نەکراوە. حیکایەتی پەلاماری دژمن و بەرگری مەزنەکانمان بۆ ناگێڕێتەوە. باسی ئەوینێکی ساکار و ئاسایی کچ و کوڕێکی دۆمی ڕووت و گەڕۆکە.

شیعرەکانی ئەوەندە ڕەوان و جوانن، وشەکانی ئەوەندە شیرین و ڕەسەنن، کە پیاو لە خوێندنەوەیان تێر نابێ:

***

بینایی چاوم گەوهەر و دوڕم
من باڵدار نەبووم بە باڵان بفڕم
محەندەک نەبووم بە خۆم بخوڕم
بچمە میسر و شام کراسێک بکڕم

تەماشای کوڕە دۆمێکی ڕەش و ڕووت- بەڵام قیتوقۆز و گورجوگۆڵ- کە هەموو سامانەکەی بریتییە لە خێوەتێکی شڕ و پەتوور، دوو پیرە کەری پشت بریندار، تاژییەکی نینۆک شکاوی قرخەمەرەس، جووتە کەوێکی ڕاونەکەری چوو، کە زافی ڕەش دەکا تا دوو تەشی و چوار شانە دروست دەکا، چ کراسێکی بۆ یارەکەی دەدروێ. پیاو ئەم نیوە شیعرەی حافزی وەبیردێتەوە: «خشت زیر سر و بر طارم هفت اختر پای». چاکیان گوتووە: «دۆم تا ڕووتتر بێ مەزاقی خۆشترە.»

سەد وەستام دەوێ لە پایە عەرزی،
دوو سەد شاگرد بێ، بۆخۆی و دەرزی،

کراسی بدروێ لە گوڵووکی ڕەزی،
لە بەژنی یارم بۆ خۆی بلەرزی.
شایەر ئیبداع دەکا؛ کێش دەشکێنێ و لە زمانی کوڕە دۆمەوە دەڵێ:
«سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە
هەشتا لە مووسڵێ، شێست لە شنۆیە
کراس بدروون، لە گوڵی لیمۆیە
دەبڵا تەنک بێ،
ناسک و شلک بێ،
بۆ چاو هەڵۆیە.
سێ سەد وەستا بێ، لەلای دریازێ،
شێست بێن لە مووسڵێ، چل لە شیرازێ،
کراس بدروێ، لە گوڵی پیوازێ،
دەبڵا تەنک بێ،
ناسک و شلک بێ،
بۆ بووکە نازێ.»

لەوەی خۆشتر، کچە دۆمێک کە لەبن خێوەتدا لە دایکبووە، لەبن ئاسمانی شیندا گەورە بووە، پێستی کەلەکەی بەدرزی کراسی خامی شیندا دیارە و قامکی پێیان بە کونی کەلاشی کەچدا وەدەرکەوتووە و ڕۆژێ دەبێ چوار دێیان بگەڕێ تا چەند خولخولە و تەشی و شانە و چەند زارجوو بنێشت و کەمێک دمکانە بفرۆشێ و چەند هەتیوی دێ لێی ڕەبادەن تا چەقۆیان بەدەست تیژبێ، چەند بەنازە و کراسی وای ناوێ و کوڕ دەڵێ:

بۆ خاتری خوڵای ئەمن بناسە،
یار دەبەرناکا قەت ئەو کراسە

ڕەنگە ئەوەندەی ئەو بەیتە هەستی من دەجووڵێنێ، هەستی لاوێکی تازە پێگەیشتووی شارستانی دەجووڵێنێ. هەقیش وایە. من تەمەنێکی درێژم لە دێ

ڕابواردووە، زۆر کچە دۆمی نەشمیلانەی قسەخۆشی ڕوو هەڵماڵاوی چاو ڕەشی کوڵمە سووتاوی خوێن شیرین سەرنجیان ڕاکێشاوم. زۆر کچە لادێیی جوان- بەڵام هەزار-م دیون کە ڕۆژی داوەتێ لەبن دیواری هەڵترووشکاون و وەک بارێزە بەچاویاندا هاتۆتە خوار؛ چونکە کراسیان نەبووە، کەوشیان دڕاوە و پێیان شوورەیی بووە بچنە داوەتێ. ئاخر کوڕەگەلی دێ- دەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆیان ڕانکی شڕ و چۆغەی بێ گرۆڵیان لەبەردا دەبوو، گاڵتەیان بەکچی ڕووت دەکرد، تەنانەت شایەرە دڵ ناسکەکانیش فڕیان داوێتنێ[١].

***

---

(١) پوور جەواهێر ژنێکی قسەخۆشی جیرانمان، زۆر جار بۆی دەگێڕامەوە دەیگوت: «ساڵێکی دەگەڵ مستەفا سریلەی کاکم کە شایەرێکی بەناوبانگ بوو دەچوومە بەرخان. ڕۆژێک لە نیزیک گوندێک کە داوەتی لێ دەگەڕا، بەرخەلمان چێشتاو دا. کاکم گوتی ئەتۆ لێرەبە تا من دەچمەوە تێ دەوەشێنم؛ زۆر دژوێنم. ئێستا دەگەڕێمەوە. دیارە فریوم نەخواردبوو، دەمزانی دەچتەوە بۆ کن براژنم. گوتم باشە. ئەو چۆوە بۆ دێیەکەی خۆمان. هەر ئەو ئاوابوو، منیش دام قەڵاشت بۆ لای داوەتێ. ئەگەرچی بەڕاستی ڕووت و ڕەجاڵ بووم، بەڵام خۆم تێ هاویشت. هێندە پێ نەچوو کاکم پەیدابوو. کوڕەگەلی دێ بەپیریەوە چوون و لەبەری پاڕانەوە چەند بەندیان بۆ بڵێ. کاکیشم دەستی دەبناگوێی نا و ڕووی لە من کرد و گوتی:

«تەماشای بزگوڕ و پەڕۆی،
دەڵێی نێری چاو لە کۆی،
شەریفی کوڕی عەدۆی،
ژنی دێنێ بۆ برای خۆی،
بۆ لە کێوی ڕا دەڕۆی؟
هەرسێک تەڵاقم کەوێ
جەواهێ پلاوێ ناخۆی.

***

«تەماشای تڕوتیتۆڵی،
تەماشای پشتی بەخۆڵی،
تەماشای قوونی دەهۆڵی،
دەڵێی مریشکی کۆڵی،

کاکەمیر و کاکەشێخ

بەیتی یازدەهەم؛ بەیتێکی کورتی مێژووییە. من ئەو بەیتەم زۆر بیستووە. بەیتەکە هەر شینی دوو خوشکانە بۆ برایان؛ زۆر مەحزوونە. زۆر لەوەی درێژترە کە ڕەحمان بۆ ساحیبی ئاڵمانی گوتووە؛ جا یا ڕەحمان ئەو بەیتەی نەزانیوە، یا ئەوانەی لەو دوایانەدا بۆ منیان گوتووە بۆخۆیان لێیان زیادکردووە. درێژی و کورتی بەیتەکە هیچ لە ئەسڵی کارەساتەکە ناگۆڕێ. کارەساتەکە هەر ئەوەندەیە کە بەیتبێژ دەپێشدا دەیڵێ.

باسی ئەو کارەساتە بەکورتی لەلاپەڕەی ٥٢٣ی شەرەفنامەی کوردیدا نووسراوە. هەر بەوەی دەزانین قارەمانی :چیرۆکی ئێمە و ئەوی لە شەرەفنامەدا نووسراوە یەکن، چونکە ناویان وێک دەچێ و شوێنی کوژرانیان جێگایەکە. دەنا ئەوەی شەرەفخان نووسیویەتی و ئەوی بەیتبێژ گوتوویەتی، عەرز و عاسمانیان تەفاوەتە. بە قسەی شەرەفخان ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٩٤١ ک (١٥٢٣ز)دا ڕوویداوە.

حاجی شێخی ئەو لە حاڵی نوێژدا بە دەستی مەرەگەییی بڵح و غەیان کوژراوە.

لەمن بە بۆڵەبۆڵێ،
هەرسێک تەڵاقم کەوێ،
دەوری پڵاوێ ناکۆڵی

***

سەری وەک تەپڵەگوێنی.
جلی کەرانە نوێنی،
چەند چڵکن و دژوێنی،
چۆنم هەڵگرتووە شوێنی،
بەوەی مەلا دەیخوێنی،
کوڕینە هەرکەس هەڵی گرێ،
ئەمن ناستێنم خوێنی

بەیتی پوور جەواهێر زۆر لەوەی درێژتر بوو، بەمنداڵی هەمووم دەزانی، بەڵام ئێستا هەر ئەوەندەم لەبیرماوە. مام مستەفاشم دیبوو. کە من وەبیرم دێ تۆبەی کردبوو، بەیت و باوی نەدەکوتن. بەڵام زۆر سەیربوو، قسەی ئاسایی هەموو نەزم بوون.

بەیتبێژەکەی ئێمە ئاگای لە ساڵی کوشتنی نییە و دەڵێ لەبەر بێ نامووسی بەدەستی پیاوی بەغیرەت و نامووسپەرست- کە لە دەست ئەو پیاوە زاڵمە زاڵەیان لێ پەیدا ببوو و گوریسیان گەیبووە هێچکان لەتوپەت کراوە. من بەشبەحاڵی خۆم بڕوا بە بەیتبێژەکە دەکەم. چونکە دەزانم ئەگەر ڕاست نەبایە هەرگیز بەیتبێژ و شایەرێکی مسکێن، نەیدەتوانی بوختانێ بە ئەمیرێکی مەزنی دەست پەروەردەی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ بکا و بە بەیت بۆ گەورە گەورانی بڵێ. زانایەک دەڵێ: «مێژووی هەموو گەلان بە قازانجی زۆرداران و بە زیانی هەژاران نووسراوە. دەبێ حەقیقەتی مێژوو لە لابەلای فۆلکلۆری ئەو گەلانەدا بدۆزینەوە».

بەڕاستی ئەگەر ئەو کارەساتە لە سینگی شایەرەکانماندا نەپارێزرابایە و زانایەکی ئاڵمانی تۆماری نەکردبایە، کێ (هەیدەر گۆران) ئیسپارتا کۆسی کوردی دەناسی. هەیدەر گۆرانێک کە دیلەکانی کۆکردەوە و سوێندی دان و ئامادەی کردن بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە ئەمیرێکی گورگەمێش و داوێن پیس بکەنەوە. ڕەنگبێ هەیدەر گۆران یەکەم بۆرەپیاوی کورد بێ کە ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانەی ڕابەری کردبێ.

بەداخەوە من هەر ئەوەندەی لەسەر دەزانم کە شایەر لەسەری گوتووە، نازانم چی بەسەر هاتووە. ڕەنگە خۆی دەربازکردبێ. ڕەنگە دەستی کەسوکاری میرشێخی نەگەیبێتێ. چونکە شەرەفنامە باسی کوڕ و نەوەکانی دەکا و هیچ بۆ ئەوەی ناچێ کە تۆڵەیان لەوانە کردبێتەوە کە میرشێخیان کوشتووە. هیوادارم مێژوونووسانی دواڕۆژمان شتی نوێ لەسەر ئەم پیاوە بدۆزنەوە. تەنانەت ئەوەندەم بۆ نەچۆوە سەریەک: هەیدەر، گۆران بووە؟ یانی لەو کوردانە بووە کە پێیان دەگوترێ گۆران، یا لەبەر ئەوەی لە پێش ئەم ڕووداوەدا جاروبار دەستی ڕەماڵی زۆرداران خستووە، ئەم ناوەی بەسەردا براوە؟ چونکە لە موکریان تا ئەم دوایانە نازانم بۆچی بە دزیان دەگوت گۆران.

***

لەشکری

لەشکری بەیتی دوازدەھەمی کتێبەکەمانە. بەداخەوە ڕەحمان بەکر ئەو بەیتەشی باش نەزانیوە. ئەو بەیتە کە ئاھەنگی گوتنی یەکجار خۆشە، ئێستاش بەسەر زار و زمانانەوە ماوە. من بۆخۆم شریتێکم ھەیە کە زۆر لەوەی تەواوتر و درێژترە. بەڵام شریت کۆنە. شایەریش پیرە و بەپەلەشی گوتووە، پیاو لە زۆر جێگایانی ناگا و ھێنانە سەر کاغەزی دژوارە، دەڵێن لەشکری شایەر و خۆشخوانی سولەیمان بەگی قوڵی بەگیان بووە. گیرۆدەی ئەوینی خانزاد– شێرەژنی مێژوویی گەلی کورد بووە. ئەوین ھانی داوە خەیانەت بەئاغای خۆی بکا. جاسووسەکانی سوڵتانی ئەستەمبووڵ بەڵێنیان داوەتێ ئەگەر سولەیمان بەگ دەرمانداو بکا خانزادی لێ مارە بکەن. ئەویش ژەھری بۆ سولەیمان بەگ لە قاوە کردووە و کوشتوویەتی. خەیانەتەکە ئاشکرا بووە. خانزاد لە چینەی دیواری گرتووە؛ دەڵێن ئەو بەیتەی لەو حاڵەدا گوتووە (من بڕوا ناکەم). خانزاد لەوێ ڕاوەستاوە و گوێی بۆ ھەڵخستووە تا تەواو بووە، ئەوجار بە دەستی خۆی تۆپێکی قوڕ بەدمی داداوە.

بەھەر حاڵ ئەوەی ڕەحمان بەکر گوتوویەتی دەگەڵ ئەو بەیتەی ئێستا باوە فەرقیان ھەیە. دەپێشدا وا دەست پێ دەکا: «بابی لەشکری دەڵێ». بۆیە من بیر دەکەمەوە ئەو بەیتە باوکی لەشکری داینابێ و دەگەڵ بەیتەکەی لەشکری جیاواز بێ. ئەو بەیتەش ئەگەرچی زۆر کورتە، دیسان گەلێک بەنرخە، شیعرەکانی جوانن، وشەکانی ڕەسەنن و ھێرش دەباتە سەر دژمنان و تاوانی بڵحەڕۆمیان ئاشکرا دەکا. بەڵام سوڵتان دەپارێزێ و وەک شایەری بەیتی قوچ عوسمانی ڕەپ و ڕاست بە سوڵتان دانادا و خۆی گێل دەکا و دەڵێ:

«ڕەنگە سوڵتان بەو کارەی نەزانێ.»

***

قەر و گوڵەزەر

بەیتێکی درێژە، بەیتێکی ئاشقانەیە. :چیرۆکێکی قووڵ و سەیر و پڕ کارەسات نییە. کوڕە قزڵباشێکی ئێرانی ئاشقی کچە دەرەبەگێکی کوردی ئەودیوی سنوور بووە. ئەو ڕووداوە پاش دابەشکردنی کوردستان لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا قەوماوە. ئەوی لەو :چیرۆکەدا جێی سەرنج بێ دوو شتە: یەکیان مەسەلەی سنوورە کە شایەر جوانی شەرح داوە. مەزنێکی کورد کە کەوتۆتە بەشی عوسمانی نەوێراوە شوانێک لە کوێستانی دیوی ئێرانەوە دەگەڵ خۆی بەرێتەوە دیوی گەرمێنێ؛ هەروەها نەیتوانیوە کچی خۆی بدا بە کوڕی پیاوێکی گەورەی قزڵباش. قزڵباشەکەش نەوێراوە بووکێ لەو دیویرا بۆ کوڕی خۆی بگوازێتەوە.

ئەوی دیکەیان ئەوینی پیاوێکی دەوڵەمەند و سەوداگەرە. بەکر شێخان بازرگانێکی گەورەیە کە هاتوچۆی هەردووک بەشان دەکا و کاروانی پێشی ناگەڕێتەوە. ئەویش ئاشق و سوێندخۆری خاتوون گوڵەزەرە. تا قەر بە شوان دەزانێ گاڵتەی پێ دەکا و دەڵێ کچی حەمەدی پاشاغان بۆ شوانەوێڵەیەک نابێ. بەڵام کە دەزانێ کوڕە قزڵباشە؛ بۆخۆی حاکمی سندووسییە؛ ئەگەر دڵی بێشێنێ ڕێی ئەودیوی لێ دەبەستێ و سەرمایەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە، نەک هەر دەس لە خاتوون گوڵەزەر هەڵدەگرێ، بەڵکوو دەبێتە دەلاڵ و نێوبژیکەریش. هەرچەند بۆ خۆی دەڵێ: « بەڕدێنی سپییەوە دەلاڵی بەمن ناکرێ»، بەڵام لە ڕاستیدا دەلاڵی کردووە و زۆر باشیشی کردووە. قسەی قەری بۆ گوڵەزەر بردووە و قاقەزی گوڵەزەری بۆ قەر هێناوە. ئەدی دەلاڵی چۆن دەبێ؟

ئەو سۆز و چێژەی لە بەیتە عاشقانەکانی تردا هەیە لەو بەیتەدا نییە. کوڕە دەرەبەگ خەریکە بە زۆری کچە دەرەبەگ بستێنێ. چی وا نامێنێ سوڵتان و شا عەبباس لەسەر ئەم کارە بچووکە بەگژیەکدا بچن و دیسان کوردستان ببێتە مەیدانی شەڕ لە نێوان دوو هێزی بەدەستەلاتی ئەو سەردەمەدا. شا دادەنوێنێ و فەرەجوڵلا خانی باوکی قەر، حاشا لە کوڕی وا دەکا کە هۆی نێواناخۆشی سوڵتان و شا پێک بێنێ. لە دواییدا مەعلووم نییە چارەنووسی قەر و گوڵەزەر چ بووە؛ بەیتەکە بەنیوەچڵی دەبڕێتەوە.

:چیرۆکەکە دەپێشدا بە قسەیە و دوایە بە شیعرە. شیعرەکانی ڕێکوپێک و باشن. وەزن و قافیەیان هەیە. زمانەکەی پوخت و پاراوە. ڕەحمان بەکریش باشی زانیوە و ئۆسکارمانیش چاکی تۆمارکردووە.

بەیتی زەمبیل فرۆش

بەیتی چاردەی تۆمارکراوەکانی ئۆسکارمان بەیتی زەمبیل فرۆشە. کەم کوردی وا هەیە لە کوردستان ژیابێ و ئەو بەیتەی نەبیستبێ. :چیرۆکێکی سۆفیانەیە. :چیرۆکێکی یەکجار کۆنە؛ قارەمانی ئەم :چیرۆکە لە هیندیدا بوودایە، لە فارسیدا ئیبراهیمی ئەدهەمە و لە کوردیدا زەمبیل فرۆشە. ئەوانە هەرسێیان دەپێشدا پادشابوون، خاوەن دەستەلآت و ماڵ و سامان بوون. لە ترسی مردن، لە تاوی قەبر، دەستیان لە پادشایەتی هەڵگرتووە؛ وازیان لە بێنە و بەرە و بگرە و بەردە هێناوە. بوونە سۆفی و گۆشەگیریان ڕەچاوکردووە. بوودا و ئیبراهیمی ئەدهەم تا ژیاون هەر گۆشەگیر بوون؛ بەلآم شایەری کورد دانووی دەگەڵ سۆفیگەری و گۆشەگیری ناکوڵێ. ئەم جۆرە ژیانەی پێ خۆش نییە. بۆیە چارەنووسی قارەمانی :چیرۆک دەگۆڕێ. بەشی دووەمی ئەم :چیرۆکە لە کوردیدا زۆر وەک حیکایەتی یوسف و زولەیخا دەچێ. ئەوینی خاتوونی میری جیاوازی دەگەڵ زولەیخا کەمە، خۆپاراستنی زەمبیل فرۆش لە یوسف زیاترە. نەک هەر وەک یوسف لە دەست خاتوون ڕادەکا، بەڵکوو خۆ لە بان هەڵدێرێ؛ تەنانەت لە وەختێکی زۆر ناسکدا پێ دەزانێ فێڵی لێ کراوە و ڕادەکا. یوسف ئەو فێڵەی لێ نەکراوە و لەبن لێفەوە دەرنەپەڕیوە. زەمبیل فرۆش نەچۆتە گرتووخانە و ئاوارە و دەربەدەر بووە. ئەنجامی هەردووک :چیرۆک یەکە. ژنەکان بەئاوات گەیون؛ نەک هەر خۆشەویستەکەیان پێ بڕاوە، بەڵکوو هاتوونەوە سەر حەدی چاردە ساڵی. زەمبیل فرۆشی ئێمەش بۆتەوە خاوەن کۆشک و باخ و ماڵ و سامان.

بەیتبێژ دەپێشدا حیکایەتەکەمان بەدرێژی بە قسە بۆ دەکا، ئەوجار دەیکاتە شیعر. شیعرەکان لە سەرەتاوە بەشێوەی کرمانجی سەروو و لەسەر کێشی عەرووزن. پڕن لە وشەی عەرەبی و فارسی. ئۆسکارمان ئیشارەی بەوە کردووە و

گوتوویەتی ئەو بەیتە بەشێوەی موکریانی نییە و دیارە شاعیرێکی خوێندەوار دایناوە. ڕەحمان بەکریش نەیزانیوە و خولا هەڵناگرێ باشی سەر و گوێلاک شکاندوە. دوایە وەڕەز بووە و وازی لە بەیتی خوێندەوارانەی ڕەقوتەق و پڕ لە وشەی نامۆ هێناوە و هاتۆتە سەر شێوەی موکریانی و کێشی خۆمانە. جا ئەوجار دادی شاعیری داوە و جوانی هونەر نواندوە. فەرمایشەکانی زۆر خۆش و ڕەنگینن؛ بۆیە لە دواییدا دەڵێ:

دەستێک گوڵ بەنادری،

ساحبی ئاڵمانی نەمری!

ئەوە فەرمایشی ڕەحمان بەکری.

***

بەیتی باپیر ئاغا مەنگوڕ بابی هەمزاغا

یەکێک لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی کوردستان پاش موکری قڕانەکەی شا عەبباسی سەفەوی- کارەساتی قەتڵوعامکردنی عەشیرەتی مەنگوڕە لە مەراغە. کە بەداخەوە مێژوونووسانی خۆمانە و بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسیوە. من زۆر تێ کۆشام، تەنانەت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوم وەگیر نەکەوت کە ساڵی ئەو کوشتارەم بۆ ڕوون بکاتەوە.

خانەکانی موکری کە لەمێژبوو حکوومەتیان دەکرد و خەڵکی ئەم مەڵبەندە لەبەر خاتری بوداغ سوڵتان زۆریان ڕێز لەو بنەماڵە دەگرت. بوداغ سوڵتان کە ئەمیرێکی کوردی زۆر دادپەروەربووە لە سابڵاخ زۆر خۆشەویستە. وەک پیاوچاکێک دەچنە سەر مەزاری و سوێند بە گومبەزەکەی دەخۆن. دیارە زۆری حەز لە ئاوەدانکردنەوە بووە؛ پردی سوور و مزگەوتی سوور و کۆخی کورتەک- کە ئێستاش هەر ماون- لە کارە باشەکانی ئەون. لە زەمانی مەزنایەتی ئەودا موکریان سەربەخۆ بووە و هیچ بێگانەیەک- نەعوسمانی و نە سەفەوی- پێدا ڕانەبردوون. سکەی بۆخۆی لێ داوە. دیارە هونەرمەند و خوێندەواری زۆر خۆش ویستوون. کوڕەکانی خۆی فێرە هونەر کردوون. بەردە نووسراوەکەی سەر دەرکی مزگەوتی سوور کە لە ساڵی ١٠٨٩دا

سوهراب خانی کوڕی ئەو ئەمیرە هەڵی کەندووە، ئەم حەقیقەتەش دەسەلمێنێ.

بەڵام بەداخەوە ئەو بنەماڵەش پیاوی گەندیان لێ پەیدابوو. خەڵک لە دەستیان وەزاڵە هات. باپیر ئاغای مەنگوڕ- کە پیاوێکی بەدەستەڵات و مەزنێکی ئازا و لێهاتوو بووە خەریک بووە حوکمات لە دەس ئەو بنەماڵە بێنێتەدەرێ. پێیان زانیوە، بەڵام نەیانوێراوە بەگژیدا بچن. پەنایان بۆ بێگانە، بۆ شای ئێران- بردووە. ئەویش ئەحمەدخانی موقەددەم، حاکمی مەراغەی- کە دژمنایەتی کۆنیشی دەگەڵ خانەکانی موکری هەبووە- کردۆتە مەئمووری کوشتنی باپیر ئاغای مەنگوڕ. ئەحمەدخان فێڵی لە باپیر ئاغا کردووە؛ بانگهێشتنی کردووە بۆ مەراغە. باپیر ئاغاش بەخۆی و نۆسەد سواری هەڵبژاردەی مەنگوڕەوە چۆتە ئەو شارە. سوارەکانیان بەسەر ماڵاندا بڕیون. لە شەوێکی دیاریکراودا هەرکەس میوانی خۆی لە خەوێدا سەربڕیوە. لەو نۆسەد سوارە تەنیا سوارێک دەرچووە کە ناوی وەستا عوسمان بووە. وەک گوتم مێژوونووسانی خۆمانە و بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لەسەرئەو کارە نامەردانە نەنووسیوە. دەڵێن عەشیرەتی مەنگوڕ پاش ئەو کارەساتە پیاویان لێ بڕاوە،. وەستا عوسمان ژن و منداڵی باپیرئاغای دەرکردووە و ماڵ و دەوڵەتی هەموو عەشیرەتەکەش بەتاڵان چووە. هەمزاغای مەنگوڕ کە پیاوێکی شۆڕشگێڕ و بەناوبانگە و نزیکەی سەد ساڵ لەوەی پێش لە ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا بەشداری کردووە؛ کوڕی باپیرئاغای بووە؛ زۆر شتی سەیر و قارەمانانە لەو پیاوە دەگێڕنەوە کە دەرفەت نییە بۆتان بگێڕمەوە. پاش تێشکانی جووڵانەوە ناکامڵەکەی شێخ، هەمزاغاش بەدەستی حاکمی کوردی سابلاخ (ئەمیرنیزامی گەرووسی) دیسان بەفێڵ وەک باوکی کوژراوە. ئەمیرنیزامی پیاوکوژ و خوێنڕێژ، خۆی نووسەرێکی زۆرباشی فارسی بووە کە لە ساکارنووسیدا ناوبانگی هەیە. بەو قەڵەمە لووسەی خۆی، باسی کوشتنی هەمزاغای بە دوورودرێژی نووسیوە. حەیف بەدەستەوە نییە دەنا وەرم دەگێڕا سەر کوردی.

باپیرئاغا کە کوژراوە هەر کوڕێکی بەژن و ماڵی هەبووە. بۆیە جگە لەبەرەی خدری بەرەکانی دیکەی مەنگوڕان هەموو بەناوی دایکیانەوە ناودەبرێن. بەرەی زێڕینێ، بەرەی شەمێ، بەرەی زینێ، بەرەی مرۆتێ، بەرەی ئامانێ. من بەمنداڵی مام

بایزئاغای کوڕی باپیرئاغام دیوە کە دەیانگوت تەمەنی لە سەد ساڵی هەڵبواردووە و ژنی مردووە و دەیەوێ ژن بێنێتەوە؛ بەڵام لەنێو عەشیرەتەکەی خۆیدا کەسی پێ ناشێ؛ هەموو برازانی.

ئەگەر مێژوونووسەکانمان لەسەر ئەو کارەساتەیان نەنووسیوە، شایەرەکان- کە هەموو ڕووداوێکی سەردەمی خۆیان کردۆتە شیعر- لێرەشدا بێدەنگ نەبوون. شایەر لەو بەیتەدا کورتەی کارەساتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێن و نووسیویانە کە ئەم بەیتەش ئی عەلی بەردەشانییە. هەرکەس چ عەلی بناسێ؛ ئەو گومانەی بۆ پەیدا دەبێ. چونکە ڕەوانی شیعر، پوخت و پاراوی زمان، ساکاری بەیان و گێڕانەوەی :چیرۆک، ئەم شکەمان بۆ پەیدا دەکا. بەڵام من بۆم ڕوون نییە ئی عەلی بێ؛ بەو دەلیلانەی خوارەوە:

١- ئاشکرا نییە و نازانین عەلی پاش باپیرئاغا ژیاوە یان نا؟

٢- ناوی زۆر گوندی نێو مەنگوڕان و دەوروبەری سابڵاخی تێدایە کە نیشانەی شارەزایی شایەرە لەم ناوچەیەدا. ئایا عەلی ئەوەندە لە موکریاندا ماوەتەوە کە ئەو شارەزاییەی هەبێ؟

٣- وشەی (پیاوبوون) لەبری (دابەزین) هەر لە شێوەی شارۆیران و شاماتدا هەیە و بۆخۆم لە هیچ جێگایەکی تری کوردستان نەمبیستووە. ئەم وشە لەو بەیتەدا بەکارهاتووە:

مەنگوڕی دە مێ وەچاعێ،
پیاوبوون لە سابڵاغێ، (یانی لە سابڵاخێ دابەزین)
تەدارەک بۆ مەراغێ.

٤- عەلی لاسای شاعیرە خوێندەوارەکانی کرۆتەوە و ناوی خۆی لە هەموو بەیتەکاندا هێناوە. لەو بەیتەدا ناوی عەلی نەهاتووە. سەیرە ڕەحمان بەکریش ناوی خۆی نەهێناوە. ڕەنگبێ شایەرەکەی ناسی بێ، بۆیە ئەو کارەی نەکردووە. ڕاستە ئەم شیعرە بەهێزانە وەک شیعری عەلی، مامۆستای شایەرانی کوردستان دەچن:

هۆی سولەیمانی خەزاڵی
نەوەی ڕۆستەمی زاڵی

حەوت قوببەی لە مەتاڵی
پێم نەڵێن ئەتوو منداڵی،
لە جلیتێی نەکرد خاڵی،
وەک هەوران بە گەواڵی،
یا:
بانگم وەبەر پادشای لە ژوور،
خان ناردنی دوور بە دوور،
بڵباس هاتن بە جەمبوور،
ڕانک ڕەشی چەکمە سوور.

بەڵام مەرج نییە ئی ئەو بن. ئاخر لە بیرتان نەچێ عەلی بەردەشانی شاگردی زۆر باشی پەروەردە کردوون. پێم خۆشبوو زانایەک لەو بارەدا تەحقیقی کردبایە و ڕوونی کردباوە ئەم بەیتە ئی عەلییە. چونکە بەڕاستی حەیفە شایەرەکەی نەناسرێ. بزانن شایەر چەند وەستایانە باسی تالآن و بڕۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

بداخان بوو لە دوایی،
هەزار مەڕی شۆگایی،
هەر هەرزان و خۆڕایی،
دەیاندا مەڕ و شایی.
***
بزنێک بێنێ دوو کارە،
لە مووی بکرێ دەوارە،
بەهای بزنێم دوو پارە
***
هەزار گای بێ جووتبەندە،
قیمەتی گای خولآبەندە،
بڵباسان کاریان گەندە.

***

بەیتی عەبدوڕەحمان پاشای بەبە

ئەم بەیتە- کە عەلی بەردەشانی بە عەبدوڕەحمان پاشا بابانی هەڵگوتووە- شاکارێکی کەم وێنە و دوری سەر خەزێنەی بەیتە جوانەکانی کوردییە. زۆر شت لەسەر عەبدوڕەحمان پاشا نووسراوە و پێویست ناکا من دووپاتەیان بکەمەوە(١).

(١) بەڵام هەرچی لەسەر عەلی بەردەشانی بگوترێ و بنووسرێ هێشتا کەمە؛ کەسێکی حاجی قادری کۆیی- شاعیری مەزن و نەمری کورد- ئاوای باس بکا:

دوو عەلین، شاعیرن وەکوو حەسسان

بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

دەبێ چ هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و مەزن بووبێ؟ عەلی هەموو ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی کردۆتە شیعر. عەلی شایەرێک بووە کە وشەی کوردی وەک مێو لە دەسدا بووە و هەرچۆنێکی ویستوویەتی دەری هێناوە. هەموو شایەرەکانی پاش ئەو عەلییان بەمامۆستای خۆیان زانیوە و بەڕێزەوە ناویان هێناوە. من بۆخۆم عەلی بەردەشانی بەمامۆستای خۆم دەزانم و زۆر شتی لێ فێربووم. لەبیرمە زوو پارچە شیعرێکم لەسەر ئەو کێشەی کوردی- کە لە پێش عەلیشدا هەبووە، بەڵام عەلی برەوی پێ داوە و ئێستا زۆربەی شاعیرەکانمان شیعری پێ دەڵێن، گوتبوو. بۆ شیعرناسێکم خوێندەوە. گوتی باشت کردووە وەدووی مامۆستا گۆران کەوتووی و لەسەرئەو کێشە شیعرت داناوە. گوتم من زۆر ڕێز بۆ گۆران دادەنێم و بە شاعیرێکی زۆر مەزنی دەزانم؛ بەڵام لە شیعردا ئیلهامم لە عەلی بەردەشانی وەرگرتووە کە زۆر دەپێش مامۆستا گۆراندا دەڵێ:

پاشای بەبان جیهانگیری،

وەک ڕۆستەمی زاڵی پیری،

تەحا بەڕاو و تەگبیری

ڕانابوێرێ بە ڕەزیلی:

ناکەم خزمەتی وەزیری

نانی دەستێنم بەشیری

هیچ بیرتان لەو نیوە شیعرەی دوایە کردۆتەوە؛ وەک قسەی ئەو پیاوە سیاسیە گەورە دەچێ کە دەڵێ: «هەق لە لوولەی تفەنگدایە». بەداخەوە زۆربەی شیعرەکانی عەلی لەبیر چوونەوە. ئەگەر هەموویان کۆکرابانەوە، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندمان دەبوو. من زۆرم بیر لەوەی دەکردەوە کە بۆچی شاعیرانی چەرخی نۆزدەی شاری سولەیمانی بەشێوەی موکریانی شیعریان گوتووە. بەخەیاڵی خۆم وام دانابوو کە ئەوان بەتایبەتی (نالی) کەوتوونە بیری

پاش ئەو بەیتە ئۆسکارمان ١٤ بەند و وردە مەقام و گۆرانی ئەو سەردەمەی تۆمارکردوون کە بەختەوەرانە ئێستاش لەبیر نەچوونەوە و بۆخۆم هەمووم لەبیر

دروستکردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی و ئەو شێوەیان بەئەسڵ داناوە؛ تەنانەت لەو بارەدا شتیشم نووسی، بەڵام پاش ئەوەی سەرنجم دا ئەو بەیتە و شیعرەکانی عەلی بەردەشانی، زانیم بەهەڵەچووم. زمانی بارەگای عەبدوڕەحمان پاشای بەبە ئەوە بووە کە شاعیرانی چەرخی نۆزدەمان شیعریان پێ گوتووە. یەعنی سابڵاخ و سەلەیمانی؛ دوو پاتەختی ئەو سەردەمی کوردستان بەیەک شێوە قسەیان کردووە، کە بەداخەوە ئێستا زۆر لێک جوێ بوونەوە. ئەگەر وا نەبایە عەلی کە شایەری تایبەتی و نانخۆری پاشا بووە، شیعری بەشێوەیەک دادەنا کە پاشا پێی خۆشە و زمانی خۆیەتی و نەیدەگوت:

ئەزم عەلی بەردەشانی،
دەبەندێم نەکەی زبانی،
بەیتێ دەڵێم بە دیوانی،
مەدحی پاشای کوردستانی.
***
مەدحی پاشای کامیان باشە،
شایەد ڕۆم و قزڵباشە،
هەرجارێ شیری دەکێشا،
هەموو دەهاتنە تەماشا،
عالەم ئالایە(*) چاوەشە،
مەردە عەبدوڕەحمان پاشا.
(*) عالم آرا.

من ئەو هونەرەی بە عەلیمەوە دیوە بەهیچ شاعیرێکمەوە نەدیوە. عەلی :چیرۆکێکی خەیاڵی دروستکردووە. دەگەڵ قوڵەشین شایەری جندۆکان فڕیان هاویشتۆتە یەک و شەڕە شیعریان کردووە. ئەوی لەباتی خۆی گوتوونی هەموو لێک و لووس و جوان و ڕەوانن. ئەوی لەباتی جندۆکەی گوتوون بەرەژێرترن و لەنگولۆریان تێدایە و قوڵەشینی بەو فێڵە بەزاندووە بۆیە شایەرەکانی دوای عەلی دەیانگوت:

«بابە مەمانان چۆن دەوێرین خۆ لە قەرەی عەلی بدەین، ئەو فێرکردەی جندۆکانە». بڕواشیان بەو قسەی خۆیان هەبوو. ڕەنگبێ یەکێک لە هۆیەکانی فەوتانی شوێنەوارەکانی عەلی بەردەشانی ئەوە بێ کە هەموو کەس دەخۆی ڕانەدیوە بەیتەکانی ئەو بڵێتەوە. هیچ شایەر و بەیتبێژێک هەقی وەی بە خۆی نەداوە دەس لە شیێعری عەلی وەربدا و وشەیەک پاش و پێش بکا. کەچی پاش ئەوەی نووسرانەوە کەمتاکورتێک دەستیان تێوەردراوە.

بوون، گۆرانی بێژەکانیش هەر دەیانڵێنەوە:

یا خوڵا هەروا گەرد و تۆز بێ،
دەسرۆکەی لە ملان ئاڵۆزبێ،
لەیلا جێژنەت لێ پیرۆز بێ.

***

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
ئالەم سووتا لە ناڵەی من

پاش ئەو گۆرانییانە بەیتی عەلی عاشقە. بەیتێکی کورتە؛ هەموو یازدە بەندە، بەڵام شیعرەکانی تا بڵێی هەست بزوێن و جوانن. ئۆسکارمان دەڵێ ئەم عەلی عاشقە لاوێکی کورد بووە؛ زۆری حەز لە کچێکی کردووە. ئەو شەوی کچەیان بۆ گوێزتۆتەوە لەبەر دەرکی پەردوو مردووە. بەڕاستی پارچە شیعرێکی جوانە و بۆیە دەبێ زۆر جار چاپ بکرێتەوە:

عەلی ئاشق! ئەگەر ئیشقت زوبانی بێ،
سەد جار عومرت زوو فانی بێ،
حەیفە ئیخلاس پەنهانی بێ.
مەلا زادە بەخێرهاتی.

ئاخر بەیت مەم و زینێکی بچووکە کە لاپەڕێکی کتێبەکەی تەواو نەگرتووە، ئۆسکارمانیش دەڵێ شتێکی ئەوتۆ نییە و کۆپیەی ناشیرینی بەیتی برایمۆکە.

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست!

ماوەیەکی دوورودرێژ بەو کارەوە خەریک بووم. زۆرم شەو، شەونخوونی کێشا، زۆرم ڕەنج و کوێرەوەری دی. گەلێک ماندوو و شەکەت بووم، تا توانیم ئەو تێکستانە ساغ بکەمەوە و بیانهێنمە سەر ڕێنووسی ئێستای کوردی. دەشزانم نە هونەرێکم

خۆزگە ئەو کەسانەی بۆیان دەلوێ زیاتر زەحمەت بۆ کۆکردنەوەی بەیتەکانی عەلی بکێشن.
خۆزگە هەموو شوێنەوارەکانی عەلی پێکەوە چاپ دەکران و بڵاودبوونەوە.

نواندوه و نه کارێکم کردووه. هونەر هونەری ئەو خۆویژ و شایەرانەیە کە ئەو بەیتانەیان داناون. هونەر هونەری ئەو مرۆ بێ ناوونیشانانەیە کە بەدرێژایی مێژوو؛ سینگاوسینگ پاراستوویانن. هونەر هونەری ڕەحمان بەکری نەمرە کە ئەو هەموو دوڕ و گەوهەرانەی لە خەزێنەی مێشکی پڕی خۆی هەڵێنجاون و دەکۆشی گەوهەرناسێکی وەستای وەک ئۆسکارمانی کردوون. کار کاری ئۆسکارمان، ئەو زانا و مامۆستا گەورە و مەزنەیە کە ئەو دوڕ و گەوهەرانەی وا بە ڕێکوپێکی هۆندوونەوە و کردوونی بەو ملوانکە و بەرموورە کە لە بازاڕی هونەردا نرخی تەواو نابێ.

ئۆسکارمان ئەو کارەی بە هەر مەبەستێک کردبێ، خزمەتێکی زۆر گەورەی بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی کورد کردووە؛ خزمەتێک کە فەرامۆش ناکرێ. خزمەتێک کە وێنەی کەمە. خزمەتێک کە ناوی ئەو زانا بێگانە و دڵسۆزە لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەماندا بەنەمری دێڵێتەوە.

لێرەدا نابێ خزمەتی ئەو ڕۆڵە کوردە زانایەش (دکتۆر جەوادی قازی) لەبیر بکەین کە بە گیان و دڵ یارمەتی ئەوی داوە.

تەنیا کارێکی من کردوومە و دەبوو زۆر دەپێشتردا کرابایە ئەوەیە: ئەو ملوانکە بەنرخە و ئەو بەرموورە نایابەم لە کۆنە سندووقە تۆز لەسەر نیشتووەکان هێنادەر و دامەوە بەخاوەنی خۆی؛ بە کۆمەڵانی هەراوی نەتەوەی کورد. میراتی باوک و باپیری خۆیانە و هەر پیرۆزی خۆیان بێ.

سوپاسی کۆڕی زانیاری کورد دەکەم کە ئەم ئەرکەی بەمن ئەسپارد. دیسان سوپاسی دەکەم کە چاپی کرد و نەیهێشت ڕەنجم بەفیڕۆ بچێ.

سوپاسی کاک (ج) و کاک (ر) دوو هاوڕێ و برای نیزیکم دەکەم کە هەڵەکانی نووسینیان دەستنیشان دەکردم و زۆریان یاریدە دام. سوپاسی برای خۆشەویستم کاک (خ) دەکەم کە لە کاتی نووسیندا سەرانسوێی دەکردم و پێویستیەکانی ڕادەپەڕاندم. سوپاسی تەمەنی خۆم دەکەم کە تەواو نەبوو تا تەواوبوو.

هێمن

١٩٧٥/١/١٩

سەرەتا

ئەمە سەرەتای کتێبە نایابەکەی Oskar Mannە، کوردی زانی بەناوبانگی ئەڵمانیا، کە ساڵی ١٩٠٦ لەژێر ناوی (شێوەی کوردانی موکری) (Die Mundart der Mukri - Kurden) لە بەرلین لە چاپی دا. من لە ئەڵمانییەوە کردمە کوردی.

ناجی عەباس

ئەم پارچە ئەدەبیاتە کە لەم بەرگە بڵاودەکرێنەوە، کە بریتین لە بەیت (Epik واتا هەڵبەستی درێژی مێژوویی) :چیرۆکی پەخشان و دێرە هەڵبەستی فۆلکلۆری لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ساڵی ١٩٠٣ لە شاری ساباڵخ، کە سەرە شاری ئەیالەتی موکری کوردستانە- کۆکرانەوە. بۆ زانینی بارەی جوغرافی ئەم ئەیالەتە بچووکە- کە لەلایەن حاکمێکەوە سەرپەرشتی دەکرێ و پەیوەندی هەیە لەگەڵ حاکمی ئازربایجان لە تەبریز- تەماشای بەرگی دووەمی کتێبەکەی De Morganم کرد Mission Scientifique en Perse بعثەیێکی علمی لە فارس، لاپەڕەیەک و لەوەپاش(١). H.C. Rawlinsion عالمێکی کۆنتر، لە ساڵی ١٨٣٨ باری خێڵەکان و جێگای بڵاوبوونیانی باش ڕوونکردەوە(٢).

ڕاولنسن بێجگە لەوە هەندێ لە مەعلووماتەکەی مێژووزانی کورد شەرەفەدینی نرخ پێ داوە. کتێبەکەی ئەم مێژووزانە کە لە ساڵی ١٨٦٠ لە چاپ درا و بڵاوکرا لەلایەن خێڵی موکرییەوە مەعلووماتی مێژوویی تریمان دەداتێ؛ ئەو خێڵە کە ئێستا زۆربەیان لە باشووری جەنوبی و باشووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ

---

(١) شکڵی نووسینی ناوە جوغرافیەکانم وەک de Morgan دانەنا، بەڵکوو لەپاش لێپرسینەوە من خۆم بەدیققەت دامنان. ئۆسکارمان

(٢) هەندێ مەعلوومات لەلایەن ئەو گەشتەوە کە لە تەبریزەوە بەناو کوردستانی ئێراندا کرا لە مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٨٣٨، گۆڤاری جڤاتی (جەمعیەتی)جوغرافیەزانەکی ئینگلیز، بەندی دەیەم، لاپەڕە یەک و لەوەپاش. ئۆسکارمان

دەژین. شرف الدین لە بەرگی یەکەم لاپەڕە ٢٨٨ باسی بنەچەی (ئەسڵی) میرەکانی موکری دەکا و دەڵێ ئەمانە لە بەبەکانەوە پەیدابوون، کە لە سولەیمانی و دەوروپشتی دەژین کە تابعی تورکن (واتا عوسمانییەکان) کە پێشتر لە ئەیالەتی شەهرەزوور جێنشین بوون[١]. وا گومان دەکەم ئەمە ڕاستە، وە شێوەی موکری- هەروەکو لە

پاشان پێشان دەدرێ - عەینی شێوەی بەبەیە. لە پاشا ئیمڕۆش خێزانە ناودارەکانی سابلاخ وا دەگەین کە لە بنەواندا دەچنە سەر بەبە. بێجگەلەمانە بەپێی ئەو مەعلووماتە (زانیارییە) کە ڕاوڵنسن لەبارەی موڵکایەتی لە ئەمارەتی بەبە دەماندەتێ، خێزانە سەرکەوتووەکان بەهێزی شیر توانویانە بەسەر لادێییەکانا زاڵ بن و زەوی و موڵکەکانیان لەناو خۆیانا دابەش بکەن. ئەم جۆرە موڵکایەتییە لە وڵاتی موکریان ئێستاش باوە و باش دیارە. مێژووزانی کورد شرف الدین دەڵێ خێزانە سەرکەوتووەکان لە وڵاتی سولەیمانی ئێستاوە هاتوون. کاتی ئەم سەرکەوتن و زاڵبوونە لە زەمانی ئیسماعیل سەفەوی یەکەمەوە زۆر دوور نییە. لەبەرئەوە بەڵگەیێکی وامان بەدەستەوە نییە کە بڕوا بە قسەی شەرەفەدین الدین نەکەین.

ئەو خێڵانە کە موکرییەکان بەسەریانا زاڵبوون، وەکوو خۆیان کورد بوون. لەمەدا نابێ گومان بکرێ. چونکە دەمی پەلاماردان و زاڵبوون تەنیا ٤٠٠ ساڵ دوورە. ئێستا لەم وڵاتە پاشماوەی تورک زمان و ئیدیەم (Idiom)ی تورکی[٢] نەماون. لێرە تەنیا دەبێ بیر لە تورک زمان بکرێت کە لە ڕۆژهەڵاتی موکریان دەژین و نابێ بیر لە

پاشماوەی نەتەوەی دیکە بکرێت. چینی جووتیاران- کە ڕەعیەتیان پێ دەڵێن- زۆرتریان لە خێڵی (دێبۆکری)ن. زۆربەی ئەم دێبۆکریانە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی موکریان لە ناوچەی شاروێران و لە دۆڵەکانی جەغەتوو و تەتەهوی نیزیک میاندواب دەژین. وا دیارە ئەم دێبۆکریانە لەلایەن خێڵە موکرییەکانی هاوزمانیان - لەپاش دەس بەسەرەوەنانی موڵکەکانیان - لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەرکران.

ئێستا دەتوانین سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی زمانی موکری باش دابنێین: ئەو

---

(١) وابزانم لێرەدا نووسەر هەڵەی کردووە. چونکە لە سەدەی ١٩ شاری سولەیمانی تابعی ئەیالەتی شارەزوور بوو کە ئەودەمە مەرکەزەکەی شاری کەرکوک بوو. ناجی عباس

(٢) وەک قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ن.ع.

خەڵکانە کە لە ڕۆژهەلاتی دۆڵی جەغەتوو دەژین بە تورکی قسە دەکەن و ژمارەیێکی زۆری ئەمانە لە دەشتی میاندواب جێنشین. کە ڕوو دەکەینە باشوور (جەنووب) دەگەینە ناوچەکانی سەقز و بانە کە دانیشتووەکانی دیسان بەشێوەی موکری قسە دەکەن. کە چەند سەعات لەم دوو شارە بچووکەوە بەرەو خوار بکشێین دەگەینە ناوچەی (مەریوان) کە دەکەوێتە نیزک سنووری تورک (واتا عوسمانییەکان). کە لە مەریوانەوە بەرەو ڕۆژهەلات بڕۆین دەگەینە خێڵی تیلەکۆ کە لە هەرێمی هۆبەتوو دەژین. ئەم تیلەکۆیانە بە شێوەی سنە قسە دەکەن و تابعی ئەیالەتی (کوردستان)ن. بێتوو لە سابڵاخەوە- کە مەرکەزی موکریان دەگرێت - بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆین، لە بەشی شمال دەگەینە سێ خێڵی بڵباس: مەنگوڕ کە تەواو دەکەونە ڕۆژئاوای باشووری (جەنووبی) سابلاخ. مامش کە لە هەرێمی لاجانن و پیران کە لە بەشی ڕۆژئاوای باکووری ئەو هەرێمە دەژین. شێوەی پیران زۆر کەم لە هی سابڵاخ جیا دەبێت. لە دەشتی (شنۆ)وە بەرەو باکوور (شمال) بڕۆین ئیتر شێوەی موکری نامێنێ. هەندێ کەس لە هۆزەکانی (ڕەوەندی)[1] -کە لە باشووری (جەنووبی) شنۆ پێیان گەیشتم- بە قسەی موکری قسەیان دەکرد. بەلام هەرێمی ڕەوەندییەکان لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا هەتا دۆڵی زێی گەورە دەکشێ. کە لە سابڵاخەوە بەرەو ڕۆژئاوای باشوور بڕۆین دەگەینە سەردەشت و بانە. لەو ناوە نیزک سنووری تورک خێڵی (گەورک) دەژین کە شێوەی موکری بەکاردێنن. حەیف و مەخابن من ئیزن نەدرابووم لە هەرێمەکانی تورک (واتا عیراقی ئێستا) لەسەر تۆژینەوە دەوام بکەم. لەبەرئەوە بەداخەوە ناتوانم بڵێم شێوەی موکری لەولای سنوور هەتا کوێ دەکشێ[2]. بەلام ئەو ئاخاوتنانەم لەگەڵ هەندێ کەسی خەڵکی سولەیمانی و دەوروپشتی و لەگەڵ هەندێ شاعیری خۆشەویست لە سابلاخ، کە خەڵکی کەرکووک، دەربەند و

(١) وابزانم لێرە مەبەستی لە (ڕەوەندی) ئەو ڕەوەندانەیە (کۆچەرانەیە) هاوینان لەوێ لەژێر خێوەت دەژین؛ وەک هەرکی و سوورچی و خێڵی تری. (ن.ع)

(٢) وەکو بزانم شێوەی موکری تەواو و پەتی لە هەرێمی پژدەر و ڕانیە بلاوە. لە هەرێمی باڵەکی ڕۆژهەلاتی ڕەواندز خەڵکی حاجی ئۆمەران، زینوی شێخ، و ڕایەت بە شێوەی موکری قسە دەکەن. لە دەربەندی ڕایەت شێوەی سۆران دەسپێدەکا ن.ع.

دێهاتی سولەیمانی بوون، پێشانی دام کە جیاوازیێکی ئەوتۆ نییە لە بەینی شێوەی موکری و ئەوانی تری. تۆژینەوەی Chodzko لە بابەت شێوەی سولەیمانی – کە لە پاشان باس دەکرێ – ئەم قسەیەی من بەڕاست دادەنێ.

شەرەفنامە باسی مێژووی موکرییەکان دەکا هەتا کاتی خۆی کە نزیک دەبێ لە سالّی ١٥٩٥. بێتو بمانەوێ پاش ئەم ساڵە بەشوێن ئەم مێژووە بڕۆین دەبێ دەس بخەینە ناو مێژووی عەجەم؛ بەتایبەتی مێژووی سەفەوییەکان. من لەم بابەتەوە هەندێ تۆژینەوەم کرد؛ بەلاّم ئێستا ماوەی ئەوەم نییە لەسەری بڕۆم و تەواوی کەم.

میرزا ئەسکەندەر لە مێژووە میریەکەی (ڕەسمیەکەی) کە بۆ شاە عەباسی نووسیوە بەناوی (تاریخی عالم آرائی) باسی شەڕە درێژەکانی موکری و برادۆست دەکا– کە خزم و دراوسێی موکرییەکانن بەرامبەر لەشکری شاە عەباس. ئەسکەندەر میرزا خۆی لەگەڵ لەشکری عەجەم بووە، لەبەر ئەوە مێژووەکەی بە ڕاپۆرتێکی ڕاست دادەندرێ. کوردەکان لەلایەن ئەم شەڕانەوە بەیتێکی مێژوویی درێژییان داناوە کە باسی بەرگری و ئازایەتی قارەمانانەی کوردەکان دەکا لە قەلاّی دمدم لەژێر سەرکردەیی ئەمیرخانی سەرۆکی برادۆست کە بە (خانی لەپزێڕین) بەناوبانگ بوو(١). ئەم بەیتی دمدمە یەکێک لە جوانترین و بەناوبانگترین داستانی میللی کوردە.

لە مێژووی نادرشای میرزامهدی خانیش لە بابەت موکریانەوە دەسکەوتی باش دەدۆزرێ.

ڕاولنسن Rawlinson لە وتارە باشەکەی بەدرێژی باسی هاتنی قەرەپەپاغی تورک دەکا کە لە ولاّتی جورجیای قەفقاسەوە بۆ هەرێمی سولدوز کۆچیان کردووە، سولدوز دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری گۆمی ئورمێ.

زۆربەی خێڵەکانی موکری ئێستا جێنشینن، و لە دێهات دەژین کە بریتییە لە خانووی قوڕی خراپ و ناپەسەند. هاوینان خانووەکانیان بەجێ دەهێڵن و – هەتا

---

(١) میرزا ئەسکەندەر– وەکو دوژمن. ن.ع– نازناوی (چۆلاق)ی پێ دەدا، کە بەتورکی مەعنای دەس گۆج یان دەس شکاو دەگری ئۆسکارمان.

دەغڵودانیـان کۆدەکەنەوە – لەژێر ڕەشمـاڵی ڕەشدا – نیزک دێیەکانیـان دەژین. تەنیا بەشێکی بچووکی ئەم کوردانە نیوە کۆچەرن (نیوە ڕەوەندن) کە زستانان نیشتەجێن و لە خـانوودا دەژین، و خۆیان کـەمتر لەگـەڵ کشتـوکـاڵ خـەریک دەکـەن. هـەر ئەوەندە دەغڵ دەچێنن کە بەشی خۆیان بکا. ئەم نیوە کۆچەرانە کە بەهار هـات خانووەکانیان بەجێ دەهێڵن و لـەگـەڵ مێگەلەکـانیـان دەچنە کوێستـان و هـەتا پـایز لە مـێرگێکەوە دەچن بۆ مـێرگێکی دیکـە. کە پـایز هـات دەگـەڕێنەوە دێیەکـانیان و کۆمـەکی ئەو چەند خـێـزانـە دەکـەن کـە لەوێ مـاون بۆ چـاودێری دەغڵ و بـاغـات و پێکەوە ئیـتـر بەرهـەمـەکـەیان (مـەحسـوولەکـەیان) کۆدەکـەنەوە. ئێستـا لـەم هـەرێمـەی کـوردستـانـە کۆچەری تەواو نەمـاون کـە زستـان و هـاوین لەژێـر خـێـوەتا بژین و تـەنیـا مـەڕومـاڵات بەخێوکەن و دەست لە کشتوکاڵ نادەن.

لە بابەت زمـانی ئەم خـێـڵـە کـوردانە هـەتا ئـەم ڕۆژانە تەنیـا دوو نووسـراوی کـورت هـەیە:

١– A. Chodzko شـۆدزکـۆ: تۆژینـەوەیێکی زمـانسـازی زمـانی کـوردی (شـێـوەی سـولەیمانی) کـە لە گـۆڤـاری ئاسـیـایی سـاڵی ١٨٥٧ بڵاوکـراوە. شـۆدزکـۆ مەعلوومـاتەکەی لە سەرۆکێکی بەبە کۆکردۆتەوە کە سـاڵی ١٨٥٣ ماوەیێکی درێژ لە پـاریس مـاوە. زمـانزانـی بەناوبـانگ P. Lerch لێـرەش بـاسی بـەرهـەمـەکـەی شـۆدزکۆ دەکا. من لێرە تەنیـا بەراوردی ئەو شـێوەیە دەکـەم کـە شـۆدزکۆ باسی دەکا لەگەڵ شێوەی موکری.

٢– A. Houtum - Schindler هوتوم – شیندلەر: بەرهـەمێک، لەلایەن وشـەی کوردییەوە. ئەم بەرهەمە بەنرخە کەمێک ڕێزمانیشی تێدایە.

٣– De Morgan دێ مـۆرگـان: بیـعـسـەیێکی علمـی لە فـارس کـە پێنج بەرگـە. بەرگی یەکـەمـی– کـە سـاڵی ١٨٩٤ و ١٨٩٥ بـڵاوکراوەیە– بـاسـی شـێـوەی مـوکـری دەکـا لەگەڵ شێوەکانی تری، بەڵام زۆر قسـەی هـەڵە و چەوتی تێدایە[١].

---

(١) لێرە ئۆسکارمـان لەلاپەڕە ٢٢ەوە هەتا ٢٥ی سـەرەتا بەدرێژی و تونـدی ڕەخنە لە دێ مـۆرگـان دەگـرێ و پەلامـاری دەدا کـە پێی نـاوێ لێـرە بیکەمـە کـوردی. لە وێنـەکـان کـە ئۆسـکارمـان پەلاماری دەدا وا دیارە دێ مۆرگان کوردی باش نەزانیوە. ناجی عەباس

ئەو مەعلوماتە کە لە سابلاخ کۆم کردەوە بریتین لە چوار شت:

١- ڕێزمانی شێوەی موکری.

٢- ژمارەیێکی زۆر لە وشەی کوردی کە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەکار دەهێنرێن.

٣- ٢٠٠ غەزەل و قەسیدەی شاعیرانی کورد کە زۆریان نوێن.

٤- :چیرۆکی پەخشان، بەیت و چەند گۆرانی ناو خەڵک.

من بەختم هەبوو لە سابلاخ تووشی میرزاییێکی گەنجی ژیر بووم و خێرا کردمە منشی[1] خۆم. ناوی میرزا جەواد بوو و لە یەکێ لە خانەدانەکانی موکری بوو، کە پشتاوپشت دەچووە سەر خانەدانی ئەمارەتی بەبە. کەسانی ئەم خانەدانە لەناو خەڵک بەفامیلیەی (قازی) بەناوبانگن. ئەم گەنجە لە عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام زۆر شارەزا بوو و زۆر حەزی دەکرد فێری زانستیەکانی ئەورووپا بێ. من ویستم لە پێش هەموو شتێکا زاراوەی بنجی (مستەلەحاتی ئەساسی) ئێمەی (ئەڵمانی) بۆ ڕوونکەمەوە؛ چونکە میرزا بەزانینی ڕێزمانی عەرەبی، لە لێکدانەوە لە زمانێکی هندو-جەرمانی پەکی دەکەوت. لەپێشدا نەختێ ئینگلیزیم فێرکرد و هەندێ دەستووری (قواعدی) زمانی ئینگلیزیم پیشان دا. لە پاشا زۆر بەدڵخۆشی تەماشام کرد کاک میرزا وەک کوردێک بیر دەکا لە زمانە زگماکەکەی خۆی و شی دەکا و وردە وردە دەستووری بۆ دەدۆزێ. ئینجا لەگەڵی دەسم کردە تۆژینەوەی ڕێزمانی کوردی و خوێندنی پارچە هەڵبەستی کوردی. ئەو هەڵبەستانە کە میرزا دەسخەتێکی زۆری -داخەکەم زۆر تازەی- هەبوو. لە ماڵەوە بەکۆمەکی براکەی لیستەی وشەی کوردی لەگەڵ فارسیە بەرامبەرەکەی دانا. من لە پاشان نیشانەم دانابوو بۆ ئەو دەنگانە کە تایبەتی کوردین و ئەم نیشانانەم فێری میرزا کرد و شتە کوردییەکانم پێ نووسیەوە.

ئەو شەش :چیرۆکە پەخشانە کە لەم کتێبە بڵاوکراوانەوە لەگەڵ هەندێ لەو گۆرانیە بچووکانە کە لەژێر پیتی (C) دانراون لە میرزا جەواد وەرگیراون. هەڵبەستە بچووکەکانی تریم لە شوان و قاترچی وەرگرت. هەڵبەستەکەی (عەلی عاشق) و

---

(١) ئەم وشەیە ئۆسکارمان بە حروفی ئەڵمانی نووسیوە و وا دیارە لەودەمە زاراوەیێکی کوردی و فارسی ئێران بووە. لای ئێمە میرزا یان کاتبی پێ دەوترێ ناجی عەباس.

هەندێ پارچەی (مەم و زین)م لە (مەریوان)[١] لە کوردێک وەرگرت کە لەوێ لە دایک بووبوو و ماوەیێکی درێژ لە بانە و سەقز و سابلاخ ژیابوو. ئەو کوردە وای پیشان دەدا کە شێوەی موکری باش دەزانێ؛ بەلاّم ئەو پارچانە کە لێم وەرگرت جیاوازیێکی زۆری هەیە لەگەڵ پارچەکانی تری[٢].

ئەو هەڵبەستانە کە لە مەریوان بەدەسم کەوت لە سابلاخ بەشێوەی موکری بۆم خوێندرایەوە. کە بەراوردی شێوەی مەریوانمان کرد لەگەڵ هی سابلاخ، دەبینین لە هەڵبەستدا جیاوازیێکی کەمتر هەیە لە هی پەخشان. هەڵبەستی (عەلی عاشق ژمارە ١٥) لەلایەن لاوێکی هەرزەکارەوە دانراوە کە بۆ خواستنی کچێک ماوەیێکی درێژ هەولّی دەدا؛ بەلاّم لە دواییدا کە توانی مارەی کا، ڕۆژی شایی لە پڕێکا ڕیزێک هەڵبەستی بەخۆشەویستەکەی- کە ناوی پەریزادە بوو- هەڵگوت و لە بێلاّی (عەتەبەی) ژووری بووک بەمردوویی کەوتە خوارەوە.

زۆربەی ئەو کۆمەڵە تێکستە (text = سایانە) کە لەم کتێبە بلاّو دەکرێنەوە بریتین لە گۆرانی بەیت (لە لاپەڕە ١٢ەوە هەتا ٢٩٧) کە بەدەم خەڵکەوەیە. ئەمانە لەلایەن ڕەحمانی کوڕی بەکری شاعرەوە[٣] پێم نووسرا کە لە هەرێمی سابلاخ بەڕەحمانی بەکری بەیتبێژ بەناوبانگە؛ کە دێبۆکرییە و خەڵکی دێی حاجی حوسێنە[٤]. کە دێیێکی بچووکە لە دەشتی میاندواب. تەنیا ژمارە ١٦ (لاپەڕە ٢٩٣) دەروێشێکی موکری پێ نووسیم، کە خۆی بەشانازییەوە بەئوستاد دادەنا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە بووم پاداشی باشی بدەمێ؛ داخەکەم جارێکی تری نەهاتە لام و وا دیاربوو چە هێزێک نەیدەتوانی ئیقناعی بکا تاکوو بێتە لام. لە ڕۆژی پۆستە کە بۆ من ڕۆژی

(١) مەریوان شارێکی بچووکی ئەیالەتی ئەردەلاّن یان کوردستانە کە تەواو لەسەر سنووری تورکە و نیزک پێنجوینە ئۆسکارمان.

(٢) :چیرۆکی مەم و زین زۆر لە هەڵبەستەکەی برایمۆک دەکا کە لەژێر ژمارە پێنج لەم کتێبە بلاّوکرایەوە ئۆسکارمان.

(٣) وا دیارە مەبەستی ئۆسکارمان لە (شاعر) (شایەر)ە کە بەگۆرانیبێژ دەوترێ.

(٤) کاک هێمن دەڵێ من بەڵەدی ئەو ناوەم لەوێ دێیەک نییە ناوی حاجی حسەین بێ، بەلاّم بەناوی حاجی حەسەن دێیە هەیە. وا دیارە ئۆسکارمان هەڵەی کردووە، یان لە چاپدا تووشی هەڵە بووە. ناجی عەباس

پشـوودان بوو – داوام لە میـرزا جـەواد دەکرد ئەو هەڵبـەسـتـانە کـە ڕەحـمـانی بەکر لەبەریەتـی بەڕێنووسـی فـارسـی بۆم بنووسـێ. لە پاشـا مـیرزا ئەو هـەڵبـەسـتـانەی بۆ دەخـوێندمەوە و مـن دەمنووسـی. من چەشنە ڕێنووسـێکی کـوردیم دروست کرد کـە لە دوا لاپەڕەکانی ئەم کتێبە لە چاپ دراوە. ئەو پارچانە کە ڕەحـمـان پێی دەنووسـیم، ڕەحـمـان بەشێـوەی ناو خـەڵک بۆی دەخـوێندمـەوە بەڵام مـیرزا جەواد کـە خـوێندەوار بوو وشە عـەرەبیەکانی ناو زمانی کوردی باشتر تێ دەگەیشت و دەیخوێندەوە. بەڵام هـەنـدێ جـار (وەک لـە پارچـەکـانـی ١٣، ١٤، ١٥) من زۆرم لێ دەکـرد کـە خـەڵکی نەخوێندەوار چۆن دەیڵێن وام پێ بنووسێ.

بەیتی ژمارە یەک (مێژووی دمدم) لەگەڵ (ناسر و مـاڵ ماڵ)م جارێکی تری بیست لەناو کـوردەکـانی ڕەوەند لە دێی عـەینی ڕۆم کـە ڕەشـمـاڵ دێیـێکی[1] بچـووکـە لە باکـووری شنـۆ. گـۆرانیـبـێـژەکـانی ڕەوەند لـە تێکسـتـی ڕەحـمـان خـۆیان لانەدەدا. وشـەکـانـی دێری یەکـەمـی دمـدم تەواو وەک ئەوە بوو کـە لای من نووسـرابـوو. بەڵێ هـەندێ جـیـاوازی هـەبوو لـە وشـە و دەنگەکـان، بەڵام زۆر کـەم. داخـەکـەم ئەودەمـە نەمتوانـی زیاتر لەناو ڕەوەندەکان بمێنم و گۆرانییـان لێ وەرگرم؛ چونکە چەند ڕۆژێ بوو تام لێ هـاتبـوو و کـارم پێ نەدەکرا و دەربەست بووم ئەوەندەی پێم بکرێ زووتر بەسواری بچمە ئورمێ و لەوێ خۆم بگەینمە لای پزیشکێک تاکوو چارەم بکا.

لە وەرگـێڕانی بـەیتـەکـان بۆ سـەر ئـەڵمانی کـە لە بەرگی دووەم بـڵاودەکرێتـەوە لە تێبینینەکانی Prym - Socin سوودم وەرگرت.

بێـجگە لەو فـێرگـانە (قـوتـابخـانە و مـەدرەسـانـە) کە زۆریان لەژێر سـەرپەرشـتـی مەلاکانن، هـەندێ فێرگەی گۆرانی هـەن کە لەوێ گەنجەکان فێری بێژینی ئەو بەیتانە دەبن کە لە پەخشـان و هـەڵبەسـتی کوردەواری پێکهاتوون. ئەو گەنجـانە کە دەنگیان خـۆشـە دەچنە لای وەسـتـایـێک (کـە بەفـارسـی ئوسـتـادی پـێ دەبێژرێ) تاکـو فـێری بێژین و چڕینـی هـەمـوو ئەو هـەڵبـەسـتـانە بن کـە ئەو وەسـتـایانە دەیانزانن و لەبەری کـەن. بـەم جـۆرە ئەو پـارچە هـەڵبــەسـتـانـە دەمـاودەم دەپارێزرێن. ئەو بـەیـتـبـێـژانە

(١) لە هـەرێمی شنۆ ڕەشـمـاڵدێ نییـە کـە زسـتـانیش تێدابژین. وا گـومـان دەکـەم عـەینی ڕۆم ناوی هـاوینەهـەوار بێ.

بەدەگمەن خوێندن و نووسین دەزانن؛ تەنانەت ڕەحمانی بەکر نەخوێندەوار بوو. بێتو ئەو گەنجانە بیانەوێ باشتر فێری پیشەکە بن، دەچنە لای وەستایێکی دووەم و سێیەم و دەبنە شاگردی؛ بەڵام نەک بەخۆڕایی. شاگردەکە بەخزمەتکردن لە ماڵی وەستاکەی، یان بەهێنانی شتی پێویست (وەک چا و گەنم و ڕۆن...) پاداشتی دەدا.

لە پاشا ئەم گۆرانیبێژانە لە ماڵی ناودارەکان مەشق دەکەن؛ ئێواران دەچنە دیوەخانەکانیان و دەس دەکەن بە گۆرانی وتن. بەرامبەر ئەمە ئەو ماڵانە بەرگی بەنرخیان پێ خەڵات دەکەن، یان شتی تریان پێ پێشکەش دەکەن، لەم بابەتەوە نابێ ڕەزیلی بنوێنن. لە دێیەکان بە دەرخواردنی پلاوگۆشتێکی باش دڵخۆشیان دەکەن. لە شارەکان زۆر چایخانە هەن هەندێ جار ئەم چایخانانە سەرتاپا پڕ دەبێ لە خەڵک کە پاڵ بەیەک دەدەن بۆ گوێگرتن لە گۆرانیبێژێک کە بەهەڵکەوت هاتووەتە ناو شار(١).

ئەو گۆرانیانە بۆ ئێمە (واتا بۆ ئەڵمان و ئەوروپاییەکانی تری) یەکنەسەق بوون و پیاویان وەڕس دەکرد. لە دێرە درێژەکان، گۆرانیبێژ وشەکانی بەپەلە یەک لە دوای یەک لە زار دەردەپەڕاند. لە دێرە کورتەکان، وشەکان بە هونەرمەندی درێژ دەکرێ و بەندی دوایی بەهێز، بەڵام بەنزمی و نەرمییەوە بەدەنگێکی لەرزۆک و خۆش لە دەم دەردەهێنرێ.

وا دیارە بیری (زاکرەی) سەیر و غەریبی ئەم پیاوانە بەگۆرانییەکانەوە بەستراوە. ڕەحمان- کە گۆرانیەکانی پێ دەنووسیم- نەیدەتوانی دێر بەدێر بیری لێ بکاتەوە بێ ئەوەی بیر لە هەموو گۆرانیەکە بکاتەوە. بیتەبع هەندێ جار گۆرانی بێژ بەسەرپێیی وشە و دەنگ دەگۆڕێ؛ بەڵام لەوە کەمتر کە من لەپێشدا بڕوام دەکرد. کە من بەراوردی ئەو تێکستە (زەمبیل فرۆش ژمارە ١٥)م کرد لە ڕەحمان وەرم گرتبوو

---

(١) لە سابلاخ ئەو ڕۆژانە کە ڕەحمان گۆرانیەکانی پێ دەنووسیم ڕۆژانی جەژن بوو. ڕەحمان کە ساڵی جارێک و یەک ڕۆژ بۆ سابلاخ دەهات، کە ماوەیێکی درێژ بۆ من لە شار دەمایەوە، لە کاتی پشوودان و حەسانەوە دەچووە یەکێ لە چایخانەکان و لەوێ گۆرانی دەبێژنی کە دەمی کارکردن بۆ من دەهات یەکێکم دەنارد تاکوو بۆ لای من بهێنن، بەڵام ئەو کەسانە هەموو جارێ زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی لە دەس گوێگرە بەشەوقەکان ڕایکێشن و بۆ کارکردن بۆ لای منی بهێنن. ئۆسکارمان.

لەگەڵ هی دووانەکەی زمانزان Prym - Socin جیاوازیێکی ئەوتۆم نەدی. پیاو واقی وڕدەمێنێ لەوە کە کوردەکان چۆن توانیویانە پارچە هەڵبەستەکانیان دەماودەم وا باش بەوردی و باشی بگێڕنەوە.

هەڵبەستەکان هەموو بەیەک Form دروست نەکراون؛ بەڵام گۆرانیبێژ لە چڕیندا جیاوازی ناکا و لە بەین هەڵبەستێکی دێر درێژ وەک مەم و زین یان پارچەیێکی دێر کورت وەک هەڵبەستی نومرە دەی جوڵندی (Julindi) زمانەکەی بەتێکڕایی یەکە (موحدە). ئەویش شێوەی سابلاخ و دەوروپشتیەتی. بەڵام هەندێ جار تووشی وشەی جیاواز دەبین بەتایبەتی لە دروست کردنی سەجع. بۆچی ئەدیبەکان ئەمە دەکەن؟ ئایا بۆ خاتر سەجع ئیزنی ئەوەیان دراوە وشەیێک بەسەربەستی بەشکلێکی (فۆڕمێکی) غەریب بەکاربێنن، یان ئەو وشانە لە هەڵبەستی شێوەکانی تری بەکارهێنراون ئەمانیش دەتوانن لێیان وەرگرن؟

تەنیا بەیتی زەمبیل فرۆش، کە ژمارەی ١٤یە، فۆرمی لە بەیت و هەڵبەستەکانی جیاوازی هەیە. چونکە دێرەکانی ئەم بەیتە تەرکیبێکی تایبەتیی هەیە و بۆ ئامانجێکی ئاین و تەسەوف دانراوە. من دڵنیام ئەم بەیتە لە دەم خەڵکی نەخوێندەوارەوە پەیدانەبووە و یەکێکی لادێیی ناو کێوەکانی موکری دای نەناوە.

لێرە ماوەی ئەوەم نییە ئەم جۆرە پرسیارانە لێ بکۆڵمەوە، با هەڵی گرم و دوای خەم بۆ جێگاییێکی تر.

***

شێخ فەرخ لە چەند دێڕێکدا

مـاوەیەک لەمـەوبەر شـاعـیری پایەبەرز و ئـاوارە، شـاعـیـری گـەل (هـێـمن)ی خـۆشـەویست، داوای لێ کـردم کـە دەربـارەی (شـێخ فـەرخ) زانیـاری و شـارەزایی خـۆمـی لە چەند لاپەڕەیەکـدا بۆ تـۆمـار بکەم. منیش بەڵێنم دایە و هەر ئەوڕۆ بۆ سبـەینێم لێ کرد و تا بەرگی لەبیرچوونەوەم لەبەر بەڵێنەکە کرد. بەڵام بۆچی ئەو بەرگەم بۆ بەڵێنەکە دروی؟ ئەوەیان بەلای منەوە گرنگە.

بەسـەرهـاتی شێخ فـەرخ لە داسـتـانێکی ئەفسـاناویدا بەشـێوەی بەیت مـاوەتەوە. هەرچی گـوتـەش هەیە لە پەراوێزی ئەو بەیتـانە دادڕاون. داسـتـانەکـە بابەتی شەوچەرەی دیواخان و کۆڕی کوڕوکاڵی لادێکانە.

بەهۆی بوونی مـەزارێک بەنـاوی شـێخ فـەرخـەوە تا ڕادەیەک ئەو داسـتـانە کـاری کردۆتە سەر مێشک و دەروونی خەڵکی سادە و نەخوێندەوار.

بەباوەڕی من بەیتەکان زۆریان دراوەتە پاڵ و لە ئەندازەی ڕاستی بەدەرن. تەنانەت درۆشی تێکەڵ بووە. کار بەوەشـەوە نەوەسـتاوە کـەلێن و لایەنی ئەوتۆی تێکەڵ بووە، ناوهێنانیـان نیشـانەی دواکەوتوویی و ژیانی دەوری بەردمـان بەبالا دەبڕێ. هەرچی واقـیـعـییـە و ئەوەی بەچاوی خـۆم دیومـە بەبۆنەی پشـدەرایەتیم تۆمـاری دەکـەم و هەرچی واتەی خـەڵکی ناوچەکـەمـان هەیە لەو بارەیەوە فـەرامـۆشی ناکـەم. بەباوەڕی من شێخ فەرخ هەبووە. بەڵام شێوەی ژیانی و کار و کرداری بەم جۆرە نەبووە کە لە بەیتەکاندا ئەدرێتە پاڵی...

چوونە ناو ناوەڕۆکی باسی شێخ فەرخ ئەبێ بکرێت بەچەند بەشێکەوە:

١- مەزار و شوێنەواری شێخ فەرخ:

مـەزاری شـێخ فـەرخ لە گـوندی (داودێ) لە ناوچەی پشـدەرە. (داودێ) هـەشت نۆ مـاڵێک دەبێ و مـاوەی ٩ کـیلـومـەتر لە شـاری قـەڵادزەوە دوورە. دەکـەوێتـە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزە.

مەزارەکە لە گۆڕەپانێکدایە و بەشی سەرووی شاخێکە و بەشی خوارووی شێوە و

خڕ و دۆڵە تا دەگاتە چۆمی (مەرزەوانان). وارشێکی گەورە بۆ ئارامگاکەی کراوە کە درێژی وارشەکە نزیکی ٢٠٠٠ هەزار مەتر دەبێ و پانی نیو مەتر و بەرزی مەترێک دەبێ[١]. ئارامگاکەی بەتاشەبەرد و کێلی گەورە داڕێژراوە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی داودێ.

داودێ، کانی و ئاوی زۆرە. بەناوبانگترین کانی (کانی خاتوو ئەستی)یە کە ئاوی خواردنەوەی قەڵادزە لەو کانییەوە بە بۆری ڕاکێشراوە و دەکرێتە تانکییەکی گەورەوە و دوای ئەوە دابەش دەکرێت.

گوندی داودە بەهۆی مەزاری شێخ فەرخەوە بۆتە سەیرانگا و کۆڕی شایی و لوغان. بەهاران کەسێک نامێنێ نەچێتە داودێ، تەنانەت خەڵکی سەنگەسەر و ڕانیە و کۆیەش بەشداری قەلادزە دەکەن لەو ڕۆژانەدا. هەرچەندە لە داودێ دارودرەخت کەمە؛ بەڵام خەڵکی ئەوەیان بەلاوە گرنگ نییە. لەبەر چەقی هەتاو بەپاڵ گردەکانەوە سەماوەری خۆیان گەرم دەکەن. لە ڕۆژانی سەیراندا بۆ (داودێ) کەرێکی شەل بەنرخێکی زۆر وەدەست ناکەوێ.

دوای سەیران کردنی پۆلی ژن و کچ ڕێچکە دەبەستن بۆ زیارەتی شێخ فەرخ و هەریەکە داواکاری خۆی بە سرپە دەدرکێنێ. هەندێک شەمۆلە دەگرنەوە، هەندێک بەرد دەنێن بە کێلی ژوور سەریەوە، هەندێک پەڕۆ لە ئالاکان دادەڕن. لەولاشەوە کۆڕی لاو و کچی شۆخ دەیکەن بەڕەشبەڵەک. دەنگی تەپڵ و دوزەلە منداڵ و پیریش دەهێنێتە سەما. هەر شاباشە و دەکرێ. هەر ڕیزی چەکە دەنگ دەداتەوە. هەر نیشانەیە و ناپێکرێ. لەلایەک سێ بازە و لەلایەکی تر جۆلانەیە و داخراوە؛ لەلایەکی تر ڕمبازێنە ئەکرێ. پێش خۆرئاوا خەڵکی بەرەو شار دەبنەوە.

ئەوەی بەلای منەوە جێگای سەرسووڕمانە ئەوەیە خەڵکی داودێ لەو ڕۆژانەدا خۆیان بۆ خزمەتی سەیرانکەران ئامادە دەکەن؛ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشێک بن. هەرچەندە زۆریش زەرەریان پێ دەگا؛ بەڵام دەربەست نایەن. ئەوەیان گرنگە پێم وایە ئەو هەموو خەڵکە بە میوانی شێخ فەرخ دەزانن و لەبەر ئەو دەنگ ناکەن.

---

(١) (بەسەرهاتی ئەم وارشە لە شوێنی خۆیدا باس دەکەین)

٢- واتەی خەڵکی:

أ- دەڵێن شێخ فەرخ وەلییەکی عاشقە؛ کەرامەتدارە.

ب- دەڵێن شێخ فەرخ نەمردووە و ئاگای لە هەموو شتێکە.

جـ- دەڵێن هەر ژنێک سکی پڕبێ و بچێتە سەر ئارامگاکەی؛ کە منداڵەکەی بوو نیشانەی پێوە دەبێ. ئەو نیشانەیە لە شێوەی (خاڵ)دا دەبێ. ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە نموونە بۆ ئەمە زۆرە.

د- دەڵێن ئەو دووعایانەی شێخ فەرخ کردوونی تا ئەمڕۆش ئاکاریان ماوە.

هـ- دەڵێن مارەی خاتوو ئەستی و شێخ فەرخ لە ڕۆژی ئەزەلەوە بڕدراوە.

گەلێ دەڵێنی تریش کە هەمووی لە یەک قاوغدا خۆی پێچاوەتەوە. بەکورتی خەڵکی ناوچەکە- بەتایبەتی کۆنەکان- زۆر ڕێز لە شێخ فەرخ دەنێن و ڕازی نین کەس هیچی دەربارە بڵێ.

-ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری-

١*

ئەحمەد خان لەپ زێڕین جێگای قەلاّی دمدمی بوو؛ لە زەمانی شاە عەبباسیدا بوو. لە دێیەک لە دێهاتی ورمێ ساحبی عێل بوو. یاغی بوو لە شاە عەبباسی. قەلاّیەکی دروس کرد. لە پاشان شاە عەبباس لە ئیسفەهانێ لەشکری نارد بۆ سەر خان ئەحمەد خانی؛ شەڕێکیان کرد. خان ئەحمەد خان شکا. چوو بۆ ئەستەمبووڵێ؛ چووە کن خونکاری. شەڕێک بوو لەگەڵ عرووسی. خان ئەحمەد خان لەو شەڕەیدا سەری سەرکردەی عرووسی بڕی. وەدەستیان پەڕان لەو شەڕەیدا. خونکار خەلاّتی کرد، دەستی زێڕی تێ گرت، ناردیە وەلاّتی خۆی، کردیە حاکمی وەلاّتی خۆی. کە هاتەوە وەلاّتی، عێلاتی وێی لێ خڕبوونەوە. دیسان یاغی بوو؛ دەستی کرد بەقەلاّت دروسکردنێ؛ شارێکی بینانا. خەریک بەتالاّنی دەورەی خۆ بوو، فەعلەیان دەگرت ڕۆژێ بەپێنج قڕانان؛ نەیدێشت فەعلەکان بچنە دەرێ. شاە عەبباس لە ئیسفەهانێ بەرگی دەروێشییەی لەبەرکرد؛ گوتی: «بزانم ئەوە چ ئەحمەدخانێکە یاغی بووە». بەکوردستانێدا هات؛ تا هاتە لاجانێ. شەوێ میوانی دەروێشێکی بوو. بەدەروێشی گوت: خانەخوێ! شوغڵت چییە؟» گوتی: «شوغڵم کەو گرتنە»؛ گوتی: «سێ ڕۆژە هیچم نەگرتووە». شاە عەبباس گوتی: «ئەمشۆکە بچۆ بەبەختی شاە عەبباسی». دەروێش گوتی: «شاە عەبباسێکی لە ئیسفەهانێ، ئەمنێکی لێرە چلۆن بەبەختی وی بچم؟» گوتی: «قەیدی نییە، بچۆ». دەروێش ڕۆی؛ ئەوێ شەوێ پێنج کەوی گرت. هاتەوە گوتی: «خزم! بەخولاّت سوێند دەدەم، ئەتوو خەڵقی کوێی؟ بەختی توو زۆر لە زیادیەدایە. ئەمشۆ بەبەختی توو پێنج کەوم گرتووە. ئەتو شاە عەبباس نی؟» گوتی: «دەروێش چت لێ بشێرمەوە، ئەمن شاە عەبباسم. دەچمە قەلاّی دمدمی». گوتی: «دەروێش! زۆرت چاکە دەگەڵ دەکەم، ئەتوو ئەگەر ئەمن بشێریەوە». دەروێش گوتی: (چاک). شەوێ هاتنە سەر دەروێشی؛ گوتیان «فەعلەت سبحەینێ بێ بۆ قەلاّیە». شاە عەبباس گوتی: «دەروێش ئەمن بنێرە لەجیاتی خۆت». دەروێش گوتی: «چاکە». سبحەینێ شاە عەبباس ڕۆی بۆ قەلاّتێ، دەستی کرد بەکارکردنێ. خان ئەحمەد خان

(*) ئەو :چیرۆکانە هەندێکیان لە ئەسڵی کتێبەکەی ئۆسکارماندا بێ ناونیشانن. –هێمن

هاتە سەر فەعلان؛ تەماشای کرد: پیاوێکی جوان چاک لەنێو فەعلان دایە؛ بەسەرکاری فەعلانی گوت: «ئێواریٚ بیهێنە کنە خۆم؛ بۆخۆم حەقی دەدەمیٚ». ئێواریٚ شاە عەبباس بەدزی ڕۆی. سبحەینیٚ هاتەوە. دیسان خان چاوی پیٚ کەوت، ناسییەوە؛ گوتی: «ئێواریٚ ئەو فەعلەی بێننە کنە خۆم». دیسان ئێواریٚ شاە عەبباس خۆی دزیەوە. سبحەینیٚ نەهاتەوە کاریٚ. خان ئەحمەد خان هاتەدەر؛ فەعلەکەی نەدی. پرسی: «چی لیٚ هات؟» عەرزیان کرد: «ئەمڕۆ نەهاتۆتەوە». خان ترسا. پیاوی لە دەروازان دانا: هەرکەسیٚ بچێتەدەر لە قەلایە بیگرن. شاە عەبباس چووە ماڵەکی میوان بوو؛ زۆر پاڕاوە؛ گوتی «ئاشکرام مەکەن، ئەمن شاە عەبباسم؛ زۆرم چاکە بۆتان دەبیٚ». ئەویٚ شەویٚ لەویٚ بوو. سبحەینیٚ هەڵستا؛ ناڵی کەوشی ئاوەژوو لیٚ دا، بۆ خاتر ئەوکو کێشکچی بزانن لە دەریٚ هاتۆتە ژووریٚ؛ کەس لە ژووریٚ نەچۆتەدەر. بەدزی سبحەینیٚ وەدەرکەوت. کێشکچیان تەماشایان کرد، کەس لە قەلایە نەچۆتەدەر؛ بەلا یەکێک هاتۆتە ژوور؛ وەدووی نەکەوتن. شاە عەبباس ڕۆیەوە ئیسفەهانیٚ، لەشکری خڕکردەوە ناردی بۆ سەر خانیٚ. شەڕیان کرد. لەشکری خانی شکا چوو دە قەلایەوە؛ قەلابەندی بوون. قاسیدێکی نارد بۆ ئەستەمبووڵیٚ؛ نووسی بۆ خونکاری «کۆمەکم بۆ بنێرە». خونکار جوابی نووسییەوە: «مانگێکی دی لەشکری دەگاتیٚ». قاسد گەڕاوە؛ هاتەوە. هەتا گەیشتەوە قەلایە، ماندووبوو لەویٚ خەوی لیٚ کەوت؛ لەشکری شاە عەبباسی هاتنە سەری. کاغەزەکەیان لە باغەڵی دەرهێنا؛ خوێندیانەوە. نووسرابوو: مانگێکی دی لەشکرت بۆ دەنێرم کاغەزەکەیان گۆڕی لەجیاتی مانگێکی کردیانە حەوت ساڵ. قاسد سبحەینیٚ هەڵستا. دەرکیان لیٚ کردەوە چووەکن خانی، کاغەزی دا بە خانی. نووسرابوو: حەوت ساڵی دی لەشکرت بۆ دەنێرم. خان گوتی «تا حەوت ساڵی دی ئەمن لێرە لە برسان دەمرم؛ مەسڵەحەتە وەدەرکەوم بۆ شەڕیٚ». دەرکی قەلایەی کردەوە، بەلەشکرەوە دەرکەوت. لەشکری شاە عەبباسی پێیان زانی، هاتنە پێشیٚ، دەستیان کرد بەشەڕیٚ. لە شەڕێیدا خان ئەحمەد خان گەیشت بە سەرکردەی شاە عەبباسی کوشتی. یەکێکی دی لە سەرکردان گەیشتە خانی، شیرێکی لە دەستی دا دەستی پەڕان، ئاخری خانیان کوشت. لەشکری خانیان شکان هەموویان قەتڵوعام کردن. ژن و مناڵیان بەیەخسیر بردن. قەلایان وێران کرد. لەشکر گەڕاوە بۆ ئیسفەهانیٚ.

***

٢

لە دێیەک لە دێهاتی لاجانێ دوو ئامۆزا تفەنگیان دە شانی کرد، چوونە ڕاوی گا کێوی. ئەوێ ڕۆژێ پێنج گا کێویان کوشت. شەویان بەسەردا هات؛ چوونە ئەشکەوتێکی ئاوریان کردەوە؛ کەبابیان کرد. دەستیان کرد بەخواردنێ. یەکیان گوتی: «ئامۆزا! ئەمن ئەوە دەنووم؛ ئەتۆ کێشکیێ بکێشە. خەوت لێ نەکەوێ، ئێرە بەترسە». خەوی لێ کەوت: ئەوی دیکە زۆری خەو دەهات؛ نووست. نیوەشەوێ وەخەبەر هات. تەماشای کرد ئامۆزای نەماوە. ئاوری خۆش کرد، تەماشای کرد خوێن زۆر ڕژاوە. لە ئەشکەوتەکەیدا کونێکی دییەوە ڕووناکایی دەدا. چوو دە کونەکەیەوە، تەماشای کرد لە بنەبانێ جانەورێک دانیشتووە؛ ئاوری کردۆتەوە، کەبابی دەکا. کێردێکی بەدەستەوەیە، کەلاکی ئامۆزای لە تەنیشتێتی، بە کێردەکە دەیبڕێ، لەسەر ئاوری دادەنێ؛ نیوەبریشتوو دەیخوارد. کابرا سەرسام بوو. تفەنگی خۆی پڕکرد؛ ڕووی لە سینگی وی کرد؛ لێی ئاوردا. دەعباکە گوللەکەی بەدەستی گرتەوە. بۆڵژنێکی لێ هات، گوللەکەی بۆ هاویشت. کابرا زۆر ترسا. چوو تفەنگی ئامۆزاکەی هێنا، پڕی کرد؛ دوو گوللەی تێ هاویشت، لە پشتی ئاور دا جانەوەرەکە بۆڵژنێکی لێ هات کەوتە سەر عەرزی. کابرا چووە سەری، دوازدە خەنجەری لێ دا. جانەوەرەکەی کوشت ئەوێ شەوێ لەوێ بوو؛ سبحەینێ هەڵستا چۆوە دێی؛ ڕدێنی سپی ببوو، خەڵقی نەیانناسیەوە. گوتی: «بابە، حیکایەتێکی وام بەسەرهاتووە، ڕدێنم بۆیە سپی بووە؛ وەرن، بچین، مەیتەکەی بهێنینەوە». چوون هێنایانەوە.

***

٣

خولا لە سولتان مەحموودی گەورەترە

پیاوێکی ئاوفرۆش لە شاری غەزنەیدا ئاوفرۆشی دەکرد. خولا وای بۆ بڕیبۆوە، کە هەموو ڕۆژێ تمەنێکی پەیدا دەکرد. شەوێ دەهاتەوە ماڵە خۆی. هێندێکی برادەر بوون، بۆ وانی خەرج دەکرد. شەوێ لە ماڵە وی خەریکی بەزمی دەبوون. قەدەر ئەییامێکی وای ڕابوارد، شەوێکی سولتان مەحموود دە شاری غەزنەیدا دەگەڕا، هاتە ئەو کووچەی، گوێی هەڵخست، تەماشای کرد دەنگی گۆرانی و تار دەهات. بەجلکی دەروێشی چووە ژوورێ. سەلاوی کرد. ساحب ماڵ جێی پێ نیشان دا؛ دانیشت. بەخێراتنی کرد. قەدەرێکی دانیشت، خەڵقەکە بلاوەیان کرد. سولتان مەحموود فکری کردەوە، لە دلی خۆیدا گوتی: «ئەو پیاوە ئاوزەی ماڵێی هیچ نییە؛ ئەو بەزمەی لە چی دروس کرد؟ نازانم هەتتا نەزانم، لە کوێی بووە». خۆی داگرت، نەڕۆی. خانەخوێ گوتی: «دەروێش ئەتۆ بۆ ناڕۆی؟» گوتی: «بابە، ئەمشۆ میوانم، لێرە زیاتر چ جێم نییە».

ساحب ماڵ گوتی: «دەروێش، قەیدی نییە ئەوشۆ لێرەبە». سەعاتێکی پێ چوو پرسی: «خانەخوێ بە خولات سوێند دەدەم، ئەو خەرجەت لە کوێ پەیداکردووە؟ ئەمن دەبینم ئەتوو هیچت نییە». گوتی: «دەروێش! بنوو. لەو قسانە گەڕێ». زۆر پاڕاوە لە ساحب ماڵی. گوتی: «دەروێش، ئەمن هەموو ڕۆژێ ئاوفرۆشی دەکەم، تمەنێکم وەگیر دەکەوێ، بۆ ڕەفیقان خەرجی دەکەم. هەموو شەوێ حالم وایە وەکی دەیبینی». دەروێش گوتی: «ئەگەر سولتان مەحموود حوکمی بکا کەس ئاوێ نەفرۆشێ چ دەکەی؟» گوتی: «دەروێش خولا لە سولتان مەحموودی گەورەترە؛ بنوو». دەروێش نووست تا سبحەینێ. سبحەینێ زوو ڕۆی چۆوە سەر تەختی، حوکمی کرد: «ئەمڕۆ کەس ئاوێ نەفرۆشێ». جاریان لە شاری دا کێشا؛ کابرا گوێی لێ بوو. قسەی دەروێشی وەبیرهاتەوە؛ گوتی: «ئەو دەروێشە شەیتان بوو». چوو لە ماڵێ، گوریسێکی هەڵگرت، خەریکی حەمباڵی بوو. ئەوێ ڕۆژێ دیسان تمەنێکی پەیدا کرد،

شەوێ بۆ ڕەفیقان خەرجی کرد. سوڵتان مەحموود دیسان، هاتەوە سەڵاوی کرد. ساحب ماڵ بەخێراتنی کرد، دانیشت. پاش قەدەرێکی خەڵقی ڕۆین، گوتی: «دەروێش، بۆ ناڕۆی؟» گوتی: «چ جێم نییە بیچمێ؛ ئەمشۆش لێرە دەبم» دیسان دەروێش پرسی: «ئەمڕۆکە سوڵتان مەحموود بیستم حوکمی کردووە، کەس ئاوێ نەفرۆشێ، ئەتو خەرجی ئەمشۆت لەکوێ بوو؟» ساحب ماڵ گوتی: «دەروێش! وەک قەلێ دەقرِی، ئەمن شەوێ دیم پێ گوتی: خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە». دەروێش گوتی: «ئەگەر سوڵتان مەحموود حوکمی بکا کەس نابێ حەمباڵی بکا، چ دەکەی؟» گوتی: «دەروێش! خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە». دەروێش نووست حەتتا سبحەینێ، سبحەینێ زوو ڕۆیییەوە سەر تەختی. جاڕیان ڕایەشت، کەس نابێ حەمباڵی بکا. کابرا زۆر مات بوو، هیچ کاسبی دیکەی نەدەزانی. مەحتەل بوو تا ئێوارە هیچی وەگیر نەکەوت. جلی بێکاریی لە ماڵێ بۆ دەبەری کرد، هاتە سەر کووچەی! ڕاوەستا. تەماشای کرد، دوو لادێیی شەڕیان دەکرد. خۆی لێ کردنە داروغە. چوو دوو سێ داری لێ دان، گرتنی؛ گوتی: «دەتان بەمە کن سوڵتانی». پیاوەکان ترسان! گوتیان: «بابە، دوو تمەنت دەدینێ، مەمانبە کن سوڵتانی». دوو تمەنەکەی لێ وەرگرتن، چۆوە ماڵە خەرجی کرد. شەوێ سوڵتان چۆوە دیتی بەزمی ئەمشۆ لە هەموو شەوان زیاترە. چۆوە ژوورێ دانیشت، تا درەنگێکی پرسی: «ڕەفیق، ئەمڕۆ بیستم سوڵتان حوکمی کردبوو، هیچ کەس حەمباڵی نەکا؛ خەرجی ئەمشەوەت لە کوێ بوو؟» گوتی: «زۆر بەدفەڕی، ئەتۆ چت بەسەر ئەو قسانە داوە؟». گوتی: «دەروێش، حیکایەتی وابوو». دەروێش گوتی: «ئەگەر سوڵتان سبحەینێ بتباتە کنە خۆی شیرێکی لە قەدت بەستێ، تا ئێوارێ چ دەکەی؟» گوتی: «دەروێش! سوڵتان چی بەسەر ئەمن داوە؟» دەروێش گوتی: بەڵکی لە دووی ناردی». ئەو شەوی نووست؛ سبحەینێ هەڵستا، ڕۆییەوە سەرتەختی دانیشت؛ پیاوی نارد کابرایان هێنا شیرێکی لە قەدی بەست، ڕای گرت تا ئێوارێ. ئێوارێ کابرا خۆی دزیەوە، شیرەکەی بردە کن شیرگەرێکی، گوتی: «وەستا شیرێکی دارم بۆ دروس بکە، ئەو شیرەش گرۆی بیستمەنی بێ، حەتتا سبحەینێ پووڵت دەدەمەوە». پووڵەکەی لێ وەرگرت. چوو خەرجی کرد. ئەوێ شەوێ میوانیێکی چاکی دروس کرد. سوڵتان

مـەحـمـوود ئێـوارێ ڕۆی بۆ ماڵە کابرای گـوتی: «بزانم، ئەمـشـۆ چی هەیە بیـدا بە میـوانـان». ڕۆی تەماشـای کرد مەجلیسـی ئـەوێ شـەوێ لە هـەمـوو شـەوان خـۆشـترە. سولْـتـان سـەرسـام بوو، خەرجی ئەوشـۆی لە چی پەیداکردووە؟ ڕۆیە ژووریێ. سـەڵاوی کرد. سـاحب مـاڵ گوتـی: «وەدەرێی بنێن، زۆر بەدفـەرە؛ هـەمـوو شـەوێ سـەدەقم لێ دەدا، هـەرچی ئەو دەڵێ وام بـەسـەردێ». دەروێش زۆر پاڕاوە. دانیـشـت هـەتا شـەو درەنگ بوو. خـەڵقی ڕۆین، دەروێش بەجێ مـا سـاحب مـاڵ گـوتـی: «دەروێش بڕۆ». دەروێش گوتی: «ئەگەر بڕۆم حەسـەسـان دەمگرن». گوتـی قەیدی نییـە، هـەرچی ئەتۆ بڵـێی چاترم بۆ دێ». دەروێش گـوتـی: «بیـسـتـم ئەمـڕۆ سـولْـتـان ئەتۆی بـردبووە کنەخـۆی، تـا ئێـوارێ لەوێ بووی. خـەرجی ئەمـشـەوەت لەکـوێ پەیداکـرد؟». حیکایەتەکی بۆ گێڕاوە؛ دەروێش گوتی: «ئەوێستا شـیـرەکە دارە؛ ئەگەر سـولْتـان سـبحـەینێ بتبا گـوناباریکی بێنـێ، بڵێ سـەری ببڕە چ دەکـەی؟» گوتی: «دەروێش، بنوو، خـولا لە سـولْتـان مـەحـمـوودی گـەورەترە». سـبـحـەینێ دەروێش ڕۆیەوە سـەرتەختی، گوتـی: «بچن فولان کەسی بێنن». چوون هێنایان. شـیرەکەی بەقـەدەوە بووە. گوتی: «بچن، گرتوێکی بێنن، ئەو پیـاوە سـەری ببڕێ». هـێنایان. دایانە دەست ئاوفرۆشی کە سـەری ببڕێ. سولْـتـان چاوی لێیە؛ کابرا گوتی: «یارەبی! ئەو پیـاوە ئەگەر گونابار نییـە شیرەکە ببێ بەدار». شیری دەرکێشا. لە ئەستۆی کابرای دا؛ نەیبـڕی، شـیـرەکـە ببـوو بەدار. ئاوفـرۆش بە سـولْـتـانی گـوت: «قـوربان! ئەو پیـاوە گوناهی نییـە؛ بۆیە شیرەکە بوو بە دار». سولْتان زۆر پێ کەنی. خەڵاتی کرد و کردی بە نۆکەری خۆی.

دەسکێک گوڵ دەسکێک نەرگز
مەرگی ئەو جەماتەی نەبینم هەرگیز

***

٤

لە وڵاتی دارستانێ کچێک دەگەڵ منداڵان چووە گێلاخان. هەتا ئێوارێ لە دەشتی بوون. ئێوارێ کچەکە لە ئاواڵان هەڵبڕا. ورچێک تووشی بوو هاویشتیە سەر قەڵاندۆشی. بردیە کونی خۆی. چوونە نێوێ. ورچ هاتەدەرێ. بەردێکی زەلامی بەکونەکەیەوە نا. بۆ خۆی ڕۆییە گەڕانێ. شەوێ منداڵەکان چوونەوە؛ خەبەریان دا بەدایک و بابی کچەکەی. خەڵقی دێ وەدەرکەوتن، زۆر گەڕان نەیاندییەوە؛ هاتنەوە.
ورچەکە هەموو ڕۆژێ دەچوو میوەی دەدزی دەرخواردی وی دەدا. بەسێ چوار ڕۆژان مەڕێکی بۆ دەدزی. بۆی دەهێناوە؛ سەری دەبڕی، کەوڵی دەکرد، دەیشتەوە؛ بۆی دەکردە کەباب. کچەکەش دەیخوارد. ورچەکە بەدەست و بەچاو دڵخۆشی دەداوە. قەدەر ئەییامێکی دەگەڵی بوو لە پاشان دەستی دەگەڵ تێکەڵ کرد. ساڵێکی لەکن بوو منداڵێکی بوو؛ نیوەی لەشی ورچ بوو نیوەشی ئینسان بوو. هەموو ڕۆژێ ورچ بۆخۆی دەچووە ڕاوێ بۆ مەڕ دزینێ، بەردێکی زەلامی بەدەرکی کونەکەیەوە دەنا، هەتا ژنەکە نەتوانێ بڕوا. ژنەکەش هەموو ڕۆژێ خەریک بوو، بەردەکەی پێ لانەدەچوو؛ تا ورچ دەهاتەوە. ئەگەر ئەو دەهاتەوە، بەردەکەی لادەبرد، دەچووە ژوورێ؛ ژنەکە لە ترسان نەیدەوێرا بڕوا. سێ ساڵان پێکەوە بوون سێ منداڵیان بوون. ورچەکە زۆری خۆش دەویستن هەموو ڕۆژێ لە کۆڵی دەکردن. ڕۆژێکی ورچەکە چووە دەشتێ، لەبیری نەبوو دەرکی کونەکەی بگرێ. ژنەکە پاش ڕۆینی ورچی لە کونەکەی وەدەرکەوت، ڕۆیەوە بۆ دێی خۆی؛ بێچووە ورچەکان ڕەدووی کەوتن، هەرچی حەولی دا، نەگەڕانەوە. هەتا گەیشتنەوە مالان خەڵقی نەیان ناسیەوە. حیکایەتی خۆی گێڕاوە؛ گوتی: «بابە، ورچەکە لە دوام دێ، بچن بیکوژن». تفەنگچی وەدەرکەوتن تەماشایان کرد. ورچ بەهەڵینگدان هات، بەردی زەلامی هەڵدەگرت، بەخەڵقەکەی دا دەدا. هەرسێک بێچووەکانی لەوێ دین؛ هەرسێکی بەباوەشی هەڵگرتن، لەسەر ڕا بە عەرزێی دادان. هەرسێکیان مردن. ورچەکە هەڵات، تفەنگچیان وەدووی کەوتن، ورچەکەشیان کوشت.

٥

دەگـێـڕنـەوە ڕێویێک شـەوێکی چوو بۆ مـریشک خـواردنێ. چووە سـەربانی خـمـخـانێکی، لە ڕۆچنێڕا دە خـمی کـەوت. هـەمـوو گـیـانی شین بوو. بەگـونگەیدا وەدەرکـەوت. تەماشـای کـرد هـەمـوو گـیانی شین بووە، چووە کـن کـەڵەبابی. کـەڵەباب گـوتی: «مـام ڕێوی، بۆ کـوێ دەچی؟» گـوتی: «مـەڵێ مـام ڕێوی؛ بڵێ حـاجی. تۆبەم کردووە؛ دەچمە حـەجێ. ئەتۆش دەگەڵ خۆم دەبەم». کەڵەباب گوتی: «ئەمن حەجم لێ نەکـەوتووە؛ نایەم». ڕێوی گـوتی: «خـێـر؛ دەبـێ بێی. خـەرجت بۆخـۆم دەکـێـشم». کـەڵەباب لە تـرسـان نـەیوێرا بـڵێ نایـەم، ڕەگـەڵی کـەوت. لە دڵی خـۆیدا ددانی لە کـەڵەباب تیژکردبوو؛ بەزاهیـری دوعـای دەخـوێند، زیکری دەکرد، تا کـەڵەباب بزانێ، ڕێوی تۆبەی کـردووە. کەڵەباب لـە ترسان هـەر پێ دزیلکەی بوو؛ ڕۆین هـەتا گەیشـتنە مێشێکی تەماشایان کرد پەپوسلەمانکەیەک لەسـەر دارێیە. ماندوو نەبوونی لە ڕێوی کرد. گوتی: «مام ڕێوی! ئۆغربێ». کەڵەباب گوتی: «مەڵێ مام ڕێوی بڵێ حاجی ڕێوی تۆبەی کـردووە، دەچێـتـە حـەجێ. ئەمنیش دەگـەڵ خـۆی دەبا. ئەتۆش وەرە بچین». پەپووسـلـەمـانکە گـوتی: «ڕاوەستن، دەچم خـولا حـافـیـزیێ لە مـاڵێ دەکـەم، زوو دەگەڕێمەوە». لەسـەری ڕاوەسـتان هـەتا دێتـەوە. ڕێوی لە دڵی خـۆیدا خـۆشی خـۆشی بوو، دەیگـوت: «دوو نێـچـیـرم وەدەسـتکەوتـووە». پەپووسـلـەمـانکە زوو گـەڕاوە؛ ملی ڕێیان گرت و ڕۆین هـەتا گەیشـتنە سەر چۆمێکی؛ تەمـاشـایان کرد مراوێک لە ئاوێدا هـاتوچووی دەکرد. مـاندوو نەبوونی لێ کردن، گوتی: «بەخێرا! بۆ کوێ دەچن؟» ڕێوی گوتی: «تۆبەم کردووە دەچمە حـەجێ». کـەڵەباب گوتی: «مـراوی! ئەتۆش وەرە نیـزیک مـردنـتـە تۆبەیەکی بـەحـەق بکە، بەڵکی خـولا بتـبـەخشێ». گـوتی: «زەریفـە، ئـەمنیش دێم». لە ئاوێ وەدەرکەوت ڕەگەڵیان کەوت. ڕۆین هـەتا گـەیشتنە دارێکی؛ قشقەڵەیەک لەسـەر دارێکی بوو، ماندوو نەبوونی لێ کـردن، گوتی: «بۆ کـوێ دەچن؟» گوتـیان: «دە خـزمـەت ڕێویدا دەچینە حـەجێ». گـوتی: «مـاڵو شـێـوێ، ئەنگۆ شـێت بوون؛ ڕێوی هـەمووتان دەخـوا». گوتیـان «نا؛ مام ڕێوی تۆبەی کـردووە؛ هەموو ڕۆژێ بەڕۆژووە؛ لە ئاوی شـەوێ پارێزێ دەکا. دەچێتە حـەجێ». زۆریان دەبەر قـەڵێ هـەڵـخـوێند؛ ئاخـری

هاته خوارێ. ڕەگەڵیان کەوت. ڕێوی لە ڕێیە هەر لەبەر خولای دەپاڕاوە. شەوێ گەیشتنە کێوێکی؛ شەوێ لەوێ مەنزڵیان گرت. ڕێوی کونێکی دیوە، هەمووی دەوێ کردن. بۆخۆی لە زارکی کونەکەی دانیشت. نیوەشەوێ زۆری برسی بوو؛ چونکی ئەوێ ڕۆژێ هیچی نەخواردبوو. زۆریش ماندوو ببوو، گوتی: «وێستا وادەی خواردنیانە». قشقەڵە لە ژوورێدا پێی گوتن: «ماڵوێرانینە، دیتان چلۆنو خۆ دەگیر خست؟ وێستا ڕێوی هەموومان بانگ دەکا. یەک یەکی دەمانخوا. هەر کەس مەردە خۆی نەجات بدا». ڕێوی هەوڵێ کەڵەبابی بانگ کرد گوتی: «وەرە، دوو سێ قسان بکە نەزیرێکم بۆ بگێڕەوە». کەڵەباب لە ترسان هاتە زارکی کونەکەی. ڕێوی گوتی: «کەڵەباب، ئەتوو بۆچی خەوت لە خەڵکی حەرام کردووە؛ نیوەشەوێ دەس دەکەی بەقیژەقیژێ؟ مەگەر ئەتوو چی وادەکەی؟ مەگەر خولا ئەتۆی بۆیە دروسکردووە؟» کەڵەباب گوتی: «حاجی ڕێوی، ئەمن قازانجم هەیە بۆ خەڵکی، بۆ نوێژیان وەخەبەر دێنم، بۆ کاسبیان وەخەبەر دێنم». ڕێوی گوتی: «زەریفە، ئەو عوزرەت لێ قەبووڵ دەکەم؛ ئەمما ئەتۆ زۆر بێ شەرمی لەپێش چاوی بەنی ئادەمی سواری مریشکی دەبی شەرمێ لە شای ناکەی.» کەڵەباب دەستی بەقسان کرد؛ ڕێوی توند بەئەستۆی دا نووسا خنکاندی و خواردی دەمولوتی خۆی ئەستڕی، بانگی مراوی کرد. مراوی لە ترسان هاتەپێشێ. ڕێوی گوتی: «مراوی ئەتوو بۆ لە بەحراندا هەر چشتی خۆش دەخۆی، گوێ نادەیە کەس؟» مراوی لە ترسان لەرزی، لەسەرڕا بەعەرزێدا کەوت. ڕێوی ئەویشی گرت خواردی. زاری کونەکەی گرتەوە، نەیەڵێ ئەوانی دیکە بڕۆن. بانگی پەپووسلەمانکەی کرد، گوتی: «وەرە، سەرگوزەشتێکم لە حیکایەتی سولەیمان پێغەمبەری بۆ بگێڕەوە، ئەتوو زۆر خزمەتی ویت کردووە». پەپووسلەمانکە لە ترسان هاتەدەرێ. ڕێوی گوتی: «ئەتوو ئەو تاجە چییە لەسەرخۆت ناوە؛ مەگەر ئەتوو پاشای یا وەزیری؟ درۆیان دەکەی؛ دەڵێی ئەمن زۆرم خزمەتی سولەیمان پێغەمبەر کردووە». گورجێکی گرتی و خواردی.

بەری بەیانی بوو، ڕێوی زۆری برسی ببۆوە، بانگی قشقەڵەی کرد، گوتی: «وەرە پێشێ». قشقەڵە لە ترسان هاتە پێشێ. ڕێوی گوتی: «ئەتۆ بۆچی زەرعاتی خەڵکی دەخۆی، وە هێلکەی ئەوان دەدزی؟ مەگەر خەڵکی کاسبێ بۆ توو دەکا؟» قشقەڵە

گوتی: «ڕاستی گوناهم زۆرە ئەمما لە ڕێی خزمەتیەوە شتێکت پێ دەڵێم؛ لە پاشان کەیفی خۆتە». ڕێوی گوتی: «بڵێ بزانم». قشقەڵە گوتی: «کەڵەباب و مریشکێکم پێ شک دێ لە زەمانی حەزرەتی ئادەمییەوە ماون هەتا ئەوڕۆ. ئەگەر ئیزنم بدەی، دەچم، بۆتیان دێنم؛ لەپێشدا ئەوان بخۆ، لە پاشان ئەمنیش بخۆ». ڕێوی گوتی: «زەریفە زۆرم برسییە، زوو وەرەوە؛ ئەگەر بێی ئەو کارەی بکەی، ناتخۆم». قەڵ ڕۆی چووە دێیەکی. سبحەینەی زوو بوو دوو سەگ لە حەسارێکیدا گەپیان دەدا؛ خۆی بەسەیەکان نیشان دا؛ سەیەکان ڕەدووی کەوتن. بەقەستی زۆر بە قندە قندە دەڕۆیی، هەتا وەدووی کەوتن هێنانی هەتا گەیشتنە ڕێوییێ؛ قەڵ ئیشارەتی کرد لە ڕێوییێ، گوتی: «ئەوەتان». ڕێوی کە سەگەکانی دی، دەستی هەڵوەشاند، گوتی: «قبووڵە، مەیانهێنە پێشێ. قشقەڵە بە قسەی نەکرد، ڕێوی بە سەیەکان نیشان دا؛ سەیەکان وەدووی کەوتن، ڕێویان کوشت. تۆڵەی ئەو دەعبایانەیان لێ کردەوە. بۆیە وێستا ڕێوی ئەگەر سەگی تێ بەردەدەن، دەستی هەڵدەوەشێنێ.

***

٦

لە زەمانی قەدیمدا پادشایەک بوو کوڕێکی بوو نێوی ئەحمەد بوو. پادشا زۆری ئەو کوڕە خۆش دەویست؛ ئەنگوستیلێکی بوو، هەرچی حوکمت لێ کردبا، جێبەجێ پێکی دەهێنا. پادشا هاتە وەی بمرێ. ئەحمەدی بانگ کرد؛ گوتی: «ڕۆڵە، ئەو ئەنگوستیلەی قایم هەڵگرە؛ لە پادشایەتی تۆ چاترە». کوڕەکە ئەنگوستیلەکەی هەڵگرت، دە قامکی کرد. دوو سێ ڕۆژ پێ چوو، پادشا مرد. ئەحمەد ناشتی، لەپاش سەرەخۆشیی لەسەر تەختی دانیشت. قەدەر ئەییامێکی پێ چوو، هەوەسی ژنێی کەوتەسەری. کچی مامی خۆی خواست. ڕۆژێکی ئەنگوستیلەکەی بابی وەبیرهاتەوە. لەکن ژنەکەی دەستی بەسەردا هێنا؛ تەماشای کرد چەند دێوێک پەیدابوون. گوتیان: «ئاغا دەفەرمووی چی بەجێ بێنین؟». گوتی: «لەنگۆم دەوێ قەلا و باڵەخانێک، خشتێکی لە زێڕی، خشتێکی لە زێوی بێ». گوتیان: «بەڵێ»، لە موددەی مانگێکیدا تەواویان کرد. هاتن گوتیان: «ئاغا! تەواو بووە» ئەحمەد دەگەڵ ژنەکەی چوون؛ تەماشایان کرد خانووبەرێکە هیچ پادشایەک هەتا وێستا نەیبووە. لەوێدا دانیشتن. ژنەکەی گوتی: «دەبێ ئەو ئەنگوستیلەی بدەی بەمن». ئەحمەد گوتی: «ئافرەت! خەساری دەکەی. بۆ توو نابێ؛ ئەگەر دەتەوێ هەتا، سەد هەزار ئەنگوستیلەی جەواهێراتت بۆ دروس بکەم». ژنەکە گوتی: «حوکمەن ئەو ئەنگوستیلەم دەوێ». زۆری لێ پاڕاوە، ئەنگوستیلەی لێ ئەستان. جوولەکەیەکی جیرانیان بوو، خاسیەتی ئەو ئەنگوستیلەی دەزانی. زۆر خەریک بوو، ئەو ئەنگوستیلە بدزێ. هەرچی حەولی دا ڕێی نەبوو. فکری کردەوە گوتی: «مەسڵەحەت وایە ژنی پادشای بکەمە دۆستی خۆم». هەرچی ماڵ و دەوڵەتی بوو، هەمووی کردە پووڵ، لە ژنی پادشای ڕائەسپارد، کە حەزم لێ بکا؛ ژنی پادشای زۆری جنێو بۆ ناردەوە. جووە زۆر خەریک بوو، هەتا ژنی پادشای کردە ڕەفیقی خۆی. قەدەر ئەیامێکی پێ چوو، جووە زۆر هاتوچۆی ماڵە پادشای دەکرد هەتا وای لێ هات، دەستی دەگەڵ ژنی پادشای تێکەڵ کرد. شەوێکی گوتی: «ئەمن و توو مەسڵەحەتە، پادشای ببەتڵێنین، ئەمەش لێ دەین بڕۆین». ژنەکەی گوتی: «خۆ من زۆر حەزێ دەکەم؛ بەلا بۆمان ڕێک ناکەوێ».

جوولەکە گوتی: «ئەگەر حەزێ بکەی، هاسانمان بۆ ڕێک دەکەوێ» ژنەکە گوتی: «چ بکەین؟» جووە گوتی: «ئەو ئەنگوستیلەی پادشا داویە بەتۆ ئەگەر بمدەیێی، ئەمن پادشای دەبەتلێنم». ژنەکە گوتی: «ئەوە هاسانە. لەو وەختییەوە پادشا ئەو ئەنگوستیلەی داوە بەمن هیچ لێی نەپرسیوەتەوە». ئەنگوستیلەی دا بە جووی دەستی بەسەردا هێنا، دێوەکان پەیدابوون. گوتیان: «دەفەرمووی چی؟» جووە گوتی: «لەنگۆم دەوێ وێستاکانە ئەحمەد پادشای لەسەر تەختی هەڵگرن، فرێی دەنە دەشتێ؛ ئەو خانووبەرەشم بۆ لەنێو بەحرێ دابنێن». هەر ئەوێ شەوێ خانووبەرەکەیان هەڵگرت، بردیان لە نێوەڕاستی چزیرێکیان دانا. ئەحمەد پاشا سبحەینێ هەڵستا تەماشای کرد، نە ژن ماوە و نە ماڵ و نە خانووبەرە؛ زۆر گریا. جوولەکە و ژن لەوێ خەریکی عەیشێ بوون؛ هەرچی پێیان ویستبا، حوکمیان لەو دێوانە دەکرد بۆیان دێنان. ئەحمەد پادشا سەیەک و پشیلەیەک و مشکێکی بوو لە ماڵێدا. زۆری خۆش دەویستن. ئەو وەختەی کە ئەحمەد پادشا وای لێ قەوما، شەو و ڕۆژێ لەکن ئەحمەد پادشای دەکەوتن. ڕۆژێکی سەگ بە مشک و پشیلەی گوت: «ڕەفیقینە، ئەمە زۆرمان ئەمەگی ئەو پیاوەی لەسەرە. ئەمڕۆکە وای لێ هاتووە، وا چاکە ئەمە خزمەتێکی دەبێ بۆ پیاوەی بکەین. وەرن بچین، ئەو ئەنگوستیلەی بۆ بێنینەوە». مشک و پشیلە گوتیان: «زۆر چاک دەڵێی، هەستە بڕۆین». چوونە کن ئەحمەدی، خوڵاحافیزیان لێ کرد؛ ڕۆین». پشیلە بە سەگی گوت: «ئەمە چووزانین، جووە چۆتە کوێ؟» سەگ گوتی: «ئەنگۆ دەنگێ مەکەن، ئەمن دەزانم چۆتە کوێ؟» ڕۆیین هەتا گەیشتنە سەر بەحرێ. سەگ گوتی: «جووە، هاتۆتە نێو ئەو بەحرەی؛ دەبێ بپەڕینەوە». هەرسێکیان مەلەیان چا دەزانی. لە ئاوێیان دا، چوونە جزیرەکەی. لەوێ هەر چلۆنێکی بوو، خۆیان دە قەلعەکەی هاوێشت. ئەحمەد پادشا بە دووی واندا، هاتە سەر بەحرەکەی، چاوەنۆڕی وان بوو. سەگ ڕۆژێکی بە پشیلە و مشکی گوت: «ئەمن ڕێی ژوورێم نییە؛ ئەنگۆ بچن بزانن جووە ئەنگوستیلەی لەکوێ داناوە؟» مشک و پشیلە ڕۆینە ژوورێ؛ تەماشایان کرد، ئەنگوستیلەکە لە قامکی جولەکەدایە، وەختێکی دەنوێ، ئەنگوستیلەکەی لە کەپۆی دەنێ. پشیلە هات بۆ سەگی گێڕاوە. سەگ گوتی: «وا مەسڵەحەتە، مشک کلکی خۆی لە ئەسپۆنێ وەربدا. وەختێکی جووە دەنوێ، بچێ کلکی خۆی دە کەپۆی جوولەکەی بنێ، دەپشمێ؛ ئەنگوستیلەکە

دەردەپەڕێ، ئەو وەختەی ئەتۆ پڕی بدەیە، بیهێنە دەرێ، لێ دەدەین، دەڕۆین». مشک چوو، کلکی خۆی دە ئەسپۆنێ وەردا، چوو کلکی خۆی دە کەپۆی جوولەکە نا. پشمی؛ ئەنگوستیلەکە دەرپەڕی. پشیلە پڕی دایە و وەدەرکەوت. مشکیش وەدووی کەوت؛ بەخۆشی خۆشی ئەنگوستیلەکەیان بردە کن سەگی. سەگ گوتی: «هێناتان؟» گوتیان: «بەڵێ». ئەنگوستیلەکەیان لە پێش سەگی دانا. سەگ هەڵی گرت، هاتنە سەر بەحرێ. پشیلە گوتی: «ئەنگوستیلەکەی بدەن بەمن، هەڵی گرم هەتا دەپەڕینەوە، ئەو وەختی دەیدەمەوە بە سەگی». سەگ گوتی: «بەتو هەڵناگیرێ، ئەمن هەڵی دەگرم». پشیلە گوتی: «زۆر دەترسم، لێت بکەوێ، ئەتو زۆر دەوەڕی هەر شتێکی ببینی پێ دەوەڕی». سەگ گوتی: «نا، ناوەڕم» لە ئاوێیان دا، تا گەیشتنە نێوەڕاستی ئاوێ. ماسییەک وەدەرکەوت، سەگ پێی وەڕی، ئەنگوستیلەکەی لێ دەئاوێ کەوت؛ ماسییەک قووتی دا، سەگ زۆر خەجاڵەت بوو، پشیلە گوتی: خولاّ غەزەبت لێ گرێ؛ نەمگوت زۆر دەوەڕی، ئەنگوستیلەکە دە ئاوێ دەکەوێ. ئەحمەد پادشا ئەو لەوبەری بەحرێ چاوەنۆڕی مەیە، ئەنگوستیلەی بۆ بەرینەوە. وێستا ئەوا خەجاڵەتی وی بووین» سەگ لە شەرمان هیچ قسەی پێ نەدەکرا. هاتن هەتا گەیشتنە ئەوبەری. چوونە کن ئەحمەد پادشای؛ لێی پرسین: «کوا ئەنگوستیلەکە؟» حیکایەتەکەیان بۆ گێڕاوە. ئەحمەد زۆر عاجز بوو تۆڕەوانێک لەسەر بەحرێ بوو؛ ئەحمەد چوو کنە وی بە نۆکەری. ڕۆژێ چوار ماسی دەستان؛ یەکی بۆ خۆی دەخوارد سێیەکانی دیشی دەدا بەدەعباکان. ڕۆژێکی ماسییەکیان دا بەوی؛ زگی دڕی تەماشای کرد، ئەنگوستیلەکەی لە زگی وی دایە، ئەنگوستیلەکەی هەڵگرت و سەگ و پشیلە و مشکی بانگ کرد. بۆی گێڕانەوە. زۆریان خۆشی خۆشی وێ کەوت؛ ئەحمەد پادشا دەستی بەسەر داهێنا، دێوەکان پەیدابوون؛ حوکمی لێ کردن گوتی: «وێستا خانووبەرەکەی خۆم دەوێتەوە». گوتیان: «زۆر چاکە». دێوەکان ڕۆیین، خانووبەرەکەیان هەڵگرت، هێنایانەوە جێی خۆی. ئەحمەد بەدێوەکانی گوت: «جووە و ژنەکەی بێنن». چوون هێنایانن لە پێش چاوی وی هەردووکیان شەقە کێشان، کەلاکەکانیان هاویشتە پێش سەگەکەی، خواردنی. ئەحمەد ئیدی بەخۆشحاڵی بەسەری برد. هیچ ژنی دیکەی نەهێنا، تۆبەی لە ژنێ کرد.

***

دمدم

دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ لەبەر ئەوێ ژانێ

بانگێکم وەبەر خولای، ئەوی دیکەم بەر پێغەمبەری ئاخر زەمانێ

بانگی دیم وەبەر چاکی گەرمێنێ و لە کوێستانێ

بانگی دیکەم وەبەر پیر سولەمانی لە بانێ

بانگی دیکەم وەبەر سوڵتان سەمەدی ماڵە خۆی دەکرد لە دەشتی ورمێ دەگەڵ کەونە لاجانێ

بانگی دیم وەبەر سوڵتان بایاقووبی ماڵەخۆی دەکرد لە کێوی فەرەنگێ بەرامبەری گردی گۆزەگیرانێ

بانگی دیم وەبەر شێخ مارفی ماڵەخۆی دەکرد لە دەشتی مەحمەشەی بەرامبەر بەگردی گۆڕخانێ

بانگی دیکەم دەبەر بەرماڵ سپی لە چۆمەلانێ

بانگی دیکەم وەبەر خدری زیندە و خدرەلیاسان، نەمرن، سەیاحن کەس بەمەنزڵیان نازانێ

بانگی دیکەم وەبەر ئیمام حەسەن و حوسێنی غەریب، مەرقەدیان لە مەشەد و کەربەلایە عەجەم و کلاوڕەشیان دەچنە زیارەتێ

دەڵێن: ڕۆژی قیامەتێ، خولا دەماندات ئیمانێ

بانگی دیکەم وەبەر حەزرەتی عەلی ڕۆژی جومعە و جەماعەتان سوار دەبێ لە دوڵدوڵی، دەست دەداتە زولفەقاری دەچێتە خەزای گاور قڕانێ

بانگی دیم وەبەر سەوزەپۆشی لە حاجی خۆشی لە ترشەکانێ

بانگی دیم وەبەر ئەو شۆڕەسوار سوڵتان سەعد وەقاسی، ماڵەخوێ دەکرد لە ترۆپکی کوێستانێ

کەوم لێ بەجووت ئەنگوتن لە قسقەپانێ

کەڵم لێ یاغی بوو لە چیمەنی هۆزانێ

لەبن گوێیانم خۆش دێ هاڕەی قاڵنیە دەگەڵ چریکەی کۆتانێ

خانم چوونە سەر بورجی دمدمی، خۆیان هەڵدەدێرن بەرامبەری بەردی شمشیر خانێ

دڵی خانی بەبرینە چەند بەبرین برینە، زەینی خۆمدا چیمەنی هۆزانێ، چەند شین و نازەنینە چۆمی باراندێزی دێتە خوارێ، چەند زولاڵ و شیرینە

دیواندڕێ، بازاڕ بەتاڵکەرێ بۆ کەس نەماوە، بۆمەش نامێنێ.

خانی برادۆستان گوتیان بەخان ئاڵدەڵی موکرییە:

بلا بۆت بم بەبرایەکی دایک و بابییە،

دەستت بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران، کێلانانت بۆ بەجێ بێڵم، لە بنەبانێی دمدمییە.

خەنجەرانت بۆ دەشکێنم جوێ لە نێرۆییە

شیرانت بۆ دەشکێنم جوێ لە دانزغییە،

دەمانچانت بۆ دەشکێنم جوێ لە میسرییە،

تفەنگانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لە وەستا شاقوڵییە،

ڕمبانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لە نەزەرییە،

مەتالانت بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لە کەرگەدەنییە،

زرێیانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە داودییە،

ئەسپانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە سەگلاوییە،

پیاوانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە سی ساڵییە.

مەگەر ئەو شەڕە کێ کردبی، ڕۆستەمی مازندەرانێ، لەبن کێوی دەماوەندێ سپی دێوی دەهێنا زەوتی شیرییە،

مەگەر ئەو شەڕە کێ کردبی، کوڕە ئێرانیان بە خوێنی سیاوەشییە.

دڵی خانی بەبرینە، چەند بەبرین برینە!

بۆت دەچمە گۆلی دمدمی، چ دمدمێکی ڕەنگینە،

چۆمی باراندێزی دێتە خوارێ، چەندی زولاڵ و شیرینە!

لیم بوویه قەسرێکی جندییه خەمخواری دەبڕیەوە.
بلا هەر لە شای هەتا خونکاری
هەر لە خونکاری هەتا شاهیە.
شا بە ئەبدالی گەڕایە،
هۆ لە دمدمی دی دەزگایە،
لە ئیسفەهانێ لێ کرد ڕایە
شا عەبباس دەڵێ: حەسەن خانە!
بلا بکەین تەگبیر و ڕایانە،
بەسەرمان داهات زستانە،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە،
ڕابە بەدڵ و یەقینە،
زوو کە شوغڵم بۆ پێک بینە،
دمدمم لە بۆ بستینە،
ئەو ساڵ حەوت ساڵە لەمن یاغینە.
دەڵێ: شا! جێی ئاسێیە، ئەز نایچۆمێ،
هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ،
دەنشکێنێ، تێک دەدا کۆمێ،
دەنکەن بە بەردی بن گۆمێ
خەڵقی بەعام دەنکەن لۆمێ
شا عەبباس دەڵێ: حەسەن خانی بە غەرەزە
بەس بکە، قسەی دە ناتەرزە
هەستە لەپێشم ڕابەزە
لە هیمدادت دەیەم ئەزە
دمدم لەزگی بەغەرەزە
حەسەن خان دەڵێ: شا! بەسم لەسەر بکە ناز و ئەرجووان

ئەگەر نەم ئەستان بەوان زووان
ڕەشم بکەن هەردووک ڕووان
دامنێ لە جێ ماڵی جووان
مەیتەر ئەسپیان دەرهێنانە
زینیان دە پشتی دەکوتایە
تەدارەک و ناڵبەندانە
چەپەر چوو بۆ سەر ئێلانە
بەسەر شار و وڵاتانە
ئەو ئیرات و ئیرەوانە
ڕەشت و کشمیر و گێلانە
بێت لە ورمێ و لە لاجانە،
سندووس بێت و موکریانە،
سنە بێ، سننوور بێ، کرماشانە
دەرگەزێنە، ڕژدستانە
هەوێز و شووشتەر و مەریوانە
سەد هەزار خان و سوڵتانە
پایتەختیان ئیسپەهانە
وەدەرکەوت لە ئیسفەهانێ
لە قۆشەنێ، لە توغیانێ
دار و بەرد هاتە هەژیانێ
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ
بووە ڕۆژی ئاخر زەمانێ،
دە قۆشەنان کەوت غلووە،
لەشکر تیپ تیپ ئاوابووە،
مەنزڵێکیان، هات قافڵانتووە

لەو کافری دە بەفێڵە،
سەری ڕمبیان دەڵێی بێڵە،
لەشکر لە دووی بوو بەخێڵە،
مەنزڵێکیان، هات ئەردەوێڵە.
کافر داژوێن لە مەجێزە،
مەلعوونە دێن ڕێز بەڕێزە،
مەنزڵێکیان، دەشتی تەورێزە.
دێ لرفەلرفی بەیداغان،
دێ دەنگی زرێ و قۆڵچاغان،
مەنزڵ لە بناو و مەراغان
قۆشەن دێ ڕێ بەڕێیە
دەڵێ: خانی موکری لە کوێیە؟
مەنزڵێکیان، لە دەشتی خوێیە
لەشکر ئاژوای بەمەخسووسی
لە خانی موکری دەپرسی
لەشکر لە دەشتی سندووسی
چەند لەشکرێکی ئەنگامەیە
بەقۆشەن و زەمزەمەیە
هات، گرتی گەڵی دارنەیە
(ڕەحمان بەکر) یان دەگەڵ هەیە
جواب چوو لە بۆ خانییە،
چاکە خۆ بکا قەوییە،
عالەم بۆ ئەو بزووتییە،
چاک شەڕێک لەسەر دینییە
خان دەڵێ: ئەو شا بێ، ئەمنیش خانم،

خالەق بێ بەپشتیوانم،
غولامی ڕەوێک شێرانم،
قاتڵی کوللی شیعانم
ڕۆژێکی بەیانی بەردا
لەشکری شای هات لەسەردا
داپۆشی بوو، دار و بەردا
هات، لەبن دمدمی وردا
دمدمم بەردی مەیدانێ
لێی دەن تۆپی ئیسفەهانێ
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ
مەرد چاک تێدا دەگرن مانێ
بۆ ڕۆژی ئاخر زەمانێ
دمدمم بەردی لە نزاری،
لێیان دا تۆپی هەوشاری،
حەوت شەو و ڕۆژان ئاورباری
دونیای داگرت بەیەکجاری.
خەبەر چوو لە بۆ هەوشاری
دمدم بەردی لە بەردی
لێی دەن بەتۆپی نەبەردی
تا ڕۆژی مەردی و نامەردی
دمدمم بەردێکی زۆپە
لێیان دا تۆپخانە و تۆپە
دمدمم بەردێکی پانە
لێیان دا تۆپ و تۆپخانە
قەڵاتی پێ بکەن وێرانە

دمدم بەردی مەیدانێ
لێی دەن تۆپی لە کارخانێ
کاریتەی گەییە هۆزانێ
دمدمم بەردی دەبەیە
لێی دەن بە تۆپی کەڵەیە
کاریتەی گەییە کۆکەیە
خان بەخەزایە مەشغووڵە
دمدمم بەردێکی خڕە
چوار تەرەفی لێوەبڕە
بەهەشتێ بە شیر بکرە
خان بە خەزایە مەشغووڵە
دمدمم بەردێکی شینە
چوار زستانە، پێنج هاوینە
تێیدا خانی لەپ زێڕینە
زەفەریان پێ نەبردینە.
وەکیل و وەزیر دەڵێن: خان، ئەوهە کینە؟
خان فەرمووی: ئەوە کاروانینە.
خان بە خەزایە مەشغووڵە
خانێک ڕابوو لە کوردانە
کێ بوو، لە حەمەد بەگی لێتانە
ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ جووانە
لەسەر یەک نیمچوون ناڵانە
زیزبوو، چوو بۆ نێو ئەوانە
پێی نیشان دان سووڵەخانە
کێ بوو؟ لە کافری بێ ئیمانە

تێیان کرد هاش و دەرمانە
پێی قڕ دەبوون موسڵمانە
لەوان بووە ڕۆژی تەنگانە
لە کنیان ئاخرەت زەمانە
چەند گریان ئەو خاتوونانە
لێیان تێک چوو جێی و مەکانە
خولایان بێت پشتیوانە
خاتوونێک دێتە مەیدانێ
لە دڵی خانی دەدا تانێ
لێت حەرام بێ جێی کابانێ
ئاو نییە پێی بکەین شێلانێ
خاتوونێک دێ و دەبەزی:
ڕەببی، خانە، مارت گەزی
لێم ڕەشبوون سەر و کەزی
خاتوونێک دێ بەفەقیری،
چۆکی دادەدا لە پێش میری
خان، سەڵا لە منی فەقیری
خان ئاو نییە پێی بکەین هەویری
خان حەیفە، تۆ بێ مودەبیری
خان بەخەزایە مەشغووڵە
کێ بوو؟ لە خانی لەپ زێڕینە
لە شەرافەتی خاتوونی شیرینە
بەفرێک باری بەهاوینە
لە شەرافەتی خانی لەپ زێڕینە
حەوت شەو و ڕۆژان بەوی ژینە

ڕایان وابوو به هەزاری:
سوارکەین خدری بریندارى،
به چەپەر بچێ بۆ خزمەت خونکاری.
وەزیر وای گوت بەبوێری:
چاکە قاقەزی بنێری
قەلاتی بۆ شای بەجێ بێڵی
کێ بوو؟ له خانی جندییە
گوتیە تایفەی خەزانییە
هەرچی هەڵێ قەیدی نییه
هەرچی بمرێ فیداییيە
هەرچی بکوژرێ خەزاییيە
تایفێک بوو، تایفه کافری
گوتیان به خان: پووچ و ناماقوڵت کرد تا سەرت هەڵدەگری
دەس به شیر دەچین بۆ لەشکری
کێ بوو؟ له خانی جندییە
دەڵێ: بانگی حەقق وەبەر ئەوییە
بێ شەریکە، هیچ شەریکی نییه
غەیرەز خولا هیچ کەس نییه
یا بێ شێخی گەیلانییە
شێخ جونێدی بەغدادییە
سوڵتان مەعرووفی کەرخییە.
با بێ فەرخی داودییە
با بێ ڕابیعەی عەدەوییە
با بێ شەمسی تەورێزییە
شێخ موحەمەدی باڵەکییە

عەبدولعەزیزی شنۆییە
شێخ ڕەشی گەرگەرۆییە
لە مەیدانێ شەڕە قەرقەشە
لە جێ ڕاوگان کەوت بوو لەشە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! کوڕەی ئەسحابە ڕەشە
سوارێک هاتووە ئەسپی شێیە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان ئەوە کوڕەی پیرۆتی مەرگێیە
سوارێک هاتووە بەنادری
کەس نییە چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان، ئەوە عەزرەتی خدری
سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ
بەویە سووڕەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
«ئەوهە وەیسی ماهیدەشتێ
سوارێک هاتووە لە کارخانێ
بەویە سووڕەتی ئیمانێ
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان، شێخ عەبدولقادری گێلانێ
سوارێک هاتووە هونەرمەندە
ئەسپابی دەعوایەی ڕەندە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان، ئەوهە شاهی نەخشبەندە

سوارێک هاتووە ئەسپی تازە
مل بە قەتلا پڕ ئەنگازە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان، ئەوەش سوڵتان سەعدی وەقازە
سەلاح شۆڕان دەست دا چەکان
دەگەڵ سەفی دە مەلەکان
دێت گوڕەی شێخی باڵەکان
خان بە خەزایە مەشغووڵە
هات عەشەڕەی دە موبەشەڕە
هەمزە و هەباس و هەیدەرە
دەگەڵ مەقلووبی پەڕ بەسەرە
ئالاچی سوڵتان سەمەرە
با بێ ئالای نەبییە
حەوت تیپی تێک پەڕاندییە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
کوڕ ژنێ حەزرەتی عەلییە
با بێ بەیداغی پێغەمبەری
هەمزە بێ دەگەڵ عومبەری
بێ خالیدی ئیبنی وەلی
خان بە خەزایە مەشغووڵە
خان دەڵێ: ئابداڵ بەگە*، ڕۆڵەی بابی
بە من دەکەی چاک چاک دەبی
دەڵێ: بابە! چ بکەم، لێڕەوارە، دوایی نابی

(*) ئەو نێوە بەسێ جۆر: ئاڵداڵ، ئابداڵ، ئاوداڵ، تۆمارکراوە، بەڵام هەر یەکێکە.

با بکەین مەدحی هورمز بەگی
ڕمبی نەزەری بە چەنگی
لە هەزاری دەبڕێ مەرگی
خان ئەبداڵ و کاکە خانە
حەوت شەوان و حەوت ڕۆژانە
شەڕیان دەکرد بە شیرانە
شیران نەیاندی کێلانە
لەش کەوتبوون وەکی گردانە
خوێن ڕۆی هەر وەک جۆگانە
باڵچۆغەی شیران نەمانە
شەهیدیان کرد کاکە خانە
خان دەڵێ: خانی خەزاییمە
هەتا لە دنێ ئەز بژیمە
بۆخۆم پەرژینی شەڕی مە
خان ئاوداڵ و کاکە خانە
گوتبوویان وەعدە و پەیمانە
دەست هەڵناگرن لەو کارانە
بانگم وەبەر میری میران
خان بۆخۆی دەکا تەگبیران
حەوت پۆلی دایە بەر شیران
بانگم وەبەر پادشای قودرەتێ
خانیان شەهید کرد بە کوتکی خێوەتێ
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
ڕۆژێکی تاو هەلاتێ
عەجەم دەکاتن غەباتێ

سەبر هەڵدەکشا بۆ بن قەڵاتێ
کوانێ سواری دە نازەنین
کێ بوو لە ئاڵی ئادەمان
قەڵاتی هەڵگرت بەزەمان؟
کێ بوو لە ئاڵی ئادەمانە
قەڵاتی هەڵگرت بە زەمانە؟
حەوت شەو و (ئوند)* حەوت ڕۆژانە
شەڕی دەکرد بە تۆپانە
قەڵاتی لە دوو نەدانە
کوانێ سواری دە نازەنین؟
کێ بوو لە ئاڵی بەجەرگە؟
لەوانی کردەوە دەرگە
لە خەنجەری دەمنی زەرگە
لە هەزاری دەبڕی مەرگە
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
کێ بوو لە خاتوون پەروەرێ
گوتی: کاک ئاڵی ئەتۆ ماوی ئەتۆش هەڵێ
کێ بوو لەبەر کاک ئاڵییە
گوتی: خاتوونێ، پووچ و ناماقوڵت کردییە
بەشی خۆم خەزا کردییە
شەهیدیان کرد کاک ئاڵییە
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
کێ بوو؟ لە خاتوونی خانی

(*) ڕەنگە ئەم (ئوند)ە هەڵە بێت و لەڕاستیدا خۆی واوی عەتف بێت.

قبووڵ ناکەن کافرستانی،
خۆمان هەڵدەدێرین لە چل کەوانی
ئەی دمدمی بەردی دە لان
جێگەی خان و خان ئاودەلان
ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان
کوانێ سواری دە نازەنینی
لە سوڵتانی ئەمینی
ئەگەر قامەتێ دێنی
ماڵە خولای دەبینی
لە سوڵتانی موحتەبەر
دەڵێ بەئیزنی خولای لەسەر
پشتیوانم پێغەمبەر
دەچم بۆ سەر شای قەجەر
ڕاوەستان لەسەر وەعدان
ئەسپی خۆیان ناڵ لێدان
خوروش کەوتە کۆلانان
بە داو دەکەن پێکۆڵێ
وەدەرکەوت لە ئەستەمبووڵێ
کەنگێ وەکەم وێ تۆڵێ
جووجێک* هەبوو زەمانی
ئەو بە سوڕان دەزانی
دوازدە وەزیری دەرگای
بوون بە وەکیلی خانی

(*) پێم وایە (جویێک)ە.

له سوڵتانیان دەستووردا
شیریان له قایشان هەڵدا
له سەری دوازدانیان دا
چ غەیان بوو لێیان دا
سوڵتان دەکاتن نازێ
بدەن له تەپڵی بازێ
هات و گەییه سیوازێ
سوڵتان دەکا تەڵەبێ
له قۆشەن و دەبدەبێ
هات و گەییه حەڵەبێ
سێ بەش دەکەن چۆپییه
سوار دەکەن ڕمبازییه
هات و گەییه ئەمەدییه
له هەیبەتی ڕۆمیان
له کەوڵ و یەنگیچەریان
گەییه تووله و تاوییان
ڕۆژێکی بەیان بەردانێ
سوڵتان گەییه لاجانێ
ڕۆژێکی نوێژی نێوڕۆیه
سوار دەکەن هۆبەهۆیه
گەییه دەشتی شنۆیه
قۆشەن دێ ڕێ بەرێیه
سەد لەکه به زرێیه
گەییه دەشتی ورمێیه
له سوڵتانی ئەنوەره

هەم سەید و سەروەره
ناردی موهر و دەفتەره
له بۆ پادشای قەجەره
ئەگەر هەڵێ ماکەره
شا گوتبووی له دیوانه
ڕەببی خۆشبێ سوڵتانه
دەگەڵم نەکا بەتۆپانه
شەڕێ دەکەین به شیرانه
یان شا دەبێ، یان سوڵتانه
سوڵتان دەڵێ: قەسەم به زاتی نەبی
هیچ ماڵی ئاورم پێ نەبی
هەرچی شا دەڵێ: بلا وەبی
یا خولا هەر خۆش بێ سوڵتان
حەوت شەوان، حەوت ڕۆژان
شەڕیان دەکرد؛ به شیران
لەش کەوتن وەک گردان
خوێن ڕۆیی هەروەک جۆگان
نه شا شکا، نه سوڵتان
وەزیر گرتیان دیوانه
یا خولا خۆش بێ سوڵتانه
عەجەم بەفێڵ و زۆرزانه
پێ ناوەستین به شیرانه
وەزیری ئەستەمبولێ کیایه
حەوسەد تۆپیان هێنایه
ده لبادان پێچرایه

بەرەو قۆشەنی شایە
ئەگەر ئاوریان دایە
سەد هەزاری کوژرایە
یا خولا خۆش بی سوڵتان
لە ئیسفەهانێ گرت دیوان
عامی کردن موسڵمان
مزگەوتی لە بۆ دانان
بانگی حەققی لەنێو دان
ئەوجار گەڕاوە سوڵتان
گوێ لە من بێ، گەلی جوانمێران
هەرچەندی بەردی لەبەر ئەستێران
هەرچەندی گیای سەر دەردێنێ لە حەوشان، لە زەنوێران
سەد هەزار سەڵەوات لە پێغەمبەری دەگەڵ گوێدێران

***

مەم و زین

براهیم پادشای یەمەن، هیچ کوڕی نەبوو. دەگەڵ وەزیری خۆی هەڵستان، ڕۆین بۆ ماڵە خولا؛ دوازدە مەنزلان ڕۆین. خولا ڕەحمی بەوان کرد؛ وەیسەلقەرەنی ماهی دەشتێی ناردیە کن ئەوان، دوو سێوی پێدا نارد. نووستبوون؛ لە پشت سەری وانی دانا. ئەوانە بگەڕێنەوە؛ نێنە (نەیەنە) بێتولڵلا. ئەوانە بۆ کوڕی هاتوون؛ بچنەوە ماڵە خۆیان. شەوی جومعەی دەسنوێژێ هەڵگرن. ئەو سێوەی لەتی بکەن؛ لەتێکی بۆخۆی بخوا، لەتێکی ژنی. جیماع دەگەڵ ژنی خۆیان بکەن. ژنی وان زگیان پڕ دەبێ ئینشاڵڵا: یەکی کوڕێکیان دەبێ. کوڕی براهیم پادشای دەبێ نێوی کاکە مەم بێ، کوڕی وەزیری نێوی بەنگینە بێ. دەبەر خوێندنیان نێن بخوێن. نێویان لێنان، ئاغا و نۆکەر، کاکەمەم و بەنگینە. بە دایانیان دان؛ دوو ساڵ لەکن دایانێ بوون. لە پاشان بە لەلەیان دان؛ سێ ساڵ لەکن لەلەی بوون. لە پاشان سواریان کردن؛ دوو سالان سواربوون. ئەوجار هێنایانن بردیاننە مەدرەسەی لە خزمەت مامۆستا دانیشتن. حەو سالان دە ژێرخانێدا بوون. ڕۆژ و شەویان لێ قەدەغەکردن؛ شەو و ڕۆژیان نەدەزانی چییە. ڕۆژێکی سەروپێیان لێ نابوو. نەهاریان بۆ وان هێنا. مەم و بەنگینە نانیان خوارد ئێسکی سەروپێیان گەپیان پێ دەدا؛ ئاویتیان وە پەنجەرەی کەوت. شووشەی شکان؛ چووە دەرێ. تیشکی ڕۆژێ هاتە ژوورێ؛ ئەستەغفیروڵڵا! گوتیان: «ئەوە خولایە». مامۆستای وان لەوێ نەبوو هەر ئامێزیان لە تیشکەی وەردەهێنا؛ بۆیان نەدەگیرا. مامۆستا هاتەوە، کاکە مەم و بەنگینە گوتیان: «مامۆستا خولا هاتۆتە نێو ئەمە». مامۆستا گوتی: «ڕۆڵە، ئەوە خولا نییە؛ ئەوە شەمس و قەمەرن. خولا ساحبی ئەوانەیە. ئەوە یەکیان شەوە، یەکیان ڕۆژە. ئەگەر ڕۆژ دەبێ، ڕووناک دەبێ؛ ئەگەر مانگ هەڵدێ، تاریک دەبێ؛ ئەوە دەبێتە شەو». دەڵێ: «مامۆستا! ئەگەر دنیا وا خۆشە بۆ لەمەت قەدەغە کردووە؟» دەڵێ: «ڕۆڵەینە! خەتای من نییە. حوکمی براهیم پادشایە. براهیم پادشا ساحبی یەمەنێیە؛ گەورەی هەر چوار پادشایانە». کاکەمەم گوتی: «دەچمە دەرێ؛ مامۆستا! مامۆستا گوتی: «ڕۆڵە، میرمەم! سەبرێکی بگرە؛ زەحمەتی من بەخۆڕایی مەدە. لەمێژە زەحمەتی دەگەڵ ئەتوو دەکێشم؛ بەڵا

بچم عەرزی براهیم پادشای بکەم، بزانم چ دەفەرمووێ؟» دەڵێ: «مامۆستا هەڵستە بچۆ خەبەرم بۆ بێنەوە». مامۆستا هەڵستا؛ چووە خزمەتی براهیم پادشای. سەلامی کرد لە براهیم پادشای: براهیم پادشا، عەرزم هەیە.

ئەورۆ دایکی کاکەمەمی سەروپێی بۆ کاکەمەمی ناردبوو. ئێسکی گۆشتی بە شووشەبەندیدا دابوو، شووشەی شکاندبوو. چووبووە دەرێ؛ تیشکی ڕۆژێ هاتبووە نێو ئەوان. دنیای ڕوونیان چاو پێ کەوت؛ گلەییان دەکرد لە من، دەیانگوت: «ئەو دنیا خۆشەت بۆچ لەمە قەدەغە کردووە؟ ئەگەر شەو و ڕۆژ هەیە ئەمە بۆ دەو ژێرخانەی داین. حوکمە دێینە دەرێ. مۆڵەتم لێ خواستوون هاتوومە خزمەت توو. ئەتۆش کوڕی خۆتە؛ کەیفی خۆتە، بەڵا زەحمەتی من بەهیچێ نەچێ». پادشا هەڵی گرت، قاقەزێکی بۆ میرمەمی نووسی: «ڕۆڵە فرزەند سەبرێکم لێ بگرە هەتا وەکوو کۆشک و تالارت بۆ دروس دەکەم». هەڵی گرت، قاقەزی بردەوە مامۆستا. کاکەمەم بەپیر قاقەزی بابیەوە هات. وەریگرت؛ ماچی کرد؛ لەسەر سەری خۆی دانا. زۆری کەیف خۆش بوو؛ گوتی: «مامۆستا، بە وادەی چەندی ئەمن لێرە ڕادەگری؟». گوتی: «ڕۆڵە بابت قاقەزی نووسیوە، ئەمن نازانم؛ بۆخۆت بیخوێنەوە، بزانە چی نووسیوە» قاقەزەکەی بابی خوێندەوە پێی قایل نەبوو. گوتی: «مامۆستا! هەڵستە بچۆوە خزمەت پادشای؛ پێی بڵێ ڕاناوەستم هەتا خانووبەرە تەواو دەبێ، بەڵان بۆ خاتری وی حەوت ڕۆژی دی سەبرێ دەکەم». هەڵستا مامۆستا چوە خزمەت پادشای عەرزی کرد: «میرمەم عەرز و سەلامی لە توو دەکرد بۆ خاتری وی ئەوە حەوتوێکی دیکە ڕاوەستاوم. بە سەری موبارەکی وی چیدی گیرنابم دێرەدا؛ مەرخەس بفەرمووی دێم دەبمە مەیتەر». هەڵی گرت. قاقەزێکی بۆی نووسی: «ها فرزەن! ئەلحەمدولیلا ئەتوو هاتیە وجود. ئەمن دنیای ڕوونم بۆ توو دەوێ؛ ئەمما سەبرێکم لێ بگرە هەتا حەوت مانگی دی؛ هەتا وەکوو کۆشک و تەلارت بۆ دروس دەکەم» هەڵی گرت مامۆستای ناردەوە. قاقەزەکەی وەرگرت لە مامۆستای. ماچی کرد، لەسەر سەری خۆی دانا. هەڵی گرت قاقەزەکەی نارد بۆ دایکی: «دایە! حەوت ساڵە لە ژێرخانێ دام. وێستاش دنیای ڕوونم لێ قەدەغە کراوە». دایکی گوتی: «ڕۆڵە! دەبێ بە قسەی بکەی. حەوت مانگی قەرار بۆ داناوی؛ سێ مانگان بۆ خاتری من، چوار مانگان بۆ خاتری بابت

دانیشـه». کاکه مـەم دانیشت هەتا حـەوت مـانگان. براهـیم پادشـا ناردی میـعمـاری هێنا. وەسـتـای هێنا؛ فەعلەی گرت؛ خانووبەرەی بۆ دروس کرد. خشتێکی ئاوە زیڕ، خشـتـێکی زێو؛ بە حـەوت مـانگان خـەلاسـی کـرد. جـا ناردیە کن کـوڕی خـۆی: «ڕۆڵە! تەدارەکم بۆ گرتووی. ڕۆڵە! ڕۆژی جومعەی دەبێ وارید ببی بە کۆشک و باڵەخـانەی خـۆت». ڕۆژی جـومـعـەی وەدەرکـەوت. چوە خـانووبەرەکـەی. هەڵی گـرت، ناردیە کن بابی: «بـابە نێـوی کـۆشکی من چیـیـە؟» پادشـا فـەرمـووی: «بورجی بەڵەک». تێـدا ڕۆنیشت کاکەمەم، هەتا ساڵە وەختێکی هیچ خەبەر نەبوو.

خالەق! هەر ئەتووی لە سەر هەمووانە
دێنە ڕووی زەمینێ سێ پەری دە تەڕلانە
لەسەر کۆشکی کاکەمەمی، کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ دەیاندا سەیرانە
خالەق؛ هەر ئەتووی بەتەنێ
سێ پەری دێنە ڕووی وەتەنێ
سەیرانان دەدەن لەسەر کۆشکی کاکەمەمی، کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ
خالەق! هەر ئەتۆی لەسەرە
سێ پەری لە ئاسمانی حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە
لەسەر کۆشکی کاکەمەمی هەڵدەنیشتن ئەوبەر ئەوبەرە
خوشکی گەورە دەڵێ بە خوشکی چکۆڵە
خولاکەی، خوشکێ، ڕوومەتی کاکەمەمی زەریفە یان چرا و فەنەرە؟
خوشکی گەورە لە خوشکان پرسییە
خوشکی نێونجی وای گوتییە
هەر لە عەرشی تا کورسییە
هەر لە گای هەتا ماسییە
هەموو دنیام پشکنییە
هیچ کەسم نەدیوە، لە گوێن جوانی کاکەمەمییە
خوشکی گەورە دووبارە گوتی بە خوشکانە

خوشکێ ئەزت ببم بە قوربانە
ئەمن جارێکی دەگەڵ پەریان چوومە ڕاوی چل شەو و چل ڕۆژانە
لە پەریان هەڵدەبڕام لەمنی کردەوە کرێوە و بۆرانە
ڕێم سەرەودەر نەدەکرد، کەوتمە شاری جزیرێ بۆتانە
لەسەر کۆشکی یایەزینێ دەبووم میوانە
دەبووم بە کۆترێکی شین، دە کونی پەنجەراندا هەڵدەنیشتم لەسەر دەلاقانە
ئەگەر چاوی خۆم بە یایەزینێ هەڵدەینانە
ئەو خاتوونەم دیو ئافتای کاکەمەمی جوانە
خوشکی چکۆڵە گوتی بە خوشکانە
خوشکێ! ئەزو ببم بە قوربانە
بەلا ئەمە کاکەمەمی هەڵگرین بیبەینە جزیر و بۆتانە
بزانین کاکەمەم زەریفترە یا یایەزین زێدە جوانە
خوشکی نێونجی گوتی بە خوشکانە
خوشکێ! بەقانوون و قاعیدانە
کەس نەیدیوە مێرد بچێ لە دووی ژنانە
هەر ژن هاتوونەوە لە بۆ مێردانە
ئەمە ئەوە کاکەمەمان هەڵگرت و بردمانەوە جزیر و بۆتانە،
تەقا خولا ڕازی لێ نەبوو، ئەمە کاکەمەمان نەگەیاندەوە ئێرەکانە
کاکەمەم دەبێتەوە بێ حورمەت و قەدر نەزانە
دەڵێن: ئەوە شوانە یا گاوانە

کاکەمەم چونکە لە سێوی بەهەشتێ ئیجادبووە، دەبێ براهیم پادشا لە شانی ڕاستە و چەپەی خۆی بیانبینێ هەوەڵی سبحەینانە.

چونکە لە سێوی بەهەشتێ ئیجاد بووە، هەرکەسێک لە سەلامی نوێژێ بیانبینێ مەم و بەنگینانە

ئەگەر کافریش ببێ ئینشاڵڵا ساحب ئیمانە

ئەگەر کاکەمەممان نەگەیاندەوە یەمەنی گەورە و گرانە
ئەگەر بابی دەگەڵ سەلامی نوێژی نەیبینێ هەموو سبحەینانە
لەکن دایکی سۆراخ نەکا، لە بورجی بەڵەکێ نەکا بەیانە
لایەکی یەمەنێ نوغرۆ دەکا، تەرەفی دیکەی لە دوو دەکا وێرانە
هەڵدەدڕێ زگی حەوسەد وەزیر و وەکیلی کەوڵ بەشانە
دەکوژێتەوە چەن نۆکەر و قەننەداری بەردەستانە
خولا هەڵناگری ببینە باعیسی قەتلی ئەو موسڵمانانە
دەبلا، ئەمە بچین یایەزینێ بێنینە ئێرەکانە
بزانین جا کاکەمەم زەریفترە یا یایەزین زێدە جوانە
خوشکی نێونجی زۆر موحتەبەرە
دەڵێ: خوشکێ بەبالان بفڕە، لە من بگرەوە باڵەخانە و پەنجەرەی سەر بە خێزەرە
بزانە ڕوومەتی کاکە مەمی زەریفە یان چرا و فەنەرە
ئەوە کێ بوو؟ لە پەری دەتەڕلانە
شەققژنیان لە باڵی خۆیان دەداوە، دەیانگرتەوە حەوتەبەقەی ئاسمانانە
لە هیچ کوێیان وچان نەدەدا، هەتا دەچوونە شاری جزیرێ، لەسەر کۆشکی یایەزینێ دەبوونەوە میوانە
دەبوون بە کۆتری شین بە کونی پەنجەراندا دەچوونە ژوورێ هەڵدەنیشتن لەسەر دەلاقانە
خوشکی گەورە دەڵێ
جەمینێ، سەفینێ، ئەمن و ببم بەقوربانە
ئینجا بزانن کاکەمەم زەریفە یا یایەزین زێدەجوانە
خوشکی نێونجین دەڵێ:
خولا هەڵناگرێ پێم بدۆڕێنیەوە ئیمانێ
ڕوحی کاکەمەمی لەوێ ڕاهاتووە ئەوا ڕاوەستاوە دەکا سەیرانێ
ئەگەر بڵێین: یایەزین زەریفە، ڕوحی کاکەمەمی زیز دەبێ، دەچێ، شکایەتمان لێ

دەکا لەکن ساحیبی عەرز و ئاسمانێ

ئەگەر بڵێین: کاکەمەم زەریفە ڕوحی یایەزین زیز دەبێ. لێمان دەبێتە عەرزچی لە خزمەت پێغەمبەری ئاخرزەمانێ

خوشکی چکۆڵە گوتی بە خوشکانە:

ئەمنو ببم بەقوربانە

ئەمە بایایەزینێ هەڵگرین بیبەینە یەمەنی گەورە و گرانە

بزانین کاکەمەم زەریفە یان یایەزین زێدەجوانە

خوشکی چکۆڵە ڕێی خەوێی لە یایەزینێ گرت

خوشکی نێونجی هەڵی ئەستان، بەرگی سەفایەی دەبەر کرد

ڕوومەتی وی نەخشین کرد

بسکی وی جوان کرد

وەسبەی برۆی وی کێشا، زۆر تەمیز و مەحبووب کرد

توندیان دە لێفە و سەرینانەوە پێچا، ڕووحی ڕەوانیان گرت

هەڵیان گرت، لە پەنجەرانیان هێنادەرێ، لەسەر باڵی خویان دانا

لە خولای دەپاڕانەوە، هەرەکەتیان لە خۆیان دا، چوونە حەوت تەبەقەی ئاسمانە، لە هیچ کوێیان، وچان نەدەدا هەتا دەهاتنە شاری یەمەنێ، لە بورجی بەڵەک دەبوونەوە میوانە،

دە کونی پەنجەراندا دەچوونە ژوورێ یایەزینیان وێڕای میرمەمی درێژ دەکرد شانبەشانە،

بۆخۆیان، دەفڕین، دەچوونە سەر دەلاقانە

خوشکی گەورە گوتی بە خوشکانە:

خوشکێ، وەزو ببم بە قوربانە

بزانن یایەزین زەریفە یا میر مەم زێدەجوانە

خوشکی نێونجی دەڵێ:

لە خۆم بابان وێرانێ

ئەنگۆ تەماعتانە بە من بدۆڕێنن ئیمانێ

دەبێ لە خەوێیان هەڵبستێنین، بزانین، کیهەیان جوانە، کیهەیان قسان چاک دەزانێ

کێ بوو لە خوشکی نەوجوانە

دەبەر یایەزینێی کردەوە ڕووحی ڕەوانە

خوشکی گەورە گوتی: بۆچ کاکەمەمت هەڵنەستاند؟

گوتی: ئەوە ئافرەت و غەریبە؛ لەپێشدا هەڵی بستێنن، نەک لەدوایە خەجاڵەت ببێ

وەخەبەر هات، تەماشای کرد، زەلامێکی لە تەنیشتێ درێژبووە. ئەگەر چاوی خۆی هەڵێنا. گوتی: «خولایە!خۆ من ژوانم دەگەڵ کەس نەکردووە، قاسیدی کەسم نەهاتۆتە کنێ؛ ئەوە دەبێ پووڵی دابێ بەکوێخادەرکان، هاتبێتە ژوورێ». کاکەمەم جلی خۆی داکەندبوو. ئاگای لە هیچ نەبوو. خەوی لێ کەوتبوو لەسەر تەختی پشتێ. یایەزین گوتی: خولایە! ئەوە ئەبلەیە، یا شێتە؟ قەت پیاو وا دێتە ژوانێ؟». یایەزین بانگ دێڵێ:

لاوە، وەرە لاوە!

ئەبلەی، شێتی، ئاقڵ ناتەواوە؟

ئەگەر دەهاتیە سەر جێی من بۆچی لەمنت نەگێڕاوە؟

کاکە مەم دەڵێ:

خاتوونێ، چاو بەنگییە!

بە هەققی ئەو خولایەی بێ شەریکە هیچ شەریکی لەبۆ نییە

ئەمن نەهاتوومە سەر جێی توو بەدزییە

ئێرە ماڵە خۆمە، چ ئاگام لە توو نییە

ئەگەر یایەزین ئەو قسەی لە میرمەمی دەبیست تەواوە

لە پێشەوە مستێکی لە دەمی کاکەمەمی داوە

خوێن لە دەمی کاکەمەمی دەڕۆی وەک جۆگە و بەحر و ئاوە

کاکە مەم بانگ دێڵێ:

بەنگینە، هەرێ بەنگینە
نۆکەرەکەی دانا و گۆچان زێڕینە
سەر لە کەوڵ و سێقەڵاتان دەرینە
لە بۆم بێنە ئافتاوە و مەسینە
بەنگینە سەری لە کەوڵ و فەرەجی دەرهێناوە
ئافتاوە و لەگەنی لە بۆ ئاغای خۆی هێناوە
بە هەر دووک چەپۆکان بەسەری خۆیدا داوە
دەڵێ: ئەی ماڵی وێڕانم! داخولا، ئاغای من چی لێ قەوماوە
کاکەمەم دەڵێ:
ئافتاوە و مەسینان بگێڕەوە بچۆوە بە دواوە
چ نەبووە، چم لێ نەقەوماوە
چەنجوڕکێکم لە کەپۆی خۆم داوە
دڵۆپێک خوێن لەوی تکاوە
یایەزین دەڵێ:
لاوە، ئەو دیارییە لە توو قەبووڵ نینە
ئەوە، داخولا، چ قەرەکولایەکە دەگەڵە خۆت دەهێنا؟
کاکە مەم دەڵێ:
خاتوونێ نەوجوانە
بە هەققی ئەو خولای لایەزانە
ئەگەر قبووڵ بکەی ئەوەم چاوەش و پێش خزمەتی، بەردەستانە
خاتوونێ! چاوی تۆم گەلێک زەریفترن لە چاوی سەقران
ددانی توو گەلیک زەریفتر لە دانان دە گەوهەران
ئەگەر ئەتوو لە من قەبووڵ ناکەی پێش خزمەتان دەگەڵ گەورە نۆکەران
بۆخۆت بانگ یەڵە قەرەواشان، کەنیزەکان، کارەکەران
یایەزین بانگ دێڵێ:

قەرەواش، ناو مەلکڕیحانە

لەبۆ من بێنە ڕووبەندێ، چرایە، دەگەڵ فەنەرانە

ئەو شەو زێدە لە شەوان تەعجوبێکی گەلێک تەعجووبی، دەخۆمدا دی، زینی مل بەکوێنی بابان وێرانە

یایەزین بانگ دێڵێ:

قەرەواش، ئەی قەرەواشەی نێو ئەسمەرە

لەبۆ من بێنە، فەنەرێ ڕووبەندی یەکسەرە

ئەوشەو تەعجوبێکی زۆر تەعجوبم دەخۆم دی، زینی مل بەکوێن، قەلەندەرە

یایەزین بانگ دێڵێ:

قەرەواش، قەرەواشی نێو گوڵەندامە

لە بۆ من بێنە فەنەرێ، فانۆسێ، ڕووبەندێکی تەمامە

ئەو شەو زێدە لە شەوان تەعجوبێکی گەلێک تەعجوبی لە منی مل بەکوێن ڕوودامە

کێ بوو؟ لە یایەزینێ بەڵەک چاوە

هەرچەندی گازی دەکرد ئەو قەرەواش و کەنیزی دە نەولاوە

هیچ کەس نەبوو، کەس جوابی نەداوە

یایەزین دەڵێ:

لاوە! لاومەتی جندییە

بەشقی ئەو خولای لە ژووری سەرییە؛

ئەگەر ئەتوو پێم نەڵێی بابەت کێیە، بۆخۆت نێوت چییە

کاکە مەم دەڵێ:

خاتوونێ کێل گەردنێ!

ئەمن بۆخۆم میرمەمم، تاقە کوڕەی براهیم پادشای یەمەنێ

ڕۆژی دەعوایە لە دووی بابم سوار دەبێ دوازدە پادشا، هەموو ساحبی تیپ و سوپا و قۆشەنێ

کاکەمەم دەڵێ:

خاتوونێ چاو بەنگییە!
بەشقی ئەو خولآیەی لە ژووری سەرییە
ئەگەر ئەتوو پێم نەڵێی بابت کێیە، بۆخۆت نێوت چییە
یایەزین دەڵێ:
میرمەم، گیان گیان!
ئەمن یایەزینێک بووم بەزولفانە
خوشکی میرزێندینم، کچی میرئاودەلآنە
لەکنم خولآوەندی ئەمنی بۆ توو بە دیاری ناردووە بە نیشانە
یایەزین دەڵێ:
کاکە مەمی چاو بەنگییە!
بەشقی ئەو خولآیەی لە ژووری سەرییە،
ئەگەر پێم نەڵێی نێو و نیشانەی کۆشک و پەنجەرەی توو لە شاری یەمەنێ دا نیشانەی چییە،
کاکەمەم دەڵێ:
«خاتوونێ، کۆشکی من بڵندە سەر لە حەو تەبەقەی ئاسمانێ
خشتێکی زێڕە یەکێکی زێوە، وەستا دایناوە لە کارخانێ
دەنگی مەلایەکەتان دەیگاتێ لە حەوت تەبەقەی هاسمانێ
کۆشکی من کۆشکێکی گەلێک گەورە و گرانە
دیوانی براهیم پادشای یەمەنێ گەلێک بەحوکمە، ساحب دیوانە
لە دیوانی براهیم پادشای ڕۆنیشتوون سەد وەکیل و وەزیری کەوڵ بەشانە
شام و نەهاران چل مەجوعەمە(*) بە زەرفەوە دێتە دیوانی براهیم پادشای لە پێشخانان نۆکەر و میر ئاخوڕ و مەیتەران بەدزی دەڵێن: کوێرنانە.
ئەوا کاتیب ڕۆنیشتووە حوکمان دەنووسێ، حاکم دەڕۆن بۆ سەر شارانە

(*) مەجمەعە.

له لایەکی خەڵاتان دەبەخشێ لە لایە دیکەی زێڕوەشانە
لە لایە دیکەی تەنافی ڕاکێشاوە، جەڵەبی لەوێ ڕادەوەستانە
لە تەرەفی دیکەی سەرباز دەڕوا، لە تەرەفی دیکەی سواران دەداوە لە سانە
لە لایەکی تەویلەیە، لای دیکە یەختەخانە
لە لای دیکە هەڵاوەسراون چەک و سیلاحی دەمەردانە
میرمەم دەڵێ:
یایەزین، عەمرەکەم! چی دیکەی لێ نازانم، پێی ناکەم بوختانە
میرمەم دەڵێ: خاتوونێ چاو بەنگییە!
بەشقی ئەو خوڵایەی لە ژوور سەرییە
ئەگەر ئەتوو پێم نەڵێی نێو و نیشانەی کۆشک و پەنجەرەی توو دە شاری جزیرێدا چییە
یایەزین دەڵێ:
میرمەم، کۆشکی من بڵندە سەر لە شاخی
ئاوی سپی لە حەوزی کەوسەرێ دێ هەڵدەڕژێتە سەر بەردی مەڕمەڕ پەخش و پەرێشان دەبێ لەنێو چوارباغی
شەهێن و شالوور و شمقارِ لەوێدا بوون یاغی
یایەزین دەڵێ:
میرمەم، کۆشکی من بڵندە سەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ
وەستای بۆ هاتوون لە هیندێ، میعماری لە بوخارایە، گێچی بۆ هاتووە لە تاریکستانێ
کۆشکی من خشتێکی زێڕە، یەکی گەوهەری کارخانێ
هەرچەندی بەردی وەقیمەتە، غەواسان دەریان هێناوە لە دەریای نیل و عوممانێ
هەرچەندی پارچەی هیندیانە، ئەوە لەوێم داناوە پیاوی تاجر، ئەگەر کلووری نەبێ بەقیمەتی نازانێ
میرمەم، عەزیزم! بلا بەڵەدی پێکەوە بکەین، ببژێرین شوکرانێ

کێ بوو له جووته ئاشقانه نەوجوانه
هەڵدەگرن، فەنەرێ، فانۆسێ، دەگەڵ چرانه
هەرچەندی کۆشکان پەنجەران دەگەڕانه
کۆشکی کاکەمەم بوو؛ خاتوونێ نەیبوو چ نیشانه
خاتوون سەری له کاری خوڵای تاجوب ما له قسەی خۆی بوو پەشیمانه
کاکەمەم دەڵێ:
یایەزین، عومرەکەم! بۆچت بەمن دەکرد ئەو گەوره بوختانە؟
یایەزین دەڵێ:
له من مەگره مانێ دەگەڵ ئەوێ گەورەمانێ
ئەمن هەورێک بووم له هەورەکانی ده ئاسمانێ
ئەمن له بۆ توو هاتوومە خوار دەگەڵ دڵۆپەی ده بارانێ
هەتا پێکەوه بکەین سەفایە دەگەڵ سەیرانێ
یایەزین دەڵێ:
توخوڵا! میرمەم لێم مەگره مانێ لێم هەڵمەکه پشتێ
ئەمن هەورێک بووم له هەورەکانی ده بەهەشتێ
خوڵاوەندی عالەمیان ئەمنی له بۆ توو هاوێشته پێدەشتێ
کێ بوو لەو جووته ئەشقەی ده تەڕلانه،
دەسرە و ئەنگوستیلەیان پێک دەگۆڕیەوه بەنیشانه
دەستیان دەستۆی یەک دەکرد، دەهاتنەوه، لەسەر فەرشان، جانمازان، قالیچانه
جا پێکەوه ڕۆنیشتن، دەیانبژاردەوه شوکرانه
یایەزین دەڵێ:
خوڵاکەی میرمەم، ئەگەر سبحەینێ هەڵدەستی ئەو خەونەت وەبیر بێ
ئەگەر هەڵنەستی نەبی به ئێڵچی له دووری من، نەیەیه شاری وێرانه جزیرێ
یا ڕەببی، پێناودارم بی، ئەگەر ئەوێ ڕۆژێ خوڵا دەکا دیوانێ، ئەگەر دیوان دەگیرێ

کاکەمەم دەڵێ:

یایەزین، گیان گیانە!

ئەگەر سبحەینێ هەڵستم، خولا نەخواستە ئەتوو نەمێنی لێرەکانە،ئەگەر هەڵنەگرم کەشکۆڵێکی دەروێشان، دار عەسایەکی نەوجوانە

ئەگەر بە سواڵکەری وەدووت نەکەوم، پەیدا بکەم نان نانە

یاڕەبی بەکافری بمرم، لەسەر کۆچک و دەسماڵی دە ژنانە

یایەزین، عومرەکەم، هەرچەند مایەنەی خولا دروستی کردووە، جوولەکەیە، فەڕەنگە، داسنییە، ئورووسە، دیانە

حەلاڵی دنیایە لێم حەرام بێ لە توو زیاتر هەموو وەکوو دایک و خوشکانە

یایەزین دەڵێ:

لە خۆم مل بەکوێن و بێ سەلایە

هەرچەندی نێرینەی خولاوەندی عالەمێ دروستی کردوون لە دنیایە

هەرچەندی جووە، هەرمەنیە، لە توو زیاتر حەلاڵی دنیایەم لێ حەرام بێ هەمووم لەکن وەک باب و برای خۆم وایە

کێ بوو لەو ئاشقی دە تەڕلانە

دەستیان دەستۆی یەک دەکرد دمیان بەدمی یەکدی دەنانە

پەریەکان گوتیان: ئەگەر نەیبەینەوە ڕووڕەشی خولای دەبین، ئەگەر دەیبەینەوە خولاگیری ئەوی دەبین». خوشکی گەورە گوتی: پیاو بە خولای خەلاسی دەبێ بەلا بە عەبدان خەلاسی نابێ

کێ بوو خوشکی، چکۆڵە گەلێک نازداری

تەمەنای دەکرد لە خولای لە پێغەمبەری موختاری:

یاڕەبی خەو بۆو ئاشقانە لە بارەگای خولای بباری

ئەوانە کەوتن بێ هۆش بوون بەیەکجاری

ئەو کێ بوو؟ لەو پەری دە تەڕلانە

تەگبیریان کرد بە هەر سێ خوشکانە:

ئەمە بلا ڕووڕەش نەبین لە بارەگای بینای چاوانە
بلام یایەزینێ پێچینەوە بە پەنجەی دەستانە
لێرەی هەلگرین بەجێومەکانە
بیبەینەوە شاری جزیرێ، سبحەینێ خەجالەت نەبێ ئەو بەستەزمانە
جا لە کاکەمەمی چ بکەین، دەمێنێ بێ جێومەکانە؟
دەلێ: عیلاجی دەکا بینای چاوانە
کێ بوو لەو پەری دە گولباوە
یایەزینیان توندتوند بە دەستان دەپێچاوە
لەسەر بالی خۆیان دادەناوە
هەتا هەلیان گرت، بردیان لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ ڕاوەستاوە؛ وچانیان نەدا هەتا بردیان لە شار جزیرێ لە جێ و مەکانی خۆیان داناوە
ئەگەر سبحەینێ کاکەمەم لە خەوێ هەلستاوە
بانگ دێلێ: ئەو بەنگینەی بەلەک چاوە
ئەو یایەزینەی لەکن ئەمن بوو بۆ چ دیار نییە لەکن ئەمن نەماوە
بەنگینە دەلێ:
میرمەم، بە حەققی ئەو خولای لە ژووری سەرییە
ئەمن هیچ کەس نازانم، و هیچ کەسم نەدییە
کاکەمەم بانگ دێلێ:
بەنگینە خەمناکم، گەلێک دەرفکرم
ئافتاوە و لەگەن بێنە دەسنوێژێکی ممبارەک هەلگرم
ئەوە کێ بوو لە بەنگینی گولباوە
ئافتاوە و لەگەنی بۆ ئاغای خۆی هێناوە
ئەگەر دەسنوێژی هەلدەگرت دەسترەی دەستانی لەبەری خۆی دەرێناوە
ئەگەر تەماشای قامکی خۆی دەکرد مۆر و ئەنگوستیلەی یایەزینێ لەکنی بەجێ ماوە

دەسبەجێ بێ حاڵ دەبوو زمانی شکاوە
چاوی هەڵنەهات هۆشی ئۆمەتێی نەماوە
بەنگین دەرمانی بێهۆشی هێناوە
کاکەمەم جێبەجێ چاوی هەڵات، زمانی کراوە
کاکەمەم بانگ دێڵێ:
بەنگینە جێم بۆ ڕاخە کارم کراوە
کاکەمەم بانگ دێڵێ:
بەنگینە دەروونم گەلێک لە جۆشە
خەبەرێکی بەبابم بدە بڵێ کاکەمەم دەردی گرانە گەلێک نەخۆشە
کێ بوو لە بەنگینەی گوڵباوە
بانگ لەسەر بانگی لێ داوە
چوە دیوانێ براهیم پادشای ڕاوەستاوە
براهیم پادشا دەڵێ:
بەنگینێ چاو بەنگییە
ئەدی ئاغای توو لە کوێیە دیار نییە؟
دەڵێ: قوربانت بم دڵم بەخەمە نابێ خامۆشە
کاکە مەم دەردی گرانە گەلێک نەخۆشە
کە براهیم پادشا وا دەزانێ
هەڵدەستێ شەققژن دەکەوێتە دیوانێ
کێ بوو؟ لە براهیم پادشای گوڵباوە
فرمێسکی چاوانی دەتگوت ڕووبار و ئاوە
کێ بوو لە براهیم پادشای موحتەبەرە
لە پلیکان و پەنجەران دەکەوتە سەرە
کێ بوو لە براهیم پادشای گوڵباوە
دەرکی کردەوە، پەردەی هەڵداوە

کێ بوو؟ لە براهیم پادشای جندییە
سەری کاکەمەمی دەگرت، داینا لەسەر ڕانیە
دەڵێ: ڕۆڵە، بە قوربانت بم کوێت دێشێ ئازارت چییە؟
ڕۆڵە، چاکە بابت ئازارت بزانی
تا بنێرم لەدووی ئەرستۆی، لوقمانی
دەشقەم کەسێک بێ شەفای دەردی توومم بۆ بزانی
هەر چەند بابی دەیگوت و دەپاڕاوە
کاکەمەم نە قسەی دەکرد نە جوابی دەداوە
براهیم پادشا دەڵێ:
ڕۆڵە! ئازارت لە کوێیە لە خۆم ماڵ وێرانێ
ڕۆڵە! ڕۆحت دەسەر دەگێڕم دەگەڵ سەرتاپای ئیمانێ
ڕۆڵە! دڵم سووتاوە؛ میرمەم ئاورم بەربووە لە بەدەنێ
ڕۆڵە! چاوی خۆمت دەسەر دەگێڕم دەگەڵ شارەکەی یەمەنێ
ڕۆڵە! وەکازی دەستم، ڕووناکایی هەردووک چاوانم
ڕۆڵە! هێزی جەرگم، ویردی زبانم
ڕۆڵە! ئەتوو چت بەسەر ئێ، ئەمن خۆم بەساحبی یەمەنێ نازانم
ڕۆڵە! فرزەندی خۆم، دیدەی شیرینم
ڕۆڵە! توو چاوان هەڵێنە، تا من جارێکی بتبینم
میرمەم دەڵێ:
بابە منداڵ بووم، بووم بە فەقێ
لە فەقێیەتی ڕابردم بووم بە مەلا
لە مەلایەتی ڕابردم بووم بە قازی
بابە گیان ئەلعان و بیلفەرس دەبێ ژنم بۆ بخوازی
براهیم پادشا دەڵێ:
ڕۆڵە! لە ڕۆحی بابت کەوێ دەگەڵ ئەوێ غەمێ، دەگەڵ ئەوێ فکرێ

ڕۆڵە! لەبۆت داوێمە سەر بەحرێ کەڵەکێ دەگەڵ جیسرێ
ڕۆڵە! تەشریفی موبارەکت بێ، دەچم لەبۆت دەخوازم کچی پادشای میسرێ
ڕۆڵە! لەمنت کەوێ دەگەڵ ئەوان خەمان ئەوان گلەییان
ڕۆڵە! لەبۆت دێنمە سەر بەحران کەڵەکان دەگەڵ گەمیان
ڕۆڵە! تەشریفی موبارەکت بێ دەچم لەبۆت دەخوازم کچی پادشای هیندییان
ڕۆڵە! لەمنت کەوێ دەگەڵ ئەوێ خەمێ دەگەڵ ئەوێ غەباتێ
ڕۆڵە! تەشریفی موبارەکت بێ، دەچم لەبۆت دێنم کچی پادشای لە ڕۆژهەلاتێ
دەڵێ: بابە گیان نە میسرم دەوێ نە شامە
بە کابەتوڵلایە کەم ماڵە خولایە بەیتوڵلامە
دڵی من وای لە یایەزینێ گرتووە مەقامە
لەپاش یایەزینێ حەلاڵی دنیایە لە من حەرامە
بابە ئەگەر ڕاستە بۆم دێنی چ ژنانە
یایەزینم دەوێ وای بە زوڵفانە
خوشکی میرزێندینە و کچی میرئاودەلانە
ئەگەر دەپرسی مەملەکەتی وان شاری جزیرێ بۆتانە
براهیم پادشا گوتی: جزیر دە موڵکی خولای دا نییە

وەکیل و وەزیران گوتیان: «قوربان نییە». گوتی: «بەلا، بۆ من عەیبە؛ ئەمن پادشا بم، کچی نۆکەری خۆم بۆ کوڕی خۆم بێنم». گوتیان: «کۆنە وەزیرێک هەیە، بچن ئەوی بێنن، بزانن، جزیر هەیە یان نییە». وەزیریان هێنا؛ دە قەفەزێ دابوو. هێنایان لە دیوانی براهیم پادشای دایان نا. براهیم پادشا گوتی: «وەزیر شاری جزیرێ دە موڵکی خولایدا ئەمن دەڵێم نییە؛ هەیە یان نییە؟» وەزیر گوتی: «قوربان! شاری جزیرێ ئەوا لێرە لە ڕۆژاوایە؛ حەوت ساڵان پادشای بابی توو لەجیاتی مواجبی دایمێ موخاریجی منی دەرنەهێنا». براهیم پادشا کە وایزانی ڕقی هەڵستا؛ زیزبوو ڕۆی. کاکەمەم لەجێی خۆی هەڵستا؛ ڕۆنیشت. وەزیر هەموو ڕێوشوێنی جزیرێی بەوی گوت؛ هەزار لیرەی ئەنعام دا بە وەزیری. براهیم پادشا ناردی جەللابی لەسەر ڕێی وەزیری دانا: «ئەگەر لە وەتاغی کاکەمەمی هاتە خوار، سەری ببڕن لەبۆ منی

بێنن». ئەگەر هێنایانە خوارێ تەماشای کرد جەللاب ڕاوەستابوون دە کووچەیدا. وەزیر ئەوانی ناسی؛ گوتی: «بانگی ئەو جەللابانە بکەن». ئەنعامی دانێ؛ گوتی: «مەرەخەستم دەکەن بچمە دیوانێ یا سەرم دەبڕن؟» گوتیان: «بەڵێ قوربان! مەرەخەستی بۆ دیوانێ». هەڵیان گرتو بردیان بۆ دیوانی براهیم پادشای. عەرزی پادشای کرد: «پادشا، هەڵبەت مردن بۆ من چاکە بە جیهەتی چی فەرمووتە سەری ببڕن؟» گوتی: «ئەمن ئەو تاقە کوڕەم هەیە؛ ئەمن دەڵێم: جزیر نییە ئەتوو بۆ دەڵێی هەیە؟»

گوتی: «قوربان ئەمن نەمزانی، ئەوە خەونی پێوە دیوە. دە سەر کاکەمەمی بکە بچێتە ڕاوێ. یەمەن چل دەروازەی هەیە. چل مەحەلەیە. هەر مەحەلەی چل کچ و ژنی جوانی لێ هەڵبژێرە؛ بێنە داوەتی بۆ بگرە. ئەوی لە ڕاوێ دێتەوە لۆتی و ڕەققاسی بۆ دانێ، شێر و مەیموونی لەسەر ڕێ دانێ، چاوەش و سازندەی لەسەر ڕێ دانێ. ئەگەر بەخێر لە ڕاوێ هاتەوە، ئەوێ شەوێ لە خەوێی دیوە لەو ژنانە و لەو کچانە یەکیان وەوی دەچێ. کاکەمەم کەیفی دەیگرێ. ئەگەر کچ بوو، بێ مننەتە. بابی ئەو کچەی حەزی دەکا، کوڕی براهیم پادشای کاکەمەم ئەوی بخوازێ. ئەگەر ژن بوو، مێردی بانگ بکە بیکە وەزیر؛ زێڕی زۆر بدەیە؛ ژنەکەی پێ تەلاق بدە، جا بەخێر لە کاکەمەمی مارە بکە؛ ئینشاڵڵا ئاوە دادەمەزرێ». گوتی: «ئافەریم وەزیر! ئەنعامی بدەن بە وەزیری». ئەنعامێکی زۆر بە وەزیری گەیی. کاکە مەم هەتا نیوەڕۆیە ڕاو و شکاری کرد. براهیم پادشا هێنای، داوەتی بۆ وی دروس کرد، تەدارەکی بۆ گرت. جا هەرچی کچی بوو دەڵێ: «ئینشاڵڵا کچی منی دەوێ». هەرچی ژنی بوو دەگریا؛ دەیگوت: «پادشا ژنەکەم لێ دەستێنێ؛ جا من قوڕی کوێ وەسەری خۆم کەم. ژنەکەم دەچێ». بەنگینە گوتی: «کاکەمەم ئەوە چ غوڵۆێکە لە دەورەی شاری یەمەنێ». کاکە مەم گوتی: «شاری یەمەنێ هەزار فێڵی هەیە.» بەنگینە گوتی: «میرمەم بڵا بچینەوە بۆ ماڵێ» ڕاویان بەتاڵ کرد، ڕوویان دە ماڵێ کردەوە. ئەگەر هاتن گەینە قەراخی شاری تەماشایان کرد؛ داوەت بوو. لۆتی و ڕەققاس بوو، شێر و ورچ بوو. بەنگینە گوتی: «میرمەم! بزانە بابی توو ئەتۆی چەند خۆش دەوێ؛ بزانە چەندی سوحبەت بۆ توو دروس کردووە». جحێڵی ناردنە سەر ڕێی کاکەمەمی. لەپاش وەی کەیخودای

پێشوازی وی نارد. لەپاش ئەوەی سەید و مەلای لەسەر ڕێی وی ڕاگرت، گەییە جحێلان مەرحەبای لێ کردن. گەییە کەیخودایان، سڵاوی لێ کردن. گەییە سەید و مەلایان لە نێویان دابەزی، ئەنعامی بۆ سەید و مەلایان قەرار کرد. لەوێ سوار بۆوە، لۆتی و ڕەققاس بەپیریەوە هاتن؛ خەڵاتی کردن. گەییە داوەتێ سەری لەسەر قەڵپووزی زینی دانا، تەماشای کەسی نەکرد، چۆوە دەرکی دیوانی خۆی؛ لەوێ دابەزی. داوەت بەتاڵ بوو. هەرچی کچی بوو دەیگوت: «چ بکەم؛ قەرزدار دەراتم. کچەکەی نەخواستم؛ جا ئەمن چ بکەم؟» ئەوی ژنی بوو گوتی: «یاڕەبی زۆر شوکر! ژنەکەم نەچوو». خەبەر بە براهیم پادشا درا: «قوربان! کاکەمەم هاتەوە، هیچ کەسی نەویست». براهیم پادشا گوتی: «بچن، وەزیری بێنن، هەر دەیخنکێنم». لە پاشان پیاوی نارد گوتی: «سەری ببڕن؛ چاوم پێی نەکەوێ». گوتیان: «قوربان! سەری مەبڕە؛ بلا بێتە ئێرە بزانین تەگبیری چییە». ناردیان وەزیریان هەڵگرت؛ هێنایان. وەزیر گەییە دیوانی پادشای یەمەنێ؛ گوتی: «قوربان، سەری من بۆ بڕینێ چاکە». گوتی: «ئەتوو بۆ شایەدی جزیرێت دا؛ ئەمن تاقە کوڕێکم هەیە». گوتی: «قوربان، کارێکی گران نییە؛ لەشکرێکی بۆ دروس بکە، دوازدە هەزار کەس ببێ؛ سەرکردەی بۆ قەرار بکە. دە بۆتخانەی بۆ دروس بکە. دوازدە مەنزڵ بڕوا هەر مەنزڵێ هەزار کەس لێی بگەڕێتەوە؛ جا بەتەنێ دەمێنێ؛ بۆ کوێ دەچێ؟ ئەویش دێتەوە ئێرە؛ هەر کچە پادشایەکی کەیفت بێنێ، جا بۆی بێنە». کاکە مەم دەسەر بابی کرد گوتی: «مەرخەس بفەرمووی دەڕۆم». براهیم پادشا فەرمووی: حەوتوێکی سەبرم لێ بگرێ، تەدارەکی بۆ دەگرم».

بلا بچینە سەر بەحسی یایەزینێ. پەریەکان یایەزینیان هەڵگرت، بردیانەوە شاری جزیرێ. سبحەینێ یایەزین لە خەو هەڵستا، جنێوی دا بە مەلەکڕیحانێ؛ گوتی: «ئەمنت بۆ هەڵنەستان؛ نوێژم چوو». مەلەکڕیحان گوتی: «ئەمن چ بکەم چوویە شەوگەردییە، درەنگ هەڵستاوی». گوتی: «دەنا ئاوێ بێنە چاوم بشۆم».

چاوی شووشت دەسترێی دەرهێنا چاوی خۆی پێ بسڕێ: دەسترێی کاکەمەم بوو. ئەگەر تەماشای کرد مۆری کاکە مەمی لە قامکی دابوو. گوتی: «چارشێوم بۆ بێنن، دەچمە ماڵە قەرەتاژدینی، کن خاتوون ئەستی خوشکم». هەڵستا چووە ماڵە

قەرەتاژدینی. خاتوون ئەستی بەپیریەوە هات. قۆڵی گرت؛ وەسەری خست، پێکەوە ڕۆنیشتن. خاتوون ئەستی خوشکی گەورەی وی بوو؛ ژنی قەرەتاژدینییە. گوتی: «خوشکێ بۆ وا زەرد و زەعیف بووی؟» گوتی: «خوشکێ هانێ ئەوانە!» دەستڕێ و ئەنگوستیلەی لە پێش خاتوون ئەستی دانا. خاتوون ئەستی تەماشای کرد مۆری کاکەمەمی بوو، تاقە کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ. گوتی: «خوشکێ ئەتوو ئەوانەت لە کوێ بوو؟» گوتی وەڵڵاهـ نەمزانیوە ئەوشەو ئەمنیان بردە یەمەنێ:

چم نەزانی ئەمنی مل بەکوێن و بابان وێرانێ

لە وێیان ئەمن بوێن دا بە سی جوزووی قورعانێ

جا لەوەی بەدەرەوە؛ خاتوون ئەستی گەورەیە بۆخۆی دەزانێ

خاتوون ئەستی دەڵێ:

وای، ملم بەکوێنە بابانم وێرانێ

ئەو میرمەمی لە یەمەنێ دەبەر تۆی ناوە سی جزووی قورعانێ

ئاخر دەست هەڵناگرێ، دێتە ئێرە، نادۆڕێنێ ئیمانێ

خاتوون ئەستی دەڵێ:

یایەزین، گیانە!

ئەو میرمەمی دەگەڵ ئەتۆی خواردووە قورعانە

چاری براوە؛ دەست هەڵناگرێ تەشریفی موبارەکی دێتە ئێرەکانە

جا یایەزین دەڵێ:

چ بکەم ئەمن سەر بەتاڵ و بابان وێرانێ

جا ئەمن ڕووڕەشی خۆمە، چلۆن بکەم گوزەرانێ؟

خاتوون ئەستی گوتی: «دەبێ سەکۆیەکت لەسەر شەتتی جزیرێ بۆ دروس بکەم. بنێرم دوو سەد تۆپ جاوت بۆ بکڕم. چل قەرەواشت هەیە؛ دەگەڵ ئەو قەرەواشانە هێندێک گازری بکەن. هێندێکیان ئارەخ چنان بدروون، خەمی توو لە دمی ئاوێ بڵاو دەبێ. ئینشاڵڵا تەعالا جا ئەمن دەنێرمە کن کاکم، دوو جووتانم بداتێ، پیاوانم بداتێ. بۆخۆم جووتی ڕادەبەستم، موخاریجم زۆرە. بە دەستندە بەڕێ ناچم». ئەوانە دەنێرمە سەر ڕێ؛ ئەگەر کاکەمەم و بەنگینە هاتن، جووتێر مزگێنی بێنێ». مەلەک

ڕیحانیان دەرکردبوو؛ بانگیان کردەوە. بازیبەندی لە قۆڵی خۆی کردەوە، لە پێش یایەزینی دانا؛ گوتی: «ئەمن چیدی قەرەواشی ناکەم». یایەزین گوتی: لەبەر چی؟» گوتی: «یایەزین ئەتوو دەچییە شەوگەردییە، ئەمن نابەی». خاتوون زین گوتی: «ئەمن چوومە کوێ؟» گوتی: «ئەمشەو، هەموو شەوێ چوویە شەوگەردییە ئەمنت نەبرد دەگەڵە خۆت؟» گوتی: «جا بۆ زیز دەبی؟ ئەگەر هاتن قەرارمان بێ: ئاغا بۆ من نۆکەر بۆ توو». ئەو قەرارەیان پێکەوە کرد؛ هەڵستان چوونەوە ماڵە خۆیان. جا ناردیان جاویان کڕی. تەدارەکیان گرت. چوونە سەر شەتتی جزیرێ.

ئەوجار دوو قسان لە کاکەمەمی بکەین، بەنادری
ئەوە فەرمانی ڕەحمان بەکری
هەم کرمانج و دێبۆکری
بۆ خاتری دوکتۆر مانی نەمری
نە باس هەبوو نە خەبەرە
تەدارەکی کاکەمەمی گیرا فوقەرە بەفوقەرە
لە شارەکەی یەمەنێ وەدەرکەوت دوازدە هەزار سواری بە دەفتەرە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە!
ئەو لەشکرەی بابی من بۆ منی دروس کردووە، بچۆ بیبینە
کێ بوو؟ لە بەنگینە گوڵباوە
چوو ئەسپی خۆی لە یەختەخانێی دەرهێناوە
کە سوار دەبوو نێوی خولای هێناوە
لەو سەرێی بە لەشکریدا چوو لەو سەری گەڕاوە
بانگ لەسەر بانگی لێ داوە
هەتا دەهاتە دەرکی یەختەخانێی دەبوو پیاوە
کێ بوو لە بەنگینەی موحتەبەرە
لێی خڕدەبوونەوە میرئاخوڕ و مەیتەرە

دەڵێ: سەفەرێکی دوور و درێژمان لەبەرە
کێ بوو لە بەنگینەی گوڵباوە
لە پلەکان وەسەر کەوت دەرکی پەردەی هەڵداوە
هەتا وەکوو دەهات، لە ئاغای میرمەمی دەکرد سەلام و سەڵاوە.
دەیگوت: بەنگینە، ئەو لەشکرەی بابی مە بۆ مەی دروسکردووە داخولا چلۆنە، تەواوە؟
بەنگینە دەڵێ:
ئاغای من لە زۆرییان چی تاریفیان نینە
ئەی ئاغا! دەغیلت بم من لە سوارچاکییان هیچ قسوور، نینە
ئەو لەشکرەی بابی توو بۆ مەی دروسکردووە لەکنم هیچ بەرەودوای بۆ من و توو نینە
کاکەمەم گوتی: برۆ، شێتی ماڵوێران دەنا بابی من گەپی بەمن دەدا؟
ئەو کێ دەبوو لە کاکەمەمی موحتەبەرە
حوکمی دەکرد، دەیگوت: ئەسپی بۆرەم بۆ بێنەدەرە
ئەوە کێ بوو؟ لە مەیتەر و میرئاخوڕی دە گوڵباوە
ئەسپی بۆرەیان زین دەکرد بە دوو سەریان ڕاکێشاوە
دەگەڵ بەنگینەی بانگ لەسەر بانگیان لێ داوە
ئەسپی بۆرە هاتە دەرێ، لە دەرکی دیوانێ ڕاوەستاوە
هەرچەند عالەمی یەمەنییە، سەریان لە کۆشک و پەنجەران دەرهێناوە
میرمەم بێ غیرەتی کرد لە دایک و بابی خۆی نەگێڕاوە.
کێ دەبوو لە میرمەمی موحتەبەرە
لە پلەکان دەهاتە خوار قۆڵیان دەگرت ئەوبەر ئەوبەرە
پێی دەرکێفی ئەسپی بۆرە دەنا، لە زینی مورەسسەعی خۆی دەکەوتە سەرە
ماشەڵڵا! هێندێک دەیانگوت: «ئەوە شەمسە» هێندێک دەیانگوت: ئەوە قەمبەرە
ڕەببی، نەزەرپیس لێی نەکەنەوە نەزەرە

بەقەد دوو هەزار کەسی ڕادەوەستان ئەوبەر ئەوبەرە

نۆکەر و وەکیل دەڵێن:

بڕۆن دامەمێنن،

خەبەرێکی وەبراهیم پادشای ڕابگەیەنن

کێ بوو لە وەکیل و وەزیری دە بێوەفایە:

خەبەرێکی بدەن بە دایکی میرمەمی دەگەڵ دایکی بەنگینەی، بلا حەسرەتێ نەکێشن لە دووی کوڕی خۆیان، دەشقەمی بێن گەردنی خۆیان بکەن ئازایە

کێ بوو لە وەزیری دە تەواوە

خەبەرێکیان بە دایکی بەنگینەی داوە

دایکی بەنگینەی ئەگەر وا دەزانێ

دەڵێ: سەرم دانا سەر کووپەڵە خمخانێ

سەلای گەورەم لێ ڕابوو شاری یەمەنێ چۆڵ دەبێ، گۆڕ و گۆڕخانە دەچێتەوە جزیرە وێرانێ

دایکی بەنگینەی دەهات بەشین و گریان و تەواوە

بانگ لەسەر بانگی لێ داوە

خەبەرێکی لە بۆ دایکی میرمەمی هێناوە

دەڵێ: دایە میرمەمی ئەتوو نازانی چ قەوماوە؟

دەڵێن بورجی بەڵەک بەبێ ئاغایێ لە شاری یەمەنێ بەجێ ماوە

دایکی میرمەمی ئەگەر وای دەزانی

فرمێسک دەهاتە خوارێ لە هەرتک چاوانی

دایکی میر مەمی ئەگەر وا دەزانێ

خۆی هەڵدەدێرێ لە تالارێ هەتا دەگەیە باڵەخانێ

بە سەری ڕووتی بەپێی پێخاوسی دەهاتە کۆڵانێ

بە کووچەیدا دێ دەس دەکا بە گریانێ

هەتا دەگاتە بورجی بەڵەک، دەڵێ: وەکیل و وەزیرینە ئەدی تاقە کوڕەکەی من

کوانێ؟
وەکیل و وەزیر دەڵێن:
لە خۆمان یەخسیرێ
ئەتوو تازەکە دەبێ کوڕی خۆت وەبیرێ
بورجی بەڵەک چۆڵ و ئەحدەل قەندەهار بوو(*) بەسەفەر ڕۆی بۆ شاری جزیرێ
دایکی مەمی ئەگەر وا دەزانێ
دەڵێ: ئەهلی یەمەنێ، وەرن، وەسەرم بکەن قوڕ و خۆڵی ئی کۆڵانێ!
جا بانگ دێڵێ:
ڕۆڵە، میرمەم، گیانی گیانە!
ئازابی خۆمت لێ حەڵاڵ بێ دەگەڵ شیری هۆردک مەمکانە
مەچۆ شاری جزیرێ، شارێکی بەدقەدەمە، ویستراعەتی گەلێک گرانە
دایکی بەنگینە دەڵێ:
ڕۆڵە، لە خۆم فەقیرێ
ئەتوو ئەمەگی دایکی فەقیرت وەبیرێ
سەلام لێ ڕابوو لە بۆ مەم و بەنگینان، گۆڕ و گۆڕخانە دەکەوێتەوە شاری جزیرێ
دایکی میرمەمی دەڵێ:
لە خۆم مل بەکوێن و بابان وێرانێ
ڕۆڵە میرمەم! نۆ مانگان، نۆ ڕۆژان، نۆ سەعاتان، نۆ دەقیقان، بە بەر و پشت هەڵم دەگرتی بەغەیرەز برک و ژانێ
لە خەزێنەی ڕزگاربووی، کەوتیە چەنگ مامانێ
لە مانانێ خەلاس بووی کەوتیە چەنگ دایانێ
ڕۆڵە میرمەم! لە دایانێ خەلاس بووی، کەوتیە چەنگ لەلەی، دەیانبردیە دیوانێ
ڕۆڵە دەبەر کوتابیان نای؛ حەوت ساڵان دنیای ڕوونت نەدی لە ژێرخانێ.

(*) ئەحدەل قەندەهار، واحیدەلقەهارە، چونکە بەهەردووکیان تۆمارکراوە.

ئەهلی یەمەنێ وەرن کوێنێکم دەبەرکەن لەبۆ جوانێکی وەک میر مەمی؛ شاری یەمەنێ لێم چۆڵ دەبێ، ئاوەدانی دەکەوێتە جزیری وێرانێ

دایکی بەنگینەی دەڵێ:

ڕۆڵە! بۆچ وا کوڕێکی بێ فکری

ڕۆڵە! سەفەر لەبەرە بەنادری.

ڕۆڵە! لە شیری دایکی خۆت گەردنت ئازابێ دەس لە ئاغایە خۆت هەڵنەگری

دایکی میرمەمی دەڵێ:

های یەمەنی، هاوارە، ئامانە!

ڕۆڵە، میرمەم! لەسەر دایکت ڕاوەستە، دەگەڵم بکە دوو قسانە

ئەمن لە شاری یەمەنێ بۆت هەڵدەگرم خەزنە و دە بۆتخانە

ڕۆڵە بۆت دەبم بە ئێڵچی بۆخۆم، دەچمە شاری جزیرێ بۆتانە

بایەزینت بۆ دێنم. شاری جزیرێش بە خاک و بادەوە دەکرم؛

بابی دایکێ، بە جێومەکانەوە بۆت دێنمە ئێرەکانە

کاکە مەم دەڵێ:

لە خۆم فەقیرێ

ئەمن بۆخۆم سوێندخۆرم، دەبێ لە دووی بچمە جزیرێ

کاکە مەم دەڵێ:

هاوار وەبەر ئەو خولایەی تاق و تەنیایە

ئاورێکم تێ بەربووە، هیچ چارم نایە،

شاری یەمەنێ چۆڵ و واحیدەلقەهارە چ بکەم بەبێ ئاغایە

دایکی بەنگینەی دەڵێ:

چ بکەم لەخۆم بێ فکری

ڕۆڵە نابێ دەس لە میرمەم کوڕی براهیم پادشای هەڵبگری

دایکی بەنگینەی دەڵێ:

هاوار و واوەیلایە

ئازابم بەهیچێ چوو لە دنیایە
تاقە کوڕێک خوڵای دایمێ لێ بۆم هەڵنشتە، هەڵوەدایە
دایکی مەمی دەڵێ:
ڕۆڵە، میر مەم! خوڵا نەیدامێ ڕۆنیشم بە دەنگ دلێری
ڕۆڵە! ئێستا بەپیری تووشی ئەستۆم بوو وەجاغ کوێری
دایکی میرمەمی دەڵێ:
ئەهلی یەمەنێ سەید و مەلای دە نەوجوانە!
ئەزو ببم بە قوربانی هەردووک چاوانە
دەرکی دەروازەی یەمەنێم بۆ بگرن تا دوو قسان بکەم دەگەڵ کوڕی تاقانە
دایکی مەمی دەڵێ:
سەید و مەلا خۆشەویستی ئەو خولایە
هەموو دەسینگو دایە سی جوزوی کەلامولڵایە
وەرن دەگەڵ ئەمن، بچینە خزمەت میرمەمی، تکاییم بۆ بکەن، دەشقەمێ دەگەڵم بگەڕێتەوە دوایە
دایکی بەنگینەی دەڵێ:
ئاورم تێ بەربوو، لێم خەرابوو جگەرە
ئاغا و نۆکەران، سەفەری کاولە جزیرێ لەبەرە
دایکی بەنگینەی دەڵێ:
چ بکەم لەخۆم بێ سەلایە
چ بکەم؛ بۆ براهیم پادشا لە هاواری مەم و بەنگینان نایە؟
دایکی مەمی دەڵێ:
چ بکەم لە خۆم ئێخسیرێ
هیچ کەسم نییە بۆم بکا ڕا دەگەڵ تەگبیرێ
هەرچەند دەکەم دەستم پێ لە کوڕی خۆم هەڵناگیرێ
دەبێ، کەشکۆڵێکی هەڵگرم دەگەڵ دارعەسایەکی، ببم بە دەروێش وەدوو میرمەمی

کەوم، هەتا دەچمە شاری جزیرێ
دایکی بەنگینەی دەڵێ:
چ بکەم، ڕۆڵە، گیانە؛
حاشا لە یەمەنێ، ئەگەر گەورە و گرانە؛
دەبم بە ئێلچی لە هەموو دەرکان پەیدا دەکەم نان نانە
هەموو شاران لێک دەدەم هەتا دێمە شاری جزیرێ بۆتانە
خەڵقی جزیرێ دەڵێن: قەرەواشیان دەگەڵە، ئەو جووتە نەوجوانە
کاکەمەم دەڵێ:
لە خۆم غەریب، بێ سەلایە
بە دایکم عەرز بکەن: بەخولا ناگەڕێمەوە دوایە
چونکە سوێندم خواردووە بە کەلامولڵایە
دایکی مەمی دەڵێ:
ڕۆڵە، دیدەی شیرینم!
ڕاوەستە دەستت دەستۆی بکەم تێرت ببینم
کاکە مەم دەڵێ:
مەکە فکرێ،
دەست دەستۆکردنی من هیچ کەڵک ناگرێ
ناگەڕێمەوە دوایە، کەڵک ناگرێ.
سەفەرم لەبەرە دەبێ بچمە جزیرێ بۆتانە
دەستم لێ هەڵگرن، ئەی بەندەی موسڵمانە!
دایکی بەنگینەی دەڵێ:
ڕۆڵە! لە من مل بەکوێن و بابان وێرانێ
خولاکەی مەم و بەنگین ئیزن بدەن، بڕۆن بۆ جزیرێ بۆتانێ
وەرن، بە خولایان بە زامن بدەن؛ بە ئەمانەت بە پێغەمبەری ئاخر زەمانێ
دایکی میرمەمی دەڵێ:

ڕۆڵە، لە خۆم بێ سەلایە
ئاورێکم بەربۆتێ، لە دڵم کوژاوە چرایە
شاری جزیرێ ئاوەدان دەبێ شاری یەمەنم بێ کوڕی ئاغایە
کاکەمەم دەڵێ:
چ بکەم، ڕۆژم لێ وەرگەڕاوە
خەڵقی یەمەنێ سەید و مەلای تەواوە
سەفەرم لەبەرە دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا
خەڵقی یەمەنێ، سەید و مەلا دەڵێن: کوێرین
هەرۆ، برۆ، بە خولاَت بە زامن دەدەین بە پێغەمبەرت دەسپێرین
جا کێ بوو لە بەنگینی گوڵباوە
جارێ ڕاکێشا دەنگی قۆشەنی داوە
قۆشەنیان بار دەکرد، ئالاَ هەڵدراوە
بەجوملەی سەعاتێکی تەدارەک دەگیرێ
ئالاَیان هەڵگرت پشتی خۆیان دە یەمەنێ کرد، ڕوویان کرد دە شاری وێرانە جزیرێ
جا خەبەرێکیان لە براهیم پادشای یەمەنێ گێڕاوە
ئاورێک لە یەمەنێ بەربووە بەهیچ کەسێ نەدەکوژاوە
براهیم پادشا دەنێرێتە بورجی بەڵەک، بزانێ کاکەمەم بۆ لەوێ نەماوە؟
براهیم پادشا دەڵێ:
خەڵقێکی نادانە!
بچن کاکەمەمم بۆ بێننە ئێرەکانە
وەکیل و وەزیر دەڵێن:
براهیم پادشا، لەخۆت فەقیرێ
ئەتوو نەتزانی، کاکەمەم لەشکری هەڵگرت، ڕۆی بۆ شاری جزیرێ؟
ئەگەر براهیم پادشا وا دەزانێ، دەست دەکا بە شین و گریانێ

دەڵێ: جا ئەمن بەبێ کوڕی چ بکەم لە یەمەنێ وێرانێ
براهیم پادشا دەڵێ:
وەکیل و وەزیری موحتەبەرن
دەغیلو بم وەرن گەنج و خەزێنەی بۆ کوڕی من بەرن
وەکیل و وەزیر لە وێندەرێ ڕاوەستاوە
دەڵێن: قوربانت بم براهیم پادشای تەواوە
کاکەمەم پیاوێکی ئاقڵە موخاریجی خۆی هەموو لەوێ داناوە
براهیم پادشا دەڵێ:
چ بکەم ئاورم گرت، دڵم ناسرەوێ
ڕۆڵە! شاری یەمەنت بە قوربان دەکەم، مەرگی من ڕەپێشت کەوێ
جا ئەو کێ دەبوو لە کاکەمەمی نادری،
هەتا ئێوارێ دەیئاژوا، ئێوارێ مەنزڵی دەگری
دەڵێ: بەنگینە! دەبێ بچی بۆم دە قۆشەن و تیپ و سوپایە بفکری
ئینجا وەرەوە، دەبێ تەدارەکی شامم بۆ بگری
ئەوێ شەوێ مەنزڵیان لەوێ تەواوە
سەرکردێک بەخۆی و بە هەزار کەسی گەڕاوە
کە سبحەینێ بەیانی داوە
شەیپووریان کێشا، ئاڵا هەڵکراوە
جا لەوێیان بارکرد بۆ شاری جزیریان ئاژواوە
هەتا ئێوارە بەسەر داهات مەنزڵیان تەواوە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینەی، بەڵەک چاوە!
دە قوشەنێ بگەڕێ بزانە کێهە ئاجزیی(*) کێشاوە
(*) ئاجز، (عاجز)ە.
بەنگینە دە قۆشەنێ گەڕا، خەبەری بۆ میر مەمی هێناوە،

دەڵێ: ئاغا گیان! کەس ئاجز نییە، هیچکەس نارەحەتی نەکێشاوە
ئەمما ئەو شەو سەرکردێک بەخۆی و هەزار کەسی گەڕاوەتەوە بەدواوە
میرمەم دەڵێ:
بەنگینەی نەوجوانە!
بەڕەحمەتی خولای شوکرانە
هەڵبەتە براهیم پادشای بابم دەگەڵم غەیانە
بەنگینێ بۆ وا دەرفکری؟
ئاغایێ خۆت دەبەر هەردووک چاوان بمری
ئەوشەو سووک تەدارەکی بۆ ئەو شەو بگری
بەخولایێ ناگەڕێمەوە، مەگەر کاکەمەم بمری
ئەوێ شەوێ ویستراحەت کرا تەواوە
سبحەینێ کە بەیانی داوە
جاڕیان ڕاکێشا، بەیداغ ڕاکێشاوە
بۆ شاری جزیرێ دەڕۆن، یەمەن بەجێ ماوە
هەتا ئێوارێ ئاژواوە
دیسان مەنزڵیان گرت، قۆشەن هەڵی داوە
میرمەم دەڵێ:
بەنگینێ دە قۆشەنێ بگەڕێ، بزانە قۆشەنێکی تەواوە
بەنگینە فرمێسکی چاوانی دەهاتە خوارێ، دەتگوت: بەحر و ئاوە
میرمەم دەڵێ:
بەنگینێ! چ بووە، چ قەوماوە؟
ئەگەر دڵت بە دایک و بابتەوە هەیە، ئەتۆش بگەڕێوە دواوە
بەنگینە دەڵێ:
لە خۆم غەریب و خانەوێرانێ
بە زاتی خولایێ، بە حەققی پێغەمبەری ئاخری زەمانێ

دەستت لێ هەڵناگرم، هەتا میوانی خولام دێنەسەرێ بۆ گیان کێشانێ
جا کێ بوو لە کاکە بەنگینی گوڵباوە
دەگەڵ میرمەمی ڕۆیشتن دڵخۆشی یەکتریان داوە
هەتا سبحەینێ ڕۆژ لە مەشریقێ سەری دەرهێناوە
جا ئالای ڕاکێشاوە
قۆشەن پێی ڕاهێناوە
سەبرکە سەبرکە لەبۆ شاری جزیرێیان ئاژواوە
دە محەلی نوێژی نیوەڕۆیە خەبەر بە میر مەمی دراوە
«سەلامەت بێ ئاغایێ بەڵەک چاوە
ئەتوو دەزانی، سێ سەرکردە بەخۆی و بەقۆشەنی نەماوە؟
کاکەمەم دەڵێ:
چ بکەم بە ڕەزای خولای شوکرانە
ئەمن چ بکەم بابی خۆم دەگەڵ غەیانە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە! لە خۆم بێ سەلایە
چاک نییە مەخلووقی ئازار بدەین، پێی خۆش نییە ئەو خولایە
وەرە، بۆ خاتری من ببە سەرکردە؛ ئەو لەشکرەم بۆ بەرەوە دوایە
بەنگینە دەڵێ:
میرمەم لە من وایە، لەکن ئەتوو زۆر موحتەبەرم
ئەمن نەهاتووم ماڵی وەرگرم، گەنج و خەزێنێی بەرم
ئاغا بە قوربانت بم، لە غەریبەکانی دە قەڵەندەرم
هەتا ئەمن دەمرم، بۆ ئەسپی بۆرە مەیتەرم
میرمەم دەڵێ:
بەنگین! چ بکەم؛ لە خۆم بێ کەماڵ و نادانێ
بۆخۆم بە قوربانت بم دەسەرت دەگێڕم یەمەنێ وێرانێ

چاوی خۆمت بە قوربان دەکەم دەگەڵ سەرتاپای ئیمانێ

وەرە، بۆ خاتری من ئەو لەشکرەی بەرەوە یەمەنێ، دەگەڵ ئەو مەخلووقەیێ ناکەم گوزەرانێ

دەشقەمێ خولاّ و پێغەمبەر بە غەریبی و بێ کەسی من بزانێ

ئینشەڵڵا سەفەرم لەبەرە، ناگەڕێمەوە، هەتا دەچمە جزیرێ وێرانێ

ئینجا بابم دەڵێ: ئەمن تاقە کوڕێکم بوو نێوی میرمەم بوو، ساحبی بورجی بەڵەک کوانێ؟

ئینجا دایکم دەڵێ: ڕۆڵە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بە بەر و پشتان هەڵم گرتی، ئەدی تاقە کوڕەکەم کوانێ؟

ئینجا بەنگینە دەڵێ:

میرمەم؛ ئەمە هەردووکمان بێ فکرین

ئەو ئێوارە داهات، بلاّ مەنزڵێکی بۆ خۆمان بگرین

خەڵق چاوی لەمەیە، چونگە گەورە و سەرکردەی لەشکرین

ئەگەر ئەو قسەیان لەوێ دوو بە دوو دەکرد تەواوە

دەنگی لەشکریان دەدا بەیداغیان دە عەرزێ دەداوە

میر مەم دەڵێ:

بەنگین بگەڕێ، بزانە کێهەی بێ خەرجە، کێهەی خەرجی پێ ماوە

بەنگین دەڵێ:

میرمەم ئەتوو دەگەڵ من وەرە پای حیسابێ

هەتا سەری براهیم پادشای خۆش بێ، قۆشەن خەرجی کەم نابێ

میرمەم دەڵێ:

توخولاّ بەنگینە، بەو قسەت کردم سەرەوێرانە

ڕێگام دوورە، ڕێیەکی گەورە و گرانە

قۆشەنی بابم زۆرە، بلاّ بێ متمانە

بابم وەدەکا نەچمە جزیرێ، بگەڕێمەوە لێرەکانە

بەنگین دەڵێ:

میرمەم چەند دەکەم تەگبیری توو، بە من ناکرێ.

بە خولا، قسەیە پیاو دەگرێوی بنێ نابێ دەست هەڵگرێ

دەنا خولاوەندی، میری مەزن غەزەبی لێ دەگرێ

میرمەم دەڵێ:

بەنگین، ئەتوو وا ناکەی لە دڵم ببێ سەفایە

ئەمن دەس لە یایەزینێ هەڵناگرم لە بۆ دنیایە

ئەگەر سەرم، بە خولای چووبێ دەس هەڵناگرم بۆ دنیایە

بەنگین دەڵێ:

«میرمەم! ئێستا یایەزین چاوەنۆڕی تۆیە، لە هەموو کەسی دەکا حاشایە

میرمەم دەڵێ:

بەنگین چیدیم تیر لێ مەدە، مەمخە فکرێ

دەس لە یایەزین هەڵناگرم، هەتا حەقق و ناحەقم لە بارەگای خولای دەکرێ

جاری بلا ویستراحەتێ بکەین هەتا لەشکر و قۆشەنەکەن دادەمەزرێ

کێ دەبوو لە بەنگینێ گوڵباوە

دەڵێ: سبحەی ئەو مەسڵەحەتەی دەکەین تەواوە

هێشتا بۆ شاری جزیرێ خوا دەزانێ، چەند مەنزڵمان ماوە

جا سبحەینێ شەیپووریان کێشا، ئالایان ڕاکێشاوە

ئەوێ شەوێ چوار سەرکردان، هەر سەرکردەی بە هەزار کەسەوە لێی گەڕانەوە بە دواوە

میرمەم دەڵێ:

بەنگینێ! چ بکەم، هیچ قاقەز و قەڵەم و مۆری مامۆستام لەکن نەماوە

بەنگین چ بکەم لە حەسرەتی یایەزینێ هەموو دەرسیشم لێ گۆڕاوە

بەنگین دەڵێ:

جارێ لێ گەڕە، جارێ لەشکر و قۆشەنمان لەو چۆڵەی لێ بوو بلاوە

کاکە مەم دەڵێ:
«لە خۆت دڵخەمگین و فەقیرێ
هیچ بلا لەشکری براهیم پادشام دەگەڵ نەبێ، بۆ من ناکەن ڕا و تەگبیرێ
بەخولای، هیچ تەنەفیسم دەگەڵ نەبێ ناگەڕێمەوە، هەتا دەچمە شاری جزیرێ
بەنگین دەڵێ:
بۆ من هەر خزمەت و تەدارەک بێ
سەفەری لەبەر ئەتۆیە ڕەببی لێت موبارەک بێ
بۆچ بە دڵپڕی دەڵێی: جگەرم سووتاوە
سەفەرێکی دوور و درێژە، گەرم کۆڵاوە
بە حەققی خولای بێ شەریک، تا ڕۆحم دەبەر بەدەنێدا مەیتەرم، ناگەڕێمەوە بە دواوە!
میرمەم دەڵێ:
بەنگینە چ بکەم چارەم چییە؟
بە خولای دەزانم سەفەری جزیرێم بە یەکجارەکییە
بەنگینە دەڵێ:
چ بکەم دەستت بێدەسەڵاتە، چارەت نایە
چونکە سوێندیان داوی بە قورعانێ و کەلامولڵایە
بڕۆ غەلەل لە دڵت پەیدا نەبێ، هەموو کەس هومێدی هەر خولایە
ئەوێ ڕۆژێ دوو بە دوو دەیان ئاژوا هەتا مەحەلی ڕۆژاوایە، جا قۆشەن نەگەییە ئاوەدانیان، کەوت لە چۆڵ و لە سەحرایە، ئەوێ شەوێ سێ سەرکردە، سەرکردەی بە هەزار کەسەوە لێی گەڕانەوە بە دوایە
سبحەینێ کە لە خەوێ هەڵستان، هیچ کەس نەماوە
ئینجا بەنگینە هات، لە پشت سەری میرمەمی ڕۆنیشت، گەلێک گەلێک گریاوە
ئەگەر میرمەم چاوی هەڵدێناوە، تەماشا دەکا بەنگینە دەگریێ
فرمێسکی چاوانی دەتگوت: بەحرە، ڕووبارە، ئاوە

میر مەم دەڵێ:
بەنگین بۆچی دەگری چت لێ قەوماوە؟
بەنگین دەڵێ:
ئەی میرمەمی بەڵەک چاوە!
ئەو لەشکری بابی مەی بۆ مەی دروسکردووە، قەد کەرسوارێکمان لەکن نەماوە
کاکە مەم بانگ دێڵێ:
بەنگینێ موحتەبەرە!
ئەسپی بۆرە بۆم بێنە، سەری بگرە بە دووسەرە
دەبێ ئەتووش حوکمە بگەڕێیەوە؛ بۆخۆم دەچمە شاری جزیرێ ئەو سەفەرە
بەنگینە دەڵێ:
چ بکەم کوێرم بوون هەرتک چاوە
ئەمن هەر لەوێم عەرزی تۆ کرد، لەشکرێکی ناتەواوە
ئێستا ئەگەر سەرم لە پاشڕا ببڕی ناگەڕێمەوە بەدواوە».
میرمەم ڕقی هەڵستا بەو گۆچانی زێڕین لەسەر و بناگوێی بەنگینێی داوە
دەڵێ: بەتەنێ دەڕۆم، دەبێ هەر بگەڕێیەوە بە دواوە
ئینجا بەنگین دەڵێ:
بە خوڵایێ! بە لێدانی توو ئەمن لە نۆکەری ناکەوم
هەتا دەچمە شاری جزیرێ بەسەری ڕووت، بەپێی پێخاوس وەدووت دەکەوم
ئینجا میرمەم دەڵێ:
نۆکەرەکەی دانا، بەجێ ماین لە سەحرایە
وەرە لە نۆکەری و ئاغایەتی بکەین حاشایە
وەرە پێکەوە ببینە برای دایکی و بابی هەتا لێمان خرا دەبێ ئەو دنیایە
ئینجا پێکەوە مەم و بەنگین دەگرنەوە قەرارێ
ئەو جووتە سوارەکەی غەریب لە یەمەنێڕا دەهاتنە خوارێ
ڕێی جزیرێ نازانن، هیچ کەسێک نییە لێی بکەن پرسیارێ

له سبحەینێیان داژوا هەتا محەلی ئێوارێ
دەگەینە مەنزلێ، ئینجا لەوێ دەگرین قەرارێ
ئەوێ شەوێ دوو بە دوو دەکەن تەگبیر و ڕایە:
هیچ دایک و بابمان نییە، هیچ کەسن نایە دە هانایە،
بە خولای، ئەمە ڕدێن سپیمان نییە هومێدمان هەر خولایە، حەزرەتی ڕەسوڵڵایە
ئینجا ئەگەر سبحەینێ سوار دەبن ئەو جووتە سوارە
وەدەر دەکەوتن ڕێی شاری جزیرێیان دەکرد پرسیارە
ئینجا دەڕۆینە خوارێ، هاواریان دەکرد: یا جەبباره!
ئەوێ ڕۆژێ دەڕۆیین ئەو جووتە سوارەکەی غەریب، حاشایان دەکرد لە دنیایە:
خولایە! لە دووی مەخسوود و مرادان دەچین کێن دێ دە هانایە؟
هیچ کەسی دیکەمان نییە بەغەیرەز خولا و غەوسی بەغدایە
ئەوێ شەوێ نەگەینە چ ئاوەدانیان، بەجێ مان لە چۆڵ و سەحرایە
قنیاتیان دەکرد هیچ کەس نەبوو دوو قسەیان دەگەڵ بکا لە بۆ سەفایە
ئینجا ئەوان شوکرانەیان دەبژارد، سەلاواتیان دەدا لە حەزرەتی ڕەسوڵڵایە
ئەوێ شەوێ ئەوان دەنووستن دە هیمدادیان دەهات غەوسەلئەعزەم لە بەغدایە
ئەگەر ئەوێ شەوێ سبحەینێ وەخەبەر هاتن، پیاوێکی ڕیش سفید یان لەکن بوو لە بۆ سەفای دنیایە
لێیان پرسی:
بۆ کوێ دەچی، لە کوێ دێی، بەڵەدیت هەیە بە شاری جزیرێ، لە کوێیە ڕێگایە؟
پیاوی ڕدێن سپی دەڵێ:
ئەنگۆ میوانن، بەخێربێن، سەر چاوەکانم
بە خولای! بۆخۆم بەڵەدم، بە شاری جزیرێ دەزانم
ئینجا ئەگەر سبحەینێ وەدەرکەوتن ئەو جووتە سوارە
وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتێ دەیکردن قوتارە
بۆ شاری جزیرێ دەچوونە خوارە

ئەو کێ بوو لە مەم و بەنگینی نەوجوانە
عەرزیان بۆ وێک دەهات بە ڕەزای بینای چاوانە
هەتا دەگەینە جووتێری یایەزینێ لەوێ دەبوون میوانە
ئینجا ئەو سوارە بانگ دێڵن:
ئەی جووتێر، ئەوە جووتی کوێیە؟
جوتێر دەڵێ: ئەی جووتە سوار، ئەوە جووتی شاری جزیرێیە
ئەنگۆ لە من بپرسن: ئەوە جووتی کێیە؟
ئەگەر نازانن ئەوە پیاوی یایەزینێیە
ئای بەخێرێن، سواری غەریب هاتنە ئێرەکانە
وەرن پیاو بن، لەکن من بخۆن پاروێک نانە
دا من مزگێنی بەرم بۆ یایەزینێ نەوجوانە
تەسەدوقی سەری ئەنگۆ دەیکا بە خەڵات بەخشانە
ئینجا مەم و بەنگین دەڵێن:
یا ڕەببی خولایە هەزار بار شوکرانە!
کێ بوو لە مەم و بەنگینی بەڵەک چاوە
لە سەرینچاوەی کانیە بوون پیاوە
کێ بوو لە جووتێری جندییە
جووتی بەرەڵدا کرد، بۆ یایەزینێ بردی مزگێنییە
کێ بوو لە کوڕی جووتێری نەوجوانە
هەر ڕای دەکرد بۆ مەم و بەنگینان دەهێنا نانە
ئەوان نانەکەیان دەخوارد، دەیانبژارد شوکرانە
ئینجا بۆ جووتێریان دەکرد بە خەڵات بەخشانە
کێ بوو لە مەم و بەنگینی چاوبەنگییە
دوو دوو دەچوونە سەرینچاوەی کانیە
ئەلحەمەدولیللا ئەو کانیە کانی گەنجیە!

کێ بوو؟ لە مەم و بەنگینی نازدارە
هاواریان دەکرد: ئەی خولای جەببارە!
ئەوە داغیل بە شاری جزیرێ بووین؛ خولا بێ ئەزێت بمانکەی ڕزگارە
کێ بوو لە میرمەمی نازەنینە، دەستی دەدا جامی، لە سەرینچاوەی کانیەڕا پڕ پڕی دەهانیە
وەسەر بەنگینێی دەگێڕا؛ بەنگینێی کرد نەخشینە
کێ بوو لە بەنگینی تەواوە
ماشاڵڵا دەڵێی گوڵی بەهارێیە تاو لێی داوە
لەو ئاغا و نۆکەرەی موحتەبەرە
ماشاڵڵا یەکیان دەڵێی شەمسە، یەکیان دەڵێی قەمبەرە
ئینجا لەسەر ڕازی کانیە دادەنیشتن ئەوبەر ئەوبەرە
هەتا لە خزمەت یایەزینێ دێتەوە جواب و خەبەرە
جووتێر دەچوو بە هاوار، بە لینگدان دەگەڕاوە
موژدەی لە بۆ مەم و بەنگینان هێناوە
چەند دەستیان دە گیرفانی خۆیان نا، چەندیان زێڕ بەو جووتێرەی داوە
کاکەمەم دەڵێ:
جووتێر ئەمە لە کوێ ببین پیاوە؟
جووتێر دەڵێ:
ئەزو ببم بە قوربانە،
قاسیدو لەسەر ڕێیەیە دەگەڵو بیکا قسانە
لەوێ ڕۆدەنیشتن شان بەشانە
چوار ڕەکەعەتیان نوێژ دەکرد، دەپاڕانەوە لە بینای چاوانە:
خولایە! ئەمە غەریبین لەوانی دە بێگانە
کێ دەبێ بەخانەخوێمان، لێی ببین میوانە؟
یاڕەببی خولایە! مەخسوودمان عاسڵ ببێ، سەرمان خەلاس ببێ لێرەکانە!

کێ بوو لە جووتە لاوەکەی نازدارە
پێیان دە ڕکێفی خۆیان دەنا دەبوون سوارە
ئەی بینای چاوان! جا بۆ شاری جزیرێ دەچووینە خوارە
ئەوە دەهاتنە خوارێ جووتە سوارەکەی فەقیرێ
دەهاتن و دەگەیشتنەوە سەر چۆمەکەی کاولە جزیرێ
ئەگەر زەینێکی خۆیان بەرەژوور داوە
تەماشا دەکەن هەموو گازرکارە ڕاوەستاوە
ئینجا میرمەم دەڵێ:
بەنگینەی بەڵەک چاوە!
هۆوەی دیوتە لەوێ ڕاوەستاوە
ئەوە یایەزینە ئەگەر ئەمنی بۆ ئێرەکە هێناوە
کاکە بەنگین دەڵێ:
کاکەمەم! وانییە
ئەوە هەڵبەتە قەرەواشی بەردەستی وییە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە چ دەڵێی قسەیەکی لێ بزانم؟
کاکەمەم دەڵێ:
ئەی گازرکارێ، گازری دەکەی بە دەستانە
ئەمە غەریبین لەوانی بێگانە،
بە قسەی توو لە یەمەنێڕا هاتینە جزیرێ بۆتانە
مەلەکڕیحان دەڵێ:
ئەی جووتە سوارەکەی دوور مەکانە
هەر لەوێڕا بەخێرێن؛ پێڵاوو سەرچاوی من هەتا ئێرەکانە
ئەو یایەزینی ئەنگۆی هێناوە، چل قەرەواشی وەکوو من ئەوا لەبەر دەستانە
کاکەمەم دەڵێ:

ئای لەبەر ژنان؛ ئەوە لێم دەکا حاشایە
چ دەڵێی لە ترسی خولاَی لەبەر کەلامولڵلایە
یەمەنت تەخت و تاراج بە من بەجێ هێشت، ئێستا لێم دەکەی حاشایە؟
مەلەکرێحان دەڵێ:
جووتە سوارەکەی غەریب، گیانە گیانە!
ئەمن قەت یەمەنم نەدیوە بە خولای بێ شەریک و لایەزانە
ئەو خاتوونی ئەنگۆی هێنا ئێرەکانە
لە خولاَی بترسێن، بە من بکەن متمانە
«چل قەرەواشی وەکوو من دایمولودام لەبەردەستانە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینێ چاوبەنگیە!
ئەوە حاشایە دەکا، جیهەتی چییە؟
بەنگینە دەڵێ:
ئەوە حاشایە ناکا، بە خولاَی ئەو نییە
ئەو کراسی هێنابوویە یەمەنێ
ئەوە دەبەر وی دایە، ئەوە خەلاَتی وییە
ئەو کولێجەی دە قۆلی ئەویدا، ئەوەی یایەزینێیە بەوهەی داوە بە یەکجارەکیە
بەنگینە دەڵێ:
ئەوی سوێند دەگەڵ ئەتوو خوارد، ئاغایە من، بە سەری توو، ئەوە هەو نییە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە، چونکە تووشی ئەوەی بووین، بلاَ لێی بپرسین، بزانین لە ماڵە کێ ببین میوانە.
کاکەمەم بانگ دێڵێ:
خاتوونێ! خاتوونێ گیانە!
کێ سەغی و لۆتییە، ئەمە بچین لێی ببین میوانە؟

خاتوونێ بەشقی خولای، غەریبین دەگەڵمان مەبە غەیانە
مەلەک ڕیحان دەڵێ:
لە من مل بەکوێن و بابان وێرانێ!
هەر کەسێک دەگەڵو غەیان بێ، ڕەببی کوێر ببێ لە چاوان، زەبوون بێ لە ئیمانێ
لاوە هەر کەسێک دەگەڵو غەیان بێ، خولا لێی بکا بە کفری
لاوە ئەگەر بۆ مەخسوود و مرادان هاتوون، قسەی ساغ لە من وەرگری
لاوە پێناوداری توو بم! مەچۆ ماڵە کەس، بچۆ مەنزڵی کابەکری
ئەوە پیاوێکی سەغی و پیاوچاکە قەدری میوان چاک دەگری
لاوە ئازیزم. گەلێک لاوێکی بێ نسرینی
هەر کەسێک دەگەڵت غەیان بێ کوێر ببێ لە چاوان، زەبوون بێ لە دینی
ئەگەر بۆ نان پەیداکردن هاتووی – وەباڵت بەستۆی من – بچۆ ماڵە میرزێندینی.
لاوە گەلێک لاوێکی شیرینی
هەر کەسێک دەگەڵت غەیان بێ، یارەببی، خێرێ لە جوانی خۆی نەبینی
ئەگەر بۆ پیاوەتی هاتووی – وەباڵت بەستۆم– بچۆ ماڵە قەرەتاژدینی
کاکەمەم دەڵێ: کەس ناتوانێ دارت بە سەر بارێ ڕاکا قسەی خراپت پێ بنوێنی
بەنگینە ئەتوو پیاوێکی زۆرزانی
ئەمن پادشایەتی یەمەنێم بەجێ هێشتووە، تازە بچم نۆکەری خەڵقی بکەم بۆ نانی
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە، گەلێک بەنگینێکی نادری
میرمەم لە شاری یەمەنێرا نەهاتووە بچێ فینجانێ قاوەی بە سەدەقەسەری وەرگری
ئەمن بۆ مەخسوود و مرادان هاتووم چاک وەیە، بچمە ماڵە کابەکری.
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگین، گیانە! وەی گیان گیانە!
ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان ئەمن هاتوومە ئێرەکانە

شاری یەمەنێم بەجێ هێشتووە، چەند شارێکی گەورە و گرانە
ناچمە ماڵە قەرەتاژدینی، بە سەدەقە سەری بمدەنێ پاروو پارووی نانە
دڵت غایلەی نەکا، مەڵێ مەسڵەحەتی ژنانە
هەر دەچم لە ماڵە کابەکری دەبم میوانە
ئینجا یایەزین هاوارێ دەکاتە خولای:
خولایە! ئەتوو خولایەکی بەفکری
هەم کەریم و هەم قادری
ئەو جـووتە سـوارەکـەی لە یەمـەنێـڕا هاتوون ڕێـی دوازدە مـانـگ و بیـست و چوار ڕۆژان وەبەر خۆی دەگری
ڕەببی بە ڕەببینی خۆت کەی بچنە ماڵە قەرەتاژدینی نەچنە ماڵە کابەکری
یایەزین دەڵێ:
هاوارم وەبەر ئەو خولایە!
ئەگەر بێ شەریکە تاق و تەنهایە
بۆخۆی لایەزانە
ئەو جووتە سوارەکەی بە قسەی من مل بەکوێنێ، هاتوونە ئێرەکانە،
ڕەببی لە ماڵە میری، کاکی من نەبن میوانە
ئەی خولایە! ئەتوو بێ شەریکی چەند بێ نسرینی
ئەو جووتە سوارەکەی هاتوون بە قسەی من مل بە کوێنی
پادشایەتی شاری یەمەنێ لێیان بەجێ دەمێنی
یاخـولا! نەچنە مـاڵە کـابەکری؛ بچنە مـاڵە خـوشکی خـۆم. قـەرەتاژدین پیـاوێکی ڕەشیدە، سەخیە، نان بدەیە. ئەو زۆر چاکیان بەخێردێنێ
کێ بوو لە کاکەمەم و بەنگینی موحتەبەرە
خەڵقی جزیرێیان لێ ڕاوەستابوو ئەوبەر ئەوبەرە
کێ بوو لە کاکەمەم و بەنگینی گوڵباوە
بەهەرتک دەستانیان لە عالەمێ دەکرد سەلاوە

جزیری ئەوبەر ئەوبەر جوابیان دەداوە
ئینجا مەلەکرِیحان خێڵەکی بە سەر خۆی کێشاوە
لە دوای مەم و بەنگینان دەهات بە هەڵەداوە
مەم و بەنگین ئەسپی خۆیان ئاژواوە
کێ بوو لە مەم و بەنگینی نادری
لە هیچ کوێ ڕانەوەستان هەتا گەینە دەرکی کابەکری
خەڵقی جزیرێ ئەوبەر ئەوبەر دەوان دەفکری
هیچ کەسێک نییە لە دەرکی کابەکری
ئەگەر بێ جڵەوی ئەو جووتە سوارەی بگری
کێ بوو لە کاکەمەمی گوڵباوە
بانگی دەکرد: بەنگینەی بەڵەک چاوە!
تەخسیری من نییە، تەگبیری هەردووکیانی لێ کراوە
پیاوی غەریب وەک بازی چاو بەستراوە
گەلێک کەس بە قسەی ژنان تێ شکاوە
لەکنم ماڵە بەکرئاغای چ میوانی ڕانەگرتووە نانی بە کەس نەداوە
کاکەمەم دەڵێ:
بەنگینە بەنگینێکی شیرینی!
مەسڵەحەت ئەوەیە بچینە ماڵە قارەتاژدینی
ئەو پیاوێکی لۆتییە، لەسەر نانی دانامێنی.
کێ بوو لە میرمەمی نازدارە،
دەیگوت: ئەهلی جزیری، کەیخودا ، ڕدێندارە
کووچەی ماڵە قەرەتاژدینی کیهەیە، بۆ ماڵە وی بچینە خوارە؟
کێ بوو لە پیاوی تەواوە
هەموو پاشەوپاش دەکشاوە بە دواوە
ماڵە قەرەتاژدینی بە مەم و بەنگینیان نیشانداوە

کێ بوو لە خەڵقی ساحبی ئیمانە
موژدەیان دەبرد بۆ خاتوون ئەستی نەوجوانە:
جووتێک سواری غەریب و نەوجوان ئەوە هاتن بۆ ئێرەکانە.
خاتوون ئەستی ئەگەر وا دەزانێ
بۆخۆی هەڵدەستا لە دیوانێ:
بڵان، بەخێریان بێنم ئەو میوانانە.
خاتوون ئەستی دەکا هەرایە:
«دەبڵا بێن جحێڵ و مەلا و سەید و کەیخودایە
یەک بەیەک هەمووی دەناردنە ڕێگایە
کێ بوو لە خاتوون ئەستی چاو شەهێنە
دەینارد قەرەواش و سەرسپی دەهێنا
شووشەی گوڵاویان دەگرت، وەتاغ و باڵەخانەیان پێ دەکرد ئاوپڕژێنە.
کێ بوو لە خاتوون ئەستی گەرم کۆڵاوە،
دەینارد قوربانی دەهێناوە،
گاوگەردوونی لەپێش مەم و بەنگینان کراوە.
کە مەم و بەنگین گەینە کۆڵانێ
جحێڵ بەپیریانەوە چوون؛ دەستیان کرد بە خەڵات بەخشانێ
لەوێ ڕەدبوون بە سەفایە
لە سەر ڕێیە هەبوون ڕیش سپی و کەیخودایە
کە لەوێ ڕەدبوون لێ ڕاوەستا بوون سەید و مەلایە
کێ بوو لە میرمەمی بەڵەک چاوە
سەلامی لەوان دەکرد لە نێویان بوو پیاوە
ئینجا بەنگینە گەلێک نادری
چەک و ئەسپابان لە میرمەمی وەردەگری.
کاکەمەم لەوێ ڕاوەستا؛ بەنگینە لە بۆ مەحرەمێ ڕادەبری

خاتوون ئەستی ئەگەر دەیزانی ئەو گوفتارە،
لە پەنجەرانڕا دێتە خوارە.
خاتوون ئەستی دەڵێ:
«براڵە، گیانە!
بۆ تەشریفت وا درەنگ هاتە ئێرەکانە؟
وەرە، ڕۆنیشە؛ پێکەوە بکەین دوو قسانە».
بەنگینە دەڵێ:
خاتوونێ، بەڵەک چاوە!
ئەمن ناتوانم ڕۆنیشم؛ ئاغام لە دەرێ ڕاوەستاوە.
ئینجا خاتوون ئەستی ناردیە کن سەید و مەلای موختاری:
کاکەمەم بۆ مەرەخەس بکەن بەیەکجاری.
کە قاسید هاتووە لەولاوە،
عەرزی سەید و مەلایان کراوە،
کاکەمەمیان مەرەخەس کرد، دەیگوت: دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا.
کاکەمەم کە مەرەخەس کرا هەموو کەس دەزانێ
ڕووی لە حەرەمی قەرەتاژدینی کرد، خاتوون ئەستی پێ دەزانێ.
خاتوون ئەستی بەپیریەوە هات، دەستی دەستۆی کرد دەڵێ:
براڵە بۆچ وا درەنگ هاتیە جزیرێ وێرانێ؟
دنیای ڕوونم لێ تاریکبوو، لە سوێ توو لێم بڕا ڕێی گوزەرانێ،
براڵە! هەڵستە بچینە وەتاغێ باڵەخانێ.
کێ بوو لە میرمەمی موحتەبەرە
لە پلیکانان دەکەوتە سەرە
پەنجەرەیان بۆ دەکردنەوە ئەوبەر ئەوبەرە،
دەگەڵ خاتوون ئەستی ڕۆدەنیشتن، خوشک و برای دە موحتەبەرە
بەنگینە دە پێش ئەوان ڕاوەستا بوو دەستەونەزەرە

کێ بوو لە خاتوون ئەستی بەڵەک چاوە
دەگەڵ میرمەمی گوفتاریان بۆ یەکدری گێڕاوە
بەنگینە بۆ ڕۆنیشتنێ مەرەخەست کراوە
مەم و بەنگین و خاتوون ئەستی ڕۆنیشتن شان بەشانێ
خاتوون ئەستی دەڵێ:
میوانی منە کوڕی پادشای ئێرانێ.
خاتوون ئەستی دەڵێ:
لە خۆم مل بەکوێن و بێ وەتەنێ
چ بکەم میوانی منە تاقە کوڕەی براهیم پادشای یەمەنێ.
خاتوون ئەستی دەڵێ:
چ بکەم! لەمن بابان وێرانێ،
قەرەتاژدین لە دیوانی میرزێندینیە بە هاتنی ئەو میوانانە نازانێ.
خاتوون ئەستی دەڵێ:
کوێخا دەرک! وەرە بەر پەنجەرە و باڵەخانێ؛
بە ئەمینی بچۆ خەبەرێکی بە قەرەتاژدینی بدە، بلا کاکم نەزانێ.
کێ بوو لە کوێخادەرکی بەڵەک چاوە،
دەگەییە دەرکی دیوانی میری، پەردەی هەڵداوە،
کەوشی هەڵگرت و بەقەرەتاژدینی نیشانداوە.
میرزێندین ئاوڕی دەداوە.
میرزێندین دەڵێ:
«کوێخادەرک بۆچی لە دووی قەرەتاژدینی هاتووی، بۆ نەهارێ چ دروسکراوە؟»
کوێخادەرک دەڵێ:
«میر بتبم بە قوربانە!
هەرچی ئەتوو بخۆی هەیە، ئەمما تازە هاتوون دوو میوانە».
کە قەرەتاژدین لە دیوانێ هەڵستاوە،

له پلەکانان دەهاتە خوارێ ئاورێکی وە کوێخادەرکی دەداوە،
دەیگوت: «چ خەبەرە، چی قەوماوە؟»
دەیگوت: «ئەلحەمدوللا هیچ نییە؛
«دوو میوانمان هاتوون لە نێوەڕاستی شارییە،
زۆر میوانی دە نەجیبن، خاتوون ئەستی لە دووی تووی ناردووە بە تەعجیلییە».
قەرەتاژدین دەڵێ:
«ئەمن بۆخۆم غەوواسم،
ئەو میوانانە بەخێرێن، زۆر چاکیان دەناسم».
کێ بوو لە قەرەتاژدینی گەرم کۆڵاوە
ئەگەر گەییە دەرکی خۆی لە هیچ کوێ ڕانەوەستاوە
هەتتا لە پلیکانان دەکەوتە سەرە، پەردەی هەڵدەگرن، لە هیچ کوێ ڕانەوەستاوە
هەتتا دەچوو، لە میر مەمی دەکرد سەلام و سەڵاوە.
دەیگوت: «عەلەیکومئەسەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی سەر چاوی من شۆڕە لاوە».
کێ بوو لە مەلەکڕیحانی بەڵەک چاوە
چارشێوی بە سەر خۆی هەڵکێشاوە
بە کووچەیدا دەهات بەهەنگاوە
ئەگەر گەییە دەرکی کابەکری، ئەگەر تەماشای کرد ئەو میوانەکەی هاتبوو لە دەرکی ماڵە بابی نەماوە.
مەلەکڕیحان دەڵێ:
«لە خۆم سەر بەتاڵ و بابان وێرانێ!
دیت چلۆن لە دەرکی ماڵە بابم بڕا ڕێی گوزەرانێ؟»
مەلەکڕیحان دەڵێ:
«بابە ئەتوو گەلێک کافری!
ڕۆژێ هەشتا کەس جیرە و مواجبی لە ماڵە توو وەردەگری
خەبەر لە هەر چوار دەوڵەتان دەگەڕێ، دەڵێن: بەکرئاغا میوانان ڕاناگری».

بەکرئاغا! چ بکەم؟، ئەتوو بەکرئاغایەکی نادری؛
بەکرئاغا، ئەتوو بۆ من پەرژینی.
قەت بووە، میوان لە ماڵە توو جێی نەبێ، بچێتە ماڵە قەرەتاژدینی؟»
بەکرئاغا دەڵێ:
«بە حەققی ئەوەی ساحب سەفایە!
ئەوی ئەوانە بۆی هاتوون لە ڕووی دنیایە،
نایەڵم هیچ مەخسوود و مرادیان حاسڵ بێ؛ بە حەققی ئەو خولایە!».
مەلەکڕیحان دەڵێ:
هەیڕۆ، سەد جاران ڕۆ!
دیت چلۆن ماڵە بابەکەم لێ بوو نوغرۆ!
دژمن دەڵێن:
ماڵە بەکرئاغای لە بۆ میوانان نەیبوو کا و جۆ.
میرزێندین ناردیە کن قەرەتاژدینی: «کێ مواجبی لێ بڕیوە؟
کێ قسەی پێ گوتووە؟ بۆچی نایەتە دیوانێ؟» قەرەتاژدین دەڵێ:
«لە سایەی نێوچاوانی ویوە کەس ناتوانێ چ بەمن بڵێ؛ ئەمما چەند ساڵان بوو برایەکم بوو ڕۆیی بوو بە سایەی نێوچاوانی وی هاتۆتەوە؛ نێوی وی کاکەمەمە، جا لەبەر ئەوەی بە خزمەت ناگەم».
میر حوکمی لەوی کرد: «هەڵستێ؛ کاکەمەمی بێنێ و بێتە ئێرە».
گوتی: «قوربان! ئەوڕۆ مەرەخەس بفەرموو؛ سبحەینێ بە خزمەت میری دەگەم دەگەڵ کاکەمەمی».
کوڕی پادشایەکی دی بوو، نێوی (عرفۆ) بوو. ئەویش هاتبوو بۆ ماڵە قەرەتاژدینی؛ ئەویش بۆ یایەزینێ. کوڕی پادشایەکی دی بوو نێوی (چەکۆ) بوو. ئەویش هاتبوو بۆ ماڵە قەرەتاژدینی؛ ئەویش بۆ یایەزینێ. کاکە مەمیش کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ بوو. ئەویش هاتبوو ماڵە قەرەتاژدینی؛ ئەویش بۆ یایەزینێ. قەرەتاژدین نێوی بابی عرفۆ و چەکۆی نەدەزانی؛ ئەمما دەیزانی کاکەمەم کوڕی براهیم پادشای شاری یەمەنێیە. شاری جزیرێش هەر دەبەر حوکمی یەمەنێ دایە.

ئینجا ئەگەر سبحەینێ ڕۆژ بۆوە، قەرەتاژدین، عرفۆ، چەکۆ، کاکەمەم و بەنگین، هەر پێنجیان هەڵستان بۆ دیوانی میری چوون. بەکر قاسیدی لەسەر ڕێی ئەوان دانابوو. ئەگەر ئەوان چوون بۆ دیوانێ، بەکریش لە ماڵە خۆی هەڵستا هات؛ ئەویش گەییە دیوانی میری.

ئینجا دەڵێ لەو کوڕی پادشای تەواوە

گەییە دیوانی میری لێیان دەکرد سەلام و سەڵاوە

میرزێندین دەیگوت:

«عەلێکومئەسسەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی، سەر هەردووک چاوە!»

جێیان بە کاکەمەمی نیشانداوە.

عرفۆ دەپێشدا هاتبوو؛ برای گەورە بوو. چەکۆ لە دوای وی هات؛ برای نێونجی بوو. کاکەمەم لە دوای وان هاتبوو؛ برای چکۆڵە بوو. ئەگەر چوونە دیوانی میر زێندینی، میر حوکمی کرد ڕەسەر هەمووانی خست؛ بەرامبەر خۆی دانا. قەرەتاژدین لەپاش موخاریجی هەموو شەوی جومعان یەکی پەنجا تومەنی لە پشت سەری وان دادەنا؛ دەیگوت: «نەکوو خەرجییان پێ نەبێ ئابڕووم دەچێ. نان منەتی نییە بۆ من، نانی حیز عەیبە ئەمن باسی نانی بکەم». شەو و ڕۆژێکی لەوێ دانیشتن، میر مەرەخەستی نەکردن. خاتوون ئەستی هەڵی گرت، پیاوێکی نارد: «بە کاکم بڵێن، کاکەمەمی بۆ ئیزن نادا بێتەوە؟» میر فەرمووی: «مەرەخەستی دەکەم؛ بلا بۆ شامێ بێتەوە کن ئەمن. خوشکم بۆچی شتی بە قەرەتاژدینی دەدا، بە من نادا هیچ؟ ئەوە کاکەمەم مەرەخستم کرد، هاتەوە؛ بۆ شامێ دەبێ بێتەوە کن ئەمن». کاکە مەم هەڵستا ڕۆی؛ عرفۆ، چەکۆو قەرەتاژدین، هەموویان چوونەوە. میر ما دەگەڵ بەکرئاغای. گوتی: «بەکرئاغا، وەرە تەگبیرێ بکەین؛ کاکەمەم هێند نەجیمە هەرچەن دەکەم، شاری جزیرێ قابیلی نییە بیدەمێ». بەکر گوتی: «ئەوە کێیە شاری جزیرێ قابیلی نییە، ئەتوو بیدەییێ». میر فەرمووی: «بەخولا، نازانم کوڕی کێیە؛ ئەمما زۆر نەجیمە». بەکرئاغا گوتی: «قوربان! بەخۆت دەزانی؛ کەیفی خۆتە». میر فەرمووی: «هیچی دی شک نابم، مەگەر یایەزینێی بە کۆشک و تالارەوە بدەمێ». بەکرئاغا گوتی: «زۆر موبارەکە». نۆکەران مزگێنییان برد بۆ یایەزینێ: «ئەوشەو کاکت ئەتوو

پێشکێشی کاکەمەمی دەکا». یایەزین بەقەستی دەڵێ: «ئەو کاکەمەمە کوێندەرییە؟» یایەزین مزگێنیی پێ درا. ئەوێ شەوێ خۆشی وە دڵی یایەزینێ کەوت. ئەویش مزگێنی نارد بۆ خاتوون ئەستی: «ئەوا قسێکی وا پەیدابوو لە مەنزڵی کاکم». خاتوون ئەستی دەڵێ:

«ڕەببی خولایە، زۆر شوکرانە!

بە مەخسوود بگەن ئەو نەوجوانە».

ئینجا بەکرئاغا و میر دەکەن تەگبیرانە:

میر دەڵێ: «بەکرئاغا! بلا بیدەینێ ئەوشەو». گوتی: «قوربان! ئاغای من! ئەوشۆی مەدە. بچۆ ماڵێ، پرسێکی بکە، بە یایەزینێش بڵێ: خوشکێ، ئەمن ئەتۆم بەخشی بە کاکەمەمی؛ مەڵێ پێی نەگوتم؛ ئەگەر ڕەزا نەبی ناتدەم». گوتی: «براله! حەزێ دەکەی بمسووتێنە؛ ئەمن لە قسەی توو دەرناچم». بەکر گوتی: «قوربان ئەوشەو پەکی کەوت، بمێنێ بۆ سبحەیشەوێ ئینشاڵڵا». بەکر هەڵستا، چۆوە ماڵە خۆی. چوو لەو کووچەی لە ماڵە قەرەتاژدینێرا دەهات بۆ ماڵە میر زێندینی. بەکر زێڕی دە باغەڵی خۆی نا؛ بە کووچەیدا هاتە خوارێ. هەر ژنێکی حیزبوو، قەحبە بوو دراوی دایە. هێندێکیان کولێجەی بۆ کردن، هێندێکیان قەندی دانێ. ئەو کووچەی سەرانسەر بۆ کرد. بەوانی گوت: «ئەگەر سبحەینێ خەبەرم دانێ:

«هەر کەس لە ماڵە خۆی بێتەدەرێ،

قوڕێ بەسەری خۆی کا، یەخەی بپچڕێ

بگیرێی بڵێ: هەیرۆ! یایەزین گول بوو، دەریان کرد لە شاری جزیرێ.

کاکە مەم پێ بزانێ ئەوا یایەزین گول بوو لە شاری جزیرێ دەریان کرد».

سبحەینێ ژنەکان هاتنە سەری کووچەی،

دەستیان بە گریانێ کرد. کاکەمەم لەولای هات، گوتی: «ئەوە چییە؟». ژنەکان دەڵێن:

«لە خۆمان مل بەکوێن و هەژاری،

ڕێی گوزەرانمان برا بەیەکجاری.

ئەورۆ سێ ڕۆژە یایەزین گول بووە؛ کەر و تێڕیان داوەتێ. دەریان کردووە لە

شاری».

کاکەمەم دەڵێ: «جا چ بکەم، ئەمن کەلامولّلام خواردووە دەگەڵ ئەوی ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان هاتوومە ئێرە؛ ئینجا ئەمن چ بکەم دەگەڵ گولی»

دەڵێ: «لە خۆم خەمگین و خانەوێرانێ!»

بە دڵشکستی هەڵستا چووە دیوانێ؛

جێیان بە کاکەمەمی نیشان دا؛ ئەوەی بە ئیلتفات دەزانێ.

میر ڕووی دەبەکری کرد، گوتی: «بڵا یایەزینێ بدەین بە کاکەمەمی. گوتی: «قوربان! بڵا شامێ بکەین، ئینجا قسانی لێ دەکەین». شامیان هێنا، نانیان خوارد، خەلاس بوون. میر گوتی: «قەرەتاژدین! بۆچ قسان ناکەی؟» گوتی: «قوربان! فەرمایشی تۆیە؛ هەرچی ئەتوو دەفەرمووی ئیتاعەتی دەکەم». گوتی: «قەرەتاژدین! یایەزین بەجێ و مەکانەوە ئەوا پێشکێشی کاکەمەمم کرد». کاکە مەم گوتی: «خولّایە! ئەگەر قبوولّی دەکەم دەڵێن: ناچیزەیە؛ گولی قبووڵ کرد؛ ئەگەر نامەوێ، ئەمن سوێندخۆرم دەگەڵ ئەوی». میر فەرمووی: «قەرەتاژدین! ئەوە یایەزینم بەجێ و مەکان و تالارەوە پێشکێشی کاکەمەمی کرد». کاکەمەم گوتی: «میر، ئەوە قبووڵم کرد؛ دامەوە بە توو». میر گوتی: «قەرەتاژدین! هەر ئەوجار بە کاکەمەمی دەڵێم: «کاکەمەم! ئەوا یایەزین بەجێی و تالارەوە پێشکێش بە تۆم کرد». کاکەمەم دەڵێ: «ئەوە قبووڵم کرد؛ دامەوە بە توو» میر گوتی: «ئەوە سەررا وی لێم قبوول کردی». عرفۆ، چەکۆ کەیفیان خۆشبوو؛ چونکە کاکە مەم یایەزینی نەویست. قەرەتاژدین خەمناک ما. هەڵستا برِوا لە ڕقی کاکەمەمی چونکە یایەزێنی نەویستووە. میر فەرمووی: قەرەتاژدین، دانیشەوە؛ ئەوە کاکەمەم یایەزینی قبووڵ نەکرد لە من، ئەمن شتێکی لەوی دەخوازم، کاکەمەم بەمنی بدا». کاکە مەم گوتی: بەڵێ قوربان چ دەفەرمووی بەچاوان». گوتی «ئەتوو ئەو نۆکەرەی خۆت بە من بدە، ئەگە(*) بەنگینەیە». گوتی: «قوربان! پێشکێشت بێ».

کێ بوو، لە بەنگینی گوڵباوە،

(*) ئەگە: ئەگەر.

بانگ لەسەر بانگی لێ دەداوە.
کەوڵ و گۆچانی میرمەمی ڕۆی دەناوە،
بانگ لەسەر بانگی لێ دەداوە.
دەڵێ: «ئەی خولایە، لە وەلایەتی غوربەت چم لێ قەوماوە!»
بەنگینە دەڵێ: «میرمەم ئەمنی بۆ بەراتێ هێناوە».
چوو کەوڵ و گۆچانی هەڵگرت لە پێش میرزێندینی ڕاوەستاوە.
کاکەمەم هەڵستا بەتاقی تەنێ بۆ ماڵە قەرەتاژدینی گەڕاوە.
ئەگەر گوێ هەڵدەخا، خاتوون ئەستی دەڵێ: «خولایە! چ بکەم چم لێ قەوماوە؛
«ئەگەر کاکەمەم خوشکی منی نەدەویست، بۆ کەلامولڵای دەبەر خوشکی من ناوە؟»
میرمەم ئەگەر دەچوو، ئەگەر تەماشای کرد عرفۆ و چەکۆ ساز و چەقەنەیان ڕۆناوە.
قەرەتاژدین غەمناک ماوە.
ئەگەر بەکر ئەو قسەی دەبیستن تەواوە،
بەزەریفی لە دیوانی میری هەڵستاوە،
بۆ خزمەت یایەزینێ دەچوو زۆر خۆشی بوون هەنگاوە.
بەعاستا پەردەی یایەزینێی هەڵداوە،
بەئانقەستی دەگەڕاوە بەدواوە،
یایەزین دەڵێ:
«کابەکر! بفەرموو وەرە پێشێ، بزانم ئەوشەو لە دیوانێ چ قەوماوە».
ئەگەر بەکر وا دەزانێ، چووە کن یایەزینێ دانیشت لە دیوانێ.
یایەزین دەڵێ:
«کابەکر! بۆم بگێڕەوە بزانم، چ بووە چ سوحبەتێک کراوە».
بەکر دەڵێ:
«چ بکەم، برای توو شێت و ناتەواوە؛

ئەمن نازانم، چ بکەم برای توو نازانێ ڕێی گوزەرانێ.
حیزبابێکی خوێڕی هاتووه کەس بەمەنزڵی نازانێ،
ئەوشەو کاکی توو سێ جاری ئەتوو پێشکێش کرد، قبووڵی نەکرد لە دیوانێ».
یایەزین دەڵێ:
«پێم بڵێ، ئەو قسە چییە؛
بەکرئاغا ئەوەی قبووڵ ناکەم، ئەوە کارێکی خۆڕاییە.
ئەوەی ئەمنیان داوەتێ نێوی چییە؟»
دەڵێ «نازانم؛ کاکەمەمی پێ دەڵێن یەکی زەردەڵەی خوێڕییە!»
یایەزین دەڵێ:
«سەری بەتاڵم، ملی بەکوێنم.
بەکر، ئەوە خەتای تۆیە، سی و دوو ددانت بە گازی دەرێنم!»
بەکر دەڵێ:
«ئەمن چ بکەم، تەخسیرم چییە؟
ئەو میرمەمە پیاوێکی زۆر ناچیزەیە خوێڕییە.
برای توو پیاوان ناناسێ ئەتووی لەکن گران نییە».
ئەگەر بەکر ئەو قسەی دەکرد تەواوە،
بەزەریفی هەڵدەستا پەردەی هەڵدەگرت، دەگەڕاوە بە دواوە.
یایەزین بۆ خۆی دەگری خەمناک ماوە؛
دەڵێ: «خولایە! ئەگەر ئەو پیاوە ئەمنی نەدەویست، بۆ لە یەمەنێ کەلامولڵای دەپێش ئەمن ناوە؟
لە من مل بەکوێن و بابان وێرانێ!
سبحەینێ دەبێ ئەو کاکەمەمەی ببینم، بزانم ئەگەر ئەمنی نەدەویست بۆچ پادشایەتی یەمەنێی بەجێ دەیەشت، ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان دەهاتە جزیرێ وێرانێ».
ڕۆژێکی سەر لە سبحەینانە،

چوار شێران لەسەربانی قەرەتاژدینی گرتووە دیوانە.

یایەزین گوتی: «بۆچی مەجمیعەی ئەو قاپان هەموو ڕۆژێ ناشۆن؛ بە پیسی دەچنە دیوانێ. کاکم هەر شەڕیەتی». بە قەرەواشانی گوت: «هەڵی گرن دەیبەمە حەوزی ماڵە کاکم؛ ئەمن دەیانشۆم ئەورۆ با هەموو شام و نەهاران وا بچێتە دیوانێ». خێڵەکی بەسەر خۆی کێشا ڕەپێش کەوت.

ئەویش قاپ و مەجمیعەی هەڵگرت، وەدووی کەوت.

چەکۆ دەڵێ:

«عرفۆ! قەرەتاژدین، میرمەم گیانە گیانە!

«ئەو بلندەی بەڵەک چاو کێیە، دێتە خوارێ بۆ ڕازی کانیانە».

عرفۆ دەڵێ:

«چەکۆ! میرمەم، قەرەتاژدین، ئەزو ببم بە قوربانە!

ئەو خاتوونە ئەو خاتوونەیە، ئەگەر ئەو سێ شێرەی بەتەمانە».

یایەزین ژنخوشکی قەرەتاژدینە. ئەوان لەبەر قەرەتاژدینی شەرمیان کرد دەنگێ بکەن. قەرەتاژدین گوتی: «کەلاموڵڵایان بۆم بێنن». قەرەتاژدین کەلاموڵڵای خوارد بۆ عرفۆ، چەکۆ، کاکەمەمی گوتی: «هەتا ئەمن زیندووم یایەزین ئینگۆ هەرسێکانە؛ ئینجا هەرچی خولا داینێ ئی وی بێ». قەرەتاژدین گوتی: «بلا کاکەمەم بچێ ڕێی لێ بگرێ، نەکوو بلێ: برا چکۆڵەم، بە پیاوم نازانن». چەکۆ گوتی: «هەر کەسێک یایەزینی پێ قایل بێ، ئەو برا گەورەمان بێ».

«ئەمە سێ برا هەبوون ئەسپ بۆزە،

هەرسێک ساحبی گورز و کەمەند و ئەسپابی قۆزە.

هەڵستە بڕۆ یاخولا یاری خۆت موبارەک بێ، دوامین پیرۆزە».

عرفۆ دەڵێ:

«ئەمە سێ برا هەبوون ئەسپ ئاڵە،

هەرسێک ساحبی گورز و کەمەند و شیر و مەتاڵە.

لاوە! میرمەم هەڵستە بڕۆ یاری خۆت موبارەک بێ، دوامین حەلاڵە!»

کاکەمەم هەر ڕاوەستا پووشکەی دە عەرزی دەژنی، دەنگی نەکرد.

قەرەتاژدین دەڵێ:

«میر مەم لەمنت کەوێ دەگەڵ ئەوێ سەخوونێ دەگەڵ ئەوێ تانێ!

ڕەببی خولا! ئەو برایانەت لێ نەستێنێ، هەتا خولا دەکا دیوانێ.

هەڵستە، بڕۆ دەشقەمی پیاو قسێکی لە ماشوقەی خۆی بزانێ».

بە کاکەمەمیان گوت: «هەڵستە بڕۆ». گوتی: «کوڕە ماڵ خەرانەبوو! نوێژی نیوەڕۆیە بێ، نێوەڕاستی شاری جزیرێ بێ، سێ شێری وەک ئەنگۆ ڕاوەستێ لێرە، ئەمن چلۆن پشتم دەنگۆ دەکەم، دەچم بۆ نوێژی نیوەڕۆیێ، ڕێ چلۆن لە خوشکی میری دەگرم؟ وەڵڵاهی! دڵم بتۆقێ ناتوانم بچم». عرفۆ هەڵستا دەگەڵ چەکۆی، قەرەتاژدینی، لە سەربانی چوونە خوارێ؛ ئەسپی خۆیان هێنادەرێ؛ سوێندیان خوارد بە قورعانێ: «ئەگەر یایەزین قسەی دەگەڵ کاکەمەمی یەک بێ، هەرچی لە کووچان، لە سوقاقان قسێکی بکا، فزووڵی بکا، سەری دەبڕین».

کێ بوو لە کاکەمەمی گوڵباوە،

کەوڵی قاقمی بە ملی خۆیدا داوە،

گەلێکی خۆشبوون هەنگاوە.

عرفۆ دوعا و ئایەتەلکورسی دەخوێند دەیکردن تەواوە،

هەتا دەچوو لە ڕازی کانیە لە یایەزینێ دەیکرد سەلام و سەڵاوە.

یایەزین عەلێکی وە میرمەمی قەلەندەر نەداوە،

یایەزین دەڵێ:

«لاوە! لاو مەبە و ترۆ

خەڵقی جزیرێ ئەوا لە سەربانان بوون کۆ بەکۆ

ئەگەر حاجەتی ئاوێت هەیە، دەسنوێژی خۆت هەڵگرە بڕۆ».

میر مەم دەڵێ:

«خولایە چلۆن خانەم بووە وێرانە

هەزار نەحلەت لە بابی خۆم دوامین لە بابی هەموو پیاوانە

ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان پادشایەتی یەمەنێ بەجێ بێڵە بە قسەی

ژنان هەڵستە وەرە ئێرەکانە؛

ئێستا دەڵێ: «لاوە! ئەگەر حاجەتی ئاوێت هەیە، دەسنوێژی خۆت هەڵگرە و برۆ خەڵق شمر و شەیتانە».

کێ بوو لە میر مەمی گوڵباوە،

کەوڵی بە سەر شانی خۆیدا دەدا، بەعاجزی دەگەڕاوە بە دواوە. یایەزین گوتی: «خولایە! ئەوە ئەوا هات، قسەی خۆی کرد، ئەمن دڵم شکاند؛ کەلامی خولای ئەوی ناگرێ، ئەمن دەگرێ، بەجوانی دەمرم، بەکافری دەمرم. بلا بانگی کەم، بگەڕێتەوە، دەشقەم دوو قسانی دەگەڵ بکەم». یایەزین بانگ دێڵێ:

لاوە! هەی لاوە!

ئەگەر حەزرەتی جبرایلی خۆشەویستە، نیدای بۆ خۆشەویستی وی هێناوە،

لاوە ئەتوو، ئەو خولایە کە حەزرەتی مووسای لە نووری خلقەت کردووە، هەوەڵی سبحەینان هەزار و یەک کەلامی لە بارەگای خولای دەکا تەواوە؛

لاوە، بەشقی ئەو خولایەی، ئەگەر عەزرەتی عیسای ڕوحوڵڵای لە نووری خلقەت کردووە، مردووی لە قەبرستانان پێ دەژیاوە؛

لاوە هەرچەند مۆمن و مەلایکەتن دەتێنمە تکایە

بۆ خاتری من، ئەو جارەکە بگەڕێوە دواوە!»

ئەوجار کاکەمەم بە شانی ڕاستەیدا گەڕاوە،

تەمەنای لە خولای دەکرد، لە پێغەمبەری دەپاڕاوە،

هەتا دەچوو لە ڕازی کانیە لە یایەزینێ دەیکرد سەلام و سەلاوە.

یایەزین دەڵێ:

«ئەلەیکوموسەلام وەڕەحمەتوڵڵاهی، سەر هەرتک چاوی من، میرمەم شۆڕەلاوە،

شەوێ دی، ئەگەر ئەو گێچەڵە لە دیوانێ دەقەومی بۆچی لە منی مل بەکوێنت نەگێڕاوە،

ئەلەیکوموسەلام وەڕەحمەتوڵڵاهی، سەر چاوی منی بابان وێرانێ

ئەتوو شەوێ دی بۆچی ئەمنت لە کاکم قبووڵ نەکرد لە لای دیوانێ؟

ئەگەر خۆت بە پیاو نەدەزانی بۆچی دەبەر ئەمنت دەناسی جزووی قورعانێ؟»
کاکەمەم دەڵێ:
«یایەزین، ئەتوو گەلێک ساحب خاتری
کاکەمەم نەهاتووە فینجانی قاوەی بە سەدەقەسەر وەرگری
خولاّ غەزەبی حەوتەبەقەی ئاسمانێ ببارێنێ لە شانی کابەکری
یایەزین! ڕۆژم لێ هەلاّت گەییە محەلی چێشتەنگاوێ
ڕوومەتی یایەزینێ گەلێک بەمن زەریفترن لە شووشەی گولاّوێ
بریا ئەو دەست و جام بام، ئەگەر یایەزینێ دەیاویتمەوە سەر ڕووی ئاوێ
ڕۆژم لێ هەلاّت، گەیوەتە نیوەڕۆیە،
ڕوومەتی یایەزینێ گەلێک زەریفترن لە گوڵی لیمۆیە
بریا دەست و جام بام، ئەگەر یایەزین بە دەستی موبارەکی دەیاویتمە سەر ڕووی جۆیە
ڕۆژم لێ هەلاّت، گەیە فەسڵی ئێوارێ
ڕوومەتی یایەزینێ گەلێک زەریفترن لە دەنکی دەهەنارێ
بریا ئەو تاس و تەبەق بام، ئەگەر یایەزین بە پەنجەی موبارەکی دەیاویتمە سەر تاتەشوارێ
ڕۆژم لێ هەلاّت گەییە مەحەلی نوێژی شێوان
ڕوومەتی یایەزینێ گەلێک زەریفترن لە گوڵی دە مێوان
بریا ئەو دەست و جام بام و ئەگەر یایەزینێ بەپەنجەی موبارەکی دەیاویتمەوە سەر قەمبەڵی دە لێوان
ڕەببی خولاّیە! ئەتوو ڕەحمبەری، دەگەڵ یایەزینێ چیدی نەنبێ نێوان
ڕۆژم لێ هەلاّت گەیوەتەوە نوێژی خەوتنێ
ڕوومەتی یایەزینێ گەلێک زەریفترن لە گوڵێ دە سوێسنێ
ڕەببی خولاّگیرم بی، ئەوێ ڕۆژێ دەکا دیوانێ دەگەڵ دیوان کردنێ
یایەزین! بە خولاّی، ئەمن دەست لە توو هەڵناگرم هەتا ڕۆژی مردنێ

یایەزین! ئاورم تێ بەربوو، جگەرم سووتاوە
غەریبی شارانم بەنگینەشم لێ هەڵبڕاوە
شاری یەمەنێم لە چەنگان چوو، ئەویشم دە پێناوی توو ناوە
یایەزین! ئەگەر ئاگات لێم نەبێ، زۆر خراپم لێ قەوماوە
ئەمن و توو وا لێک نابینین مراد و کاوێ
گەردنی توو گەلێک زەریفترە لە شووشەی گوڵاوێ
ئەگەر دەتوانی بە دەستی موبارەکت، زمانم شکا بمدەیە چۆڕێک ئاوێ!»
یایەزین دەڵێ:
«ملم بەکوێنە، دڵم بە تازی
«گورگئاوڕی میرزیندێنی گەلێک بێ ڕەزاترن لە مووی بەرازی
ئەتوو چلۆن دەتوانی بە نوێژی نیوەڕۆیە لە نێوەڕاستی شاری جزیرێ جامی ئاوێ لە من بخوازی؟»
کاکە مەم دەڵێ:
«یایەزین، هێزی جگەرم، چرای چاوانم!
ئێستا ئەمن غەریبی هەموو شارانم
لەوەش بێ تیپ و سپاتر بم، هێشتا میری برای خۆت بە مەیتەر و نۆکەری خۆم نازانم
غەریبەی شاران، لەبەر خاتری توو زۆر بێ مەکانم
هیچ کەس نازانێ یایەزین چەند جوانە
بۆم بەجێ هێشتووە تەخت و مەکانە
هەرچێکی ژنە، پێشکاریان شەیتانە
ئێستا چۆڕێکم ئاو ناداتێ؛ دەڵێ خەڵق شەیتانە»
کێ بوو لە یایەزینێ بەڵەک چاوە
دەستی دەدا جامی ئاوێ، بازنەی لە دەستی خۆی دەرهێنا، ئەنگوستیلەی لە قامکی خۆی ڕاکێشاوە

گوارەی لە گـوێی خـۆی دەرهێنا، دەرزی لە بەرۆکی هـەڵکێشـاوە، دە جـامـی ئاوێی ناوە

جامی لە سەرینچاوەی کانیە، هەڵدێنجا، بە دەس کاکەمەمی داوە

کاکەمـەم ئاوەکەی خـواردەوە، بازن و ئەنگوسـتیلە و کرمـەک و هـەمووی دە باغـەڵی خۆی ناوە

جامی بەدەس یایەزینێدا. یایەزین دەڵێ: «ئینجا میرمەم دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»

کاکەمەم دەڵێ:

«لە خۆم غەریب و خانەوێرانێ

ئێستا غەریبی شارانم کەس قەدرم نازانێ

یایەزین! بە زاتی خولای بە حەققی قورعانێ

ئەمن لێرە ناڕۆم هەتا دەگەڵم دانەنێی جێ ژوانێ».

یایەزین دەڵێ:

«سەری بەتاڵم، بابانی وێرانم!

چل قەرەواشم هەیە هیچ کەسێکیان بە هومێد نازانم

چ جێیان شک نابەم، نییە متمانم

بۆیە وا خەجاڵەت و سەرەوێرانم».

میرمەم دەڵێ:

«ئەمن غەریبم بەجێیەکی چاک دەزانم.

ئاورم تێ بەربوو، چۆقەم دەکەوتێ:

مەحەلی چێشتانی سوڵتانی ژوانمان میعراجی مزگەوتێ».

یایەزین دەڵێ:

«خولایە! چلۆن ڕووم ڕەشە، بابانم وێرانە!

مزگـەوتی کاکی مـن لە لایەکی دیوان گیـراوە؛ لێی ڕۆنیـشـتـوون وەکـیل و وەزیری کەوڵ بەشانە.

لە تەرەفی دیکەی لێی ڕۆنیشتوون سۆفی بەرماڵ لە ملانە.

ئەوا لە میعراجی مزگەوتێ مەلا مەسەلەی دەخوێنێ لە بەحسی دنیا و قیامەتانە
لە پێشخانان نۆکەر و قەننەداری بەردەستانە
ئەگەر مزگەوتی کاکی من چۆڵ و ئەحەدولقەندەهار دەبێ، بە کوڵینچکانی بەجێ دەمێنن دوازدە کوێری حافزولقورعانە.
لە لایەکی تەکیەیە، لە تەرەفی دیکەیان خانەقارۆنانە
ئەوهە بۆ موسڵمانان چاکە، تێدا بێن شادەوئیمانە
یارەببی بە کاری توو سەد جار شوکرانە»
کێ بوو لە کاکەمەم و یایەزینی گوڵباوە
قەول و قەراریان دەبوو تەواوە
ئەوا ڕۆژ لە نیوەڕۆیە وەرگەڕاوە
میرمەم دەڵێ:
«یایەزین، عەمرەکەم! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
یایەزین دەڵێ:
«توخولا! مەڕۆ لەکن ئەمنی هەژاری
بەنگینە لەکنت نەماوە بە خەمخواری
چ بکەم، کێ دەڵێی بنێرمە کنت بە خزمەتکاری؟»
کاکە مەم دەڵێ:
«یایەزینێ چاو جوانێ!
ڕۆحی خۆمت قوربان دەکەم دەگەڵ سەرتاپای ئێمانێ.
ئەو قسانە پێکەوە دەکەین ئینشاڵڵا سبحەیانێ».
کێ بوو لە میرمەمی گوڵباوە،
دەیگوت: «یایەزین، عەمرم! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
یایەزین دەڵێ:
«چ بکەم ئەمنی قەلەندەری
میرمەم، هەڕۆ برۆ، بەخوڵات بەئامان دەدەم، بەزامن بەپێغەمبەری».

کێ بوو لە میرمەمی گوڵباوە،
بۆ خزمەت عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدینی گەڕاوە
دەچوو لە هەرسێک برایان دەیکرد سەلام و سەڵاوە.
چەکۆ دەڵێ:
«ئەتوو بزانە لە کاری خوڵای ئاسمانێ
میرمەم بەخێرێیەوە لە سەفا و لە سەیرانێ
ئەو یایەزینی ئەمن تێ بەڵەدم، ساحب ئیعلایە؛ هیچ کەس مەتڵەبێی لێ نازانێ».
میرمەم دەڵێ:
«قەرەتاژدین! لێم مەدە بە شیران، مەمکوژە بە توانجان
مەرد ئەو مەردە نییە بچێتە ڕێی کچی دە کرمانجان
مەرد ئەو مەردەیە لە کیژی دە میران وەرگێڕی بازن و باجان».
عرفۆ دەڵێ:
«یاڕەببی، بەخێرێیەوە، لاوە
ئەو یایەزینی بەڵەک چاوە
لەکنم قسەی دەگەڵ هیچ کەسی نابێ تەواوە».
کاکەمەم دەڵێ:
«عرفۆ! مەمکوژە بە شیران
مەرد ئەو مەردە نییە بچێتە ڕێگای کچی دە وان فەقیران
مەرد ئەو مەردیە بازن و گواران بستێنێ لە کیژی دە میران».
کێ بوو لە میرمەمی بەڵەک چاوە
لە عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدینی دەیکرد سەڵاوە
بازن و گوارەی لە باغەڵی خۆی دەرهێنا، لە پێش ئەوانی ڕۆناوە.
دەیگوت: هەر کەسێکی ئەوەی هەڵگری، کاکەمەم نۆکەرە لە پێش دەستی ڕاوەستاوە.
قەرەتاژدین دەڵێ:

«یاخولا میرمەم نەمری!
خولاوەندی میری مەزن دەستت لە عەمری بگری!
ئەوە هەر قابیل بە تۆیە هەڵی بگری
ئەتوو گەورەی هەمووانی؛ دەبێ هەرکەسە کەوشی توو لەسەر چاوی خۆی ڕابگری»
عرفۆ دەڵێ:
«میرمەم، گیانە! ئەمنت دەبمە نۆکەر لەبەردەستانە».
چەکۆ دەڵێ:
«میرمەم! بە براگەورەییی توو سەد جار شوکرانە»
ئینجا میرزێندین بە نۆکەرانی گوت: «بڕۆن کاکەمەمی بێننە ئێرەکانە».
نۆکەری میری دەهاتن بە لینگدانە
دەڵێ: «سەلامو عەلەیکوم میرمەم؛ میر فەرمووی تەشریفی موبارەکت بێتە ئێرەکانە».
ئەگەر میرمەم وا دەزانێ
عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین هەڵدەگری، دەچێ بۆ دیوانێ.
کێ بوو لە میرمەمی گوڵباوە
دەگەییە دیوانێ، لە میری دەکرد سەلام و سەڵاوە
دەڵێ: «عەلەیکوم ئەسەلام و ڕەحمەتوڵلاهی بەخێرێی، شۆڕە لاوە!»
میر دەڵێ:
«کاکەمەم نەکەین گوفتارێ،
بلا تەختە نەردینێ بێنین ڕۆبنیشین لە قومارێ».
ڕۆدەنیشتن دوو بە دوو میرمەمی نەوجوانە
بۆ وەعدەی پێنج سەعاتی لێکیان دەدا شان بەشانە
کاکەمەم زۆری لە میری بردەوە، کردی سەری وێرانە.
گوتی: «بلا جێیان بگۆڕینەوە». گوتی: «بەڵێ، قوربان». بەکر تەگبیری کردبوو

جێیان بگۆڕنەوە؛ کاکەمەمیان لەوێ هەڵستان، چووە جێی میری. میریان هێنا جێی کاکەمەمی. دیسان قوماریان کرد. میر باشاری کاکەمەمی نەکرد. میر گوتی: «بلا قاوێکی بخۆینەوە». بەکر بەدزی بە میری گوت: «بلا یایەزین بێ، قاوەی بگێڕێ». یایەزین قاوەی هێنا، گوتی: «هانێ بەنگینە بیاندەیە». میر گوتی: «یایەزین! بۆخۆت قاوەی بدە». بەکر بە میری بەدزی گوتی: «بەندێکی بانگی کاکەمەمی کە». میر دەڵێ:

«کاکەمەم، بەو خولایەی کەم بێ نسرینە،
پادشایەکی بێ شەریکە، هیچ شەریکی لە بۆ نینە
لەکن ئەمن وایە ئەوەتی لە دایک و بابی خۆت بووی هیچ دۆستی بەدڵت نینە».

میرمەم دەڵێ:

«میر دەغیلت بم، ئەمن دەبژێرم شوکرانێ
دۆستی من یەکێکە وەک عۆریەکانی لە ئاسمانێ»

میر دەڵێ:

«یاری تۆم گوێ قوتن وەک گوێ دە مشکان؛
«ئای دۆستی توو سەری هەڵنایە لەبەر ئەسپێ و ڕشکان».

میرمەم دەڵێ:

«میران! بە قوربانت بم، لێم مەگرە بەهانێ
دۆستی من یەکێکە وەک عۆرییەکانی لە ئاسمانێ
دۆستی من ئەوەیە، بووە بە ساقی قاوەی دەگێڕێ لە دیوانێ».

میر دەڵێ:

«میرمەم بەقام بە قسەی توو هیچ نییە
ئەوەتی لە بابت بووی، هیچ دۆستت نییە».

میر مەم دەڵێ:

«لە خۆم غەریب و بێکەس و خانەوێرانێ
چونکە میوانم، پێم دەکەن بوختانێ
ئەمن دەڵێم: دۆستم هەیە؛ چونکە غەریبم کەس پێم ناکا متمانێ

ئەوا قـەرەتاژدین و عرفـۆ و چەکۆ دەزانن، دۆسـتی من ئەوەیە، قـاوەی دەگـێڕێ لە دیوانێ».

قـەرەتـاژدین بە مـیـری گـوت: «ئەتوو ئەو قـەحـبـە هـێناوتە کـردووتەتە سـاقی لە دیوانی؟» پیلی کاکەمەمی گرت، بردیەوە بۆ ماڵێ.

یایەزین قاقەزێکی بۆ کاکەمەمی نووسی:

وەرە، تەمـەنایە بکەین لە خـولای، لە سـاحـبی عـەرز و ئاسـمـانێ، «کـاکی من ئاشقەڕاوە، هەڵکاتە شەماڵی، لێی دا لە گۆپاڵ بارانێ.

سبحەینێ کاکم دەچێتە ڕاوی ئاهوویێ لە دەشتی گەرمیانێ.

کاکەمەم نەخۆشێک بێ هیچ کەس بە دەردی نەزانێ.

سبحەینێ چێشتانی، سوڵتانی ژوان و پەیمانمان بکەیتە لای دیوانێ.

ئینجا تەمەنایان دەکرد لە خولای. حەددی ماڵ نووستنان هەڵی دەکردە شەماڵی، لێی دەدا لە گـۆپاڵ بارانێ. میـر دەنێرێتـە کن کاکـەمـەمی، دەڵێ: «هیچ پادشادیان ڕاوی ئاهوویان نییە سبحەینێ».

کاکەمەم دەڵێ: «عەرزی میری بکەن بەبێ فکری،

«نەخۆشێکی هێن گرانم، بەخولای، زین وەخۆم ناگری».

ئەگەر خەبەریان بۆ میری دەبردەوە تەواوە

دەیانگوت: «میر، قوربان! کاکەمەم نەخۆشە؛ نەخۆشێکی ناتەواوە».

بەنگینە دەڵێ:

«خانەم خەرابوو، بزانە ئاغای من بەبێ کەسی چی لێ قەوماوە»

میر دەڵێ:

«بەنگین، مەگریە، بەبێ کاکەمەمی لێم حەرام بێ ئەو ڕاوە

بەنگین، هەڵستە، برۆ، ڕامەمێنە

دەغیلت بم، ڕاوی سبحەینێ خۆشە، خەبەرێکی میرمەمم لە بۆ بێنە

ئەگەر دەچییە ئەوێ، خەبەرێکی لەوێ وەردەگری

دەبێ بە خاتوون ئەستی خوشکم، بڵێی، تەدارەکێکی لە بۆ میرمەمی بگری

ئینشاڵڵا ئەرەسوو و لوقمان دێنمە سەرێ، نایەڵم میرمەم بە چ دەردان بمری».
کێ بوو لە بەنگینی گوڵباوە
دەهات بە گریان و بە هەشتاوە
هەتا دەگەییە میرمەمی، دەیگوت: «بە قوربانت بم کوێت ئێشاوە؟»
دەیگوت: «بەنگینە! مەترسە؛ ژوانم دەگەڵ یایەزینێ ڕۆناوە».
دڵم دەڵێی کوورەی وەستایانە، گەلێک لە جۆشە.
ئەگەر دەچییە کن میرزێندینی بڵێ: میرمەم دەردی گرانە، گەلێک نەخۆشە.»
ئەگەر بەنگین وەدەردەکەوت، ئەو خەبەرەی بۆ ئاغای خۆی دەبردەوە لە دیوانێ
دەڵێ: «میرمەم نەخۆشە، کەس بە دەوا و دەردی نازانێ».
میرزێندین دەڵێ:
«چ بکەم، لێم تێک چوو، بەبێ میرمەمی ناچمە ئەو ڕاوەی سبحەینێ».
میر دەڵێ:
«بەنگینە ئازیزم، بەنگینێکی شیرینێ!
«ئەسپان بێنەدەرێ، سواربن، بچینە کن کاکەمەمی ماڵە قەرەتاژدینێ».
بەکرئاغا دەڵێ:
«ئەتوو بۆ وا میرێکی بەستەزمانی؟
جارێ بەو شەوەی لە ماڵە قەرەتاژدینی هەڵمەستێنە ماڵ و خێزانی
دەمێکی دی سوار دەبین، سەعاتێکی ماوە لە بۆ بەری بەیانی».
میر دەڵێ:
«هۆی بەنگینە؛
دە بڵا تەدارەکی بگرن، ئەسپی من بکەنەوە زینە
ئینشاڵڵا بە سەلامەتی کاکەمەمی بۆ ماڵە قەرەتاژدینی بچینە».
کێ بوو لە بەنگینی موحتەبەرە،
ئەسپی میرزێندینی زینی لێ دەکرد، دەیکێشا تەنگ و بەرە،
تاجی و تووڵەیان بانگ دەکرد ئەوبەر ئەوبەرە،

میـر دەهـات؛ پێی دە ڕکێـفێ دەنا. لە زینی مـورەسـەعی دەکەوتە سـەرە؛ دەیگوت:
«بەنگینە! بە سەری من، دەپێشدا برۆ خەبەرێکی من بۆ کاکەمەمی بەرە».

کێ بوو لە میری گوڵباوە،
دەی ئاژوا بە پەلە و بە هەنگاوە،
دەهات، لە ماڵە قەرەتاژدینی دەبوو پیاوە،
دەیگوت: «کـاکـە! هیچ خـۆت نەخـۆش مـەکـە، وەگـیـر هیچ پادشـایان ناکـەوێ ئەو ڕەشەڕاوە»

میران ئەتوو گەلێک بێ فکری.
هەرچەن دەکەم، میرمەم خۆی لەسەر ئەسپی ڕاناگری.
میر! پەکی خۆت مەخە؛ خراپم لێ قەوماوە.
ئەمن گەلێکم پێ لە توو خۆشترە ئەو ڕاوە،
ئەمما نەخۆشێکی بێ ئیختیارم، جگەرم بڕاوە».

میر دەڵێ:
«کاکەمەم، لە خۆم نەبینم مراد و کاوێ
حوکمە دەبێ دەگەڵ خۆم بتبەمە ڕاوێ؟»

کێ بوو لە میری موحتەبەرە،
دەیگوت: «بەنگینە برۆ ئەسپی کاکەمەمی بێنەدەرە؛
عرفۆ و چەکۆیانم بۆ بکە خەبەرە».

بەنگین دەچوو، ئەسپی کاکەمەمی دەهێنا دەرە
خاتوون ئەستی دەڵێ:
«بەنگینە! تەنگانی شل بکێشە ئەوبەر ئەوبەرە»
ئەگەر بەنگین ئەسپی میرمەمی دەهێنا، پێی دەڕکێفێ دەنا، بکەوێتە سەرە
هەرچی کردی، هێزی نەبوو قەلەندەرە
خاتوون ئەستی دەڵێ:
«براڵە! بە کاکەمەمی ناکرێ ئەو سەفەرە».

میرزێندین دەڵێ:

«خوشکێ لێم مەگۆڕە، لێی نابینم کاوێ؛

ئەگەر بە کۆڵێم بردبێ، کاکەمەمی دەبەمە ڕاوێ».

کاکەمەم دەلەرزی، ئەگەر لە باڵەخانەی وەدەرکەوت،

پێی دەرکێفێ نا نەچووە سەرێ، زینی ئەسپەکەی دەبەر زگی کەوت.

میر گوتی:

«تەنگەی ئەو ئەسپەی بۆ وا شلە؟ تەنگەیان توند کێشا کاکەمەمیان سوارکرد. چەند کردی؛ خۆی ڕانەگرت.

میر گوتی: «دایبەزێننەوە؛ زۆر نەخۆشە. ڕاوی ئەورۆ حەیفە کاکەمەم دەگەڵ نەبوو؛ بچۆ، بەکرئاغا پێی بڵێن سواربێ».

بەکر گوتی: «ئەسپەکەم شەلە؛ میر تەشریفی بڕوا؛ وڵاخێکی پەیدا دەکەم و دەیگەمێ». بەکر نەچوو بۆ ڕاوێ، قاسیدێکی نارده سەر کاکەمەمی. کاکەمەم هەتا چێشتانێ دانیشت لە پاشان سەبر سەبر ڕۆی بۆ دیوانی میری. گەییە دیوانێ، دانیشت. یایەزین هەڵستا، هاتە خزمەت کاکەمەمی

کێ بوو لە مەم و زینی بەڵەک چاوە

یایەزین دەهات، لە کاکە مەمی دەکرد سەلام و سەڵاوە

دەیگوت: «عەلەیکوم ئەسەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی، سەرچاوی من، خاتوونێ، کێل گەردنێی بەڵەک چاوە»

دەستیان دەستۆی یەک دەکرد، دەمیان بە دمی(*) یەکەوە ناوە.

بەکر ئاگای لێ بوو کاکەمەم هاتە دیوانێ

قاسیدی لەسەر دادەنا لە بۆ کێشک کێشانێ

کێشکی چاکیان لێ کێشاوە

هەردووک خەویان لێ دەکەوت، ئەو جووتە لاوە

(*) دم: دەم.

میر ڕاوی دەکرد هەتا ڕۆژ وەرگەڕاوە
بانگی دەکرد:
«حەیفە، چەکۆ، کاکەمەم دەگەڵ نەبوو، پێم خۆش نەبوو ئەو ڕاوە».

ڕوویان دە مـاڵێ کـردەوە. قـەرەتاژدین گـوتی: «ئەمن دەزانم کـاکـەمـەم دەگـەڵ یایەزینێ دە دیوانێ خەوی لێ کەوتووە؛ ئەگەر هەڵی نەستێنێ، وەخەبەر نایە». بانگی کـرد: «بەنگینە! وەرە تا پێت بڵـێم. وەرە، ئەتوو هەڵێ؛ ئەمن ڕێت دەکـەوم؛ دوور دارێکت پێدا دەدەم، مەگەڕێوە سەر دارەکەی، هەر برۆ هەتا ماڵێ. دابەزە، مەم و زینیان لە خەوێ هەڵستێنە». ئەگەر میر گوتی: «ئەوە لە داری ترسا، وا نەگەڕاوە بۆ دوایە». قەرەتاژدین دەڵێ: «ئەمن دەڵێم، میر، ئەوە نەترسا؛ ئەوە دەچێ، دادەبەزێ، دێ لە دەرکی دیوانێ بۆخۆی جڵەوی ئاغای خۆی دەگرێ». میـر گـوتی: «ئەوە شـوێنێکی چاکە». ئەگەر بەنگینە هاتەوە، تەماشای کرد مەم و زین خەویان لێ کەوتووە، هیچ ئاگایان لە دنیایە نەبوو. گوتی: «ئەگەر هەڵیان دەستێنم، گوناهم دەگاتێ؛ ئەگەر هەڵیان ناستێنم ئێستا میر دەگاتە جێ، پێ دەزانێ، سەرمان دەبڕن».

بەنگین ڕوانی: ئەوا میر هات. بەنگین دەڵێ:
«های میرمەم! لە خۆم غەریب و هەژاری
ئاورێکم دە بەدەنێ بەربوو دایگرتم بەیەکجاری
کاکەمەم، لەو خەوەی هەڵستە، کەڵێکی وەکوو میری هات و گەییە قەراخ شاری
وای، لە خۆم غەریبێ و یەخسیرێ
میرمەم، لەو خەوەی هەڵستە غەریبی خۆت وەبیرێ؛
کەڵێکی وەکو میرزێندینی هات و گەییە دەروازەی جزیرێ».
کاکەمەم لە خەوێ هەڵستا گوتی: «بەنگینە ئەوە چییە؟»

گوتی ماڵ خەرانەبوو! ئەوە میر گەییە جێ؛ ئەتوو بۆ هەڵناستی، لە دیوانێ بڕۆیەوە؟» گوتی: «بەنگینە! تەماشاکە، بزانە دوورە یا نیزیکە». بەنگینە چووە سەربانی، تەماشای دەکرد، کەمی مابوو، بگاتە قەراخی شاری. ئەگەر هات تەماشای کرد، مەم و زین دیسان خەویان لێ کەوتبۆوە.

بەنگین دەڵێ:

«لە خۆم غەریبێ، جگەرسووتاوێ

ئەی ئاغاکەی من لە خۆی نابینێ چ مراد و کاوێ

های لاوە، میرمەم! لەو شیرن خەوەی؛ هەڵستە کەڵێکی وەکوو میری هاتەوە لە ڕاوێ

کوێنی سیامالانم دەبەرکەن بەیەکجاری

میرمەم لەو خەوەی هەڵستە؛ کەڵێکی وەکوو میری هات و گەییە دەروازەی شاری

میرمەم لە خۆم غەریب و ماڵ وێرانێ

کەڵێکی وەکوو میری هات و گەییە دەرکی دیوانێ».

میر جڵەوی هەڵەنگاوت. ڕاوەستا؛ گوتی: «بەنگینە. داخولا کاکەمەم چلۆنە؟» گوتی: «نازانم هاتوومەوە، لێرە ڕاوەستام». دەو دەمیدا بەکرئاغا هات و گەییە خزمەت میری.

بەکرئاغای گوتی: «ئاغا! بەخێرێیەوە؛ ڕاوت موبارەک بێ». میر گوتی: «بلا، بچین سەرێکی کاکەمەمی بدەین». بەکر دەیزانێ دەگەڵ یایەزینێ دە وەتاغێ دان. بەکر گوتی: «قوربان! دابەزە. پیاوی دەنێرم، بزانێ کاکەمەم چلۆنە». میر دابەزی. ئەسپیان لێ وەرگرت، چووە ماڵێ. بەنگینە هاتەوە، بانگی کاکەمەمی دەکا دەڵێ:

«دووان ئاشق هەبوون لەمێژە

هەردووک لەبەر خەوێ ببوون هۆڕ و گێژە

هەی ئاغا! بە قوربانت بم. لەو شیرین خەوەی هەڵستە، دۆڕاندووتن هەموو نوێژە».

میر ئەگەر هاتەوە، چووە دیوانێ. کاکەمەم چاری نەبوو، یایەزینی دەبن کەوڵێ نا . پاڵی وە کولێنچکی وەتاغێدا . عرفۆ، چەکۆ، قەرەتاژدین، بەکرئاغا هەموو هات دانیشت. میر گوتی: «ها کاکەمەم چلۆنی؟» گوتی: «قوربان! خولا بکا، ڕاوی توو موبارەک بێ! ئەمن چاکم». گوتی: «کاکەمەم! ڕاوی ئەوڕۆ چ پادشایان نەیان بوو؛ حەیفە ئەتوو دەگەڵ نەبووی». یایەزین دە گوێ کەوڵیدا کەزی خۆی بە قەرەتاژدینی نیشان دا . قەرەتاژدین ئەگەر وایزانی، نۆکەری بانگ کرد، گوتی: «برۆ، حەوت دەرکم هەیە؛ پووشی تێنێ، ئاوەری بدە؛ بلا ماڵە من بسووتێ».

ئاورێک هەڵستا لە سەری دنێ
یەکی دی هەڵستا لەو سەری دنێ
های ماڵە قەرەتاژدینی هەمووی سووتا بە سووتنێ
بەنگین دەڵێ:
«میر، ئاورێک دە ماڵە قەرەتاژدینی بەربوو. چ ئاورێکی بێ ئامانە!
ئەگەر هەڵنەستی، ئێستا شاری جزیرێ دەسووتێ
دەبێ وێرانە
میر ئەتوو میرێکی بێ فکری
ئەوە شەماڵ هات، ئاوری دێنێ بە سەر خانووبەرەی تودا، ڕادەبری
ئەگەر هەڵنەستی، ئێستا کۆشک و تالاری تۆش ئاوری دەگری».
میرزێندین دەڵێ:
«مەخلووقی جزیرێ، وەکیل و وەزیر، بڕۆن، دامەمێنن
هەڕاکەن، ئەو ئاورەی لە ماڵە قەرەتاژدینی وەکوژێنن»
بەنگینە دەڵێ:
«وای لە خۆم بێ سەلایە!
میر! ئەگەر بۆخۆت هەڵنەستی، ئەو ئاورە هێن بە حوکمە، چارەی نایە».
ئەگەر میر وا دەزانێ
شەققژن کەوتە دیوانێ
میر وەدەرکەوت بە یەقینێ
ڕووی کردە ماڵە قەرەتاژدینێ
ئەگەر میر ڕۆی بە هەنگاوە
دەرک و پەنجەرەی بۆ کراوە
بەکرئاغا خۆی دەگێڕاوە
کاکەمەم لەوێ هەڵستاوە
دەگەڵ یایەزینێی بەڵەک چاوە

گوتی: «یایەزین! لەبەر بەکرشەیتانی لێکمان نەدی مراد و کاوە»
مەم و زین هاتنە پێشخانێ
دەستیان کرد بە گریانێ
کاری بەکریە، خولا دەزانێ!
میرمەم دەڵێ:
«یایەزین! چلۆن چاوان بە قەرەتاژدینی هەڵێنم،
مەگەر ئێلچییان بنێرم،
گەنج و خەزێنەی یەمەنێی بۆ بێنم».
ئەگەر لەوێ ئەو قسە بوو تەواوە.
یایەزین دەڵێ:
«کاکەمەم کارێکی زۆر گەورە لەمە قەوماوە».
دەیگوت: «یایەزین! دەست دەستۆی کەم، دوو ماچان لە کوڵمان بکەم تەواوە».
ئەگەر دەمی ڕە کوڵمەی یایەزینێ کەوت،
دەستڕەی دەستانی بەربۆوە؛ ئەوی لەوێ کەوت.
بەکر هەڕا دەکا، ڕانامێنێ،
دەستڕەی یایەزینێ پڕ دەداتێ دەیڕفێنێ.
کاکەمەم دەڵێ:
«چ بکەم لە جەبباری
بلا، بەکرە مەرگەوەڕی بکوژم بەیەکجاری؟»
یایەزین دەڵێ:
«لە خۆم بێ سەلایە
«چ بکەم، ئەورۆ کارەکە بەدە، کوشتنی بەکری بۆم پێک نایە».
میرمەم بۆ ماڵە قەرەتاژدینی چوو؛ یایەزینیش بۆ ماڵێ گەڕاوە.
کاکەمەم دەچوو لە میری و قەرەتاژدینی دەکرد سەلاوە.
ماڵە قەرەتاژدینی ئاوری گرت، مەخلووقی جزیرێی هەموو بەسەردا ڕژاوە.

قەرەتاژدینی لوڕی
بە زمانی ئارەبان دە ژنێی خوڕی:
دور، گوێتر! لانکی کوڕی(*).
خاتوون ئەستی دەڵێ:
«نە ئەو ماڵەم دەوێ نە ئەو حاڵە
نە ئەو منداڵەم دەوێ نە ئەو تفاڵە
بەو شەرتی لە دنیایە سەلامەت بن گەردنی زەرد و ڕووی پڕ لە خاڵە».

ئینجا میر دانیشت؛ ئاورەکە کوژاوە؛ ماڵە قەرەتاژدینی هەموو سووتا. میر گوتی: «وەرن، باربووی ماڵە قەرەتاژدینی بکەین».

میر گوتی: «وەتاغێکم بە هەموو شتێکەوە دایە بە قەرەتاژدینی. بەکر ئاغا؛ ئەتوو چی دەدەیێ؟» بەکر ئاغا گوتی: «قوربان! ئەمن چ نادەم». گوتی: «بەکر ئاغا! بۆچی؟» گوتی: «قوربان کەسێک ماڵە خۆی بە دەستی خۆی بسووتێنێ، ئەمن ماڵە خۆم بۆچی بدەمێ؟» میر گوتی: «ئەمن تێ ناگەم؛ ئەو قسە چییە؟» دەستی دا دەستڕەی، گوتی: «قوربان! ئەوە لە دیوانێ بوون، ئەگەر ئەتوو لە ڕاوێ هاتیەوە، کاکەمەم یایەزینی وە بن کەوڵی دابوو، قەرەتاژدین پێی زانی، ناردی ماڵە خۆی ئاور تێ بەردا؛ سووتاندی هەتا یایەزین و کاکەمەم خەلاس بن. ئەگەر بەقام پێ ناکەی، ئەوە دەستڕەی یایەزین و کاکەمەمیە، لە دیوانێ لێم ئەستاندن، نەکو بڵێی: «بەکر شەیتانە، ئابڕووی خوشکی من دەبا»، جا ئەمن بۆ ماڵە خۆم دەدەم بە پیاوی وا؛ قەت بووە، نۆکەر بە ئاغای خۆی غەیان ببێ. میر گوتی: «بەکر ئاغا! ئەتوو ڕاست دەکەی، مەسڵەحەت چییە؟ کاکەمەمی چلۆن ببەتلێنین، قەرەتاژدین، عرفۆ، چەکۆ پێ نەزانن؟» گوتی: «قوربان کارێکی وا بکەین، بەنگین نەزانێ». هەڵستان چوونەوە ماڵێ. بەکر گوتی: «قوربان وڵاتێکمان هەیە قەد خەرجمان ناداتێ؛ بڵا زیندانێکی هەڵکەنین بۆ کاکەمەمی، هیچ کەس نەزانێ». بە مانگێکی زیندانیان تەمام کرد. بەکر گوتی: «بنێرە، عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین و بەنگینە و میرمەم بێنە ئێرە؛

(*) ئەو دێرە لە پەراوێزی پێشەکی ئەم کتێبەدا ڕوونکراوەتەوە.

مەسڵەحەتێ بکەین». ناردیان، هەموو هاتن.

میر گوتی: «کوڕینە! ئەمە چ بکەین؛ وڵاتێکم هەیە ئیتاعەتێم ناکەن، خەرجم نادەنێ». گوتیان: «قوربان! چ دەفەرمووی وا دەکەین». میر گوتی: «مەسڵەحەتە ئەنگۆ بچن، کاکەمەمی بۆ من بەجێ بێڵن. بەتەنێ ئەمن عاجز دەبم». گوتیان: «بەڵێ؛ تەدارەکمان بۆ بگرە؛ لەشکرمان بۆ وەدەرخە. یان سەری خۆمان دادەنێین یان بەجارێکی ماڵ و تاڵانت بۆ دێنین».

دەنگی لەشکریان دا لە شاری جزیرێ
سوار سوار دەبن، قۆشەن ڕاستەی لێ دەگیرێ
میر هات و ڕۆنیشت لە دیوانێ
دەڵێ: «بێنن، قەتارێ بار کەن لە گەنج خانێ
بچن ئەو وڵاتەم بۆ بەرحەق بکەن، جا دێنم شادوئیمانێ».
دەستی دەکرد لە عرفۆ و چەکۆ و بەنگینەی بە خەڵات بەخشانێ
دووبارە هەموو ئەنعامی دانێ
قەرەتاژدین، بانگیان کردە دیوانێ
خەڵاتێکی زۆر گەورەیان کرد، هەموو کەس بزانێ
ئینجا مەرەخەست کران دەبێ بڕۆن سبحەینێ.
هەڵستان بەبێ فکری،
هەرکەس دەچێتەوە مەنزڵی خۆی دەگری
ئەگەر ئەوێ شەوێ بوو تەواوە
سبحەینێ بەیانی داوە
شەیپووریان کێشا، ئاڵا هەڵکراوە
میر بۆخۆی هەڵستا بۆخۆی هاتە ئەو ناوە
لەشکریان بەڕێ کرد، لەشکرێکی عەزیمە، تەواوە.
عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین و بەنگینە ئەمانەتی میرمەمی زۆریان دەداوە؛
میر و کاکەمەم و بەکرئاغا گەڕانەوە بە دواوە.

میر بەدزی بە بەکری دەگوت:
«ئەگەر یایەزین بزانێ، کارمان ناتەواوە
دەبێ بڵێین، کاکەمەم سەرکردەی لەشکری بوو، ڕۆی بەو لاوە».
لە پاشان میرزێندین و بەکر کاکەمەمیان خستە زیندانێ
بەکر و میر پێکەوە چوونە دیوانێ.
تاژییەکی کاکەمەمی بوو؛ ئەگەر زانی کاکەمەمیان دە زیندانێ هاویشت، چووە دەرکی یایەزینێ. یایەزین دەڵێ:
«قەرەواش و کەنیزی من، ئەنگۆ گەلێک دلێرن
کاکەمەم چۆتە لەشکری، ئەو تووتکە تاژییەی گەڕاوەتەوە زۆر چاکی نیگا بدێرن».
هەمـوو ڕۆژێ نانیـان دەدا بـە تووتکە تاژییـەکەی، قـەپی پێدا دەکرد هـەڵی دەگرت، دەیبـرد بۆ کـاکـەمـەمی دە زیندانێی داویشت. هەتا چل شـەوی هـەر وابـوو. ڕۆژێکی مـزگـێنیـان هێنـا، لەشکر هـاتەوە. یایەزین گـوتی: «ئەو لەشکـر هـاتەوە، ئەو تـووتکە تاژییـە بۆ وا لاواز بووە؛ جـا ئەمن چ بکەم لە خـەجاڵەتـی کاکـەمـەمی» گـوتی: بێنن، لەکن ئەمن نانی بدەنێ، بزانن ئەو تووتکە تێرو نەکردووە، وا لاوازە. نـانیـان ئاوێتـە بەرێ، قـەپی پێدا کـرد، هـەڵی گـرت و بردی. یایەزین بۆخـۆی وەدووی کـەوت. گـوتی: «کـچێ، بۆ کـوێی دەبا ئەو نانەی؟» گـوتیـان: «قـوربان! هـەمـوو ڕۆژێ نانـی دەدینـێ، دەیبـا، دەڕوا». تووتـک گـەییـیـە سـەر زیندانێ بۆی بـەرداوە. ئەگـەر یایەزیـن چوو، تەماشای کرد، پێی زانی، ئەوە زیندانە، کاکەمەم دەوێدایە. یایەزین دەگری؛ دەڵێ:
«ڕووسیا بووم، بابانم وێرانە
ئەمن لەکنم وابوو، ئەتوو سەرکردەی لەشکری، چووی بەرحەقق بکەی ئەو عێلانە».
میر مەم دەڵێ:
«یایەزین، گیانە!
چل شەوە، بە قسەی بەکری جێگام زیندانە،
شام و نەهارم بووە بە جەمی سەگانە».
یایەزین دەڵێ:
«هەی لە خۆم ڕووڕەش و بابان وێرانێ

تاقە کوڕەی براهیم پادشای یەمەنێ بێتە شاری جریرێ بە قسەی منی سەر بەتاڵ و بێ خودانێ».

میرمەم دەڵێ:

«ئەی خولا، بە ڕەحمەتی تۆم شوکرانە
ئەمن نەمزانی لە شاری جزیرێ بەکر وا شەیتانە
لە خۆم خانەخەراپ و ماڵ وێرانێ،
هیچ جوابی دیم نییە بەغەیرەز شوکرانێ
زوڵفی خۆت بکە تەناف، بزانە دەرم نایەنی لە زیندانێ.
سەری من ئەگەر دەرتهێنام، لەسەر کۆشی خۆتی دانێ
جا ئەودەمێ شوکرانەبژێرم، ئەگەر پێمەردی خولام بێنەسەرێ بۆ گیان کێشانێ».

یایەزین دەڵێ:

«ئەگەر براهیم پادشای یەمەنێ بزانێ
دێ، شاری جزیرێ وێران دەکا، لەسەری کوڕی خۆی لە حەولاد و تایفەی من دەبڕی ڕێ گوزەرانێ».

ئینجا مەلەکڕیحان هاتووە لەولاوە،
سەرتاپا خوار خۆی دە قوڕێ هەڵکێشاوە،
دەڵێ: «یایەزین، بە قوربانت بم، ئەوە چ بووە، چ قەوماوە؟»

یایەزین دەڵێ:

«مەلەکڕیحان، ئەتوو هاتووی، بە قوماربازی دەگری.
ئەتوو نازانی، چاک نابی، چونکە لە ئەولادی بەکری؟»

مەلەکڕیحان دەڵێ:

«قوربانت بم، ئەمن کوێرم بوو چاوە
لە من وایە میرمەم سەرکردەی لەشکرییە چووە، ماڵ و تالانی هێناوە.
ئێستا سەلام لێ ڕابوو، دەڵێن: لە زیندانێدا زەلیل و مەحتەل ماوە».

ئینجا مزگێنی هات، لەشکر و قۆشەن لە شاری جزیرێ بوو بڵاوە ئینجا خەبەریان

به یایەزینێ داوە.

یایەزین ئەگەر وا دەزانێ،

سەرتاپا خوار خۆی هەڵدەکێشا دە قورِ و خمخانێ،

بە کووچەی شاری جزیرێدا دێ، دەست دەکا بە گریانێ.

عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین ئەسپێکیان بە پێشکەش بۆ کاکەمەمی هێنابوو؛ ئەوا دەیگێرِن لە کاروانسەرایە و لە کۆڵانێ.

یایەزین دەڵێ:

«قەرەتاژدین ئاغاکەتان کوانێ»

ئەنگۆ بۆ ئاغایەتی و بەجێ هێشت، چل شەوە جەمی دەگەڵ جەمی سەگانە لە زیندانێ».

بەنگینە دەڵێ:

«ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم،

دەبێ لەشکر و قۆشەنی شاری یەمەنی بێنم،

دەبێ رِیشەی حەولادی میر و بەکری دەرێنم».

عرفۆ دەڵێ:

«ئەمن عرفۆمە،

بەرانێکی بە ئەسرۆمە،

میری برات لە شانانرِا دەگرۆمە»

قەرەتاژدین دەڵێ:

«ئەمن قەرەتاژدینم،

لە پڵینگەکانی چەنگ بەخوینم

ئەگەر نەمرم، میری برات لە شانانرِا دەردینم».

چەکۆش دەڵێ:

«ئەمن چەکۆیەکم بەناوە

لە سوێ میرمەمی کوێرم دەبووە هەرتک چاوە.

خوشکێ یایەزین، گلەییانم لێ مەکە، کوێرم بووە هەرتک چاوە
ئێستا دەبێ شاری جزیرێ تەخت و تاراج بکەم، بیکەم بلاوە.
خوشکێ، پێم بلێ، بزانم میرمەم مردووە یانە ماوە».
یایەزین دەلێ:
«چ بکەم ئەمنی قەلەندەر و مال وێرانێ
نەمردووە و نەماوە؛ ئەوە زەلیلە لەنێو زیندانێ».
ئینجا ئەو چوار شێرە بە گریان دەهاتنە خوارێ لە کۆلانێ،
هەموویان دەهاتن، دەگەینە سەر زیندانێ.
دەیانگوت: «یایەزین! میری بکوژین یا کاکەمەمی دەرێنین لە زیندانێ؟»
یایەزین دەلێ:
«بە قوربانو بم، دامەمێنن،
جارێ کارێکی وا بکەن کاکەمەم بۆ دەرێنن»
ئینجا یایەزین کەزی خۆی بەعالقە بەعالقە کرد ئاوێتیە زیندانێ
کاکەمەم ئاوێتیە ئەستۆ و بنەنگلی خۆی؛ دەستیان کرد بە هەلکێشانێ.
یایەزین دەلێ:
«بیدەن بەمن». سەری خۆی هەلگرت، لەسەری کۆشی خۆی دانێ
کاکەمەم دەلێ:
«یا ڕەببی، بە ڕەحمەتی خولای دەبژێرم شوکرانێ
یایەزین! ئەمن چاوم نابینێ؛ عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین و بەنگینە کوانێ؟»
یایەزین دەلێ:
«جەرگم برا، کەسم نەماوە
ئەتوو نازانی، ئەوانە لە لەشکری گەڕانەوە، پاکت لە دەورێی ڕاوەستاوە؟»
کاکەمەم دەلێ:
«پێیان بلێ گەردنم ئازاد بکەن؛ دەولەت زیاد و مالی ئاوا
لە توو دیدار ئاخرەت بووم، لە ئاهی دایک و بابم مەخسوودم نەبوو تەواوە».

یایەزین، ئەگەر وا دەزانێ،
دەست دەکا بە چەمبەر و گریانێ.
بە ڕەحمەتی خولای میوان دەهاتنە سەر کاکەمەمی بۆ گیان کێشانێ.
کێ بوو لە کاکەمەمی بەڵەک چاوە،
چاوی خۆی لە ڕووی یایەزینێ کرد بلاوە.
عرفۆ و چەکۆ و قەرەتاژدین و بەنگینە دەست دەکەن بە گریانێ،
میرزێندین هەڵدەستا دەهاتە کن ئەوان لە دیوانێ
ئەویش وەک ئەوان دەس دەکا بە گریانێ،
دەڵێ: «خوشکێ، یایەزین! بلا کاکەمەمی هەڵگرین بیبەینەوە دیوانێ».
بەنگین دەڵێ:
«ئەی میر، بە قوربانت بم، چ دەستانی مەکەنێ
«ئەمن ئەمانەتی براهیم پادشایە دەبێ بیبەمەوە یەمەنێ».
میر دەڵێ:
«بەنگینە، گیانە!
«ئەمن نەمزانیوە کوڕی براهیم پادشایە هاتۆتە ئێرەکانە
ئەمن دەزانم شاری یەمەنێ لەسەر ئەوی دەبێ وێرانە،
مەسڵەحەت ئەوەیە دەبێ، هەر لەکنە خۆم بێ گۆڕ و گۆڕخانە».
قەرەتاژدین دەڵێ:
«دەبێ هەر لێرە بێ، چونکە لە یایەزینێ میوانە».
عرفۆ و چەکۆ دەڵێن:
«بە دەستی خۆن دەیبەینە گۆڕخانە.
چونکە میرمەم ماشوقێی یایەزینێیە، هەتا مردنێ یایەزین خوشکی هەمووانمانە».
بەنگین دەڵێ:
«بێ ئاغا و بێ وەتەنین
چونکە میرمەم غەریبەیە، بلا بچین بۆخۆمان قەبری بۆ هەڵکەنین».

میرزێندین دەڵێ:
«خولاکەی! بەنگین چت لەو قسەی داوە
نەمزانی کوڕی براهیم پادشایە؛ کوێرم بێ هەرتک چاوە
لەمێژە ناردوومە قەبری بۆ هەڵکەناوە».
کاکەمەمیان بردە سەر تاتەشواریّ و شۆراوە،
هەڵیان گرت بۆ گۆڕخانان، لەوێ تەسلیم بەخاکێ کراوە،
بانگێکی خۆشیان لێ دا، گەڕانەوە بە دواوە.
ئینجا ئەگەر شەو بەسەردا هات هەڵی کردە ڕێژنەی بارانێ،
یایەزین ئێستا بۆ کاکەمەمی دەس دەکا بە گریانێ:
«تاقە کوڕی براهیم پادشای یەمەنی جوانەمەرگ بوو لە سەری من بابان وێرانێ
حەلاڵی دنیایەم لێ حەرام بێ هەتا خولا دەکا دیوانێ؛
چ بکەم لە خۆم ڕووسیایێ، قەلەندەرێ
بۆ دایک و بابی میرمەمی دەگەینە یەمەنێ خەبەرێ
داخولای، شاری جزیرێ دەگەڵ تۆپ و تۆپخانەی یەمەنێ چی بە سەرێ
چ بکەم، لە چەنگم دەرچوو، ئەمن مل بەکوێنێ
شاری جزیرێم لێ خرا دەکەن کەسم لە ئەولادێ نامێنێ».
کێ بوو لە بەنگینەی دڵسووتاوە،
دەهاتە خزمەت یایەزینێ دەیگوت: «یایەزین! چاوم کوێر بوو، ئاغام نەماوە».
یایەزین دەڵێ:
«بەنگینە! ئەمن بابانم خەرابوو تیرم لە جگەری دراوە».
بەنگینە دەڵێ:
«دەبێ بەبێ کەسی بڕۆم، بۆ شاری یەمەنێ، دەوڵەت زیاد و ماڵێ ئاوا».
یایەزین دەڵێ:
«هەیڕۆ! چ بکەم، ئەمنی قەلەندەری
هەڕۆ، بڕۆ بە خولات بە زامن دەدەم، بە ئەمانەت بە پێغەمبەری».

کێ بوو لە بەنگینی گوڵباوە،
ئەسپ و تاژی دە خمی دەنا بۆ یەمەنێ گەڕاوە.

دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان بە شین و گریانی ئاژواوە، هەتا دەگەییە دەرکی براهیم پادشای یەمەنێ بانگ لەسەر بانگی لێ داوە».

براهیم پادشا وەدەرکەوت، دەڵێ: «بەنگین! کاکەمەم چی لێ هات و چی لێ قەوماوە؟»

دەڵێ: «براهیم پادشا، بە قوربانت بم! دەردێکی گەییە، عەمری حەققی بەجێ هێناوە».

براهیم پادشا دەڵێ:
«بەنگینە، چ دەکەی لەمنی بێ کوڕ و فەقیرێ
چ بکەم لە یەمەنێرا چلۆن بگەمە شاری جریرێ؟»
دایکی مەمی، ئەگەر وا دەزانێ، لەشکر و قۆشەنی دەنگ داوە
هەر بەو شەوەی ئالای هەڵکرد، بەیداغی ڕاکێشاوە
بەنگین بانگ لەسەر بانگی لێ دەدا، بۆ شاری جزیرێ گەڕاوە.
بەنگین دەڵێ:
«دەڕۆم بۆ شاری جزیرێ بۆ کن ئاغاکەی نەوجوانە».
دەهاتە خوارێ دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژانە
دەهاتە دەورەی جزیرێ، داورت [؟] دایبەست تۆپ و تۆپخانە.

یایەزین ناردیە کن میرزێندینی: «مەرەخەس بفەرمووێ، دەچمە سەر قەبری کاکەمەمی». میر تەگبیری بە بەکری کرد، گوتی: «مەرخەستی بکەم، یا نەیکەم؟» گوتی: قوربان! مەرەخەستی بکە، دەزانم، بە هاواریەوە دێن؛ دەشقەم بۆ خاتری یایەزینێ خەراپەمان نەکەن». میر فەرمووی: «بلا بچێتە سەر قەبران، مەرەخەستە». یایەزین بەگریانێ چووە سەر قەبران. ئەوە یایەزین گەییە سەر قەبری کاکەمەمی. بانگی کاکەمەمی دەکا.

دەڵێ: «خولایە، نە بەکەبرێنی، نە بەسەبرێنی
بۆخۆت گیانان دەدی، گیانان دەستێنی

کاکەمەم، عەمرەکەم، ئەتوو نابێ جارێکی سەر هەڵێنی؟»
کاکەمەم دەڵێ:
«خاتوونێ! بۆ وا شێت و کەم ئەقڵی؟
ڕوومەتی تۆم گەلێک جوانترن لە دەسرۆکەی گوڵ گوڵی
هەتا دنیا خەرا دەبێ، پیاو سەر هەڵنایەنێ لە ماڵە گڵی».
یایەزین دەڵێ:
«خوڵایە، بەغەیرەز ئەتوو کەس نییە بمێنی
ئەمن چیدیکەم بۆ مەجووزاتان نەژێنی
ئەمن بە کێلی کاکەمەمیەوە بمرێنی.
خوڵایە، ئەتوو کەریمی، قادری»
میوانی خوڵای دێ، ڕۆحی لە یایەزینێ وەردەگری.
خەبەریان دا بەمیرزێندینی: «یایەزین مرد». میر بە بەکری فەرموو: «برۆ، قەبری بۆ هەڵکەنن». گوتیان: «قەبری هۆ لەوێ هەڵکەنن». هەرجێکی پاچیان لێ دا بوو بەروو لە هیچ کوێ هەڵنەکەنرا؛ لەکن کاکەمەمی نەبێ. قەبریان تەواو کرد. یایەزینیان تەسلیم کرد. دایانپۆشی گوتیان: «یاڵڵا بڕۆینەوە». شەققژن لە قەبری کاکە مەم و یایەزینێ هات. بەکر گوتی: «ئاحا! دەست هەڵناگرن ئەوا لە قەبریش چوونە باڵی یەک»:
بەکرئاغا دەڵێ:
«میر ئەتوو میرێکی ساحب خاتری
لە هەموو کاران عەیب و عاران لە من دەگری
خوشکی قەعبەی توو لە قیامەتێش دەس لە خەڵقی هەڵناگری».
میر گوتی: «هەموو کارێکی پێ کردم، دەنجا بیکوژن»
بەکر خۆی ئاوێتە نێوانی قەبری کاکە مەم و یایەزینێ. خوێنی بەکری لە نێوانی قەبری کاکەمەم و یایەزینێ کەوت، ئێستا بوو بە زی لەوێ شین بوو.
کاری وان بوو تەواوە
عرفۆ سەرتاپا خوار خۆی دە قوڕێ ناوە

چەکۆش خۆی لە خمی داوە
بانگێکی خۆشیان لە بۆ مەم و زینان لێ داوە
بە خەمناکی هەر کەسە بۆ ماڵە خۆی ڕۆیەوە و گەڕاوە
خەبەریان بە براهیم پادشای دا، یایەزینیش مرد، لەکن کاکە مەمیان ناشت.
کێ بوو لە براهیم پادشای زەنوێرە
گوتی: «ئیدی کەس پێم نەڵێ لە پاش مەم و زینان شاری جزیرێ نیگابدێرە
سبحەینێ پاکی نوغرۆ دەکەم دەچۆمی جزیری دەکەم سەر بەرەو ژێرە».
ئینجا کە سبحەینێ بەیانی داوە
براهیم پادشا لە خەوێ هەڵستاوە
دەڵێ: «چ بکەم؟ لە عەیبەت میرمەمی کوێرم بوون هەرتک چاوە».
ڕووی تۆپ و سەربازی دە شاری جزیرێ کراوە.
بەنگینە ئاغای چووە بۆخۆی سەرکردەیە و زگی سووتاوە.
ڕووی دە ماڵە بەکری کرد؛ هەرچی گەییە سەری بڕی، سینگی هەڵێناوە.
ڕووی دە ماڵە میرزێندینی کرد، قەتی یەک خەلا نەبوو، یەکی نەماوە هەتا بەجارێکی ئاساریان بڕاوە.
جا خاتوون ئەستی کوێنی دەبەر خۆی کرد، چوو لە پێش براهیم پادشای ڕاوەستاوە،
دەڵێ: «پادشا، مەم و زین چوون، ئاساری ماڵە بابم بڕاوە».
براهیم پادشا دەستی دەستۆی خاتوون ئەستێ کرد، گوتی: «ئەتوو کچی منی ئەتووم لە جێی کاکەمەمی ڕۆناوە».
دەستی دەستۆی خاتوون ئەستی کرد، چووە سەر قەبری مەم و زینان بە بیانیەکی تەواوە.
گەینە سەرقەبران، دەگەڵ لەشکر و قۆشەنی بانگێکی خۆشیان لێ دەداوە.
کێ بوو لە براهیم پادشای نەوجوانە،
کوێرایی گەییە هەرتک چاوەکانە،
دەڵێ: «بە سەرینی پیری بەشم بێ کوڕی و زگ سووتانە.

ڕۆڵە! خاتوون ئەستی نایەمەوە شاری جزیرێ؛ شارێکی بەدقەدەمە، ویستراحەت گرانە.

ڕۆڵە! شارەکەی یەمەنێ، بێ کوڕی ئاغای و سەرەوێرانە».

خاتوون ئەستی دەڵێ:

«لە سوێ مەم و زینان وەختە وەرگەڕێم لە دینی،

ئیچ باب و برام نەماون، لەکنیان ڕۆنیشم بە پەرژینی».

براهیم پادشا دەڵێ:

«ڕۆڵە! شارەکەی جزیرێم بە بەرات دا هەتا مردنێ بە قەرەتاژدینی»

«ئینجا ئەمن کاکەمەمم چوو، هۆم کەوتۆتە بەنگینی».

قەرەتاژدین دەڵێ:

«چ بکەم براهیم پادشا؟ ئاغایەتیم پێ ناکرێ، جگەرم بڕاوە،

«خزمەتی میرمەمم گەلێک نەکرد، ئەمەگم بەهیچێ دراوە.

«خولا دەزانێ کوڕی تۆیە؛ بلا ئەمن هیچ کەسم لە شوێنەوارێ نەماوە».

سبحەینێ تەدارەکی دەگرت هەتا حەوت ڕۆژان هەر خێر و قوربانی بۆ مەم و زینان کراوە، لە پاشان ئالایان هەڵکرد و بەیداغیان ڕاکێشاوە.

جزیر بە قەرەتاژدینی تەسلیم کرا. گەڕانەوە بە دواوە.

براهیم پادشا لە حەسرەتان کوێری بوون هەرتک چاوە.

دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان لەشکریان هێناوە بە دواوە

داخل بە شاری یەمەنێ دەبوو، هەموو کەس خۆی دە قوڕێ ناوە

بەنگینی کرد بە کوڕی خۆی و بەسەر شاری یەمەنێی داناوە.

یا ڕەببی! (ڕەحمان بەکر نەمری) بەچوار ڕۆژان ئەو بەندەی بۆ ساحبی ئاڵمانی کرد تەواوە،

ئیسای ڕوحوڵلا لەسەر ساحبی ئاڵمانی ڕاوەستاوە

ئاغای ساحب بە ساق و سەلامەتی لە هەموو دەریایان پەڕیوە لە دایک و خوشکی خۆت بکە سەلاوە.

***

لاس و خەزاڵ

ئەحمەد ئاغای باڵەکی چ کوڕی نەبوو. مەحموود ئاغای برای وی بوو؛ ئەویش چی نەبوو. هەردووک ژنیان عامیلەدار بوو. خولا لاسی دا بە ئەحمەد ئاغای، خانزادیشی دا بە مەحموود ئاغای. لێکیان مارەکردن؛ لاس و خانزاد. دایکی لاسی نێوی شەمێ بوو. دە ساڵان ئەحمەدئاغا وێی کەوت، مێردی پێ نەکرد. شێرێک یاغی بوو. پیاوی دەشکاند، دەیخوارد؛ ئەحمەدئاغا گوتی: «یان دەبێ ئەمنیش بخوا، یان ئەو شێرەی دەکوژم». چوار ساڵ بوو شەمێی هێنابوو، ئیلاقەی نەدەکرد. گوتی: «بۆچی ئیلاقەی من ناکەی؟» گوتی: «هەتا بە دەستی خۆت دۆخینم نەکەیەوە، ئەمن ئەتوو...».

ئەحمەد ئاغا سەر و بەرگی پۆشی، چووە زگ شێری. شێر دەستی بە دەعوایە کرد دەگەڵی. خولا فرسەتی ئەحمەد ئاغای دا، شێری خست. هەڵاتە سەری، سەری بڕی. ماندووبوو، لەسەر پشتی شێرەکەی نووست، خەوی لێ کەوت. لە خەڵقی بوو بە شین و گریان؛ گوتیان: «شێر ئەحمەدئاغای کوشت». ژنەکەی گوتی: «ئەمن دەچم. یان دەبێ ئەمنیش بکوژێ، یان تۆڵەی ئەحمەدئاغای دەکەمەوە». ژن دەستی دا خەنجەرێ. چووە زگ شێری. ئەگەر چوو تەماشای کرد شێر کەوتبوو؛ ئەحمەدئاغا لەسەری درێژ ببوو. گوتی: «وەڵڵاهی! ئەوە شێر شکاندوویەتی، لەسەر پشتی خۆی داناوە». تەماشای کرد سەری شێری بڕیوە؛ ئەحمەد ئاغا خەوی لێ کەوتبوو. گوتی: «خولاکەی، ئیلاقەی من نەکا؛ بزانم پیاوە یان پیاو نییە». دۆخینی دەکردەوە[1]. ئینجا هەڵاتە سەری لەسەر پشتی شێری...، ئینجا لاس لەسەر پشتی شێری گووراوە. هەڵستان هاتنەوە ماڵێ.

خانزاد خان و لاس لێک مارە کرابوون؛ هەتا دوازدە ساڵان. دە پاشان ئەحمەد ئاغا مرد. مەحموود ئاغاش مرد. شەش ساڵان تازیەی ئەحمەد ئاغا و مەحموود ئاغای بوو. پاشی شەش ساڵان پیاوێک چووبوو بۆ جەڵەبی؛ چوو بۆ نێو عێلی مامووەدینان. لەوێ چاوی بە خەزاڵێ مەلا نەبییان کەوتبوو. هاتەوە، گوتی:

---

(١) ئەحمەدئاغا چاوی هەڵێنا؛ تەماشای کرد، ژنەکەی دۆخین دەکردەوە.

«لاسەشۆڕ عەمرت بە هیچێ چووە». گوتی: «بۆچی وا دەڵێی؟» گوتی: ماڵ خرانەبوو! ئەوڕۆ خـەزاڵێ مـەلا نەبییـانم دیوە؛ دەگـەڵ ڕۆژێ دەعـوایە دەکا؛ ئیدی هـەر بۆ توو چاکە». لاس هەڵستا ولاتی باڵەکیانی بەجێ یەشت. چووە نێو عێلی ماموودینان، چاوی بە خـەزاڵێ بکەوێ. ئەگەر چوو لەوێ دابەزی، جلـەویان گرت و ولاغـەکـەیان بەسـتـەوە. بۆخـۆی چووە خـزمـەت مـەلا نەبی؛ گوتـی: «ها بابم کـوێندەری؟» گـوتی: «قوربان! هاتوومـە نۆکەریێ». گوتی: «خەڵقی کوێی، کوڕی کێی؟» گوتی «قوربان! لە گـەرمـێنێ هاتووم». مـەلا نەبی گـوتی: «ئـەحـمـەد ئاغـا و مـەحـموود ئاغـای باڵەکی دەناسی؟» گـوتی: «قوربان خێر؛ خەڵکی عێلی وان نیم». گوتی: «قـەننەداری دەتوانی بکەی؟» گوتی: «بەڵێ قوربان، دەتوانم». کیسە و قـەننەیان دایە. لاس بووە قەننەداری مـەلا نەبی دە شـەوانی قـەننـە تێ کـرد. ڕۆژێکی خـەزاڵ هات بەپێش چاوی دا. لاس گوتی: «ئەوهە کێیە؟» گوتیان: «ئەوهە خەزاڵێ مەلا نەبییانە». لاس دەڵێ:

«یای خەزاڵ، نە قەولت قەولە، نە شەرتت شەرتە، نە دینت دینە

هەزار باری دە نەحلەتانت ببێ لە پیرە دایکێ، لە برا گچکەلە، لە بابی ڕدێن شینە

ئەمن بۆ توو دەچوومە کوێستانی عەزیم و بوزرگینە

دەسکێکی سۆسن و هەلاڵەم دەچنینە

دەسک بەدەسکم کردن بە ئاوریشمی دوکانێکم بەستینە

کاروانێک دەهاتەوە لە دەغڵ کڕینە

ئەمن بەو کاروانەی دا ئەو گوڵەم بۆ توو ناردینە

نازانم ئەو گوڵەت پێ گەیوە یا نەگەیینە»

خەزاڵ دەڵێ: «لاس، ئەمن ئەوانەم لە توو قبووڵ نینە.

نە سەری سەهەندی، نە قووچی قەزەنی، نە ڕندۆڵی زەرزان، نە سەری تەشوێلەی، نە مۆڵی بەرانی، نە کانیە خولای شتاقیان دەگەڵ نینە».

لاس دەڵێ: «یای خەزاڵ، چۆمم لێ هاتن، پردم لێ هەڵوەشینە.

ئەمن مەلەوانێک نەبووم لە گۆمی دە شینە،

کیژ و کوڕی هەمزاغایان، لە من و توو دڵ بەدنیاتر بوون، بە پێشی من و توو سەری ئەو گوڵانەیان هەموو دەچنینە.

خولاّ ماڵی خێلاّتی خراکا! دەگەڵ بەرگەل و مێگەلان ئەو گولاّنەیان هەموو پچڕینە، دەستی لاسی باڵەکی قوڵە بوو، بۆ هەموو کوێستانان نەگەینە».
خەزاڵ دەڵێ: «لاس، دڵت کردووم هیلاکە
لەو گولاّنە هێندێکیان دەبەری خۆت ڕاکە
وەرە لەبەر ماڵی مەدا هەڕاکە
هێندێک دەڵێن: یا خولاّ پیرۆزت بێ! هێندێک دەڵێن:
موبارەکی بێ لاسی باڵەکی جوانێکی چاکە».
لاسی دەڵێ: «لە ماڵە مەلایان هەتا ماڵی سۆفییان
لە ماڵی سۆفیان هەتا ماڵی مەلا نەبییان
ئەمن دەڵێم: ببمە سەییاح؛ ڕۆمێ بگەڕێم دەگەڵ هیندییان
بریا دارێک بوومایە لە داری دە قەیسییان
بیاندامایە چەنگ وەستایان، شەقیان کێشابامایە بە مشاریان، بیاندامایە بەردەمی ڕەندە و کوشتەرییان
هەڵیان هێنابامایە بە پەڕێکی تێلتاوسی، خاسەڕەنگیان کردبام بە پوشت باڵی سپی سییان
بیاندابمایە بەر ماڵی کەوانێکی هیندییان
هەڵیان داشتبام بەرەو قووچی قەزەنێ قەندیلی مامە کۆییان
لەوێ پێیان کوشتبامایە، دە کاران، دایکی دە نێرییان
گۆپەڕکم کەوتبا لە بڵندان، شاباڵم کەوتبا لە نەوییان، لە سەری ڕێی شوان و گاوان و ناسکە بێرییان
هەڵیان گرتبام بیانبردمایە سەر ڕازی کانییان
لە خۆشییا منیان مەڕ سەرچڵ کردبایە، هاتبانایە سەر بەردی دە کانییان.
سەرێکیان نابام دە بنی تووری؛ نێوەڕاستم کەوتبا سەر زاری شیرمەشکێ لە ملی خۆیان قایم کردبام. لای دیکەم کەوتبا نێوانی هەرتک شانان؛ بەسەرمدا هاتبایە هیزار دەگەڵ قمبەڵێکی کەزییان.

جا حەوتوێکم لەسەر بوایە مەڕەکە دەگەڵ خەڵق و خولای خێڵەکییان.

بێرێکی زۆر موسڵمان ئەمنی لەو عێلاتەی دزیبا؛ بەدیاری و سەوقاتی بردبامی بۆ یای خەزاڵێ مەلا نەبییان.

یای خەزاڵ بە دەستی مبارەکی وەریگرتبام، بیناردمایە کن زێڕینگەری، زێڕینگەر سەرێکی زێڕ کفت کردبام، نێوەڕاستم ئەشەرەفی بەند، لای دیکەم دە دوڕ و ئەشرەفییان.

زێڕینگەر لەسەر هۆردک دەستانی ڕۆنابام، بەدیاری و ئەندام هێنابامەوە بۆ یای خەزاڵێ مەلا نەبییان.

یای خەزاڵ سەرێکی بە قوڵکی گەردنیەوە نابام، سەری دیکەم لە نێوان سینگ و مەمییان.

ئارەقە شێت و شەیدای کردبام، باوەشێنی کردبام بە پەرچەمان، فەرامۆش بوومایە بە کەزییان.

وەختێ لەوێم لێ وەڕەز دەبوو، بینابام لەنێو سندووقێکی خاسەڕەنگ، ڕۆژێ بە نوغل و نەباتی پەروەردە کردبام. شەوێ قاسید بام لە مابەینی سینگ و مەمییان.

وەختێک لەوێم لێ وەڕەز دەبوو، بیناردمایە سەر وەستایەکی گەوێڵ، دروستیان کردبام بۆ نێرتکی تەشییان. حەوت ساڵان پێی ڕستبامایە ڕانک و چۆغەڵەی مێردووتییان.

وەختێ لەوێم وەڕەز دەبوو، قەرەواش و کەنیزان، ئەمنیان لە خەزاڵێ بخواستایە، دەیگوت: ناسکە تیرێکی عەجیبە، بە کەسی ڕەوا نابینم، نەکوو زەحمەت و کوێرەوەری بدەنێ، ڕۆژی قیامەتێ خەلاس نابم لە خەجاڵەتییان.

وەختێکی لەوێم لێ وەڕەز دەبوو، بیدابامە بەر ناڵچەی کەوشی زێوان کەرت و پاری کردبام، فرێی دابامە دەم کەوی و کانییان.

لەوێ بۆ خۆم شین بووبام بە گۆڕانگێکی شەنگەبییان. بە بنم داهاتبا گێلان و گێدان، خێڵی سوورچی و زرارییان،

هەموو هەوەڵی پایزان، ئاخری بوهاران لەبن سێبەرم ڕۆنیشتبا یای خەزاڵێ مەلانەبییان».

خەزاڵ دەڵێ:

«دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ، لەبەر ئەوێ ژانێ.

ئاورێکم بەربوو دەروونێ، ئێدیکەم بەربوو دەروون خانێ،

نە بەبای دەکوژاوە نە بە بارانێ.

هاوارێکم وەبەر خولای، ئێدیکەم وەبەر پێغەمبەری ئاخرزەمانێ.

لاسە! ئەو پەرچەمانەم بۆ توو پەروەردە کردوون هەر وەک ئاوریشمی دووکانێ

ئەمن ئەو هەنیەم بۆ توو نیگاداشتی کردووە، هەزار و حەوسەد مەلایکەتی جڵەوکێشە، وەک مانگی مونەوەر وایە، شەوقی داوەتە عەرز و ئاسمانێ.

ئەو برۆیانەم بۆ توو پەروەردە کردوون، دەبێ شاری هیندی بۆ بدەی بە دەرمان؛ دەستی بکەی بە وەسمە کێشانێ.

ئەو چاوانەم بۆ توو پەروەردە کردوون، دەڵێی ئەستێرەی گەلاوێژە، لە هەوشار و عەجەمان هەڵدێ، هەر ئاشقێکی ببینێ گوناهی نامێنێ ڕۆژی ئاخرزەمانێ.

ئەو کوڵمانەم بۆ توو پەروەردە کردوون، دەڵێی فانۆسە لە دیوانی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ؛ میرزای قابیل لەبەر شەبەقی وی قەڵەمی باوێتە سەر قاقەزی بۆ هەر چوار دەوڵەتان بنێرێ پۆستە و فەرمانێ.

ئەو کەپۆیەم بۆ توو پەروەردە کردووە. مەگەر هەر هەیاسی دانا مەعنای بزانێ.

ئەو لێوانەم بۆ توو پەروەردە کردوون، پیاوی تاجر مەگەر کلووری ببێ دەنا قیمەتی نازانێ.

ئەو ددانانەم بۆ توو پەروەردە کردوون. هەر ددانێکم گەوهەرێکە، هەر گەوهەرێکم قیمەتی تەواو نابێ بە شاری کشمیرد و ئێرانی.

ئەو چەنەی ڕەنگ شاخی زێڕینی بۆ تۆم پەروەرد کرد. دڵم نایە دە مست وەستای ناشی نێم، وەستایەکی باش وەستا ببێ، سەبرسەبر، نەرم نەرم، زەحمەتی نەدا لە مسقاڵ کێشانێ.

ئەو گەردنەم بۆ توو پەروەردە کردووە، دەڵێی شووشەی گولاوێیە چەند خۆشە لاس و خەزاڵ لێکدی بپڕژێن، لاس بڵێ: یای خەزاڵ، ئەو شووشە گولاوێم بۆ لەسەر دەلاقە دانێ.

ئەو کەشەفەم بۆ توو پەروەردە کردووە، جووتێک لیمۆی کاڵی لەسەرن خاوڕیسی دارای لێ بووە بە پەردە کلیلی بۆتە دەرزی هەشتەرخانێ.

هێندێک خاڵ لە نێوان سینگ و مەمکانم ئەو خاڵانە بەبێ مامۆستا و موستەعید دەخوێنمەوە: ئەلفن، میمن، خەتی قورعانێ.

ئەو بەژنەم بۆ توو پەروەردە کردووە. دەڵێی ڕیحانەی یەکساڵەیە، بەنیئادەمان شەواویان لێ ناوە خوناوەکی پەڕیوەتە سەر پەلکان دەگەڵ زەردەی ڕۆژی هەوەڵی سبحەیانێ.

ئەو شلکەی ڕانانم بۆ توو پەرەوەردە کردووە، خۆی بۆ شۆڕ بکەوە، سەری خۆتی لەسەر ڕۆنێ لە ماچکردن و گەوزلێدانێ.

لاسەشۆڕ! عەمرم! وەرە. ماچانت دەمێ هیچ کەس نەزانێ.

گوێزینگی پێیانم سێوی سەر لکانە، بەئەمانەتی بەباغەوانی داون لە ئێوارەوە کێشکی لێ بکێشێ هەتاوەکوو هەوەڵی سبحەیانێ.

لە سبحەینێوە کێشکی لێ بکێشێ تا عەسرێکی درەنگ مەلا دەڵێ: «ئەڵڵاهو ئەکبەر»؛ سۆفی دێننەوە شادەت و ئیمانێ.

لاس وەرە دوو ماچانت بدەمێ، یەک لەباتی زەکاتێ، ئیدیکە لەباتی کەلیمەی شادەت و ئیمانێ».

لاس دەڵێ:

یای خەزاڵ چ بکەم ئەتوو لە متبەقێ ئەمن لەلای مێردانە.

دڵم بەخەمە دەروونم سەرەوێرانە.

ئەتوو خانەخوێی ئەمن بێگانە؛

ئەگەر ڕاستە و دەمدەیەی ئەو ماچانە

شیشی لە چیغی ڕاکێشە تەشریفی موبارەکت بێتە ئیرەکانە.

خەزاڵ هات دەستی دە ستۆی لاسی کرد. نووستن پێکەوە خەویان لێ کەوت. میربداغ و میرحەمەدخانی سوورچی و زراران هاتن تالان و ماڵی عێلی مامووەدینیان؛ هەموویان برد. پیرێژنێک مانگای بەگوانەوە چووبوو، گەیشتە لاسی و خەزاڵێ. جنێوی دایە گوتی: «سەگباب ئەتوو دێی دەگەڵ خەزاڵێ وردە ... دەکەی،

ماڵی من بەتاڵان بەرن». لاسی خەوی لێ کەوتبوو، خەزاڵ بەخەبەر بوو. خەزاڵ بەپیر پیرێژنێوە چووە؛ گوتی: «دایەپیرە مەگری، لەجیاتی مانگایەکی بیستت دەدەمێ، لەجیاتی گوێلکێکی بیستت دەدەمێ. لاس خەوی لێ کەوتووە بلا وەخەبەر نەیە». پیرێژن گەڕاوە دیسان لەولاوە هاتەوە زگ لاسی گوتی: «حیزباب! لە وڵاتی باڵەکیان ئەتوو... دەدا؟ ئەتوو هاتووی ماڵی من بەتاڵان دەدەی».

یای خەزاڵ بەپیریەوە چوو گوتی: «پیرێژن! دەنگی مەکە، بلا لاس وەخەبەر نەیە». پیرێژن گوتی: «وەڵڵاهی دەگۆڕی بابی لاسی دەڕیم، بۆچ مانگای من بەتاڵان بچێ» دوو قەرەواشان باوەشێنی لاسیان دەکرد، مێشی لێ نەنیشێ. ئەو قەرەواشانە دەگریان بۆ ماڵی بابیان. هەر یەکی حەزیان لە کوڕێکی دەکرد. دەیگوت: «ماڵەکەیان چوو، ئەمەیان پێ ناخوازرێ».

لاس سەری هەڵێنا گوتی: «ئەوە چییە بۆچی دەگریێن؟» گوتیان: «قوربان! میربداغ و میرحەمەدخان هاتن تالان و ماڵی ئێرە هەموویان برد». گوتی: «دەنا خەزاڵ دەگەڵ من غەیان بووە».

لاس هەڵستا بەپەلەپەل دەیکردە لینگدانە
لاس دەڵێ: «ماڵی وێرانم وڵاتی باڵەکیانم بەجێ یەشت هاتمە ئێرەکانە.
ئێستا هەزار و چوارسەد ماڵی خۆم و مامم سەرەوێرانە
خانزادخانی حەریرێ بێ ساحێبە و بێ خودانە
داخولا، قاسیدی کێیە؟ هاتۆتە(؟) خەزاڵی چاو جوانە
نەمزانی ژن دەغەڵن پێشکاریان شەیتانە
هەڵبەت بەدزی من ناردوویانە، میربداغ و میرحەمەدخان هاتوونە ئێرەکانە.
تالانی عێلی مەلانەبییان دەبەن، دەڵێن: لاس منداڵ و نادانە.
دەنجا قەرەواش بڕۆن و دامەمێنن،
ماینێ شێخزم بۆ لە بەهاربەندێ دەرێنن.
زرێی داودی، ڕمبی نەزەریم بۆ بێنن.
خەبەرێکی بە میربداغ و میرحەمەدخانی سوورچی و زراران ڕابگەیەنن،
ئەگەر هاتوون ماڵ و تالانی مەلانەبی دەبەن، وریابن، مەڕی خەزاڵێ لە

سەرینچاوەی کانیە ئاو بدەن لە بژوێنی بلەوەڕێن.
هەڕاکەن ماینێ شێ خەزم لە بەهار بەندێ بۆ دەرێن؛
زینێکی مورسەتی(*) لێ بشەتێن
جووتێک زەرگانم لە بۆ بالاتەنگێ بۆ بێن».
ئەگەر ماینێ شێخزیان لە بەهاربەندێ دەهێنادەرە،
پێی دە ڕکێفێ دەنا، دەکەوتە سەرە
عێلی مەلانەبییان ڕادەوەستان ئەوبەر ئەوبەرە،
لە ژنانیان گریان و چەمبەرە.
لاس دەڵێ: «یای خەزاڵ! خولاکەی چەند ماچی منت لەسەرە؟»
خەزاڵ دەڵێ:
«ئاورێکم گرتووە، نییە قەرارم.
هەرچەندی دەفەرمووی، ئەمن قەرزدارم.
تالانی عێلم چوو خەجاڵەت بارم
تەخسیری من دەگرن وا گوناهکارم».
لاس دەڵێ:
«پیاوێکی نادرم،
ئەمنماڵی ئەو عێلەی بە زامن هەڵدەگرم
دەبێ لەسەر گیسکێکی ئەو عێلەی ئەمن بمرم.
ئێستا بەئیزنی خولای، سوورچی و زرارانیشت لە بۆ دەگرم.
بەشاهید بن کەیخودا و ڕدێندارە:
بزانن یای خەزاڵ چەند ماچ بە من قەرزدارە
ئێستا بزانە چلۆن دەیکەمە کوشتن و هاوارە،
ئێستا تالانی سورچی و زراران دەگرم بەیەکجارە،

(*) ڕەنگە مورەسسەع بێ؟

ئێستا مەڕی یای خەزاڵێ دێنمەخوارە.
لاس ئەگەر ڕکێفی لە ماینێ شێخز داوە،
لەنێو عێلی وەدەرکەوت، چوو، لەوێ ڕاوەستاوە.
لاس بانگ دەکا دەڵێ: «داخوا، لە چ تەرەفان ماڵ نەماوە».
ئەگەر برێکی دی لە زینوێی چوو بەولاوە،
ئەگەر تەماشا دەکا، لەشکری میربداغ و میرحەمەخانی ڕاوەستاوە.
لاس گوتی: «یای خەزاڵ! کەس دەگەڵم نەیەتە دەعوایە،
ئەمما هەرچی ژنە سەر و بەرگی ڕەش بێ، ئەتوو بۆخۆت بەرگی سپی دەبەر بکە؛
ئەگەر ئاورِم داوە، بزانم لە کوێی». ئینجا ئەگەر لاس دەستی بە جڵەوی دادەهێنا،
چووە خوارێ بۆ مەیدانێ.
لەشکری سوورچی و زراران دەڵێ: «قاسیدی عێلی مامودینان ئەوەتانێ».
هێندێک دەڵێن: خولاّ ماڵێو بکا وێرانە،
ئەنگۆ بۆ نایناسن کەڵەگایە، ئەوە لاسی باڵەکیانە.
لاس بانگ دێڵێ:
«هۆی میربداغ، میرحەمەخان گیانە!
تالآنی خەزاڵو بردووە، لە بژوێنی نەلەوەڕێ، یای خەزاڵ لێم دەکا گلەییيانە،
بۆخۆو تالآن دەکەم، لێو دەکەمە ئێخسیر ماڵ و خێزانە».
میرحەمەدخان دەڵێ:
«لاسی باڵەکی! نەمرم، بژیم، بمێنم.
بە گۆڕی ئەحمەد ئاغای باڵەکیدا دەڕێنم.
ئەگەر نەمرم، دەچم ولآتی باڵەکیان تالآن دەکەم، خانزاد خانێ بە ئێخسیر دێنم».
لاس دەڵێ:
میربداغ، بە لاسی بزانە،
شەڕی کاوڕان نییە شەڕی بەرانە.
ژنانو دەکەمە ئێخسیر، جێ ماڵو دەکەمە سەبزیخانە.

ئەنگۆ چ هونەرێکو کردووە، هاتوونە نێو ماموودینان، دەبەن ئەو ماڵ و تالآنە؟
مەڕی خەزاڵێ، ئەگەر لە بژوێنێ نەلەوەڕێ لێم دەکا گلەییانە،
دەبێ لە سەرینچاوەی کانیان ئاو بدرێ، حاجز نەبن بێرێ و شوانە،
ئەوە هاتمە مەیدانێ، جا حاڵی خۆت بزانە».
ئەگەر میربداغ وادەزانێ،
دەستی دەدا ڕمبی خۆی، ڕایدەکێشا مەیدانێ.
لاس دەڵێ:
«ئەمن لە مەیدانی خۆم دەبینم کاوێ؛
ئەتۆ وەرە، دەستی ماینێ شێخز بگرە، لێم بکە سەلآوێ،
بڵێ لاسەشۆڕ، میوانی خەزاڵێم، لە دڵم دەرماوێ».
حەمەدخان دەڵێ:
«نازانی وەک پڵینگی چەنگ بەخوێنم؟
باڵدار بە ئاسمانێدا بڕوا، باڵآنی دەوەرێنم؛
نازانی خەزاڵێ دەکەم بەئێخسیر، ئەتۆش بە گۆڕی ئەحمەد ئاغای باڵەکیدا دەڕێنم».
لاس دەڵێ:
«های دادوبێداد، زەمانێکی ڕاگوزارە،
ئەتوو خۆت باوێ کن خەزاڵێ، حیزب باب دەشقەمێ بۆت ببێ بە تکاکارە.
ئەی میرحەمەدخان، چیدیم لێ ڕامەمێنە،
ڕۆژ ئەوە وەرگەڕا، درەنگە، زەبری خۆت بوەشێنە».
ئەگەر میربداغ دەستی دەدا زەرگی خۆی، لە تەنیشتی خۆی هەڵکێشاوە، زەرگێکی حەواڵەی لاسی دەکرد، لاس خۆی لەبەر لاداوە
ئەگەر لە قەڵبووزی پێشەوەی داوە، لە پاشەوەی قەڵتاغ شکاوە.
لاس دەستی دا ڕمبی خۆی، ڕمبێکی لە میربداغی دا، لەسەر ئەسپی فڕێداوە؛
ڕمبی لاسی دەسەر دڵی میربداغی ماوە.

لاس بانگ دێڵێ:
«یای خەزاڵ، بووی بە دەزبێنم.
لە میربداغ و میرحەمەدخانی دەگەڵ کێهەیان سوێندخۆری تا بە دەستی بەستەت بۆ بێنم؟
هەر کێ قسەی دەگەڵ ئەتوو یەک بێ، حەمرێکەم، بەخولای! نایڕەنجێنم.
ئەوی ئەتووی دەگەڵ یەک نەبی، بەخولای! سەرت بە پێشکێش بۆ دێنم».
یای خەزاڵ بانگ دێڵێ:
«هۆی لاسەشۆڕی باڵەکیانە،
ئەزت بم بە قوربان قمبەڵی دە پەڕانە،
هەرچی ئەتوو کەیفت دێنێ، وەکیلی منی بۆ من خۆشگوزەرانە».
ئەگەر لاس ئەو قسەی لە خەزاڵێ دەبیستەوە تەواوە.
ڕکێفی لە ماینی شێخز دەدا، ڕمبی لە سینگی میربداغی هەڵدەکێشاوە.
ئەگەر میرحەمەدخان وا دەزانێ،
ڕکێفی لێ دەدا دەهاتە گۆشەی مەیدانێ.
میرحەمەدخان دەڵێ: «نەمرم، بژیم، بمێنم،
«ئەگەر نەمرم، ئینشاڵڵا، ولاتی باڵەکیان و ماموودينانت ڕاست و چەپ بۆ تێک دەپەڕێنم،
یای خەزاڵ دەکەم بە جاریە، خانزادیش بەئێخسیری دێنم».
لاس دەڵێ:
«میرحەمەدخان، گیانە!
ئەگەر نەمرم سەرت لە مەیدانێ دەبڕم، ژنانیشو دەکەم بەقابەخانە.
ڕمبی خۆت باوێ، زەبری خۆت لێ دە؛ شەڕی بەرانی بەسەر چوو، شەڕی کەلانە،
ئەگەر مەڕی خەزاڵێ چاک نەلەوەڕێ، کەم شیر دەبێ، بێری شکایەتم لێ دەکەن، یای خەزاڵ لێم دەکا گلەییانە:
درەنگە زەبری خۆت باوێ ئەوڕۆ مەیدانە!»

میرحەمەدخان ڕقی هەڵستاوە،
ئەگەر ڕمبی هەڵدەکێشا، حەواڵەی لاسی باڵەکی داوە.
لاس سەرەزەرگێکی لە ڕمبی میرحەمەدخانیدا، لە خۆی لاداوە.
ئەگەر لاس ڕمبێکی لێ دەدا، لەو شانی چەپەی داوە.
لاس بانگ دێڵێ:
«هۆی خەزاڵێ، کێل گەردنێ بەڵەک چاوە!
ئەگەر سوێندخۆری میرحەمەدخانی، بەخولای لە جێی خەتەرێم نەداوە.
بنێرم ئەرەسوو و لوقمانی بێنمە سەرێ بۆت بگێڕمەوە بەدواوە.
هۆی خەزاڵی بنێرە کن میربداغ و میرحەمەدخانی، بزانە ئەو عێلە بۆچی تالان کراوە».
هەر جارێک ئاوڕی وەخەزاڵێ دەداوە،
یای خەزاڵ دەتگوت سپیاسییە ڕاوەستاوە.
هەرچەند عێلی سوورچی و زراری بوو، هەمووی لە بانگەی دەدا، دەگەڕاوە بەدواوە.
ئەوجار کێ بوو لاسەشۆڕی باڵەکییە.
هەڵی دەگرت میربداغ و حەمەدخانی سوورچی و زرارییە،
بەدیاری و پێشکێش دەیبردن بۆ یای خەزاڵێ مەلانەبییە.
ئەگەر لاس دەهاتە خزمەتی یای خەزاڵێ دووبارە،
سەلامی لە خەزاڵێ دەکرد ئەوجارە،
دەیگوت: «یای خەزاڵ! عەمرم، کێ لەسەر ولاتی سوورچی و زراران دەکەیە سوورباش و ئیختیاردارە،
ئەی ئەهلی ئەو شارەی، بزانن یای خەزاڵ، چەند ماچ بەمن قەرزدارە!»
لاس دەڵێ: «بلا بچم، ماڵ و تالانی خەزاڵێ بگێڕمەوە».
لاس ڕکێفی لێ دەدا، گەییە لەشکری سوورچی و زراران. گوتی:
«ئەی خەڵقی سوورچی و زرارانە!

بۆ خاتری بینای چاوانە
شوان و مەڕی یای خەزاڵێ کیهەیە لەوانە لە هەمووانە؟»
پێیان نیشان دەدان ئەو فەقیر و بەستەزمانە.
لاس لینگی دەدا نێو ئەوانە،
پێی شاد و شوکر دەبوونەوە ئەو شوانانە.
جا بەپیر لاسی دەهاتن ئەو خانم و خاتوونانە.
خاتوونان هەردووکیان دەڵێن: «لاسەشۆڕ؛ بتبین بەقوربانە
برا، بمانکە قەرەواشی یای خەزاڵێ مەلانەبییانە.
بلا دژمن پێمان نەکەن بێ حورمەتییانە،
پیاوێکی بنێرە سوورچی و زراران بلا ڕۆنیشێ لەسەر جێی میربداغ و میرحەمەد خانە».
لاس دەڵێ:
«خاتوونێ، خاتوونێ نەوجوانە!
جارێ مەڕی خەزاڵێ لە کوێیە؟ نەلەوەڕاوە، نەکوو لێمان بکا گلەییانە».
لاس بانگی کرد: «ئەی شوانی یای خەزاڵێ مەڕی خۆت هەلاوێرە».
مەڕی خەزاڵێیان هەلاوارد؛ هەرچەندی خەڵقی سوورچی و زراران بوو، ڕەگەڵ مەڕی خەزاڵێ کەوت. باوەشێنیان دەکرد، هەتا تۆزی لێ نەکەوێ، هەتا هاتنەوە نێو عێلی ماموودینان. ئەگەر هاتنەوە میرحەمەدخان ڕمبی لە شانی درابوو. ناردیان حەکیمیان هێنا سەرێ.
حەکیم حەکیمێکی تەواوە،
میرحەمەدخانی دەرمان کرد، تا برینەکەی ساغ کراوە.
میربداغ مرد، ولاتی سوورچی و زراران بێ ئاغا ماوە.
سێ سالان میرحەمەدخان لە خزمەتی لاسی ڕاوەستاوە،
یای خەزاڵ دەڵێ: لاسەشۆڕ ئەتوو نەتزانی ئەوە بەباب و برای من لە قەڵەم دراوە؟
«مەسڵەحەت ئەوەیە، میرحەمەدخانی بگێڕینەوە بەدواوە،

وڵاتی سوورچی و زراران بێ سوورباش و ئاغا ماوە».
میرحەمەدخان دەڵێ:
«لاسەشۆڕ، لاسەشۆڕی باڵەکییە!
ئەمن ولایەتی سوورچی و زراریانم بۆچییە؟
لێرە ڕۆدەنیشم لە خزمەت تۆ و یای خەزاڵێ بەخوشک و برایەتییە،
قەت ناچمە ولایەتی سوورچی و زراران بە ئاغایەتییە».
ڕۆژێکی لاس گوتی: «ماینێ شێخزم بۆ دەرێنن، دەچمە ڕاوێ،
خەزاڵ دەگەڵ ئەمن غەیانە، بلا لێی زیزبم، بزانم حەزێ لە کێ دەکا.
دڵم لە جۆشە، دەروونم گەلێک بیابانە،
ماینێ شێخزم بۆ بێنن، زینی مورسەتی باوێنە سەرێ، بۆ بکێشن هەردووک تەنگانە،
ڕمبی نەزەریم بۆ بێنن، بیگرم بە هەموو پەنجانە،
زرێی ئاڵقەوردم بۆ بێنن، قۆڵی خۆمی تێ هەڵکێشم، ئاڵقەی بکەوێتە سەری هەردووک ملانە.
مەتاڵی حەوت قوببەییم بۆ بێنن، تا ڕشتەی باوێمە هەرتک شانە، تاژی و تولانم بۆ بانگ کەن، قەلادەم بۆ بێنن، دەستۆی هەڵکێشم، بەند و ڕستەی ئاوریشمینم بۆ بێنن سەرێکی لە قۆڵی خۆم ببەستم، سەری دیکەی بکەم شان بەشانە،
پێ دە ڕکێفێ نێم، بکەومە سەری خوانی زینی، بە ئیزنی خولا و ڕەسوولانە،
ڕاوی خۆم باوێمە پانکە پانکەی خان تاوسی، وە نێو عێلی ماموودینانە،
کەروێشکێکی گەرمەلانێ ببینمەوە، بیدەمە شەقەی ڕکێفان، ناسکەی تووڵە و تاژییان، بیگرم بە هەموو دەستانە،
دەعبایەکی بەدقەدەمە، جانەوەرێکی ناسک و نەرم و جوانە؛ بێنمەوە بۆ خەزاڵی کێل گەردن، خەمی خۆی پێ بکا گوزەرانە».
یای خەزاڵ دەڵێ:
«دیوتە، چەند سەرم بە قورە، بابانم وێرانە

دیوتە چلۆن ئابڕووم چوو لەنێو عێلانە

نایەڵم بۆت بێن دگدگ و دەمەرقۆپانە

نایەڵم بۆت دانێن جووتێک کەوشی میرزایانە

نایەڵم زرێی ئاڵقەوردت بۆ بێن، قۆڵی خۆتی تێ هەڵکێشی، ئاڵقەی بکەویتە سەر ملانە

نایەڵم مەتاڵی حەوت قوببەت بۆ بێن، ڕشتەی دە ستۆت کەی قوببەی بکەوێتە نێوانی هۆرتک شانانە

نایەڵم ڕەمبی نەزەریت بۆ بێن، بیگری بە دەستانە،

نایەڵم تاژی کەللەزەردت بۆ بێن، قەلێدەی ئاوریشمت بۆ بێن، دەئەستۆی تاژیەی هەڵکێشن، پێ ببێ جوانە.

نایەڵم بەن ڕستەی ئاوریشمینت بۆ بێن سەری ڕستەی دەئاڵقەی قەلێدەی هەڵێن لە قۆڵی خۆی ببەستی، بیگری بە هەموو پەنجانە،

نایەڵم پێ دە ڕکێفێ نێی، بکەویە سەر خوانی زینی، بەئیزنی خولا و ڕەسوولانە،

نایەڵم ڕاوی خۆت باوێیە بەرِیە و بیابانی لە دووی کەروێشکی گەرمەلانە،

دەعبایەکی ترسەنۆکە، خۆشبەزە، گەلێک بێ ئیمانە،

پشتی خۆی دە ئاوەدانییان دەکا، بەری خۆی دەکاتە چڕی سەخت و بڵند و بێ سامانە

سواری ڕاوێ ئەگەر کەروێشکی چاوپێکەوت، بەری دەداتێ تووڵە و تاژیانە،

خولا و پێغەمبەری لەفکر دەچێ هەر چاوی لە تووڵە و تاژیانە،

هەر جڵەوێ شل دەکا، ڕکێفێ دەکوشێ، نە هەورازی دەپارێزێ نە بەردانە،

دەترسم دەودەمیدا بگلێ، زەرەرێ بێنێ، بابانی خەزاڵی وێرانە.

دەودەمیدا ئەرەسوو وا دەس ناکەوێ دەگەڵ حەکیمێکی وەکی لوقمانە،

بێنمە سەر لاسی باڵەکی، دەشقەمی چا بکاتەوە ئەو برینانە،

لاسەشۆڕ! وەرە دەس باوێ گەردنی زەرد، ڕاو هەر ڕاوی ماچانە».

یای خەزاڵ لاسی گێڕاوە لەو سەفەری گەورە و گرانە،

لەکنە خۆی ڕۆدەنا شان بەشانە،
باسکی خۆی دەکردە سەرین، پێکەوە دەبوون دەستەملانە.
یای خەزاڵ دەڵێ:
«لاسەشۆڕە! لاسێکی نەوجوانە،
ئەزت ببم بە قوربانە،
ڕاوی کەروێشکێ خۆشترە یانە ئەو ماچانە؟
ئینجا شەو بنوو هەتاوەکوو سبحەیانێ، مەلا دەڵێ ئەڵڵاهوئەکبەر، سۆفی دێنیوە شادەت و ئیمانە».
جا سبحەیانێ کاکە لاس دەڵێ:
«یای خەزاڵێ نەوجوانە،
جا دەبێ مەرەخەس بفەرمووی، جارێکی بچمەوە نێو عێلی باڵەکیانە».
یای خەزاڵ دەڵێ:
«بەسەر ئەو هۆرتوک چاوانە!»
کێ بوو لەو خەزاڵی نەوجوانە،
تەدارەکی دەگرت بۆ لاسی باڵەکیانە،
دەیگوت: «دەینێرمەوە نێو عێلی خۆی بە وادەی چوار ڕۆژانە.
بنێرم بۆی بێنن حدوودێکی بێ نیشانە،
تەدارەکی بۆ بگرم بەدڵ و بەجانە،
بۆی خەلات بکەم ئەو نۆکەرانە،
نەبا خانزادخان لێم بکا گلەییانە».
لاس دەڵێ:
«یای خەزاڵ لەمن مەدە ئەوان تانانە،
خانزادخان لە توو ناکا ئەوان گلەییانە،
یای خەزاڵ گیانە!
ئەتوو دڵت نەترسێ بەو قسانە.

هەمووم هەروەکوو دایک و خوشکانە».
یای خەزاڵ وەکوو کەللەی شەکری،
تەدارەکێکی لە بۆ لاسی باڵەکی دەگری،
ئەگەر لاس دە ئەسپابی خۆی دەفکری،
دەڵێ: «یارەببی، یای خەزاڵ لە چاوی منت کەوێ و نەمری!»
کێ بوو لە لاسی نەوجوانە،
تەدارەکی بۆ گرت بڕوا بۆ نێو عێلی باڵەکیانە،
خانزادخان دەڵێ: «ئەلحەمدولیلا شوکرانە،
لاسی باڵەکیم دێ میوانە.
ئامۆزای خۆمە سەرکردەی هەموو عێلانە
ئینجا تەدارەکی بۆ لاسی بگرن، دەیکەم بە زێڕوەشانە.
چل شەکم بۆ بێننەوە ئەویشی بۆ دەکەم بەخێر و قوربانە.
بەس نییە دژمن دەڵێ: لاسی باڵەکی هاتەوە ئێرەکانە.
دەبێن سوارە و تفەنگچیان، بدەن لە سانە
ئەلحەمدولیللا لاس هاتەوە لەنێو عێلەکەی ماموودینانە.
خەبەری یای خەزاڵم بۆ بێن، دەگەڵم وەکوو خوشکانە.
لاسی ناردۆتەوە ئێرەکانە،
پێلاوی لەسەر ئەو چاوانە
بۆم بەتاڵ بکەن مدبەق و چادر و باڵەخانە،
لاس تەشریفی هاتۆتەوە هەموو دێنە کنی ئەو عێلانە».

ئینجا ئەگەر ئەو تەدارەکەی بۆ لاسی دەگیرێ خانزادخانی حەریرێ؛ لاس ناگاتە ماڵێ خانزادێ، لەوسەری هۆبەی جلەوی دەگیرێ.

خانزادخان دەڵێ: «لاسەشۆڕی باڵەکی! پێناودارم بی، ئەوێ ڕۆژێ دیوانی خولای دەگیرێ.

وای لە خۆم بێ باب و ئێخسیرێ،

لاسەشۆڕ! نابێ ئەتوو ئەمەگی دایکە قەلەندەرەکەی منت وەبیرێ،
یارەببی ئەتوو وەک کاکەمەمی جوانەمەرگ بی، ئەگەر بەجێ ما لە شاری جزیرێ».
لاس سێ شەو و ڕۆژان لەنێو عێلی باڵەکیان بوو پیاوە،
قەول و قەراری دەگەڵ عێل و کەیخودای خۆی ڕۆناوە.
لاس دەڵێ: «ئەو قەراری دەگەڵ خەزاڵم کرد، جا بووە تەواوە،
کەیخودای عێلی باڵەکیان ئەوا دەڕۆم دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا».
پیاوێک دەڵێ: «لاسەشۆڕ! ئاخر تەدارەکت بۆ لەکن خانزادخانی گیراوە؛
ئاخر وەرە بچینە کن ئەوی لێ بکە سڵاوە؛
ئاخر دایک و بابی نین لە توو زیاتر کەسی نەماوە،
هەزار و حەوسەد ماڵی هەیە، لە سوێی توو لێی شێواوە».
لاس دەڵێ: «کەیخودا، ڕدێنسپیانە!
سوێندم بەسەری خەزاڵێ خواردووە، چیدی گیر نابم لێرانە.
ئەگەر درەنگ بچمەوە، خەزاڵ لێم دەکا گلەییانە»
کێ بوو لە لاسی گەرم کۆڵاوە،
ماینێ شێخزیان بۆ هێنا، پێی دە ڕکێفی ناوە؛
ئەگەر وەنێو زینی کەوت، ئاغایەکی تەواوە،
دەیگوت: «عێلی باڵەکیان! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
خەبەر بە خانزادخانی حەریرێ دراوە.
خانزاد دەڵێ: «هاوار وەبەر ئەو خولایەی دونیا و قیامەتی کردووە ڕاوەستاوە
بانگم وەبەر ئەو خولایەی حەزرەتی مووسای لە نووری خلقەت کردووە و ڕۆژێ هەزار و یەک کەلیمەی لە بارەگای وی دەکرد تەواوە.
یارەببی لاسەشۆڕ، هەرۆ، برۆ، سەر نەیەنیەوە دواوە
بزانە دەگەڵ ئەو عێل و مەخلووقەی چم لێ قەوماوە:
هەزار و حەوسەد ماڵی باڵەکان بەسەر ئەمندا بەجێ ماوە».
لاس دەنێو عێلی باڵەکیان بۆ نێو ماموودینان گەڕاوە،

ئێلچی و چەپەر مزگێنییان بۆ یای خەزاڵێ هێناوە.

قاسید دەیگوت: «یای خەزاڵ! بەسەری توو، لاس دەهاتەوە، خانزادخانی نەدی بە چاوە؛

ئەگەر خەیاڵی بکەی لەبزی لە لەبزی نەگەڕاوە».

خەزاڵ دەڵێ:

«یا خولاّ! بەخێریتەوە تەدارەکێکی چاکی بۆ گیراوە».

لاس لە زینوێ و بانووانی دەکرد ڕەشەڕاوە.

کەروێشکێکی گەرمەلانێی دەگرت بەدیاری و سەوقاتی بۆ یای خەزاڵێ هێناوە.

لاس گەییە جێ، لە دەرکی چادرێ دەبوو پیاوە،

دەچوو لە یای خەزاڵی دەکرد سەلام و سەلاّوە.

یای خەزاڵ دەڵێ:

«عەلەیکوموسەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی، سەرچاوی من شۆڕەلاوە،

وەرە دانیشە، بزانم، لە وڵاتی باڵەکیان چت داوە، چت لێ قەوماوە؟»

دەڵێ: «یای خەزاڵ بەسەری توو لەبزم دە لەبزی خانزادخانێ نەگەڕاوە؛

گەلێک گەلێکم دڵخۆشی عێلەکەی داوە.

یای خەزاڵ، زۆرت لێ خەجاڵەتم، پێشکێش و ئەنعامم بۆ توو نەهێناوە.

لە عەیبەت خانزادەخانێ هەر وەدەرکەوتم، هاتمەوە بەدواوە».

یای خەزاڵ دەڵێ:

«هیچم پێ ناوێ لاسەشۆڕ وەکازی دەستانم.

ئەمن خانەخوێ، بووی میوانم.

ئینجا تەرخان بە لە مەمکانم».

لاس لەوێ دەبێ هەتا سبحەیانێ،

ئەوێ شەوێ خۆش ڕادەبرێ دەگەڵ گوزەرانێ.

سبحەینێ خەزاڵ زویر و زگار داما. لاس لێی پرسی: «یای خەزاڵ ئەو حاجزیەت بۆ چییە؟»

یای خەزاڵ دەڵێ:
«لاسەشۆڕ! خۆ من لەبەر ئەتووم نییە،
ئەوە لە لایەکی دییە، کارێکی دییە».
گوتی: «بەسەری من، پێم بڵێ، بزانە ئەوە چییە».
یای خەزاڵ دەڵێ:
«بەسەری خۆت سوێنت داوم، چ بکەم، چارەم چییە؟
ئەگەر بێتو پێت نەڵێم، دەبێ بە غەیانەتییە،
ئەگەر درۆشت دەگەڵ بکەم، ئەوەش دەبێ بە ڕووڕەشییە،
ئەگەر لەو قسەی بگەڕێی، دەنگ کردنی چاک نییە».
لاس دەڵێ:
«یای خەزاڵ! بەسەری توو هەر دەبێ پێم بڵێی چارە نییە».
یای خەزاڵ دەڵێ:
«چ بکەم ئەوەیش بۆ من دەبێتە خەم، ئەمن بابان وێرانێ
پێیان گوتم: گوڵی شۆڕانێ هەن لە چل پلەی عومانێ
چرا و لالەت ناوێ سەربەخۆ، داییسێ هەتا سبحەیانێ».
لاس دەڵێ:
«یای خەزاڵ! بزانە چۆن کارانت بۆ پێک دێنم.
یان سەری خۆم نایەنمەوە، یان گوڵی شۆڕانێت بۆ دێنم».
لاس دەڵێ:
«ماینی شێخزم بۆ دەرێنن بەیەکجاری،
ڕمبی نەزەریم بۆ بێنن دەگەڵ جووتە زەرگی خوندکاری،
خۆم دەسپێرم بە خولا و بە جەبباری.
یا سەری خۆم دادەنێم یا گوڵی شۆڕانێ دێنم بە دیاری».
یای خەزاڵ دەڵێ:
«چ بکەم ئەمنی سەر بەتاڵ و مل بەکوێنە»

ماینی شێخزیان بۆ له بەهاربەندێ دەرهێنا،
دە پشتیان دەکردەوە زینە،
هەگبەیان بۆ دەهێنا،
پڕیان کرد لە نانی شەکرینە.
لاس دەڵێ:
«یای خەزاڵ! ئەتوو ئەو هەگبەت بۆ چییە؟
ئەنگۆ بۆم بێنن ڕمبێکی نەزەری، کەوایەکی دوولاییە.
زەواد ناچێتە سەر زاری هەتا گوڵی شۆڕانێت بۆ نەهێنم بە دیارییە».
لاس ماڵئاوایی کرد، ڕۆی. خانزادخان پێی زانی هەزار و حەوسەد ماڵێ عێل بوو، بردی لەسەر ڕێی لاسی چادریان هەڵدا.
خانزادخان گوتی: «دەیگێڕمەوە ئەوە دەینێرن بەکوشتی بدەن».
لاس ئاژوای هەتا گەیشتە عێلی خۆی، بەکن چادری خانزادخانێدا ڕۆیی گوتی: «ماڵە! چۆڕێکم ئاو بدەنێ». خانزادەخان گوتی: «سوار پیاو بە». لاس گوتی: «ناتوانم، دەبێ بڕۆم، سوێنددراوم». لاس خانزادخانی نەناسییەوە؛ جا خانزاد دەڵێ:
«ئەتوو، عەمرم، بۆچی نابی پیاوە؟
ئاخر نازانی ئەوە عێلی تۆیە بەبێ ئاغای بەجێ ماوە؟
بەقسەی ئەو قاعبەی دەتنێرنە چل پلەی عومانێ هەتا سەر نەیەنیەوە دواوە».
لاس دەڵێ:
«قاعبە! بۆ جنێوت بە خەزاڵێ دا، وات نە کرد پیاوبم، نە نانت بخۆم نە ئاوە
نازانی، سوێندخۆری خەزاڵێم هەتا گوڵی چل پلەی عومانێ نەیێنم لە هیچ کوێ نابم پیاوە».
لە چادران دەردەچوو جا ڕکێفی لێ داوە.
خانزاد دەڵێ: «جا قوڕی کوێ وەسەری خۆ بکەم؛ ئەوجار نایەتەوە بەدواوە».
لاس ڕکێفی لێ دا تا چووە چل پلەی عومانێ.
تەماشا دەکا چوار پاڵەوان دەگەڕێن دەکەن سەیرانێ.

ئەگەر لاسەشۆڕیان دی لە زەمانی،
هەریەکە گورزێکی گەورەیان دانا لە سەر شانی
لاس دەستی دا ڕمبی نەزەری، گوتی: «بلان ئەوانە بکوژم بلا سەرکردە پێ بزانێ،
سێیانی سەر بڕی، ئەوی دی گوێ پچڕی: «خەبەرێ بۆ سەرکردە بەرە بلا پێ بزانێ
ئەگەر لێی پرسی، ئەوە کێ بوو، بلێ: ئەوە لاسەشۆڕی باڵەکییە؛
بە قسەی خەزاڵێ هاتووە بۆ گوڵی عومانێ،
خەبەرێ بدە بە سەرکردەکانی دی، بلا هەموو پێ بزانێ».
جا ئەگەر پاڵەوان خەبەری بە سەرکردەی داوە،
سەرکردە دەڵێ: «ئەی پاڵەوانی من، ئەوە چ بووە؟ چوو لێقەوماوە؟»
دەڵێ: پاڵەوانێکە هاتووە لەولاوە،
دەڵێ: ئەمن لاسی باڵەکیم، موژدەی بدە بە پاڵەوانان تەواوە،
ئەمن لاسی باڵەکیم بۆ گوڵی شۆڕانی هاتووم تەواوە.
ئەگەر خەبەر بە هەموو سەرکردان دراوە،
هەمووی خڕبۆوە، هاتەوە لەولاوە،
هەمووی ئیکلامی لاسەشۆڕی باڵەکیان کێشاوە،
هەمووی لەبەر دەستی ڕاوەستان دەتگوت ئێخسیرن، لێیان قەوماوە.
دەیگوت: یان دەبێ شەڕێم دەگەڵ بکەن، یا دەبێ چل پلەی عومانێ بکەن بلاوە.
دەیگوت: هەموو پاڵەوان و بەناوین،
دەیگوت: ئەتوو دەفەرمووی نۆکەرین ڕاوەستاوین.
دەیگوت: دەنا دە بڕۆن، ڕامەمێنن،
حوکمە دەبێ چل گوڵی شۆڕانێ بۆ بێنن.
گوڵی جسن بن خەزاڵێ نەڕەنجێنن!
بنێرن حاجی و مەلای شاری عومانێ بێنن،
حوکمە دەبێ ئەو چل پلانە هەموو بڕووخێنن».

کێ بوو لەو پاڵەوانانە تەواوە،
بەو شەوەی چل گوڵیان گوڵی شۆڕانی هێناوە،
دەسک بەدەسکیان کرد، دە هەگبەی لاسیان ناوە،
بە ئاوریشمی دووکانێ پێچراوە،
فەعلەیان هێنا چل پلە هەمووی ڕووخاوە،
خەڵکی شاری عومانێ هەموو دەستەودوعا بۆ لاسی باڵەکی ڕاوەستاوە.
لاس دەڵێ:
«خزمینە! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
گوڵی شۆڕانی هێنا و گەڕاوە بەدواوە،
هەتا گەییە چادری خانزادخانێ، جا لەوێندەرێ، لە چادرێی لاداوە،
خانزادخان دەڵێ:
«ئامۆزا بەقوربانت بم وەرە، ببە پیاوە
وەرە، لەکن ئەمن بخۆ پاروێک نان و چۆڕێک ئاوە.
چەند ڕۆژە، دە زەحمەت دای، گەلێکت کوێرەوەری کێشاوە».
لاس دەڵێ:
«خانزادە! ناتەواوە
وات نەکرد؛ نە نانت بخۆم نە ئاوە،
«ئەتوو بۆچی جنێوت بە خەزاڵێ بەڵەک چاو داوە؟
سوێندم بە سەری خەزاڵێ خواردووە، لە هیچ کوێ نابم پیاوە».
خانزادەخان دەڵێ:
«لاسی بەڵەک چاوە!
بە قسەی ئەو قاعبەی جارێکی سەر نایەنیەوە دواوە.
هەڕۆ، بڕۆ، بە خولام بە زامن نەدای تەواوە
ڕەببی، لەو مەخسوودەی نەبینی مراد و کاوە»
خانزاد دەڵێ:

«لاس ئەتوو بۆ وا بێ فکری؟
نازانی، عێلاتی خۆت ئەوا بە دووت دەگری؟
هەڕۆ، برۆ، ڕەببی تیری چڵکنان بتگری
جەددی پێغەمبەری نەفەسی پیرخدری
یای خەزاڵ ئەو گولانەت بەساغ و سەلامەتی لی وەرنەگری».

ئەگەر لە خزمەت خانزادەخانێ بەڕێ بوو، تووشی دوو ڕێیان بوو یەکی ڕێی چوار ڕۆژان بوو یەکیان ڕێی شەو و ڕۆژێک بوو. ئەو ڕێی یەک ڕۆژەکەی زۆر بەترس بوو، ڕێی چوار ڕۆژەکە زۆر ئەمین بوو. لاس لە ڕێی یەک ڕۆژەی ڕۆیی، ئەو ڕێیەش ولاتی چڵکنان بوو، کەس نەیدەوێرا بەو ڕێیەیدا بڕوا. لاس هەر ئەوەندەی زانی تیرێکیان ئاوێتێ. ئەگەر ئاوڕی داوە لە بڵندی بوو. لاس لە ژێرلا زەرگێکی پێدادا کوشتی. لە سەرڕا هاتە خوارێ. یەکی دی تیرێکی ئاویت، لە ڕانی لاسی دا، زینی دەگەڵ بڕی. گوتی: «وەڵڵاهی! دەری نایەنمەوە، هەتا بەدەستی خەزاڵێ دەرنەیە».

ئاژوای و هاتە خوارە.
هەتا دەگەییەوە عێلی ماموودینان ئەوجارە.
بەپیریەوە دەهات مەخلووق و یای خەزاڵێ نازدارە.
یای خەزاڵ دەڵێ:
«بەخێرێیەوە، سەر چاوی من، شۆڕەسوارە»
لاس دەڵێ:
«سەلامونعەلەیکوم دووبارە».
خەزاڵ دەڵێ:
«ئەتوو پێم بڵێ جارێ گوڵی شۆڕانێت بەبێ کوێرەوەری هێناوە؟»
گوتی: «بەبێ کوێرەوەری هاتم، ئەمما تیرێکیان لە ڕانی من داوە:
سوێندم خوارد، گوتم: دەری نایەنم، هەتا نەیبینێ خەزاڵێ بەڵەک چاوە».
خەزاڵ دەستی دا تیرەکە؛ هەرچەندی کرد بۆی هەڵنەکشاوە.
خەزاڵ دەڵێ:

«چ بکەم، چاوم کوێر بوو، سەرم دە قوڕێ نراوە».
خەزاڵ حوکمی کرد، تیرەکەی هەڵکێشاوە،
لاس بێ هۆش بوو، زمانی شکاوە.
ناردی، حەکیم و عەتتاری بۆ وی هێناوە؛
حەکیمی لەسەر برینی وی داناوە؛
خەبەری بەخانزادەخانی حەرێری داوە.
گوتی: «وەڵڵاهی! نایەمە سەری، بەقسەی ئەو قەعبەی وای لێ قەوماوە.
جەهندەم! با لەوێش بڕوا بەولاوە».
کێ بوو لە لاسی بەناز و ئەرجوو،
ئەلحەمدولیللا! برینەکانی پێکەوە خۆش بوو،
لاس لەو دەردەش ڕزگار ئەوا بوو.
لاس هەڵستا بەپێی خۆی دەگەڕاوە.
ڕۆژێکی سواربوو، دەیکرد ڕەشەڕاوە،
برینەکانی چاک نەبوونەوە، سەرلەنوێ دەکولاوە.
هەرچەند حەکیمی هاتە سەرێ عیلاجی نەکراوە،
بێ هۆش بوو، زمانی شکاوە.
خەزاڵ دەنگی خەڵقی دەدا، دووبارە لە خانزادەخانێ گێڕاوە؛
خانزادەخان بە عێلەوە خۆی دە قوڕێ ناوە،
گەییە وڵاتی ماموودینان، دەیگوت: «ئەوە چ لە لاسی قەوماوە؟»
دەیانگوت: «نەخۆشێکی گەلێک تەواوە».
خەزاڵ و خانزاد دەچوونە سەر لاسی ڕۆدەنیشتن تەواوە.
خانزاد دەڵێ:
«مەلایان بانگ بکەن، بخوێنن یاسینێ
کوڕە کوڕەی باڵەکیان بانگ بکەن؛ بکەنەوە گەرمەشینێ؛
فەقێ و سۆفییان بانگ بکەن، لە خولای بپاڕێنەوە، بکەنەوە ئامین ئامینێ،

دەشقەم لاسی باڵەکی ئەوجار نەمرێ بەوێ برینێ».
خولایە! کەرەمدار و قادری!
میوانی خولای دێ، ڕووحێ لە لاسی وەردەگری،
ئەوجار بەجارێکی لاس دەمری و ڕادەبری
خانزاد و خەزاڵ قوڕێ لە خۆی دەگری.
لاسیان هەڵگرت و بردیان لە بۆ قەبری.
دە قەبریان نا، لەوێ بەجێ ماوە،
خانزادەخان بەدڵشکستی بۆ نێو عێلی باڵەکیان گەڕارە؟
خەزاڵ لەوێندەرێ بەجێ ماوە.
خولایە! ئەتوو گەورە و نادری
بڕوانە ئەقڵی (ڕەحمان بەکری)
قەدری (ساحێبی ئاڵمانی) چۆن ڕادەگری،
ڕەببی، (ساحیبی ئاڵمانی) بۆ خاتری دایک و خوشکی خۆت نەمری !

***

ناسر و ماڵ ماڵ

مەزن و میرزاغا، ئاغای وڵاتی کوێستانێ بوون. کوێستانەکەش گاگەش باوۆمەر بوو. لە بەغدایە دەگەڵ کیای، برادەر بوون. سی و دوو ساڵان مەزنایەتی کوێستانیان کرد. جا مەزن باوۆمەر لەوان پەیدابوو؛ مەزنایەتی لێ بڕینەوە، حەوت ساڵان مەزن بوو. ناسر و ماڵ ماڵ و کوڕی مەزن و میرزاغا بوون. گەورە بوون. مەزن باوۆمەر سێ کچی بوون، یەکێکیان نێوی خاتوون تەورێزی بوو، ئەویدی خاتوون ئەسمەر، سێیەمین خاتوون پەروەر. حەزیان لە ناسر و ماڵ ماڵان کرد. خاتوون تەورێزی بۆ ماڵ ماڵی، خاتوون ئەسمەر بۆ ناسری. ناردیانە کن مەزن باوۆمەری، کچێمان بداتێ بۆ ناسر و ماڵ ماڵان؛ مەزن باوۆمەر نەیدانێ. کچەکان سبحەینێ چوونە سەر کانییە، شیو و کوڵێ بکەن. ناسر و ماڵ ماڵ هاتنە کن کچەکان؛ گوتیان: «ئەوە بابو ناودا؛ وەرن دەگەڵمان، هەڵوگرین». خاتوون تەورێزی گوتی: «ئەنگۆ پیاو نین، دە وەرن سوێندی بۆ یەک بخۆین نە ئەمە مێردی دەکەین، نە ئەنگۆ ژنێ بێنن. هەستن؛ بڕۆنە بەغدایە کن ئاغای خۆتان؛ یان بمرن، یان مەنسەبی بستێنن». ماڵ ماڵ گوتی: «کاکە ناسر! بەخوڵای، چاک دەڵێن. ئەوان لەمە بەغیرەتترن».

بازیبەندیان لە قۆڵی خۆیان دەرهێنا؛ هەر چوار سوێندیان خوارد. بازن و مۆرییان پێکەوە گۆڕینەوە، دەوڵەت زیادیان خواست؛ سواربوون.

کاکە ناسر دەڵێتەوە کاکە ماڵ ماڵییە:

«خوڵاکەی چییە ئەو دنیا فانییە،

دەبڵا بڕۆینە خزمەت وەزیری بەغدایە بە نۆکەرییە».

کاکە ماڵ ماڵ دەڵێتەوە کاکە ناسرییە:

«ئەمە لە خاتوون تەورێزی و خاتوون ئەسمەرێ وە چەنگن کەوت خاترجەمییە؛

جا دنیای ڕوون چ فایدەی هەیە، چیدی قبوول ناکەم ئەو حیزییە،

دەچمە کن وەزیری بەغدایە بۆ نۆکەرییە،

یان سەرم دەچێ بە یەکجارەکییە،

یان دێمەوە بەئیزنی خولاّی بەئاغایەتییە».
ناسر دەڵێ: «ماڵ ماڵ دڵم لە کاوە،
تیرێکیان لە بەدەنێ دام، جگەرم سووتاوە،
دایک و بابمان لە ولاّتی غوربەت بەجێ ماوە،
دەنا ئەو سەفەرە هەر بۆ من چاکە، سەفەرێکی تەواوە.
خاتوون تەورێزی؛ خوشکێ دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
خاتوون تەورێزی دەڵێ:
«چ بکەم، براله، لێم مەدە تانێ
هەڕۆ، بڕۆ، بەخولاّت بەزامن دەدەم، بەئەمانەت بەپێغەمبەری ئاخر زەمانێ.
ئەگەر بەبێ مەنسەب بێیەوە، براله، لەو ولاّتەی ناکەی گوزەرانێ».
خاتوون ئەسمەر دەڵێ:
«ماڵ ماڵ! ئەگەر دەڕۆی، کوێرم دەبێ چاوە.
دەبێ بچنە کن دایک و بابانو، بڵێن دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا
ئەگەر ئەو گەردنو ئازا بکەن، مەخسوود و حاسڵ دەبێ، لە خزمەت میری بەغدایە کارو دەبێ تەواوە».
دەڵێ: «خوشکێ! دەترسم، بابم نەیەڵێ بچم، بڵێ: بگەڕێیەوە دواوە».
جا جووتە سوارە، سوار بوون و لەوێ گەڕانەوە بەدواوە،
هەتا دەهاتنە دەرکی دایک و بابی خۆیان لەوێ دەبوونەوە پیاوە،
ناسر و ماڵ ماڵ دەڵێن:
«دایک و بابی مە سەفەری بەغدایەمان وەبەرکەوتووە گەلێک سەفەرێکی تەواوە.
چ حەیشێک لێرە بەکوێستانێ بۆ مە ماوە؟
ئینشاڵڵا دەچینە بەغدایە، نایەینەوە هەتا کارن دەبێ تەواوە».
ناسر و ماڵ ماڵ گەلێک دەرفکری،
ئەوێ شەوێ لەکن دایک و بابانی دەگری.
دایکی ناسر و ماڵ ماڵان دەڵێن:

«ڕۆڵە! بڕۆن بەخولاو بەزامن دەدەم و دوومین بەحەزرەتی خدری،
ڕۆڵە! گەردنو ئازابێ، دەشقەمێ خولا دەستو بگری»
ئەگەر سوار بوون ئەو جووتە لاوە،
بانگێکی خۆشیان لێ داوە،
دەڵێن: «ولاتی کوێستانمان بەدەستەوە نەماوە.
خەڵقی خێلاتی، دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
ڕێی بەغدایان پێ نیشان دەدەن سەبرسەبریان داژواوە.
چەند مەنزڵیان لێ خوڕی تا بیست و چواریان دەکرد تەواوە.
وەسبحەینێڕا داخیل بەبەغدایە دەبوون ئەو جووتە لاوە؛
بەکووچە و کۆلانی بەغدایەدا دەیان ئاژواوە،
هەتا دەچنە دەرکی کیای دەبوون پیاوە.
ولاغیان لێ وەرگرتن بردیاننە یەختەخانێ، وەتاغیان بەوان نیشان داوە،
هەتا سێ ڕۆژان ڕۆنیشتن پرسیاریان لێ نەکراوە.
ڕۆژێکی کیای گوتی:
«ئەو میوانە کوێندەرین، لە خزمەت میری بێژراوە».
نۆکەر گوتی:
«نازانم؛ ئەوە کوێندەرین. نایانناسم، ئەمن چم لە میوانی توو داوە
لێی پرسم بلێم خەڵقی کوێی هاتووی لەولاوە؟»
کیای فەرمووی:
«نۆکەرەکەی بێ قەیدییە؛
بچۆ بزانە ئەو میوانانە کوێندەرین، حاجەتیان چییە.
ئەوە سێ شەوە لێرەن، بۆ هیچ سوال و جەوابیان دەگەڵ ئەمن نییە؟»
کێ بوو، لە نۆکەرەی جندییە،
دەچووە کن ناسر و ماڵ ماڵی بەیەکجارەکییە،
دەڵێ: «میوانینە! میر ئەمنی ناردۆتە کن ئەنگۆ بەئێلچیگەرییە،

بزانم، ئەوە کوێندەرین و کاریان بەمن چییە».
ماڵ ماڵ دەڵێتەوە بەناسرییە:
«قاقەزێکی بۆ بنووسە بەدزییە؛
«بڵێ: ئەمە کوڕی مەزن و میرزاغای هاتووین، دەبینە نۆکەری وی بەیەکجارەکییە،
وڵاتێ کوێستانیان لێ بڕیوین، جا لە خوڵای بەرەژێر، ئەگەر چارە نەکا، هیچ هومێدی دی نییە».
دەزبەجێ ناسر قاقەزی دەنووسییە.
مۆری لە ماڵ ماڵی وەرگرت، مۆری کرد بەیەکجارەکییە.
گوتی: عەرزی بکە، خەتم ڕەوان نەبوو، ئەگەر عەیبێکی ببێ لێم نەکا بەگلەییە.
قاقەزەکەی دا بەنۆکەری، گەڕاوە بەیەکجارەکییە،
چووە خزمەت کیای، قاقەزی لە پێش دانا گوتی: «ئەوهە چییە؟
نۆکەر گوتی:
«ئاغا، خولا بتکا ڕاوەستاوە
ئەمن چووزانم، قاقەزە بۆ توو نووسراوە».
میر قاقەزەکەی مولاعەزە کرد، داینا لەسەر چاوە،
گوتی: «ئەوە برازای منن لێیان قەوماوە».
جا کە سبحەینێ بەیانی داوە،
تەدارەکی ناسر و ماڵ ماڵان لە ماڵی کیای گیراوە.
کیای فەرمووی:
«ئەوە مەحرەمی ماڵە منن؛ بۆچی ئەو وەتاغە و بەوان داوە؟»
کیا وای گوت بەو نۆکەرانە:
«خەڵاتی بۆ ناسر و ماڵ ماڵی بەرن، بیان ئێننە ئێرەکانە».
خەڵاتیان بۆ بردن، ئاویتیانە سەرشانانە،
ڕێی خەڵاتی کردن بەزێڕەوشانە،
لە پلیکانان دەهاتنە خوارێ ئەو نەوجوانانە،

دەچوونە خزمەت کیای بەئیکلام کێشانە،
کیا ماچی کردن، دەستی ئاویتنە ئەستۆیانە،
دەڵێ: «ڕۆڵە! بەخێرێن. ئەگەر تەنگانەو بوو، بۆچی وا درەنگ هاتنە ئێرەکانە؟
تا مەعموورم بناردایە کوێستانێ گاگەش باوۆمەری ماڵی مەزنم بکردایە تالانە؛
ئێخسیری مەزن باوۆمەرم، دەهێنا بەغدای گەورە و گرانە.
ئێستا ئەوا بۆخۆم لێرە ڕاوەستاوم؛ هەرچی ئەنگۆ دەڵێن بەسەر ئەو چاوانە.
دەبێ سبحەینێ هەڵگرن زێڕ و ماڵی من، بچنە بەغدایە، سەودایە بکەن دەگەڵ ئەو تاجرانە،
هەتا عەرزی وەزیرەلئەعزەمی دەکەم، چلۆن دەبێ ئەو کارانە.
دەڵێم: وەزیر بتبم بەقوربانە.
جووتە برازاکەی من ئاغای کوێستانێ بوون بەعەمباڵ لەو شارانە؛
خولا لێت هەڵناگرێ لە پیاوی نەجیم تێک بدەی تەخت و مەکانە».
ناسر و ماڵ ماڵ دەڵێن:
«یا ڕەببی، زۆر شوکر لە دنیایە!
ولاتی کوێستانێمان لێ بەجێ ما لە بۆ سەفایە؛
ئێستا هومێدی وەک کیامان هەیە لە بەغدایە.
جا سبحەینێ دەچینە بازاڕی، دەس دەکەین بەساد و سەودایە؛»
کە سبحەینێ بەیانی بەردا ڕۆژ سەری دەرهێناوە،
کەوڵی خۆیان بەسەر شانی خۆیاندا دەداوە،
دە هەموو شاری بەغدایە گەڕان، قێمەت و نرخی شتیان ڕۆناوە هاتنەوە ماڵی کیای، مەنزڵیان بۆ گیراوە
کیاش لە دیوانێ خەبەری بەوەزیری بەغدایە داوە.
ئەوێ شەوێ قەناعەتیان کرد؛ قاقەزی خاتوون تەورێزی و خاتوون ئەسمەرێ هاتووە لەولاوە:
«چ بکەین؛ ئەمە سوێندخۆری قورعانێین، خراپمان لێ قەوماوە!

کوردێکی کەڵاش درێژی شارەزووری بەسەر خاتوون تەورێزییێ هەڵوەستاوە».
ئەو قاقەزەیان برد لەپێش کیایان داناوە.
کیا دەڵێ:
«ڕۆڵە ماڵ ماڵ! ئەو ناحەقیە لە من کراوە.
سەبرو ببێ هەتا لەکن وەزیری هەموو کارێکی دەکەم تەواوە»
هەڵستان، بۆ مەنزڵی خۆیان گەڕانەوە بەدواوە.
جا کە سبحەینێ ڕۆژ سەری دەرهێناوە،
ناسر و ماڵ ماڵ چوون لە بۆ بازارێ تەواوە،
سەودایان دەکرد، بازاڕیان وەسەر خۆیان دەگێڕاوە.
ئەوێ ڕۆژێ خێرێکی زۆریان کرد؛ پێنسەد تومانیان هێناوە.
کێ بوو، لە کیای موختاری،
دەچوو لە ناسر و ماڵ ماڵانی دەکرد پرسیارە،
دەڵێ: «ڕۆڵە! ئەورۆ چلۆنو ڕابوارد ڕۆژگارە؟»
دەڵێن: قوربان بەسایەی ئیلتیفاتی توو هاتین بەکارە.
سەودامان دەکرد هەزار بەهەزارە،
پاش موخاریجی خۆن هێناومانەتەوە ئەوجارە».
کیا دەڵێ:
«ئەمن قەت شوکرانە نابژێرم بەو کارە».
کێ بوو، لە ناسر و ماڵ ماڵی گوڵباوە،
سبحەینێ ئەگەر بەیانی دەدا، ڕۆژ سەری دەرهێناوە،
دیسان چوون لە بازاڕی بەغدایە، ساد و سەودایان بنیادناوە.
ئەگەر ڕۆژیان لێ بوو ئاوا، دووکانی هەموو کەس داخراوە،
نەیانزانی شێخی عەرەبان بۆ سەر بەغدایە هەڵستاوە،
شێخی عەرەبان دەورەی بەغدایەی گرت، چادری لێ هەڵداوە.
سبحەینێ ڕۆژ بۆوە خەبەر بۆ وەزیرەلئەعزەمی دراوە.

دەڵێن: «لەشکرێکی گەورە هاتووە، دەورەی بەغدازەمینێ گیراوە».
وەزیری بەغدایە گوتی بەئێڵچییە:
«دەبڕۆ بەچەپەرییە،
بچۆ، بزانە سەرکردەی ئەو لەشکرەی کێیە، لە چی شەقییە.
ئەگەر میوانە، بۆچی نەهاتۆتە ئێرە، بەئەستۆی داهێناوم خەجاڵەتییە»
ئێڵچی هەرڕای دەکرد بەهەنگاوە،
هەتا دەگەییە چادری شێخی عەرەبان، ئیکلامی دەکێشاوە،
عەرزی دەکرد: «وەزیرەلئەعزەم ئەمنی ناردۆتە کن ئەتوو تەواوە،
بۆچ هاتووە لەوێی خستووە تەواوە، ئەو خەجاڵەتییەی بەمن داوە.
ئاخر ئێرەماڵی وییە بۆ شام و نەهارم پێ نەدەبوو تەواوە؟»
شێخی عەرەبان دەڵێ:
«بەخێرێی سەرچاوانم،
عەرزی وەزیری بکە، ئەمن شێخی عەرەبانم،
ئەمن دۆست نیم، وەزیرەلئەعزەمی بەدژمن دەزانم،
ئەمن چلۆن ئەو ئێڵچییە بدوێنم،
خەبەری بە وەزیرەئەعزەمی ڕادەگەیەنم؟
یا دەبێ بەغدایە بەجێ بێڵێ، یانە هەستەی حەوت ساڵانی لێ دەستێنم».
ئەگەر ئێڵچی ئەو قسەی دەبیست تەواوە،
دەمودەست لەکن شێخی عەرەبان گەڕاوە،
گەییە خزمەت وەزیری، ئەو خەبەرە خۆشەی بەوی داوە.
وەزیر گوتی:
«کیا بێن، بزانین ئەو تەگبیرە چلۆن دەکرێ تەواوە».
ئەگەر خەبەر بە کیای دراوە،
ناردی لە ناسر و ماڵ ماڵی گێڕاوە؛
دەهاتە دیوانی وەزیرلئەعزەمی، ئیکلامی کێشاوە.

کیا ڕۆدەنیشت بەعزێکیان قسە دەکرد تەواوە.
کە وەزیر سەری هەڵێنا، جووتێک غەریبە لێرە ڕاوەستاوە،
وەزیر دەڵێ:
«کیا ئەو نۆکەرانەت کەنگێ گیراوە؟»
دەڵێ: «ئەوە نۆکەری من نین، ئی توون، لێیان قەوماوە.
«مەزن باوۆمەر لە کوێستانێ دەری کردوون، هەمووی کردوون بڵاوە.
«ئێستا قەت نانی شەوێکیان بەمستەوە نەماوە».
وەزیرەلئەعزەم دەڵێ:
«جارێ چ بکەین، دەگەڵ شێخی عەرەبانمان لێ قەوماوە».
کیا دەڵێ:
«بنێرە خزمەت شێخی عەرەبان: مۆڵەتم لێ بگرێ، هیشتا کاروبارم نەبووە تەواوە».
ئەگەر کیا وای گوتیە،
وەزیرەلئەعزەم دەینارده کن شێخی عەرەبان قاقەز و ئێڵچییە،
شێخی عەرەبان فەرمووی:
«ئەمن لە هەستەی حەوت ساڵان زیاتر چیدیم تەڵەب نییە».
ئەگەر شێخی عەرەبان وای جواب داوە،
قاسیدی وەزیرەلئەعزەم بەپەلەپەل گەڕاوە،
موژدەی بۆ وەزیرەلئەعزەم هێنا دەڵێ:
«قوربان! خەرجی حەوت ساڵانم دەوێ تەواوە».
وەزیرەلئەعزەم بەوەی زۆر مەشغووڵ ماوە:
«خوڵایە! ئەمن هەر خەرجم لە خەڵقی نەستاندووە چم بەکەس نەداوە.
دەنگی لەشکری بەغدایە بدەن، ئینشاڵلا سبحەینێ دەیکەم بڵاوە»
قاقەزێکی شێخی عەرەبان بۆ وەزیرلئەعزەمی هات: «هەتا مانگێکی خەرجی من بدا موخاریجم بکێشێ؛ ئەوا مۆڵەتم داوە».

وەزیرەلئەعزەمی دەکا فکرێ:
«سبحەینێ دەعوایە، موخاریجی وی بەمن نادرێ».
کێ بوو لە کیای ڕدێن سپییە؟
بانگی کردە ناسر و ماڵ ماڵییە:
«بۆچ ئەنگۆ سەرباز و قۆشەن و لە وڵاتی کوێستانێ نیە؟»
کاکە ماڵ ماڵ و ناسر عەرزیان کرد بە کیای:
ئەتوو شێتی ئەقڵت نییە؟
بۆچ ئەتوو ئاگات لە دەردی مە نییە؟
بۆ نازانی، لە کوێستانێ گاگەش باوۆمەری هیچمان بەچەنگ نییە؟
بۆیە خۆمان ئەویتۆتە بەغدایە کن مامان بەنۆکەرییە،
ئەمە نابێ بچینەوە هەتا حەوت ساڵی دییە،
مەسڵەحەت ئەوەیە مەرەخەس بفەرمووی، بچنەوە سەودای بازاڕییە؛
جارێ وەزیرەلئەعزەم شلووقە، هیچ ئاگای لە خۆی نییە.
هەتا وەکو کیا و ناسر و ماڵ ماڵ ئەو قسەیان دەکرد تەواوە،
وەزیری بەغدایە دەنگی لەشکری خۆی داوە، دەڵێ:
«سبحەینێ شەڕە، نازانم دەگەڵ کێم لێ قەوماوە.
بابە ئەمن لە ماڵە خۆم دانیشتووم خوڵاگیربی، چت لەمن داوە».
سبحەینێ ئەگەر ئافتاو دەرپەڕییە،
ماڵ ماڵ ئەوێ ڕۆژێ دەهاتە بازاڕییە،
دەیدی لە هەموو دووکانە وەستا ڕۆنیشتبوو، سەرە ڕمب چاکردنە چەخماخ دروستکردنە، سیوانکارییە.
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«مامۆستا بازاڕ شلووغە، ئەوە چییە؟»
دەڵێ: بڕۆ بەولاوە؛ ئەوڕۆ کارم هەیە، چت لەمن داوە؟
ماڵ ماڵ دەڵێ:

«بەخولای ئاسمانێ!
«ئەگەر پێم نەڵێی چەکوچت لێ وەردەگرم، سەرت دادەنێم لەسەر سندانێ».
کە وەستای شیرگەر سەری هەڵێناوە،
تەماشای کرد کاک ماڵ ماڵ ڕاوەستاوە.
مامۆستا دەڵێ:
«بمبەخشە، کاک ماڵ ماڵ. بەخولای ئەتووم نەناسییە،
هەڵبەت ئەتوو بەو خەبەرەت نەزانیە،
دەڵێن: شێخی عەرەبان هاتووە دەگەڵ وەزیرەلئەعزەمی شەڕییە،
ئەمنیش کارم هەبوو، بۆیە ئاگام لەتوو نییە،»
ماڵ ماڵ ئەگەر ئەو قسەی دەبیست تەواوە،
دە شوێنی خۆیرا ڕاس گەڕاوە بەدواوە،
هەتا دەهات و لە ناسری دەکرد سەلام و سەڵاوە.
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«ناسر، نازانی چ قەوماوە؟»
کاک ناسر دەڵێ:
«ماڵ ماڵ، ئاگام لێ نییە،
«پێم بفەرموو ئەوە چییە»
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«براله! شێخی عەرەبان هاتووە دەگەڵ وەزیرەلئەعزمی شەڕییە.
ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم،
ماینێ شێ خزت بۆ لە خاوێ دەردێنم،
زینێکی مورسەتی لێ دەکەم، تەنگانی لێ دەچەسپێنم،
قۆڵی خۆمت بۆ دە زرێیەکی عالقە وردی داودی هەڵدێنم،
مەتاڵێکی حەیزەران و حەوت قوببەییت بۆ لە ملان دەشەتێنم،
دەستی خۆمت بۆ دە ڕمبێکی نەزەری وەردێنم.

جـا براله! سـبـحــەینـێ یا لـه مــەیدانـێ خـۆم بەکــوشت دەدەم، یانـه نانت بۆ له وەزیرەلئەعزەمی دەستێنم».

ناسر دەڵێتەوە ماڵ ماڵییە:

«براله! وا نییە، وەکی دییە»

ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم،

ئەمن ماینی شێ خز لە خاوێ دەردێنم،

ئەمن زینێکی مورسەتی لێ دەکەم، تەنگانی لێ دەشەتێنم،

ئەمن قۆڵی خۆم دە زرێیەکی ئاڵقە وردی داودی هەڵدێنم،

ئەمن مەتاڵێکی حەیزەران و حەوت قوببەیی لە ملان دەچەسپێنم،

ئەمن دەستی خۆم دە ڕمبێکی نەزەری هەڵدێنم،

سبحەینێ لە مەیدانێ، یا خۆم بەکوشت دەدەم، یان نانت بۆ لە وەزیری دەستێنم».

هەردووکیـان تـەدارەکی خـۆیان دەگرت؛ خێـوەتێکی دوو سـەریان کڕی، ئـەسپـابی لەشکریان دروست کرد؛ بۆ سبحەینێ هاتنە خزمەت کیای: «قوربان! ئەمە سبحەینێ دێینـه دەعوایـه». کیـا دەفـەرمـووی: «وەرن، هەڵدەن لـه تەرەفـێکەوە». سـبـحـەینـێ له بەغــدایـه دەنگی لەشکری درا، وەدەرکـــەوت قـــۆشــــەن له دەورەی بـەغــدایه ورت. وەزیرەلئەعزەم دەسەر شێخی عەرەبانی کرد:

«ئەمن جەنگی مەغلووبەی ناکەم، سبحەینێ مەیدانارییە».

شێخی عەرەبان فەرمووی:

بەچاوان! سبحەیانێ

ئەگەر ڕۆژهەڵات، ئینشاڵلا دەگرین گۆشەی دە مەیدانێ.

ئەگەر خەبەریان بەیەک داوە،

وەزیر هێنای، ساز و چەقەنە و لۆتی و ڕەققاسی داناوە،

دەڵێ: کێیە بۆ سبحەینێ دەستی لە سینگی خۆی داوە؟

سوباتێ بکا وەزیر بۆ خەڵات و بەراتێی ڕاوەستاوە،

هەر کەسێ سوباتم بۆ بکا مووچە و مواجبێکی زیادی بۆ دەکەم تەواوە.

سبحەینێ هەر کەس بۆخۆی چووە مەیدانێ دەستی دا شیری خۆی ڕاوەستاوە.
پاڵەوانی شێخی عەرەبان هات لەولاوە،
دەستیان بە داوایە کرد؛ ئی شێخی عەرەبان سەری پاڵەوانی وەزیریان بڕی، بردیانەوە بەدواوە؛
وەزیرەلئەعزەم زۆری خەمناک ماوە،
دەڵێ: «کیا! بزانە ئەمە چمان لێ قەوماوە
شێخی عەرەبان چی بەسەر ئەمەوە داوە.
دیسان ئەگەر سبحەینێ بەیانی داوە،
پاڵەوانی وەزیرەلئەعزەمی چوو لە مەیدانێ، ڕاوەستا، نەعرەتەی لێ داوە؛
دوێنێ کێ بوو هات لە مەیدانێ ئەو سوباتەی کرد، ئەوڕۆش بێ واوە»
جووتێک پاڵەوانی شێخی عەرەبان ڕکێفی لێ داوە،
هات و گەییە مەیدانێ، دە پاڵەوانی وەزیری خوڕی: «ئەسپابان دانێ، بگەڕێوە دواوە»
پاڵەوانی وەزیری دەڵێ:
«ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم،
زگت دەدڕم، هەرتک چاوت دەردێنم
ئەگەر نەمرم، سەری شێخی عەرەبانیش لە بۆ وەزیری دێنم».
ئەو پاڵەوانانە داوایان دەکرد لە مەیدانێ،
هەتا ڕۆژ وەردەگەڕا، دەگەییە مەحەلی چێشتانێ،
شێخی عەرەبان دەنێرێتە خزمەت وەزیری:
«بلا، ئەوڕۆ پاڵەوان وچانیان بێ، هەتا سبحەیانێ».
وەزیر فەرمووی:
وچان دان نییە، دەبێ یەکیان یەکێ بکوژن لە مەیدانێ
«بێ سووچ و تاوان بۆچی هاتۆتە سەرم، لێم دەبڕێ ڕێی گوزەرانێ؟
ئەمن هومێدم خولایە دەگەڵ پێغەمبەری ئاخرزەمانێ.»

پاڵەوانی شێخی عەرەبان سەری پاڵەوانی وەزیری بڕی بردیەوە بەدواوە،
وەختێک بەسەردا هات ڕۆژئاوا،
تەماشایان کرد، تەدارەکی دوو غەریبان گیراوە.
وەزیر گوتی:
«ئەوە کێن، دێن دەهانایە؟
ئەوە غەریبەن بێنە کن ئەمن زۆریان بدەمێ گەنج و خەزێنە و ماڵی دونیایە».
نایبی وەزیری چووە کن ئەوانە:
«وەرن؛ بابم، وەزیر تەڵەبو دەکا بەدڵ و بەجانە».
دەڵێن: «قوربان! نایەینە کن وەزیرەلئەعزەمی، وەزیری گەلێک گەورە و گرانە.
ئەگەر شێخی عەرەبان بەدەستی بەستە و سەری شکستە هێنامانە ئێرەکانە،
ئەودەمی بەوەزیرەلئەعزەمی عەرز بکە، جا بەنۆکەرمان بزانە».
نایب هاتەوە خزمەت وەزیرییە:
گوتی: «نایب، ئەوەت نەناسییە؟»
نایب دەڵێ: غەریبەی شارانن: نازانم نێویان چییە؟
یانە هێند مەردی چاکن قبووڵ ناکەن کەمییە؛
یانە ئاشقن، ئاگایان لە خۆیان نییە،
یانە ئەوە ڕووتن، لات و لووت، پەیدا دەکەن نانییە».
کێ بوو لە ناسر و ماڵ ماڵی نازدارە،
نوێژی شێوان سوارە بوون ئەو جووتە برا و سوارە.
یەک دەچووە ئەوسەری، یەک دەچووە ئەوسەری؛ بەقۆشەنی شێخی عەرەباندا دەهاتنە خوارە.
حەددی ماڵ نوستنان بوو، دەبوو بەچریکەچریک و هاوارە.
باب دەگەییە کوڕی، لێی دەدا، دەیگوت: «نەیکەم قوتارە».
ماڵ ماڵ دەپێشدا گەییە چادری شێخی عەرەبان، ڕستەی هەڵبڕی ئەوجارە.
شێخی عەرەبان دەرپەڕی ڕمبێکی لێ دا، کردیە ئێخسیر بەیەکجارە،

سەری شێخی خوێنی پێدا دەهاتەخوارە.
دەودەمیدا گەییيە ناسری نازدارە.
گوتی: «شێخی عەرەبان هەر دەکوژم یەکجارە».
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«ئەو غەڵەتەی مەکە، ئەوە ئێخسیری منە، بۆ وەزیری گەلێک بەکارە».
ناسر و ماڵ ماڵ شێخی عەرەبانیان گرت، بۆ مەنزڵی خۆیان هێنا خوارە،
گەینە مەنزڵی لەوێ بوون بەرقەرارە.
لەشکری شێخی عەرەبان تێک نیشتووە، ئاساری برا بەیەکجارە.
ناسر و ماڵ ماڵ دێن لەپێش شێخی عەرەبان، ڕادەوەستان ئەستۆ خوارە
شێخ دەیفەرموو: «ڕۆنیشن» ئیکلامیان دەکێشا سێ جارە.
گوتی: «ئەنگۆ چ کەسن؟» ناسر گوتی:
«قوربان! ئەو ئاغایە، ئەمنیش نۆکەرێکم لەوی دە بێکارە».
حوکمی کرد، ماڵ ماڵی دانا ئەو جارە.
دەگەڵ شێخی عەرەبانی کرد گوفتارە،
ئافتاوە و لەگەنی هێنا بەیەکجارە،
گوتی: «بێنە سەری خۆت بشۆ، بڕۆ نێو لەشکری خۆت ئەوجارە».
گوتی: «سەرم ناشۆم، ناگرم قەرارە؛
سوباتی ئەنگۆ لە عەرزێ نادەم، بەحەققی پادشای جەببارە
خوڵاگیری وەزیرەلئەعزەمی بووم، سەرم نابێ قوتارە».
لەوێ ڕۆنیشت، هەتا سبحەینێ بوون بەرقەرارە.
ناسر و ماڵ ماڵ گوتیان:
«قوربان! ئازادمان کردی؛ سەری خۆت هەڵگرە بڕۆوە خوارە».
گوتی: «سەرم ببڕن دەبێ سوباتی ئەنگۆ ببێ بەرقەرارە».
سبحەینێ هەڵستان و بۆ خزمەت وەزیری چوونە خوارە.
وەزیر لەسەر بەرماڵێ بوو، دەیگوت: «یا خوڵای کەرەمدارە!

ئەوجار لە چەنگی شێخی عەرەبانم بکەی ڕزگارە»
ئەگەر تەماشای کرد، دوو کەسان ئێخسیرێکیان هێنا خوارە.
دەیگوت: «خولایە! ئەوشەو شەڕ لە چ تەرەفێکی کراوە لەو شارە؟»
تەماشای کرد، سێ کەسان ئیکلام و تەمەنایان دەکێشا ئەوجارە.
وەزیر ئاوڕی دەداوە، تەماشای دەکا، ئەوە شێخی عەرەبانە، وا بێ ئیختیارە.
ڕاس بۆوە، قۆڵی گرت، لەکنە خۆی دادەنا ئەوجارە،
وەزیر دەڵێ:
«شێخی عەرەبان! ئەتوو عەرەبستانت پێ کەم بوو پێشکێشت بێ ئەو شارە،
بلا لە چەنگی توو ببم ڕزگارە».
شێخ دەڵێ:
«ڕووڕەش بووم و خەجاڵەتبارە؛
بفەرموو، جەللابت بێن لە ئەستۆم دەن ئەوجارە.
وەزیر! لەو جووتە نۆکەرەی خۆت بکە پرسیارە
قەت باب کوڕی خۆی وا لە تەنگانەی ناکا ڕزگارە
لە هیچ دەوڵەتان وەچەنگ ناکەون ئەو ئەمیندارە،
ئەوە نۆکەری تۆن خزمەتیان وا بەکارە
نۆکەری چاک بۆ ئاغای دایم وەک برای بەرقەرارە».
ناسر و ماڵ ماڵ جوابیان داوە:
«ئەمە نۆکەری وەزیری نین، نۆکەری شێخی عەرەبانین هاتووین لەولاوە».
وەزیر دەڵێ:
«ڕۆڵە! هەرچی دەفەرموون، بەسەر ئەو چاوە».
ناسر و ماڵ ماڵ لە وەزیریان کرد حاشایە،
دەڵێن: نۆکەرییەت ناکەین نامانەوێ ماڵی دنیایە.
وەزیر دەڵێ:
«بۆچیو ناوێ ماڵی دنیایە؟»

دەڵێن: وەکیل و مامی مە کیایە.
نۆکەر تەعین کراوە،
چوون کیایان لەولارا هێناوە،
کیای گەیشتێ لە دیوانی وەزیری کرد سەلاوە،
دەڵێ:
«وەزیر! ئەوە برازای منن، ئەو سوباتە بۆ توو کراوە.
لە عەوەزی ئەو خزمەتەی ئەوساڵ حەوت ساڵە لە کوێستانی گاگەش باوۆمەری دەرکراوە».
وەزیر فەرمووی: «تەڵەب بکەن ماڵی دنیایە؛
هەرچی تەڵەب بکەن دەیاندەمێ بەغەیرەزی شاری بەغدایە».
ناسر و ماڵ ماڵ وەجواب هاتن بەیەکجاری:
«ئەمە هەر وڵاتی کوێستانمان دەوێ بەئیختیاری؛
دەبێ مەزن باوۆمەری بکوژین، قەت نەبێ پرسیاری،
خەرج و بێگارێ نادەین بەبەغدا شاری،
ئەگەر نەماندەنێ وڵاتی کوێستانێ بەیەکجاری،
لێرە دەبینە نۆکەر نارۆینەوە لە شاری».
ئەگەر ناسر و ماڵ ماڵ ئەو قسەیان دەبوو تەواوە،
وەزیرەلئەعزەم دەستی لەسەر سەری ڕۆناوە،
جێبەجێ حوکمیان بۆ سادیر کراوە،
بۆیان مۆرکردن، وەرگیراوە
خەرج و بێگاری وڵاتی کوێستانێ هەڵگیراوە
مەرەخەستیان کردن گوتیان: «دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا».
گوتیان: «قوربان ئەگەر ئەمە نۆکەرین عەرزێکی دیکەمان ماوە.
«قوربان سەری شێخی عەرەبان دەبڕی یا مەرەخەستی دەکەی تەواوە؟»
وەزیر فەرمووی:

«ئەوە برای منە، عەرەبستانیش هەر ئی وی بێ، بەغداشم بەوی داوە».
شێخی عەرەبان دەڵێ:
«وەزیرەلئەعزەم خولا بتکا ڕاوەستاوە!
سەرێکە هێناومە نایبەمەوە دواوە».
وەزیر دەڵێ:
«وا پێک نایە،
شێخی عەرەبان دەگەڵ ئەمن برایە؛
ئەوە شاری بەغدایەم بەگەردن ئازایی دایە،
بزانم ئەمن ناخزمەتیم چبوو؟ شێخی عەرەبان بەمنی نیشان دا ئەو جەفایە».
شێخی عەرەبان دەڵێ:
«بەخولا! خەجاڵەت بووم لە دنیایە،
هەتا بۆ خۆم زیندووم، وڵاتی عەرەبستانم پێشکێش کرد، هەر ممبارەک بەتوو بێ شاری بەغدایە
مەسڵەحەت ئەوەیە ئەو نۆکەرانە بکەی ئازایە».
وەزیر دەڵێ:
«چ بکەم کوڕی منن، مامیان کیایە،
بڕۆن بچنەوە سەر وڵاتی کوێستانێ؛ هیچ کەس نەناسن لە دنیایە،
هەتا حەوت پشتیان دەبڕێ هیچ کەسیان نەیەتەوە شاری بەغدایە،
ئەگەر بەغدا دەعوای لێ بقەومێ، ناسر و ماڵماڵ نایەنن تیپ و سوپایە،
بڕۆن مەرخەستیان بکە کیا گەردنیان ببێ خۆش و ئازایە»
جێبەجێ ئیکلامیان کێشا، گەڕانەوە بەیەکجارەکییە،
کاکە ماڵ ماڵ دەڵێتەوە کاک ناسرییە:
«ئەمن قەت شتاقە شەوی دی لێرە گیر نابم، هەتا نەچمەوە کوێستانی مەزن باوۆمەران خزمەت خاتوون تەورێزییە».
ناسر گوتی: بلا ئەوشەو لێرە گیر نەبین کارێکی واش بکەم خەتام نەبێ».

کاکە ناسر دەڵێتەوە کاکە ماڵماڵییە:

براڵە ئەگەر بۆ گەورەیی دەڵێی لە وەزیری زیاتر دەبەغدایەدا کەس لە توو گەورەتر نییە،

ئەگەر بۆ زێڕ و زەمبەری دەڵێی، لە دەبووتخانەی تۆم هەڵدراوەتەوە هەزار بار زێڕ و ئەشرەفییە

ئەگەر بۆ ماینی دە چاک دەڵێی لە ئێختەخانەی بەستراوەتەوە دووسەد ماینی لەمەڕ وەزیرەلئەعزەمییە،

خوڵا ئەو جاوجەلالە بەتوو بدا ژن لە بۆ توو قات نییە.

وەبزانە گراوی مەزن باوۆمەری لە دایکی خۆی نەبووە بەکیژییە».

ماڵ ماڵ دەڵێتەوە کاکە ناسرییە:

«ئەگەر بۆ گەورەیی دەڵێی، لەکنم بەگەورەیی گاوانێکی نییە،

ئەگەر بۆ زێڕ و زەمبەری دەڵێی، بەهەمووی لەکنم بەقەد شاییەکی ئەو زەمانەی نییە،

ئەگەر بۆ ماینی دە چاک دەڵێی، بەهەمانم لەکنم بە گۆڵەبارگینێکی کورتانی سەوداگەران نییە،

قەت شتاقە شەوی دی لێرە گیر نابم، تا نەچمەوە کوێستانی مەزن باوۆمەری خزمەت خاتوون تەورێزییە

ناسر دەڵێ:

«دڵم بریندارە، جەرگم سووتاوە،

ئەتوو براگەورەی منی ئیختیارم پێ نەماوە،

کەنگێ دەفەرمووی ماین زین بکەین، بڕۆین بەولاوە؟»

ماڵ ماڵ دەڵێ:

«ئەمە دەرفکرین،

ئەگەر دەڵێی تا تەدارەکی بگرین،

ئەوشەو بڕۆین بەسەر خەندەقی بەغدایەدا ڕابرین».

کێ بوو لە ناسری بەئەرجووە،
تەدارەکێکی زۆر چاکی لە بازاڕی گرتووە،
هات ماینی خۆی و کاک ماڵ ماڵی زینکردووە،
چوونە دەرکی کیا، دەوڵەت زیادیان خواستووە.
کیا دەڵێ:
«بەخێرێن، سەرچاوی من، جووتە مەردەکەی مەیدانێ؛
وەزیر زۆرو منەت لێ هەڵدەگرێ، بەغداو دەرهێناوە لە تەنگانێ.
بڕۆن ترسو نەبێ بۆخۆم ڕاوەستام لە دیوانێ،
وەزیری بەغدایە لەنگۆ زیاتر هیچ کەس بەبرای خۆی نازانێ،
هەڕۆن بڕۆن، بەخولاّم بەزامندان، بەئەمانەت بەپێغەمبەری ئاخرزەمانێ».
کێ بوو لە جووتە سوارێکی نەولاوە،
سەری جڵەوی خۆیان بادا،
گەڕانەوە بەدواوە.
سەبرسەبر، نەرم نەرم، لە بەغدایان ئاژوا، لە بۆ کوێستانێ گەڕانەوە بەدواوە.
هەتا نوێژی شێوان ئەو جووتە سوارە دایان ئاژواوە؛
نوێژی شێوانیان بەسەردا هات لەوێ ڕاوەستان تەواوە،
جڵەوی خۆیان گرت لەوێ بوون پیاوە.

بۆ شەوێ لەوێ نووستن ماڵ ماڵ خەونی دی دەخەوێیدا، خاتوون تەورێزییان دابوو بەکوردێکی کەلاّش درێژی شارەزوورییە. ماڵ ماڵ هەڵدەستێ لەجێی خۆی دەگریا، ناسر گوتی: «براله ئەتوو بۆچی دەگری؟ پیاو دەچێتە سەفەرێ، ئەسپ و زینی نایەنێتەوە؛ پیاو دەچێتە سەفەرێ دەمرێ. پیاو قەرزدار دەبێ. ئەمە ئەلحەملای سوباتمان کردووە، دەوڵەتمان هەیە، بەئیختیار دەچینەوە کوێستانێ، بۆچی وا دەگرییێ؟»

کاکە ماڵ ماڵ دەڵێتەوە کاک ناسرییە؛
«ئەمن ئەوشەو خەونێکی گەلێک عەجیبم دەدییە،

گراوی منیان داوە بەکوردێکی کەڵاش درێژی شارەزوورییە،
بابی بەخەنجەرێ لێی ڕادەسا برالەی بەشیری ڕووتییە،
لە ترسی شیر و خەنجەران سوێندیان لەبیر خاتوون تەورێزی بردییە،
ئێستا داویانە بەکوردی کەڵاش درێژ، لای لایە دەکا بۆ کوڕی کوردییە،
وادەزانێ ناسر و ماڵ ماڵ لەسەر دنیا نییە،
بەدەستی پێ دەکەن هاوێر هاوێری مەڕییە،
بەزوڵفان پێ دەڕێسن تەشییە،
بەلاقان پێ ڕادەژێنن لانکی کوڕی کوردییە.
ڕۆژی هەتا ئێوارێ دەگری لە بۆ ناسر و ماڵ ماڵان، لەبن زمانیەوە دەڵێ:
ئاخ بمرم لە بۆ جووتە سوارەکەی ڕۆمییە»
ناسر دەڵێتەوە ماڵ ماڵییە:
«برالە خەونت ڕاستە، درۆی لە بۆ نییە،
وانییە وەکی دییە
ئەوە گراوی منە ئی توو نییە».
ماڵ ماڵ دەڵێتەوە ناسرەددینی:
«برالە ئەوە شاری بەغدایە نییە لێم بشێوێنی،
هەر کەسێکی ئەورۆ بچێتە کوێستانێ مزگێنێکم بۆ بێنێ
خوشکۆڵێکم هەیە، دیدەمێ، ساڵی دەرئەقق ڕۆژگارێ خەمی خۆی پێ بڕەوێنی؛
پیرەدایکێکم هەیە ئەویشی دەدەمێ با لانکەژێنێ؛
ئەگەر بەوەشم لێ قایل نەبی پیرەبابێکم هەیە دەیدەمێ ساڵێ بەسەری بەزمانی گەرمێن و کوێستانێی بۆ پێک بێنی،
ئەگەر بەوەشم لێ قایل نی برایەکم هەیە، ساڵێ جووتە کەڵێکی دە مس نێ حەوت زەویانی لە بوورە و بەیاری پێ دەرێنی».
کاکە ناسر دەڵێتە کاک ماڵ ماڵییە:
«برالە لەسەر کێت هەیە، ئەو ناز و گلەییە،

خۆ ئەوهە دەعوای هەموو دەوڵەتان نییە،
ئەمن بۆت دەچم بەدەستان نەکوو بەسەرییە،
ڕێگای بیست و چوار ڕۆژان بەماینێ شێ خز لە مابەینی برایەتیدا چ نییە
ئەمن بچمەوە کوێستانێ بەچی ناس بکەم، گراوی ماڵ ماڵی خاتوون تەورێزییە؟»
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«ناسر دڵم لە کاوە،
چەندی لە کاوەکاوە
تیرێکی لە ڕاستەی لێ دام لەلای چەپمی ناسۆر هێناوە.
ئەگەر بۆ خاتری من دەبی بەئێڵچی بەولاوە».

ماڵە مەزن باوۆمەری لە خڕی بالینێ، پێشاوپێشی قوچێ قەزەنێ، قەرەچادرێکی گەورەی هەڵداوە، دەودەمیدا ڕشێنێ بارانێ پەڵەی هێناوە،

لەسەر قەرەچادرێ دەباری لە هەموو خڕان هەڵستا سێڵاوە.

خاتوون تەورێزی دەستی دا کوتکی دارخڕنوک سێ جاری دەورەی قەرەچادری گەورەی داوە

دەڵێ: دایە! چاوم کەم بینا بووە، خەمی ناسر و ماڵ ماڵانم هاتۆتە بەرێ؛ نازانم کامە سیگە هەڵکشاوە.

ماڵ ماڵ دەڵێ:
«براله! ئەگەر وای نەناسی، وای نابینی،
سبحەینان خۆی دەغەمڵێنێ بەسووری، نیوەڕۆیان بەزەردی،
ئێواران تازیەی ناسر و ماڵ ماڵانە بەشینی،
ئەگەر حەزێ دەکەی، نەبێ خەم و نسرینی،
ئەگەر حەزێ دەکەی، زوو خاتوون تەورێزی ببێنی،

ئەوە لە خڕێ بالینێ دەکێشێ ماینێ شێ خز لەبەرایی خێڵی، لەدووی دەڕۆنەوە دوو جوانۆڵەی قوڵەبژە، یەکساڵ و دوو ساڵن، وەختێ بۆ خاتری ناسر و ماڵ ماڵان بێنەوە بەر عەققەی دە زینی».

ماڵ ماڵ دەڵێ: «کاک ناسرا دەبێ ئەورۆ بچی خەبەرم بۆ بێنیەوە».

ناسر دەڵێ: «ماڵ خرانەبوو؛ ئەمن ڕێی بیست و چوار ڕۆژان چلۆن بچم بێمەوە؟»

گوتی: «دەنا سبحەینێ بۆ تاوهەڵاتێ قەرارمان بێ بێیەوە. ئەگەر نەهاتیەوە، یان ئاغایەتی خۆت دیوە ئەمنت لە فکر چووە، یان دەتکوژن، خەبەرێ نایەنیەوە لە ڕێیە، یان خاتوون ئەسمەرت چاو پێ دەکەوێ، ئەمنت لە فکر دەچێ».

ناسر ڕقی هەڵستا ئەوجارە:

«دەبم بەئێڵچییەکی موختارە.

ئەگەر هیچ کەس لە کوێستانێ نەمێنێ لە خاتوون ئەسمەرێ ناکەم پرسیارە.

تیرێکی داوم لە جگەرێ؛

بەحەققی ئەم خولایێ، ئەگەر هیچ کەس نەمێنێ، ئەمن لە خاتوون ئەسمەرێ ناکەم نەزەرێ».

کاکە ناسر بەحەرەمە ماینی شێ خزی هێناوە،

زینیان دەپشتێ کوتا و تەنگەیان کێشاوە.

ناسر دەڵێ:

«ماڵ ماڵ ڕێگاکەم دوورە قەرار و مەدارم بۆ بکە تەواوە».

ماڵ ماڵ دەڵێتەوە ناسری:

«دەبڵا ڕۆژ بێتەدەر، بێ لێرە خەندەقی غەلیفەی بەغدایە بگری،

ئەگەر بەخێرهاتیەوە، لە کاکی خۆت دەفکری.

ئەگەر درەنگ بێیەوە ماڵ ماڵ بەدەشتی بەغدایەدا ڕادەبری،

چاوت پێ ناکەوێتەوە هەتا ئەوێ ڕۆژێ دەمری».

ناسر دەڵێ:

«ماڵ ماڵ دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا!

گەلێکم زەحمەت دەگەڵ ئەتوو کێشاوە.

ئەگەر دنیایە درەنگ گەیمە جێ، ڕۆژێکم لەسەر ببە ڕاوەستاوە»

ماڵ ماڵ دەڵێ:

«ناسر! هەڕۆ بڕۆ، لەمنت کەوێ کەڵی مەیدانێ
لەتوو زیاتر هیچ کەس شک نابەم ڕۆژی تەنگانێ
بەخولام بەزامن دای، بەئەمانەت بەپێغەمبەری ئاخری زەمانێ.
ناسر جڵەوی بادە، ڕکێفی لێ دە، بڕۆوە کوێستانێ».

ناسر و ماڵ ماڵ ئەگەر لە کوێستانێ بۆ بەغدایە هاتن واوە، حەوت ساڵان کانی وان ئاوی لێ نەماوە.

ناسر ئەگەر بۆ کوێستانێ ئاژواوە،
ئەوێ شەوێ ڕۆیی هەتتا بەیانی بەرداوە،

ئەگەر وەسەر کوێستانێ دەکەوێ، تەماشا دەکا دوو مێگەل لە حەوشێکی بوون بڵاوە.

ئەوە مەڕی مەزن و میرزاغایانە، ئی بابی ناسر و ماڵ ماڵان، هەمووی دەڵێی نەخۆشە و هێزی نەماوە،

ئەویدی مەڕی مەزن باوۆمەرییە، لە سەرینچاوەی کانیێی ئاو خواردووە، لە بژوێنی لەوەڕاوە،

هێند قەڵەوە هەمووی دەڵێی ڕۆنیاساوی پێدا کراوە؛
شوانیش ئەو کوردەیە، ئەگەر خاتوون تەورێزی لێ مارە کراوە.

ئەگەر ناسر تەماشا دەکا ئەو شوانە لەسەر گوێنێکی ڕۆنیشتووە دووکەڵی قەننەی لەسەر دەبێ بڵاوە؛

بەقوونەوە پڕی دەدا گوێنییە لە ڕەگوڕیشەی دەرهێناوە،
ئەگەر ئەو شوانە چاوی بەناسری کەوت، گوتی: «ئەوەیان ماڵ ماڵە، ناسر نەماوە،
یان ناسرە ماڵ ماڵ نەماوە».
کوردە بانگ دێڵێ:
«سوار ئەی سوارەکەی چەلەبییە!
دوو کوڕی ئامۆزا لە کوێستانێڕا هاتنە کن وەزیری بەنۆکەرییە،
تو خولاکەی پێم بڵێ بزانم، کامەیان ماوە کێهەیان مردییە».

ناسر دەڵێ:
«پەزەوان شێتن، ئاقڵیان نییە.
دەنێو ویلایەتی بەغدایەدا نێوی ناسر و ماڵ ماڵی نییە،
ڕێگای کوێستانێ بۆ ماڵە مەزنی بۆ هۆبەی بەکوێدا دەچییە؟»
کوردە دەڵێ:
«سوارە سوارەکەی چەلەبییە!
ئەتوو بەمن ناڵێی قسەی ڕاستییە؛
کاری ئەنگۆ لەکن ئاغای خۆتان هەموو غەیانەتییە.
ئەتوو نازانی، ئەمن کوردە شوانی مەزن باوۆمەرییە!
گراوێی ماڵ ماڵم مارە کردووە، بەکوێرایی چاوی ناسرییە؛
ئی ناسریش مارە دەکەم. بەکوێرایی چاوی ماڵ ماڵییە.
ڕێگای کوێستانێ ئەوەی لەسەری دەڕۆی دەچێتە نێو خێڵییە».
ناسر گوتی:
«خولایە! ماڵ ماڵ شێخە قەت شێخی وا نییە،
ئەتوو تەماشای گوو خواردنی کوردییە،
دەڵێ گراوی ماڵ ماڵم مارە کردووە، بەکوێرایی چاوی ناسرییە،
ئەگەر لێرە ئەو حیزبابەی دەکوژم، مەعرەکە پەیدا دەبێ، زووی ناگەمە کنێ، دەڕوا، بەڕەڵمی بەغدایەدا نای بینمەوە، لە ئامۆژن و مامم دەبێ خەجاڵەتییە؛
بلا، ئەوە ببێتەوە گوێلک بچێتەوە زگم لە نەبەدییە».
ئەوێ ڕۆژێ سێشەموو بوو، خاتوون تەورێزی و خاتوون ئەسمەر و خاتوون پەروەر هەرسێکیان هاتنە شیو و کوڵێ. ئەگەر ناسر لەژێرلا هات خاتوون پەروەر چاوی پێ کەوت، گوتی:
«خوشکێلێ! ئەمنو ببم بەقوربانی سەرییە!
ئەمن حەوت ساڵان بووم، ئەگەر ناسر و ماڵ ماڵ، ڕۆییە،
ئەوە سوارێک دێ، یان ناسرە، یان ماڵ ماڵی جندییە.

خولاکەی، خوشکێ، تەماشاکە، بزانە، ئەو سوارە کێیە.
سەر و بەرگی ڕۆمیانیە بۆخۆشی ڕەنگی شارستانی گرتییە.
ئەمن نایناسم؛ بزانە ئەوە هەوە یان هەو نییە».
خاتوون ئەسمەر سەری هەڵێناوە،
دەڵێ: «چاوم کوێربێ نایناسم؛ ڕەنگی شارستانی لێ نراوە».
گوتی: «خوشکێ، وەرە، سەروبەندی بانگ کەین؛ ئەگەر ناسر بێ، یا ماڵ ماڵ بێ، لەسەرمان ڕادەوەستێ؛ ئەگەر ئەویش نەبێ ئەوە نازانێ، ئەمە کچی مەزنین. دەڵێ: کیژی دەکوێستانییان بوون بەندوباویان دەگوت».
خاتوون ئەسمەر بانگ دێڵێ:
«لاوە، هەرێ لاوە!
بریا ئەمن سێوێک بام لە سێوی دە دوکانێ
کەوتبام لەسەر ڕێیان، لە نواڵەی دە کوێستانێ،
«ناسر و ماڵ ماڵ لە خزمەت وەزیری بەئیختیار بهاتنایەوە، ئەمنیان هەڵگرتایەوە بەبێنیان کردبام، بیانناباm دە گیرفانێ».
خاتوون پەروەر دەڵێ:
«لاوە! بریا ئەمن کل و کلتوورێک بام، لە گیرفانی کوڕە لاوان
«ناسر و ماڵ ماڵ دەخزمەت وەزیری بهاتنایەوە یەکی جارێکیان بدابامە قمبلەی دەچاوان».
خاتوون تەورێزی دەڵێ:
«ئەمن جوانوولێک بام لە حودوودان، لەوی دە حەدالان،
لەوەڕابام لەسەر ڕێیان لە لانوالان،
ناسر و ماڵ ماڵ لە خزمەت وەزیری هاتبانەوە بیاندابامە بەر شەقەی ڕکێفان، بیانبردمایە هۆبەی مەزنە مالان.
یەکی جارێکیان دەست ئاویتبامە سەر بژ و یالان،
ئەمنیان لە بابم بستاندایە لەباتی خەرج و دراو و هەستەی حەوت سالان».

ناسر ئەگەر ئەو قسەی بیست تەواوە،
جلەوی هەڵکێشا و ڕاست ڕاوەستاوە،
ناسر جلەوی بۆکن ئەوان باداوە،
ناسر دەڵێ: «بزانم خاتوون تەورێزی مێردی کردووە، یان درۆیە».
کاکە ناسر بانگ دێڵێ:
«خوشکێ خاتوونێ، وای خاتوون تەورێزییە،
ئەمە دوو براڵە هەبووین، لەوانی دەکوێستانییە؛
ئەوساڵ حەوت ساڵە لەسەر ئەنگۆ بووینەوە گەرمیانییە؛
ئێستا دەڵێن مێردیت کردووە، بەکوردێکی کەڵاش درێژی شارەزوورییە،
ئێستا کوردە بووە بەشوان ئەتوو بووی بەناسکەبێرییە.
ئەتوو سوێندخۆری قورعانێی ڕۆژی قیامەتێ جوابت چییە؟
لای لایێ بۆ کوڕی کوردی دەکەی وا دەزانی ناسر و ماڵ ماڵ لە دنیایە نەبوون بەیەکجارەکییە».
خاتوون تەورێزێ دەگریا، دەڵێ:
«بزانە سووچ و تاوانی من، مل بەکوێنێ، چییە؟
ئەمن بابم بەخەنجەرێ لێ ڕادەسا، برالەم بەشیری ڕووتییە،
«ئەمن کوشتن و مردنم لە خۆم قبووڵ دەکرد، نەم دەدا وەکیلییە؛
بۆیەکم خۆم لە کوردی مارە کرد، ئەنگۆ ببینم، نەبێتەوە، دیداری ئاخرەتییە.
ناسرە وای ناسرەی جندییە!
بەخوڵات سوێند دەدەم و بەزاتی ڕەببییە
ئەگەر حەزێ ناکەی بمرم، پێم بڵێ بەیەکجارەکییە،
توخوڵا، ماڵ ماڵ ماوە یان مردییە؟»
ناسر دەڵێ:
«خوشکێ! خاتوونی! وای خاتوون تەورێزییە!
لە وەزیری زیاتر کەس لە ماڵ ماڵی ماقووڵتر نییە،

ئەمما ڕقی هەڵستاوە دەڵێ: «نایەمەوە کوێستانێ جارێکی دییە».
خاتوون تەورێزی دەڵێ:
«براله ناسر بەقوربانت بم! هەرچەندی خشڵ و گوارەی منە بۆی بەرە بەدیارییە؛
بەرگی شایانم لە خۆم حەرام کردووە، خەنەم لەسەری خۆم نەدییە؛
نەچوومە ماڵە چ کافر و موسڵمانی بەبووکییە،
خوڵاکەی، براله، چارەی من چییە؟
چلۆن ماڵ ماڵی دێنیەوە کوێستانێ بەیەکجارەکییە؟
ئەمن دەزانم ماڵ ماڵ تەمای بەمن نییە.
براله بەسەدەقەی سەرت بم! بزانە لەوێ ئەو کارەی چلۆن پێک دێنییە».
ئەگەر ناسر ئەو قسانەی دەبیست تەواوە،
دەیگوت: «درەنگە ناگەمەوە بەدواوە».
خاتوون پەروەریان دەنارد تەدارەکی بۆ ناسری دەگرت، دەیهێناوە،
لە پێشی دادەنا، دەیگوت: «براله! ئەوە خۆراکی ڕێیەت، ئەوەش کولێرەی بەشەکری دروسکراوە؛
خوڵاکەی ئەوانە بۆ کاک ماڵ ماڵی بەرە چونکە لە وڵاتی غوربەتە، هێندەی جەفا بەتوو داوە».
ناسر دەڵێ:
«خوشکێ! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا».
سوار دەبوو ڕکێفی لێ دەدا، دەگەڕاوە بەدواوە،
هەتا هەندە هەندی بەیانی ئاژواوە،
لەبەر خەوێ ڕێی سەرەدەر نەکرد لەوێندەرێ بوو پیاوە.
خەوی بەسەردا باری سەعاتێکی لەوێ ماتەڵ ماوە.
هەهوو! کە تەماشای کرد بەیانی بەردا، ڕۆژ هەڵکشاوە،
پێی دەڕکێفی دەنا: یا ئەڵڵاهی! دەیکرد تەواوە،
سەربەرەژێر دەهاتە خوارێ، بۆ خەندەقی خەلیفەی دەگەییە و بوو پیاوە.

تەماشا دەکا: «ماڵ ماڵ لەوێ نەماوە،
ماینێ شێ دەلەوەڕێ هەموو، ئەسپابی لێ بەستراوە.
دەڵێ: «قورِم بەسەری کرا، ئەمەگی حەوت ساڵانم بەهیچێ دراوە».
ئەگەر وایزانی خۆی لە ماینێ شێ خزێدا تێر گریاوە؛
دەڵێ: «خولایە! بزانم چم لێ قەوماوە
لە خۆم هەژارێ
جا بەکوێدا بڕۆمە خوار، لە ماڵ ماڵی بکەم پرسیارێ؛
خۆی ڕووت دەکردەوە و بەڕەڵمی بەغدایەدا دەچووە خوارێ».
دوور تەماشای کرد، ئەوا کاکە ماڵ ماڵ دیارە؛
زۆر بەپەلە دەڕۆیی ئەو هەژارە،
هەتا دەگەییە ماڵ ماڵ دەیگوت: «برالە قەت ئەوەش قەول و قەرارە؟
ئەمن دەنێری کوێستانێ، بۆ خۆت بەڕەڵمی بەغدایەدا دەچیە خوارە؟
ئەمن شکایەتت لێ دەکەم لە بارەگای جەببارە».
کاکە ماڵ ماڵ دەڵێتە ناسرییە:
«خاتوون تەورێزی مێردی کردووە بەکوردییە.
جا ئەمن دونیام وەلاناوە؛ ئاغایەتیی کوێستانێم بۆ چییە».
ناسر دەڵێ:
«ماڵ ماڵ دڵم سووتاوە،
هێندەم خەم و خەفەتی تۆ کێشاوە؛
ئەمن دەکەیە چەپەر دەمنێری بەولاوە،
خاتوون تەورێزی فەقیر مێردی بەکوردی نەکردووە، بوختانە پێی کراوە،
هەرچەند خشڵ و کرمەک و گوارەی خاتوون تەورێزییە هەمووم بۆ توو هێناوە،
ئەوساڵ حەوت ساڵە چووینە بەغدایە، خاتوون تەورێزی خەنەی شارانی لێ حەرام کراوە؛
درۆیە دەکەن، مێردی بەهیچ کەس نەکردووە، ئەوە لەوێندەرێ؛لەسەر ئەتوو مەحتەل

ماوە،

براله مزگێنیەکی دیم بۆ هێناوی: هەموو کارێکمان تەواوە،

ئەلحەملای، بابی خاتوون تەورێزی مردووە، مەزن باوۆمەر نەماوە.

ئەگەر حەزێ دەکەی قەت مەگەڕێوە بەدواوە».

کاکە ماڵ ماڵ دەڵێ بەناسرییە:

«ناگەڕێمەوە دوایە جارێکی دییە.

ئەگەر تەورێزیم نەبێ دنیای ڕوونم بۆچییە؟»

ناسر دەڵێ:

«ماڵ ماڵ وات نەکرد، دەنگم ببێ دلێرە،

وات نەکرد، کاو و مرادێ لە خۆم ببینم، دژمنان بکەم کوێرە.

کاک ماڵ ماڵ، حەوت ساڵان لەتوو زیاتر دەڕۆم سەربەرەژێرە،

هۆردک چاوی ناسری، دەبلا لەپاش ماڵ ماڵی ببنەوە کوێرە».

ئینجا کاک ماڵ ماڵ دەگەڵ کاک ناسری گەڕانەوە بەدواوە، سواربوون و ڕۆینەوە بۆ کوێستانێ.

کێ بوو لە ناسر و ماڵ ماڵی بەڵەک چاوە،

هەتا وەکوو بەیانیان داژواوە

وەسەر وڵاتی کوێستانێ کەوتن، ڕۆژ شەبەقی کێشاوە؛

تەماشایان دەکرد، جووتە مێگەلێک لە حەوشەی لەوەڕاوە،

ناسر دەڵێتەوە ماڵ ماڵییە:

«براله! ئەوە مەڕی مەیە، لاوازە؛ چونکە ئاغای نییە؛

ئەوەش مەڕی مەزن باوۆمەریە، لە بژوێنی. لەوەڕاوە، ئاوی خواردۆتەوە لە سەرینچاوەی کانییە.

براله چیدی بەتوو نادەم ئەو گەورەیییە،

شەو و ڕۆژێکی بۆخۆم گەورە دەبم، لەپاش شەو و ڕۆژێکی بۆخۆم دێمەوە بەنۆکەرییە؛

گوێلکی کوردیم کەوتۆتەوە زگییە».
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«ئەمن نۆکەرم تا ئاخر زەمانێ
ئەما حەزێ دەکەم، نێوی ئاغایەتی لەسەری خۆت دانێ.
ناسر دەڵێ ماڵ ماڵ!
«نێوی خۆم ئەوا کرد بەئاغالەی ڕۆمییە.
ئەگەر لێیان پرسی: بۆ کوێ دەچێ؟ بڵێ: لە بەغدایەدا هاتووە بۆتە ئێلچی دەڕوا بۆ نێو عرووس و ئینگلیسییە.
بزانە ئینشاڵڵا چت بۆ دەکەم لە کوردییە!»
سوار دەبوون ئەو جووتە سوارە،
سەبرسەبر، نەرم نەرم، لە بۆ کوێستانێ دەهاتنە خوارە.
کێ بوو لەو جووتە سوارەی تەواوە،
ڕوویان دە کانییەکەی خۆیان کرد، بوون پیاوە،
حەوت ساڵ بوو ئیشک ببوو؛ ئەگەر ناسر و ماڵ ماڵ گەینە سەری جێبەجێ کراوە.
شوانی ناسر و ماڵ ماڵان هاتن لەولاوە،
دەڵێن: «ڕەببی! میوان بەخێرێن سەری ئەو دوو چاوە
ئەو ساڵ حەوت ساڵە، دەرکی ئەو کانییەی بەستراوە،
دەستی منو دامێن بێ، ئەنگۆ خەبەری ناسر و ماڵ ماڵان دەزانن. کیهەیان مردووە، کیهە ماوە؟»
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«شوانەکەی، جندییە!
ئەو ناسر و ماڵ ماڵی ئەتوو لێیان دەپرسی لە بەغدایەم نەدییە.
ئەگەر لەوەی دەپرسی، ئەمن نۆکەرم، ئەوەش ئاغالەی ڕۆمییە؛
ئەوە دەچێتە نێو عرووس و ئینگلیسی بەئێلچیگەرییە».
ئینجا دەستیان دەستۆی ئەو سوارانە دەکرد، دەیانکردەوە گرییە،

دەڵێ: «ئەوە ناسر و ماڵ ماڵن؛ ئەدی بۆچ ئەو ساڵ حەوت ساڵە ئەو کانییە ئاوی نییە؟»

یەکیان بەیەکیان گوت:

«بەخولای! ئەوە بۆ مەزن و میرزاغایان دەبەمەوە مزگێنییە».

ماڵ ماڵ دەڵێ:

«حیزباب بۆ هیچ کوێ نەچی؛ ئەوە ناسر و ماڵ ماڵ نییە!»

ناسر و ماڵ ماڵی بەڵەک چاوە،

نێوی خولایان دەهێنا، پێیان دە ڕکێفێ ناوە.

ناسر و ماڵ ماڵی نازدارە،

ناسر ئاغالەی ڕۆمییە، ماڵ ماڵ نۆکەرێکی بەرقەرارە،

بۆ سەر عێلی مەزن باوۆمەری دەهاتنەخوارە؛

هیچ کەسیان، نەدەناسی هەر لە ماڵە مەزن باوۆمەریان دەکرد پرسیارە.

ناسر و ماڵ ماڵ گەینە نێو عێلییە،

لێیان دەپرسی:

«ئەی ڕێبوار ئەوە کێیە؟»

ماڵ ماڵ دەڵێ:

ماڵ خرانەبوو ئەوە ئاغالەی ڕۆمییە،

بەئێڵچی گەری دەچێتە نێو عرووس و ئینگلیزیە،

«لە ماڵە مەزن باوۆمەری دەپرسێ، ولاغی چەپەرێ وەرگرییە».

بەنێو هۆبەیدا دەهات هەر سوورنی سوورنییە،

هەتا گەییە دەرکی مەزن باوۆمەرییە،

مەزن باوۆمەر بەپیریەوە دەهات و بەپێخاوسییە.

ئینجا وەرگەڕا مەزن باوۆمەری لێی دا بەقەمچییە،

مەزن باوۆمەر گوتی:

«قوربان! سەبرێکت ببێ، بزانم، حاجەتت چییە».

گــوتـی: «ولآغی چەپـەرێم بـۆ بێنـەوە؛ ئەمـن ئێــڵــچــیم دەڕۆمــە نـێــو عــرووس و ئینگلیسییە».
گوتی: «ئاغالەی ڕۆمی، پیاوێکی بێ فکری؛
دەبێ تاوێکی دابەزی، سەبرێکی بگری،
هەتا بـەخـێـر نەهارێ دەکـەی، ئەمنیش دەنێـرمـە، نێـو ڕەوەی ولآغی چەپـەرێت بۆ دەگری».
ئەگەر مەزن باوۆمەر ئەو قسەی کرد تەواوە،
جڵەوی ئاغالەی ڕۆمیان گرت، کردیان پیاوە،
بردیان ڕۆیان نا، لەلامێردانێ پاڵی داوە؛
دیاربوو خەوی دەهات، سەرینیان بۆ داناوە،
مەزن باوۆمەر گوتی:
«تاوێکی ویستراعەتێ بکە، هەتا وەکوو ولآغی چەپەرێ دێتەوە لەولاوە».
کەس نەیناسیەوە ئەوە ناسر و ماڵ ماڵە، هەر لەوان وایە ئاغالەی ڕۆمییە تەواوە.
مەزن باوۆمەر چووە نێو مەڕێ بەرەوانە،
ئەگەر پێشکێشی بۆ ئاغالەی ڕۆمی بێنێ چل شەکی جووت ددانە،
کوێخادەرکێکی ڕیش سپیدی بوو ئی پیر و زۆرهانە،
ئاغالەی ڕۆمی گوتی:
«خەوم دێ چۆڵ بکەن ئێرەکانە»
ئەو پیاوی ڕدێن سپی ناسی ناسر و ماڵ ماڵانە،
چووە پشت چادرێ؛ گوتی: «ئەوە خۆیان کردۆتە ئاغالەی ڕۆمی ئەو سەگبابانە».
جا کە چۆڵیان کرد چادر و لامێردانە،
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«بڵا دەگەڵ خاتوون تەورێزی بکەم دوو قسانە».
ماڵ ماڵ دەڵێ:
«خاتوون وای خاتوون تەورێزییە!

ئەمە دوو براله هەبووین لەوانی دە کوێستانییە،
ئەوە حەوت ساڵە لەسەر ئەنگۆ بووین گەرمیانییە.
ناوەڵڵا، بەقای ژنان بۆ کەس نەبووە، بۆمەش نییە.
مێردیت کردووە بەکوردێکی کەڵاش درێژی شارەزوورییە،
کوردە بووە بەشوان ئەتوو بووی بەناسکەبێرییە،
بەدەستانت پێ دەڕێسن تەشییە،
بەحوکمت پێ دەکەنەوە لایلایەی کوڕی کوردی شارەزوورییە،
وەدەزانی، ناسر و ماڵ ماڵ لەسەر دنیایێ نییە».
خاتوون تەورێزی دەڵێ:
«خولاّکەی! بزانە سووچ و تاوانی من چییە؟
ئەمن بابم لێ ڕاوەستابوو بەخەنجەرێ، برام بەشیری ڕووتییە،
کوشتن و مردنم قبووڵ دەکرد، نەمدەداوە وەکیلییە؛
بۆیەکم وەکیلی داوە، تا دەگەڵ ناسر و ماڵ مالاّن نەبێتەوە دیدار ئاخرەتییە،
دەگەڵ ئەتوو نا، ماڵ ئەمما دەگەڵ ناسری ئی من و ناسری خوشک و برایەتییە،
چ بکەم ئەتوو ئەمنت ناوێ، کاری خولاّی ڕەببییە».
کە گوێی لێ بوو لە پشت چادرێ ئەو پیاوی ڕدێن سپییە،
دەرپەڕی هاواری کردە مەزن باوۆمەرییە،
مەزن باوۆمەر بەلینگدان هات گوتی: «ئەوە وەخەبەر هاتووە ئاغالەی ڕۆمییە؟
ئەوە تەماحم بوو چل شەکی جووت ددانی بۆ بێنم بەدیارییە».
پیاوی ڕدێن سپی دەڵێ:
«ماڵ خرا! ئەوە ئاغالەی ڕۆمی نییە،
ئەوە ناسر و ماڵ ماڵن، ئەوا دەگەڵ کچی دە توو قسان دەکەن بەدزییە؛
یەکیان لە مدبەقێ، یەکیان لەودیوی چیغییە.
ئەوە لێک دەکەنەوە ناز و ئەرجوو و گلەییە».

بابی ناسر و ماڵ ماڵان سەریان دەسوێ ناوە، دەڵێ: «ئێستا دەعوا قەومییە».
بەدزی هەموو خەبەریان دا بەیەکدییە.
ئینجا مەزن باوۆمەر لەولاڕا هات؛ دەڵێ: «ماینێم بۆ بێنن، دەنگ بدەن لەشکرییە».
دەچریکێنی، دەڵێ:
«بۆ کەس دیار نییە،
حیزباب ئەمن لێرەم لە برسان دەرکردن، ئێستا خۆت لێ گۆڕاوە خۆت لێ کردووم بە ئاغالەی ڕۆمییە؛
ئێستا، حیزباب واو لێ دەکەم پاکانو لە کوێستانێ دەردەکەم بەیەکجارەکییە»
ئاغالەی ڕۆمی دەڵێ:
«ماڵ ماڵ ماینی شێ خزم بۆ بێنە دەعوا قەومییە».
ئەگەر سوار دەبوون ئەو جووتە سوارەکەی ڕۆمییە،
مەزن و میرزاغای، بابی ناسر و ماڵ ماڵان دەهاتن بەدزییە،
مەزن ئاغا جڵەوی ماڵ ماڵی گرتیە،
دەڵێ:
«ئەگەر حوکمی وەزیرت پێیە، ئێستا مەزن باوۆمەری دەکوژم بەیەکجارەکییە».
ئەگەر ئەوجار ئاغالەی ڕۆمی ئاوڕی دەداوە، ڕادەمێنی،
مەزن ئاغا جڵەوی ماڵ ماڵی گرتووە دەیدوێنی...
ئاغالەی ڕۆمی ڕقی هەڵستا دەچریکێنی
دەڵێ:
«حیزباب، نابێ ڕمبێکم بۆ دە گولەکی مێردان بسرێوێنی».
ئەگەر ماڵ ماڵ ئەو قسەی ئاغالەی ڕۆمی بیست تەواوە،
ڕمبێکی لێرەی بابی خۆی داوە،
جڵەوی بەردا ڕۆی هەڵات بەلاوە،
مەزن باوۆمەری بۆخۆی سواربوو، لەشکری لەدووی خۆی کێشاوە،
ماڵ ماڵ گەییە ئاغالەی ڕۆمی گوتی: سەیرێ ئەو لەشکرەی بڵا بگەڕێنەوە دواوە.

ناسر دەڵێ:

«ماڵ ماڵی ماڵ شێواوە!

ئەمن دەربەند بەمەزن باوۆمەری نیم، ئەگەر دەگەڵم لێ قەوماوە.

ئەمن لە کوردی کەلاش درێژ ئاوسم، گوێلکی کوردی دەزگمدا ماوە».

دەستیان بە جڵەوی دادەهێنا بەسەرڕەو هاتنەخوارێ لەولاوە، گەینە کوردی سێ جاریان لێ کرد سەلاوە،

دەڵێن: «کوردە ڕاستە دەڵێن: گراوی ماڵ ماڵی لە کوردی مارەکراوە؟»

کوردە دەڵێ:

«ئەمنم مێردی خاتوون تەورێزییە.

مارەم کردووە بەکوێراییی چاوی ماڵ ماڵییە،

ئی ناسریش مارە دەکەم بەیەکجارەکییە.

سەگبابە! ئەتوو برۆ شاری بەغدایە پەیدا بکە نانییە،

حیزباب! بە درووغ هاتووی، خۆت کردۆتە ئاغالەی ڕۆمییە،

ئەمن کوردەم شوانی مەزن باوۆمەرییە.

بزانم ئاخر سوال و جوابت چییە»

ئەگەر پێی چەقاند گۆچانێکی کردە حەواڵەی ماڵ ماڵییە،

ماڵ ماڵ خۆی دەبەر زگی ماینی شێ خزی ئاویت، کوردە لە قەڵپووزیدا زینی شکاندییە،

ناسر ڕقی هەڵستا زەرگێکی دا لە زارییە،

لە پشتی سەری دەرچوو ڕووی کرد لە عەرزییە،

ماڵ ماڵ زەرگێکی دا لەسەر دڵی ئەویش دەرچوو لە پشتییە،

ئاغالەی ڕۆمی جنێوی بەماڵ ماڵ دا، ئەتوو حەققت بەسەر ئەوی چییە؟

ئەمن ناسۆرم گەلێک هەیە لە کوردییە.

قەت مەردی وەک ناسری نییە،

دابەزی دەستی دا خەنجەرێ دەسک سپییە،

سەری کوردی بڕی وەک بەرخییە؛
لێوی کوردی بڕی گوتی: «خاتوون تەورێزی پێ ماچ کردییە».
دەستی کوردی بڕی گوتی: «پێی گرتووە مەمکی خاتوون تەورێزییە».
سیرمەسیرمەی کرد وەک دۆمییە.
گوتی: براله ماڵ ماڵ! بلا بگەڕێینەوە خزمەت مەزن باوۆمەرییە.
ئەوە گەپمان پێ دەدەن دەڵێن ئەوە ئاغالەی ڕۆمی نییە».
حوکمی وەزیرەلئەعزەمی وەدەرخست بۆ عێلییە،
گوتی: «کوێستان ئی منه هەتا حەوت پشت ڕادەبرییە؛
مەزن باوۆمەر ئەگەر دەنگێ نەکا، ئەمن ئیلاقەی ناکەم بۆ خاتری خاتوون ئەسمەر و خاتوون تەورێزییە».
ئەگەر مەزن باوۆمەر وای بیستییە،
دایەوە دەنگی لەشکرییە.
گوتی: «بیانکوژن له ولاتی کوێستانێ دەریان دەکەم بەیەکجارەکییە».
ئەگەر ناسر و ماڵ ماڵ ئەو قسەیان دەبیست تەواوە،
دەستیان دە مەتالان کێشا هەتا چێشتانی سوڵتانی خۆیان له قۆشەنێ نەداوە؛
له پاشان ڕقیان هەڵستا بۆ مەزن باوۆمەری گەڕانەوە بەدواوە،
چوار تەرەفی مەزن باوۆمەریان دەگرت مۆڵەتیان لێ نەداوە.
ئەگەر ڕمبێکیان له جگەری دا کاریگەر بوو هۆشی نەماوە،
لەسەر ماینیان فڕێداوە،
وە ئەولادیان کەوتن ئاساریان بڕاوە،
ناسر و ماڵ ماڵ هاتن له ماڵه مەزن باوۆمەری بوون پیاوە
حەوت شەو و حەوت ڕۆژانیان داوەت گرت نانیان بۆ خەڵقی داوە.
ماڵ ماڵ قەت هەڵی نەدەهێنا چاوە،
دەڵێ: «ئەو کوڕەی دەبینم لەمن وایە کوردە ماوە».
ناسر گوتی:

«خولاکەی! خاتوون تەورێزی ئەو کوڕەم بۆ بێنە واوە»
سواربوو بڕێکماینی شێ خزی گێڕاوە،
ڕمبێکی لەسەر دڵی کوڕی خاتوون تەورێزی داوە؛
ئەویشی کوشت بردیان لەکن بابیان دە خاکێ ناوە،
خاتوون تەورێزی زۆر گریا، دەڵێ بووم بۆسۆ و بەدناوە.
بابیشم چوو، ماڵی بڵاوبوو، زگم سووتاوە.
هەزار ڕەحمەت لە بابی (ڕەحمان بەکری) ئەو بەندەی ڕۆناوە.
خولا دەوامی (ئیمپراتۆری) بدا ئەگەر (ساحیبی ئاڵمانی) ناردۆتە ئەو ولاتەی عیلمی کوردی بکا تەواوە.

***

برایمۆک

برایمۆک کوڕی مەلا زێندینی بوو؛ بەنۆکەری هاتە کن میرشێخی. میرشێخ و میرحەج برا بوون. برایمۆک هات خزمەتی کردن هەتا حەوت سالان. لە پاشێ میرشێخ گول بوو. برایمۆک حەزی لە خاتوون پەریخانێ کرد. خاتوون پەریخان خوشکی میرشێخ و میرحەجی بوو. خاتوون پەریخان گوتی: «برایم! ئەتوو دەس لە مێرشێخی هەڵنەگرە. بیبە فەرەنگستانی سەر حەکیمی، ئینشاڵڵا چاکی بکەوە؛ ئەمن هەر ئی تۆم». هێنای، کەرێک و تێرێکی دایە. هەرچەندی موخاریجی پێ هەڵگیرا، زێڕی دایە. چادرێکی دایە، لە سەر کەرێ بۆی کردە سێبەر. هەڵی گرت ڕۆی. سێ سالان سواڵی پێ کرد. لە پاشێ بەقسەی خاتوون پەریخانی نەکرد. هەڵی گرت بردیە ئەستەمبووڵێ. ساڵێکی لە ئەستەمبووڵێ بوو. ڕۆژێکی سوڵتان تەشریفی چووە نوێژی جومعەی. نەخۆش زۆر هەبوون؛ سوڵتان ئەنعامی دانێ. میرشێخ گوتی: «برایم! ئەتوو هیچ وەرمەگرە». هیچی وەرنەگرت. عەرزی سوڵتانیان کرد:

«ئەو نەخۆشە چی نەویست».

برایم دەڵێ:

«بەقوربانت بم سوڵتانی کارخانێ!

تەمانایەکەم بۆ بکە لە خولای، لە پێغەمبەری ئاخرزەمانێ؛

یانە بمرم، یانە خەلاس ببم لە تەنگانێ».

ماشەڵڵا سوڵتان ڕوحی وایە:

لە سەر بەرماڵێ بۆی دەکرد دوعایە،

بۆی لە خولای دەپاڕاوە؛ فاتیحای دەخوێند بۆ ڕوحی حەزرەتی ڕەسووڵڵایە،

نوێژی جومعەیان دەکرد، مەخلووق هەمووی دەیکرد دەور و دوعایە.

سوڵتان تەشریفی هەڵستا، دەگەڕاوە ماڵە بۆ دوایە.

دەگەییە ڕاس میرشێخی؛ میرشێخ هاواری دەکردێ.

برایمۆک دەڵێ: «ئامانە! ئەوە ئەمینی خولایە،

سوڵتانی ئەستەمبووڵییە، تەنگانەیە، شفاعەتێ دەکا، ڕۆژی قات و بەڵایە».
میر دەڵێ: «برایمۆک! دامێنی سوڵتانم بۆ بگرە، دەشقەمێ بۆم بکا تکایە».
سوڵتان فەرمووی: «برایم! هەڵستە، وەرە دەرکێ، تا بۆ میرت بدەمێ دەوایە».
برایم هەڕای کرد دەرکێ سوڵتانی ئەستەمبووڵێ. ڕاوەستا لەوێ، سوڵتان ئیلتیفاتی کرد لە بۆ میرشێخی نارد دەوایە.
میرشێخ فەرمووی: «برایم خزمەتی توو، بە من چارەی نایە؛
ئاغایەتیم بەچەنگ نەماوە دەگەڵ ماڵی دنیایە،
لەبەر میرحەجی برام، چم لە دەس نایە.
خاتوون پەریخان بنپشکی خۆمە ئەوە بە کۆشک و باڵەخانە و جێ و مەکانەوەم دایە».
برایم گوتی: «ئاغای من خولا خەلاست بکا دەگەڵ پێغەمبەری ئاخرەت زەمانێ؛
ئیلتیفاتت دەگەڵ ئەمن کرد، لە ڕێی گوزەرانێ.
ئەگەر ئەتوو ئەمنت خەلات کردووە، دەبێ سوڵتانی ئەستەمبووڵێ بەو کارەی بزانێ».
برایم لە خۆشیان دەفڕی دەیگوت:
«مەخسوودم حاسڵ بوو لە کارخانێ».
ئەگەر برایم ئەو قسەی لە میری دەبیست تەواوە،
جێبەجێ عەریزێکی نووسی، مۆری میرشێخی پێوە ناوە،
بردیە دەرکێ، بە ئەمینداریدا؛ بە خزمەت سوڵتانیان گەیاند تەواوە.
سوڵتان جێبەجێ جوابی ئەو عەریزەی داوە،
بۆی نووسییەوە دوو کەلیمە: «خولا داویەتێ لێی مارە کراوە».
سوڵتان فەرمووی: «دوعام بۆ میری کرد و لێم قەبووڵ کراوە».
برایمۆک موژدە و مزگێنی بۆ میری هێناوە:
ئاغای من هەر کەسێکی بێتە ئەو دەرکەی، ئیمانی هێناوە.
میر فەرمووی: «برایم ئەمن چاوم نابینێ؛ ئەتوو فەرمانی سوڵتانم بۆ بخوێنەوە،

بزانم چ نووسراوه؟»

عەرزی کرد: لە ڕووی تۆم قسە پێ ناکرێ تەواوە؛

فەرموویە دوعام بۆ میری کردووە؛ لێم قبووڵ کراوە.

ئەوی دی نازانم چییە». تەماشایان کرد ڕۆمییەک هات لەولاوە.

برایم گوتی: «قوربانت بم، ڕۆمی! ئەو قاقەزەی بۆ ئاغای من بخوێنەوە تەواوە».

ڕۆمی عەرزی کرد: «ئەوە خاتوون پەریخانە بە برایمی دراوە».

میر وەری گرت، ماچی کرد، لە سەر سەری خۆی ڕۆناوە،

دەڵێ: برایم ئەلحەمدولیللا مەخسوود و مرادی تووش بوو تەواوە.

سوڵتان ئیلتیفاتی دەگەڵ کردووی، چ کارمان لێرە نەماوە.

تەدارەکی خۆیان لێ نا، گەڕانەوە بەدواوە.

ساڵەوەختێک دەیان ئاژوا، نەیان دی ڕووی زستانێ،

بەخێر و بە سەلامەت گەینەوە کوێستانێ.

ئەگەر گەینەوە وڵاتی تەواوە،

ڕۆژێکی لە سەرینچاوەی کانیە چادری بۆ میرشێخی هەڵداوە.

چادریان هەڵدا؛ دەستی دا کەشکۆڵی چووە کن شوانی؛ گوتی: «بڕێکم شیر بدەیە بۆو نەخۆشەی، نانمان ئیشکە پێی ناخورێ».

هێنای بۆی تێ گوشی. کەڵەبەردێ لەوێ بوو، بردی لەوێ لەبەر تاوێ داینا. مارێک لە بەردەکەی هاتە دەرێ، شیرەکەی دەم پێوەنا، شیرەکەی خواردەوە. لە پاشێ مارەکە دە شیرەکەی ڕشاوە؛ سەربەخۆ ئەو شیرە دەستی بە کوڵانی کرد. برایم چاوی لێ بوو گوتی: «لێی گەڕێ ئەوهە دەمرێ، لەکۆڵم دەبێتەوە؛ حەوت ساڵە ئەمن زەحمەتێ دەگەڵ ئەوەی دەکێشم. خۆ من خاتوون پەریخانم لێ مارە کراوە، هەر لێیان دەستێنم».

خواردنەکەی هێنا، دە پێش میری نا. میر خواردی، گوتی: «برایم، حەوت ساڵە، ئەمن نەخۆشم، قەت خواردنی وام نەخواردووە». گوتی: «میر نۆشی گیانت بێ!» هەڵستا، بۆ شەوێ چووە ئاوەدانیە. حەوتوێکی لەوێ ڕۆنیشت؛ ئەگەر سبحەینێ تەماشای کرد میر هەموو گۆشتی لە بەدەنێ هاتبووە دەرێ. پیاوی ناردە خزمەت

میر حەجی گوتی: «هەموو گۆشتی لە بەدەنێ بۆوە؛ ئەمن چی لێ بکەم؟» ناردی بیست باتمانی پەمبۆی بۆ کڕی. میرشێخیان دە نێونا، هەتا چل شەوی. پاشی چل شەوی هەموو بەدەنی چاک بۆوە. میر حەج تەماشای برای خۆی کرد؛ لە خۆشییان هێنای داوەتی بۆ کرد. حەوت ڕۆژان هەڵپەڕین، حەوت شەوانیش چراخان کرد. هێنای سەدەقێکی زۆری کرد دە ڕێی خولای و تەسەدوقی سەری سوڵتانی ئەستەمبووڵێ. بە گوشادی ڕۆنیشت؛ هەتا ساڵێکی. لە پاشان میرشێخ هەڵستا چووە کوێستانێ؛ برایم لەکن میرحەجی بەجێ ما، هەتا ساڵێکی دی؛ زستانیان بەسەردا هات.

ڕۆژێکی برایم، چلووی زستانێ بوو؛ ژووانی دەگەڵ خاتوون پەریخانێ کرد سەر بەردی کانییە. خاتوون پەریخان چووە سەر کانییە، برایمۆکیش کەوڵی بەخۆی دادا چوو. دەستی دەستۆی خاتوون پەریخانێ کرد. لایەکی کەوڵەکەی بۆ ڕاخست، لایەکی بە سەر هەڵکێشا. باسکی بۆ کردە سەرین. دەمی بەدەمیەوە نا. برایم و خاتوون پەریخان خەویان لێ کەوت. میرحەج هەرچەند بانگی کرد: «برایم لە کوێیە؟» گوتیان: «قوربان دیار نییە». میر چووە سەر کۆشک و تالاران تەماشای قووچی قەزەنی کرد، تەماشای ڕەندۆڵی زەرزایانی کرد، تەماشای سەری تەشوێلەی کرد؛ هیچی وەپێش چاوی نەهات گوتی:

«خولایە چ بکەم لەو زەمانە؟

برایم دیار نییە دەگەڵی بکەم دوو قسانە».

بانگی کردە ئەو هەموو نۆکەرانە:

«سۆراخی برایمم بۆ بزانن، بۆچ دیار نییە لێرانە؟

هەڵبەتە زیز بووە بۆ کن میرشێخی ڕۆیوە جا ئەوا خۆ لەبەر بەفرێ دەرناچێ ئەو بەستەزمانە»

میر ئەگەر زێنی خۆی دەداوە دنیایەی ئەوجار ئەو بەستەزمانە، ئەگەر تەماشای ڕازی کانیەی دەکرد، ئەوا پێکەوە نووستوون برایمۆک و خاتوون پەریخانە.

میر دەڵێ: «وەک بەسەری من هات، بەسەری قەت کەسی نەهاتی»

میر پیاوێکی تەعین کرد: «برایمم بۆ بێنە، بۆ وا شێت و هەرزە دەردەهاتی؟»

قاسید هاتووه، دوور به دوور بانگ دێڵێ: «برایم وەرە میر گازت دەکاتی؛

ڕۆژی ڕووناکت بچن، شەوی تاریکت بێن قاتی»

برایم دەڵێ: «قاسید وای برادەرە، میر دەمکوژێ، دەمبڕێ، یان لە چاو دۆست و دوژمنان دەمداتێ خەڵاتی؟»

قاسید دەڵێ: «براله نازانم، نه دەتکوژێ، نه دەتبڕێ، نه دەتداتێ خەڵاتی، نه دەتداتێ بەراتی».

بەسەر شانانیدا دەدا کەوڵێکی قاقمی، بەسەر پێیانی دەکرد جووتە کەوشێکی شامی، بەلێوانیەوە دەنا قەننێکی مارپێچ، سەبرسەبر نەرم نەرم بەقسە و گوفتوگۆ دەگەڵ قاسیدی بۆ لای دیوانی میری دەهاتی.

سەلامێکی دەکرد لە دیوانی میران. هێندێکی لەبەر هەڵدەستان بە کەوڵی، هێندێک بە سێ قەڵاتی،

میر دەڵێ: عەلیکوموسەلام و ڕەحمەتوڵلاهی، برایم سەر چاوەی بابی خۆت بەخێر نەهاتی».

دەڵێ: «میر بەقوربانت بم، دەمکوژی؛ دەمبڕی؛ یا دەمدەیەی خەڵاتی؟»

دەڵێ: «نه دەتکوژم، نه دەتبڕم، نه دەتدەمێ خەڵاتی.

هەتا ئێستا ئەمینی ماڵە من بووی، ئێستا بە خوار و غەیان دەرهاتی».

دەڵێ: «بەقسەی شەیتانان دەگەڵ ئەمن لاجەل دەرهاتی».

میر دەڵێ: «بەو مانگی کانوونێ، بەو چلووی زستانێ، دەبێ بڕۆی؛ دەرت بکەم لە وڵاتی».

دەڵێ: «هەڵوێشکی خزمەتی باب و باپیری ئەنگۆ دەکەم، قەت شایەکم نەبووە غەیانەتی».

دەڵێ: «برایم خۆ من بەقسەی شەیتانانم دەگەڵ نەکردی؛ لە ڕازی کانیەم بۆخۆم بەچاو ئەنگاوتی،

لە بۆ خاتوونێت ڕاخستبوو لایەکی کەوڵی، بەسەرت هەڵکێشابوو لای سێ قەڵاتی،

لەلایەکی دە ملێی شەکر و شەربەت و لەلای دیکە نوغل و نەباتی،

سمێڵی برایمی لەسەر کوڵمەی خاتوون پەریخانێ بوو، دەتگوت سۆنەی سەری

کەسکە،

هەوەڵی پایزێ فـەسـڵـی شـەخـتـەی چووکـەڵە، لەســەر شـەت و گـۆلی مـرادانی دەبزاوتی،

خشڵی خاتوونێ دەیدا لە کەمبەرەی برایمی، دەتگوت: داخـولا، ئەوە قـافـڵـەیە، لە هەوشار و هەشتەرخـان و مەکاران دەهاتەوە، ئەوە خواجە حەسـەنی بەسرییە دەنگی زەنگ و قۆڕی وی بوو، دایگرت مەملەکەتی ولاتی.

برایم دەڵێ: «میر، بەقوربانت بم! ئەوە بەقسەی شەیتانانت لە من گرت قینە،

ئەوە خاتوون پەریخان نەبوو، ئەوە کیژێکی حەریرییان بوو، بۆخۆم دەگەوزاندینە.

مـیـر بەقـوربانـت بم، خـۆ پەریخـان نەبوو؛ کـیـژێکی دە بۆتـیـان بوو بەخـوشک و برایەتیم دەست دەئەستۆی کردبوو، لە سوورەتی تۆم، دەدواندینە،

پڕ بەدەستەرێکی دەستای دوعا و سەلام بوو، بەمندا بۆ تووی دەناردینە».

میر دەڵێ: «برایم! حوکمە دەبێ بڕۆی لە ولاتێ».

برایم دەڵێ: میر! لە خۆم بێ ئیختیارێ

لێم بگەڕە هەتا نەورۆزێ و بەهارێ

ئاغا ئیختیباریان بۆ نۆکەری نییە، ئینجا بۆخۆم سەربەخۆم دەکەم چارێ.

دژمنم زۆرن، بۆ ولاتی بابی خۆم دەچمەوە خوارێ».

میر دەڵێ: «برایم حوکمە دەبێ بڕۆی لێرەکانە.

نۆکەرێکی ئەمین بووی ئێستا بووی غەیانە،

لەکن هیچ کەسی نەتماوە متمانە».

دەڵێ: «میر، بۆ خاتری خولای لێم گەڕە ئەو زستانە».

میر دەڵێ: «حوکمە دەرت دەکەم نابێ بمێنی لێرەکانە».

دەڵێ: «میر بەقوربانت بم! دەتنێرمە تەکیەی سەید و مەلانە».

میر دەڵێ: «حوکمە دەرت دەکەم لە ولاتی؛

پیاوێکی بێ حقووق و بێ فەراساتی.

ئەگــەر هاتیــە کن ئەمن، لە ســەرت بوو کـڵاوێکی چوار گـوێچک، دە پێت دابوو

کەڵاشێکی دۆمان، دە ملت دابوو کەڕکێکی کورداتی،

ئێستا قایل نەبووی بەکەوڵی، حەوتوو بەحەوتوو دەبەخشی سێ قەڵاتی،

هێشتا بەوەی ڕازی نەبووی، بەخوار و غەیان دەرهاتی».

دەڵێ: «میر، بەقوربانت بم! خۆ نانی ئاغایان لە بۆ نۆکەران منەتیان نینە،

هەر نانی خۆت بەفکرە، ئەمەگی نۆکەری قەلەندەرت بەفکر نینە.

ئەتوو گولێک بووی لەوانی نفرینە،

حەوت ساڵانم سواڵ بۆ کردی، سێبەرم بۆ دەکردی لە گوێی کەری شینە؛

بەوەش قایل نەبووم، بردمیە ئەستەمبووڵێ خزمەت سوڵتانی ئەمینە،

دەچوومە کن شوان و گاوانان دە قاپێلکی کیسەڵاندا، چۆڕچۆڕە شیرم بۆ توو دەهێنا،

ئێستا دەڵێی: دەرت دەکەم بەدڵ و یەقینە.

میر، بەقوربانت بم، ئەگەر یەقین دەرم دەکەی لە وڵاتی، بسکی خاتوونێ بەمن بمێنی بەئاوریشمی دووکانان، کە لە ڕەواندزێ کوڕە بەزازان بەتەنافیان ڕادەنگاوتی.

میر! هەنیەی خاتوونێ بەمن بمێنێ، بەمانگی چاردە و پازدە؛ هەزار و حەوسەد مەلایکەتی جلەوکێشە، لە ڕووی پاک و ناپاکی دەردەهاتی.

میرچاوی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەو ئەستێرەی گەلاوێژی دە سێ پاری نیوەشەوێدا لە هەوشار و عەجەم و موغەدەمان هەڵدەهاتی.

دەمی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەو فینجانی فەخفووری، کوڕە بەبان سەبرکە سەبرکە نەرم نەرم بەپەنجەی موبارەکان دەگرت لێویان لێ دەبزاوتی؛

گەردنی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەو ماینی شێ کەحلان، کە سوارچاکان سووچی ڕکێفیان پێ نیشاندان لە ڕملی بەغدایە لەدووی پۆلی کارمامزانیان دەبزاوتی.

بەژنی خاتوونێ بەمن بمێنێ بە داری حودێ، کوڕە موفرەدی بە خەنجەری نێرگز دەبان بۆ دیرەگی خیوەتێ هەڵپەرتاوتی.

سینگی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەو قاقەزی مەرجانی، ئەگەر مەلای گەورە لێی دەدەن خەتێ، کوڕە فەقێیان قەڵەمێ ئەنگاوتی.

میر! بەقوربانت بم، حەیفی ئەوم ناکوژێ، ئەگەر دەرم دەکەی لە وڵاتی،

بەو حەیفانەوە مردووم، ئەگەر چاوی خاتوون پەریخانێ لە برایمە ڕەبەنەی دەبنەوە قاتی».

میر گوتی: «تەدارەکی بۆ بگرین دەری بکەین». چوون کاڵە و گۆریەکیان بۆ هێنا؛

میر گوتی: «چلۆن هاتووە، دەبێ واش بڕوا». چوون کەڕکێکی سپییان بۆ هێنا، کڵاوێکی چوار گوێچکیان بۆ هێنا، توورەکێکی نانیان بۆ هێنا. هەتا ئەو تەدارەکەیان لە ماڵێ میری گرت، خاتوون پەریخان پیاوێکی بانگ کردبوو؛ هەر تەدارەکێکی میر بۆ برایمی گوتبوو، خاتوون پەریخانیش لێرە بۆ پیاوەکەی ئەو تەدارەکەی گرت. میر گوتی: «برایم بفەرموو، بڕۆ». برایم دەگری، گوتی: «وای لە خۆم بێ سەلایە!

ئەمەگی دنیایەم چوو بەزایە؛

بەفر هێن زۆرە، دەرناچم لە ڕێگایە،

میر! حەقی من و توو بمێنێ بۆ ئەوێ ڕۆژێ، کە خوڵا دیوانێ دەگری لەسەر بەردی سەخرەتوڵلایە.

ئێستا ئەمن چلۆن وەدەربکەوم؟ بۆ هیچ شاران ناچێ ڕێگایە.

وەرە، میر بمکوژە؛ چاترە گەردنت ببێ خۆش و ئازایە

نەوەک گورگ و جانەوەر بمخۆن لە سەحرایە،

بەس نییە ئەگەر ئەتوو بمکوژی ئەمەگم ناچێ بەزایە؟

ئەگەر ئەمن وەچۆلیە کەوم، دەرناکەم هیچ ڕێگایە،

میر، ئەودەمی هەر ئەتوو پێی دەبی ڕووسیایە».

دەڵێ: «برایم! حوکمە نابێ بمێنی؛ بۆ کن میرشێخی بڕۆ، بەمنت چارە نایە».

برایم دەڵێ: «میر، شکایەتی خوڵات لێ دەکەم دەگەڵ ئی حەزرەتی ڕەسووڵڵایە».

خاتوون پەریخان پیاوێکی تەدارەک بۆ گرتبوو لە چەشنی برایمی. پیلی برایمیان گرت، بڕوا. برایم گوتی: «ئاغا! بۆ خاتری خوڵای کەسم دەگەڵ نەیە؛ زۆرم خزمەت کردووە، خەڵقم پێ دەکەنێ»

پەردەیان بۆ هەڵگرت، پیلی برایمیان گرت، وەدەریان نا. خاتوون پەریخان لە پشت

پەردەی ڕاوەستابوو، پیلی برایمی گرت، پیاوەکەی بەڕێ کرد. برایمی برد شاردیەوە جوانوو ئەسپێکی بۆ لەکن میرشێخی هاتبوو. هێنای، سێ ڕۆژان ئەو جوانوو ئەسپەی ئاو نەدا، هەر کا و جۆ و وێنجەی دایە؛ تەدارەکێکی چاکی گرت بۆ سێ ڕۆژانە بۆ برایمی. سبحەینێ بەیانی جوانووەکەی زین کرد، لوولێنێکی ئاو گەرم هێنا، بە زینی داکرد، برایمی سوارکرد ئاوی بەڕکێفی داکرد. خاتوون پەریخان. دەڵێ:

«برایم، ئەگەر حەققە، ئەگەر ناحەققە،

ئەگەر دەمزانی کاکەم دەرت بکا بەموتلەقا،

سەری خۆم دادەنا چارشێوێکی دارای، چوار تەرەف مەفرەقە.

دەچوومە یەختەخانی ماڵە بابم، بۆم دەردەهێنان جوانۆڵێکی نەوزین لەوانی سم بەتەبەقە،

هاوارم دەکردە ئەو خالەقە،

نەوەکو سەرمای زستانێ لەو ڕێگایە بتکا ڕەقە.

برایم! ئەگەر دەمزانی هەر میوانی،

نەمدەیەشت خزمەتی برای من بکەی بچیە ئەستەمبووڵێ خزمەت سوڵتانی،

دەچوومە ماڵە بابم بۆم هەڵدەگرتی بەرگێکی ڕۆمیانی،

دەچوومە یەختەخانەی ماڵە بابم، بۆم دەردەهێنای حدوودێکی بێ نیشانی،

لە کەحلەکانی عەرەبستانی،

سوارم دەکردی هیچ کەس نەزانی.

برایم! ئینجا بڕۆ، بەختی منی بابان وێرانی

دوازدە ئیمام ئاگایان لێ بێ، دەگەڵ غەوسی گێلانی،

برایم لەکنم زستانێ سەختە، بەساغ و سەلامەتی ناگەیە مەکانی.

مردن بۆ تۆیە، خەم بۆ منی ماڵ وێرانی.

ناچییە چ گۆڕخانان، کەس بە مەسکەنێت نازانی».

کێ بوو لە خاتوون پەریخانێ و برایمی کۆلاوە،

بانگێکی خۆشیان لێ داوە،
برایم بۆ ماڵێ میرشێخی ڕۆیی، خاتوون بەخەمگینی گەڕاوە.
برایم دەڕۆیی، لە سەرمان زمانی شکاوە.
برایم دەڵێ: «ڕێیە سەرەدەر ناکەم، لە خۆم ماڵ وێرانێ!
ئەمن نازانم، نە بۆ گەرمێنێ دەچم، نە بۆ کوێستانێ.
خۆم دەسپێرم بەخولای و بەپێغەمبەری ئاخری زەمانێ».
جوانووی برایم بەڵەدە، بۆ ماڵی میرشێخی بڕوا بەولاوە،
سێ شەو و ڕۆژ هەر کا و جۆی خواردووە، ئاو نەدراوە،
لە تینووان هیلاکە، هەر خۆی بۆ کانیە کوتاوە،
هەتا نوێژی شێوان داغڵ بە کانیە بوو، خۆی تێ ئاویت؛ هێندی ئاو خواردەوە، چوار چەنگۆڵە ڕاوەستاوە،
برایم بێ زمانە هەڵی نایەن شتاقە چاوە.
جوانوو دە کانیەدا لەوۆراوە.
ئەگەر جوانوو تەماشای کرد شەو کەمی ماوە.

میرشێخ سێ ژنی بوو، شەوێ خەونی دی، ئەگەر نوست. لە خەوێ ڕاپەڕی؛ بە ژنی گەورەی گوت: «خەونم بە برایمەوە دیوە؛ برایم زۆر شلووخە. داخولا میرحەج، دەگەڵی خراپە؛ چ گێچەڵێکی بەسەربێنی».

میر خەوی لێ کەوتەوە، جوانووەکە سەرمای بوو دە ئاوێدا. جوانووەکە ئەگەر تەماشای کرد، چوار تەرەفی کانیەکە بەفر بوو، خۆی فڕێ دا. برایم کەوت دە نێو ئاوێ، سەری لەسەر بەفرێ بوو، جوانووەکە چوو دە حەساری میریەوە. میر دیسان برایمی دەخەوێ هات، ژنی گەورەی ڕاست کردەوە، گوتی: «هەر برایمم دەخەوێ دی. برایم شلووخە، بانگی کوێخادەرکی کە، تەماشای ڕێی کانیە بکا، بزانێ هیچ هەست و خوست نییە لەلای کانییە خومارۆیە». کوێخادەرک چوو، تەماشای کرد، جوانوویێک دەحەسارێ دایە؛ هەرچەندی دەوری دا بۆی نەگیرا. هاواری هێنا بۆ میری، گوتی: «میرا! قوربان، لە ڕێی کانیە هیچ دیار نییە. ئەمما جوانوویێک بەزینەوە دەحەسارێدا ناگیرێ، نەشم ناسییە».

خانم دەڵێ:
«وەڵلاهی! پیاوی گەورە ئیختیاری بۆ کەس نییە
ئەوە جوانووی برایمی مەلا زێندینانە، میرحەجە گولە دەری کردییە.
ئەوە بۆ ئێرە هاتووە بەهومێدییە،
لە ڕێیە سەرمایێ بردوویە بەبێ کەسییە.
خولاکەی، میر! هەتا ڕازی کانییە بچین، بزانین، هیچ ڕێوشوێنی دیار نییە؟»
کێ بوو لە خانم و میری تەواوە،
ملیان لە ڕێی کانیە ناوە،
دەچوونە کانیە تەماشا دەکەن، ڕەشاییەک دەکانیەدا مەحتەل ماوە، نەیانوێرا بچنە سەری خانم و میری تەواوە.
هاواریان دەناردە نۆکەران، لە مەخلووقیان دەگێڕاوە.
مەخلووقیان بەسەر وەربوو، خانم ناردی چرا و فانۆسی هێناوە،
تەماشایان دەکرد، ئەوە برایمە لەوێ مەحتەل ماوە.
خانم دەڵێ: «دیوتە ئەوە عەوەزی ئەمەگی برایمت داوە؟
ئەوە خزمەتکارەکەی تۆیە، حەوت سالانی ئەتوو بەکەرێ گێڕاوە،
ئێستا بەقینی توو بەچلووی زستانێ لەکن میرحەجە گولەی دەرکراوە،
خولاکەی! بلا هەڵی گرین، بیبەینەوە بزانین مردووە یانە ماوە.
میر گوتی: «وەرن هەڵی گرن». خانم گوتی: «تەماشای میری چەند ناتەواوە!
وەرە، یا بەکۆڵی منی دادە یا بۆ خۆت هەڵی گرە؛ ئەوهە گەلێکی ئەمەگی کێشاوە».
میر هەڵی گرت هەتا دەتوانێ،
گەلێک ماندووبوو خانم دەزانێ؛
دەڵێ: «برایم لەسەر ئەتووم لێ برا ڕێی گوزەرانێ،
خانم بەئامێزێ هەڵی گرت تا بردیە باڵەخانێ،
خانم دەڵێ: «ئێستا دەبێ حەمامی ژنانی بۆ بکەین». میر گوتی:
«بەچاوان، هەرچی بۆی چاکە وای بۆ بکە». هێنای، برایمیان ڕووت کردەوە،

لێـرەیان درێـژ کـرد؛ هـەرسـێ ژنـی مـیـری هـاتـن، ڕووتـیـان کـردووە ڕووت: یەکـیـان لەبەرەوە پێوەنا، یەکیش لـە پشـتـەوەیان پێوەنا، ئەوی دیکەشـیـان لەسـەر درێژ کرد.
هـەتا سـەحات و نیوێکی. برایم دەنێو ژنەکاندا ئارەقەی کرد.

کە چاوی هەڵێنا بەستەزمانە،

دەڵێ: «خولایە! ئەوە حەمامی ژنانە،

ئەمن دوێنێ لە گەرمێنێ بووم لەکن خاتوون پەریخانێ؛ ئێستا چ دەکەم لێرەکانە؟

ئەگەر میر پێی بزانێ ئەمن چ بکەم لە خەجاڵەتیانە؟»

ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینێ

بانگ دەکا: «میر! برایم چاکە؛ مەکێشە خەم و نسرینێ».

ئەگەر خانم وادەزانێ تەواوە،

ژنەکانی بردن بەولاوە،

برایم بەتاقی تەنێ دەجێدا ماوە.

دەڵێ: «خەجاڵەتم، خولایە! چم لێ قەوماوە!»

ژنەکانی دی هەڵستان، موژدەیان بۆ میری هێناوە:

سـوحـبـەتیـان دەگـەڵ مـیـری کـرد: «مـیـر حـەمـامـی ژنـان وایە، مـردووی پێ زیندووکراوە».

خانمی گەورە هەڵستا، دەستێکی بەرگی میری بۆ برایمی هێناوە؛

دەبەر برایمۆکی کرد؛ برایم لە جێی خۆی هەڵستاوە

چۆوە لە میری کرد سەلاوە.

میر یەک پێ لەبەری بڵندبوو، دەستی دەستۆی کرد، ماچی کردن هەرتک چاوە،

برایمی لەکنە خۆی ڕۆنا،

دەڵێ: «دەگەڵ میرحەجی چت لێ قەوماوە؟

میرحەج بۆچ ئەتووی کردۆتە خەم؛ خولا خاتوون پەریخانی بەتوو داوە».

هەرچەندی کرمەک و گوارە و مۆر و ئەنگوستیلەی خاتوون پەریخانێیە هەمووی دەگەڵ خۆی هێناوە.

خانم هەڵی گرت، نەیێشت، میر ئەوانەی بکەوێ بەچاوە.

چەند شەو و ڕۆژان برایمی لەکنە خۆی داناوە،

دەڵێ: «ڕێی کوێستانێ بێتەوە، دەنێرم خاتوون پەریخان بێننە ئێرە، دەتانکەم بە بووک و زاوا».

کە برایم ئەو قسەی میری بیست تەواوە،

شەوێ هەتا ڕۆژ، سەوەتێکی پەیداکردبوو، گڵ و پەینی بۆ قەندیلی مامەکۆییان کێشاوە.

ڕۆژێکی گوتی: «میر! بەقوربانت بم سەری کوێستانان ڕەشبەڵەک بوو بەفر لە هیچ کوێ نەماوە».

خانم پێکەنی، گوتی: «میر تەماشای برایمی کە، هێشتا نیوەی زستانێ نەبووە؛ شەوێ هەتا ڕۆژ ئەو فەقیرە گڵی بەکۆڵی کێشاوە.

ئەو زەحمەتەشی هەروەک خزمەتی تۆیە ئەگەر ئەتووی دە کووچە و کۆڵانان گێڕاوە.

میر نابێ چ کاران بکەی، هەتا کاری برایمۆکی دەکەی تەواوە».

میر هەڵی گرت قاقەزێکی نووسی بۆ میرحەجی: «براله! بەسەری من برایمی بێ کەیف نەکەی، زۆر ئەمانەتت بێ پەکی نەخەی لەسەر ماڵی دنیایە، ئەمما کارێکی زۆر گەورە هاتووتە بەرێ. سوڵتانی ئەستەمبووڵێ دەسەری کردووم بۆ فەرشێکی؛ سەد کەسم هێناوە، کەس باشاری ناکا، بەکەس ناکرێ. ئەگەر خاتوون پەریخانێ نەنێری هەرتکمان دەخنکێنن؛ هەر وەزعێکی دەکەی خاتوون پەریخانێ بنێرە. ئەمما بەخاتری ئەمن زۆر نیگاداشتی برایمی بکە، ئەمانەتی منە لەکن ئەتووم داناوە».

ئەگەر ئێڵچی ئەو قاقەزەی برد بۆ میرحەجی خوێندراوە،

میرحەج گوشادی لێ پەیدابوو گوتی: «لێی گەڕە، برایم نەماوە».

دەسەری خاتوون پەریخانێی کرد: «تەدارەکی خۆی بگرێ، سەفەری لەبەرە، کاکم خراپی لێ قەوماوە».

«خاتوون پەریخان دەڵێ: «بەخوڵای ئەمن ناچم بەولاوە».

میرحەج دەڵێ: بیانووان نەبینێ، لێم نەگرێ مانێ؛

دەبێ بڕوا سبحەیانێ».
تەدارەکیان گرت تەواوە،
خاتوون پەریخانیان دە زەمبیلان ناوە، ئاوێتیانە شانی خۆیان، ڕێیان کێشاوە.
گوتی: میرحەج! برالە! دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا»
هەتاوەکو ئێوارێیان کێشا، ئێوارێ داغیل بە کانیە خومارۆیە کراوە.
مزگێنی بە میرشێخی دراوە.
میرشێخ لەجێی خۆی هەڵستاوە
ناردی دەهۆڵ و زوڕنای هێناوە
لۆتی و ڕەققاس دروسکراوە
ساز و چەقەنەی لێ داوە
داوەتێکی خۆش گێڕاوە
حەوت ڕۆژان بوو تەواوە
مەلا و فەقێیان هێناوە
ئەوانیش پاک قۆڵیان کێشاوە
کاری هەرتکیان بوو تەواوە
موبارەک بێ بووک و زاوا
(ڕەحمان» بەکر ڕاوەستاوە
ئەو بەیتەی کردووە تەواوە
لەنێو کوردی زۆر بەناوە
لە سابڵاغێ دانراوە
حوکمی خاریجەگەری بەوی دراوە
ئەلحەملای کارمان تەواوە

***

شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی

خاتوون ئەستی کچی مام غەڵیفەیە. فەرخ کوڕی مامادیە. هەرتکیان ئامۆزان، بابیان برایە. فەرخ دە زگی دایکی دابوو، دایکی ژان و برکی هاتێ. ئەگەر بەخێر منداڵی ببێ، ناردیان ژنە سەید و مەلا هاتن، ناردیان ژنی وەکیل و وەزیری هاتن. سێ خوشک بوون، نازێ و نازدار و خاتوون ئەستی. مامادی دوازدە کوڕی بوو؛ هەر دوازدەی مردبوو. گوتی: «خولایە! ئەوجار فرزەندێکم بدەیە، یا نێر بێ. یا مێ بێ». خولاوەندی عالەمی فەرخی دا بە مامادی. ئەگەر دەوریان گرت مامانچی، فەرخ دە زگی دایکیدا بوو. حەزی لە خاتوون ئەستێ کرد. خاتوون ئەستی بۆخۆی نەیدەزانی.

فەرخ دە زگی دایکیدا بانگ دەکا؛ دەڵێ:

ئیلاهی یا! فەرخم لێ دەبوو بەیەکە؛
شوکرانەم بەتوو، ئەی فەلەکە
خەلقەتی دەکردن دەست و چاو پێ و بەلەکە.
مەخسوود و مرادم هەرتک چاوی بەڵەکە.
ئیلاهی! یا فەرخم لێ دەبوو بە دووە
خولایە شوکرانە وەبەر ئەتووە
خەڵقەتی دەکردن دەست و پێ و بەلەک و ڕووە.
مەخسوود و مرادم هەرتک چاوی دە تووە.
ئیلاهی! فەرخم لێ دەبوو بە سێیە
شوکرم بەتوو ئەی خوڵێیە،
خەڵقەتی دەکرد دەست و زار و پێیە.
مەخسوود و مرادم لە هۆرتک چاوی خاتوون ئەستێیە.
ئیلاهی! فەرخ دەبوو بە چوارە؛
شوکرم بەتوو ئەی جەببارە!
خولای خەلقەت دەکرد هەموو ئاکارە.

مەخسوود و مرادم لە هەرتک چاوی دەبەخومارە.
ئیلاهی! فەرخ دەبوو بە پێنجە
خاتوون ئاویان لە کانیان هەڵدێنجا
گۆزە دەبوو بەزێڕ، کانی دەبوونەوە بەگەنجە.
ئیلاهی! فەرخ دەبوو بە شەشە؛
هاوارم وەبەر توو، ئەی عەرشە!
خوڵای دروس دەکردن هەموو ئاکار و لەشە.
مەخسوود و مرادم لە هەرتک چاوی دە ڕەشە.
ئیلاهی! فەرخ دەبوو بە حەوتە
مەلەکان لە ئاسمانی حەوتەمینیان ڕاو تێ دەکەوتە؛
خوڵای دەینارده سەر ئۆممەتێ مەلەکولەوتە.
ئیلاهی فەرخ دەبوو بە هەشتە
مەلەکان لە ئاسمانێیان پەشتاوپەشتە،
خوڵای لە شەرافەتی پێغەمبەری دروستی دەکرد دۆزەق و بەهەشتە.
ئەگەر نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تەواو دەبوو بەدڵ و بەجانە،
فەرخ دەهاتە ڕوو بەدەستەوە دەست لەسەر ڕووانە،
لە خەزێنەی خەلاس دەبوو دەیانگرت مامانە،
فەرخیان ڕادەگرت لەسەر هەردک دەستانە،
نێوکی فەرخیان بڕی بەکلیخی دەبانە،
توندیان دەپێچاوە بەدەستانە،
لەسەر بنی بێژنگیان دادەنا بۆیان دەکرد چراخانە.
ئەو ژنە وەزیر و وەکیلە بەدزی دەکەن قسانە،
دەڵێن: «ئەوە یا ڕمووزنە، یانە شەیتانە،
مزگێنی بەرن بۆ مام غەڵیفانە»
ئەوی پیرێژن و سەرسپییە،

تەگبیرێ دەکەن لە نەبەدییە،
بلا بۆ شارەکەی داودیە بەرین مزگێنییە،
هێندێک لەکن دایکی فەرخۆڵەی بەجێ دەمان بەکێشکچییە،
دەڵێن: «خوشکێ چاومان نابینێ بەو شەوەی بلا ئەمە ڕۆنیشتین لەکن ئەوییە».
فەرخ دەڵێ: «هەرچی پیرە لەکن دایکم بەجێ دەمێنێ، هەرچی جوانە، بەقەوەتە، دەچێتە شاری داودیەی دەستێنی مزگێنییە».
هیچ نادەن بەو فەقیرانەی کێشکچییە،
فەرخ دەڵێ: «ئەوی پیرێژن و مامانچی و سەرسپییە،
هێندێک کێشکچی بن، هێندێک بەرن مزگێنییە،
زۆرو دەدەنێ کەم نییە،
ئەگەر هێناتانەوە هەمووتان لێ بەش دەکەم بەبرایەتییە،
هەرکەس پووڵێکی بدزێ بەحەققی ئەو خولایەی ڕەببییە،
سەری دەتاشم، سواری کەرێی دەکەم، بیروونی دەکەم لە شاری داودیە».
ئەوانە گوتیان: «نامانەوێ ئەو شەیتان و ڕمووزنە ئابڕوومان دەبا».
هەموو گەڕانەوە لەپاشێ گوتیان: دەچین گەلێکی دەستێنین هیچ غەیانەتی ناکەین دەیبەینەوە.» فەرخ بانگ دەکا:
«ئەی پیرێژن، ئەی مامانچی دەموحتەبەرن!
هەموو لە دەورەی من و ئی دایکم ڕاوەستاون دەڵێی لەنگەرن.
مزگێنی بگەیەننە دیوانێ، بۆ مام غەڵیفەی و بۆ بابم بەرن»
مامانچی و قەرەواش لە کاری خولای تەعجوب دەمانە،
دەڵێن: «یا ڕەببی بەڕەحمەتی توو شوکرانە!
ئەوە مەعلوومە یان ڕمووزنە، یان شەیتانە،
دەنا قەت بووە منداڵی یەک ساحەتە دە زگی دایکی دا بکا قسانە
بلا مزگێنین بڕفێنی بۆ دیوانی گەورە و گرانە».
ئەو قەرەواش و سەرسپییە

دەبوون بە تەتەر و ئێلْچییە
دەگەڕان دەکووچە و کۆڵانی شاری داودییە
لە دیوانێ دەچوونە پێش دەیاندا مزگێنییە
ئەگەر مام غەڵیفە ئەو قسەی دەبیست تەواوە،
شوکرانەی دەبژارد سەڵاواتی لێ دەداوە،
گوتی: «خەبەرێ بەرن بە مامادی کاکم تەواوە،
بۆ وی تاقانەیە زگی سووتاوە».
مزگێنییان دا بە مامادی بەیەکجاری،
دەڵێ: «یا ڕەببی زۆر شوکر بەگەورەیی جەبباری؛
بابە چو لەمن دەویێ هۆوەتا مام غەڵیفەی گەورەی شاری».
ئەگەر مام غەڵیفە تێ دەگەیەنن،
دەڵێ: «سەید و مەلا و میرزا و فەقێ بچن لەسەر کوڕی مامادی بخوێنن
جا سبحەینێ وەرنەوە جا سەرو خەڵاتی گەورەم لێ بستێنن
شەیتان دەچووە کن مام غەڵیفەی بەیەکجارەکییە:
«قوربان کارێکی گەورە قەوماوە ئەتوو نەتزانییە
هاتوونە کن ئەمن قەرەواش و مامانچییە،
دەڵێن: کوڕی مامادی ڕمووزاتە قەت شەیتانی وا نییە
نێوی لە خۆی ناوە فەرخۆڵە، ئاغای شاری داودییە
دەڵێ مەخسوود و مرادیشم خاتوون ئەستییە».
مام غەڵیفە بەو قسە جەرگی سووتاوە
دەڵێ: «سبحەینێ جواب دە گەرمێنێ بگەڕێ لە ئەستەمبوڵێ ببێ بڵاوە،
سوڵتان پێ بزانێ پاکمان دەخنکێنێ تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە،
دەڵێ: «ئەوە بنەچەکە فاسقن بۆیە ئەوەیان وەڕووی زەمینێ ناوە».
بانگی کردە سێ دزان گوتی:
ئەنگۆ ئەوەی بدزن لە سەید و مەلایان تەواوە.

فرێی دەنە تەویلەی کەڵ و گامێشان، ئێستران پێی لێ دەنێن دەیکەن بڵاوە،
سبحەینێ دەگەڵ ڕیخێ دەیرێژن جواب دەخەلقی دەگەڕێ دەڵێن: «شەیتان و ڕمووزن بوو مەفح کراوە».
ئەو سێ دزانە دەهاتن خزمەتی مەلا و فەقێیانیان دەکرد، بۆیان دەهێنان قەننە و ئاوە،
هەتا نیوەشەوێ خزمەتیان کرد، نیوەشەوێ چرا کوژاوە،
ئەو فەقێ و مەلایە پاکبوون بڵاوە،
ئەو دزانە فەرخیان هەڵگرت بەدەستی یەکدیان داوە،
بۆ تەویلەی کەڵ و گامێشانیان فڕێداوە،
مەلایکەتان فەرخیان هەڵگرت کێشکیان لە دەورەی کێشا لەسەر بەردێکی مەڕمەڕیان ڕۆناوە،
هەرچەند کەر و بارگینە سەریان بەسەردا گرتووە لە دەورەی ڕاوەستاوە،
فەرخ دەڵێ: دایکی من بەهەویای کێشکچیان ئاگای لەمن بڕاوە»
فەرخ بانگ دەکا: «دایە گیان وای گیانە!
بەڕەحمەتی خولای دەبژێرم شوکرانە
چلۆنت بەرەڵدا کردم بەهیوای کێشکچیانە،
نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان هەڵت گرتم بەبەر و پشتانە،
هیچ برازا نابێ بەمامی بکا متمانە».
دایە گیان هێزی جەرگم چرای چاوانم!
«ئەتوو نەتزانیوە بەفەرموودەی مامم؟مەیتەری کەر و بارگین و ئێسترانم».
کە دایکی ئەو قسەی دەبیست تەواوە،
چەپۆکی بەسەرخۆیدا داوە،
دەڵێ: خانەم خرابوو، کوڕەکەم نەماوە،
هەڵستا، چرا هەڵکراوە،
هەر چەندی پەنجەرە و دوودەریان گەڕاوە،

سۆراخی کوڕی وەچەنگ نەکەوت؛ دەڵێ: «خولایە! ئامان جەرگم بڕاوە»
ڕووی دەتەویلەی ئێستر و بارگینان کرد، هەموو ئاخوڕان گەڕا، سۆراخی نەکراوە،

تەماشای کرد، هەرچەندی ولاخە، یەک بەبەندیەوە نەماوە،
بەردێکی مەڕمەڕ لەوێیە کوڕی وی لەسەر دانراوە،
هەرچەندی حەولی دا ولاغێک لەبەر وی نەکشاوە،
لەسەر چەنگان ڕۆیی ئامێزی دە کوڕی خۆی وەرهێناوە،
ئەگەر گوتی «هەس» هەموو ولاغی لەبەر کشاوە.
کوڕی خۆی هێنا لەسەر جێی خۆی بەرقەرار کراوە،
جا هەتا حەوتوێکی بۆخۆی کێشکی لە کوڕی خۆی کێشاوە.

هەتا حەوتوێکی چ باس و خەبەر نەبوو. پاش حەوتوێکی دایکی شیوی کرد گوتی: «نیوەڕۆیە هەڵم بستێن نوێژان دەکەم». تەدارەکی بۆ فەرخی گرتبوو، لانکی بۆ دروس کردبوو. دایکی گوتی: «ئینشاڵلا بۆ شەوێ، کوڕی داوێمە سەر لانکێ، حەوتووی دەچێ. پیاوێک لە ولاتێکی هاتبوو خاتوون ئەستی ببینێ. سووڕەتی بگرێ، بۆ ئاغای خۆی بەرێتەوە. فەرخ گوتی: «خاتوون ئەستی نازانێ ئەمن حەزی لێ دەکەم؛ مێردی بکا ئەمن ئاوارە دەبم. بەلا دوعایە بکەم ئەو شەو دایکم بمرێ. سبحەینێ بابم بمرێ. کەس نەبێ بەخێوم بکا، ئیللا خاتوون ئەستی نەبێ، بۆخۆم داگیری دەکەم، نایەڵم کەس بیخوازێ.

خولایە گەورە و چەند نادری،
هەم کەریم و قادری،
ڕوحان دەدەی، وەریان دەگری
ئەوڕۆ لە حەوتووی دەرچم، دایکم بمری
سبحەینێ دەکەوینە چاوان، بابم بمری

بەهیچ کەسێکی بەخێو نەکرێم، خاتوون ئەستی بۆخۆی هەڵم گری خولایە! نە بەکەبرێنی، نە بەسەبرێنی

ئەوڕۆ دایکم بمرێ، سبحەینێ بابم بمرێنی،

بەهیچ کەس بەخێو نەکرێم، دەبێ خاتوون ئەستی بۆخۆی بمعاملێنی.
ئەگەر فەرخ تەمەنای دەکرد لە خولاّی عالەمیانە،
لە بۆ دایکی فەرخی دەهاتن میوانە،
بەخۆی نەزانی، ڕوحیان کێشا ئەو بەستەزمانە،
لە ماڵێ بوو بەشین و گریانە،
هاواریان برد بۆ مامادی و مام غەڵیفانە،
مامادی دەڵێ:
«خولاّیە! بەڕەحمەتت شوکرانە!
خۆ دەوڵەتم زۆرە گەنج و دەبوتخانە،
کوڕی بێ دایک چلۆنی دەبێ گوزەرانە؟»
ئەوێ شەوێ ڕۆژ بوو ئاوە،
دایکی فەرخۆڵەی تەسلیم نەکراوە
هەتا سبحەینێ تەمیز شۆراوە،
خەلاّتیان دەبەر دەکرد، بۆ گۆڕخانان هەڵگیراوە،
تەسلیم بەخاکیان کرد، مەخلووق گەڕاوە،
هاتن لە مزگەوتێ ڕۆنیشتن کەیخودا و پیاوماقووڵ، سەرەخۆشی لە مام غەڵیفە، مامادی کراوە،
هەتا نیوەڕۆیە بانگێکی بەهەقق لێ دراوە،
دەڵێن: «بلاّ بچی نوێژان بکەین تەواوە،
«ئەو مەخلووقە پاک لە برسان مرد، یەکێک هۆشی نەماوە».
خڕبوونەوە هەموو موسڵمانە،
هەموو لە ماڵی خۆیان دەیانهێنا سفرە و نانە،
عەرزی مام غەڵیفەیان کرد: «بلاّ مامادیش بێتە ئێرەکانە».
لە میحرابی مزگەوتێ ڕۆنیشتبوو، کەس پێیان نەزانی ئەو خەڵقانە.
لە بارەگای خولاّی دەیهات میوانە،

ڕوحیان دەکێشا کردیان سەرەوێرانە.
ئەوەش دوعای فەرخی مامادیانە،
قبووڵ بوو لە دایک و بابانە،
مەلا گوتی: «مامادی، هەڵستە، تەشریفت بێتە ئێرەکانە».
مەلا هاتەوە گوتی: «بابە نانی خۆ بخۆن نە سەری هەیە نە ئەزمانە».
نانیان خوارد و بژاردیان شوکرانە،
مەلا گوتی: «مام غەڵیفە! بڵا بچینە قەبرانە»
مام غەڵیفە گوتی: «مەلا! ئەمە تازە هاتووینەوە چ قەوماوە»
مەلا گوتی: «قوربان سەری تۆ سەلامەت بێ مامادی نەماوە».
مام غەڵیفە گوتی: «وای! قوڕم بەسەری بوو کەسم نەماوە
پشتم شکا جەرگم سووتاوە»
وەدەرکەوت، بانگێکی خۆشی لێ داوە.
فەرخ بۆ دایکی هیچ نەگریا، ئەگەر بابی مرد ئەویش گریاوە
ئەوڕۆ کەوتۆتە چلان بەهیچ کەس ژیر نەدەکراوە.
مام غەڵیفە دەڵێ: «ڕۆڵە! خراپم لێ قەوماوە»
لێی خڕبوونەتەوە سەید و مەلای تەواوە،
هەڵیان گرت، بۆ گۆڕخانەی بردیان بەولاوە،
ئەوی لەکن دایکی فەرخی تەسلیم کراوە.
فەرخ بانگ لەسەر بانگی لێ دا بەکەس ژیر نەکراوە.
پوورێکی فەرخی هات لەولاوە،
دەڵێ: «برام چوو، ئەو کۆرپەی ماوە.
دەیبەم بەخێوی دەکەم هەموو ماڵی خۆمی دەنێم دەپێناوە».
هەڵی گرت، بردیە ماڵی خۆی دایناوە،
فەرخ ئەگەر لەوێ زیراندی، هەر گریا و ژیر نەکراوە،
پووری دەڵێ: «چ بکەم خەڵق دەڵێن: شەیتان و ڕمووزنە؛ بۆیە دایک و بابی

نەماوە».

پووری هەڵی گرت هێنایەوە بەلاوە.

لە ماڵێ داینا گوتی: «چی لێ بکەم، چارەم بڕاوە،

هەر کەسێک بۆم بەخێو بکا هەموو مانگان سی لیرەی دەدەمێ تەواوە».

مروەتی مەولوود سوراحی هات لەولاوە.

دەڵێ: «ڕۆڵە بەقوربانت بم! دایک و بابی نەماوە»

فەرخی هەڵگرت دراوەکەی دەباغەڵێ ناوە،

فەرخ دەتگوت دووپشکی ڕەش پێوەی داوە،

هەرچەندی کووچە و کۆڵان بوو، پێوە خولاوە؛

چارەی نەدەکرا، هەر چاتر گریاوە.

برێکی لە زێڕەکان هەڵگرت، هێنای، لەوێی ڕۆناوە؛

گوتی: «بابە! ئەوە عیلاجی بەمن ناکرێ، شەیتانە وەسەرێ عەرزێ نراوە،

بۆیەکی وا بەهەتیوی بەجێ ماوە».

ناردیان لە مام غەڵیفەی لە دیوانێ گێڕاوە.

مام غەڵیفە هاتە ماڵێ، گەلێک گەلێک گریاوە؛

دەڵێ: «دیوانم چۆڵ بوو، مزگەوتم نەماوە،

ئاورم تێ بەربوو، جەرگم سووتاوە،

جواب دە دژمنان دەگەڕێ، دەڵێن: مام غەڵیفەی برای نەماوە؛

ئەمن چ بکەم لە فەرخۆڵەی و لەو تولفی ساوە».

بانگی دەکرد: «نازێ، نازدار! خاتوو ئەستی! وەرن لەولاوە»

دەیگوت: «ڕۆڵە! نازانن، ئەنگۆمامو مردووە، بابو پشتی شکاوە؟

وەرن تەگبیرێ بکەن لە بۆ فەرخۆڵەی دایک و بابی نین؛ چلۆنی گوزەرانی بدەین تەواوە؟»

نازدار دەڵێ «بابە! چبکەین، منداڵێکە بەنادری.

هەرچەند دەکەی، مەمکی چ کافر و موسڵمانێ ناگری».

مام غەڵیفە دەڵێ: «فرزەندی من، گیانە!
وەرن تەگبیرێ بکەین بەهەمووانە،
بەخێو بکەین فەرخۆڵەی بەستەزمانە.
ڕۆڵە نازدار! ئەگەر بۆم بەخێو بکەی لە دنیایە،
شاری داودییەی بەشی خۆمت دەدەمێ گەردنت دەکەم ئازایە.
ڕۆڵە! حەزێ دەکەی، جا ڕۆنیشە، بۆ من ببە بەپەنهایە».
دەڵێ: «بابە! بۆ لە من دەکەی فکرێ؟
بابە ئەوە لێم لە بیانووی؛ چونکە نانت گەلێک دەخورێ.
بابە ئەگەر بچمە کۆڵانان، نان نانەم پێ پەیدا دەکرێ،
ئەمن مێردم نەکردووە ئەو شەیتان و ڕمووزنەم پێ بەخێو ناکرێ».
ئەوجار ڕووی دە نازێ کرد تەواوە،
دەڵێ: «ڕۆڵە! چلۆن تەگبیرێ بکەین لەو کۆرپەی ساوە،
تووشی ئەستۆم بووە، چارەم بڕاوە.
کەسێک بۆم بەخێوبکا، شاری داودیەم بۆ وی داناوە؛
دەیدەمێ بەیەکجارەکی بۆ خۆی ببێتە ئاغایەکی تەواوە».
نازێ دەڵێ: «بابم بزانە، چ پەڵپێکی لە من گرتووە، بەو خولا، ئەوە بەمن ناکرێ.
هەرچەند دەکەی مەمکی هیچ کەسێکی ناگرێ.
بابە هەتیوی بێ دایک و باب بەمن بەخێو ناکرێ»
ئەگەر مام غەڵیفەی وای لە کچەکانی خۆی بیستییە،
دەڵێ: لە دنیای ڕوون فرزەند چ نییە،
ئەوجار وەرگەڕاوە، ڕووی کردە خاتوون ئەستییە،
دەڵێ: «ڕۆڵە! کچەکان جوابیان دام ئەتوو قسەت چییە؟»
دەڵێ: بابە ئەمن چ مێردیم نەکردووە چ مەمکم نییە؛
«بابە! ئەتوو دایەنێکی پەیدا بکە مەمکی بداتێ، ئەمنیش بۆ خاتری توو لەکنی ڕۆدەنیشم بەلانکەژێنییە،»

دەڵێ: «ڕۆڵە! گەردنت ئازابێ لە بەشی خۆم لە شاری داودییە،
چونکە تووشی ئەستۆت دەبێ هەتیوبارییە».
نازدار دەڵێ: «بابم، شەڕی ئەوەیەتی، ئەگەر شاری داودیەی بدا بەخاتوون ئەستییە؟
تەماحی هەیە، دەگەڵ براکان و خوشکەکان هەمان بکا بێبەرییە؛
تەماحی هەیە، ماڵەکەی هەموو بدا بەفەرخۆڵە و بەخاتوون ئەستییە.
نازدار لەولاڕا هات پڕی دا فەرخۆڵەی گرت و بردییە،
پێی گڕا هەموو کووچە و کۆڵانی شارییە،
فەرخۆڵەی هەر زیڕاندی زمانی نەچۆوە دەزارییە.
هێنایەوە گوتی: «بابە بەقوربانت بم ئەمن چارەم چییە؟»
ئەوجار نازێ هەڵی گرت ڕفاندی،
بردیە وەتاغێ باڵەخانێ، بەدایانی ئەسپاردی؛
عیلاجی نەکرا؛ بردیەوە کن بابی بەڕووساردی.
ئەگەر لەوێ دایدەنێ، لە دەورەی داوری،
خاتوون ئەستی پڕی دەداتێ و هەڵی دەگری.
فەرخ دمی بەسینگیەوە دەنێ، بێدەنگ دەبێ، لەوێندەرێ هیچ ناگری.
ئەگەر لەوێ کاری فەرخی بوو تەواوە،
میر لە دیوانێ بانگ کراوە،
دەیانگوت: «ئەوە برای مردووە، سەرەخۆشی لێ کراوە».
خەبەر بەسوڵتانی ئەستەمبووڵێ دراوە.
دەڵێن: «مام غەڵیفەی شاری داودییەی برای مردووە، پشتی شکاوە؛
هەر تاقە فرزەندێکی لە پاش بەجێ ماوە».
سوڵتان خەلاتی بۆ قەرار کرد، ئەنقابی میرایەتی لێ ناوە.
وەکیل و وەزیران لێیان پرسی: «فەرخۆڵەت چ لێ کرد؟» گوتی: «ئەوە لە ماڵێ تەسلیم بەخاتوون ئەستێ کراوە».

لەوێندەرێ ئەو قەرار و مەداری دنیایێ دەبوو تەواوە،
نێوبانگی جوانی خاتوون ئەستێ دەهەموو دنیایێ گەڕاوە.
خەبەری بەشێخاڵی کەچەڵی دراوە.
شێخاڵ مەنسەبی دانا، سەر و بەرگی شوانانی دەبەر کرد، کەرکێکی کوردانی بەشانی خۆی داداوە،
بەسەییاحی لە خاتوون ئەستیێ گەڕاوە
شاری داودییەی دیوە، هات و لە دەرکی میری بوو پیاوە.
کەرکی خۆی ڕاخست، لەسەری دانیشت، گوتی: «دەشقەم خاتوون ئەستێم بەوێ بەچاوە».
ئەگەر نازدار هاتەدەرێ، هات، ماندوونەبوونی شێخاڵی کرد، گوتی: «مامە ماندوو نەبی بەخێریی سەر ئەو دوو چاوە.
بۆ کوێ دەچی، بۆ لێرە ڕۆنیشتووی؟ هەستە بچۆ مەنزڵی بابم دیوان گیراوە».
گوتی: «دیوانی بابی توومبۆ چییە؟
ئەمن بۆخۆم دەگەڕێم لە فەقیری و لە کاسبییە».
دەڵێ: «خولا ماڵت خرانەکا، ئەگەر ئەتوو فەقیر بی ئەمە شوانمان نییە؛
ئەدی برسیت نەبووە، بۆت بێنم نانییە».
گوتی: «ناوەڵلا، جارێ برسی نیم فەسڵی نەهارێم نییە».
گوتی: «خاڵە! بەقوربانت بم! ئەگەر دەبیە شوانی مە، ئەتوو نێوت چییە؟»
گوتی: «کیژێ باریکەڵڵە!
ئەتوو نازانی، نێوم شێخاڵە کەچەڵە؟»
نازدار ئەگەر ئەو قسەی لە شێخاڵی بیست تەواوە،
لە ڕاستە خۆی بۆ ماڵێ گەڕاوە،
خەبەری بەدایکێ و بەنازێ و خاتوون ئەستێی داوە،
گوتی: «شوانێک هاتووە لە دەرکێ مەحتەل ماوە».
گوتیان: «خولاکەی چۆن پیاوێکە؟» گوتی: «ئەستۆی ئەهێندە ئەستوورە، دەڵێی

کەڵە دابەستراوە».

نازێ گوتی: بڵا بیبینم، بەچاوە.

هات ماندوونەبوونی لێ کرد، گوتی: «بەخێریی سەر عەمری من، مەڕمان بێ ساحێب ماوە».

شێخاڵ گوتی: «یەکیان لە یەکی جوانترن، بەمنیان گوتووە، خاتوون ئەستییان یەکجار کۆڵاوە».

لە قەرەواشێی پرسی، گوتی: «ئەوە کێ و کێیە؟ گوتیان: «ئەوە ناز و نازدارن تەواوە».

گوتی: «ئەدی خاتوون ئەستی لە کوێیە، نایەتە پێش چاوە؟»

قەرەواشەکە دەڵێ: «بەسەرینی شلکی هەتیوباری تووشی ئەستۆی کراوە.

لەسەر شەیتان و ڕمووزنێکی تەعین کراوە».

نازێ چوو ئەو قسەی بۆ خاتوون ئەستی گێڕاوە،

خاتوون ئەستی بڵندبوو، فەرخۆڵەی بەئامێزی گرت، ئەویش چوو شێخاڵی بکەوێ بەچاوە؛

بەخێراتنی شێخاڵی دەکرد؛ دەیگوت: «بۆ لێرە مەحتەلی؟ بچۆ مەنزڵی بابم. ئەوە چێشتانە نەهار دروستکراوە».

گوتی: «پیاو ئەها! چم لە مەنزڵی بابی توو داوە؟

ئەمن کاسبم دەگەڕێم، کە کاری خۆم ببێ تەواوە».

خاتوون ئەستی دەڵێ: «خاڵە مەڕی مە بێ شوان ماوە».

خاتوون ئەستی لە ڕاستە خۆی گەڕاوە.

دایکی خاتوون ئەستیێ خەبەری بەهەر چوار کوڕان داوە:

«شوانێکی زۆر قابیل هاتووە لەولاوە».

دایکی خاتوون ئەستی هاتە کنی، گوتی: «بابەکەم، دەبیە شوان؟»

گوتی: «بەڵێ لە کاسبیە دەگەڕێم» گوتی: «براله ئەدی چت ناوە؟»

گوتی: «خانم نۆکەر ناگیرێ، بەو حاڵە؛

پیاوێک خۆم تێ ناگەینێ هەر ژنانم دەکەن حەواڵە.
ئەگەر لە من دەپرسی، نێوم شێخاڵە».
گوتی: «مام شێخاڵ بەخێریی سەر ئەو چاوە.
جوابم ناردۆتە کوڕەکان، ئێستا دێن لەولاوە»،
نەهاریان بۆ دروس کرد، سفرەیان بۆ هێناوە،
نانەکەی خوارد هەر چوار کوڕەکانی مام غەڵیفەی هاتن لەولاوە،
گوتیان: «خاڵە ماندوونەبی». بڵندبوو لەپێشیان ڕاوەستاوە،
قسەیان دەگەڵ کرد، قەرار و مەداریان بۆ ڕۆناوە،
گوتیان: «مامە بچینە نێو مەڕی، تەسلیمت بکەین تەواوە».
بەڵان ئاخ! شێخاڵە کەچەڵ لە سوێی خاتوون ئەستێ جەرگی بڕاوە،
کوڕان ئەسپیان بۆ زین کرا و تاژییان دە ڕستەی کراوە؛
شێخاڵ کەڕکی خۆی بەشانی داداوە،
دەستی دا گۆچانی، ملی لە بیابانێ ناوە،
گەینە نێو مەڕی، مەڕیان ئەژمارد، تەسلیم بە وێڵداشی کراوە.
گوتیان: «ئەمە حەزێ دەکەین، مام شێخاڵ حەققی مانگێت ببێ تەواوە».
شێخاڵ گوتی: ئاغای من، ئەمن هەتا چل شەوی حەققم نییە،
«ئەگەر شوانێکی چاک و پسپۆڕ بووم حەققم بۆ قەرار بکەن؛ دەنا دەرم بکەن، دەرۆم بەیەکجارەکییە».
کێ بوو؟ لە کوڕی دە مام غەڵیفەی، ئەو شوانەیان لەسەر مەڕی تەعین کردییە،
بۆ خۆیان ڕەشەڕاوێ دەکەن، ڕوویان کردەوە شارییە.
بێینەوە سەروکاری فەرخۆڵە و خاتوون ئەستییە.
ئەورۆ نۆ ڕۆژە دایک و بابی وی مردییە،
فەرخ دەڵێ: «ئەمن بۆیەم دوعا کرد دایک و بابی من بمرێ، ئەگەر کامڕەوابم لە خاتوون ئەستییە؛
توند توند ئەمن بە دوو بەنان لە دوو داران دەبەستن و خاتوون ئەستیش لەوێ

دەنویٚ و جا ئەو دنیایە کەڵکی بۆمە چییە؟»
تەمەنای دەکرد لە ڕەبییە.
هەموو کەس خەوی گران بیە.
«وەڵلاهی چیدی دەو لانکەدا نابم ئەوشەو دەچمە باڵ خاتوون ئەستییە».
فەرخ هاواری دەکردە خولآی جەبباری،
ئەو مەخلووقە هەموو خەوی بەسەردا باری،
دەسرازەی بەسەری خۆیدا فڕیٚ دەدا، لە لانکیٚ دەهاتە خواریٚ بەیەکجاری،
بەسەرینی خاتوون ئەستیٚ هەڵدەگەڕا، دەرزی لە بەرۆکی دەرهێنا، پێی دە یەخەی کێشا بۆخۆی چووە نێو سینگ و مەمکانی بەیەکجاری.
سبحەینیٚ کە دایکی خاتوون ئەستی لە خەویٚ هەڵستا، چوو تەماشای لانکێی کرد، فەرخۆڵە دەوێدا نەماوە.
دەڵیٚ: ئەلحەمدولیللا! ئەوە شەیتان بوو مەفح کراوە.
ئێخەی کچەکەم بەرهەڵدا کراوە،
تەماشا دەکا دەنێو سینگی خۆی ناوە.
دایکی گەلێکی لە خاتوون ئەستی داوە،
دەڵیٚ: «ئەو شەیتان و ڕەموزنە چییە، دەباغەڵی خۆت ناوە؟»
خاتوون ئەستی دەڵیٚ: «ئەمن هیچ ئاگام لیٚ نییە ئەو ئەتکەم پێکراوە،
ئەوە وا دەکەن بمریٚ لەکن بابم ببم بۆسۆ و بەنناوە».
خاتوون ئەستی هەڵستا ڕووی خۆی هەموو ڕنی، گەلێکی لە خۆی داوە،
بۆ کن بابی چوو بۆ شکایەتیٚ بەهەموو مەخلووقی وێی دەکەوتن خاتوون ئەستییان گێڕاوە.
ئەویٚ ڕۆژیٚ ڕۆنیشت گریا تا ئێواریٚ
دایانیش نەیدوان، دەگەڵ کەس ناکا گوفتاریٚ.
هەمان بەقەراری شەویٚ دی دەگریٚ قەراریٚ.
قەراریٚ دەگریٚ بەڕەوانی،

فەرخۆڵە، ئەتوو دەڵێی شەیتانی؛
دیسان هاتە خوارێ نێو سینگ و مەمکانی؛
ئەگەر دەستی دەباغەڵێ نا، ماچ دەکا هەردک کوڵمانی.
خاتوون ئەستی لە خەوێ وەخەبەر هات، پێی زانی؛
گوتی: «بابانم بەقوڕێ گیرا، ئینجا بەقایە دەکەم ئەتوو شەیتانی».
گوتی: «گولە، ئەتوو دێیە کن ئەمن چت پێ دەکرێ؟»

گوتی: «ئامۆزا بۆ لە توو وایە، ئەمن منداڵم؟» گوتی: «کوڕە ئەتوو چی؟ ئەرێ وەڵڵا منداڵی». گوتی: «ئامۆزا حەزێ بکەم، لە تووش کەڵەگەتترم». گوتی «کوا؟» ئەگەر فەرخ خۆی لێک کێشاوە،

بەقەدەر خاتوون ئەستی درێژ بوو. خاتوون ئەستی ترسا گوتی: «وەڵڵاهی شەیتان و ڕمووزنە؛ ئەمن بەدەستی ئەوهەی دەچم».

فەرخ گوتی: «ئامۆزا! خۆ توو هێشتا ئەمنت نەدیوە». خاتوون جێبەجێ ئاشق بوو بەفەرخۆڵەی. فەرخ جێبەجێ لە قسەی خۆی پەشیمان بۆوە. خاتوون ئەستی حوکمی کرد گوتی: «دەبێ بتبینم».

«ئامۆزا! هەڵستە ئاوی دەسنوێژێ بێنە، دەسنوێژێ هەڵگرە». خاتوون ئەستی چوو دەسنوێژی خۆی هەڵگرت، هاتەوە گوتی: «ئامۆزا! بێنە دەسنوێژت بشۆم» فەرخ گوتی: «نا ئامۆزا! ئەمن بۆخۆم دەسنوێژی خۆم دەشۆم».

فەرخ کە دەسنوێژی خۆی گرت تەواوە،
تەمەنای لە خولای دەکرد، لە پێغەمبەری دەپاڕاوە،
چارشێوێکی بەسەر خاتوون ئەستێی هەڵکێشاوە.
فەرخ تکای لە خاتوون ئەستی کرد: «وەرە لەو کارەی بگەڕێیەوە بەدواوە»
خاتوون ئەستی گوتی: «بەو قورعانەی خولا بۆ پێغەمبەری هێناوە،
مەگەر بمکوژی؛ دەنا دەس هەڵناگرم، هەتا ئەتوو نەبینم بەچاوە.
چونکە خەڵق دەیانگوت شەیتان و شمرە لە مامادی و ئامۆژنت بەجێ ماوە».
گوتی: «خاتوون ئەستی چاو لەسەریەک دانێ» زللێکی لێ دا گوتی:

«چاوهەڵێنە» گا و ماسی دی بەچاوە.

گوتی: «سەرهەڵێنە.» عەرش و قورشی لەبەر ڕاوەستاوە، تەماشای کرد نووری خولای دەگەڵ فەرخۆڵەیە، جێبەجێ زمانی شکاوە،

لەسەر کۆشی خۆی ڕۆنا، فەرخ خاتوون ئەستی بەڵەک چاوە،

خاتوون ئەستی دەڵێ:

«ئامۆزا! تۆبە و ئیستیخفار تەواوە

ئەلحەمدولیللا شێخە ڕەحمەتی خولای بۆ قەرار کراوە».

دەستیان دەستۆی یەک کرد، دمیان بەدمی یەکەوە ناوە،

خەنجەری قودرەتێ لە بارەگای خولای هاتە خوارێ تەواوە،

سەری تیخی دە نێوکی فەرخی دایە، دەسکەکەی لە نێوکی خاتوون ئەستی ڕاوەستاوە.

دەستیان بۆ یەک کرد بەسەرین، دمیان بەدمی یەکەوە نا لەپشتێنە بەژێر بوون بڵاوە،

خەویان بەسەردا باری تەواوە،

سبحەینێ کە لە خەوێ هەڵستان خاتوون ئەستی گوتی: «بابە بڵا ئەو لانکە بەرین بەولاوە،

فەرخ خۆ پیس ناکا، خاوێنە ئیحتیاجی بەلانکێ نەماوە.

فێری کۆشی من بووە دەلانکێدا نابێ ڕاوەستاوە»

پڕیاندا لانکەکەی فڕێیانداوە،

دایانیان مەرەخەس کرد، مواجبی خۆی بۆ قەرار کراوە،

گوتیان: «فەرخ مەمکێ ناخوا و ئیحتیاجی بەکەس نەماوە».

ئەتوو وەرە بەراتی خۆت وەرگرە هەتاکو ساڵ دەبێ تەواوە.

شەش ساڵان فەرخی بەخێوکرد عەمەلی وەهیچ کەس نەداوە،

ئەو بڵا دەگەڵ فەرخی ڕێککەوێ چل شەوی شێخاڵی بوو تەواوە،

کوڕی مام غەڵیفەی سواری ئەسپی خۆیان بوون، تاژییان دە ڕستەی دەکردن،

دەچوون دەیانکرد ڕەشەڕاوە،

دەیگوت: «بلا سەرێکی شێخاڵی بدەین، بزانین کەیفی چلۆنە، ئەو قەراری چل شەوی بۆخۆی کردی بزانین لەسەر قسەی خۆی ماوە».

دەهاتنە سەر کانییێ لە شێخاڵیان دەکرد سەلاوە،

دەیانگوت: «مام شێخاڵ ئەوا چل شەوەت تەواو کرد، قەرار و مەداری حەققی خۆت ببڕەوە، بلا ماڵی مە لە دوای توو بێ، ئەتوو زەحمەتت کێشاوە».

شێخاڵ دەڵێ: نازانم بڵێم چییە؟

حەققی من بەکێ تەواو دەبییە؟

هەتا کەنگێ بەخۆڕایی ئەمن بچمە مەڕییە؟

ئەگەر حەققم دەدەنێ ئیحتیاجم بەدراوی نییە،

ئەگەر دەشیڵێم عەیب و شوورەیییە،

ئەمن بۆ دراوی نەهاتووم مەتڵەبم شتێکی دییە،

گوتیان: پێمان بڵێ بزانین چییە؟

گوتی: «قوربان! لە گەرمێنێ لە خزمەت سوڵتانی قەت پیاوی وەک ئەمن موحتەبەر نییە؛

هیچ ئیحتیاجم بەماڵی دنیا نییە».

گوتیان: «ئاخر پێمان بڵێ بزانین جیهەتی چییە؟»

گوتی: «بابە ئەگەر حەزێ دەکەن بچمە مەڕی بمدەنێ خاتوون ئەستییە،

ئەمنیش دەچمە مەڕی بە گۆڕەمەرگییە».

گوتیان: «قسێکی ساغە؛ بلا بچینە خزمەت غەڵیفەی بزانین فەرمایشی چییە».

کێ بوو؟ لە کوڕی غەڵیفەی تازە لاوە،

سەری جڵەوی خۆیان بەردەداوە،

سەبرسەبر، لە دەشتی گەرمێنێ دەیانکردەوە ڕاوە؛

هەتا ڕۆژ لە هەموو شارێکی دەبوو ئاوا

دەهاتنەوە ماڵێ خۆیان دەبوون پیاوە،

دەچوونە خزمەت مام غەڵیفەی ئیکلامیان کێشاوە،
دەیانگوت: «قوربان! شوانەکەن دەڕوا. مەڕەکەن بێ ساحب ماوە».
دەیگوت: «شوانەکە چی لێ هات گەلێکی بدەنێ ماڵ و دراوە،
بچێتە بەر مەڕی خۆی ئەو شێخاڵە کەچەڵە تەواوە».
کوڕی مام غەڵیفەی گوتیان: «قوربان نایەوێ ماڵ و دراوە».
گوتی: ئەدی دەڵێ چی؟ دەڵێ: «خاتوون ئەستیم دەوێ، کێل گەردن و بەڵەک چاوە».
میر دەڵێ: «ڕۆڵە! یاخوڵا لەمنو نەکەوێ،
قەت کچی من ڕەشێخاڵە کەچەڵی دەکەوێ».
دەڵێن: «بابە چ بکەین ئەوە پاپەی گرتووە،
مەڕەکەی خۆڕایی کردووە».
دەڵێ: «ڕۆڵە! وەنەبی؛
مەڕی خۆڕایی کرد بەکونێ بابی.
ئەمن میری شاری داودیەی بم قەت کچی من بۆ پیاوی وا نابی».
هەڵستان کوڕەکان لەکن بابیان گەڕانەوە بەدواوە،
دەچوون لە دایکی خۆیان دەکرد سەلاوە،
دەیانگوت: «دایە کارێکی خراپ قەوماوە،
مەڕەکان بەرهەڵدایە پاپەی لە خاتوون ئەستی گرتووە ئەو پیاوە».
دایکی دەڵێ: «ڕۆڵە! لە ڕووم هەڵمەگرن پەردەی حیجابێ»
دەبێ خاتوون ئەستی قوربەسەر بەختی هەروابێ،
هەتیوباری تووشی ئەستۆی بووە، جەرگی دایکی خەرا بێ؛
قەت کچی من بۆ شوانێ نابێ».
لەوێ قسەیان نەبوو تەواوە،
کوڕەکان هەستان هەرکەس بۆ مەنزڵی خۆی گەڕاوە.
سبحەینێ خەبەریان بەشێخاڵی داوە:
«سەبر بگرە هێشتا کارەکە نەبووە تەواوە:

خاتوون ئەستی قایلە، دایکمان ڕەزا نەکراوە،
ئەو مزگێنیە بەشێخاڵە کەچەڵە دراوە،
گوتی: ئەلحەمدولیللا کارم ڕاستی هێناوە».

شەو و ڕۆژ هەراسی بە مەڕی هەڵگرتبوو، لە بژوێنی دەلەوەڕاند، لە سەرینچاوەی دەدا ئاوە.

خاتوون ئەستی فەرخی بەخێو دەکرد تا شەش ساڵی دەبوو تەواوە.
خاتوون ئەستی بەبابی ڕادەگەیەنێ:
«خولا هەڵناگرێ بەمنداڵی هەتا کەنگێی دەمرێنێ؛
فەرخۆڵە گەورە بووە دەفامێنێ.
مەسڵەعەت ئەوییە بیبەنە مەدرەسەی خزمەت مامۆستای بلا بخوێنێ».
مام غەڵیفە وای جواب داوە:
«بە خاتوون ئەستی بڵێن ئەمن شاری داودیەم بەوی داوە،
جارێ فەرخۆڵەم بۆ بکا گەورە و تەواوە.
هێشتا بۆ خوێندنێ یەک دوو ساڵی ماوە».
خاتوون ئەستی گوتی: «تەماشای بابم کە، چەند فەقیر و بەستەزمانە
ئەتوو فەرخت نەناسیوە دەڵێی شەیتانە.
بەبێ مامۆستاش دەرسی ڕەوانە».
مام غەڵیفە گوتی: «ئەگەر وایە تەدارەکی بۆ بگرێ، بۆی بکاتە چراخانە،
ڕۆژی جومعەی دەیبەینە خزمەت مامۆستای ئینشاڵلا تا دەرسی ببێ ڕەوانە».
خاتوون ئەستی، ئەگەر وادەزانێ لەسەر یەک دەبژێرێ شوکرانێ، دەڵێ:
«ئەلحەمدولیللا، کوڕە فەقێکە دەچێتە قوتابخانێ».
سبحەینێ بەیانی دەنوێنێ،
پیاو دەنێرێ مامۆستا فەقێیان تێ دەگەیەنێ:
«بە مامۆستای عەرز بکەن، ئینشاڵلا فەرخ دێتەوە دەرسێ دەخوێنێ».
مامۆستا دەڵێ ئەلحەملای خۆش ڕادەبرێ گوزەرانە

گوتی بە فەقێکانە

«دەبێتە شیرنی خواردن لەو زەمانە؛

مزگێنیو لێ بێ فەرخی کوڕی مامادی دێتە ئێرەکانە،

دەگەڵی دەبێ خاتوون ئەستی کێل گەردنێ چاو جوانە.

جا فەقێینە هەموو مەبژێرنەوە شوکرانە»

سبحەینێ، ڕۆژ سەری دەرهێناوە،

تەدارەکی خاتوون ئەستی بۆ فەرخۆڵەی گیراوە،

لە هەموو ڕدێنسپی و پیاوماقووڵانی دەگێڕاوە:

«ئەلحەملای شوێنی مامادی نەکوژاوە

ئەوە فەرخۆڵە دەبەینە بەر خوێندنێ و سبحەینێ بەیانی دەنوێنێ، پیاوێکی زۆر زەریفە، عەدوان بەشەیتان و شمریان لە قەڵەم داوە».

ئەوی خەڵق دەیگوت: «ئەلحەملای درۆیە پیاوێکی زۆر زەریف و تەواوە».

ناردیان چەندیان سەید و مەلا هێناوە،

لە مام غەڵیفەشیان دەگێڕاوە،

شیرنی و تەدارەک بۆ مەدرەسەی ڕەوانە کراوە،

چەند سیپارە بۆ فەرخی تەواوکراوە.

مام غەڵیفە هات؛ ڕەپێش کەوت. خاتوون ئەستی فەرخۆڵەی هەڵگرت، شاری داودیەی بەجێوە تەواوە،

هەمووی ڕووی دە مەدرەسەی مامۆستای دەکرد، وەژوورکەوتن، لێ یان کرد سەلاوە،

مامۆستا یەک پێ لەبەر مام غەڵیفەی و ئەو عالەمەی هەڵستاوە،

مامۆستا وا ئاوڕێکی داوە،

گوتی: «خاتوون ئەستی! یاخولاّ بەخێرێی ئەوە فەرخۆڵەت هێناوە،

سەیری خەڵقی چ شێتە، دەیانگوت: فەرخ بەخێو ناکرێ دایک و بابی نەماوە».

هێنایان سیپارەیان دە مست فەرخی ناوە،

بەو دەستی سیپارەی گرت، ئەو دەستیش قەڵەمەکەیان دە مست ناوە.

گوتی: «ڕۆڵە بخوێنە». گوتی: «بەڵێ مامۆستا دەخوێنم».

فەرخ دەڵێ: «مامۆستا، ئەلف، دەڵێ بێ مە، دەڵێ جیم دەڵێ هێ مە،

ئەتوو کەلامولڵای خوار و سەرو بێنە،

هەتا مەعنای هەمانت پێ بڵێمە».

ئەگەر فەرخ ئەو قسەی کرد تەواوە،

شەقەزلێکی لە گوێی مامۆستای داوە،

گوتی: «تەماشای ئەرزێ بکە»؛ مامۆستا ئەو دنیای دی بەچاوە،

گوتی: «فەرخۆڵە زللێکی دیشم لێ دە». گوتی: «مامۆستا هێشتا حیسابت نەبووە تەواوە».

مامۆستای فەرمووی: «منداڵە؛ خاتوون ئەستی. ئێستا ئەگەر پێ بخوێنی سەفی دەبێ؛ هێشتا دوو ساڵی دی ماوە».

خاتوون ئەستی فەرخۆڵەی بەئامێزی گرت، بۆ ماڵێ گەڕاوە بەدواوە؛

فەرخ دەگەڵ کاری خۆی مەشغووڵە و دەگەڵ خاتوون ئەستێ بەڵەک چاوە.

لەوێ بمێنێ گێچەڵی شێخاڵە کەچەڵی ژیاوە.

شێخاڵ دەڵێ: «چیدی ناچمە مەڕی؛ حەققم قەرار نەکراوە».

وێڵداش شوانی هاتەوە لەولاوە،

هاتۆتە خزمەت مام غەڵیفەی، ئیکلامی لێ کێشاوە،

دەڵێ: «شوانەکەمان ڕۆیی؛ بەتەنێ ئەو مەڕە بۆ من نەدەحاواوە».

میر فەرمووی: «ئەدی شێخاڵ چی لێ هات؟» گوتی: «قوربان! نایەتە مەڕی دەڵێ حەققم بۆ قەرار نەکراوە».

گوتی: «چەندی دەوێ بیدەنێ؛ چونکە شوانێکی چاکە» گوتی: «قوربان! دەڵێ حەققی من هەر خاتوون ئەستی بەڵەک چاوە».

مام غەڵیفە ناردی؛ هەر چوار کوڕەکانی هاتن لەولاوە.

گوتی: «ئەوە چ قەرار و مەداریکو دەگەڵ ئەو شوانە حیزبابەی ڕۆناوە؟»

دەڵێن: «دیسان مانی گرتووە، مەڕەکە بەرهەڵدا کراوە.
لە دووی بنێرن بێتەوە، دا لێرە کاروباری بکەین تەواوە».
لە دووی شێخاڵیان نارد تەتەر و ئێلچییە:
«بێتە ئێرە؛ بزانین کاری وی چییە».
دەیاننارد لە دووی شێخاڵیان دەهێناوە.
دەهاتە خزمەت مام غەڵیفەی، لێی دەکرد سەلاوە،
مام غەڵیفە گوتی: «دەڵێن دوو ڕۆژە مەڕت بەرهەڵدا کراوە؟»
دەڵێ: «قوربان! هەتا کەنگێ بچمە مەڕی بەقسەی ناتەواوە؟»
دەڵێ: «مەتڵەبت چییە؟» دەڵێ: «قوربان! ئابڕووم لێ هەڵگیراوە،
مەتڵەبی من هەر خاتوون ئەستییە.
ئەگەر ئەویم دەدەنێ، دەچمە مەڕییە؛
ئەگەر ئەویم نادەنێ ماڵی دنیایەم بۆچییە؟»
ئەگەر ئەو قسەی دەکرد و دەگەڕاوە بەدواوە،
لە دووی کوڕ و ژنی خۆی دەنارد، دەیهێناوە،
میر گوتی: «بەلان ئەو مەڕەی بفرۆشین؛ ئەتوو بزانە چ پەڵپێکم لێ گیراوە».
دەڵێ: «خاتوون ئەستیم نەدەیەی ناچمە مەڕی؛ قەت بووە پیاوی وەک شێخاڵم ببێ بەزاوا؟
ئەو مەڕەی نەفرۆشم، چارەم بڕاوە.
فەرخۆڵە لە جێی دایک و بابانی ڕاوەستاوە؛
ئەمن برام نییە، ئەو تاقە فرزەندەی لە پاش بەجێ ماوە».
کوڕەکان گوتیان: «بلا بیدەینێ؛ وەک سەگی هار بچێتە مەڕییە.
بلا دایکم بچێ، قایل بکا خاتوون ئەستییە».
مام غەڵیفە گوتی: «کوڕە! خولا هەڵناگرێ؛ ئەوە شانی من نییە.
خاتوون ئەستی بزانێ، خۆی دەخنکێنێ دیسان تووشی من دەبێتەوە هەتیوبارییە».

کوڕەکانی گوتیان: «قوربان، بڵا دایکم بچێ بزانێ، سوال و جوابیان چییە».
دایکیان ناردە کن شێخەڵ و خاتوون ئەستییە.
گوتی: «شێخاڵ! بزانم ئەتوو مەتڵەبت چییە؟»
گوتی: «ڕۆڵە خاتوون ئەستی! ئەتوو جوابت چییە؟»
خاتوون ئەستی دەڵێ: «دایە! بەخولای خۆم دەکوژم. ئەوهە مێردی من نییە.»
گوتی: «شێخاڵ! ئەوە مێردت پێ ناکا. ئەتوو جوابت چییە؟»
گوتی: «خانم! ئەگەر دەمدەنێ ئەمن دەچمە مەڕی بەگۆڕەمەرگییە؛
ئەمن تەمام نییە، لێرەی بەرم بۆ جێیەکی دییە».
دایکی خاتوون ئەستی ئەو خەبەرەی هێناوە بۆ میرییە:
«دەڵێ حاشا و مادوڵلا؛ ئەوە مێردی من نییە.
دەڵێم شێخاڵ، ئەوهە بۆ توو نابێ؛ ئەو سەگبابە دەڵێ: ئەمن دەچمە مەڕی بە گۆڕەمەرگییە».
ناردیە کن کوڕەکانی: «چ بکەم، چارە چییە؟»
کوڕەکانی گوتیان: «بابم قابیل بێ و قایل نەبێ، خاتوون ئەستی هەر ئی شێخاڵییە.
داومانەتێ چارە نییە».
حوکمیان کردە سەر خاتوون ئەستییە،
دەبێ هەر مێردی بکا بەشێخاڵییە.
گوتی: «خۆم دەکوژم؛ قبووڵم نییە.
دەچمە شکایەتی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ، دەبم بەعەرزچییە».
حوکمیان لێ کرد دەبێ هەر مارەت بکەین بەیەکجارەکیە،
دەیاننارنە کن مەلا و سۆفییە،
خاتوون ئەستی هەموو ڕووی خۆی پچڕییە:
«خولا هەڵدەگرێ؛ بەزۆرم دەدەن بەشێخاڵە کەچەڵییە».
خاتوون ئەستی هەلات، خۆی ئاویتە کن بابییە:

«بابە! خولا هەڵناگرێ؛ ئەو گێچەڵە بۆ من چییە؟
بابە دیوتە بەقسەی تۆم کرد دەکێشم هەتیوبارییە»
بابی گوتی: «ڕۆڵە! چ بکەم، هیچ دەسەڵات بەچەنگی من نییە».
گوتی: «بابە! دەنا ئەوە خۆتو هەتیوی خۆت؛ لەو شارەی دەچمە شارێکی دییە».
گوتی: «ڕۆڵە! کەیفی خۆتە؛ ئیختیار بە چەنگی من نییە».
دایکیشی حەزی دەکرد بیدەن بەشێخاڵییە،
دا فەرخۆڵە بێ دایک و باب ببێتەوە خۆڕاییە.
کوڕی غەڵیفەی حوکمیان کرد تەواوە:
«مەڕ و ماڵمان خۆڕاییە، بووین بۆسۆ و بەنناوە».
حوکمە خاتوون ئەستی لە شێخاڵی مارەکراوە؛
قەول و قەراری گۆڕەمەرگییە داندراوە.
قەراری ئەوهەش کرا: ئەگەر خاتوون ئەستی بەڕازی خۆی نەبێ، دەستی لێ نەدراوە.
ئەوێ شەوێ خاتوون ئەستییان مارەکرد، شێخاڵ لە خۆشییان داوەتی کرد، گەلێکی موخاریج کێشاوە.
سبحەینێ کەپەنکی خۆی بەشانی دا بۆ نێو مەڕی گەڕاوە،
خاتوون ئەستی دەگریا، فرمێسکی چاوانی دەتگوت بەحر و ئاوە،
فەرخ دەیگوت: «ئەو گریانەی مەکە تەواوە.
ئەلحەمدولیللا، ئەو کارە کراوە،
هەرچەندی موشتەری دنیایە بوو، لێت کشاوە؛
ئەوجار ئەمن و توو لێک دەبینین مراد و مەخسوودمان دەبێ تەواوە».
دەستی دەستۆی خاتوون ئەستیێ دەکرد گەلێکی دڵخۆشی داوە.
سبحەینێ کە ڕۆژ مەعلوومی کرد کوڕی دە مام غەڵیفەی تەگبیریان کرد: بچنە کن خاتوون ئەستی، بەو کارەی ناڕازییە، گەلێک شێواوە؛
ژنێکی چاکە، کوێرەوەری گەلێک دەگەڵ فەرخۆڵەی کێشاوە.

ئەگەر نەهاریان دەکرد، هەڵدەستان لەجێی خۆیان، پیاوێکیان دەناردە کن دایکییە:

«دایکم! تەدارەکی بگرە دێن، دەچینە خزمەت خاتوون ئەستییە.

لێمان زیزبووە، چونکە بەحوکممان داوە بەشێخاڵییە».

کوڕی مام غەڵیفەی کە لەوێ هاتن واوە،

چەندیان کەیخودا و سەید دەگەڵە خۆیان هێناوە،

دەهاتنە خزمەت دایکیان، ئەویشیان ڕەگەڵە خۆیان خست، دەچوونە خزمەت خاتوون ئەستیێ لێیان دەکرد سەلاوە،

دەیگوت: «بەخێرێن، سەرچاوی من، برای دەتەواوە»

«ئەگەر ئەمن هێندە خەرابووم، بۆ نەودەکوشتم، ئەمنو بەشوانێکی کەچەڵی حیزباب داوە»

دەیانگوت: «خوشکێ! کاری خولایە و وا قەوماوە».

دایکی زۆری دڵخۆشی و دەلاڵەت داوە.

ئەگەر وای دەزانی خاتوون ئەستییە،

دەڵێ: «براله! هیچ لەنگۆم نییە گلەییە،

بۆخۆم بەدبەختم لەکن خولای چارەم نییە،

مام و ئامۆژنم دەمرن، تووشی ئەستۆم دەبێ هەتیوبارییە.

دێم جحێڵ دەبم، برای خۆم حوکمێم لێ دەکەن، مارەم دەکەن لە شوانێکی کەچەڵی خوێڕییە.

براڵە ئەنگۆ خۆش بن، ئەمن دنیای فانیم بۆچییە؟

چیدیم هەتیوباری پێ ناکرێ، هۆوەتا. فەرخۆڵەی خۆتان بەرنە کن کەسێکی دییە.

چیدی ئەمەگێ ناکێشم بەخۆڕایی دەگەڵ هەتیوی خەڵقییە.

گوتیان: «خوشکێ! بەشی خۆمان دا بەتوو شاری داودییە،

مەڵێ ئەمنی داوە بەشوانی، بەشم بەملکیەوە نییە،

خوشکێ! ئەگەر لە فەرخۆڵەش دەپرسی، ئەویش ئیختیاری بەمە نییە.

خوشکێ! بلا بچینە خزمەت مام غەڵیفەی بزانین، فەرمانی چییە».
گەلێکیان داوە دڵخۆشییە،
گوتی: «براله! بەخێرێن تازە سوال و جوابم چییە؟»
جا لەویان خواست مەرەخەستییە.
هاتنە دیوانی مام غەڵیفەی، ئیکلامیان کێشا ڕاوەستان دەست لەسەر دەستییە.
مام غەڵیفە سەری هەڵنەهێنا چاوی نەکردن لە چاوییە.
نایبێک لەوێ ڕۆنیشت بوو گوتی: «قوربان! بۆچی لە کوڕەکانی ناکەی مەرحەباییە؟»
گوتی: نایب! جا ئەوهە یەکیان کوڕی من نییە.
ئیختیاری شاری داودیەش بەچەنگی من نییە.
ئەوە ئێرەشیان بۆ بەجێ دێڵم، دەچمە دەرکی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ، دەبم بەعەرزچییە.
دەڵێم قوربان! قەت ناحەقیم قبووڵ نییە،
چوار کەسم لێ پەیدابوون، کەس نازانێ، ئەوە کوێندەرییە.
لێم بوونە لۆتی و شەرابخۆر. لێیان داگیرکردووم شاری داودییە.
تاقە کچێکم بوو بەحوکمیان لێ ئەستاندووم، داویانە بەشوانێکی کەچەڵی، نەگبەتی خوێڕییە.
ئەمن ناچمەوە مەسکەنی خۆم چ جاری دییە.
سوڵتان دەفەرمووێ هەتا بۆخۆت ببی، کەس حەققی نییە.
دەڵێم ئەگەر ئیختیار بەخۆم نەبێ دنیام بۆچییە؟
ئەگەر وابێ، دەچمە وڵاتی خاریج، خزمەت شاهەنشاهی، مواجبی خۆم وەردەگرم دەیخۆم بەدنجییە».
جا بلا بێینە سەر شێخاڵە کەچەڵ. دەڵێ: «خاتوون ئەستی لە من مارەکراوە، بۆچی نایەتە مەڕییە؟
ئەگەر ئەمن شوانم، ئەویش ببێ بەبێرییە،

ئەگەر ئەو نایەتە مەڕی، ئەمنیش بەرهەڵدای دەکەم ببێ خۆڕاییە،
ئەگەر گوتیان: وەرە بچۆ مەڕی دەڵێم: بۆ دڵی خۆم کێشا ئەو کوێرەوەرییە.
ئەمن لەنگۆ دەوڵەمەندترم. ئاغایەتی من لە ئینگۆ کەمتر نییە.
ئەمن سەرباز و نیزامم لەنگۆ پترە.
ئەگەر دەڵێن نایێنرینە مەڕی. دەچمە دەرکی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ، بەحوکم ژنی خۆم دەستێنم، ئەوەم لەو کارەی چاکترە».
ئەگەر ئەو خەبەرەی بەکوڕی مام غەڵیفەی داوە،
کوڕی مام غەڵیفەی بۆ دایک و بابیان گێڕاوە.
گوتی: «ئەوە خاسییەتی چییە ببێ بەبێرییێکی تەواوە،
خولا دەزانێ، لێی مارەکراوە».
ئەگەر ئەو خەبەرەیان دا بە خاتوون ئەستییە.
دەڵێ: «خولایە! نەمکوژی چارەم نییە.
قەت بووە شێخاڵ شوان بێ، ئەمن ببم بەبێرییە
ئەمن چلۆن قبووڵ بکەم ئەو ناحەققییە؟
ئەو بێ سوحبەتیانەم بەسەر هاتووە، ئەویش لەسەر فەرخی داودییە».
فەرخ گوتی: «ئامۆزا لەسەر ئەمن مەکە گلەییە
ئەگەر شێخاڵ شوانە ئەتووش ببە بەبێرییە.
سبحەینێ تەدارەکێ بگرە بچینە نێو مەڕییە».
دایکی خاتوون ئەستی گوتی: «هەتا حەوتوێکی دی هیچ قەراری چوونێ نییە؛
جارێ دەبێ بچنە شیو و کۆڵێ ناز و نازدار و خاتوون ئەستییە».
سبحەینێ نازدار دەڵێ: «خوشکێ، خاتوون ئەستییە!
ئەلحەملای گەورە بووە فەرخی داودییە،
دەگەڵ خۆتی مەهێنە شیو و کوڵێ هەموو عەیش و ئەدەبی پیاوی دەناسییە؛
لە ماڵێی بەجێ بێڵە، بەسەعاتێکی دیێنەوە کن ئەوییە،
بۆمە عەیب و شوورەیییە».

گوتی: «بەجێ دێڵم». خاتوون ئەستییە.
خاتوون ئەستی دەڵێ: «قوربانت بم مەیە سەراوێ؛ ئێستا دیێنەوە، تاوێکی دییە».
شانە و سابوون و تەشتیان هەڵگرتییە،
هەموو ڕوویان کردە ڕازی کانییە.
وسو ئاغا چەند ساڵە ئەوە دەمرێ لە سوێی خاتوون ئەستییە،
کۆشک و باڵەخانەی لەسەر شەتی مرادان دروس کردییە،
ئەگەر چاوی کەوت بەخاتوون ئەستییە،
دەڵێ: «خولایە، ئاورم بەربووە دەجەرگییە
ئەتوو بزانە، خاتوون ئەستی بەسەرینی شلکی تووشی ئەستۆی بووە هەتیوبارییە،
یان سەری خۆم دادەنێم، یان شاری داودیە چۆڵ دەکەم، یان بەئیزنی خولای دێنم خاتوون ئەستییە».
ئەگەر فەرخ هەڵستا خاتوون ئەستی دیار نییە،
دەڵێ: «هاوارم وەبەر خولای، ئیدیکەم وەبەر ڕەببییە!
هیچی دی گیرنابم هەتا نەچمە کن خاتوون ئەستییە».
فەرخ لە ماڵێ هەستا، هات بەهەشتاوە،
لینگی دەدا دەتگوت کولاوی باهێناوە،
ئەگەر گەییە ڕازی شەتی تەماشا دەکا قسن لەوێ کێشراوە.
وسوی مەغانێ لەسەر بانی ڕاوەستاوە،
بانگ دێڵێ: «فەرخۆڵە بۆ وا لینگ دەدەی چت لێ قەوماوە؟».
دەڵێ: «وسو ئاغا لە خەوێ هەستام خاتوون ئەستیم لەکن نەماوە؛
ئەوە لە ڕازی کانیێیە دەچم، لێی دەکەم سەلاوە».
وسو ئاغا دەڵێ: «ئاخ هەتا نەمردووم ئەو شەیتان و ڕمووزنە بەتلاوە».
فەرخ چووە نێو قسنەکە، دەکونی بەردانداا تەماشای دەکردن. ئەگەر نازێی دەدی، چاوی لەسەریەک دادەنا؛ ئەگەر نازداری دەدی، هەروا؛ ئەگەر خاتوون ئەستی دەدی، لەبەری پێیـڕا تەمـاشـای دەکرد هەتا تۆقی سـەری. لەنێـو دیوار ڕۆنیـشت، پێی

بەلایەکیەوە نا، سەریشی بەلایەکیەوە نا؛ ئەگەر قەوەتی کردێ، بەسەر خۆیدا ڕووخاند. زیراندی، هاواری کرد. ناز و نازدار و خاتوون ئەستی دەرپەڕین، ڕووت بوون خاتوون ئەستی بەسەری خۆی دادا، گوتی: «یا خولا موبارەک نەبێ ئەو شیو و کولە؛ حەوت سالە هەتیوبارییە دەکەم ئەورۆ لێو کوشتم». هەموو وەبن بەردان کەوت بوو، بەردەکانیان لەسەر فڕێ دا. وسوی مەغانی لەسەربانی تەماشای دەکردن، هێنادەرێ. خاتوون ئەستی لەسەر کۆشی ڕۆنا، بەهاستەم نەفەسی مابوو. گوتی: «خوشکێ وەختە خەلازبێ یاسینێکمان لەسەر بخوێندایە؛ بلا مندار نەبێتەوە؛ خولا هەڵناگرێ» گوتیان: «چ بکەین بۆ فەقێیەکی، بۆ مەلایەکی؟ گوتیان: کەس دیارنییە وسو ئاغا نەبێ؛ عەیب نییە بانگی بکەین». خاتوون ئەستی دەڵێ بۆ مردنێ عەیب نییە، ئەوە نەجیمزادەیە کەم نییە».

بانگ دێڵێ:

وسو ئاغا! وسو ئاغای دینی،

گەورە عالەمێ، لە خەڵقی پەرژینی!

دەتوانی خەبەرێکم بۆ وە مام غەڵیفەی شاری داودیەی ڕابگەیەنی؛

دەشقەمێ مەلایەک بنێرێ یاسینێکی لەسەر فەرخی بێ دایک و باب بخوێنێ؟»

وسو ئاغا بانگ دێڵێ: «ناز و نازداری چاوبەنگییە!

هەرچەندی چاوم گێڕا هیچ کەس دیار نییە».

ناز بانگ دێڵی: بتبم بەقوربانی سەرە!

ئەگەر یاسینت لەبەرە،

پێت ناخۆش نەبێ هەتا ئێرە وەرە،

نازێ دەڵێ: «وسو ئاغای، گیانە!

لەبەر هەمانمان هەن ئەو سەفەرانە،

وەرە یاسینێکی بخوێنە لەسەر فەرخۆڵەی بەستەزمانە».

وسو ئاغا گوتی «لێی گەڕێ ئەوە گۆڕم گا لە کۆڵ بۆوە؛ ئینشاڵڵا خاتوون ئەستی بۆ من دەبێ». خۆی لە سەربانی هەڵداشت، بەلینگدان هات. کچەکان هەرسێک ڕووت بوون. پاڵیان وێکدا، ڕۆنیشتن، گوتیان «ئۆوەی ئابڕوومان چوو، هیچمان

بەخۆمـان دانەداوە». خـاتوون ئەسـتی دەڵـێ: «ئەح! پەکم بەوەی کەوتووە، وسـو ئاغـا ئەمن دەبینێ یان نامبینێ». نازدار دەڵێ: «بلا پاڵ پاڵ وێک دەین، ئەوە گەییە کنمان زۆر عەیب و شوورەییە». فەرخ گوتی: «لەوەی پتر بێتە پێشێ گۆڕی بابی دەگێم». نازدار گوتی: «قوماربازی شەیتان؛ دەزانم لەسەر توو چم بەسەردێ»

ناز بانگ دەکا: «وسو ئاغا! بتبم بەقوربانی چاوانە!

تەشریفت تەسیحی نەکێشێ بۆ ئێرەکانە،

فەرخ شوکر چاکە؛ دەیگەڕێ زمانە».

وسو ئاغا کە ئەو قسەی بیست تەواوە،

بە هەناسەساردی گەڕاوە.

گوتی: «حیزباب! لێ نەگەڕا خاتوون ئەستی ببینم بەچاوە».

نازێ و نازدار گەلێکیان فەرخۆڵە ماچ کرد، گوتیان: «بڕۆوە ئێستا ئەمە دە ئاوی هەڵدێینەوە، ئێستا دەگەڕێینەوە بەدواوە».

فەرخیان بەڕێ دەکردەوە بۆ ماڵێ، ئەگەر گەییە جێ بەبێ قەیدییە،

بەقەرەواشانی گوت: «شیری بابم لە کوێیە؟ دیار نییە».

ئامۆژنی گوتی: «یا شەیتان! ئەو شیرەت بۆ چییە؟»

گوتی: «ئامۆژن دەچم دەینمەوە ناز و نازدار و خاتوون ئەستییە».

گوتی: جا ئەتوو بۆچی دەچی؟» گوتی: «ئامۆژنم هیچ ئاگای لێ نییە.

نەوەکو وسوی مەغانی ڕێیان لێ بگرییە».

گوتی: «ڕمووزن! ئەو ئابڕووچوونەت لە چییە؟

بۆچی لە کچەکان نابی بەکێشکچییە؟»

فەرخ دەڵێ: «هەڵبەت ئاگام لێ دەبن، لە من زیاتر هیچ کەسیان نییە».

ئەگەر فەرخ ئەو قسەی بیست تەواو،

شیری هەڵگرت و لە خۆی پێچاوە،

بەشاری داودییەدا بۆ سەر شەتێ گەڕاوە.

ناز و نازدار و ئەستی تەدارەکیان گرت تەواوە،

لەسەر شانە و سابوون و تەشتێ مەعرەکەیان بنیاتناوە،
ئەمە چ قەرەواش و سەرسپیمان دەگەڵ خۆمان نەهێناوە،
چلۆن ئەو شانە و سابوون و تەشتەی بەرینەوە بەولاوە؟

نازدار گوتی: «خوشکێ! یەکمان شانەی هەڵدەگرین، یەکمان سابوون، یەکمان تەشت، دەڕۆینەوە بۆ ماڵێ. هەرچی لە ڕێیە تووشی بووین، شەرعی خۆمانی پێ دەکەین: هەرچی لە هەمان جوانتر بوو، بلا هیچ هەڵنەگرێ». فەرخۆڵە شیرەکەی لە خۆی بەستبوو، بەکووچەیدا هاتەخوارێ. نازدار گوتی: «ئەلحەملای ئامۆزای خۆمانە، شەرعی خۆمان بەوی دەکەین. گوتیان: ئامۆزا گیان! وەرە شەرعمان بکە هەرچی لە هەمان جوانتر بین، شانە و سابوون هەڵنەگرین». گوتی: «کۆڵو دانێن، ڕۆنیشن، تا شەرعو بکەم». ڕۆنیشتن، فەرخۆڵەیان دەنێو خۆیان گرت؛ فەرخ گوتی: «لەخۆڕایی نەبێ هەر کەس جوانیی خۆی بلێ جا ئەمنیش پێو دەڵێم؛

نازدار، ئەتوو بلێ». نازدار دەڵێ:

«ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم،
بسکان دابێلم، چاوان بڕێژم، کوڵمان بنەخشێنم.
ئەگەر کلیلی سینگ و مەمکان بترازێنم،
دەبێ مردووانت بۆ لە قەبران هەڵستێنم».

فەرخ گوتی: «نازێ ئەتوو بلێ». نازێ گوتی:

«بەحەققی ئەوەی کەم خولایە!
«ئەگەر چاوان بڕێژم، کوڵمان بنەخشێنم، بسکانم بکەم تاتایە،
حاجیانت بۆ دەگێڕمەوە لە ماڵی خولای، لە ڕێی کابەتوڵڵایە،
نایەڵم، چ تاقیان بچنە زیارەتی ڕەسولوڵڵایە».

گوتی: «خاتوون ئەستی! نۆرەی توویە تووش بلێ». خاتوون ئەستی دەڵێ:

«بەئاسمانێ کەم، بەڕۆژێ،
ئەگەر بسکانم تاتای بکەم، کوڵمانم بنەخشێنم، بترازێنم کلیلی سینگ و مەمک و بەرکۆژێ،
تینێت بۆ دەستێنم لە مانگێ، تاریکی دەدنیایە دەخەم، شەبەقت بۆ دەستێنم لە

ڕۆژێ».
فەرخ گوتی: «ئەو مردووی بمرێ، بۆ خۆشەویستی حەزرەتی ئیسای ڕوحوڵڵا یەک یەک زیندووکراوەتەوە؛ دەنا بەکەسی دی مردوو زیندوو نابێتەوە. پیاو هەتا پیر نەبێ، دەست لە دنیایە هەڵناگرێ، ناچێتە حەجێ؛ ئەگەر پیریش بوو، سەد هەزار جۆری بدەنێ، ناگەڕێتەوە. پیاویش ئەگەر حەزی لە یەکی کرد، هیچ ئیختیاجی بەمانگ و ڕۆژێ نییە، تەماشای بکا؛ چونکە مانگ و ڕۆژ بەڕەزای خولایە، هەربووە و هەر دەشبێ». ناز و نازدار گوتیان: «ئەمەگی خاتوون ئەستێ بەهیچێی نەدا.» ئەوان شانە و سابوون و تەشتیان هەڵگرت؛ ڕۆین. ئەویش فەرخی ئاویتە قەڵاندۆشی خۆی، وەدوویان کەوت بۆ ماڵێ. هەتا ئەوان هاتنەوە، دایکی تەدارەکی بۆ گرتن، گوتی: کچەکانم چوونە شیو و کوڵێ ماندووبوون، دەبێ قاوەڵتوونیان بۆ دروس بکەم». کچەکان هاتنەوە. ناز و نازدار دەپێشدا بوون. گەینە جێ؛ ناقایل بوون. دایکیان گوتی:

«ڕۆڵە! ئەستی کوا بۆچیو دەگەڵ نییە؟» نازدار دەڵێ:

«کارمان گەلێک تەواوە؛

ئەوە دەگەڵ کەڵەگای خۆیەتی لە دوایە بەجێ ماوە».

خاتوون ئەستیش گەییە جێ، لە دایکی کرد سەلاوە.

دایکی دەڵێ: کوێنم دەبەرکەن؛ کچەکەم دەگەڵ ئەو شەیتانەی ئابڕووی نەماوە.

نازدار دەڵێ: حەو! خۆ کچەکەشت ئاگای لە خۆی بڕاوە.

نازێ دەڵێ: نازدار، خوشکێ! تووخولا چت لەو قسەی داوە.

نازدار دەڵێ: هاهوو! تازە ئەمە ئابڕوومان نەماوە.

ڕۆنیشتن ویستراعەتیان کرد تەواوە.

ئەستی دەڵێ: چلۆن ئابڕوویان بردم، لە خۆم بابان شێواوێ.

دەستی دەدا گۆزان، فەرخی لە قەڵاندۆشی خۆی دەکرد، دەهاتە خوارێ بۆ ڕازی سەراوێ.

وسوی مەغانی دەیکەوت بەچاوە.

چەند ساڵە پێوەیە بیدوێنێ؛ هێشتا نەیدواندووە. وسو ئاغا گوتی: «کەس دیار

نەبێ ئابڕووم دەچێ». تەماشای کرد دوو سێ پیاو دیاربوون، حەیای کرد بیدوێنێ. خاتوون ئەستی چوو گۆزەی پڕکرد، گەڕاوە ماڵێ. هەتا ئێوارێ دانیشت. ئێوارێ هەڵستا دەستی دا گۆزان، گوتی: «عاجزم دەچمە سەراوێ». فەرخۆڵە گوتی: «ئەمنیش دێم» تیروکەوانێکی بۆ دروس کردبوو. سواری قەڵاندۆشی خۆی کرد؛ تیروکەوانەکەی لەسەر سەری وی گرت. چوونە سەر ئاوێ، گۆزەیان پڕکرد و گەڕانەوە. وسو ئاغا گوتی: «دەیدوێنم بەتەوەکولی خولایێ». بانگ دێلێ:

خاتوون ئەستی خاتوون ئەستێکی نازداری!

دەگەڵ شێخاڵە کەچەڵی خەساری،

زەحمەتکێش و ڕەنج بەباری.

قەت بووە بەسەرینی شلکی، تووشی ئەستۆت بووە هەتیوباری.

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، مەمکت سێوی خوساری،

بەژنت بەمن بمێنێ، بەدارێکی لە لێژی،

دەمت بەمن بمێنێ بەفینجانی قاوەی، مەمکت بەمن بمێنێ بەگۆی لە زێڕی.

ئاورم تێ بەربوو، نابێ سەر وەرگێڕێ؟

ئەو هەتیوی، کون بەگوو چییە بەملانی دەگێڕی؟»

فەرخ گوتی: «ئامۆزا! ئەوە بەمن و بەتۆ دەڵێ».

خاتوون ئەستی دەڵێ: «گووی خوارد لە گووی بابی؛ سەگ دەوەڕێ و کاروانیش ڕادەبرێ». فەرخ دەڵێ: «ڕاوەستە. ئینجا فەرخ بانگی کرد:

«وسو ئاغا، وسو ئاغایەکی نەڕی

دوور بەدوور دەوەڕی وەک سەگی مەڕی.

ئەتوو قەت تەرخی ناکەی بوختان و بەدفەڕی

ئەتوو نازانی لە بنەچەکەی بەکرە مەرگەوەڕی؟

توو ڕاوەستە، تا دە زگتدا وەبکەم گۆپکی دە شێت پەڕی».

وسو مەغانی لەوێڕا هەلات. فەرخ پێ کەنی گوتی: «ئامۆزا! بۆچ هەلات ئەو حیزبابە؟» کەس نەیدەزانی وسو ئاغا لە ئەولادی بەکریە، هەتا فەرخ ئاشکرای کرد. خاتوون ئەستی و فەرخ چوونەوە ماڵێ دانیشتن، هەتا سبحەینێ. فەرخ خەوی لێ

کەوتبوو. خاتوون ئەستی دەستی دا گۆزان و هاتە سەراوێ. فەرخۆڵە وەخەبەرهات، تیروکەوانەکەی هەڵگرت، وەدوای خاتوون ئەستی کەوت. وسو ئاغا ئەوێ شەوێ هەتا ڕۆژ خەوی لێ نەکەوت.

گوتی: «دەبێ فەرخی ببینم. دامێنی بگرم، ئەو قسەی ئاشکرا نەکا؛ ئابڕووم دەچێ لە دنیایە. مەگەر لێرە دانەنیشم بچمە وڵاتی بەسرایە».

ئەگەر فەرخ گەییە پشت ماڵێ وسو ئاغای، خاتوون ئەستی گەیبووە سەراوێ. پنجێک دوودڕک فیسقییێکی دەنێوی دابوو؛ فەرخ تەماحی بوو بیکوژێ. فەرخ دەگەڵ وی مەشغووڵ بوو. وسو مەغانی چاوی لێ بوو؛ هەرای کرد، هاتە خوارێ. فەرخۆڵە تەماشای کرد وسو ئاغا هات؛ زۆر ترسا. زۆر ترسا، گەییە و بەئامێزی هەڵی گرت. فەرخۆڵە پڕی هەرتک چاوانی ئاوبوو. وسو ئاغا فەرخۆڵەی هەڵگرت و بردیە ماڵە خۆی گیرفانی پڕکرد لە مێوژ و لە خورما. گوتی: «ڕۆڵە ئەو قسەی کردت، مەیکە جارێکی دی». گوتی: «وسو ئاغا! ئەتوو مەڵە ئەمنیش نایڵێم.» وسو ئاغا گوتی: «فەرخۆڵە! بۆ خاتری توو ئەوا خاتوون ئەستیم بەخوشکی خۆم قبووڵ کرد». گوتی: «وسو ئاغا! ئەوە ئەتوو بووی بە برای من». دەستی برایەتیان پێکدا بوون بە برا. فەرخ هاتەوە زگ فیسقەکەی بیکوژێ. خاتوون ئەستی لەولاڕا هاتەوە، فەرخی ئاویتە سەرشانی خۆی؛ چوونەوە بۆ ماڵێ. ڕۆنیشتن بەخۆشییێ. حەوتوێکی چ باس و خەبەر نییە.

دیسان بۆوە گێچەڵی شێخاڵی، دێتەوە سەر خاتوون ئەستییە،

دەڵێ: «ئەگەر ئەمن شوانم ئەو ببێتەوە بێرییە،

«دەنا حاشا مادوڵڵا! ناچمە مەڕییە».

غەڵیفە حوکمی کرد: «ڕۆڵە! دەبێ بچی ببی بە بێرییە».

گوتی: «بابە! فەرخی بەرم. یان بەجێی بێڵم لە شارییە؟»

گوتی: «ڕۆڵە! فەرخۆڵە هەر دەبێ دەگەڵ ئەتوو بێ؛ خۆ چ دایک و بابی دیکەی نییە».

ئێستریێکیان قەرار کرد بۆ خاتوون ئەستییە.

دەگەڵ قەرەواشێک و پیرێژنێکی سەرسپییە،

دەگەڵ چەترێکی بەغداییە.
هەموو ڕۆژێ سواری ئەو ئێسترەی بێ بچێتە نێو مەڕییە.
شێخاڵ دڵی بەو قسەی خۆش دەبێ، دەڵێ: «ئەوە ژنی منە بەیەکجارەکییە
ئەوجار ئینجا مەڕی خۆم دەلەوەڕێنم بەبێ تەخسیرییە».
هەموو ڕۆژێ مەحەلی چێشتانێ دەبووە تەواوە،
تەدارەکیان بۆ دەگرت و ئێستریان بۆ دەرهێناوە،
سواری ئێستریان دەکرد چەتری لەسەر ڕاگیراوە،
دەچوو لە شێخاڵە کەچەڵی دەکرد سەلام و سەڵاوە،
شێخاڵ دەڵێ: «ئەتوو فەرخۆڵەت بۆ دەگەڵە خۆت هێناوە؟»
گوتی: «چ بکەم، هەر لەدووم دەگری، دایک و بابی نەماوە»
ڕۆدەنیشت و مەڕیان لە بێر دەداوە،
ئەوێ ڕۆژێ گەڕانەوە بەدواوە.
شوانان بەشێخاڵیان گوت: «ئەوە ژنی توو نییە، ئێ فەرخۆڵەیە بەئەمانەتی لە توو مارەکراوە».
گوتی: وەڵڵاهـ! سبحەینێ مەرگی دەکەم تەواوە»
ڕۆژ گەیشتە مەحەلی چێشتانێ
خاتوون ئەستی دەدا فەرمانێ:
«ئێسترەکەی بێننەدەرێ، پیاو کاری خۆی بزانێ»
ئێستریان بۆ هێنا ئەوجارە
خاتوون ئەستی لێی دەبوو سوارە
دیسان بۆ کن شێخاڵە کەچەڵی دەهاتە خوارە
سەلامی لە شێخاڵی کرد؛ شێخاڵ لەوی نەکرد پرسیارە.
لە بۆی دادەنا نان و ژەهرە مارە،
گوتی: «ئەوڕۆ نایێلم فەرخ لە چەنگی من ببێ قوتارە».
مەڕیان لە بێر دەدا شێخاڵ سوێندی خوارد سێ جارە:

«هەرکەسێک بەرخێکی لەلای بڕوا، سێ جاری لێ دەدەم بەو دارە»
ئەگەر مەڕیان هاوێر دەکرد، بەرخێک دەرپەڕی لەلای فەرخۆڵەی هەژارە.
خاتوون ئەستی خۆی فڕێ دەدا، دەیگرتەوە ئەوجارە
وە عەرزێ دەکەوت، نەیدەما ئیختیارە
شاڵواری هەڵدەکرا، کراسی بڵند دەبوو، هەموو بەدەنی دیارە.
شێخاڵ گوتی: «فەرخی دەکوژم ئەوجارە».
دەستی ڕەق دەبوو پێی دە عەرزی نەیدەکرد کارە.
فەرخ کە ئاوڕی داوە تەماشا دەکا لە عەرزیە خاتوون ئەستییە نازدارە
کەلەکەی و ڕانی هەموو دیارە،
دەڵێ: «بەرخم بەرخی پیرەمەڕێ
یا ڕەببی سەرت وە هەزاری گەڕێ
وەدەرت خستوون پەنجە و پانیەی لیلوپەڕێ
بەرخم بەرخی بەرانی!
عەمرم بەپیریش هەر جوانی،
لە بۆ فەرخۆڵەت وەدەرخستووە پەنجە و پانیەی بڵقیسای سولەیمانی.
بەرخم بەرخی شەکێ!
بەرەکەتت بکەوێتە عەمری دەگەڵ کەلەکێ.
لە بۆ فەرخی بێ دایک و بابت وەدەرخستوون پەنجە و پانیەی دەوێ مەلەکێ».
ئەگەر فەرخ ئەو قسەی دەکرد تەواوە
خاتوون ئەستی لەسەر جێی خۆی هەڵستاوە.
پڕی دەدا فەرخی لەسەر ئامێزی خۆی ڕۆناوە.
دەڵێ: «ئاخر لەسەری توو دەبم بۆسۆ و بەنناوە».
بۆ سەر ڕازی کانیە هاتنەوە، تەدارەکی ماڵێ گیراوە.
شێخاڵ لەوێ ڕەقبۆوە دەستی ڕاوەستاوە
پێی لە عەرزێ نایە بەدواوە.

دوو گورگان سەریان لە مەڕی دەسوێیە ناوە
بۆیە مەحتەلن، ئەگەر بێری بگەڕێنەوە بەولاوە.
تەدارەکی خۆیان دەگرت، بێریان دەیانگوت: «شێخاڵ، ماڵئاوا»
ئەگەر ئەوان دەڕۆیین، ئەو گورگانە بۆ مەڕیان ڕاکێشاوە
هەروا بێری بوو، ڕووی خۆی دەڕنی، دەیگوت: «مەڕی مە نەماوە
ئەو گورگە بردی، بۆ دەنگێ ناکا ئەو پیاوە؟»
گوتیان: «ماڵ خراپ! ئاخر دەستی ڕەقبووە، دوعای فەرخی لێ کراوە».
خاتوون ئەستی تکایێ لە فەرخی دەکا، دەڵێ: «بلا ئەو گورگانە بگەڕێنەوە بەدواوە».
فەرخ بانگ دەکا: «گورگ! ئەی جووتە گورگی دە کەنعانێ!
بە ڕەزای خولای ئاسمانێ
وەرن لە مەڕی من ببژێرن؛ بەرن بیکەن بە کەباب. ئەوە لەجیاتی زەکاتێم دانێ.
ئەی جووتە گورگەی ساحێبی بەراتێ!
وەرنە پێشێ شێخاڵە کەچەڵ دەستی ناگاتێ
یەکی چاک ببژێرن، بەرن دەرێی خولایڕا ئەوە لەجیاتی زەکاتێ».
کێ بوو لە جووتە گورگی دە جندییە
دەهاتنە خوارێ بەگورجییە
هیچ نەترسان لە شێخاڵییە.
یەکی چاکیان بژارد ڕایانکێشا بەبێ تەخسیرییە
دەڵێن: «ئەوە زۆر حەلاڵە هەم زەکاتە؛ هەم ماڵی شێخ فەرخییە.
خولا ڕسقی ئەوڕۆی داینێ؛ کەرەمدارە بۆ ڕۆژێکی دییە».
بێرییان جڵەوی ئێستریان دەگرت، دەیانگوت: «فەرخۆڵە! دوعایێن بۆ بکە لە ڕەببییە
شێخاڵ دەست و پێی خۆش ببنەوە، بچێتەوە مەڕییە؛
دەنا گورگ پێی فێر بووە قەت یەکی نامێنییە».

فەرخۆڵە تەمەنای دەکرد لە خولایێ؛ حەزرەتی جوبرائیل دەهاتە کنی بەیەکجارەکییە

گوتی: «فەرخۆڵە! جارێکی دی دوعای مەکە لە کەسی دییە»

فەرخۆڵە تەمەنای دەکرد لە جوبرائیلیە،

دەیگوت: «تەخسیری من نەبوو دەستی لێ هەڵنەگرتم خاتوون ئەستییە».

بۆ ماڵێ دەهاتنەوە فەرخ و بێرییە.

ژنێک بێدین بوو، ئەوە مروەتی مەولوود سوراحییە

شەیتانی کرد لە فەرخی فەقیر و لە خاتوون ئەستییە

دایکی خاتوون ئەستی جنێوی دا بە فەرخییە

گوتی: «ئەوە نەقڵی بابی گۆڕبەگۆڕەکەی دەکا، ئابڕووم بەرێ لە شاری داودییە

وەڵڵاهی قاعبە! ڕۆژێکی دی نابێ ئەو شەیتانەی دەگەڵ خۆت بەریە مەڕییە

شێخاڵ چاکە لە حەیفی ئەوەی خۆی نەکوشتییە».

خاتوون ئەستی دەگریا، دەپاڕاوە،

فەرخۆڵەی دەسەر کۆشی خۆی داناوە؛

هەر چوار برای هاتن لەولاوە.

گوتیان: «ها خوشکێ! بۆچی دەگری، چت لێ قەوماوە؟»

گوتی: «براله! ڕەببی خولاگیرم بن هەر لە من خراپ قەوماوە.

ئەمنو دەگەڵ کەچەڵێکی دە تەرازوویێ ناوە،

ئێستا دایکم هەموو ڕۆژێ دەمکا بۆسۆ و بەنناوە،

دەڵێ قایل نیم فەرخۆڵەی بەریە نێو مەڕی، چونکە ئەوڕۆ گورگ لە مەڕی داوە».

گوتیان: «خوشکێ! دایکم بۆ هێندە خراپە؛ جا چی بەسەر فەرخی فەقیرەوە داوە؟»

برایەکی دی گوتی: «دایکمان چ قسان بکا، وەبزانێ سەری تاشراوە».

سبحەینێ بەیانی دا، بێری خڕبوونەوە بۆ مەڕییە.

دایکی خاتوون ئەستیێ گوتی: «قەدەغەیە نابێ فەرخۆڵە بچێ چ جاری دییە،

ئەوڕۆ دەچین ئەمن و خاتوون ئەستییە».

خاتوون ئەستی گریا: «خولایە! ئەمن چارەم چییە؟
فەرخ بەجێ بمێنێ، دەمرێ بەبێ کەسییە».
فەرخی بەدزی بەڕێ کرد بۆ مەڕییە،
دایکی پێی نەزانییە.
دوو بە دوو سوار دەبوون لە ئێسترێ خاتوون ئەستی دەگەڵ دایکییە.
ڕەپێشیان کەوتن بێرییە.
تەماشایان کرد فەرخۆڵە دەڕوا لە بۆ مەڕییە،
بەتاقی تەنێیێ؛ کەسی دەگەڵ نییە.
دایکی وەرگەڕاوە، سێ چوار چەپۆکی دا لە خاتوون ئەستییە،
دەڵێ: ئەوە خەتای تۆیە ئەو شەیتان و ڕمووزنە ڕێی وەبەرە خۆی گرتییە
هەتاوەکی دەگەینە فەرخۆڵەی بەیەکجارەکییە،
ئامۆژنی لێی دەدا. ئێستری وەسەر دەپەڕاند پێی بریندار دەبوو، خوێنی لێ دەبوو جارییە.
خاتوون ئەستی خۆی لە ئێسترێ فڕێ دەدا سوێندی دەخوارد دەیگوت: ناچمە مەڕییە
دەچمەوە کن غەلیفەی بابم، لێت دەبم بەعەرزەچییە،
بابم فەرخۆڵەی بە من داوە بەئەمانەتییە
ئەگەر ئەتوو فەرخۆڵەی لەو چۆڵەی بکوژی، جا من لەکن بابم جوابم چ دەبێ، بۆم دەبێتە ڕووڕەشییە».
دایکی گوتی: «قەحبە! وەرە سواربە بڕۆین بۆ مەڕییە».
گوتی: «ئەتوو بڕۆ، بەخێرچی؛ ئەمن فەرخۆڵەی ناکەم خوڕاییە.
دەبێ بابم بەو قسەی بزانێ، دەنا بۆ من دەبێتە غەیانەتییە؛
لەسەر حەوتوو و چلوان بوو، ئەمن ئەوهەم بەخێوکردییە».
دایکی گوتی: «وەرە. سواربە؛ ئەوهەش لەگەڵە خۆت بێنە؛ قەت کەڵەگای وا نییە».
خاتوون ئەستی سوار دەبوو. پیلی فەرخۆڵەی دەگرت، دەی ئاوێتە سەر شانییە.

تووشی دڕۆێکی بوو. فەرخ لە پشتەوە بوو. پڕێ دا دڕوەکەی پچڕی، بردی لە پشتەوە وەبن کلکی ئێستریی دا. ئەگەر ئێستر دڕوەکەی گەییە؛ کلکی ئاویتە سەرە. دڕووی دەکونی ڕاچوو. ئێستر دەرپەڕی ئەوبەر ئەوبەرە.

ئەگەر ئێستر هەڵات بەولاوە

هێندی خۆی لە دار و بەردی داوە

ئامۆژنی فڕێ دەدا، لەوێ بەجێ ماوە.

فەرخ دەستی دەدا هەوساری ئێسترێ، جڵەوی کێشاوە،

ئێسترەکەی ڕاگرت، دڕوەکەی لەبن کلکی دەرهێناوە.

ئەگەر چووە سەر ئامۆژنی، زمانی شکاوە.

خاتوون ئەستی بەسەر خۆی دادا، گوتی: «دایکم نەماوە».

فەرخ پێی پێکەنی، وەسەر پشتێی گێڕاوە.

خاتوون ئەستی دەستی دەستۆی فەرخی کرد گوتی: «دایکم چاک بکەوە؛ ئاخر ڕۆژ کەمی ماوە؛

ناگەینە مەڕی؛ لێمان عاجز دەبێ ئەو شیخاڵی ماڵ شێواوە».

فەرخ گوتی: «ئامۆزا! بلا لێرە بێ هەتا لەولارا دەگەڕێینەوە دواوە».

دەڵێ: «ئەگەر بۆم چاک نەکەیەوە کوێرم دەبێ هەرتک چاوە».

ئەگەر ئەو قسەیان لەوێ کرد تەواوە،

فەرخ لە خولاوەندی عالەمیان دەپاڕاوە.

ئەگەر شوێکی لە دایکی خاتوون ئەستی داوە.

بوو بە بەردێکی شین ڕەنگی مەخلووقی نەماوە.

خاتوون ئەستی و فەرخ سوار دەبوون؛ سەبوونی گەرمێنێ دەهات لەولاوە؛

خاتوون ئەستی گەرمای بوو عارەقەی لێ دەتکاوە.

فەرخ گوتی: «بانگی شەماڵی کەن بێ لەولاوە».

فەرخ بانگی دەکرد: «ئەی ڕەببی عالەمێ، بینای چاوانە!

حەزرەتی جوبرائیل بنێرە کن باڵووڵی دێرانە،

شەماڵ مەرەخەس بکرێ بێتە ئێرەکانە.
هەراسان بووە ئەستی کێل گەردنی هەنیە پانە،
سەبوونی گەرمێنێ پێی نادا وچانە».
ئەگەر فەرخ لە خولای دەپاڕاوە،
بە ڕەزای خولای شەماڵ مەرەخەست کراوە.
ئەگەر شەماڵ هاتە خوارێ، هێند بەحوکمە، کێوی گەورە گەورەی تێک داوە؛
هەرچەندی خێز و بەردی بڵندان بوو، هەمووی هێنا، لە سەروچاوی خاتوون ئەستییێی کرد بڵاوە.
خاتوون ئەستی دەڵێ: فەرخۆڵە، ئەوە چ مەکرێکە دەرتهێناوە؟»
دەڵێ: «بە شەماڵی بڵێم، بگەڕێتەوە دواوە».
خاتوون ئەستی دەڵێ: «منەتێکە لەسەر شانی منت داناوە؛
درەنگە، بێری گەینە مەڕی، مەڕ نەدۆشراوە.
«خراپم لێ قەومی، دایکم لەوێ بەجێ ماوە».
فەرخ دووبارە لە خولای پاڕاوە،
شەماڵ هێدی کرد، بۆ مەڕێیان ئاژواوە.
هەتا گەینە شێخاڵی لێیان کرد سەڵاوە.
دابەزین بەپەلەپەل، مەڕیان لە بێر داوە.
تەدارەکی خۆیان گرت. ئەوێ ڕۆژی خاتوون ئەستی گوتی: «شێخاڵ دەوڵەت زیاد و ماڵئاوا»
شێخاڵ گوتی: «خاتوون ئەستی! ئەمن ئاغام، لەبەر ئەتوو شوانم؛
ئەگەر لەبەر ئەتوو نەبێ، براکانی توو بە نۆکەری خۆم دەزانم.
لەبەر عیشقی توو کەڕکی کوردی هاتۆتە شانم،
کەڵاشی دۆمی وا لەپێیانم.
یاخولا! بەخێرێی سەر چاوەکانم».
ئەگەر گەڕانەوە بەدواوە،

خاتوون ئەستی دەستی دە پشتێنی فەرخۆڵەی ناوە،
دەڵێ: «وەختە لە سوێی دایکم کوێرم بێ چاوە.
ئەگەر نەگەینە دایکم خراپ قەوماوە».
فەرخۆڵە دەڵێ: «ئامۆزا لێی گەڕە زۆرم ڕق هەڵستاوە.
«دەربەندی خۆم نیم، ئەگەر ئێستر پێی لە من ناوە.
حەیفی وەی دەمکوژێ، لەسەری من لە تووی داوە.
ئەگەر لێم گەڕێی، دەبێ هەروا بەرت بێ، هەتا دنیا دەبێ تەواوە».
خاتوون ئەستی دەڵێ: «وا نابێ، حورمەتی ئی منیش و ئی تۆش بە دایکمەوە ماوە».
ئەگەر هات گەییە دایکی، خاتوون ئەستی گەلێک گریاوە.
فەرخۆڵە گوتی: «لێی گەڕە؛ ئەوە فەسادە شاری داودییەی تێک داوە».
خاتوون ئەستی دەڵێ: «ئەگەر دایکم چاک نەبێتەوە، ئەمن کوێرم دەبێ هەرتک چاوە.
ئەگەر چووینەوە بابم ناڵێ، دایکت بۆ نەهێناوە».
فەرخ هاوارێ دەکا: ئەی خوڵای لایەزانە!
ئەوجار بۆ خاتری من بێتە زوبانە».
ئەگەر شوێکی لێ دا. بوو بە دێڵە سەیێکی ڕەش ئەو بەستەزمانە،
جا سەبوونی گەرمێنێ لێی دەدا، بۆچوڕوکی لە پشتێ دەهات، هێندەی دەرکێشابوو زوبانە.
ئێستر پێکی لێ دەنا دەریدێنێ هەر چوار سمەڵۆکانە.
هەتا گەینەوە قەراخی شاری داودییە،
دەڵێ: «فەرخۆڵە ئامان! ئەوە ئینساف نییە
بابم دەپرسێ: دایکت کوانێ، ئەو سەگەو بۆ چییە؟
وەرە چاکی بکەوە بۆ خاتری خوڵای و ڕەببییە»
دیسان بۆی دەپاڕاوە لە ڕەببییە؛

حەزرەتی جوبرائیل دەهاتە کنی بە قاسیدییە،
دەیگوت: «هەر دوعایەکی ئەتوو کردت خولا لێی قبووڵ کردییە».
ئەگەر فەرخ شوێکی لە ئامۆژنی دا ڕوح هاتەوە بەرییە.
جنێوی دەدا بە فەرخۆڵە و بە خاتوون ئەستییە.
سوار دەبوون دەچوونەوە شارییە.
ئەو بێدینە دەچۆوە کن کوڕەکانی لە فەرخ و ئەستییان دەبوو بەعەرزچییە.
کوڕەکان گوتیان: «دایە ئابڕوومان مەبە دەیبەتلێنین بەدزییە،
ئەگەر مام غەڵیفە بزانی ئاسارمان دەبڕییە،
لەسەر فەرخۆڵەی بەسەرماندا وێران دەکا شاری داودییە».
فەرخۆڵە وای گوت بەخاتوون ئەستییە:
«ئامۆزا! نەتزانی، ئامۆژن لێن بووە بەعەرزچییە.
ئامۆزا! ئەمن دەڕۆم ئیدی کەڵکی تۆم نییە.
ئەگەر لێرە بم سەرم دەبڕن بەیەکجارەکییە.
سەفەرم سەفەرێکی ناتەواوە؛
«ئامۆزا! دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا»
گوتی: «بۆ کوێ دەچی، بەمنداڵیم بەخێو کردی ئەمنی بابان وێرانی»
گوتی: «ئامۆزا! دوور ناچم. دەچمە ماڵی وسوی مەغانیّ».
فەرخ لە جێی خۆی هەڵستاوە.
دەگەڵ خاتوون ئەستی بانگی خۆشیان لێ داوە،
فەرخ لێی دا ڕۆیی گوتی: «ماڵئاوا»
گوتی «بڕۆ، بەخولات دەسپێرم. بەهەموو لایەکی ئەمنو دە مست شێخاڵە کەچەڵی ناوە.
فەرخ هەڵستا چووە ماڵی وسوی مەغانی.
خەبەریان دا بە وسو ئاغای لە ماڵەخۆی پێی زانی.
بەپیرییەوە هات بۆخۆی و بەخێزانی.

ئەگەر فەرخ دەچوو لەوێ دەکرد سەلاوە.
وسو ئاغا یەک پێ لەبەری ڕاوەستاوە.
گوتی: «قوربان! هەرچەندی ماڵی هەمە، ئەوا دام بەتوو لێت نەزرکراوە.
وسو ئاغا نۆکەرێکە لەپێشت ڕاوەستاوە.
ئەوە ماڵی تۆیە، هیچ تەوەلوقی منی بەسەرەوە نەماوە».
ئەگەر تەماشایان کرد، مانگی موبارەک وەدەرکەوت ڕەمەزانە؛ تەواوە.
هەموو کەس کەوتە سەروپای ڕەمەزانێ.
خۆشی کەوتە مردووی گۆڕخانێ.
هەتا بیست و حەوت لە ڕەمەزانێ بوو تەواوە،
مام غەڵیفە کەوڵێک و جوانو ئەسپێکی بوو، لەبەر کوڕەکانی بە فەرخۆڵەی نەداوە؛
لەمێژە ئەو جوانوو ئەسپە بۆ فەرخی هەڵگیراوە.
مام غەڵیفە دەڵێ: «چ بکەین لە ڕەمەزانێ؟
هەر کەسێکی مزگێنی مانگی موبارەکی بۆ هێنابام، ئەو جوانوو ئەسپ و کەوڵەم دەدانێ».
وا دەڵێن ڕدێن سپی و مەلێیە:
«قوربان! ئەورۆ بیست و حەوتی مانگێیە،
هەتا سێ ڕۆژی دی، هەیهوو! لەکوێیە»
ئەو خەبەرە بەفەرخی و وسو ئاغای دراوە.
وسو ئاغا گوتی: فەرخۆڵ ئەورۆ بیست و حەوتی مانگێیە؛ مامت جوانوو ئەسپێک و کەوڵێکی بۆ مزگێنی مانگی موبارەکی داناوە».
فەرخ گوتی: مانگ مانگێکی تەواوە؛
عەسرێکی تەمیزە فەسلێکی مەلا بانگی داوە.
فەرخ و وسو ئاغا وەسەربانی کەوتن، چاویان لە هەموو دنیایێ گێڕاوە؛
هەرچەندی خەڵقی داودییە، بەرەو ڕووی مانگی مونەوەر ڕاوەستاوە.
خاتوون ئەستی کوندەیێکی هەڵگرتبوو بۆ چۆمی هات واوە؛

فەرخ گوتی: «وسو ئاغای گیانە!
بڵێن بەخەڵقی خولاّی ساحب ئیمانە،
هەرکەس بۆ جیرانی خۆی بەرێ ڕۆن و برینج و کاسە جیژنانە».
خاتوون ئەستی چوو کوندەی پڕکرد هاتەوە لەولاوە،
کوندەی وی خرابوو دڵۆپ دڵۆپ ئاوێ لێ دەتکاوە،
وەبەلەکی خاتوون ئەستیێ دەکەوێ بەلەکی هەموو تەڕکراوە.
فەرخ دەڵێ: «تەماشای ئەو کوندەی کە، حەیای لەکن نەماوە؛
ئەمن لازمە دەگەڵ ئەوی بکەم شەڕ و داوا».
وسو ئاغا دەڵێ: ئەوە بێ سەر و ئەزمانە چی دەگەڵ توو پێ نەکراوە.
فەرخ بانگ دێڵێ: ئەی کوندەم کوندەی بەرانی
عەمرم بەپیریش هەر جوانی،
ئەگەر شەرمێ لە من ناکەی، بترسە لە یەزدانی.
بوو لە من تەڕ دەکەی پەنجە و پێی بڵقیسای سولەیمانی.
کوندەم کوندەی بزنێ،
یا ڕەببی قەت کێردی قەسسابانو هەڵنەگیرێ لەسەر گەردنێ
ئەتوو بۆ لە من تەڕ دەکەی پەنجە و پانیەی دەوێ شەکرەژنێ
کوندم کوندی پانێری!
بتگاتێ نەخۆشی ڕەشەگوێری
ئەتوو بۆ ئاوێ لە کۆڵی ئەوێ شەکرەژنێ دەبوێرێ
کوندم کوندێکی نادانە!
گۆشتی تۆیان نەخواردده چ کافر و موسڵمانە
ئاوێ بۆچی دەبوێرێ بەخاتوون ئەستییە غەیانە.
وسو ئاغا تەماشای مانگی مونەوەر بکە؛ ئەوە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانە،
فەرخ دەڵێ: «وسو ئاغا چ بکەین لەوێ ڕەمەزانێ؟»
«هەرچی بکەین هەرایە، بەغەیرەز شوکرانێ.

بلا مزگێنی مانگی موبارەک بدەین بە مام غەڵیفەی دەپێش هەموو کەسیدا بزانێ
مامی خۆمە هەر ئەو خەلاسم دەکا لە تەنگانێ،
جا مزگێنی بەرین بۆ مام غەڵیفەی، ئاغای شارییە».
مام غەڵیفە ئەگەر وای دەزانییە،
لە مانگی موممبارەکیان دایە مزگێنییە،
ناردی کەوڵ و جوانو ئەسپی نارد بەدیارییە.
فەرخ کەوڵی دا بە وسو ئاغای جوانوو ئەسپی قبووڵ کردییە.
ئەوی ئەسپ و کەوڵیان هێنابوو، خەڵاتی کردن بەنەجیمییە،
گوتی: «عەرزی مام غەڵیفەی بکەن، ڕوح و سەرم هەر ئی وییە».
ئەوێ شەوێ لە مزگەوت و خانەقایە تەگبیریان ڕۆناوە،
لەبەر خوڵای دەپاڕانەوە سەڵەواتیان لێ داوە،
سبحەینێ کە نوێژی ڕەمەزانیان دەکرد، نانی هەموو کەسی دراوە.
کوڕی مام غەڵیفەی چوونە خزمەت بابیان، ڕاوەستاون تەواوە.
دەڵێن: «بلا، بچین فەرخۆڵەی بێنینەوە. ئابڕوومان نەماوە،
لە ماڵە وسو ئاغای، بەینەڵلا پیاوێکی تەواوە».
مام غەڵیفە گوتی: «ئەگەر لە دوو فەرخی دەچن بەیەکجاری،
دەبێ هەمووتان خزمەتی بکەن بەقەننەداری.
بێتەوە ڕۆنیشی بەگەورەی شاری».
کوڕی مام غەڵیفەی لە بابیان قبووڵ کرد تەواوە.
لە هەموو کەیخودا و سەید و مەلایانیان گێڕاوە
هەموو بۆ ماڵە وسو ئاغای دەهات تەواوە.
وسو ئاغا بەپیریانەوە هات ئیکلامی هەموویانی کێشاوە.
گەینێ، کەوشی فەرخییان لەسەر سەری خۆیان داناوە؛
دەڵێن: «قوربان! گەورەییی شاری داودییەی بەتوو دراوە.
ئەوە کوڕی مام غەڵیفەن گەورەییی توو قبووڵ کراوە».

کوتیان: «وسو ئاغا چ دەفەرمووی لە بۆ مە؛ ئەمە دەگەڕێنەوە چ کاری دیمان نییە».
فەرخۆڵە گوتی: «حاشا و مادوڵلا؛ نامەوێ ئاغایەتی شاری داودییە؛ ئەمن لە ماڵە وسو ئاغای دانیشتووم بەنۆکەرییە»
وسو ئاغا دەڵێ: «ڕێم ناکەوێ ئەمن هیچ بەشم بەسەر ئەو ماڵ و دەوڵەتەوە نییە».
فەرخ دەڵێ: «قەت ناچمەوە نێو شاری داودیەی جارێکی دییە».
دەوێ هەموو گەڕانەوە بەبێکەیفییە،
فەرخ دەڵێ: «وسو ئاغا! چوونەوە بۆ من چوونەوە عەیب و شوورەیییە.
ئەگەر لێرەش بێ سەحەت بم، دەچمە ماڵێ خاڵم ئەوا لە شاری شامێ میری وا نییە»
کەیخودا و کوڕی مام غەڵیفەی هاتنەوە بەدواوە،
موژدەیان بەمام غەڵیفەی داوە.
گوتی: «لێی گەڕێن هەتا ڕادەبری شەش لە شەشەکانێ؛
ئینشاڵڵا دەییەنمەوە سەر مەکانی خۆی هەتا هەموو کەس پێ بزانێ».
کوڕی مام غەڵیفەی بەدزی بابیان و خاتوون ئەستییە بۆی هەڵدەکەنن زیندانێ؛
شەوێ فەعلەی بەزێڕێک بەکرێ دەگرن هیچ کەس نازانێ قەت وچان نادەن لە گڵ کێشانێ،
هەتا ڕۆژ دەبێتەوە، فەسڵی مەلا بانگدانێ.
ئەگەر شەش لە شەشەکانێ چوون تەواوە
کوڕی مام غەڵیفەی دیسان هاتن لەولاوە
چوون، ئیکلامی فەرخۆڵەیان کێشاوە
کەوشیان لەسەر سەری خۆیان داناوە.
فەرخ ئاوڕێکی بە وسو ئاغای داوە
دەیگوت: «وسو ئاغا نازانی چ قەوماوە؟
دەبێ هەر بچمەوە، داوە لەمنیان ڕۆناوە».

له جێی خۆی هەڵستا کەوشیان بۆ ڕۆناوە
وەدەرکەوت بۆ ماڵە مامی خۆی گەڕاوە.
خاتوون ئەستی تاماشای کرد، ئیجهەی ئامۆزای و برای هاتن لەولاوە.
خاتوون ئەستی نەیزانی زیندانی بۆ دروس کراوە.
دەودەمیدا موسڵمانێک هات، خەبەری بە ئەستی داوە.
خاتوون ئەستی دەڵێ: «وای کوێرم بێ چاوە!
لە قسەی ئەنگۆ دەنا هەر ئەوەندەی لەسەر دنیایە ماوە».

هەڕای دەکرد، دەزووی بەدەرزیەوە کرد، جامێکی ئاو هێنا، تێی ئاویت، لەسەر ڕێی دانا. فەرخ ئەگەر چاوی پێ کەوت گوتی: «ئەوە دەزووە کفنم پێ دەدروون؛ ئەو جامە زیندانە تێی دەکەوم، تێدا دەخنکێم. ئەو ئاوەش پێم دەشۆن». ئەگەر وای چاوپێکەوت، مستێکی لە دەمی خۆیدا، خوێن هاتە خوارێ؛ گەڕاوە. گوتیان: «قوربان ئەو خوێنە چ بوو؟» گوتی: «نازانم! دەچم دەمی خۆم دەشۆم». گوتیان: «قوربان! ئەو خەڵقە هەموو نۆکەری تۆیە. دەمی خۆت لە ماڵێ بشۆ». گوتی: «نا ئەمن عەمبەڵیم، دەبێ بچمە سەر شەتی داودیەی. ئەنگۆ ڕۆنیشن، ئێستا دێمەوە». ئەگەر لەوان ڕەدبوو، دەمی خۆی بەدەستڕەی ئەستڕی هەڕای کردە ماڵە وسو ئاغای. وسو ئاغا گوتی: «قوربان! چ قەوماوە؟»

فەرخ دەڵێ: «وسو ئاغا گیانە!
نەمگوت کوڕی مامم دەگەڵم غەیانە
جوانوو ئەسپەکەم بۆ بێنە دەرێ، ئەمن دەڕۆم لێرەکانە.
دەگەڵیان دەرنابەم، هەمووی شمر و شەیتانە.
وسو ئاغا دەڵێ: «سەرت لەسەر دادەنێم، فەرخۆڵە گیانە!»
فەرخ دەڵێ: «چارەم بڕاوە، وسو ئاغا گیانە!
دەبێ بڕۆم لێرەکانە».
جوانووی فەرخیان هێنادەرە،
لێی بکەن زینی موحتەبەرە.
پێینا ڕکێف کەوتە سەرە،

دەڵێ: «وسو ئاغا دادەبەزمەوە، بەخۆڕاییە ئەو سەفەرە
شیرەکەی بابم بۆ بێننە دەرە،
جوانوو ئەسپەکەم بۆ بگێڕن ئەو سەر ئەو سەرە
کێ بوو؟ لە فەرخۆڵەی نازدارە،
شیری بابی وەچەنگ کەوت ئەو جارە
دەستی دایە، بۆ یەختەخانەی ماڵە مامی چووە خوارە،
دەرکی کردەوە، چوو، لە تەویلەی گرتی قەرارە.
بەتەویلەیدا هات، لە ڕەفیسکەی هەموو ماین و ئەسپانی داوە،
قەت یەکێکی بەساغی نەماوە.
هەڵات و بۆ ماڵە وسو ئاغای گەڕاوە،
پێی دەرکێفی نا، وەسەر زینی کەوت تەواوە،
دەڵێ: «وسو ئاغا! گێچەڵە، بۆخۆم و بۆ تۆم بنیادناوە».
مەیتەر و میرئاخوڕ هاواریان برد بەهەشتاوە
خەبەریان لە مام غەڵیفەی و لە کوڕانیان دەگێڕاوە.
کوڕی مام غەڵیفەی دەنگی لەشکریان دا هاتن لەولاوە.
ئەگەر وسو ئاغای وا دەزانێ زرێی دەبەرکرد مەتاڵی دە دەستی هەڵکێشاوە
خزمی خۆی هەموو بانگ کرد، لە پێش کوڕی دە مام غەڵیفەی ڕاوەستاوە
سوێندی بە کەلامولڵایە خوارد: «ئەگەر هاتوون فەرخی بکوژن، نایەڵم، یەک یەک سەری بچێتەوە بەدواوە».

هەموو دەیانگوت خێرە؛ ئەمە خزمەتی دەکەین. هەر گەورەیە ساحب ئیختیارە. هەر زەرەری لە خۆی داوە.

فەرخ گوتی: «وسو ئاغا پێی ناوێ دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا».

ڕکێفی لە جوانووەکەی دەدا؛ ئەمەگی خاتوو ئەستێی لەسەر بوو، تۆڕی بەسەر هەرتک چاوان کشاوە.

خەبەر بە خاتوون ئەستێ دەدرێ، دەڵێن: جوانووەکەی کوێر بوو، ڕێی بۆ هیچ

کویَ سەرەدەر نەکراوە.

خاتوون ئەستی گوتی: «بلا بمکوژن لەسەر فەرخی». بانگ دێلێ: ئەی جوانووڵە، جوانووڵەی سەری سالان!

ڕەنگت دە کلکێ دەدەم، خەنەت دەگرم دە بژ و یالان.

ڕۆحی خۆمت نەزر دەکەم، ئەگەر فەرخم بۆ دەرکەی، لە دەس دژمنان لە دانگەی مالان.

ئەی جوانووڵە جوانووڵەی سەر هۆزان!

چرای چاوی خۆم فرزەندی ڕەش بۆزان

ڕۆحی خۆمت نەزر دەکەم، ئەگەر فەرخم بۆ دەرکەی لە چەنگ دژمنان، لە دەس ئامۆزان.

ئەی جوانووڵە، جوانووڵەی گوفتارێ!

ڕەنگت دە کلکێ دەدەم، بژانت دەگرم لە ژەنگارێ

فەرخم بۆ خەلاس بکەی، بۆ شاری شامێ بچێتەوە خوارێ

ئەگەر خاتوون ئەستی گەردنی جوانووڵەی ئازا کرد و ڕۆیی لە دنیایە ڕووی کردە کوێستانێ و کێو سەرایە

لەوێندەرێ بەفر نایداتێ ڕێگایە.

ئەوا لەشکری دێ لە دوایە،

وسو ئاغا هەروا دەگەڵیانە، سوێندیان لێ دەخوا بە کەلامولّلایە

دەڵێ: «نابێ ئیلاقەی فەرخی بکەن، ئەمەگم دەچێ بەزایە».

فەرخ بانگی بەفرێ دەکا:

«بەفری کوێستانێ! گەلێک بەفرێکی نادری»

بووی بەجەردە جابر، ڕێ لە موسڵمان و ڕێبوار دەگری

نایەڵی میوان بگاتە ئاوەدانیە، مەنزڵێکی پەیدا بکا، لە تینوان نەخنکێ، لە برسان نەمری».

بەفر دەڵێ: «فەرخۆڵە، چرای چاوانم

ئەمن خانەخوێم ئەتووی میوانم
ئەمن بەڕەزای خولای بینای چاوانم
بەرەکەتی ئەرز و ئاسمانانم.
لەوەش بەدەرەوە ڕۆژی هەرچی بەگیانم؛
لە وی زیاتر، دەرمانی نەخۆش و بیووردارانم».

فەرخ دەڵێ: «بزانم چلۆنم لێ هاتۆتە مۆلەکێ، هەر نەخۆشێکی تۆ تەڵەب دەکا، ڕەببی! لێی ببیە کۆخە و برک،

لێی بچییە دە کەلەکێ. هەر نەخۆشێکی بەتوو ڕاس دەبێتەوە، هەڵنەستێ لەوێ کەونە لێفۆکێ».

ئەگەر فەرخ دیسان ئاوڕی دەداوە،
لەشکری شاری داودیەی ئاوا بەدواوە،
وسو ئاغای دەپێش دایە، بەیداغی ڕاکێشاوە.
فەرخ هاوار دەکا: یا ساحبی عەرز و ئاسمانێ!
ڕەببی! خەلاسم بکەی لەوێ تەنگانێ.
ڕەحمی بەوی کرد ساحبی عەرز و ئاسمانێ
هەور دەچریکێنێ، هەڵی کردە شەماڵی، لێی دا لە گۆپاڵ بارانێ.
هەتا دوو سەعاتان باری تەواوە
لە پاشان خولا ڕەحمەتی کرد، دنیا ڕۆشەن کراوە
لە هەموو زینو و بانوان هەڵستا سێلاوە
فەرخ ئاوڕی وەدوای خۆی داوە
لەشکری شاری پاڵی وێ داوە
دەڵێ: «بەخولای دەمکوژن سەفەرم ناتەواوە
خاتوون ئەستێ چاو بەڵەکم لێ بەجێ ماوە».
شەتی داودیەی پڕ هاتووە لە سێلاوە،
فەرخ ئیختیاری لێ بڕا، ملی لە شەتی داودیەی ناوە.

فەرخ چوو دە شەتێوە، وسو ئاغا دەستی بەقورعانێ داداوە
سێ جاری کەلامولّلای کرد تەواوە،
دەڵێ: فەرخ لە شەتی داودیە بخنکێ، نایەڵم عەبدێکو بگەڕێتەوە بەدواوە.
پاکانو سەردەبڕم شاری داودیەی دەکەم بڵاوە.
خولا فرسەتی جوانوی فەرخی داوە
گەییە بەری ئەوبەری چەنگی لەسەر دیواری ڕۆناوە
چۆم ڕای دەدا خوارێ، قەوەتی نەماوە.
کەلێنێکی خولا بەوی دا، دەستی ئاویتە سەرێ، فەرخ نێوی هێناوە
هێزی لە خۆی دا، فەرخ کەوتە بەیاری، لینگە چەکمێکی دەرکێفیدا ماوە
فەرخ خلاس بوو جوانۆکەی برد ئەو ئاوە
فەرخ دەڵێ: «لە شەتی مرادی پەڕیمەوە
جوانوولەم چوو بەزینەوە
بەپێ و چەکمە زێڕینەوە
خاتوون ئەستی لێرە نییە بیگێڕینەوە».
فەرخ دەرپێیەکی جاوی دەپێدا بوو. پێیەکیشی پێخواس بوو دەرپێیەکەی تەڕببوو، لە لاقانی دەهالا، پێوەیان ماندووبوو؛ فەرخ دەڵێ:
نە هەورازت لەبەربێ شەقاوێک
نە کۆڵت پێ بێ گەزە جاوێک
نە پووڵ قەرزداری هیچ کەس بێ قۆشە دراوێک».
فەرخ دەڵێ: لەوڕۆ بەدەر هیچ میوان بەشەتی داودیەی نەکا ئیختوبارێ
نە خۆی بە خانەخوێ دەزانێ، نە لە میوان و ڕێبواری دەکا پرسیارێ
لەوڕۆ بەدەر کەس بەشەتی داودیە نەکا متمانێ
نە پرسیارێ لە میوانی دەکا، نە خۆی بە خانەخوێ دەزانێ
ڕەببی شەتی داودیەی خولاگیرم بی ئەوێ ڕۆژێ خولا دەکا دیوانێ.
لەوڕۆ بەدەر هیچ میوان بەشەتی داودیەی نەکا ئیختوبارێ

نە خۆی بە خانەخۆی دەزانێ نە لە میوان و خانەخوێ دەکا پرسیارێ
ڕەببی لە ئاهی من سێ مانگەی بەهارێ نەبێ چۆڕی ئاوێت لێ نەیەتە خوارێ
چ بکەم ئەمن بەناچاری
بانگێکم وەبەر خولای، یەکم وەبەر جەبباری».
فەرخۆڵە خەوی بەسەردا باری،
جوانووی فەرخی لە دەریا وەدەرکەوت بەیەکجاری. بە فەخۆڵەی نەدەزانی لەکوێیە، بۆیە گریا بەزاری، شەماڵ کە هات بێنی فەرخی بۆ جوانووی هێنا بەیەکجاری.
ئەگەر بێنی فەرخی کرد تەواوە
لینگیدا هەتا چوو لەسەر فەرخی ڕاوەستاوە
گوتی: «هەڵی ناستێنم، خەمگینە، شاری داودیەی لێ بەجێ ماوە
خەمناکە لە خاتوون ئەستی هەڵبڕاوە».
دەستی بە لەوەڕێ کرد لەوێ ڕاوەستاوە
پیرەبارگینێک نەخۆشە چەند ساڵە دەرکراوە
لە چۆڵ و بیابانی لەوەڕاوە
ئەگەر جوانووی فەرخی کەوت بەچاوە
لەسەرڕا دێتەخوار بۆ شەتی داودیەی دەیگوت: «بزانم کێیە لەوێ ڕاوەستاوە؟»
جوانوولەی فەرخی ئەوی کەوت بەچاوە
گوتی: ئینشاڵلا ئاوەدانییەکم بەو گیاندەبەرە، وەچەنگ دەکەوێ تەواوە
ئەگەر پیرەبارگین هات لەولاوە
جوانوولە ئەگەر تەماشای کرد، گوتی: هەو خۆ ئەوهە گولە دەرکراوە
دەگەڵ جوانووی فەرخی دەستی کرد بەشەڕ و داوە
هەرچەند بەدەنی جوانووی فەرخییە هەمووی پچڕاوە
جوانوولکە سەرەسمێکی وە فەرخی هەڵداوە
فەرخ لە خەوێ هەڵستا تەماشای کرد هەموو بەدەنی جوانوولکەی پچڕاوە.
دەڵێ: «خودایە! حەققی من و شەتی داودیەی بکە تەواوە!

ئەمن چ بکەم دەگەڵ شەتی داودیەی شەتێکی بێ ئامانە
لە منی ئەستاند ئەو جوانووله بەستەزمانە
بزانە چیان لێ کردووە ماسی و نەهەنگانە».
ئەگەر ئەو قسەی کرد تەواوە،
پیرەبارگین ئاخێکی ساردی هەڵکێشاوە
دەڵێ: «خولایە! نەمزانی فەرخۆڵەیە، وام لە جوانوولەی کرد، کوێرم بێ هەرتک چاوە».
خەجاڵەت بوو، لە ڕاستەخۆی گەڕاوە،
فەرخ بانگ دەکا، دەڵێ: «بەهاران، گەینە بوهاران
ئەو پیرەبارگینی ئەگەر نایەنی دوو پاران
نەبوو، بێیە کن ئەمن بۆت بچمە بارەگای خولای وەک تکاکاران؟
ئەتوو بۆ لە جوانوولەی من دەپسێنی پۆست گۆشت و دەماران؟»
فەرخ بەپیرەبارگینی دەڵێ: «ئەگەر پیاو پیاوی بکوژێ
ئەگەر چووە ماڵێی نابێ دەگەڵی بەئینجەت بێ.
ئەگەر پیاو ژنێ لە پیاوی هەڵگرێ، ئەگەر چووە ماڵێی، دەبێ دەگەڵی بەسوفەت بێ
پیرەبارگین! هەڕۆ، بڕۆ؛ هەتا لە دنیایە زیندووی، ئەو دەردە لەسەر تایفەی ئەنگۆ هەر موسەللەت بێ»
فەرخ جوانۆکەی هێنا، سەر شەتی ڕایگرت.
لە فەرخی غەریبی ناتەواوە
هەر ئاوی هێنا، بەپشتی جوانۆکەیدا کراوە،
هەتا هەمووی دەشووشتن تەواوە.
خولا ڕەحمی دەگەڵ کرد هیچ برین لە بەدەنی جوانووی وی نەماوە.
سبحان ئەلەزی سەخخەرە لەنا ماکونی سەخەرە لەنا موکرینینە[1].

(١) لام وایە ئەو ئایەتە بێ کە لە کاتی سواربووندا دەیخوێنن بۆ ئەوەی نەکەون: «سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين». هێمن

فەرخ زینی خۆی دێنا دەیکرد لە جوانوولەی نەخشینە
دەیگوت: خولایە بۆ شاری شامێ لە کوێڕا بچینە؟
فەرخی ڕووی کرد بەولاوە
تەماشای کرد: جەنگەڵ و قامیشە ڕاوەستاوە
جووتێک ڕەشیشەی دەخوێن، لەبەر ئەوان جوانوو ڕێی پێ سەرەدەر نەکراوە.
فەرخ بانگ دێڵێ: «ڕەشیشە، هۆی ڕەشیشە!
بۆچی لێرەو داناوە ساز و چەقەن و هەزار پیشە؟
ڕەشیشە ئەنگۆ نادرن
بوون بەجەردە، ڕێیێ لە موسڵمان و ڕێبواری دەگرن
نایەڵن موسڵمان بگاتە ئاوەدانییە، مەنزڵێکی پەیدا بکەن، لە تینوان نەخنکێن، لە برسان نەمرن.
ڕەشیشەی زەنوێرە!
ئەو ساڵ حەوت ساڵە ڕێو دەبەست بردووە لێرە
ئەتوو نەتزانیوە ئەو ماشووقەی توو چاوێکی کوێرە؟»
ئەگەر ڕەشیشەی ئەو قسەی بیست تەواوە
دەیگوت: «وای! تیرێکی لێ دام جگەرم بڕاوە
ئەوساڵ حەوت ساڵە ئەمن دەگەڵ ئەوەی ماڵم پێکەوە ناوە».
ڕەشیشە نێرەکە نەیزانی بوو، مێیەکەی چاوێکی کوێرە. هەڵستا چوو، تەماشای کرد بزانێ فەرخ ڕاست دەکا. ئەگەر چوو تەماشای کرد؛ وایە. بەتەپڵی سەریدا نووسا، چەرمی سەری دەنێو چاوان کرد.
مێیەکە زیزبوو لێی دا ڕۆیی. نێرەکەش وا ڕۆیی فەرخ ڕزگار بوو لەو جەنگەڵەی.
گەییە ئاوەدانییانە
مەنزڵێکی دەگرت ئەو بەستەزمانە
دەیکردەوە نوێژی شێوانە
دەیگوت: «خولایە! چییان لێ هات ئەو ڕەشیشە فەقیرانە!

مێیەکە بریندارە نایەتە سەری لوقمانە
ئەرەستووش دیارنییە لەو مەکانە
وەبەری خۆیان گرت چۆڵ و بیابانە».
فەرخ تەمەنای دەکرد لە بینای چاوانە:
خوڵایە! ڕوحمێکی بکەی بەو بەستەزمانانە
خەتای من دەگرن زۆر خەجاڵەت بووم لەو ڕەشیشانە
ڕەببی ڕووناکایی بێتە بەر چاوانە».
سەری نەخشین ببێ بۆ خۆی ببێتەوە جوانە».
ئەگەر فەرخ بۆ وان پاڕاوە
لەکن خوڵای دوعای قبووڵ کراوە
سبحەینێ نێرەکە، لە مێیەکەی گەڕاوە
گەیشتێ لێی کرد سەڵاوە
مێیەکە زیز بوو جوابی نەداوە
دەیگوت: «دوێنێ بۆ چت وا لێ کردم خراپم لێ قەوماوە».
نێرەکە گوتی: «تەخسیری تۆیە وا قەوماوە
حەوت ساڵە حەڵاڵی منی، چاوت کوێرە بەمنت نیشان نەداوە
بۆ خاتری فەرخۆڵەی ئەوا لە تووم کرد سەڵاوە».
لێی قبووڵ کرد گوتی: «بەخێرێی سەر ئەو چاوە».
ماوەتەوە بۆ فەرخی بڕواتەوە بەولاوە.
ئەوێ ڕۆژێ لەو ئاوەدانیەی مەحتەل ماوە
هەتا بەخێر و بەسەلامەت جوانۆکەی حەساوە
سبحەینێ بەیانی داوە
فەرخۆڵە لە خوڵای دەپاڕاوە
دەیگوت: «ئەمن لە چۆڵ و بیابانێم ئەستێی فەقیر چی لێ قەوماوە؟»
خاڵی دە شاری شامێ خەونی پێوە دییە

دەڵێن: «فەرخۆڵە دێتە ئێرە. حەوت ساڵان دەبێتە میری شامێ لەوی زیاتر هیچ کەس نییە».

ئەگەر خاڵی ئەو قسەی دەبیست بەیەکجارەکییە

هەڵدەستا، دەگەڕا بەهەرچەندی کەیخودا و ڕدێن سپی شارییە:

«ئەرێ ئەنگۆ چ میری دی و قبووڵن، یا قبووڵو نییە؟»

کەیخودا جوابی وییان داوە بەسەحییە:

«سەد میری دی بێ لەتوو زیاتر کەسمان قبووڵ نییە».

سبحەینێ بەیانی داوە

میر هەڵی گرت کەشکۆڵێک، دارعاسایەکی تەواوە.

هەرچەندی مەنزڵی ساحب مەنسەبان بوو، هەمووی گەڕاوە

دەیانگوت: «میر خێرە وات لێ قەوماوە».

دەیگوت: «خولا خێران کا، دەڵێن: میرێک دێ لەولاوە».

دەیانگوت: «هیچ میرمان قبووڵ نین، ئەو کەشکۆڵ و عەسایەی بگێڕەوە بەدواوە».

میر بەقسەی خەڵکی دەگەڕاوە،

پێنسەد زێڕ بۆ مەولوودی پێغەمبەری تەعین کراوە

کە میری شامێ بەفەقیر و زەلیلانی داوە.

ئەگەر ئەو لەوێ بەرقەرار کراوە

جوانوولەی فەرخیش لەوێ دەحەساوە

برینەکانی پاک چاکبوونەوە، تووکیان دەهێناوە.

دەیهێنا زینی دەکرد، لە خولاوەندی عالەمیان دەپاڕاوە:

«ئەمن بۆ شاری شامێ دەچم بۆ ماڵە خاڵم، خاتوون ئەستی قەلەندەر چیی لێ قەوماوە؟»

ئەگەر ڕێی وەبەر خۆی گرت، بۆ شاری شامێ هاتە خوارە

گەرمای هاوینێ لەوێ دەیکرد کارە،

لە خۆی و لە جوانوولەی بڕا ئیختیارە

دەیگوت: «یا ڕەببی عالەمێ! هاوارە!
بیابانە واحیدەلقەندەهارە».
هەرچەندی کەوی کوێستانێ بوو، هەمووی بۆ خزمەتی فەرخی دەهاتە خوارە
ئەوبەر ئەوبەر تێک دەپەڕین دەیانکردەوە هاوارە.
جوانووی فەرخی ڕێی دەرنەدەکرد، لەبەر ئەوان لە عەرزێ نەیدەکرد کارە.
فەرخ دەڵێ: «بەهارە چ لە ڕەون!
موتریبی دە کێوانم کەون
ئەویش دین، ڕەپێش جوانوولەی فەرخی دەکەون.
بەهارم چ لە ڕەو دین!
قەرەچی دە کوێستانم کەو دین
کەوی کوێستانێ، گەلێک نادرن
ڕەببی، شەوارە و لێ دانێن بەداوو بگرن
دە قەفەسی دۆمانو بکەن، دێو دێو پێ بگەڕێن، قڕانو هەڵگرن
قەت کێردی قەسابانو لەسەر گەردنێ هەڵنەگرن
بۆچی ڕێ لە جوانووی فەرخی بێ دایک و باب دەگرن؟
نایەڵن بگەنە ئاوەدانییێکی، بلا لە تینوان نەخنکێن، لە برسان نەمرن
یا ڕەببی هەر باڵێک بڕۆن، دە بەفرێ بکەون، ڕاوکەر بووگرن».
ئەگەر فەرخ ئەو قسەی کرد و گەڕاوە
هەرچی کەو بوو لە ڕاستەخۆی گەڕاوە.
فەرخ لێی دەخوڕی بۆ شاری شامێی ئاژواوە.
فەرخ دەگریا لەو چۆڵەی بەستەزمانە
دەیگوت: «هیچ کەس نییە، دەگەڵی بکەم قسانە
دەچم لە ماڵە خاڵم دەبم میوانە.
خاڵم لەکنم نامکا بەخودانە
دەبمە دژمن و بێگانە

نازانم ڕێی شاری شامێی ئی چەند شەو و ڕۆژانە».
کێ بوو لە فەرخی نازدارە
دەگەڵ جوانۆکەی دەهاتە خوارە
تووشی دەبوون کاروانی و ڕێبوارە
لە ڕێی شاری شامێی دەکرد پرسیارە.
دەیانگوت: «مندالّی فەقیر، بەستەزمانە!
کوا شاری شامێ لێرەکانە؟
لە کوێ دەردەچی بەو جوانووەیەوە؛ ئەوهە نابڕی مەنزلانە».
فەرخ دەیگوت: «دەیگەمێ بەئیزنی خولاّ و ڕەسوولانە».
خالّی وی لە شاری شامێ خەبەری بیستییە
دە خەوێدا پێیان گوتییە
دەلّێ: «نابێ هیچ کەس لەو شارەی ڕاگیرێ بەمیوانییە
هەتا سالّێکی دی لەو شارەی میوانم قبووڵ نییە».
میر قەرار و مەداری دانا لە شاری.
لەکنە خۆی فەرخ دێتە ماڵە خالّی بەخەمخواری
فەرخ غەمگین بوو ئەوێ ڕۆژێ؛ دەلّێ: «چ بکەم، لە من غەریبێ
خاتوون ئەستی بەجێ ماوە فرمێسکی لە چاوی دێ بۆ خۆمی بۆم دەگریێ بەزاری.
چ بکەم نە بەپیادەیی دەگەمێ نە بەسواری
لە کۆلانانداد دەمرێ بەهەژاری».
فەرخ ڕاست بۆ شامێ دەهاتە خوارە
دەیگوت: «جوانوولە! برۆ، ئەو فکرانە نایەن بەکارە
بچینە شاری شامێ بگرین قەرارە
بزانین، کەنگێ ڕەحمەتمان لە بارەگای خولاّی بۆ دێتە خوارە».
میری شامێ دەلّێ: «چ بکەم، هەڵگرن جێی خەمێ؟
بچن خەڵکی شامێم هەمووم بۆ بنووسن، پاکی مووچە و مواجبی دەدەمێ

هەموو کەس بەڕێ و شوێنی خۆی بزانی
لە دەوڵەتی من کەم نابێ بەئیلتیفاتی سوڵتانی
ئەمما قایل نیم، هیچ کەس، کەس ڕابگرێ بەمیوانی.
ئەمیندار وەدەرکەوتن تەواوە
شاری شامێ هەموو محەلەی نووسراوە
میرزایان دانا نێوی عالەمانیش بکەن تەواوە
هەموو عالەمیان لە قەڵەم داوە
میر دەڵێ: «سبحەینێ ڕاوە».
پێنسەد سواریان کرد تەواوە
پاک تاجی و توولەی دە ڕستەی کراوە.
وەدووی ڕاوی ئاهووی دەکەوتن، هەموو لێکبوونەوە بڵاوە.
تەماشایان کرد، تاقە سوارێک هات لەولاوە
جوانۆڵەیەکی قولەی پێیە، منداڵێکی نابالْقی سوار بووە، دەڵێی نەخشەکێشراوە.
خەبەریان بۆ میری شامێ هێناوە،
گوتی: «بێن، بیبینم بەهەرتک چاوە».
دەچوونە کن چەپەر و ئێڵچییە
دەڵێن: «میر تەڵەبت دەکا». دەڵێ: «ئەمن غەریبەی شارانم؛ میر حاجەتی بەمن نییە؛
ئەمن دەچمە شاری شامێ بەمیوانییە».
دەڵێن: «هەڵستە بچینە کن، کوڕە. میری شامێ زۆر ماقووڵە». دەڵێ: «لەوەش ماقووڵتر بێ، ئەمن ئیختیاجیم بەوی نییە».
ئەگەر دەگەڵ فەرخیان دەرکرد گوفتوگۆ
هاتنەوە کن میری، دەڵێن: «میر هەرچەندی دەکەین، ئەو منداڵە نایەتە کن ئەتۆ».
میر دەڵێ: «حوکمێی لێ بکەن، بڵا: مەیە شاری شامێ، بۆ لایەکی دی بڕۆ»
فەرخ گوتی: «ئەمن غەریبەی شارانم

دێمە شاری، لە ماڵە یەکی دی میوانم،
میر دەترسێ، دەڵێ دێ دەخوا ئەو نانم!».
ئەو قسانەیان بۆ میری عەرز کرد و گێڕاوە
جاڕیان ڕاکێشا، هەموو لەشکر خڕکراوە
ئەوبەر ئەوبەری ڕێیە کووچەی سەربازی ڕاگیراوە،
فەرخ هات لەولاوە،
بەهەردووک دەستانی لەو عالەمەی کرد سڵاوە
حوکمی میری بوو، کەس جوابی نەداوە.
فەرخ زۆری زگ بەخۆی سووتا بەستەزمانە
دەڵێ: «خاڵەمە خۆی لێ کردووم بەبێگانە».
دووبارە سەڵاوی کردەوە لە هەمووانە
بۆ خۆی دەیگوت: «عەلەیکەسەلام، گەلی غەیبییانە»
فەرخ سەڵاوی خۆی ئەستاندەوە تەواوە.
حوکمی میری بوو، ئەویش بەخۆی و لەشکری بۆ ماڵێ گەڕاوە.
فەرخ سەری جڵەوی خۆی بەرداوە
ئەو کووچە و کۆڵان گەڕاوە.
تەکێیەکی موشایخان بوو چوو، لەوێندەرێ ڕاوەستاوە
جڵەویان دەگرت و دەیانکرد پیاوە».
جاڕچی میری ڕە شاری دەکەوت، دەیگوت: «هەرچی ئەوهەی ڕاگرێ، بزانە تاڵان کراوە».
سۆراخیان کرد جاڕچییان، خەبەریان بۆ میری هێناوە
گوتیان: «قوربان ئەوا لە تەکیەی موشایخان بووە پیاوە
ئەمە قەوەتمان پێ نەشکا دەری کەین، مەسکەنی شێخان گەلێک عالی و تەواوە».
میر گوتی: «بۆم دانێن ئەو کەوشانە
ئەمن حوکمم کردووە کەس ڕانەگرێ ئەو میوانە

بچمە تەکیەی شێخان دەگەڵیان بکەم دوو قسانە».
میر هات لەولاوە،
گەییيە دیوانی موشایخان، لێی کردن سەڵاوە.
شێخان فەرموویان: «میر! بەخێرێیەوە لەو ڕاوە
میر! ئەورۆ چت دی،چەند ئاسکت هێناوە؟»
دەڵێ: «ڕاوی ئەورۆم، یا شێخ نەبوو تەواوە».
قەننەیان بۆ میری هێنا قەننێکی کێشاوە.
میر فەرمووی: «ئەو کوڕە چکۆڵە کێیە میوانە، هاتووە لەولاوە»
شێخان فەرموویان: «میر ئەتوو چت بەسەری ئەو منداڵەیەوە داوە؟»
میر فەرمووی: «ئەی فرزەندەی میوانە!
ئەگەر لێت بپرسن مەسەلانە
دەفامی جواب بدەیەوە قسانە؟»
ئەگەر میر ئەو قسەی دەکرد تەواوە.
فەرخۆڵە بۆخۆی جوابی دەداوە
دەیگوت: «فرسەتە، بەخوڵای ڕاوەستاوە».
میر فەرمووی: «بەنۆکەرانە
بچن ئەحمەدەکوێر هەیە، بییەننە ئێرەکانە
دا دەگەڵ ئەو مناڵەی بکا دوو قسانە
«ئەگەر نەیزانێ جوابی بداتەوە، دەری دەکەم لێرەکانە».
ئەحمەدەکوێریان هێنا لەولاوە
دەیانگوت: «ئەو کوڕە بدوێنە، بزانە منداڵێکی زەریفە، دەزانێ بکا قسانە».
ئەحمەدەکوێر دەڵێ: «بەوەی کەم لە ژووری سەرییە
جانەوەرێک پەیدا دەبییە
بۆ گەدا و پادشا فەرقی نییە
ئەوی دەسووتێنن بەئاورییە».

فەرخ دەڵێ: «ئەی ئەحمەدەکوێری نادانە!
لەنگۆ وایە میوان حەیوانە،
ئەمن ڕۆنیشتووم لە مەجلیسی ئەو شێخانە
بۆ من عەیبە، بکەم ئەو قسانە
ئەوی لە بەدەنی ئینسانی دەبێ ئەوا بەڕەزای بینای چاوانە
لەکن ئەوی نییە فەرقی پادشا و گەدایانە
ئەبلە! ئەوە ئەسپێیە، دەیکوژن بەدەستانە».

ئەحمەدی کوێر گوتی: «پتوو لە من! هەتیوێکی خوێڕی لەولاڕا دێ میری شەمێ دەبێ ئەمن بێ ئابڕوو بکا». ئەحمەدی کوێر زیز بوو، لێی دا ڕۆیی. میر فەرمووی: «بچن مەلا حەسەنی بێنن؛ زۆری بدەنێ بێ، بەفڕان ئەوەم بۆ دەربکا».

مەلا حەسەن هات، جێیان پێ نیشان دا؛ ڕۆنیشت. بەخێرهاتنی ئەو کوڕە چکۆڵەی کرد.

مەلا حەسەن دەڵێ: «ڕۆڵە گیانە!
شتێک هەیە بێ زەبانە
بەعەرزی دەبێ گوزەرانە
بەدەستی ئی عەبدانە
ئەوی دەبێ بەچراخانە
پشکۆژە دەبێ لەو مەکانە
هەر دەڵێی گوڵی نیسانە
شایان پێ دەبێ ئەوانە
ڕەزای بینایی چاوانە
بەئەنعام دەیبەن بۆ پادشایانە
ڕێی ئەنعامێ دەدەن ئەوانە».

فەرخ دەڵێ: «مەلا حەسەن هاتووی لەوێوە
منداڵێکی غەریبم، مەم بزێوە

ئەو سەر و سمێڵەت دە کونی کەرێوە
ئەوە نازانی شەمامەیە سوور دەبێ بە بڕکێوە».
مەلا حەسەن دەستی دا عەبای خۆی، ڕۆیی. میر، مەلا حەسەنی گێڕاوە. مەلا حەسەن بەدزی گوتی: «قوربان وانابێ بچن دیزێکی پڕ بکەن لە مێوژ و گوێز و خورما و گەزۆ بێنن لێرەی دانێن، نانیش دانێن بۆ مەجلیسێ. ئەگەر زانی چی تێدایە، ئەوە یا شێخە یا شەیتانە. ئەگەر نەیزانی بۆ بابی ئاقڵ دەکەم. وەدەری دەنێم لەو شارەی». دیزێکی وایان هێنا لە مەجلیسێیان دانا. نانیشیان هێنا، لە مەجلیسێیان دانا؛ هەمووی مەحتەل ما
کەس نانی نەخوارد. مەلا حەسەن گوتی: «نانخواردن بۆ نییە؟» فەرخ گوتی:
«ئەمن غەریبم ئەگەر قسان بکەم شوورەییە.
مەلا حەسەن پاپەی لە من گرتییە
لە قەستی دەپرسێ بۆ ناخۆن نانییە؟
ئەوە شەڕی ئەوەیەتی لێم بپرسێ، ئەوە چییە؟
ئەگەر شێخان پێیان ناخۆش نەبێ، جوابی ئەوەی دەدەمەوە بەسەحییە».
شێخان: مەرەخەستیان کرد فەرخی داودییە.
فەرخ دەڵێ: «ئەگەر پێنجین ئەگەر شەشین
ئەسپاردەی بیلالی عەبەشین
هەموومان غولامی دیزەی ڕەشین
وەرن مێوژ و گوێزان لێک وەبەشین.
بیبەشینەوە بەڕەوانی.
مەلا حەسەن غەزەبی میوانی
ئینجا تەڕدەس بخۆن نانی
میر دەگەڵ مەلای خۆی زانە».
میر و مەلا حەسەن هەڵستان، لێیان دا ڕۆین.
میر گوتی: «مەلا حەسەن وەرە بچینە ئێرانە

بزانین، مەسڵەعەتمان چلۆن دەبێ دەگەڵ ئەو میوان و شێخانە».
چوون ڕۆنیشتن دوو بەدووە
هەزار تەگبیریان کردووە
هیچ فایدەی بۆ وان نەبووە.
میر و مەلا گوتیان: «ئەمە چ بکەین لە دنیایە؟
ئەو شێخ و میوانە چارەیان نایە».
شاری شامێ سێ ڕۆژان نەیبوو هیچ ئاغایە.
شلووخ بوو شامی گرانە
لێی پەیدابوو لۆتیخانە
شەڕیان کەوتە سەر ژنانە
نیوەیان بوون بەقاوەخانە
کەیخودا و ڕدێنداری وانە
ڕوویان کردە دیوانی شێخانە:
«قوربان ئاخر شامێ بوو وێرانە
بەبێ پادشا نابێ گوزەرانە
ئەدی بۆ دیار نییە میری ئێرانە؟
شێخ ناردیانە کن میرییە:
«بۆ بێ حوکمە جیهەتی چییە؟»
میر فەرمووی: «بابە! ئەمن ئیختیارم نییە،
پەیدا بکەن میرێکی دییە».
خەبەر هاتەوە بۆ شێخییە.
شێخ فەرمووی: «ئەمە مەسڵەحەتمان چییە؟»
وەهای گوت: «یەکی دییە
ئەوە شێخێلی بێ قەیدییە:
لەوی مەکەن گلەیییە.

ئەوە دوو مانگە میر نییە
پەیدا بکەن یەکی دییە
خەبەر بنێرینە سوڵتانییە
بزانن فەرمایشی وی چییە».
شێخ قسەیان کرد تەواوە
بانگی نیوەڕۆی داوە
فەرخ لەوێ هەڵستاوە
گوتی: «بزانم جوانۆکەم ئاودراوە».
تێلغوراف بۆ سوڵتانی کراوە.
سوڵتان فەرمووی: «میری خۆیان لەوێیە تەواوە».
خەبەر دە شێخان گەڕاوە
چراخانیان بۆ ڕۆناوە.
سبحەینێ کە ڕۆژ کراوە
مەجلیسی تاقیقەی گیراوە
بازی یەقینیان هێناوە
هەردووک چاوی وی بەستراوە
هەڵیان ئاویت، ڕاوەستاوە
لە هەوای لەنگەر بەستراوە
سەر بەرەژێر هات گەڕاوە
ئیکلامی فەرخی کێشاوە
شێخان قۆڵیان بۆ کێشاوە
قەند و نەباتیان هێناوە
شیرنی ئی میری خوراوە
تەختی حەقیان بۆ هێناوە.
شێخی گەورە هات لەولاوە

گوتی: «سەلام عەلێک فرزەندە لاوە!
ئەلحەملای چرات هەڵکراوە».
قۆڵی فەرخی گرت لەولاوە
لە جێگای خۆی هەڵستاوە
لەسەر تەختێیان ڕۆناوە
بانگی حەققیان بۆ لێ داوە
تانج و تۆماریان داناوە.
ئەوا جێی خاڵی گیراوە.
تا حەوت ساڵان ڕاوەستاوە
میرە و بەیەقین ڕۆنراوە.
فەرخ دەڵی: «خولّایە! چم لێ قەوماوە؟
ئەمن میرێتییێ چ لێ بکەم بەبێ خاتوون ئەستییێی بەڵەک چاوە؟
خۆ مە داخلی ناکەم ئەو دونیایەم بۆ نابێ تەواوە.
ئەگەر دنیاش تەواو نەبێ فایدەی چییە
ئێستا خاڵم لێ دەکا گلەییە
خولّا دەزانێ خەتای من نییە.
ئەمن میرایەتی چ لێ بکەم؛ گزیریم پێ خۆشترە بچمەوە شاری داودییە».
کە حەوت ساڵە میرێتی فەرخی بوو تەواوە،
گوتی: «ئەو دنیایە چ لێ بکەم، بۆ کەس نەماوە؟
لازمە قاقەزێکی بنێرم بەولاوە.
بنووسم قاقەزێکی بێ کەسییە
بنێرمە خزمەت مام غەڵیفەی شاری داودییە
دەشقەمێ بۆ منی بنێرێتە خاتوون ئەستییە».
فەرخ ڕۆدەنیشت قاقەزێکی کرد تەواوە
چ بکەم ئێڵچییەکم ببێ بینێرم واوە؟

کاری من بەو عەبدانە نابێ تەواوە
خولایە دەفریام بێی لە هەموو کاران
بچمە قەراخی شاری شامێ بۆ پرسیاران
هەمووم کەوتۆتە کن باڵداران».
لە شاری شامێ دەچوو بەولاوە
تەماشا دەکا دەستێک سی دێن واوە.
فەرخ بانگ دێڵی: «ئەی سییە! ئەی سییەی قۆڕقۆڕکەرە!
لە گەرمێنێ هاتووی سەفەری کوێستانێت لەبەرە
ئەمنیش فەرخی داودیەم لەوێ دەربەدەرە
ئەمن غەریبم لەوانی قەلەندەرە
وەرە ئەو قاقەزەم تا شاری داودییە لە بۆ بەرە».
سی دەڵێ: «فەرخۆڵە! ئەوە لە چەنگ من نایێ
گەلێکم دز و درۆزن هەن لەسەر ڕێگایێ
خەجاڵەت دەمێنم چم پێ نایێ».
فەرخ دەڵێ: «سی! ئەگەر حەزێ دەکا پیاو بێ پەنهان بێ
هەر لە حەوت ساڵان یاخوا! ساڵێکو قڕان بێ».
فەرخ لەوێندەرێ بەجێ دەما، بەدڵ شکستەییە،
ئەگەر دەیڕوانی دەستێک قورینگ دەهاتن لەلایەکی دییە.
بانگ دەکا: «ئەی قورینگە قورینگەی نەوجوانە!
وەرە خوارێ گەلێکم بەتوو هەیە فەرمانە
ئەو قاقەزەم بۆ بەرە شاری داودیەی گەورە و گرانە».
قورینگ دەڵێ: «فەرخۆڵە! ئەمن لە بڵندان ئەتوو لە نەوییان»
فەرخ دەڵێ: «لە بڵندان، وەرە نەوییان، لە نەوییان وەرە زەوییان
لە زەوییان وەرە کن فەرخی مامادییان».
قورینگ دەهاتە خوارێ تەواوە

فەرخۆڵە بەپیرییەوە چوو دەستی دەستۆی کراوە
قاقەزەکەی هەڵگرت و لەبن باڵی موشامای داوە.
قورینگ دەڵێ: «ئەمن بەقسەی توو دەچم ئەگەر سەر نەیەنمەوە دواوە
گەلێکم جەردە لەسەر ڕێ ڕاوەستاوە».
فەرخ دەڵێ: «هەڵستە، لەسەر سەرم لەنگەرێ بگرە، نسحەتم بکەم تەواوە».
قورینگ هەڵفڕی لەسەر فەرخی ڕاوەستاوە.
فەرخ بانگ دێڵێ: قورینگێ، سەربەخۆیە!
ئەتوو ئێلچی ئەمنی، کۆبەکۆیە
ئەمن دایم ڕوحم لەکن ئەتۆیە
ئەگەر دەڕۆی لە ڕێیەت دەگاتێ هەڵۆیە
پیاوێکی ناچیزەیە، تڕۆیە
هەتا دەتوانی، ملان کۆم بکەی لەبەری بڕۆیە
ئەگەر لەوێندەرێ ڕەدبووی بەخاترە
لەولاتریش هەن ڕێگرە
ئەویش مەسکەنی سەقرە
هەتا دەتوانی لەبەری بڕۆ، دەسەری هەڵبڕە
ئەگەر بەخێر لەوێ ڕادەبری
بازە ڕێت لێ دەگری
بازێکی چەنگ بەخوێنە
ئیکلامی لێ بکێشە ئامانی لەبەربێنە
دەعبایەکی ساحب ڕازە
نەجیم و گەلێک مومتازە
لەوێندەرێ ئەو دەتکا سەرەفرازە
بڕۆ لەوێش دامەمێنە
لەسەر ڕێت جەردەیە، ئەویش مەسکەنی شەهێنە

ئەستۆ کەچ بکە ئامانێی لەبەر بێنە
ئەگەر بەخێر جا لەوێ هەڵدەبری
شەوت بەسەردا دێ بەفر و سەرما ڕێت لێ دەگری
لەوێندەرێ خۆت باوێ گۆلی کا بەکری
ئەو خەواسێکی چاکە بەتوو ڕێ دەگری
دەتباتە ماڵە خۆی، زۆرت قەدر دەگری
سبحەینێ بۆ چێشتانێ لە شەتی مرادێ ئینشاڵلا لەکن خاتوون ئەستی ناز و نازدارێ داوری».
کێ بوو لە فەرخی تەواوە
گەلێک لەوێ لە بۆ خۆی گریاوە
قورینگ شەقژنی لە باڵی خۆی دا، هەڵستاوە
قورینگ ڕۆیی، فەرخ بەجێ ماوە.
قورینگ لە هەموو تەنگانان خەلاس بوو هەتا شەوێ لە گۆلی کا بەکری دەکرد سەلاوە
ئەو تۆڕی بەسەر ئاوێدا داوە
بۆ ماڵێی برد گەڕاوە بەدواوە.
ئەگەر زانی ئێلچی فەرخۆڵەیە، هەتا سبحەینێ ئەستۆ کەچ لە پێشی ڕاوەستاوە سبحەینێ مەرەخەستی دەکرد؛ شەقژنی لە باڵی خۆی داوە.
بۆ هەندەهەندی چێشتانێ لە شەتی داودیەی لە خاتوون ئەستی و ناز و نازدارێی کرد سەلاوە.
دەیانگوت: «خولاکەی! ئەوە دەعبا برینداری کردووە، یان گوللەیان لێ داوە».
نازدار بۆی چوو هەرچەندی کردی بۆی نەگیراوە
نازێ بۆی چوو هەلات؛ دەتگوت شێتە حەمایەت نەکراوە
خاتوون ئەستی بۆی چوو، باڵی خۆی کرد بلاوە
خاتوون ئەستی بەئامێزێی دەیگرت دەیهێناوە.

دەیگوت: «خوشکێ! بڵا بیگەڕێین بزانین کوێی بریندار کراوە».
باڵیان هەڵدەهێنا، قاقەزێکی لێ موشەمما دراوە.
هەرسێ خوشکەکان جارێکیان لە بانگێ داوە
لەوان وابوو مردووە ئەوهە قاسیدە جوابی هێناوە
هەڵیان گرت؛ بۆ کن مام غەڵیفەی چوون تەواوە.
مام غەڵیفە دەڵێ: «ڕۆڵە ئەوە چییە؟»
دەڵێ: «بابە ئەوە قورینگە؛ قاقەزی فەرخۆڵەی هێناوە».
مام غەڵیفە قاقەزەکەی خوێندەوە؛ گوتی: «کارێکی گەورە قەوماوە
«ئەو قاسیدە سەرئەفراز بکەن، بڵا بڕوا بەولاوە
بزانین ئەو مەسڵەحەتە بە کێ دەبێ تەواوە».
مام غەڵیفە پیاوێکی زۆرزانی
ناردی لە دوو هەموو کوڕەکانی
گوتی: «ڕۆڵە! ئەوە قاقەزی فەرخۆڵەیە خۆوزانی».
ئەگەر خوێندیەوە تەواوە
گەلێک بەزەلیلی نووسراوە
کوڕەکانی گوتیان: «بابە ئەمە چ بکەین لەو کاری ناتەواوە؟
خۆ ئەوە لە شێخاڵە کەچەڵی مارەکراوە.
بەخولای! نایدا بۆ شاری شامێ خاتوون ئەستیێ بنێرین بەولاوە».
مام غەڵیفە دەڵێ: «بچن شێخاڵم بۆ بێنن» شێخاڵیان هێنا لەولاوە
ئیکلامی مام غەڵیفەی کێشاوە.
مام غەڵیفە گوتی: «مام شێخە! کارێکی خراپ قەوماوە
دەبێ دەگەڵ کوڕەکان بیکەین تەواوە
لە سوێیان هەموو جەرگم سووتاوە
بەهەمووان تەگبیرێکم بۆ بکەن، فەرخۆڵە لە ولاتی غەریبیێ بەجێ ماوە».
شێخاڵ گوتی: «ئەمن نازانم ئەو قسە چییە؟

ئەنگۆ هەڵبەت بەمن دەڵێن: بنێرە شاری شامێ خاتوون ئەستییە
وەک تێ دەفکرم ئەو کارە هەی سەروپای نییە؟
ئەمن ژنی خۆم بۆ بنێرمە شامێ بۆ خەڵقییە؟
قەت ئەوهە ڕەزایە بۆ دینییە.
دەڵێن ئەتوو ژنی خۆت بنێرە بۆ یەکی دییە.
وەڵڵاهی! ئەمن دەچمە کن سوڵتانی ئەستەمبووڵێ دەبم بەعەرزچییە»
شێخاڵ هەڵستا ڕۆیی بەزیزییە،
مام غەڵیفە گوتی: کوڕینە! ئەمە مەسڵەحەتمان چییە؟
بۆمە عەیبە فەرخۆڵە بمرێ لە غەریبییە
کوڕەکان گوتیان: «دایکمان بێ بچینەوە کن شێخاڵییە».
دایک و کوڕ ڕێککەوتن بەیەکجارەکییە
چوونە نێو مەڕی داوێنی شێخاڵیان گرتییە
گوتیان: «دەبێ خاتوون ئەستی بەمە بدەی بەزامنییە».
گوتی: «ئەگەر خاتوون ئەستی بنێرنە شاری شامێ، ئەگەر نەیداتەوە چارەم چییە؟»
بوونە زامن ئەو کوڕانە
سوێندیان خواردبوو بەقورعانە
«شێخاڵ برا گەورەی هەمووانە
خاتوون ئەستێت بۆ دێنینەوە ئێرەکانە».
دایکی بۆی خوارد سوێندی دییە:
«ترست نەبێ نەبەدییە
فەرخ ئاشقی ئیللاهییە
ئەو کارەی ئەتوو دەڵێی نییە
بۆت دەینمەوە ئێرە خاتوون ئەستییە».
ئەگەر ئەو قسانەی کرد تەواوە

شێخاڵیان هێنا لەولاوە
دەتگوت ئێخسیرە گیراوە
مەلایان هێنا تەواوە
قورعانیان هێنان لەولاوە
چل شەوانیان قەرار داناوە
خاتوون ئەستییان قورعان داوە
تەدارەکی بۆ گیراوە
لەشکری بۆ دروسکراوە
سەربازی لە سان دراوە
پاک ئالآی بۆ هەڵکراوە
لەسەر سەحاتێ ڕاوەستاوە
ئەگەر شەیپووریان کێشاوە
گوتی: «دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا».
لە بۆ شامێ بەڕێ کراوە.
حەزرەتی غەوس هات لەولاوە
ئەو قاسیدێکی تەواوە
تەنگەی عەرزی بۆ کێشراوە
چلۆن بەچەپەری ئاژواوە
حەوت ڕۆژی کرد تەواوە
چەندی سەرباز بەجێ ماوە
سوارەی شکستی هێناوە.
ڕۆژێکی هاتە ڕۆژئاوا
لە دەورەی شامێ هەڵی داوە
خەبەر بەفەرخی دراوە.
فەرخ چەندی مزگێنی دا: «چرای دنیایەم هەڵکراوە»

فەرخ ئەگەر وا دەزانێ
بۆ خولای دەبژێرێ شوکرانێ
قۆشەنی درا لە سانێ
لەوێ دووربەدوور دەڕوانێ
دەڵێ: «ئەدی خاتوون ئەستی کوانێ؟»
خاتوون ئەستی بەڵەک چاوە
تەدارەکی بۆ گیراوە
نەیزانی ئەوە شاری شامێیە لەوێی هەڵداوە
بەڵەدی هێنان لەولاوە
دەیگوت: «سبحەینێ دەگەمە شامێ ڕۆژئاوا؟»
هەموو سەدەقیان لێ داوە
ئەو مەخلووقە پاک لێی گۆڕاوە
هەتا نوێژی شێوان تەواوە
بانگی خەوتنان لێ دراوە.
فەرخ بۆ دز چوو بەولاوە
دەنێو قۆشەنێ گەڕاوە.
هەمووی خەستەیە، یەک هەڵنەستاوە
بۆ خاتوون ئەستی هات واوە
لە چادرێی دەکرد سەڵاوە
هیچ کەسیش جوابی نەداوە
دەستی دا لێفەی، هەڵداوە
کێشکچی هاتووە لەولاوە
توند توند ئەو دزە گیراوە
خاتوون ئەستی لە خەوێ هەڵستاوە
گوتی: «ئەوە چ بووە چ قەوماوە؟»

گوتیان: «ئەستێ بەڵەک چاوە
دزێکی حیزباب هات لەولاوە
قولینچکی لێفەی تووی هەڵداوە».
خاتوون ئەستی: دەچریکێنی
قۆشەنی پاک وەخەبەر دێنی
بانگ دەکا فەڕاشان هەڵدەستێنی
دەڵێ: «دەبێ هێندی لێ دەن تا دەیمرێنی».
هێندیان لێ دا چارەی نییە
زمانی شکا لە بێ کەسییە
چونکە دزە تکای نییە
هەولێ دەدەن زنجیر نییە
کەزی ئەستۆی پچڕی ئەستییە
دەست و پێیان توند بەستییە.
فەرخ دەڵێ: «ئەوا دەمرم لە خۆشییە
برا ئەو ئێڵچییە کوێندەرییە؟
هاتووە لە شاری داودییە
ئێڵچی توو شامێت بۆچییە؟
ئەگەر وایزانی خاتوون ئەستییە
گوتی: «هەرتک چاوەکەم کوێر بییە
خۆ ئەو فەرخی داودییە
ئەمن هاتوومە کن ئەوییە
ئێستا بووە بەدزی خەیبەرییە
دەست و پێیان کردەوە بەیەکجارەکییە.
بیست و نۆ ڕۆژان پێکەوە ڕۆنیشتن؛ سوال و جواب نییە».
گوتی: «سوێندم خواردووە بەیەکجارەکییە

ئەگەر نەچمەوە کەلاموللا دەمگرییە
خولا دەمکوژێ چارەم نییە».
فەرخۆڵە گەلێک دەگرییە
سبحەینێ تەدارەکیان گرتییە
لە سانیان دا تفەنگچییە
هەمووی سواری عەرەبییە
فەرخۆڵە قوڕی وەسەرییە
شامێ جێی غەریبان نییە
بەڕێی کرد خاتوون ئەستی
ئەویش لەدووی بوو ئێلچییە
کە چل شەو تەواو دەبییە
نەگەیییە جێ ئەستییە
شێخاڵ چاوەڕێی ئی وییە
لە خەسووی کرد گلەیییە:
«ئەدی ئەستی بۆچ دیار نییە؟»
بەسەریدا هات نەخۆشییە
هاتەوە شاری داودییە
هێند نەخۆش بوو، حاڵی نییە
حەوتوێکی زوبان نییە
میوانی خولای هاتن لە غەیبییە
ڕوحیان وەرگرتبوو لەوییە
بۆتە چەمبەر و گرییە
دایکی چوو سەر خمییە
چەند مەلا و سۆفی و قازییە
هەڵیان گرتبوو خاتوون ئەستییە

بردیان له بۆ قەبرییە
تەسلیمیان کرد بەخاکییە
غەیرەز خولای هیچ کەس نییە
کار بەخولای دەبێ تەواوە
مەخلووق بۆ ماڵێ گەڕاوە
بانگی خۆشیان لێ داوە
هەتا حەوتوو بوو تەواوە
تەدارەکی بۆ گیراوە
خێر و حەسەناتی بۆ بکەن؛ لاوە
ئەگەر حەوتووی بوو تەواوە
فەرخۆڵە هاتەوە لەولاوە
گاڕانێک لەوێ ڕاوەستاوە
سەبر سەبر چوو بەلاوە
دەڵێ: «گاوان! لە شاری داودیەی چ قەوماوە؟»
دەڵێن: «نەتزانی مامی ڕدێن سپی، هاتی لەولاوە؟
خاتوون ئەستی ئەورۆ حەوت ڕۆژە نەماوە
بچۆ خێراتی بخۆ تەواوە».

دەڵێ: «گاوان! هەڕۆ برۆ ڕزقت سواربێ؛ بۆ خۆت پیادە بی. قەت نایگەیێی». فەرخ لێی چووە شاری داودیە.

فەرخ چووە ماڵە پیرێژنێکی، گوتی «وەرە، لە ماڵێمان ڕۆنیشە؛ دەچم خێراتی خاتوون ئەستیێ دێنم ئەتووش بخۆ؛ ئەمنیش دەخۆم. ئەو هەویرەی باوەشێن بکە مێشی لێ نەنیشێ». فەرخ دەگریە: «ئای لە خۆم فەقیر و ئێخسیری
حەوت ساڵانم لە شاری شامێ کردەوە میری
ئێستا سەرەنجامانم هاتۆتەوە سەر باوەشێنی هەویری».
فەرخ چوو بەولاوە

نانی خێراتیان بەفەرخی داوە

بەسەر سەری شێخاڵیدا کرد. شێخاڵ دەستی دا خەنجەرێ؛ گوتی: «دەتکوژم تەواوە».

فەرخ بۆ قەبران هەڵات ڕێی کەوتن واوە

هەتا گەییە قەبری خاتوون ئەستی، دەستی لە کێلەکەی وەرهێناوە.

فەرخۆڵە دەڵێ: «خوڵایە! نە بەکەبرێنی، نە بەسەبرێنی

گیانان دەدەی گیانان دەستێنی

یانە خاتوون ئەستیێ بۆ من وەژێنی

یانە ئەمنیش بەکێلی وێوە بمرێنی».

هەرچەند دوعای دەکرد فەرخی بەستەزمانە

لێی نەهاتە جواب خاتوون ئەستیێ نۆجوانە

لە بارەگای خوڵای دەهات میوانە

ڕوحیان لێ وەرگرت ئەو بەستەزمانە

دەهاتنە سەری ئەو هەموو خزمانە

زەریفیان دەشوت سەید و مەلایانە

کن خاتوون ئەستیێ لێ بوو گۆڕخانە

فەرخ لە خاتوون ئەستیێ میوانە.

ڕەحمەت لە گوێدێرانە

بەنەحلەت ببێ شەیتانە

تەوفیقێ بدا بینای چاوانە

***

مەحمەڵ و برایمی دەشتیان

مـەحمـەڵی دەشتیان لە ئەشکەوتی بێشـوەی بوو؛ جێ هـەواری باب و باپیری خـۆی بوو مـەڕێکی زۆری بوو. هـەمـوو ڕۆژێ ڕسـقی دەهـێنا بازاڕی دەیفرۆت. برادەری زۆر بوو لە شـاری چەلیـان. بەبرادەرێکی گـوت: «بزانە نۆکەرێکم بۆ ببینـەوە؛ یەکتـەنم چم پێ ناکرێ». ڕۆژێکی پیاوێک بەبازاڕیدا هات؛ چۆ بـەر ئەو دووکانی کە مەحمـەڵ ڕای ئەسپاردبوو. گوتی: «بابم، نۆکەریە ناکەی؟» گوتی: «بەڵە وەڵڵا». گوتی: «دەبێ بچیە کن مەحمـەڵی دەشتیـان؛ ئەو پیاوی پێ دەوێ». گوتی: «نازانم لە کوێیە». شـاگردێکی ڕەگـەڵ خـسـت. لە شـاری بردە دەرێ، ڕێـی پێـشـان دا. ڕۆیی بـۆ مـاڵە مـەحـمـەڵی. مەحمەڵ بۆ بـازاڕی دەهـات. لە ڕێیە تووشـی یەک بوون. گوتی: «ئەتوو کێی؟». گـوتی: «مـەحمـەڵی دەشـتیـانم». گـوتی: «کـاکە مـەحمـەڵ! خـولاّ چاکی دا. ئەمن دەهـاتمە مـاڵە توو، ئەوا لێرە تووشـت هـاتم. ئەگـەر ڕێککەوتین، دەچمـە مـاڵێ؛ ئەگـەر ڕێک نەکـەوتین دەگـەڕێمـەوە». گـوتی: «بابم نێـوت چییـە؟» گـوتی: «نێـوم برایمی نۆکـەرت». گـوتی: «قـەراری حـەقـقم دەگـەڵ بکە؛ دەبێ ببینە برای دایک و بابی». گـوتی: «هـەتا نۆکـەری تۆم، براین. ئەگـەر لە نۆکـەریت چوومـە دەرێ، هـەر کـەسـە کـوڕی بابی خـۆمـانین». گـوتـی: «کێ دەناسـی؟» گـوتـی: «کـەس نانـاسـم». گـوتی: «بابـت نێـوی چییـە؟» گـوتـی: «بابم زوو مـردووە؛ لە کـەسم نەزانیـوە نێـوی بابم چییـە». گـوتی: «ئەمن چۆن بەقـایە بەتوو بەم؟» گوتی: «ئەوەتی هێندە بووم سـەد تومـەنم پەیداکردووە. ئـەو سـەد تومـەنی لەکن ئەتـوو دادەنێم بەوادەی؛ هـەتا شـەرتم هـەڵدێ؛ حـەققی لـەتوو وەردەگرم. ئەگـەر ئەتـوو بەمـن چا بووی ئـەمنیش بۆ تـوو چاکـبـووم، دراوەکـەت لەکن دادەنێـمـەوە سـەرلەنوێ دەبمەوە نۆکەر».

لە پاشێ مەحمەڵ برایمی کردە برا گـەورە. ڕەپێش خۆی خست بۆ ماڵێ. هـاتنە کن دایکیـان. سـەلامیـان لە دایکیـان کـرد. گـوتی: «دایە! ئەوە برا گـەورەی منە». گـوتی: «ڕۆڵە! ئەگـەر برای تۆیە، کوڕی منە». مـەمکی ئاویتـە سـەر زاری ئەوی بەدایکی خـۆی قـبـووڵ کـرد. هـەمـوو مـاڵی خـۆی تەسلیم بـەبرایمی کـرد. برایم لەسـەر مـاڵە خـۆی ڕاگـەیی هـەتا سێ سـالاّن. هیچ مـەحـمـەڵی نـەدەدواند ئەو سێ سـالاّنە؛ برایم گـوتی:

«بران! قەت برای لەوەی چاتر دەبێ. مەسڵەحەت ئەوەیە؛ جا ژنێکی بۆ مەحمەڵی بێنم؛ دایکیشمان ئازابی کەم دەبێ کارمان یەکجار زۆرە». بانگی کرد: «مەحمەڵ! سبحەینێ زوو وەرە نێو مەڕی؛ کارم پێت هەیە». مەحمەڵ بەیانی دەستی دا گۆچانی، چووە کن برایمی. برایم شێست، حەفتا سەری بەران و بەختەی تەسلیم بەمەحمەڵی کرد؛ گوتی برا! ئەوەی بفرۆشە. بزانم ژنێکت بۆ بێنم. دایکیشمان ئازابی زۆرە بحەسێتەوە». مەحمەڵ جەڵەبی ڕاکێشا بۆ بازاڕی چەلیان. گەییە قەراخ شاری فکری کردەوە گوتی: «برا بەمنی نەگوتووە قیمەتی. دەشقەم هەرزانی بدەم، پێی ناخۆش بێ؛ بڵێ گەورەیی ڕانەگرتم». لەوێ تەسلیم بەپیاوێکی کرد جەڵەبەکە، بۆخۆی بەلینگدان چووە کن برایمی. بەبرایمی گوت: «ئەتوو قیمەتی ماڵەکەت نەگوتووە. بفەرموو قیمەتی، بلا ئەگەر کردی دەیدەم. ئەگەر نەیکرد ماڵی خۆت بۆ دێنمەوە». برایم گوتی: «هەروا دەبێ لە دنیایە؛ ئافەرین برا!» گوتی: «براڵە! بڕۆ یەکی تێکڕا بەچوار ڕیاڵانی بدە». مەحمەڵ گەڕاوە بەلینگدان، گەییە جەڵەبی خۆی. ڕایکێشا بۆ بازاڕی.

خاتوون پەریخان کچی میرزۆرابخانی بوو؛ حاکمی شاری چەلیان بوو. بۆخۆی زۆر پیر ببوو، حوکمەتی دە مست خاتوون پەریخانێ نابوو. حەسەن بەگ کوڕی میرزۆرابخانی بوو، چکۆڵە بوو؛ خاتوون پەریخان زۆری کەیف لە پیاوان بوو. هەر کەسێک بەکووچەیدا ڕابردبا خاتوون پەریخان کەیفی دەیگرت. خاتوون پەریخان دەیگوت: «وەرە حەزیم لێ بکە». ئەویش قبووڵی نەدەکرد. خاتوون پەریخان دەیگوت: «بلا بیسووتێنن؛ نەکوو لەکن خەڵقی بڵێ، ئابڕووم دەچێ». پیاوی دەگرت؛ دەنێو چیغی دەنا؛ نەفتی پێدا دەکرد، دەیسووتاند. قەرەواشێکی بوو؛ هەموو سبحەینان دەبوو بچێ، ئاوی نوێ بێنێ، خاتوون پەریخانێ چاوی پێ بشوا. ئەگەر قەرەواش چوو بەکاروانسەرایدا تەماشای کرد چێودارێک ئەوە جەڵەبی دەفرۆشێ. قەرەواش ئاشقی ئەو چێودارەی بوو، ناتوانێ بچێتە سەراوێ، ناتوانی بگەڕێتەوە؛ هەتا وەخت و سەعاتی بەسەرچوو. بەپەلەپەل چوو گۆزەی پڕکرد، هاتەوە. خاتوون پەریخان لە خەوێ هەڵستا. گوتی: «ئەو قەرەواشە لە کوێیە؟» قەرەواشی دی گوتیان: «نازانین؛ ئەو قابە چۆتە جندەبازییە». زۆر نەچوو قەرەواش هاتەوە. خاتوون پەریخان گوتی:

«جەللابیش بێنن تەنافیش بێنن. تەنافی دەکەم، دەیخنکێنم».

گوتی: «قوربان! بانگم کە سەرێ عەرزت بکەم. کەیفی خۆتە ئەگەر دەمخنکێنی». گوتی: «وەرە سەرێ». گوتی: «قوربان! گۆزەم هەڵگرت چوومە سەراوێ، ئەهلی بازاڕ هەموو دەزانێ؛ ئەگەر دەمکوژی ئەگەر دەمبڕی. ڕووڕەشی خۆم دەڵێم. چێودارێک لە بازاڕییە، هێندە جوانە دەڵێی یوسفی میسرێیە. ئەگەر چاوم پێ کەوت لە سوێیانی شێت بووم. نە توانیم بێمەوە، نە توانیم بچمە سەراوێ. پێم دە بەند چوو هەتا سەحاتێکی. لەپاش سەحاتێکی بەپەلەپەل چووم گۆزەم پڕکرد. هاتمەوە. حاڵ و کەیفیەتی من ئەوەیە جا ساحب ئیختیاری». گوتی: «ئەوەی بەرن ئەمباری بکەن. بانگی فەڕاشان بکەن». فەڕاش هاتن. خاتوون پەریخان گوتی: «برۆن ئەو چێوادارە هاتۆتە بازاڕی ئەوەی بۆ منی هێناوە بیکڕم، بیکەمە خێر و خێرات. ئەوە لە بازاڕی شاییەکیان زیاتر داوەتێ لە قیمەتی، بۆیە دەیفرۆشێ. برۆن هەرچی لێی کڕیوە، دراوی بدەنەوە؛ ئەو شەک و بەختەی لێ بستێننەوە. ئەو چێودارەی بەجەڵبەوە بۆ منی بێننە ئێرە».

فەڕاشان هەڕایان کرد، حوکمیان لە چێوداری کرد؛ گوتیان: «هەرچی فرۆتووتە دەبێ دراوی بدەیەوە، شەک و بەختەی خۆت بستێنیەوە». گوتی: «ئاخر چ بکەم خەڵق نامداتەوە». گوتی: «کوڕە! حوکمی خاتوون پەریخانێیە. هەرچی نەیداتەوە بابی دەردێنین». هەموویان ئەستاندەوە، جەڵبیان ڕاکێشا هێنایان. خاتوون پەریخان چاوی شووشت. کوڵمەی خۆی جوان کرد. چاوی ڕشت. سینگی خۆی ترازاند. خۆی ئاویتە سەر پەنجەران. مەحمەڵ زۆر ترسا، گوتی: «ئەوڕۆ دەمسووتێنن». مەحمەڵ لەولاڕا هات. خاتوون پەریخان چاوی پێ کەوت، ئاشقی بوو. لە سوێیان وەختبوو شێت بێ. مەحمەڵ ئیکلامی لێ کێشا. بانگی کرد گوتی: «چێودار دەیفرۆشی؟» گوتی: «بەڵێ، قوربان!». گوتی: «تێکڕا بەچەندی سەرجەم؟» گوتی: «تێکڕا بەچوار ڕیاڵان»- ئەگەر بیگوتایە دە ڕیاڵ هەر لێی دەکڕی-. جەڵبەکەیان ئەژمارد، حیسابیان دا. تەسلیم بەپیاوێکیان کرد. گوتی: «ئەوەی بلەوەڕێنە.، هەتا چل شەوی؛ حەققی مانگێ دە قڕان بێ. موخاریجت لەسەر خاتوون پەریخانێ بێ. ئەوەی دەکاتە خێروخێرات ئینشاڵڵا». گوتی: «بێنن شتێکی بۆ ڕاخەن». تەکلیفیان کرد دایاننا.

خاتوون پەریخان لێی پرسی: «نێوت چییە؟» گوتی: «مەحمەڵی دەشتیان نۆکەرت».
گوتی: «قوربان حەققی جەڵەبەکەم بدەیە؛ مەرەخەس دەبم». کوێخا دەرکی بانگ کرد گوتی: «مەحمەڵی بێنە ژووریٚ حەققی بدەمیٚ». گوتی: «کوێخادەرک خەڵوەتە کەس لێرە نەمێنیٚ» مەحمەڵ کە لە پلیکانان وەسەرکەوت، کە خاتوون پەریخان چاوی پیٚ کەوت وای ئاشق بوو نێوکی کەوت. گوتی: «وەرە ژووریٚ». هاتە ژووریٚ. ئیکلامی کێشا. لەکنە خۆی داینا گوتی: «مەحمەڵی دەشتیان ئەمن میرغەزەب نیم. هەموو ڕۆژیٚ پیاوێکی دە چیغی وەردەگرم، دەیسووتێنم. قسەی دڵی خۆم دەکەم لێم قبووڵ ناکەن؛ ئەمنیش بۆیە ئەو عالەمەی وا لیٚ دەکەم. بەقسەم دەکەی یان نا؟» گوتی: «قوربان! بفەرموو بزانم چ دەڵێی». گوتی: «مەحمەڵ! ئەمن زۆرم حەزم لە توو کردووە، ئەتوو دەڵێی چی؟» گوتی: «قوربان! ئەمن لە سوێی توو جەرگم خرابووە؛ ئەمما ناوێرم بڵێم». دەستی دەستۆی مەحمەڵی کرد. دەمی بەدەمیەوە نا. سوحبەتێکی زۆریان کرد. یەکێکی خۆشی لێدا، هەتتا سبحەینیٚ لەکن ئەوی بوو. برایم هەر چاوەڕیٚ بوو؛ دەیگوت: «مەحمەڵ نەهات». هەتتا ڕۆژ برایم خەویٚ لیٚ نەکەوت، لە سوێی مەحمەڵی. سبحەینیٚ خاتوون پەریخان تەدارەکی پادشایانەی بۆ مەحمەڵی گرت، بەوادەی دوو ڕۆژان مەرەخەستی کرد. مەحمەڵ هاتەوە بۆ ماڵیٚ. برایم گوتی: «براله! بۆ وا دڕەنگ هاتی؟» ئەو تەدارەکی لەکن خاتوون پەریخانی هێناوە پاکی لە پێش برایمی دەشتیان داناوە. لە ڕووی هەڵنەهات بەبرایمی بڵیٚ؛ هەمووی بۆ دایکی گێڕاوە. ئەویش هات بۆ برایمی گوت. برایم گوتی: «براڵە سبحەینیٚ دەبیٚ بچیەوە؛ ئەوە ژنە بیٚ دینە، نەک پەشیمان بێتەوە. شەیتان شەیتانیٚ دەکا؛ نەکوو بەمانسووتێنیٚ ئەو بیٚ دینە. ئەوی ئەمن پێت دەڵێم، ئەتوو بچوو وای پیٚ بڵیٚ؛ ترست نەبیٚ». برایم تەدارەکی ئاغایانەی بۆ خاتوون پەریخانیٚ گرت، هەڵستا مەحمەڵی بەڕیٚ کرد.

مەحمەڵ ئەگەر هات و گەڕاوە،
دیاری و سەوقاتی برایمی لە پێش خاتوون پەریخانیٚ داناوە.
خاتوون پەریخان پیٚ کەنی گوتی:
«بەخێرێی سەر چاوی من؛ ئەوە دیاری و پێشکێشی مەڕییە بۆ منت هێناوە».

کاکه مەحمەڵ گوتی:
«خاتوون پەریخانی چاو هەڵۆ!
ئەوە پێشکێشی برایمی دەشتیانە، ناردوویە بۆ تۆ».
خاتوون پەریخان کەیفی دەماغێی هێناوە
دەڵێ: «بەخێرێی، سەر چاوی من شۆڕەلاوە!
ئەتوو چلۆن لە ڕووت هەلات بۆ برایمی دەشتیانت گێڕاوە؟»
مەحمەڵ دەڵێ:
خاتوون پەریخانێ چاوبەنگییە!
ئەگەر قسەی توو نەگێڕمەوە بۆ کاکە برایمییە
لەکن ئەتوو خەجاڵەت دەبم، لەکن ئەویش دەبێتە ڕووڕەشییە.
برایم وای عەرزی توو کردییە
ئەمن ئێلچیم، چ تەکلیفم لەسەر نییە.
کاک برایم بەمنی فەرمووە: ئەمن ناتوانم بچمە کن میری، بکەین خوازبێنییە
دەبێ لێرە بڕۆین، بچینە مەملەکەتێکی دییە.
خاتوون پەریخان دەبێ قاقەزێکی بۆ بنێرێ، بەدزی میری شارییە
ئەشکەوتی بێشوەی ئەوە کردمە پێشکێشی وییە
مەڕ و ماڵی من دە تاعلقەی وی دایە، بۆخۆم دەبمە شوانکارەی یەکجارییە
ئەگەر دەڵێ: بەقای پێ ناکەم، لەمنی وەرگرێتەوە بیدا بەیەکی دییە.
ئەمە چارەمان نییە، دەبێ لەو شارەی بڕۆین بۆ شارێکی دییە».
خاتوون پەریخان گوتی:
برایم ساحب کەماڵە، لە هیچ دەوڵەتان پیاوی وا نییە
بابم هێند بەحوکمە مەگەر بچین بۆ نێو عرووسییە.
ئەو شەو دەبێ لێرە میوان بی تەدارەکی دەگرم بەحەوتوێکی دییە.
ئەوێ شەوێ مەحمەڵ لەوێ نەگەڕاوە
هەتا سبحەینێ کەیف و نەهەنگی خۆیان کرد تەواوە

سبحەینێ بەڕێی کرد بۆ ماڵێ گەڕاوە
هاتە خزمەت برایمی ئەو قسانەی هەموو بۆ گێڕاوە
برایم دەڵێ:
بەخێرێی، سەر چاوی من شۆڕەلاوە!
بلا سەری من ببڕن، مەخسوود و مرادی توو ببێ تەواوە.
سبحەینێ دەبوو بەچێشتانە
لە خەوێ هەڵدەستا خاتوون پەریخانە
بانگ دەکا مەیتەر و میرئاخوڕانە:
کێهە ولاغت جسنە، حدوودە، ئەگەر پیاو پێی بکا متمانە؟
میرئاخوڕ دەڵێ:
«قوربان، ئەوا هەنم حدوودی بێ نیشانە
دایکیان لە ئەنێزەی گەرمێنیانە».
گوتی: «بچۆ. بیانێینە؛ بیانبینم. بیانکەم. نیشانە».
میرئاخوڕ هەڕای کرد بەهەشتاوە
جووتێک حدوودی ئەسڵی هێناوە
لە پێش خاتوون پەریخانی ڕاگرت هەرتکی کەوتن بەچاوە
لە بۆ ئێختەخانەی ڕاکێشاوە
ناردی زێرینگەری هێناوە
ڕەخت و ڕەشمەم بۆ بکە تەواوە
ئەوی دانا بەدڵ و جانە
بۆی دروس بکا ڕەختی ڕۆمیانە
بێنن نەججاری نازدارە
بۆم دروس بکا قەڵتاغی جەوهەردارە
تا تەدارەکی بگرم بۆ حدوودی دە بەکارە
دە برۆن و ڕامەمێنن

وەستای سەڕاجم لە بۆ بێنن
تەکڵتووی ئاوریشم دۆزم بۆ پێک بێنن
دەبڕۆن، ڕامەوەستن چی دییە
ئاسنگەرم بۆ بێنن بە موشتەرییە
بۆم دروس بکا ڕکێفی ئاڵدووز دانەلغاوی هەوێزە مروارییە
دە بڕۆن چیدی ڕامەمێنن
بچن شیرگەرانم بۆ بێنن
شیری میسریم بۆ بغەملێنن
زەرگی نەزەریم بۆ بێنن
لە تەنگانی بشەتێنن
بیشەتێنن یەکجارییە
بۆم بچنە کووچەی شارییە
بکڕن زرێی داودییە
مەتاڵی حەوت قۆببەییە».
کە ئەو تەدارەکەی گرتییە
ناردی لە دوو میرئاخوڕییە.
میرئاخوڕ هاتووە لەولاوە
حدوودی هێنا پێش چاوە
کە لەکنە خۆی زین کراوە
لەسەر پشتەی ڕۆنراوە
زۆر چاک تەنگەی کێشراوە
کە ڕەختیان هێنا لەولاوە
کە حدوودی پێ غەملاوە
ئەو ئەسپانەیان گێڕاوە
تەدارەکی چاک گیراوە

زرێی داودییان هێناوە
تەسلیم بە میرئاخوڕی کراوە
قۆڵی خۆی تێ هەڵکێشاوە
لەسەر ملی ڕاوەستاوە
مەتاڵی حەوت قوببەییان هێناوە
کە ڕیشتەی دەستۆی کراوە
لەنێو شانێ ڕاوەستاوە.
گوتی: «چەندو بەو زرێیە داوە؟»
گوتیان: «قیمەتی لەسەر دانەنراوە
چی بدەیەی، قبووڵ کراوە».
ماشەڵڵا لەو تەدارەکەی گیراوە
لە مەحمەڵی دەشتیان دەگێڕاوە
مەحمەڵ چووە خزمەت برایمییە:
«کاکە! خاتوون پەریخان لەدووی ناردووم؛ نازانم کاری چییە».
برایم وای بەمەحمەڵ گوتییە:
بچۆ خزمەت خاتوون پەریخانێ، بزانە کاری چییە.
مەحمەڵ تەدارەکی خۆی گرت بەیەکجارەکییە.
ئەگەر مەحمەڵ تەدارەکی گرت تەواوە،
دەهات و لە خاتوون پەریخانێی دەکرد سەلام و سەڵاوە،
دەیگوت: «نازانم، مەگەر بۆ نێو عورووس بڕۆین، دەنا لە هیچ کوێیان چارە نەکراوە».
بانگی کردە میرئاخوڕانە:
ئەو ئەسپانە زین کەن، بیانیەننە ئێرانە.
ئەوڕۆیان پێ بچنە ڕاوێ؛ بۆ شاهیدیێ ڕەگەڵو دەخەم ئەو شوانە.
بچن بزانن کێهەیان جسنە لەو ئەسپانە؛

کەڵکیان هەیە، پیاو سواریان بێ ڕۆژی تەنگانە».
سواریان دەبوون بەڕەوانی
ڕوویان دەکردە چۆڵ و بیابانی
تاژی و توڵەیان دەبردن، دەگەڕان بەتەرخانی
کەروێشکێکی گەرمەلانیان دەگرت، دەیانهێناوە بۆ خاتوون پەریخانی
لە پێشیان دادەنا. دەیانگوت: «ئەتوو چرای هەرتک چاوانی»
بڕۆ ماڵە خۆت بار بکە بۆ شارویرانی».
مەحمەڵ ئەگەر ئەو قسەی بیست لە خاتوون پەریخانێ
گوتی: «بەخولای سەرمان دەبڕن لە گۆشەی مەیدانێ»
هاتەوە کن برایمی دەڵێ: «براڵە! کەوتووینە ڕۆژی تەنگانێ
ناچێتەوە پاشێ حوکمی خاتوون پەریخانێ
حوکمی سەختە و گرانە
هەر دەبێ بار بکەین لێرەکانە
بچینە نێو عورووسی، دەنا لەنێو کوردی نانبێ گوزەرانە».
دەگەڵ برایمی قسەیان بوو تەواوە
دایکی مەحمەڵی گەلێک گریاوە
دەڵێ: «ڕۆڵە! خراپم لێ قەوماوە
«ڕۆڵە! مەحمەڵ، خولاگیر بی، ئەتوو چت لە کچی میرزۆرابخانی داوە؟»
گوتی: «دایە چ بکەم ئیختیار لە چەنگی خۆن بڕاوە».
ماڵە خۆیان بارکرد، ئەشکەوتی بێشوەی بەجێ ماوە.
شەو و ڕۆژێکیان لێ خوڕی، لە پاشێ مەحمەڵ گەڕاوە بەدواوە.
لەو مەحمەڵی ڕەوانە،
گوتی: «ناچم، کاک برایم گیانە!
سەرمان تێدا دەچێ، زۆر فەساتە ئەو خاتوون پەریخانە».
برایم گوتی:

«نابێ بشكێ قسەی پیاوانە
ئەمن بەجێم هێشتووە عەرز و مەكانە
برۆ خاتوون پەریخانم بۆ بێنە ئێرانە
هەتتا دنیا خرا دەبێ لێمان دەگێڕنەوە قسانە
ئەمن دەس هەڵناگرم؛ چونكە میرزۆرابخان میری چەلیانە».
ئەو قسەیەیان تەواوكرد بەیەكجاری
مەحمەڵی دەناردەوە لەبۆ شاری
ڕووی دە شاری دەكرد، دە خزمەت خاتوون پەریخانێ
ئیكلامی دەكێشا، بانگیان كردە باڵەخانێ
ڕۆیاندەنا لە دیوانێ
خاتوون پەریخان دەیگوت:
كوێخای ئەو شارەی كوانێ؟
پێشكاری خۆم بۆ بانگ بكەنە مەیدانێ
هەمان بەسەری خۆم سوێند دەدەم، یان بەقورعانێ
ئەمن تەماحمە بەسەفەر بچم، نەكوو میرزۆرابخان پێ بزانێ
زگی سەد كەسی دەدڕم لە دیوانێ».
ئەگەر ئەو مەسڵەعەتەی كرد تەواوە
شەو بەسەر داهات و بانگی شێوانی دراوە
دوو هەگبەی لە ماڵە خۆی لە زێڕ و ئەشرەفی كرد تەواوە
ئەسپی حدوودیان لە خاوێ دەرهێناوە
دوو بەدوو سوار دەبوون ڕكێفی خۆیان لێ داوە
شاری چەلیان لەوێ بەجێ ماوە.
كە لە ئەشكەوتی بێشوەیان باركرد هیچ كەسێك نەیزانی
خێڵی خۆی لێ نا بۆ شار وێرانی.
هەتا حەوت ڕۆژانی كەس سۆراخی خاتوون پەریخانی نەزانی

هەڵگیرا و داد و دیوانی
شاری چەلیان وەخت بوو ببێ وێرانە
هیچ کەس نەبوو بکا حوکمانە
لەلایەکی بوو خانەبگیری، لەلایەکی بوو فەسادخانە
هەموو شاری چەلیان بووە لۆتی خانە
مەخلووق دەڵێ: «بڵا بەس تێک ڕابمێنین
«بڵا خەبەرێکی بە میرزۆرابخانێ ڕابگەیەنین».
مەخلووق هەڕای کرد بەڕەوانی
پاک چووە کن میرزۆرابخانی:
«توو خانێکی بێ متمانی
حەواڵی شاری نازانی
شارێکی یەکجار گرانە
لێی پەیدابوو لۆتی خانە
هیچ کەس نییە، بکا حوکمانە
دیار نییە ئەو خاتوون پەریخانە».
میرزۆرابخان وا دەزانێ
دەڵێ: «وەکیل و وەزیری کوانێ؟»
ناردی لەدوو وەکیل و وەزیرانە
«وەرن بکەن تەگبیرانە
دەڵێن شارەکەم وێرانە
تەگبیران بکەن تەواوە،
بزانن، لە شاری من چ قەوماوە؟
هەڵبەت پەریخان نەماوە
جا بزانن جیهەتی چییە
بۆچی ئەو شارە خۆڕاییە».

دەشقمی مەقسوودیان حاسڵ بێ، لێکتری ببیننەوە کام و سەفایە».
ئەگەر خەبەری لە حەمەدی پاشاغان دەکرد یەقینە
دەیگوت: «بەخولاّی! کچی من لایقی کوڕی فەرەجوڵلاخانی نینە
لێم قبووڵ ناکا سوڵتانی ئەمینە
«ئەگەر بێتو بیدەمێ دەبێ عەرزچی بکەم بەدڵ و یەقینە».
ئەگەر ئەو قسانە دەگەڕاوە بۆ قەرییە
گوتی: «لەوی وایە هەر ئەودەمە، کە دەگەڵم دەکردەوە شوانییە
ئەو مەعنایانە هەموو چییە؟
ئەو کارانە وا پێک نایە
تازە نەهاتوومە تکایە
یان بمداتێ یا وەخۆ کەوێ بۆ دەعوایە
دەعوایە دەکەم بەدڵ و بەجانە
هەتتا کەنگێ دەگرێ ئەو بیانووانە؟
«لەشکری ئیسفەهانێ دێنم بەجارێکی، بەغدایە دەکەم وێرانە».
سوارێکی نارد بەچەپەر و بەڕەوانە:
«تەشریفی بەکری شێخان بێتە ئێرەکانە».
کە خەبەر بە بەکری شێخان گەڕاوە
بە پەلەپەل هات لەولاوە
لە قەری کردەوە سەلاّوە
دەڵێ: «براله! چ داوێکە بۆ منت ڕۆناوە».
دەڵێ: «لەتۆ دایە، هەر ئەو قەری شوان ماوە
گوفتارە لە بۆ تۆم ڕۆناوە
بەغدایە دەکەم بلاّوە
ئاخر زۆرم لە توو گێڕاوە،»
دەڵێ: «ئەمنیش خزمەتم پێ کراوە

خەبەرم لە خاتوونێ گێڕاوە
بەخوشکم قبووڵ کراوە
بۆ توو چاکە ئەو نەولاوە».
بەکر چوو بە قاسیدییە
بە حەمەد پاشاغان دەڵێ بە یەکجارەکییە:
«ئەتوو بۆ ئەو پیاوە جوابت چییە؟
ئەویش پیاوێکی کەم نییە
بۆ تووش عەیب و شوورەیییە
دەست هەڵگرتنی لە بۆ نییە
مەگەر دەوڵەت لێک درێن یەکجارەکییە
هیچ سەفای لە بۆ توو نییە
بەغەیرەز کوێرەوەرییە»
گوتی: «بەکر، ئەتوو بۆ چ لە من دەکەی حوکمی؟
کچی خۆم نادەم بە عەجەمی
سبحەینێ بێتە دەعوایە»
خەبەری لە بۆ قەری برد
قەر سبحەینێ خۆی دروس کرد
سبحەینێ فەسڵی چێشتاوە
خەبەر بە قەری دراوە:
«ئەو لەشکر هات لەولاوە
دار و بەردی دەپۆشاوە
هەڵێ و بگەڕێوە دواوە».
قەر دەڵێ: «نەمرم، بمێنم
بەغدایە پاک دەشێوێنم
یا سەری خۆم دەدۆڕێنم

یانە گوڵەزەرێ دەستێنم»
بەکری شێخان وای گوتییە:
«بۆ توو عەیب و شوورەییە
ئەو شەڕەم هیچ پێ چا نییە
حەمەدی پاشاغان کوێستانی نییە
لێی گەڕێ تا ساڵێکی دییە
بلا گەرمێنی لەسەر نەبییە
دەورەی بگرە یەکجارەکییە
لێی دەستێنی چارەی نییە
وێستا هەقت دەگەڵ بەغدایە چییە؟»
قەر دەڵێ: «بەکر کار تەواوە
تازە ناچمەوە بەدواوە
لەشکر و قۆشەنم هێناوە
سندووسم لێ بەجێ ماوە».
بۆتە شەڕ لە زەمانی
جوابی ئەو قسەی درا بە سوڵتانی
دنیا دەمێنێ بە وێرانی
لەبەر کوڕی فەرەجوڵلا خانی
سوڵتان دەڵێ: «ڕامەمێنن
ئیسفەهانێ تێ بگەیەنن
ئەگەر قسەم نەسەلمێنن
قەت نابێ عەجەمێک بمێنن
هەرچی شیعەیە بیبەتلێنن».
ئەو خەبەرە هات، گەڕاوە
بەمیری بەغدایە دراوە

ئەگەر میر وا دەزانێ
شەقزن کەوتە دیوانێ
دەڵێ: «بێننە دەرێ جببەخانێ
سەربازم بۆ بدەن لە سانێ».
سەرباز لە سان ڕاوەستاوە
کارێکی گەورە قەوماوە
ئاڵای حەققێیان هەڵداوە
دەس بە دەعوایە کراوە
تا نیوەڕۆ لێکیان داوە
لەشکری بەغدایە شکاوە
سەری بەیداغان بەردراوە
هەرکەسە بۆخۆی گەڕاوە
قەر ڕۆستەمە ڕاوەستامە ڕاوەستاوە
شاش و پەڕ پاڵیان وێک داوە
پاڵیان ویکدا لە زەمانی
هەروەکو بەوری بەیانی
کە عێلات هەمووی پێی زانی
دەیانگوت: «هەتا دوێنێ دەیکرد شوانی
ئەوڕۆکە بەوری بەیانی».
دنیا بەو شەڕەی دەزانی
بەکری شێخان هات، لەولاوە
قاقەزی خاتوون گوڵەزەری هێناوە
ماچی کرد، لەسەر چاوی داناوە
بەکری شێخان گوتی: «قوربان، چ نووسراوە؟»
گوتی: «دوعا و سەڵاوی داناوە

فەرموویە: بۆ لە ڕووی بابم وەرگەڕاوە؟
زۆر خراپم لێ قەوماوە
ئەوا خەتای من گیراوە
پێی بڵێ بگەڕێتەوە
قەرارە دەگەڵم ڕۆناوە
قەرارمان تا بەهارێ
هەتا بەخێر خێڵ دێتەوە خوارێ
جا بۆخۆم دەگەڵی دەکەم گوفتارێ
چا نییە چیدی بگرێ بنارێ»
قەر گوتی: «پێی بڵێ پێی ناکەم متمانێ
هەتا بۆم نەخوا قورعانێ
بۆم دانێ قەول و قەرارێ
هەتا وەکو خێڵ دێتە خوارێ».
بەکری شێخان هات، گەڕاوە
قسەی بۆ گوڵەزەر هێناوە
قورعانی بۆ خوارد تەواوە:
«کە هاتم نایەم بە دواوە،
چیدیم ئابڕوو نەکا بڵاوە».
قەر لە بۆ شەوێ گەڕاوە
لەشکری خۆی کرد بڵاوە
سوڵتان بە شا عەبباسی تێ گەیاندییە:
«ئەگەر دەڵێ تاراجی بکەم بەیەکجارەکییە
ئەو شەڕ و مەعرەکە چییە؟»
شا عەبباس وای گوتییە:
«ئەگەر دەفەرمووێ دەری کەم خوێڕییە

ده سوڵتانێ زیاتر کەسم نییە»
سوڵتان وای دا جوابی وییە:
ئیختیاری وی بەمن نییە»
فەرەجوڵڵا خان قاقەزی نووسییە:
حاشاو مادووڵڵا کوڕی من نییە
لە سندووسی دەکەم خوێڕییە»
قەر گوتی: «دەستەڵات بە من نییە
دەستەڵات بە من نەماوە
حاشا، مادوڵڵا لەو کارانە
دەزانم دەمگرێ قورعانە
ناتوانم لەبەر فەرەجوڵلا خانە
لێم حەرام بوو ڕووی نانی
جا خاتوون گوڵەزەر خۆی زانی».

***

بەیتی زەمبیل فرۆش

زەمــبــیـل فــرۆش پادشـــا بـوو. ڕۆژێکی ســوار بـوو، چووە ڕاوێ. لەســـەر قــەبران غەڵەبەیەک بوو، پرسی: «ئەوە چییە؟» گوتیان: «پیاوێک مردووە» پادشا گوتی: «دەبێ ئەمن بچم، بزانم، قـەبر چلۆنە». هەڵســتـا هاتە سـەر قـەبران. پیـاوێکیـان هێنا دە قەبریان نا، بەردیان پێ ڕایەڵ کرد، قـوڕیان دادا، گڵیـان پێدا کرد. پادشـا گوتی: «ئەوە ڕەعیەتە مـەلا، جێی ئەمنیش هەروا دەبێ؟» مەلا گوتی: «ئەوە ڕەعیەتە، خەرجێ دەدا، بێگارێ دەکا، جێی وی لە جێی توو خۆشترە، بەشکەم ئەتوو فرێدەن، نەیەڵن لێرە بمێنی». گوتی: «ئاخر ئەمنیش دەمرم؟» مەلا گوتی: «ئەتوو دایکت ماوە، بابت ماوە؟ ئاخر ئەتووش هەر دەمری». گوتی «مەلا ئەگەر ئەمن مردم، لێفێک، دۆشەکێکم بۆ ڕاناخـەن؟» گـوتی: «نەوەڵڵا هـیـچت بـۆ ڕاناخــەن». گـوتی «بـڵا بڕۆینەوە، جـاڕی ڕاکێشن، ئەمن ئیدی پادشایەتی ناکەم». هاتنەوە ماڵێ، دابـەزی، گوتی: «بابە، کەس پێم نەڵێ پادشـا». ژنی خـۆی بانگ کردە دەرێ، گوتی: «ئەمـن ئەو پادشـایەتیم ناوێ، مردنی لەدووە.، ئەتـۆش کەیفی خۆتە ئەمن خـوڵا حافیز». ژنەکە گوتی: «بابم لە بابت مــاقــووڵتــر نـیــیــە ئەتوو دەس لە پادشــایەتـی هەڵبگری، ئەمن دەس لە خــانمـەتێ هەڵناگرم؟ هەر جێیەکی ئەتوو بڕۆی ئەمنیش دێم».

لە شــاری وەدەرکـەوت؛ ژنەکـەشی وەدووی کـەوت. بەپێـیـان ڕۆین گـەینە گـاوانی. گاوان لەنێو گاڕانێ بوو. پادشا گوتی: «گاوان بەقـوربانت بم وەرە جلان بگۆڕینەوە». سـەر و بەرگیـان پێکەوە گـۆڕییـەوە. ڕۆیی؛ خـانم ڕەدووی کـەوت. تەمـاشـایان کـرد. ژنێکی کـوێری فـەقـیـر بەڕێیـەدا دەڕۆیی خـانم گوتی: «وەرە سـەر و بەرگـان پێکەوە بگۆڕینەوە». جلیــان گــۆڕییــەوە. هـەردوو ڕووت و ڕەجــاڵ ڕۆین. هەتا گـەیشـتـنە شـارێکی. چوونە مـاڵێکی؛ ساحب مـاڵ گوتی: «بابم جووتی دەزانی؟» گـوتی: «بەڵێ دەزانم». گرتیـان بەنۆکەر. سبحـەینێ زوو جووتێکیان گا دایە، گوتیان: «بڕۆ جـووتی بکە». گـوتی «بەخـولای جووتیم کەم کـردووە، بۆم لێ بخـوڕن تا فـێـر دەبم». بڕێکی جووت کرد هاتەوە، دەستی دا بێڵ و سەوەتەی خـەریکی پەین ڕشتنێ بوو، سبحـەینێ چۆوە جـووتی کـرد هـەتا ئێـوارێ. هاتـەوە بەسـاحب مـاڵی گـوت: «خـوڵا هـەڵناگـرێ

ناتوانم بەکەیفی ساحبی بکەم» ئەویشی بەجێ هێشت و چووە شارێکی دی. دەستی بە زەمبیل کردنێ کرد.

ڕۆژێ دەچوو کولۆشی خڕ دەکردەوە؛ دەیهێنا دەیکرد بەزەمبیلە لە بازاڕی دەیفرۆت. تەماشای کرد ئەو کولۆشە گاڕان و مەڕ لە پەرێزان دەیخۆن؛ گوتی «خولا هەڵناگرێ ئەمن ڕۆزیی ئەو بەستەزمانانە ببڕم». ئەو کارەشی نەکرد، چۆ شارێکی دی لەو شاری شەوێ دە خەوێی هات. سبحەینێ هەڵستا چووە سەر دەریایە دە نێوەڕاستی ئەو دەریایەی جزیرێک بوو. مێشەیەکی لێ بوو گوتی: «خولایە! ئەوە کەس نەیچەقاندووە؛ چ بکەم لەبەر دەریایە ڕێم نییە بچم بڕێکی بێنم بۆ خۆم بیکەمە زەمبیل». ئەوێ ڕۆژێ زۆر بەئاجزی هاتەوە. شەوێ دە خەوێدا پێیان گوت: «سبحەینێ بڕۆ لەو مێشەیدا بۆ خۆت کارێ بکە».

زوو هەڵستا چووە سەر دەریایە. بێ پایە لە دەریایەیدا، هیچ پێی تەڕ نەبوو. هاتە شاری دەستی بە زەمبیلی خۆی کرد.

خاتوونی پادشای شەوێ زەمبیل فرۆش دە خەوێ دی ئاشق لە وی بوو.

حەق! دڵ وەرە جارێک بەجۆش
جامێ جە ئەشقە مەی بنۆش
کێن قەزیەتی زەمبیل فرۆش
فەسیح بکەم حیکایەتێ
دەست دە کورسی سەناعەتێ
دەست لە کورسی و فەرمانێ حەق بوو
ئاشق بەلیقا و شەوق بوو
سەنعەتی زەمبیل لەکن بوو
ئەو پێ بدرێ کیفایەتێ
ئەو لاوێکی تازە ڕوواڵ
تەرکی کرد شاهی و گەنج و ماڵ
لە ترسی مەوت، ماڵ کرد بەتاڵ
خۆی مەشغووڵ کرد بە تاعەتێ

ئەو لاوێکی ئی سادە بوو
هەردەم لەسەر ڕێی جادە بوو
بەئەسڵ پادشازادە بوو
دایم لە زیکر و تاعەتێ
کوا یاقووبی ساحب کەماڵ؟
عیبادەت کرد هەشتێ و دوو ساڵ
لە ترسی مەوت، ماڵ کرد بەتاڵ
خۆی مەشغووڵ کرد بەتاعەتێ
ساڵێ دەری دوازدەی مودام
سەنعەتێ ویم وی خاس و عام
ڕۆژیێ دەکرد زەمبیل تەمام
دەیبردە شار بۆ قیمەتێ
چی ڕۆژێکی لاو زەمبیل دەبەست
دەیبردە باژێڕی بەقەست
نیعمەتی شەوی پێ کەوتە دەست
لاو قانیعە بەقیسمەتێ
چی ڕۆژێکی لاوا زەمبیلان دێنێ
خاتوون لە بورجان ڕادەمێنێ
بەدڵ و بەجان دەیحەبێنی
لاو کەوتە پێ موحەبەتێ
ئەو جارییەی خەوفی خودێنە
دێن بەحیلە بەلاو دەڵێنە:
«لاو! میر لە تۆی زەمبیل دەوێنە،
ئەو بەچاکییەت بانگ کەتێ».
لاو بەو قسەی بوو خۆشحاڵە

ڕووی کردە ماڵ، چۆتە حاڵە
هەڵی گرت زەمبیل چی بوو
ڕووی کردە دیوانی میران
یەک لەدوای وی هات بەخوارد:
«لاو! میر لە تۆی مەتڵەب دیداردا
بۆخۆت وەرە، بکە قیمەتێ».
لاو، بەوێ فێڵەی نەزانی
بێ ترس و خۆف چوو بۆ خانی
دەربەی دا چەنگ دەرکەوانی
قایم کرا لای دە حشەتێ
لاو نۆڕی دەربە نەماوە
لێی تەغیر بوو ڕەنگ و باوە:
«تا بمداتێ زەحمەتێ»
لاو بانگ دەکا: «میری کوبارە!
ئەتوو بەمنت هەیە چ کارە؟
تا پێک بیەنم حاجەتێ».
خاتوون دەڵێ: «لاوی فەقیرە،
پیر و ئاقل و هۆش و ژیرە!
حازر نین لێرە چ میرە
بۆت هات بازی دەوڵەتێ».
لاو دەڵێ: «خاتوونێ مومتازە!
لێرە تا شام و حیجازە
نامەوێ دەوڵەت و بازە
من نیم لە گوێن خەیانەتێ»
خاتوون دەڵێ: «لاوی شلێوە!

وەرە نێو ریحان و سێوە
شەکەر بملێسە بەلێوە
تا ڕۆژی سبحەییەتێ».
خاتوون دەڵێ: «لاوی ڕوواڵە!
وەرە نێو دۆشەک و پاڵە
تێک وەردە ئەو زولف و خاڵە
دوورە ڕۆژی ئاخرەتێ»
لاو دەڵێ: «خاتوونێ! زولف و خاڵی تووم حەریری
قابیل بەخۆت بەبەژنی میری
حەد نییە ڕەنگ من فەقیری
ئەو ناکرێ دەستیان داتێ».
خاتوون دەڵێ: «پەستە و چۆغەڵەت دەبەر دەکەم
بۆ زێڕی سوورت ڕۆ دەکەم
پاک گیانت کەسک و سوور دەکەم
دەتکەم بەچەرخی داوەتێ».
لاو دەڵێ خاتوونێ: «پەستە و چۆغەڵەی خۆم چاترن
لەش گوناهباری پێ وەشرن
لە بۆ ڕۆژی مەسڵەحەتێ».
خاتوون دەڵێ: «دەنا لاو وەها نابی
ئەگەر فیل بی، ئەبرەهە بی
لە چەنگانم خەلاس نابی
نایەی سەر پێی مەسڵەحەتێ».
خاتوون دەڵێ: «لاو مەکە چ قسە و چ دەنگان
بچییە نێو حەوت بەحری نەهەنگان
خەلاس نابی بە چ ڕەنگان

نایەیێی سەرپێی مەسڵەحەتێ».
لاو دەڵێ: «خاتوونێ بە ئەرکان و تۆرە
مەسڵەحەت ناکرێ بەزۆرە
ئێوارە دابێ ئەنگۆرە
تێی دەبینین مەسڵەحەتێ».
خاتوون بەو قسەی دڵ بوو غەتی
خۆش هەڵستا، زوو پێکەنی
دەڵێ: «لاو! وات دێنمە سەر هیدایەتێ».
لاو وای کرد خلاس لە داوێ
ئەنجەتی کرد بەپێشاوێ
بچێ لە باڵەخانان خۆی باوێ
بەشقەم خلاس بێ لە داوێ
خاتوون خورپیە جاریەی بەنادری:
«مەسینەی ئاوێ هەڵگری
بیبە بۆ جێی لاو تێوە دێ».
لاو هاوار دەکا شێخ و مەلێ:
مووسا لەنێو بەحری عەمیق
بۆ ویت کردە دوازدە تەریق
فیرعۆنی تێدا کرد غەریق
ئەو بۆ جەزای شیرکەتێ
پەنهام بە توو شاهی کەبیر
یووسف توفلێک بوو شێت و ژیر
بران بردیان ئاویتیانە بیر
بردت لە میسرێت کردە میر
نێزیکت کرد لە ڕەحمەتێ

بزانە چیان کرد قەومی کوففار
مەنجەنیقیان ئاویتە خوار
ئیبراهیمیان نابوو دە نار
بێ بەش نەبوو لە ڕەحمەتێ
هوودی لەنێو بەحری دەڵان
چل ساڵیشت ئەو دەخەڵاند
فەتتاحی بابی ڕەحمەتێ
ئادە گەنمی خوارد، کردی گوناه
تۆبەت قبووڵ کرد، ڕەببەنا
هەر تۆی بابی سەڵتەنەتێ
زەکەریایان بە موشاران بڕی
ئەیووب لەسەر کرمان دڕی
کوانێ عیسای ڕۆشەن چەراخ؟
خوێندی ئینجیلی خۆش دەماخ
کێ بوو لەکن خوڵای گوستاخ؟
مووسا بنی عیمران نەمان
کوا ئەبوبەکری سددیقی موستەمان؟
کوا عوسمانی بنی عەفان؟
ئەو جامیعەی دەس بەقورعان؟
پەنهام بە توو شاهی جەببار
زەمبیل فرۆش نەیما ئیختیار»
دەستی گرت خۆی فڕێ دا خوار
جوبرایلی چوست وتەیار
خۆش لە ئاسمانێ هاتەخوار
زەمبیل فرۆشی گرت بەزار

دەڵێ: «عومرم! نەکێشێ زەحمەتێ
پەنهام بەتوو ساحب سجوود
ئەلحەمدوللا یا وەدوود
دەرچووم لەوێ زەلالەتێ
پەنهام بە توو لایەزانی
واسیتەی گیاندار و بێ گیانی
پێم هیچ نییە دنیای فانی
بێ بەش نەبووم لە ڕەحمەتێ
پەنهام بەتوو توو نادری
هەم کەریمی هەم قادری
چی توو نەیکوژی نامری
بەشم کەوتۆتە فرسەتێ
شوکرم بەتوو، پادشای جەببار
خەلاس دەکەی عەبدی هەژار
هیچ کەس ناتبینێ پەروەردگار
دنیا بۆ کەس نییە باقی دار
چۆن کەوتمە باری فرسەتێ».

خاتوونی میری گوتی: «لاو بۆ نەهاتە خوار؟» چۆ سەربانی تەماشای کرد زەمبیل فرۆش دەگەڵ قەرەواشێ نییە. پرسی: «چی لێ هات؟» گوتی: «خاتوون! لەسەرڕا خۆی هاویشتە کووچەی». خاتوون گوتی: «جا من چ بکەم؟» غەمی وەمە جارێکی دی چاوم پێ ناکەوێ». ڕوانی بەکووچەیدا هەڵدەهات. ئەگەر تەماشای کرد زەمبیل فرۆش چوو دە خانووێکەوە، خاتوونی میری نیشانەی کرد. ژنی زەمبیل فرۆش گوتی: «ها عەمرەکەم بۆچی وا بزرکاوی؟ ئەدی نانت بۆ نەهێناوە؟» گوتی: «ئەمرۆ زەمبیلەم بردنە ماڵی میری. بردیانە ژوورێ، حەقیان بۆ نەهێنام؛ ئەمنیش هاتمەوە. ژنەکەی گوتی: «دەنا زۆرم برسییە». زەمبیل فرۆش گوتی: «بەخولای چی توو نەتدیبێ ئەمنیش نەم خواردووە». بە ژنەکەی گوت «ئەتوو بچۆ بۆ حەقی زەمبیلان

ئەگەر دایانیەی بێنیە. ئەگەر نەیاندایەی وەرەوە شوکری خولای دەکەین».

ژنی زەمبیل فرۆشی چوو گوتی: «کوێخادەرک! عەرزی خاتوونی بکە حەقی زەمبیلەکانم بداتێ چمان نییە بخۆین». کوێخادەرک چوو عەرزی خاتوونێی کرد. خاتوون: «بیهێنە ژووریێ حەقی بدەمێ». دەرکەوان هێنایە ژووریێ. خاتوون کە چاوی پێ کەوت لە پلەکانان بەپیریەوە هات، ماچی کرد گوتی: «بەشقی خولای وەرە! نەقلی خۆت و زەمبیل فرۆشی بکە». گوتی: «خاتوون نێوی خولات هێنا جەرگت بڕیم. جاریێ حەقی زەمبیلانم بدەیە، زەوادمان نەخواردووە؛ جا لەدووم بنێرەوە نەقلت بۆ دەگێڕمەوە». دەستی ژنی زەمبیل فرۆشی گرت؛ بردیە گەنجخانەی چارشێوی ڕاخست بۆی پڕ کرد. هەرچی کردی چارشێوەکەی بۆ هەڵنەگیرا. کۆشی پێ گرتەوە، بۆی پڕکرد هەتا پێی هەڵگیرا. ڕۆیی چۆوە ماڵێ. زەمبیل فرۆش پێی پێکەنی: گوتی: «بۆ عەمرم! ئەمن ناتوانم ئەوانە لە دم چۆمان بێنم؟ ژن بۆیە ناچیزەن، ئەتوو ئەو پووڵەت بۆچ هێنا؟ ڕۆیکە عەرزی. بزانم». ئەگەر ڕۆی کرد پاکی بوو بەمار و دووپشک و کیسەڵ، بەنێو ماڵێدا بڵاوبوون؛ حەقی زەمبیلان نیم پەنابات کەوتە عەرزی. گوتی: «عەمرم! ئەوانە دەتوانی بەریەوە، هەتا ئەتوو دێیەوە ئەمنیش دەچم نانی دەکڕم، دێمەوە».

ژنەکە گوتی: «دەترسێم پێمەوەدەن». گوت: «نا! مەترسە زەرەریان نابێ بۆت». هەڵی گرت پێیدا ناردەوە. بۆخۆشی هەڵستا چۆوە بازاڕی نانی کڕی؛ پەنیری کڕی. زۆری برسی بوو، تەمای بوو نانی بخوا، گوتی: خولا لێم هەڵناگرێ ئەو ژنە چاو لە دەستی منە».

هاتەوە ماڵێ.

ژنی زەمبیل فرۆشی زێڕەکانی بردەوە. خاتوون گوتی: «ئەوە کەم بوو، بۆیەت هێناوە؟» گوتی: «قوربان! بۆچی مێردی من ناتوانێ لە بیابان ئەوانە بێنێتەوە؟» ڕۆژ هاتبووە ئاوابوونێ. خاتوون گوتی: وەرە نەقلی خۆتمان بۆ بگێڕەوە، با من ئەمشەو لەجیاتی توو بچمە پاڵ زەمبیل فرۆش». ژنی زەمبیل فرۆش هەموو ڕێوشوێنی زەمبیل فرۆشی پێ گوت. خاتوون خۆی ڕووت کردەوە. جلی خۆی دا بەژنی زەمبیل فرۆش. ژنی زەمبیل فرۆش جلی وی دەبەر نەکرد. خاتوون جلی وی دەبەر کرد. چوو

بۆ ماڵێ زەمبیل فرۆش. ئەگەر وەژوور کەوت زەمبیل فرۆش گوتی: عەمرەکەم بۆچی وا درەنگ هاتیەوە؟ گوتی: «خاتوون ڕای گرتبووم. نەیدەیەشت بێمەوە». گوتی وەرە نانی بخۆین. خاتوون لە خۆشییان نانی پێ نەدەخورا گوتی: «زوو جێم بۆ چا بکە دەنووم». پێکەوە چوون دەجێوە. ئەگەر هاتن ڕاکشان خاتوون باسکێکی بۆ کردە سەرین ئەوی دیکەش دە ئەستۆی کرد خاتوون. زەمبیل، فرۆشی ماچ کرد. زەمبیل فرۆش گوتی: «داخولا لە کەنگێوە کەیفی لێیە بۆیە ئەمڕۆ ئەو نسیبەتم بەسەر هات». زەمبیل فرۆش لاقی هەڵێنا خاتوون لە فکری نەبوو خڕخاڵی زێڕ لە پێی دەرێنێ؛ دەستی وێ کەوت گوتی: «خانەم خراپ ئەوە ژنی منیان سوێن داوە خۆی لێ گۆڕیوم». لاقی دانا و هەڵستا وەدەرکەوت. خاتوون چوو بیگرێ؛ هەلات. خاتوون ڕێی کەوت دەیگوت: «ئینشاڵلا لە کووچەی دەیگرم». زەمبیل فرۆش دەیگوت: «ئینشاڵلا ئەمنیش لەو کووچەی لێی ون دەبم». هەتا بەیانی ڕێی کەوت بۆی نەگیرا. زەمبیل فرۆش ئاوڕی داوە، هەر لەدووی بوو. ملی لە چۆڵی نا. شاری بەجێ یەشت لە چەنگانی هەراسان بوو. دە عەرزی ڕاخوڕی، عەرز قەڵشاوە چۆ تێوە. خاتوونی میری گەیییە لەسەر عەرزی غولامانەی توند گرت. هەر چەند هاواری کرد بەری نەدا گوتی: «وەڵلاهـ نەیە دەرێ، قسانم دەگەڵ نەکەی، بەرت نادەم». زەمبیل فرۆش دەڵێ:

«خاتوون گیانە!
ئەگەر قایل بوو هەوێ سارانە
دەچم ئەویش دێنمە ئێرەکانە»
کێ بوو لە زەمبیل فرۆشی گوڵباوە
ئەگەر چوو نەگەڕاوە بەدواوە
لەو شارەش چوو بەولاوە
خاتوون لەوێ بەجێ ماوە
ڕۆژ بۆ نیوەڕۆی وەرگەڕاوە
خاتوون گوتی: «چم لێ قەوماوە
بۆچ قاسیدێک نەهات واوە؟
خولایە لە خۆم سەر بەتاڵێ!

ئینجا چلۆن بگەمەوە ماڵێ؟»
کێ بوو لە زەمبیل فرۆشی خورد
ڕووی لە شارێکی دیکە کرد
حەوت ساڵی دی کاسبی کرد
خوا وای کرد ژنەکەی مرد
حەوت ساڵان تازیەی داگرت
ڕووی دە شارێکی دیکە کرد
سێ ساڵی زەمبیل فرۆشیی کرد
خاتوون قەڵای دروس کرد
سوورەتی هەرسێکانی دروس کرد
خاتوونی زۆر خامۆشی
سوورەتێکی خۆی دروس کرد، یەکی ژنی یەکی زەمبیل فرۆشی
ئەگەر ئەو سوورەتەی دروس کرد
ئەمیندار جێبەجێ زەمبیل فرۆشی گرت
مزگێنییان بۆ خاتوونی دەبرد
خاتوون چراغانی دەکرد:
«وەڵڵاە لە دڵم هەڵگیرا غەم!
جا خەبەرێ بەپادشای بدەم
ئەو جارە کە مێردی دەکەم».

قاقەزێکی لە برای نووسی؛ گوتی: «قایل بی مێردی دەکەم. ناقایل بێ مێردی هەر دەکەم». پادشا قاقەزەکەی ماچ کرد. خوێندیەوە، گوتی: «لە من دەوڵەت بەشارەتە ئەگەر مێردی بکا». پادشا گوتی: «حەز دەکەم ئەوەی ئەو مێردی پێ دەکا بزانم کێیە؟» خاتوون گوتی: «ئەگەر دەفەرمووێ دەینێرمە خزمەتی». خاتوون گوتی: «هەستە بچۆ سەلاوێ بکە تەعزیمێ مەکە». کە زەمبیل فرۆش هەڵستا چوو سەلاوی لە دیوانێ کرد. پادشا گوتی: «ئەو فەقیرە کێیە، شتێکی بدەنێ بڕوا». گوتیان:

«قوربان! ئەوەی خوشکی تۆی دەوێ، ئەوەیە». گوتی: «بابم خوشکی من مێردی بە توو دەکا؟» گوتی: «بەڵێ ئەگەر خولا بدا». پادشا ڕقی هەڵستا. ئەوی لە دیوانێ بوون کەس قسەی پێ نەکرا؛ پادشا گوتی: «خوشکی بکوژم یا ئەوەی بکوژم؟» گوتیان: «قوربان! هیچیان مەکوژە. دەرکی خۆت بەخوێن مەکە. ئەو ساڵ دوازدە ساڵە، ئەو باغە هەژدیهایێکی تێدایە؛ هەرچی بچێتە ئەو باغەی هەژدیها دەیخوا. ئەوی بنێرە بخورێ». پیاوێکیان دەگەڵ نارد، هەژدیها بیخوا. کابرا گوتی: «چونکە خاتوونی پادشای ئەتووی دەوێ، ئەتووی ناردووە هەژدیها بتخوا. ئەمن ناوێرم بێم». گوتی: «بابم ئەتوو ڕاوەستە». زەمبیل فرۆش ڕۆیی. ئەو هەژدیهایە بوو بەپیاوە و بەپیر زەمبیل فرۆش هات. گوتی: «یا ڕەببی زۆر شوکر! ئەوە خۆت و باغی خۆت ئەوە ڕۆیم». کابراکە مزگێنی بردەوە بۆ پادشای گوتی: «ئەوانە موسڵمانن». پادشا هەڵستا بۆخۆی ڕۆیی. خەڵقی ئەو شارەی پێیان موسوڵمان بوون. قۆڵی زەمبیل فرۆشی گرت بردیە دیوانێ. قاقەزێکی بۆ خوشکی نارد. گوتی: «لەمنی کەوێ بۆ مێردی بۆ خۆی دیتۆتەوە. ئیزن بدا مارەی بکەم». گوتی: «حاشا! مێردی پێ ناکەم». زەمبیل فرۆش گوتی: «قوربان! وێستا کە مێردیم پێ ناکا ئەتوو ئەو باغەت بەمن کەرەم فەرمووە فەعلەم بدەیە بۆ خۆم دەچم خانووێکی لێ دروس دەکەم». دەنگی فەعلانیان بۆ دا هەر کەس بەخێری خۆی چوو. ئەوێ ڕۆژێ قەلایان بۆ دروس کرد چوو تێوێ سەری بردە سەر سەجدەی گوتی: «یا ڕەببی ئەمن و خاتوونێ بێنیەوە سەر حەددی چاردە ساڵەی». جێبەجێ هاتنەوە سەر حەددی چاردە ساڵە. خاتوون ئەوجار خۆی لێ مارە کرد. پێکەوە دانیشتن.

دەستێک گوڵ بەنادری

ساحبی ئاڵمانی نەمری

ئەوە فەرمایشی ڕەحمان بەکری

***

بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ بابی هەمزاغا

گوێ ڕادێرنێ دوانە
گوێو لە من بێ دیوانە
سێ شەو و سێ ڕۆژانە
بۆو بکەم مەدحی شێرانە
دۆڵابی موکریانە
قاقەز چوو بۆ عێلانە
بێ ڕەشەی ڕەسوڵ ئاغانە
دەگەڵ حەمەدی شینانە
ڕابەریان ئەوڕەحمانە
چۆڵیان کرد، باگردانە
بە عیززەتی سوبحانی
سبحەی دەگەڵ بەیانی
لەشکری باپیر خانی
ڕەنگ وەزیری ڕۆمیانی
سواربوو لە باگردانی
مەنگوڕی دە مێ وەجاغێ
پیاو بوون لە ساباڵاغێ
تەدارەک بۆ مەراغێ
بۆ مەراغەی ڕەوانە
سێ شەم سەری هەمووانە
بە سێ شەمۆی پڕ هونەر
باپیر ئاغای پڕ جگەر
بدا خانی بوو دەستەبەر

لە سابڵاغێ چوو بۆ دەر
دەڵێ: «هیچ پەرچت نایەتەبەر»
خالەق ساحب سەفایە
پەرچی دەوێ دنیایە
بە ئومێدی ئەو خولایە
لێیان دا دەهۆڵ و زوڕنایە
ئەسپیان هاتە سەمایە
زۆر خۆشن بۆ دەعوایە
هومێد ڕەسووڵلایە
«ئەو کارە وا پێک نایە!»
هات گەییە فەخرەقایە
لێیان دا دەهۆڵ و زوڕنایە
حەوسەد کەسی ڕاگیرایە
زەوقی باپیر ئاغایە
لێ دەن لە تەپڵی شایە
شوکر وەبەر خولایە
مەکوژن سەید و مەلایە
قورعانیان دە سینگی دایە
هات، گەییە خاتوون باغێ
باپیر ئاغای قۆچاغێ
دەگەڵ خانی سابڵاغێ
سەیرێ کەیف و دەماغێ
چوو لە عەجەمی یاغێ
باپیر ئاغای خاڵ لە ڕوو
بە ڕۆژی سێ شەمۆ چوو

عامی خەڵقی چوو لە دوو
چاویان لێ کرد بە فەندی
هات، گەییە وەکیل کەندی
حەوسەد سواری لە ڕەندی
سبحەینێ چێشتەنگاوە
قاسیدیان دەگێڕاوە
چی ماوە دەنگیان داوە
قۆشەن نەبووە تەواوە
تەگبیریان لێ ڕۆناوە
سبحەی بەیانی داوە
هەر بزووت و نووسراوە
دوو عەشیرەتی ماوە
ئەغلەب ڕمب نەزەرییە
یەک لە سەتی کەم نییە
بزانن مەسڵەحەت چییە
بێ تیپی مەرنەکەنان؟
بۆیەی عالەم ڕاچەنان
بەعەقڵم ڕاچەنانە
مەقسوودیان گۆرانە
سولەیمان بەخۆ و بەبرانە
ڕایان کردە جلیتانە
مەسڵەحەتی هەموانە:
«بچین بۆ سەر عەجەمانە
ڕابەرن بداخانە
مەراغەی بکەین وێرانە

بێن ڕۆنیشین لێرانه
مودەبیر کاک سولەیمانه
چونکه گەورەی عێلانه
چ دەفەرمووی گیانه؟
ئێره دەبێ وێرانه؟
مارەیان بکەین ژنانه؟
ئێدی، چلۆنه سەوزیخانه؟»
«هۆی سولەیمانی خەزاڵی
نەوەی ڕۆستەمی زاڵی
حەوت قوببەی له مەتاڵی
پێم نەڵێن ئەتوو منداڵی
له جلیێ نەکرد خاڵێ
وەک هەوران به گەواڵی
دەکوژم ماڵ و تفاڵی،
درەنگه ڕێی مەکەن خاڵی».
گەییه ئەڵڵاهو ئەکبەری
لینگی دا پێش خانی بەموشتەری
دەڵێم: «خانه ئەتوو کوێندەری
نۆسەد سواری بەدەفتەری».
دەڵێم: «خانه! له ڕوحێم بوویه موشتەری
له بۆ مەراغێن بەری»
بۆ مەراغەی برده خوار
یا بینای پەروەردگار
بەزار خۆشه نۆسەد سوار
هەم روحمبەر و جەببار

ئیزرایل بوو جلۆدار
بۆ مەراغەی بردە خوار
بۆ مەراغەی ڕاکشان
ورشە ورشێ کەمبەران
بێنی میشک و عەنبەران
فەندی پەپاغ بەسەران
قەتن نابێ گوزەران
قەت ناتبێ گوزەرانە
عەجەم زۆر بێ ئیمانە
لێن تیک دەدەن مەکانە
سەرن دەبڕن لێرانە
خدر ئاغای نەوجووانە
چووە سەر خانی بەڕمبانە
«بابە لێ دەم ئەمانە»
باپیر دەڵێتن: «کاکە!
کەس ئەوێ مەسڵەحەتێ ناکا
بەداغم دەگەڵ پاکە
هیچ دەهۆیەن لێ نەکا
تەگبیران بکەین چاکە
جێگاکەن زۆر غەمناکە
عەجەم یەکجار هیلاکە»
«عەجەم هیلاک و زۆرزانە»
چووە سەر جانی بەڕمبانە،
دەڵێ: «بابە لێ دەم ئامانە»
بانگم وەبەر پادشای لە ژوور!

خانی ناردنی دوور بەدوور
بڵباس هاتن بە جەمبوور
ڕانک ڕەشی چەکمە سوور
خان ناردنی بەحوجەتە
بڵباسان تالحە و بەختە
بەسی ڕەختی دە زەردا
کاکەڕەشی نامەردا
هاتە خوارێ لەسەردا
ئیمانی پێ بوو هەردا
مەنگوڕی دە ڕمب جۆلانە
چاویان کەوت بەزێڕانە
وەژوور کەوتن یەکانە
چەند شیوی پڕ دەرمانە
چەندی شیشە و شەڕابە
عەجەم بوون بە جەللابە
موکری بوون بە قەسسابە
هیچ کەس وا لێ دەرنابا
چلۆن دەبێ ئەو حیسابە
هەمووی مەستی شەرابە
وای لێ دەرنابا کەسە
خالەق! تۆی فەریادرەسە
مەرگە بە هەرەوەزە
بداخان لێی بوو قەزا
ڕێکی دەدەان بەخەزا
تایفەی خان باپیری

ڕێکی دەدان بە شیری
بوو بە خانەبگیری
ئیسلام قڕبوو بە شیری
بە شیری قڕبوو ئیسلام
تێیان دابوو قەتڵ و عام
قەتڵ و عامیان تێدابوو
سولەیمان بەخۆ و بەبران بوو
سولەیمان بەخۆ و بەبرانە
دەردەچوو لە دەربانە
ئەگەر لە دەربان دەرچوو
چوار پێنجی کەوتە دوو
خەلاس بوونی بۆ نەبوو
بۆی نەبوو خەلاس بوونە
لەو کافری دە مەلعوونە
بەو ڕمبی دە سێ سوونە
بە داسی کەرەنتوونە
هەروەک گەنمیان دەدروونە.
هەروەک گەنم و سواڵە
دە خوێنیدا شەلاڵە
بڵباس حاڵت بێ حاڵە
لەولای بێ شێرە خڕە
تۆپیان لێ دا بەگوڕە
حەوتی لێ بوون بەوڕە
دەنگی لە عەرزێ بڕا
ئافەریم وەستای خەڕات

دەست بەخەنجەرێ دەدات
حەوت ماڵی کردن بەرباد
وەستا عوزێری هەندوو
خەنجەری شام و تەشوو
لەبەر گەڕەکێ داچوو
یەکی لێ خەلاس نەبوو
هۆیە وەستا عوزێری
حەوت ماڵ بەوەجاغ کوێری
هەر یەکێکیان دەبوێری
ئاویتی جەزاییێری،
دابووی لە تەپڵی سەری
ئەویشی کرد بێ بەری
کوا مەرزینگ؟ کوا ئۆمەربل؟
شۆڕە لاوی شل و مل و
لە کۆڵانان بوونە جل
بوونە جل لە کۆڵانان
لەشی دەوان نەوجوونان
کەوتبوون لە کۆڵانان
لە کۆڵان و کەناران
لەشی دە شۆڕەسواران
وەک بژانگی دە داران
سەریان گەییە حەساران
لە حەساری دەوا گرد
لە بڵباسی دەوا خورت
لەش و کەلەش بوونە پرد

عەجەم بەسەردا ڕابرد

هەرکەس میوانی خۆی کوشت. بە دەهۆڵ و زوڕنا هاتنە سەر باپیر ئاغای جا باپیر ئاغا لە بداخانی پرسی:

«لە باپیر ئاغای جندییە
لە بداخانی پرسییە
خان، ئەو قوولە قوولە چییە؟»
دەڵێ: «باپیری شۆگاییە!
ئەوە دەهۆڵ و زوڕنا و شاییە
ئەوە پیشەی ترکییە
زەوقە لە بۆ خەلقییە»
ڕۆژێکی لە ڕۆژئاوایە
خان باپیر لە سەرایە
ئاوری تۆپخانەیان دایە
زەلیل باپیر ئاغایە
لێرەی هیچ بۆ پێک نایە
خدری شۆڕیان هەڵێناوە
لەپێش بابی ڕاگیراوە
حەمەسوور بەچەلەنگی
هەڵیان ئەشکاوتە سینگی
کوڕ لەسەر سینگی بابی
لێیاندا بە جەللابی
توو قەت موسڵمان نابی
سبحەینێ ئەلەسەحەر
کوێت و بۆز و سەقەر
لە خاویان هێنادەر

لێی کەن زینی موحتەبەر، توندی بکێشن تەنگەوبەر
پێی نا لە ڕکێف کەوتە سەر
سوار ببێ پەپاغ بەسەر!
پەپاغ بەسەو سوار بێ
خێڵی فەقیر هەژار بێ
موکری هەروا داغدار بێ
هەر هاوار و لێدان بێ
هەر هاوار و لێدانە
بێ سەردار و خێزانە
دەڵێی: مەڕی بێ شوانە
پەخش بوون لە زەویانە
دۆلابی بەگزادانە
سەرکردەی موکریانە
خراب بوون ئەو کارانە
بەقڕی دان موسڵمانە
یەکیان نەمان ئەوانە
هومێد بوداغ سوڵتانە
قبووڵ نەکا لەوانە
بۆچ بێ دینی غەیانە؟
وای کرد بۆ عەجەمانە
پێیان نەکا موتمانە
غەلیزن ئەو سەگانە
نەمرە ئەو بداخانە
ناترسێ لە گۆڕخانە
چییان کرد بوو بەستەزمانە؟

ماڵی خۆی کرد وێرانە،
کەسی نەهێشت لە عێلانە
ڕەببی سەدجار شوکرانە
چونکە پێشکار شەیتانە
دەست هەڵگرێ لەو کارانە
هات و گەییە کارێزێ
منداڵی پڕ بەئامێزێ
ئێخسیر چوونە تەورێزێ
هات و گەییە دریازێ
مەحبووبیان بژارد لە ڕێزێ
هاتە خوار لە لاچینی
لەت بێ لەنێوی زینی
لە بلّباس، بەقینی
برایم ئاغابێ لەسەردا
تاقە سوارەی بێ گەردە
خێزانێ دێکدی وەردا
دێکدی وەردا خێزانە
حەسەنی بەکر ئاغایە
مێردە ڕۆژی تەنگانە
بەری هەڵنەدا گۆرانە
مەلا ڕەسووڵ بێ فەڕە
دەپێش بداغی گەڕا:
«خانە! بەسی بێ ئەو شەڕە!
ئیسلام هەمووی وەرگەڕا.»
ئیسلام پاک وەرگەڕاوە

هەتا سێلمێی هەڵناوە
تا سێلم و بەیتاسی
ئێخسیر بەسێ عەبباسی
بەسێ عەبباسی ئێخسیر
زینی ڕۆمیان و بارگیر
لەسەری بوو ڕەمب و شیر
بداخانی جیهانگیر
بداخان بوو لەدوایی
هەزار مەڕی شۆگایی
هەر هەرزانە، خۆڕایی
دەیاندا مەڕ و شایی
بزنێک بێنێ دوو کارە
لە مووی بکرێ دەوارە
بەهای بزنێم دوو پارە
هەزار گای بێ جووت بەندە
قیمەتی گای خولاّبەندە
بڵباسان کاریان گەندە
لە بڵباسی گرد و مرد
خزمەتی خانیان نەکرد
بۆیە بەدیان بۆ ڕابرد
خان عەرزی شای لەوان کرد
بۆیەیان تەگبیر لێ کرد
خان گوتی: «خزمەت بەگەرمێنیان کرد».
بۆیە پاکی برد قڕی کرد
قڕی کرد لە زەمانی

بنۆڕنە تەگبیری خانی
وا گوزەران دەزانی
ئەمینی دەوڵەتانی
بڵباس زۆر بەستەزمانی
خزمەتوو نەکرد بەخانی
بۆخۆو پەیداکرد غەیانی
تایفەی بوداغ سوڵتانی
لەکن پادشای ڕەوانی
مەنگوڕ زۆر بەستەزمانی
بەستەزمانی بێ شومار
نەیاندا خەرج و بێگار
خانیان لێ بوو دەعواکار
هاتنە پێش پیادە و سوار:
«ماڵیاتی نادەین چ جار».
وای گوت باپیری نازدار:
«بۆخۆم دەبمە حاکمی شار
خانی دەردەکەم ئەوجار
خانی دەردەکەم یەقین
بۆخۆم دەبمە جێنشین
دەڵێم بەگزادە چ نین».
ئەگەر ئەو قسە هات، ڕابرد
خان ڕۆنیشت تەگبیری کرد
قسەی خۆیان پاک یەک کرد
عەرزی پادشایان دەکرد
پادشا لەوانی قبووڵ کرد

بداخانی گرد و خورد
مانگێکی دی سەبری کرد
پاک مەنگوڕی وەخرٍ کرد
سەرتاپای خەڵات دەکرد
بداخان گوتی: «بمێنم
باپیر ئەمنت دەزبێنم
سابڵاغێت بۆ دەستێنم
باپیر مەبە ئینتیزار
دەبێ ببیە حاکمی شار
لەبەرم هەیە یەک کار
کارم هەیە لەوێندەرێ
جارێ دەنێرم چەپەرێ
چەپەرێکی بەڕەوان
بۆ کن پادشای بەدل و جان
مەراغەی بکەم وێران
پادشای دەکەم بێ خودان
بۆخۆت ببە ئاغای هەمووان».
لە مەنگوڕی گرد و مرد
قسەی خانیان قبووڵ کرد
بە حەوتوێکی پاکی وەخرٍ کرد
بە سابڵاغێ تەگبیر کرد
گوێو لەمن بێ گەلی جەماعەتێ
کەس بە بەگزادان هەڵنەخەڵەتێ

***

بەیتی عەبدوڕەحمان پاشای بەبە

خالەق! هەر ئەتووی قادر
ڕەببی! هەر ئەتووی قادر
چەند باقی و چەند نادر
تۆی عەرز و ئاسمان ڕاگر
هەشتێ هەزار عالەمە، بێشکە وەڵلاھ زیاتر
ئەمنیش یەکم لەوان عالەمان، خۆ دەگرم لە هەمووان کەمتر
سەجدەی شوکرێم لەسەر بوو، نەتخووڵقاندم بەکافر
(لا اله الا الله» سەد هەزار جار شوکر
تۆی ئەووەڵ و تۆی ئاخر
تۆی باتین و تۆی زاهیر
چەند باران و چەند بەفر
چەند ڕووبار و چەند بەحر
چەند ئاسمان و چەند هەور
چەند بەهەشت و چەند ئاور
چەند قۆشەن و چەند لەشکر
چی توو پێت ببێ ئەمر
نەشبێتن دەیکەی حازر
حازر دەکەی بەڕەوانی
ڕەببی هەر تۆی تەن سوبحانی
خالقی کوللی شەیئانی
مالکی بەحر و بەڕیانی
عالم و خەبیری هەمووانی
تەوفیق دەری، موستەعانی

ئەزم (عەلی بەردەشانی)
دە بەندێم نەکەی زبانی
بەیتێ دەڵێم بە دیوانی
مەدحی پاشای کوردستانی
مەدحی پاشای کامیان باشە
شایەد ڕۆم و قزڵباشە
هەرجارێ شیری دەکێشا
هەمووی دەهاتنە تەماشا
عالەم ئاڵایە چاوەشە
مەردە عەبدوڕەحمان پاشا
پاشای بەبان جیهانگیری
وەک ڕۆستەمی زاڵی پیری
تەحا بە ڕا و تەگبیری
ڕاناوێرێ بەڕەزیلی:
«ناکەم خزمەتی وەزیری
نانی دەستێنم بەشیری
بەشیری نەبێ پێک نایە».
دەوڵەت نایەتە ڕەدایە
ناچمە سەفەری لەحسایە
یاغی دەبم لە بەغدایە
یاغی دەبم ئینشائەڵڵاهـ
خزمەتی ناکەم وەڵلاهـ
ئافەریم بارەکەڵلاهـ
تەوەککەل تەعالەڵلاهـ
هە کوڕە بەبەینە هەللاهـ

بەبە هاتن بەلێمشت(*)
لە غیرەتێیان بەست پشت
دەستی لە بەغدایە شوشت
حەمەد پاشای کۆیی کوشت
کوشتنی بە چ قەرار بوو؟
پاشای بەبان سەردار بوو
سەد وەک وی خزمەتکار بوو
دە حاڵی خۆیدا شۆفار بوو
خزمەتی پاشای پێ عار بوو
بێ تالعی لە ملان بار بوو
تالعی پاشای دیار بوو
پاشا کردیە گوفتوگۆیی،
لەگەڵ تۆ محەممەد کۆیی:
«حەزم کرد هاتی و نەڕۆیی
زۆرم حەز کرد میری سۆران
دووزمانی وەکوو گۆران
بە ئەقڵ هاتوویە نۆران
بێ کەسی دوژمنی زۆران
ئەوجار لێی دەن بە ساتۆران»
ساتۆر دەبان ڕەنگ شمشێری
دەست و باهوو حەملەی شێری
وای گوتوە شیعری شایێری
یاڵلاهـ پاشا گوێم بدێرێ
کە فرسەت هات، قەت نەیبوێرێ

(*) لێشاو، لافاو.

مەرد هەر خۆی بە ئەڵلاهـ دەسپێرێ
هەر ئەڵلایە و ساحیب سوڕە
وەدەست کەوت بەبێ قرِە
پشتیان شکان، زگی درِا
لە سایەی توو ڕیشی برِا
لێک سوار بوون کورِە کورِە
لەردوو(*) ئوردوان بوو بە چرِە.
بوو بە چرِە و سەلاوات
قووەقووە، هاتەهات
هەر خێوەتن بێ قەلات
هەی دەستی بێ دەستەلات
کۆیی گیران کێ هەلات؟
لەوان کۆیی دە بەدبەخت
خەلاس ناکەن ڕووحی سەخت
کەلەپوور و ماڵی نەغد
ئەسپ و ئێستر ڕێشمە و ڕەخت
وەرگیرا نەغد بەنەغد
وەرگیرا بە قەتارەوە
بە ئاڵتوون و دینارەوە
بە ئاغا و خزمەتکارەوە
پاشای بەخشین بە بارەوە
چی پێ بەخشین پێی بوون غەنی
پاشا سواربوو بۆ مەوتەنی
مەتاڵ لە گوێی کەرگەدەنی

(*) لە هەردوو.

هات، گەییيە قەرەحەسەنی
ئەسەح یاغییە پێدەکەنی
لە پێکەنینی سەرداری
چڕەچڕی کۆچ و باری
هەڵگیرا ڕێیە ڕێبواری
لە جحێڵ تا هەرزەکاری
هەر لە پیر تا ئیختیاری
هەرچی دەستی بگرێ داری
دونیا دەبوو شەوی تاری
خوێن لە سامی سۆران باری
خوێن باری لە سامی سۆر
هەر لە نیزیک هەر تا دوور
پاشای بەبان قڕان قڕان
بوو بەسەری سەر ئەسکەران
سوێندی خوارد بە پێغەمبەران:
«لە بۆ شای دەنێرم سەران
سەری ئەوغان و قەجەران».
سرکە سرک بوو لە مووندەران[1].
قاسید هاتەوە بەموتلەق
قسەی کردن دەقاودەق:
وەزیرە وەک بەردی ڕەق
ئەو خەیانی موستەحقق
ڕەجایە ناگرم بەحەق
لەسەر زینم نەکەن شەق

(١) لە هەموو هەندەران، لە هەموو جێیان.

بەغدایەم پێ نەکەن لەق».
شای کە ئەو قسەی پێ دەزانی
هەڵدەستا بۆ سەر چۆکانی
هەردووک دەستی دان لە ڕانی:
«پاشای دەگەڵ سەلیم خانی
دەنێرمەوە کوردستانی
لە کوردستانی باخێوی
لە بەغدایە سەر ببزێوێ
ئێران و تووران بشێوێ
هەرچی لێو دابنێ لەسەر لێوێ
نەرمی دەکەم وەکوو مێوێ
دەری داوێم لەوێ نێوێ
دەری داوێم بە عەجەمان
بە هەوشار و موغەددەمان».
پەیدابوو سەدای زەمزەمان
لەبەر دەنگی زیل و بەمان
شێر هەڵاتن لە گوێ چەمان
نەهەنگ دە بەحراندا نەمان
شا خۆش بێ نەکێشێ غەمان
ڕاهی بێ، چ قسە نەمان
ڕاهی بێ دەگەڵ ئالایە
لێرە بڕوا تا بەغدایە...

***

بەیتی عەلی عاشق

مەجلیسی ئاشقان گیراوە
ساقی لەنێو ڕاوەستاوە
پیاڵەی عیشق نۆش کراوە
«بەخێر هاتی پەریزادە
بەخێر هاتی
بەسەر چاوی دە من هاتی
بەچیم زانی کە تۆ هاتی؟
بەدەنگی تۆق و خرخاڵان»
«عەلی عاشق! ئەگەر عیشقت زوبانی بێ
سەد جار عەمرت زوو فانی بێ»
حەیفە ئیخلاس پەنهانی بێ
مەلازادە بەخێر هاتی
موتریب! لێ دە بینای سازت
بەختت سووتێ لە بۆ نازت
جووتێ ساقی سەر بەزێڕن
مەی لە مەیخانان دەگێڕن
ئاشقان لە دین وەردەگێڕن
قوربانت بم ئەی بای وادە
تارا لەسەر لەیلم لادە
بەدەستووری حاکم زادە
مەجنوون بۆ یەکێ دەردەدار بوو
بەتیری ئیشق گرفتار بوو
چونکە لەیلێ وەفادار بوو

عەزیزی من بەخێر هاتی
مەجنوونەکەی لە کێوانم
دایم دڵ پڕ لە هیجرانم
بۆ خاڵی لەیل پەریشانم
خۆزگەم بەفەرهادی چینی
خەریکە لە سەنگ تاشینی
ئەویش بۆ ئیشقی شیرینی
قوربانت بم شەماڵ وەرە
ئەو کاغەزەم لە بۆ بەرە
بیدە بەدەستی دلبەرە
ساقیم دەوێ شەڕاب بێنێ
عەکسی خۆی تێدا بنوێنێ
ئنالیلای لێ بخوێنێ
بەو چاوە گیانم دەستێنێ

***

ورده مەقام

١

فەسڵێک دەخوێنن یاسینم
لەیلام بێتە ژوور سەرینم:
«کوێت دێشی، دیدەی شیرینم؟»

٢

توو خوڵا! لەیلا، وەرە کنم
بەدڵ ئازا بکە گەردنم
نیزیکە ڕۆژی مردنم

٣

یا خوڵا هەروا گەرد و تۆز بێ
دەسرۆکەی لە ملان ئاڵۆز بێ
لەیلا جێژنت لێ پیرۆز بێ

٤

قوربانت بم ئەی بای شەوێ
کە جارجار وە ڕووت دەکەوێ
پێی خۆش دەبێ ماچی شەوێ

٥

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەی پڕ خەیاڵی من
ئالەم سووتا بەناڵەی من

٦

قوربانت بم ئەی بولبولە
دەم لەسەر خونچان هەڵگرە
سیست کردن ماڵە کاولە

٧

ئەتوو وا دەڕۆی بە نارەزای دڵ

خوڵات دەگەڵ بێ مەنزڵ، بەمەنزڵ

٨

ئەگەر بەبێ توو سەر وەسەرین کەم

دوو ڕۆژ پێ نەچێ دەس بەناڵین کەم

٩

دەترسم بمرم دنیای زۆر مابێ

بەدکاری بێ پیر بە لەیلام شا بێ

١٠

بالا بەو بەرزی قەد بەو باریکی

ئەستێرەی سوهەیل کەوتە تاریکی

١١

موژەت نیزام و سەر عەسکەر

لەسەر چاوان بەستیان لەنگەر

لنگیان دامێ دەستە و خەنجەر

١٢

چاوت ئەستێرەکەی ڕۆژێ

هەڵدێ دەگەڵ گەلاوێژێ

قەستیە بە نازان بمکوژێ

١٣

چاوت ئەستێرەی هۆبەتوو

نە درەنگ هەڵدێ گیانە نە زوو

لەیلێ ڕۆیی مەجنوون لە دوو

١٤

چاوت ئەستێرەی سەحەری
هەڵدێ لە بێژینگ بەسەری
کوشتمی قەتارەکەی سەری

١٥

چاوت ڕەشە، دەگەڵ برۆت
بەو خاڵەی کەم، دەورەی لێموت
دایکت ماچ کەم، یانە بۆخۆت

***

مەم و زین

کاکە مەم نۆکەری میری ڕەواندز بوو. خاتووزین خوشکی میری ڕەواندز بوو. کاکە مەم دڵی لێ چوو؛ ئاشق بوو لە خاتووزین. میر مەم ئاغای نەخۆش کەوت؛ پێنج ساڵ تەواو. کاکە مەم ئاغای بەکۆڵ گێڕا. لە دوای ئەم پێنج ساڵە شەرتی کرد کە خوشکی خۆی بداتێ. پیاو ماقووڵان جەم بوون قبووڵیان نەکرد. ئاقیبەت زین و مەم ئاشق بوون بە یەکتر. خاتووزین کاسەی ئاوی دا بە کاکە مەم. میر پێی زانی. زستان بوو حوکمی کرد: «ئەسپێکم بۆ بێنن، کاکە مەمی سوارکەن، وە گۆزەی ئاوی پیا بکەن با بیبەستێ. دەری کەن با بڕوا بۆخۆی؛ دەریان کرد. بەو شەوە ڕۆیی بەنێو بەفر و سەرما تا نیزیک بەیانی داغل بە شاری کۆیە بوو. ئەسپەکەی بەڵەد بوو، لەبەر دەراوزەی میری ڕاوەستا؛ حیلاندی. میر بەخەبەر بوو. بانگی کردە غولامان دەروازەی بکەنەوە بزانن ئەوە کێیە؟ کە چوون دەروازەیان کردەوە دایانبەزاند، هاوردیانە[1] ژوورەوە. میر کە تەماشای کرد هەموو گیانی بەستووگیە[2].

لێی پرسی گوتی: «چی کردووە بەم شەوە ساردە توویان دەرکردووە؟» عەرزی کرد: «لە بری چاکەی کە لەگەڵ برای تووم کرد. ئەمە جەزای بوو». میری کۆیە گوتی: «سبەیانێ سەد سوار دەنێرم خاتووزینت بەزۆر بۆ بێننە ئێرە». زۆر حەمدی خودای کرد.

بەیت

جوابێ بنێرن بۆ شەمزینان
سواربن لە ئەسپ و زینان
بۆ شەوقی مەم و زینان
جانان! بکەین تەگبیر و ڕایە
جوابێ بنێرن بۆ زازایە

---

(١)، (٢) وشەی (هاوردیان) و (بەستووگیە) بەشێوەی ئەرەدەڵانییە(؟).

سواربن لەبۆ ئەم سەفایە
دڵم دەڵێی بەحری وانە
لەنگەریان تێ بەردان گەمیەوانە
جوابێ بنێرن بۆ باڵەکان
سواربن لە کوێت و هەڵەشان
لە بۆ سەفای کیژ چاو ڕەشان
کوێستان لە من داغان داغان
سوورگوڵ پشکوت لە چوارباغان
کاکە زین و برالە زین و کیژە ڕێحانە
ئاورێکم بەربۆتەوە لە دەروونێ
نە بە بایە دەکوژێتەوە نە بە بارانێ
نە بە پاچ و پێمەڕان نە بە گڵ وەسەردانێ
نە بە شێخەسووری کریوە، نە بە چاکەسواری تاژیانێ
نە بە سەید ئەحمەدی ساوانێ
نە بە تیپی سوارانی کاولە حەریرێ
نە بە گوڵنگە و قویتاسەی کاری مووسڵێ

***

فەرهەنگۆک

ئامادەکردنی: شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد
ڕێکخستنەوەی بۆ چاپی دووەم: دەزگای ئاراس

(ئـ)

ئارەخ چن: ئارەق چن، کڵاو

ئازووخە: ئازووقە، تفاق

ئازیزە: ناوی مەقامێکی کوردییە

ئاسوودەیی: ڕەحەتی

ئاسەوار: شوێنەوار

ئاڵدووز: نەخشێندراو

ئافتاوە: مەسینە

ئانیشک وێ دان: خۆ هاویشتنە سەر ئانیشک

ئاور: ئاگر

ئاوردوو: سووتەمەنی، ئاردوو

ئاورگ: ئاگردان، وەجاخ، کوانوو

ئاوریشم دۆز: بە ئاوریشم دووراو

ئاو لە ئاوەڕۆ دەرکردن: لە حەد بەدەر خراپەکردن

ئاویتیانە: هاویشتیانە

ئایسان: هەڵگیرسان

ئامێز: باوەش

ئۆخژن: ئۆخەی، هەست بەخۆشی کردن

ئەبلە: گەمژە، گێل، بێ ئەقڵ

ئەرجوو: نیاز

ئەزمان: زمان

ئەستەم: زەحمەت، دژوار

ئەستۆخوار: ئەستۆکەچ، ملکەچ

ئەسرۆ: قۆچ

ئەشرەفی بەند: لیرەبەند

ئەمەگ: وەفا

ئەنجەت: بیانوو، بەهانە

ئەندەروون: حەرەم، ژوورەوە

ئەنقاب: پایە و ناونیشان

ئەنعام: چاکە

ئەنگوان: لێدران، پێکران

ئەنگۆ: ئێوە

ئەنگۆرە: سەرەتای تاریکاییی شەو

ئیختیبار: لەجیاتی (اعتبار) هاتووە

ئیرات: هەڕات، هیرات

ئیرەوان: یەریڤان، ڕەوان

ئیکلام: تەمەنناکێشان

ئیلاقە: لاقە

ئیشک: وشک

ئینکەبەری: نەسەلماندن، ئینکاری، کەبەری

ئینگۆ: ئێوە

ئێخ: یەخە، ئەستۆ

ئێشک ئاغاسی: گەورە ئێشکچیان

ئێل: عێل

ئێڵچی: باڵیۆز

ئێڵچی گەری: قاسدی

(ب)

باب نۆکەر: گەورە نۆکەر

باخێوی: باژوێ، لێ خوڕی

باراندێز: دێیەکە نیزیک ورمێ (رەضائیە)

باڕێزە: ئەو بارانەی کە بە با بباریٚ

بازن و باج: سەرانە

باشووک: باشق (باڵندەیەکە)

بالیمز: جۆرە تۆپێکە

بانگ یەڵە: بانگ بکە

بایاقوب: شەخسێکە لە موکریان

براز سروشت: بەرازخوو

برک: لاکەلەکە، خاڵگە

برین هێنان: برینداربوون، زامداربوون

بڕ: بڕێ، هەندێ، کەمێ

بڕۆ: تالان (تالان و بڕۆ)

بزگوڕ: شتومەک، شمەک، کەلوپەل

بزورگینە: گەورەکان

بژوێن: جێگایەکی بەگیاوگۆڵ

بسک: زلف

بلوێر ئەنگێو: بلوێرژەن، بلوێرلێدەر

بلەوەز: هەوەسباز

بلا: با

بناو و مەراغە: دوو شارن لە ئازربایجانی خاوەر

بنبڕی: لەبنەوە ئیشکردن، بەنهێنی کاری خراپکرن

بنپشک: ئەو کچەی کە بۆ ژن بەژنێ دادەندرێ

بن پانک: بن ڕەشماڵ.

بورجی بەڵەک: کۆشکی مەم

بوزلق: سەهۆڵخانە

بۆران: کرێوە

بوودرِ: لەغەم

بوورە: ئەو زەوییەی دەست لە کێلانی هەڵگیراوە.

بەئاس و پەلاسدا چوو: خۆی ڕنیەوە و جلوبەرگی خۆی دڕی بۆ پاکانەی خۆی

بەبەخت چوون: لەسەر بەختی یەکێک بەرەو کارێک چوون

بەتڵ: بەتلێک لە شەو- ماوەیەک لە شەو

بەتلاندن: بەتەلاقدان

بەرخەل: بەرخەکان

بەرخەل چێشتاودان: بەرخ تێبەردان بۆ شیر مژین

بەرخ فرچکدان: یەکەم ژەک بەبەرخدان. ژەکیش ئەو شیرە خەستەیە کە لە گوانی ئاژەڵی ئاوسدا لەسەروبەری زایندا پەیدا دەبێ و لەجیاتی ماست دەبێتە فرۆ.

بەرماو: پاشماوەی خواردن و خواردنەوە

بەرۆک: یەخەی سەرسینگ، پێسیر

بەرکۆژ: دوگمە و قەیتان

بەرپە: دەشت، سەحرا

بەقاکردن: باوەڕکردن

بەگلەر: بەگەکان

بەلەک: نێوان گوێزینگ و ڕەفیسک

بەعی: بایەخ

بەشقی: بەعەشقی

بەشکەم: بەڵکو

بەهاربەند: حەسارێکی ئاخوڕی تێدا بێ بۆ ولاغی بەرزە

بەیار: ئەرزی نەکێڵدراو
بـەیانــی بــەردان: ڕووناکـی پـەیدابـوون، دوای شەبەق
بەندەشـــــیـــــر: ئەو بـەنـدەی شـــــیـــــری پـێ هەڵدەواسرێ، یا لە مل دەکرێ
بیابان: دەشتی بێ ئاو و گیا
بیروون کردن: دەرکردن
بیلن: ئاگادار (تورکییە)
بیوردار: بریندار، دەردەدار
بینای چاوان: کینایەیە لە خوا
بێ ئەنوا: هەژار، لێقەوماو، بێ پەنا
بێ خودان: بێ ساحێب
بێ سامان: ترسناک
بێ سەلا: لێقەوماو
بێشوە: گوندی بێژوەی نێزیک سەردەشت
بێنەبێنە: هەڕمێن، قەڵەباڵغی
بێ نێــوبڕ: بێ پشــوو، بێ وچان، ســەرەمــڕ، سەرومڕ

(پ)

پاردە: وارش، شوورە
پاکار: بەردەستی کوێخا
پاکەت: زەرفی کاغەز
پلیکان: پەیژە
پاشبەند: بەندی پاشەوە
پانکە: گۆڕاییی لە قەدی چیا
پانێر، پارێن: گوێلکە نێری ساڵەوەختە
پانیە: پاژنە
پای حساب: ژێر حیساب
پاپە: پەڵپ، بەهانە، بیانوو
پشت ڕەق: لە کار وەڕەزبوون
پندر: کزر، نزیک بەوشکبوون
پەپاغ: کڵاوی ترکان
پەتوور: شڕ، دڕاو
پەرچ: لەمپەر، کۆسپ
پەزەوان: مەڕەوان، شوان
پەستە: پەستەک
پەسیوو: پەنا
پەنها: پەنا، پشتیوان، نوا
پیاوە: پیادە
پێ دزیلکە: خۆدزینەوە
پێ دەشت: دەشتایی، داوێنی کێو
پێشبەند: بەندی پێشەوە
پێشکار: ڕابەر
پێکۆڵ:: سمکۆڵ
پێمەرد: عزرائیل
پێناودار: ئۆباڵ لە ئەستۆ
پۆست: پۆستە، چەپەر

(ت)

تابیان نەهێنا: هێزیان لێ بڕا
تاتا: داو داو
تاتەشوار: بەردێ کە مردووی لەسەر دەشۆرێ
تاراج: تاڵان
تاژی چێ: تاژی خێرا و شارەزای ڕاو
تاعلقە: تەعەللوق (تعلق)
تان: توانج
تانووت: هاندان، دنەدان
ترۆپک: پۆپە، دوند
ترەختان: بەپەلە

ترۆ: خوێڕی

توێژ: توێژاڵ

توور: توورەکە

تووک: نفرین، نزا

تەپڵی باز: ئەو تەپڵەی کە بۆ بەرێکەوتنی لەشکر لێ دەدرێ

تەرخان: ڕێ پێدراو، مەرەخەس

تەڕلان: بازی تەڕلان، واتە بازی پەسند

تەڕدەس: خێرا

تەرک: ئەو جێگەی ولاغی کە پاشکۆ و هەگبەی بەسەردا شۆڕ دەکرێتەوە

تەسیح کێشان: ئەرک کێشان

تەکەڵتوو: ئەو لبادەی بە ڕووی ژێرەوەی زیندا دەدروێ

تەماڵ: ئەو کەروێشکەیە لەلانێدا کەوتووە و ڕاوکەر دیاردیی لێ دەکا

تەنەخی: کار وەدواخستن، ئیش پشتگوێ خستن

تەوار: جسنە بازێکە

تەیار: ساز و ئامادە، پەرداخ

تیپ: دەستە، پۆل

تیتۆڵ: پەڕۆ، شڕە

تێگیراوی: ئیحتیاج

تێلتاوس: پەڕی تاوس

تۆڕ: شەبەکەی ڕاوە ماسی و ڕاوە مەل

توڵەی فینۆ: جۆرە توولەیەکە

(ج)

جاڵەبوونەوە: بەرەو خواربوونەوە، گلۆربوونەوە

جانماز: بەرماڵ

جلیت: تەقڵە، جریدبازی

جندی: ئازا، بەشەرەف، بەئەسڵ، ڕەسەن

جەللاب: (جلاد) عەرەبییە

جەم: ژەم، نۆرەی خواردن

جەمجا: جەم مەقام

جەمماش: دەندووک قولابی

جیفڕک: هەڵتیزان، جووتە هاویشتن

جووت ددان: دوو شیلە

جیهەت: سەبەب

(چ)

چاپەز: ئەو نۆکەرەیە کە سەروبەری چا لێنان و چا تێکردن دەکا لە دیوەخانان

چاوبەنگی: چاومەست

چاولێکردن: بەچاو ئیشارەتکردن

چرژ: قەڵشت

چغور: چرووپڕ و نغورد

چغە: ڕگە، چقە، جوققە، سەرتانج

چل کەوان: شاخێکە لە کێوی دمدم

چلوان: چل ڕۆژەی منداڵ

چلوو: چلە

چۆم: زێ

چەپەر: پۆستەچی

چەل: جار، چەند چەلان: چەند جاران

چەلەنگ: جوان

چەرخی داوەت: داوەتگێڕ

چەلاندن: چەراندن، چێراندن، لەوەڕاندن

چەمبەرە: شینی ژنان بەدەورە

چێشتاودان: ئاوەدانی بەرخ و مەڕ لە وەختی چێشتەنگاودا

چێشته: چۆیلەکە، چەک

چێـودار: ئەو کـەسـەی زیندەمـاڵ دەکـڕێ و دەفرۆشێ

چوو: جگ. کلک لەسـەر چووان: واتە کلک لەسەر جگی قاچی

چوار کۆڵاغە: چوارپێچکە

(ح)

حاشا و مادوڵلا: ئینکارکردن

حەجمین: ئۆقرەگرتن، هەدادان

حەمایەت کردن: کەوی کردن

حەوێزە: ئاوێزە، ئاوێزان، هەڵواسراو

حەیش: (عیش) خۆش گوزەرانی

حەمرێکم: عەمرەکەم

حودوود: حەداڵ، ئەسپ و مایینی ڕەسەن

(خ)

خاپوور: وێران

خاترجەمی: دڵنیایی

خاسەڕەنگ: دەرمانێکی سوورە

خاوڕیس: ئەو قوماشەی بەخاوی ڕسترابێ

خانەبگیری: تاڵان

خاو: دابەستنی وڵاغی یەکسم

خڕی بالین: ناوی جێگەیەکە

خەرج و بێگار:

– خەرج : سەرانە (پارە).

– بێگار: بەزۆر کارپێکردن.

خەرا: خراپ

خەرتەل: داڵی گەورە، گەپنەک داڵ

خەزایی: غازی

خەسیدە: خەساو

خەفەخان: وەڵاغی زۆر دابەستراو

خەواس: شارەزا

خواجە بێدار: ئاڵقەی دەرگە لێدان

خوانی زین: ئەوەندی لە زین کە سوار لەسەری دادەنیشێ

خوڵا: خودا

خونکار: سوڵتان

خـۆ بگنخـێنـین: تەمـبـەڵی بکەین، خـۆمـان بوەخرێنین

خۆ بواردن: خۆ پەنادان لە کار

خۆشخوان: دەنگخۆش

خێو: خوای ئەفسانەیی

(د)

دابین: تەئمین

داژواوە: دەئاژواوە، لێیان دەخوڕێ

داغان: بڵاوکردنەوە

دانزغ: دانزغی، ناوی چەکە

دانگەملکێک: شەشیەک

دانوو: دانوولە

داورین: خۆگرتنەوە، گیرسانەوە

داوەت: شایی

درووغ: درۆ

دڕدۆنگی: گومان لێ کردن

دڕوو: دڕک

دژوێن: چڵکن

دگدگ: جۆرێکە لە پۆشاکی شەڕ

دم: دەم

دمگۆ: شائعە

دوند: ترۆپک، پۆپ

دۆشەک و پاڵە: دۆشەک و بالیف
دەبدەب: هاتوبات
دەبڵا: دەبا
دەبۆتخانە: دەبۆی چەک
دەبە: زۆر گەورە
دەبەرڕاکردن: بەقەدڕاکردن
دەربار: بارەگای شایان
دەرمانداو: دەرمانخوارد
دەڕۆست: دەرەقەت
دەزبێن: ئەو پەتەی کە شوان، کاتێ دەنوێ لە دەستی خۆی و ملی مەڕی دەکا، مەبەست (پشتیوان)ە
دەستندە: کەم کەمە پارەدان بەخەڵک
دەستەوسان: دەسپاچە
دەستەونەزەر: دەست لەسەر سینگ
دەستڕۆک: پارچە قوماشێکی تەنکی ناسکە لە فێس و کڵاو دەئاڵێ
دەست لێ ساندن: بەسەردا زاڵبوون
دەسەرەوە نەچوون: لێ خۆش نەبوون
دەشتی مەحمەشە: دەشتێکە لە سندووسی موکریان
دەشقەم: بەڵکی
دەگرۆم: دەری دێنم
دەلاقە: ڕۆشنە
دەغەملێنێ: دەخەملێنێ
دەمەرقۆپان: پانتۆڵی شەڕ
دەوڵەت زیاد خواستن: ماڵئاوایی کردن
دیدارئاخرەتی: لەو دنیا یەکتر دیتنەوە
دێروژوان: بەدرەنگی هاتن
دیواندڕ: ئەو کەسەی دڕ بەدیوانان بدا واتە: بڵاویان بکاتەوە

(ر)

ڕابەزە: هەستە برۆ
ڕکێف: ئاوەزەنگی، زەنگوو
ڕستە: گوریسی ڕەشماڵ
ڕمێن: ڕەوا ج، برەو
ڕوانگە: ئەو جێگای لەوێڕا ڕاوکەر سەیری ڕاوگە دەکا
ڕۆقنایی چاو: ڕووناکیی چاو
ڕۆم (ڕۆمی): عوسمانلی
ڕۆهێشتن: شۆڕکردنەوە
ڕووبەند: پێچە، پەچە
ڕوواڵ: کوڕ، ڕۆڵە
ڕۆژهەڵکشان: ڕۆژ بەرزبوونەوە
ڕۆنان: دانان
ڕۆنیاساوی: بنی گیایەکە کە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن و ڕەنگێکی سووری بەردەوامی هەیە
ڕەپێشکەوتن: پێشکەوتن
ڕەخت: خشڵێکە لە سینگ و نێوچاوانی وڵاغی سواری دەدرێ
ڕەشەڕاو: ڕاوی ئەو ڕۆژانەی کە بەفری تێدا نابارێ (عارد ڕەشانگە)
ڕەشیشە: باڵندەیەکی ڕەشی چکولۆکەیە لە دەم ئاوان دەژی
ڕەشەگوێری: نەخۆشییەکی ڕەشە وڵاغە
ڕەڵم: ڕەمڵ
ڕەفیسکە: قوڵکەی ئەودیوی ئەژنۆ
ڕەگەڵ: لەگەڵ کەوتن
ڕەمانە: جێگەی گەیشتنەوەیەکی سمت و ڕان
ڕەند: جوان
ڕەموزن: جندۆکە، ونی، بەتێکڕایی مەخلووقاتی سەیر

ڕووساردی: شەرمەزاری
ڕنەک: قاشاویش، شانەی وەڵاغ
ڕیشتە: بەندی مەتاڵ
ڕێی گوزەران: ڕێی ژیان
ڕێژنە: ئاوی باران
ڕێسمە: گرێژەنەی دەرکە
ڕێسمە ماچ کردن: دەخالەت پێ کردن
ڕێشمە: ڕەشمە
ڕێنووس: ئیملا

(ز)

زارجوو: ئەوەندە بنێشتەی جارێک لە زار دەهاوێژرێ
زارک: دەرک، کون
زاف: دیق
زاوابەندی: ئەو زاوایەیە کە لەگەڵ ماڵی باوکی بووکدا دەژی (زاوا ڕێوی)
زندۆڵ: قەڵش
زویروزگار: تۆراو، زیز
زۆرهان: پیری پەککەوتە
زەرزا: عەشیرەتێکی کوردە
زەرگ: جۆرێکە لە چەک
زەماوەند: بەزم و شایی
زەمەند: گیای بەرز و پڕ
زەنوێر: سازگار، بەدەرامەت
زێرکفت: بەزێڕ نەخشاو
زێروەشان: زێڕ شاباش کردن
زێڕ و زەمبەر: خشڵ، زێوەر
زێو: زیو

(ژ)

ژێرلا: لە خوارەوەڕا
ژنانیشو: ژنانیشتان
ژوان: جێ بەڵێنی یەکتر دیتنی حەز لەیەک کردووان

(س)

ساچاخ: ڕیشوو
ساتۆر: قیمەکێش
سالووس: دووڕوو
ساڵدات: عەسکەر، سەربازی ڕووس
سامی ڕێ نیشت: ترسا، سامگرتی
سان: ڕاگرتنی لەشکر لە حاڵی ئامادەییدا
سانی: سانایی، ئاسانی
ستیزەکار: شەڕانی
سوبات: کاری گەورە
سوحبەت: گاڵتەوگەپ، خۆش ڕابواردن
سولق: سارداو
سۆدرە: فیتنە، گۆبەند
سوورباش: قزڵباش
سوێسن: گیایەکی گوڵدارە بەزۆر لە کوێستانان دەڕوێ گوڵی فرەڕەنگی هەیە
سەبوون: گڕە، بای گەرمی هاوینان
سەرترینجانێ: شەترنج
سەرڕەو: بەغار
سەر دە سوێ نان: سەرلە ئاسۆ نان، چاوەڕوانکردن
سەرفراز: سەربەرز، ئازاد
سەرەوێران: سەرشێواو
سەرینچاوە: سەرچاوە

سەفی: سەر کوێر
سەقر: باڵندەیەکی دڕە
سەلکە ڕێشمە: سەرکەلەی کە بە سەری وەڵاغەوە دەکرێ و پەتی ڕێشمەی تێ دەخرێ
سەلەلات: سەڵاوات
سەڵماس: شارێکە لە ئازەربایجان
سەودا: مامڵەت
سەوقات: دیاری
سەی: سەگ
سی: مەلێکی ئاوییە وەک قاز
سیپارە: نامیلکە
سیرمە: چەرمی باریک
سیوانکاری: مشتوماڵکردنی چەکی شەڕ
سێ سۆ: سێ سووچ
سێواز: شارێکی تورکیایە

(ش)

شاتر: تەتەر، پیادەی خۆشرۆی بیندرێژ
شتاق: چ تاک، هیچ تاک
شالوور: بلبل
شام: شێو، خواردنی شەو
شلکی: نەرمی
شمقار: تەیری ڕاوە
شۆفار: دووزمان
شۆگایی: جسنە مەڕێکە
شەقژن: شەقەی باڵان
شەقی: وێڵ
شەوڕاشکان: درەنگانی شەو
شەیپوور: بۆری مۆسیقا
شەشەکان: شەشەڵان، مانگی پاش ڕەمەزان
شیرمەشک: ئەو مەشکەی شیری تێ دەکرێ
شیری ئاگربار: شیرێکی تیژی جەوهەردار
شیلان: خوان
شینکی قەزوانی: وەڵاغی بۆرەی مەیلەو شین
شێو و کوڵ: خۆ شووشتن و جلوبەرگ شووشتن، کۆڵکانی
شوولوغ: شلۆق

(ع)

عالەم ئارای عەبباسی: کتێبێکی مێژووە کە ئەسکەندەر بەگی تورکمان بۆ شا عەباسی سەفەویی داناوە
عەبباسی: جۆرە پارەیەک بووە
عەقەقەی دە زینی: حەقەزین، ئەو تەمەنەی کە وڵاغە بەرزەی تێدا زین دەکرێ
عەمبەڵی: خوتخوتەدار
عوزرشۆر: بالیغەر، ڕەسیو

(غ)

غازی: خەزاکەر
غورزەم: گورزە، گوڕەم، پڕ بەباوەش
غوڵامانە: کاکۆڵ
غولغولە: هەراوهۆریا
غولوو: غەڵبەغەڵب
غەبات: خەبات

(ف)

فرسەق: فرسەخ، مەودایەکی دیاریکراو لە ڕێوبانان
فراوێتن: شەڕەجنێو بەشیعر
فیسقە: فندە گولە، مەلێکی زۆر بچووکە

(ق)

قاپێلک: قەپێلک

قاتوقڕ: نەبوونی و گرانی و نەهاتی

قاجار: زنجیرە پادشایەکی ئێران

قافلانتو: شوێنێکە نیزیک بەسەقز

قاقم: گیانلەبەرێکە کە کەوڵی بۆ پاڵتۆ دەبێ

قاقەزی مەرجانی: قاقەزی تەنک

قالوبەلا: قیامەت

قاڵنی: جۆرە عارەبانەیەکە

قامک: پەنجە، ئەنگوست

قاوەڵتوون: نانی پێش نیوەڕۆ

قڕان: قڕکردن

قران: پارەیەکی کەم نرخە

قزڵباش: عەسکەری سەفەوییەکان

قوتار: ڕزگار

قولینچک: سووچ، چمک، گۆشە

قورینگ: باڵندەیەکی ئاوییە وەک قاز

قوڵەبارگین: بارگینی کلک کورت

قوڵە بڕە: یاڵ کورت

قۆرچی: پاسەوان

قۆشە: قرۆش

قۆشەن: لەشکر

قۆڵچاغ: لوولە ئاسنێکە شەڕکەر لە قۆڵ و باسکی دەکرد لە شەڕدا

قۆڵ کێشان: تەسدیق کردن

قەدارە: قەمەیەکی کورت، جۆرێکە لە تیغ

قەرار و مەدار: بڕیار

قەرەواش: خزمەتکاری ژن

قەللاش: فێڵباز

قەلەندەر: هەژار

قەلێدە: قەڕیتەی ملی تاژی

قەڵپووز: بەشی پێشەوەی زین

قەڵتاغ: خانەی زین، داری زین

قەوغا: پڕ و قەڵەباڵغ

قەننەدار: خزمەتکارێک بوو کە قەننەی بۆ ئاغای تێ دەکرد

(ک)

کارامە: کار لە دەست هاتوو، شارەزا

کامڕەوا: بەئاوات گەیشتوو

کاو: ژان، ئێش

کاو: مراد. کاو و مراد: نیاز، ئارەزوو

کشمیرد: کشمیر

کلتوور: کلدان

کلوور: نیو ملیۆن

کلّ: پایە، پایگەی پرد

کوشتەری: ئامرازێکی دارتاشییە

کۆ بەکۆ: کووچە بە کووچە، کۆڵان بە کۆڵان

کۆنگرە: قوتکەی شوورەی قەلا

کۆتان: گەوەڕێکی سەرئاواڵە کە بەقامیش یا شووڵ دروست کرابێ

کۆلاو: جوان، شۆخوشەنگ

کۆم: کۆمەڵ

کووچە: کۆڵان

کوێخادەرک: دەرکەوان

کەپۆ: لووت

کەرەنتوو: دەسکە داسی درێژ

کەرێزکەن: کارێز هەڵکەن

کەڕک: کەپەنەک

کەزی: پەلک، ئۆرک، پرچی هۆنراوە
کەسک: سەوز
کەسیرە: لە سەرمان سڕبوون
کەڵەوەکێشی: سەرکێشی
کەمایەسی: کەمایەتی
کەوڵ بەشان: پیاوی بەڕێز و خاوەن ڕوتبە
کەوی چوو: بەزیو
کەیخودا: قسەڕۆییو، ڕدێن سپی
کیهە: کام
کین: کە این (فارسی)، کە ئەم
کێردۆک: کێردی بچووک
کێل گەردن: گەردن بەرز

(گ)

گاڕان: گاگەلی دێ، گایەل
گازرکار: ئەو کەسەیە جلکان ڕەنگ دەکا، جلک شۆر
گاگەش باوۆمەر: کوێستانێکە و دوو گوندیش بەو نێوە هەن
گاڵتە خەنجەر: شەڕە خەنجەری توند
گاوانی: کۆتاییی ڕیزی شایی کە دژی سەرچۆپییە
گراوی: یار
گرێو: گرەو
گڕۆڵ: گاوەڕ
گورچوو: ئەو جێیەی گورچیلەی تێدایە، خالێگە
گوریس گەیشتە هێچکان: (گوریس گەیشتە ڕەفیسکان) بەواتای تەنگەتاوبوون
گولە: ڕیوەڵە، کورتە باڵا
گولە: گەند، چکۆلە
گوڵباو: گوڵڕو، وەک گوڵ
گوڵی دەمێوان: مێو شەمێی هەنگوین، گوڵی دەمێوان: ئەو گوڵەیە کە هەنگ هەنگوینی لێ دروست دەکا
گوڵەباتوون: کولابتوون (فەرهەنگی مەردۆخ)
گوڵەبارگین: بارگیری خراپ، یابوو
گوستاخ: ڕووهەڵماڵدراو، بێ پەروا
گومبەز: گومەز، گومبەت
گوێ ڕادێران: گوێ هەڵخستن
گۆپاڵ باران: بارانی زۆر توند
گۆپەڕک: بەشێکی تیری شەڕ پێ کردنە
گۆرین: ناوبراو، تاین
گۆڕ: تەخت
گۆڕایی: پانایی، تەختایی
گۆل: گۆم
گۆڵمەز: هەرا
گۆنگ: گونجە، ئەوەیە کە وەک لوولە سوور دەکرێتەوە، ئاوی پێدا دەڕوا، پێچ
ئێسکی: قاپەڕەقە
گوێنی: گیایەکی دڕکاوی کوێستانییە کەتیرەی لێ دەگیرێ
گووراو: ڕزکاو
گەپ: یاری و گاڵتە
گەرگەرۆ: گوندێکە لە لاجانێ
گەرم کۆڵاوە: باش پوختە بووە
گەلۆ: یارۆ، فلانی
گەف: هەڕەشە
گەڵ: گەلا
گەمی: کەشتی
گەنجخانە: خەزێنە

گەوزلێدان: غلۆرکردنەوە

گیانباز: گیان فیدا

(ل)

لاپرەسەن: بە کەسێکی دەڵێن کە لە خۆڕا بێ هیچ دەسەلاتێک خۆ لە قسان یا کاران هەڵبقوتێنی

لات و لووت: هەژار

لایەزان: (لایزال) عەرەبییە

لانکەژێنی: بێشکە ڕاژاندن

لووزەو: غوردەم، (تیار) شرک

لۆتی و ڕەقاس: چاوەش و سەماکەر

لۆزەندەر: زەلام و ناقولا

لە چاوی منت کەوێ: قەزات لە چاوی من کەوێ

لە ڕووی هەڵنەهات: شەرمی کرد

لە گوێن: ئەم شتە لە گوێنە واتە ئەم شتە ڕێی تێ دەچێ

لەلە: خزمەتکاری منداڵان

لیلوپەڕ: جۆرە گوڵێکە

لینگدان: غاردان

لێ ڕاسان: لێ ڕاپەڕین بەهەڕەشە

لێ ڕەبادان: هەڵقورینجاندن، نقورچگرتن

لێ ڕزین: تجاوزکردن

لێک وەبەشین: بەسەردا دابەشکردن

(م)

ماهووت: قوماشێکی بەنرخە

محەلەقی داوە: بازی داوە

ماڵێو: ماڵی ئێوە

متەق: دەنگ، ورتە

مستەخەسار: دەس بەخەسار، خەسارەتمەند

مل بەکوێن: پەلاسی ڕەشمالان، مل بەکوێن واتە تازیەدار

موخاریج: خەرج و مەسرەف

مودەبیری: ڕاوێژکەر

مورەسەع: جەوهەربەند

مواجب: ڕەسەت، مووچە، بەرات

موخاریج: خەرجیی، مەسرەف

مورسەت: ڕازاوە (مرصع)

مۆری: مووروو

موستەمان: (مستمند) فارسی، هەژار

موغابن: مخابن

موغبەرە: قەبرستان

مولاعەزە: (ملاحظە) مولاحەزە

مۆمن: پیاوچاک

مەتەرێز: سەنگەر

مەجوعمە: سینی

مەجوزات: (معجزات) عەرەبییە

مەجێز: کەیف، زەوق و شەوق

مەزڵ: مەنزڵ

مەواجب: موچە و بەرات

مەحمەڵ: مەخمەڵ

مەزنایەتی: گەورایەتی

مەلێ: مەلا

میرغەزەب: جەللاد

میرئاخوڕ: گەورەی مەیتەران

میسری: شیری میسری

میعراج: میحراب

مندار: مردار

(ن)

ناتەبایی: نارێکی

نادری: نایابی

ناچیزە: هیچوپووچ

ناحەجمێم: ئۆقرە ناگرم

ناسۆر: کۆنە برین

نان بدە: نانده‌ر

نانبێ: نامان بێ

نرخ ڕۆنان: نرخاندن

نزار: نسرم، نسار، جێگای ڕووەو کوێستان

نفرین: دزێو، پیس

نسحەت: نەسیحەت

نمەک پەروەردە: پەروەردەکراو

نوابەفر: جارێک لە بەفر بارین

نوغرۆ: وێران

نەبەدی: پەنهان

نەجیم: نەجیب

نەرم کێشی: لێ سەلماندن و لێبووردن

نەقارەخانە و نەقارە: مۆسیقاخانە

نەهار: نانی نیوەڕۆ، فراوین

نیگاداشتن: ئاگاداری کردن

نیگاهداشتی: ئاگاداری

نیهاد: دەروون

نێرتک: نێرک

نێرگز دەبان: دەبانی جەوهەردار

نێرەوەز: نێرینە

نێڵە: لەفە

نێوک: ناوک

نواڵە: جێگایەک کە گیای زۆر و لەوەڕگەی باشی هەبێ لە کوێستان

(و)

وردا: لە چاوگی (وردان) وەرگیراوە بەواتای دامەزران و هێوران

وەتاغ: ژوور

وەزاڵەهاتن: وەگیان هاتن، جاڕسبوون

وەکاز: دارده‌ست

وەکوژاندن: کوژاندنەوە

وەشرین: شاردنەوە

– وەشرم: وەشێرم، بشارمەوە

وەی کوژێ: بیکوژێنێتەوە

وێڕای: دەگەڵ، سەرڕا

وێ ڕزان: تێ ڕزان، لێ ڕزان، تەجاوز کردن

(ھ)

هانا: یارمەتی، فریاکەوتن

هاوێر هاوێر: لێکتر جوداکردنەوەی دایک و بێچوو

هونەرێکو: هونەرێکتان

هۆبەهۆ: بانگەبانگ

هۆک: پەڵپ، مان

هەژیان: هەژان، لەرزین

هەستە: ضریبە

هەشتەرخان: شارێکە لە سۆڤیێت

هەلاڵە: گیایەکی کوێستانییە و گوڵێکی زەردی بۆنخۆش دەگرێ

هەڵبرین: ڕزگاربوون، تێپەڕین

هەڵداشتن: فرێدان

هەلوێشکی: لەو وەختەوە

هەڵبڕان: جیابوونەوە

هەڵدێران: لە جێگای بەرزەوە کەوتنە خوار

هەڵکورمان: هەڵتروشکان

هەودا: داو، تاڵ

هەوشار: ناوچەیەکە لە کوردستانی ئێران

هەوێسار: ژنێک هەوێی هەبێ

هێزار: پارچە قوماشێکی جوان و تەنکە و ژن بەمل و سینگی خۆی دادەدات

(ی)

یەختەخان: تەویلەی یەختە

یاڵ و دوو: یاڵ و بژ

یەکبەر: سەرلەبەر

یەکنوا: ئەو هێندە بەفرەی کە لە یەکجاردا دەبارێ

یەنگی چەری: جۆرێکە لە عەسکەری عوسمانلی